MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com


بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# ئایندەی ئاسایشی نەتەوەیی لە

# رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

نورا بێنساهیل و دانیاڵ ل. بیمان

# ئایندەی ئاسایشی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

وەرگێڕانی: مەروان کاکل
هێمن غەنی

٢٠٠٧- هەولێر



**ناوی کتێب: ئایندەی ئاسایشی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

- نووسینی: نورا بێنساهیل و دانیاڵ ل. بیمان
- وەرگێڕانی: مەروان کاکل و هێمن غەنی
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: ( ٤٠٠ )
- تیراژ: ( ١٠٠٠ ) دانە
- چاپی یەکەم ٢٠٠٧
- نرخ: ( ٦٠٠٠ ) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی دەزگای ئاراس

زنجیرەی کتێب ( ٢١ )

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی
موکریانی
www.mukiryani.com

# پێرست


پێرست ........ ٥

بەشی یەکەم ........ ١٣

پێشەکی ........ ١٣

بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ........ ١٥

ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر ........ ١٥

نەهێشتنی بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ ........ ١٦

پارێزگاریکردن لە چەسپاوی نرخ و دابینکردنی نەوت ........ ١٧

دڵنیابوون لە جێگیری بارودۆخی وڵاتە یاوەرەکان ........ ١٧

دابینکردنی ئاسایشی ئیسرائیل ........ ١٨

پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ ........ ١٩

هەڕەشە چاوەڕوانکراوەکان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا ........ ٢١

هەرێمێکی گۆڕاو ........ ٢٤

کاریگەری ١١ ی سێپتێمبەر و جەنگ دژی عیراق ........ ٢٦

ئامانج و پێکهاتووەکانی ڕاپۆرتەکە ........ ٢٨

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم ........ ٣٣

بەشی دووەم ........ ٣٧

چاکسازیی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ........ ٣٧

بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە چاکسازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ........ ٤٠

فشار بۆ چاکسازی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ........ ٤٢

دژواری باری ئابووری ........ ٤٣

ئاراستەکانی دانیشتوان ........ ٤٤

بەرپرسیارییەتی و گەندەڵی ........ ٤٧

کاردانەوەی چاوەڕوانکراوی ڕژێمەکان ........ ٤٨

ئاراستە هەرێمایەتییەکان ........ ٤٩

بە دیموکراتیبوون: دەسەڵاتە یاساییەکان ........ ٤٩

بە دیموکراتیبوون: ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ........ ٥١

ئازادبوون: پارتە سیاسییەکان ........ ٥٢

ئازادبوون: ڕێکخراوە مەدەنییەکان ........ ٥٤

ئازادبوون: ئازادی چاپەمەنی ........ ٥٦

ئازادبوون: دەسەڵاتی دادوەری و سەروەری یاسا ........ ٥٧





لێکۆڵینەوەی دەوڵەتە گرنگەکان ........ ٦٠

میسر ........ ٦١

ئێران ........ ٦٤

ئوردن ........ ٦٩

کوێت ........ ٧٢

سعودیای عەرەبی ........ ٧٥

کاریگەری بۆ سەر بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ........ ٧٩

کاریگەری لەسەر سەقامگیری هەرێمایەتی ........ ٧٩

هەستیاری بەرامبەر بە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووکان ........ ٨٣

ئەنجام ........ ٨٥

پەراوێزەکانی بەشی دووەم ........ ٨٧

بەشی سێیەم ........ ١٠٥

چاکسازی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات ........ ١٠٥

دژواری ئابوورییە سەرەکییەکان کە بەرەو ڕووی هەرێمەکە دەبنەوە ........ ١١١

گێڕانەوەی گەشەی ئابووری ........ ١١١

سنووردارکردنی فراوانبوونی دانیشتوان ........ ١١٦

دابینکردنی کار ........ ١١٨

سووککردنی باری هەژاری ........ ١٢٢

ئاکامە سیاسییەکانی هەژاری چین؟ ........ ١٢٤

قەرەباڵغی شارەکان ........ ١٢٧

پاشەکەوتکردنی ئاو ........ ١٢٩

دابینکردنی خۆراک ........ ١٣١

ڕاکێشانی پارە بۆ بەرهەمهێنان ........ ١٣٤

میسر ........ ١٣٦

ڕابردووی چاکسازی ........ ١٣٨

بەڵێنی چاکسازی ........ ١٤٢

جێبەجێکردن ........ ١٤٤

ئابووری سیاسی " کرۆنیزم - هاوڕێیەتی) ........ ١٤٩

ئوردن ........ ١٥٣

چاکسازی ئابووری لە ئوردن ........ ١٦٠

چاکسازی متمانە پێکراو ........ ١٦٢

ئێران ........ ١٦٦

عەرەبستانی سعوودی ........ ١٧٧

پێشفەچوونی ئابووری سیاسی مەرکەزییەتی دەوڵەت ... ١٨٠
فشارەکان بۆ چاکسازی ... ١٨٢
کۆسپە ئایندەییەکان لەبەردەم پرۆسەی چاکسازیدا ... ١٨٥
سوریا ... ١٨٨
بەرزبوونەوە و دابەزینی قەرز ... ١٩١
سنوورەکانی چاکسازی ... ١٩٥
دەرەنجامەکان ... ١٩٧
وڵاتە تا ڕادەیەك پێشکەوتووەکان ... ١٩٨
وڵاتە داهات نزمەکان ... ٢٠٠
وڵاتە بە نەوت دەوڵەمەندەکان ... ٢٠١
ئەنجام ... ٢٠٣
پەراوێزەکانی بەشی سێیەم ... ٢٠٥
بەشی چوارەم ... ٢١٢
پەیوەندییە سەربازی – مەدەنییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ... ٢١٢
لە کودەتاکانەوە بۆ سەقامگیری ... ٢١٥
پاڵپشتی کۆمەڵایەتی ... ٢١٨
خزمەتکردنی دامەزراوەی سەربازی ... ٢٢٠
دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ ... ٢٢٢
ستراتژییەتی هەبوونی دوو سوپا ... ٢٢٣
قەبارە ... ٢٢٥
تاکتیکە دەزگاییەکان ... ٢٢٦
پاڵنەرەکانی سەرکردە ... ٢٢٨
زاڵبوونی سیاسی و سەنگی سەربازی ... ٢٣٠
فەرماندەیی و کۆنترۆڵکردن ... ٢٣١
پێشەوایەتیکردن ... ٢٣٥
هەواڵگری و زانیاری ... ٢٣٧
بونیادەکانی سەرکردایەتیکردنی مەرکەزی ... ٢٤٠
تەکنەلۆژیا ... ٢٤١
تایبەتمەندبوون و دابەشبوونی کار لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی ... ٢٤٥
هۆکارە نێو دەوڵەتییەکان ... ٢٤٧
بەدیلە ناتەقلیدییەکە ... ٢٤٨
چەند پێشبینیەك بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان ... ٢٥٧
بەراوێزەکانی بەشی چوارەم ... ٢٦٤





بەشی پێنجەم ... ٢٧٤
ئاکامەکانی گۆڕانکاری سەرکردایەتی لە جیهانی عەرەبیدا ... ٢٧٤
سنورەکانی گۆڕانی ڕژێم ... ٢٧٧
جۆرەکانی گۆڕانی ڕژێم ... ٢٧٩
گۆڕانی سەرکردایەتی لە عەرەبستانی سعودیە ... ٢٨١
گۆڕانی سەرکردایەتی لە سوریا ... ٢٨٢
بەشار لە بەرامبەر حافز ئەسەددا ... ٢٨٣
گواستنەوە لە بەشارەوە بۆ گەمەکارە ناوخۆییەکان ... ٢٨٧
((بارونە)) عەلەوییەکان ... ٢٨٧
ئیسلامییەکانی سوریا ... ٢٨٨
بەردەوامی جیۆپۆلەتێك ... ٢٨٩
ئاکامەکان ... ٢٩١
گۆڕانی سەرکردایەتی لە میسر ... ٢٩٢
گۆڕان لە دەستەبژێری میسریدا ... ٢٩٣
نەگۆڕە کۆمەڵایەتی و جیۆپۆلەتیکییەکان ... ٢٩٥
بەدیلی ئیسلامی ... ٢٩٧
ئاکامەکان ... ٢٩٩
ئامادەسازی بۆ گۆڕانی ڕژێم ... ٣٠٢
هەل و مەترسییە چاوەڕوانکراوەکان ... ٣٠٣
ڕاسپاردەکان ... ٣٠٤
بوونی دیموکراسییەکی نیوە ناچڵ ... ٣٠٥
سازدان و خۆپاراستن ... ٣٠٥
پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم ... ٣٠٨
بەشی شەشەم ... ٣١٦
وزە و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: ڕەهەندی نوێ و ئاکامە ستراتیژییەکان ... ٣١٦
ئاراستەکانی وزەی جیهانی و مشتومڕی ئاسایشی وزە ... ٣٢١
پێشبینیکردنی ئەگەرەکانی نرخ و دابینکردنی نەوت ... ٣٢٣
دەرەنجامی ڕووداوەکانی ١١ سێبتەمبەر و جەنگی سەر عێراق ... ٣٢٦
گۆڕانی شێوازەکانی پشت بەیەکدی بەستن ... ٣٢٨
کێشە دەرکەوتووەکان ... ٣٣١
بەرزبوونەوەی بایەخی گاز ... ٣٣١
هێڵی پەیوەندیکردنی نوێ لە پێناو دابینکردنی نەوتدا ... ٣٣٨
دەوڵەتە (لە یاسا دەرچووەکان) دابڕاوەکان، سزاکان، و دابینکردنی وزە ... ٣٤١

چەك و نەوت ........ ٣٤٣
نرخەکانی وزە، سەقامگیری رژێم، و توانای سەربازی ........ ٣٤٥
بڕینی وزە وەك ستراتیژییەتێکی جیاواز ........ ٣٤٧
گۆشە نیگای ئاسیا و هەردووبەری ئەتلانتیك ........ ٣٥٢
ئاکام و دەرەنجامەکانی سیاسەت ........ ٣٥٣
پەراوێزەکانی بەشی شەشەم ........ ٣٥٨
بەشی حەوتەم ........ ٣٦٤
شۆڕشی زانیاری و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ........ ٣٦٤
ژینگەیەکی زانیاری دەوڵەمەندتر ........ ٣٦٥
ڕۆژنامە ........ ٣٦٥
تەلەفزیۆن ........ ٣٦٩
پێکهاتەیەکی ناوەرۆك فراوان ........ ٣٧٥
ئینتەرنێت ........ ٣٧٦
بەرزبوونەوەی تەکنەلۆژیای مامناوەند ........ ٣٧٨
جۆراوجۆری فراوانتری زانیاری و بەکارهێنانی ........ ٣٧٩
وەرگرتن یا هەڵمژینی دیاریکراوی تەکنەلۆژیای باڵا ........ ٣٨١
ئەنجامەکان ........ ٣٨٤
سیاسەتی نوێی جەماوەری ........ ٣٨٤
دژوارییەکان بۆ حکومەتە هەرێمایەتییەکان ........ ٣٨٦
دەرەنجامەکان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان ........ ٣٩٠
پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم ........ ٣٩٨
بەشی هەشتەم ........ ٤٠٤
چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا: داینامیکییەتی بڵاوبوونەوە و
دەرەئەنجامە ستراتیژییەکان ........ ٤٠٤
هەڵسەنگاندنی دوایین ئاراستە گشتییەکان ........ ٤١٠
جەزائیر ........ ٤١١
لیبیا ........ ٤١٣
میسر ........ ٤١٥
ئیسرائیل ........ ٤١٦
سوریا ........ ٤١٨
ئێران ........ ٤١٩
عەرەبستانی سعودی ........ ٤٢١
ئەو پەرەسەندنەی و سەرکەوتنانەی ئالۆگۆڕیان لێدەکەوێتەوە ........ ٤٢١





پاڵنەرەکانی بڵاوبوونەوە و ئاڵۆگۆڕە ناوخۆییەکان ........ ٤٢٥
گەڕان بە دوای سەنگ و پێگەدا ........ ٤٢٥
بەرەنگاربوونەوەی باڵادەستی ڕۆژئاوا ........ ٤٢٩
پەرەپێدانی ناوخۆی و بازرگانی نێودەوڵەتی ........ ٤٣٣
هۆکارە ناوخۆیی و دامەزراوەییەکان ........ ٤٣٦
گۆڕانی ناوچەیی ........ ٤٣٩
کێشە جوگرافییەکان ........ ٤٤٠
ململانێکانی باکور- باشور و هاوسەنگییە ناوچەییەکان ........ ٤٤٢
ململانێی عەرەب-ئیسرائیل ........ ٤٤٥
ئاسایشی کەنداو ........ ٤٤٩
باکووری ئەفریقیا ........ ٤٥١
گۆڕانە سەروو ناوچەییەکان ........ ٤٥٢
هۆکاری ڕوسی ........ ٤٥٣
چین و کۆریای باکوور ........ ٤٥٦
هیندستان، پاکستان، هاوپەیمانانی بڵاوبونەوە ........ ٤٥٨
پێشبینییەکان لەبارەی ئاسایشی ئەورووپاوە ........ ٤٦٠
جیهانی بەرگرییەکان: و دەرەنجامەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ........ ٤٦٣
سیاسەتی تێوەگلان و دەرەنجامەکان ........ ٤٦٩
بەراوێزەکانی بەشی هەشتەم ........ ٤٧٤
بەشی نۆیەم ........ ٤٨٢
دەرئەنجامەکان ........ ٤٨٢
ئەوگرژی و ئاڵۆزییانەی ڕەنگدانەوەیان لەسەر سیاسەتی دەرەکی وڵاتەیەکگرتووەکان
هەیە ........ ٤٨٣
سەقامگیری لە بەرامبەر چاکسازی سیاسیدا ........ ٤٨٣
ڕژێمەکانی لەبەرامبەر گەلاندا ........ ٤٨٥
سەختی و دژوارییە سەرهەڵداوەکان ........ ٤٨٨
سەختییە سیاسییەکان ........ ٤٨٨
سەختی و دژوارییە سەربازییەکان ........ ٤٩١
نیگەرانییە سەرەکییەکان ........ ٤٩٦
نرخی نەوت ........ ٤٩٦
نرخە نزمەکانی بۆی هەیە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوەیان لێبکەوێتەوە ........ ٤٩٧
ئایندەی عێراق ........ ٤٩٩
ململانێی عەرەب-ئیسرائیل ........ ٥٠٠

سیاسەتەکانی ڕوسیا و چین .................................................................... ٥٠٤
سروشتی گۆڕینی ڕژێم ........................................................................ ٥٠٧
وشەی کۆتایی ................................................................................ ٥٠٨
بەراوێزەکانی بەشی نۆیەم ........................................................................ ٥١٠

# بەشی یەکەم

نورا بێنساهێل و دانیاڵ ل. بیمان

## پێشەکی

لەماوەی دەیەی ڕابردوودا، بارودۆخی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەلێ ئاڵۆز بووە. بەر لە جەنگی کەنداوی ١٩٩١ و لەماوەی ئەو جەنگەشدا، بارۆدوخی هەرێمەکە تاڕادەیەکی زۆر بەهۆی دوژمنداری نێوان دەوڵەتەکان مەترسی دروستکردبوو، چی لە ڕێگەی دەستێوەردانی وڵاتە باڵادەستەکان یا بەهۆی وڵاتانی هەرێمەکە دژی یەکتر. بێگومان مەترسی دوژمنکارانەی نێوان دەوڵەتەکان تا ئێستاش هەرماوە، بەڵام لە چەشنی جیاوازدا خۆیان دەنوێنن. بۆ نموونە، ململانێی عەرەبی ـ ئیسرائیلی بۆماوەی چەند دەیەیەك سەرچاوەیەکی بەردەوامی گرژی بووە، بەڵام لەدوای نوشوستیهێنانی پرۆسەی ئاشتی ئۆسلۆ و سەرهەڵدانی توندوتیژی ئەم دواییە کە لاوازبوونی پرۆسەکە دەسەلمێنێ، ڕەهەندێکی دیکەی وەرگرتووە. ئەم کێشە کۆنانە بە چەند کێشەیەکی هاوچەرخەوە گرێدراون کە بێگومان چارەسەریان ئاسان نییە. چەکی بەکۆمەڵکوژ بەردەوام لە هەرێمەکەدا بڵاودەبێتەوە، ئەمە سەرەڕای هەوڵەکانی نێونەتەوەیی بۆ نەهێشتنی بڵاوبوونەوەی ئەو چەکانە. تیرۆریستانی بەئەندامکراو و مەشقپێدراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێستا دوور لە سنوورەکانی خۆیان هێرش ئەنجام دەدەن و گرنگی پێدانێکی زۆری جیهانییان لە بەرەنگاربوونەوەی سەرچاوەکانی ئەو دیاردەیە هێناوەتە ئاراوە.



زۆربەی ئەو پرسە ئاسایشییانە، کاریگەری قووڵی گەلێ گۆڕانی نێوخۆییان پێوە دیارە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویانداون، لەوانە: نەوەی نوێی سەرکردەکان دەسەڵات وەردەگرن و لێهاتووییان تاقینەکراوەتەوە. گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە مایەی گۆڕان لە ڕۆڵی ئافرەت و پلەداریێتی کۆنباو لە هەرێمەکەدا. بەرهەمهێنانی نەوت کەمترە وەك لەوەی لە حەفتاکان هەبوو. هاتنە ئارای کێشەی ئابووری هەر لە کەمبوونەوەی بودجە تا دەگاتە بەرزبوونەوەی ڕادەی قەرز. کێشەی پێکهاتووە ئابوورییەکان قووڵتر دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا داواکان بەدرێژایی هەرێمەکە لەسەر وڵات لە زیادبوون دان لە ئەنجامی زیادبوونی هیواکان و گەشەی دانیشتوان. تەکنەلۆژیای زانیاری دید و بۆچوونی فراوانتر بۆ هاوڵاتیانی ئاسایی دابین دەکات لە چاو ئەوەی کە پێشتر هەیان بوو، لە کاتێکدا هەوڵەکانی چاکسازی سیاسی لە چەند وڵاتێکی کەم زیادبوونی بەخۆوە بینیوە و بە ڕادەیەکی کەم توانا خراوەتە گەڕ بۆ دەربڕینی بۆچوونەکان و دەرخستنی کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی بڕیاردان.

ئەم ڕاپۆرتە بە دواوی ئەوەوەیە، ئەو ئاراستانە دیاریبکات کە دەتوانن ئاسایشی هەرێمەکە دابڕێژن، هەروەها ئاکامەکانیشی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان چی دەبێ؟ هەر بەشێکی ڕاپۆرتەکە لە ناوچەیەکی گرنگ و جیاواز دەدوێ، هەر لە ئاراست و مەرامی سیاسی و ئابوورییەوە تا دەگاتە سیاسەتی وزە و بڵاوبوونەوەی چەك و تەقەمەنی، ئەمەش وەك کۆششێك بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری درێژخایەنی هەر ناوچەیەك لەسەر ئاسایشی هەرێمەکە. لەم بەشەدا قۆناغێك بۆ ئەو کێشانە دادەنرێ بە پێناسەکردنی بەرژەوەندییە نێونەتەوەییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەرێمەکەدا و دیاریکردنی ئەگەری ڕوودانی هەڕەشە بۆ سەر ئەم بەرژەوەندییانە.

## بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

وڵاتە یەکگرتووەکان گەلێ بەرژەوەندی زیندوو و چەسپاوی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە[1]، گرنگترینی ئەوانەش: بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، چەکی بەکۆمەڵکوژ، هێشتنەوەی جێگیری نرخ و سەرچاوەی دابینکردنی نەوت، دڵنیابوون لە سەقامگیری باری وڵاتە هاوپەیمانەکان، دڵنیابوون لە ئاسایشی ئیسرائیل و پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤە.

## ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر

دوای هێرشە کاولکارییەکانی ١١ ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ بۆ سەر بنکەی بازرگانی نێودەوڵەتی و پنتاگۆن، سەرکوتکردنی تیرۆر هاتە پێشەوەی بایەخدانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەلقاعیدە و گروپە ڕادیکاڵییە ئیسلامییەکانی دیکە، زۆرترین ئەندام و سەرچاوەی داراییان لە وڵاتانی عەرەب و جیهانی ئیسلامی دەست دەکەوێ. جگە لەوەش، زۆر لە توندوتیژی و پروپاگەندەکانیان بە ئاراستەی شڵەژاندنی ڕژێمە یاوەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەنگاو دەنێ. بۆیە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر ئاستی حکومی بەرەنگاری هەڕەشە بێتەوە و، هاوکاری وڵاتە یاوەرەکانی بکا بۆ دڵنیاکردنی خۆیان دژ بە تیرۆریستان کە نائارامی دەهێننە ئاراوە، دەبێ لەسەر ئاستی جەماوەریش لەوە دڵنیابێ کە هاوڵاتیان لە سعودییای عەرەبی، میسر، یەمەن، و هەرێمەکانی دیکە پەیوەندی بە گروپە تیرۆریستییەکان ناکەن، یا بە دابینکردنی پارە و یارمەتی، بۆیان نابنە پاڵپشت.

سەرباری ئەو گروپە نێونەتەوەییانەی وەك ئەلقاعیدە، وڵاتانی پشتیوانی تیرۆر بۆ ماوەیەکی درێژ کێشەیان لە هەرێمەکەدا ناوەتەوە. ئێران لە تەقەلایەکدا بۆ



بڵاوکردنەوەی شۆڕشە ئیسلامییەکەی، ماوەی چەند ساڵێك بەدرێژایی هەرێمەکە هاوکاری توندڕەوەکانی دەکرد. سەرباری بوونی پەیوەندی ئێران بەو هێرشە تیرۆرستییەی کە لە دژی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە لوبنان ئەنجامدرا، هەروەها تەقاندنەوەی تاوەرەکانی خۆبار لە ساڵی ١٩٩٦ لە سعودیا بە ئێرانەوە لکێنرا، کە ١٩ ئەمەریکی تیادا کوژرا. بە تێپەڕبوونی کات، گوڕوتینی ئێران کەمتر بووەوە، بەڵام هێشتا بەردەوامە لە پشتگیریکردنی گروپە نەیارەکانی ئیسرائیلی وەك حزب الله ی لوبنانی و جیهادی ئیسلامی فەلەستینی. لیبیا و سووریا، ئەوانیش یارمەتی سنوورداریان بۆ گروپە ڕادیکاڵییەکان دابینکردووە بۆ ئەوەی درێژە بە مانەوەی ئەو ڕێکخراوانە بدەن.

## نەهێشتنی بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ

ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندییەکی چڕی لە قەدەغەکردن یا بەلای کەمی دەستبەسەرداگرتنی بڵاوبوونەوەی چەکی ناوەکی، بایۆلۆژی، و کیمیایی دا هەیە. چەکی بەکۆمەڵکوژ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڕەشە دەسەپێنێتە سەر وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمەریکا لە کەنداو و ئیسرائیل و هێزەکانی ئەمەریکی. کاتێ دوژمنەکان چەکی بەکۆمەڵکوژ بەکاردەهێنن، بۆی هەیە هاوسەنگییەك لەگەڵ باڵادەستی لەڕادەبەدەری هێزەکانی ئەمەریکا دروستبکەن، کە توانای خستنەوەی زیانی گەورە و بەرچاو لە هێزەکانی ئەمەریکیایان پێدەبەخشێ. لە ئەنجامدا، دەتوانن هەڕەشە بۆ لاوازکردنی متمانە لە سەقامگیری ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکان بنێنەوە.

بەکارهێنانی چەکی بەکۆمەڵکوژ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەنها هەڕەشەیەکی گریمانەیی نییە، جەنگی عیراق ـ ئێران چەند بارەبوونەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عیراق و هەندێ جاریش لایەن ئێرانەوەی بەخۆوە بینی. جەنگی ٢٠٠٣ ی دژ بە عیراق بە ڕادەیەکی زۆر وەك هەوڵێك بۆ قەدەغەکردنی سەدام حوسێن ئەوەی سەلماند، تا لەوە زیاتر پرۆگرامەکانی چەکی بەکۆمەڵکوژ گەشە پێنەدا. ئێرانیش

بەدوای ئەوەوەیە چەکی ناوەکی و بایۆلۆجی دەستبکەوێ. سووریا و لیبیا عەمباری گەورەی چەکی کیمیاییان هەیە، وەك ستراتیجییەتێکی ڕێگر دژی ئیسرائیل، بە گشتی بۆ هاوسەنگکردنی لاوازی هێزە کۆنباوەکانیان بەکاریدەهێنن.

## پارێزگاریکردن لە چەسپاوی نرخ و دابینکردنی نەوت

کەنداوی فارس بە تایبەت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان هەرێمێکی بایەخدارە، گرنگییەکەی لەوەدایە کە وەك بازاڕی جیهانی نەوت خۆی دەبینێتەوە. وڵاتانی کەنداو لەماوەی دەیەی داهاتووشدا وەك پێشەنگێك لە ناردنە دەرەوەی نەوت دەمێننەوە، هەرچەندەی پلەی سالارێتییان بە ڕادەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر نرخی نەوت. سعودیای عەرەبی بە تەنها چواریەکی کۆی گشتی هەموو جیهان نەوتی یەدەگی هەیە، عیراق دووەم گەورەترین نەوتی یەدەگی هەیە، بڕەکەی دەگاتە زیاتر لە ١٠٪ کۆی گشتی هەموو جیهان. ئێران، ئیمارات و کوێت هەریەکەیان ٩٪ ی کۆی گشتی جیهان پێك دەهێنن[٢]. لە دوای ئەم دەیەیەدا توانای بەرهەمهێنانی بەردەوامی عیراق دەکرێ بە ئاسانی دووهێند ببێ، لەوانەشە بە هاوکاری بەرهەمهێنانی بیانی چالاك، سێ هێندببێ.

## دڵنیابوون لە جێگیری بارودۆخی وڵاتە یاوەرەکان

سەرەڕای پەیوەندییە درێژخایەنەکانی لەگەڵ ئیسرائیل، ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ زۆرێك لە وڵاتەکانی ناوچەکە پەیوەندی پتەوی بەستووە. دوای جەنگی کەنداوی ١٩٩١، ویلایەتە یەکگرتووەکان پەیوەندی ئاسایشی لەگەڵ سعودیا، کوێت، ئیمارات، بەحرێن، قەتەر و عومان بەست[٣]. هەرچەندە خاوەندارێتی ئەو وڵاتانە بۆ بڕێکی یەکجار گەورەی نەوت هۆکاری بەرایی بوو لە گرێدانی پەیوەندییەکان، بەڵام ئەو بڕیارە لەسەر داوای ئەوان بووە. هەروەها ویلایەتە



یەکگرتووەکان هەوڵی داوە ئوردن، میسر و مەغریب وەك دەنگی مۆدێرنی عەرەب گەشە پێبدا کە لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاڵپشتیکردنی ئەجێنداکەی لە گەڵێك لەو پرسانە، ئارەزووی هاوکاریکردنی ئەمەریکا دەکەن.

## دابینکردنی ئاسایشی ئیسرائیل

ئیسرائیل دەوڵەتێکی دیموکراتی، هاوکاری ڕۆژئاوایە لە هەرێمێکی جەنجاڵ و نائارامدا. هێزی چەکدار و دەزگا هەواڵگرییەکەی تەواو لێهاتوو و چالاکن، کە پارێزگاری لە بەهاکانی وڵاتەکە دەکەن لە ڕێی جەنگگردن دژی تیرۆر، زیاتر بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە سەربازییەکان لە ناوچەکەدا بەکاریان دەهێنێ. زۆرێك لە ئەمەریکییەکان پشتی ئیسرائیل دەگرن و، دڵنیابوون لە ئاسایشی ئەو وڵاتە بە پرسێکی سیاسی گرنگ بۆ هەر حکومەتێکی ئەمەریکا لەقەڵەم دەدەن. بەردەوامبوونی توندوتیژی ئیسرائلی و فەلەستینی هۆکارێك بووە لە دروستبوونی هەستی دژە ئەمەریکایی بە درێژایی ناوچەکە، وایکردووە کە سەخت بێ بۆ حکومەتە عەرەب و موسوڵمانە یاوەرەکان بە ئاشکرا لەسەر هەموو پرسەکان هاوکاری واشنتۆن بکەن[٤]. ئەم گرفتە لەوەتەی بەرپابوونی توندوتیژی لە کۆتاییەکانی ٢٠٠٠ ەوە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە توندی کردووە. بەڕێوەبەرایەتی حکومەتی بۆش پرۆژەی (نەخشەی ڕێگا) ی خستە ڕوو بە مەبەستی چارەسەری هەمیشەیی بۆ هەردوو دەوڵەت، کە لەگەڵ ڕوسیا و یەکێتی ئەوروپا و نەتەوەیەکگرتووەکان کاری بۆ دەکەن بۆ قایلکردنی پارتەکان کە پابەندبن بە بڕگەکانی تیایدا هاتووە، کەچی توندوتیژی هەر بەردەوامە. ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندی لەوە دایە کە ئاستی توندوتیژی وەك چارەسەری کورتخایەن تا مامناوەند، کەمبکاتەوە و یارمەتیدەر بێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی بەردەوامی درێژخایەن بۆ ململانێی عەرەبی ـ ئیسرائیلی.

## پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ

دیموکراسی و مافی مرۆڤ، بەرژەوەندییەکی فراوان و نێودەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێکدەهێنن، کە بە کردەکانی ئەمەریکاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیوەستن. شکۆمەندی ئەو بەرژەوەندییە لە واقیعدا تا ڕادەیەکی زۆر پێشێلکراوە، چونکە ئیسرائیل تاکە دەوڵەتی دیموکراسییە لە ناوچەکەدا. بۆ نموونە سعودیای عەرەبی، ڕۆژنامەی ئازاد یا هەڵبژاردنی ئازادی نییە، ئافرەتی سعودی ڕووبەڕووی کۆمەڵێ تەوق و بەندی جۆراوجۆر لە گەشتکردن و کارکردن و ژیانی ڕۆژانەیان دەبنەوە، تەنانەت میسر کە بۆ ماوەی چەند دەیەیەك پەرلەمانی هەبووە، بەڵام چالاکی سیاسی ڕێکخراو و وتاری ئازادی قەدەغەکردووە، هەروەها گەلێ لەمپەری دیکەی لەبەردەم بەرەوپێشچوونی دیموکراسی داناوە. ئەو کۆت و سنوورانە ڕەخنە بەرەو ڕووی واشنتۆن دەکەنەوە، هەروەك (جۆن ئەلتەرمان) تێبینی کردووە: "بەرپرسانی ئەمەریکی ویستوویانە بە داوای ڕەسمی هەندێ وڵات قایل بن کە دەست لە داواکانیان هەڵبگرن لە بەدیموکراتیکردن و خۆ بەدوورگرتن لە پەیوەندی بەهێزی ئەو کەسانەی بۆ لەکارخستنی یا دژی حکومەتی ئەو وڵاتانە کاردەکەن"[5]. لە ئەنجامی ئەوەش، تەنانەت ئازادیخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش پشتگیری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دیموکراسی دەخەنە ژێر پرسەوە. هەروەك (مێرفی و گاوس) ئاماژەیان پێکرد، "لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەستێکی فراوان هەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان پشتگیری لە دیموکراسی هەرێمەکە ناکات، بەڵکو زیاتر پاڵپشتی ئەوە دەکات کە دەچێتە چوارچێوەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی و بە دیموکراسی ناوی دەبات"[6].

لە سەروبەندی پەلامارەکانی ١١ ی سێپتێمبەردا، لەوەدەچێ ڕای گشتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کەمتر بەرگە گربێ بەرامبەر پشتگیری ئەمەریکا بۆ پشتیوانیکردنی حکومەتە سەرکوتکارییەکان لە هەرێمەکەدا. بۆ نموونە، لێکۆڵینەوەیەك لە نۆڤێمبەری ٢٠٠١ ئەنجامدرا، بینی کە ٥٧٪ ئەوانەی دەنگیانداوە، ڕایانگەیاندووە کە زۆر گرنگە ویلایەتە یەکگرتووەکان فشار بخاتە



سەر سعوودیای عەرەبی بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی لەو وڵاتەدا، بەڵام بۆ هەمان پرسیار لە ساڵی ١٩٩٩، تەنها ١٠٪ ئەو بۆچوونەیان هەبوو[7]. لەگەڵ بەردەوام بوونی ئەو ئاراستانە، ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێ پاڵپشتی خۆی بۆ چاکسازی سیاسی لەناوچەکە زیاد بکات[8].

بایەخدانەکان لەمەڕ بە دیموکراتیکردن و مافەکانی مرۆڤ گەلێ جار کردارەکانی ئەمەریکا سنووردار دەکا، بۆ نموونە، ئەگەر نا سەقامگیری لە وڵاتێکی کەنداو، خۆنیشاندانی جەماوەری لێکەوتەوە و حکومەتیش بە کوشتنی جەماوەری خۆنیشاندەری بێ چەك وەڵامی دانەوە، دەبێ لەو بارەدا، ئەمەریکا چاو بە چەکپێفرۆشتنی ئەو وڵاتەدا بخشێنێتەوە، یا ئەوەتا بۆ ماوەیەکی کاتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە کەمتر بکاتەوە. تەنانەت ئەگەر شڵەژانی بارودۆخ لە ڕادەیەك بوو کە ڕێگە لەبەردەم ناردنە دەرەوەی نەوت بگرێ یا جێگیری باری وڵاتێکی یاوەر بخاتە مەترسییەوە، نابێ ئەمەریکا ڕاستەوخۆ هێزی خۆی بۆ یارمەتی ئەو ڕژێمە بەکاربێنێ کە ستەم و سەرکوتکاری و ڕەشبگیری و چەشنی دیکەی داپڵۆسینی ئەنجامداوە، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕۆژئاواش بەگشتی ڕەتدەکرێتەوە. زیاتر لەوە، لەوەدەچێ کە ڕای گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەوەتەی ڕووداوەکەی ١١ ی سێپتێمبەر ڕوویداوە، هۆشدارتر بووبێ لەبارەی هاوکاریکردنی ڕژێمە تاکڕەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی ئەوانەی لە هەڵمەتی دژە تیرۆردا هاوکار نەبوون، هەروەها سنووری زیاتر بۆ کردەوەکانی ئەمەریکا دابنێت. هەرچەندە بە دیموکراتیکردن و مافی مرۆڤ ئەو گرنگییە نانوێنن کە ویلایەتە یەکگرتووەکان چالاکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدوای بەرەوپێشبردن و پاراستنییەتی، بەڵام بایەخی فراوانیان هەیە، لەوانەیە تەقەلاکانی ئەمەریکا لە داکۆکیکردنی بەرژەوەندییەکانی دیکەی لە پەل و پۆ بخا.

## هەڕەشە چاوەڕوانکراوەکان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا

لەو چەند دەیەی دواییدا، چەند جۆرێك هەڕەشەی جیاواز دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان سەریان هەڵداوە، وەك لەسەرەوە باسکران. نموونەکانی ئەو هەڕەشانە لە خشتەی (١ ـ ١) پێشکەشکراون.

**خشتەی (١ ـ ١)**

**دەستدرێژییەکانی ڕابردوو بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

| دەستدرێژی دەرەکی | تێکدانی بارودۆخ یا تیرۆر لەلایەن هێزی دەرەکییەوە | نا ئارامی ناوخۆیی |
|---|---|---|
| ★ جەنگی عەرەبی ـ ئیسرائیلی (١٩٤٨، ١٩٥٦، ١٩٧٣، ١٩٨٢). | ★ پشتگیری عەرەب بۆ گروپە فەلەستینییە توندڕەوەکان. | ★ دەستبەسەرداگرتنی مزگەوتی گەورە لە مەکە (١٩٧٩). |
| ★ هێرشەکانی عیراق و ئێران بۆ سەر تانکەکانی کەنداو لەماوەی جەنگی نێوانیان (١٩٨٠ ـ ١٩٨٨). | ★ پشتگیری ئێران بۆ شیعە توندڕەوەکان لە لوبنان، کەنداو، و شوێنەکانی دیکە (ئێستاش بەردەوامە، بە تایبەتی لە هەشتاکاندا کاریگەر بوو). | ★ نانەوەی ئاژاوە لەلایەن شیعەکانەوە لە بەحرێن، کوێت، و هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی سعودیا (١٩٧٩ ـ ١٩٨١). |
| ★ داگیرکردنی کوێت لەلایەن عیراقەوە (١٩٩٠). | ★ پشتگیری ئێران لە هەوڵی کودەتایەکەی ١٩٨١ لە بەحرێن. | ★ ئینتیفازە (١٩٨٧ ـ ١٩٩٠) |
| ★ هەڕەشەکانی عێراق بۆ سەر کوێت (١٩٩٤). | ★ هەوڵی توندڕەوە هاوپەیوەندەکانی ئێران بۆ تیرۆرکردنی ئەمیری کوێت (١٩٨٥) و هێرشە تیرۆریستییەکەی شاری کوێت (١٩٨٣). | ★ هێرشی توندڕەوەکان بۆ سەر هێزەکانی ئەمەریکا لە سعودیا (١٩٩٥). |
| ★ پرۆگرامی چەکی بەکۆمکەڵکوژی عیراق و ئێران (بەردەوامە). | ★ ئێرانییەکان پشتگیرییان لە ئاژاوە کرد لە حەج | ★ ئاژاوەگێڕی شیعە لە بەحرێن (١٩٩٤ ـ ١٩٩٦). |
| دەستبەسەرداگرتنی دوورگەکانی کەنداو لەلایەن ئێرانەوە و لەلایەن ئیماراتەوە داواکرایەوە (١٩٧٢ ـ ١٩٩٢). | ★ پشتگیریکردنی ئێران بۆ حەماس و جیهادی ئیسلامی فەلەستینی. | ★ ئینتیفازەی ئەلئەقسا (٢٠٠٠ ـ بەردەوامە). |
| | | ★ هێرشی تیرۆریستە هاوپەیوەندەکانی ئەلقاعیدە بۆ سەر هێزەکانی ئەمەریکا، دەزگا حکومییەکان، و هاوڵاتیان (١٩٩٢ ـ تا ئێستا). |



ترسناکترین هەڕەشە لە ڕابردوودا بریتیبوو لە هێرشی ڕاستەوخۆی وڵاتە دوژمنەکان. ئیسرائیل لە چەندین جەنگدا لە ساڵانی ١٩٤٨، ١٩٥٦، ١٩٦٧، ١٩٧٣، ١٩٨٢ ڕووبەڕووی وڵاتانی هاوسێی بووەوە، جگە لەو ماوەیەش، ماوە ماوە لەگەڵ سەربازەکانی میسر و سووریا، سەرەڕای گۆریلاکانی فەلەستینی تەقەیان لەیەکتری کردووە. لە ساڵانی حەفتا ئێران و عیراق لەسەر (ڕێگەی ئاوی شەتلعەرەب) ناکۆکیان کەوتە نێوان و لە ساڵی ١٩٨٠ دا کەوتنە شەڕێکی دڕندانەی یەکتر کە هەشت ساڵی خایاند، بووە مایەی تەگەرە خستنە بەردەم ڕۆیشتنی نەوت و نائارامی لە ناوچەکەدا. لە ساڵی ١٩٧١ دا، ئێران چەند دوورگەیەکی داگیرکرد کە لە لایەن ئیماراتەوە داواکرایەوە. عێراق لە ساڵی ١٩٩٠ کوێتی داگیرکرد و بەتەنیا لەلایەن ئەمەریکا کە سەرکردایەتی هاوپەیمانییەتی سەربازی بەکۆمەڵی دەکرد، دەرکرایە دەرەوە، عیراق چەندینجار بۆچوونی خۆی دەربارەی کوێت ڕاگەیاندووە کە بەشێکە لە خاکی یەکپارچەی عیراق، سەرباز و سوپای لە نزیك سنوورەکانی کۆکردووەتەوە، هەروەها گەلێ هەڕەشەی بۆ کوێت و سعوودیا و وڵاتە هاوسێکانی دیکەی دروستکردووە[9].

هەروەها ڕژێمە دوژمنکارەکان هەوڵیانداوە سەقامگیری وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمەریکا تێکبدەن. کاتێ کە هێرشی ڕاستەوخۆی بۆ تێکشکاندنی ئیسرائیل

نوشوستی هێنا، هەندێ حکومەتی عەرەبی ئەوکات پشتگیری سنووردارییان بۆ توندڕەوە فەلەستینییەکان دابین دەکرد بۆ لاوازکردنی ئیسرائیل. دوای شۆڕشی ئێران ساڵی ١٩٧٩، سەرکردەکانی ئێران بەردەوام داوای لادانی سەرکردەکانی کەنداویان دەکرد. لە ماوەی خۆنیشاندانەکانی دژی دەسەڵاتداران لە بەحرێن لە ١٩٩٤ تا ١٩٩٦، ئێران هەوڵیدا سود لەو ئاژاوە وەربگرێ بە مەشقپێدان و پشتگیریکردنی شیعە توندڕەوەکان.

هەروەها نائارامی نێوخۆییش هەڕەشە دەخاتە بەردەم بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا. گروپە فەلەستینییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر ویستوویانە لە ڕێگەی تیرۆرەوە ئیسرائیل لاواز بکەن. لە ساڵی ١٩٨٧، فەلەستینییەکان لە کەرتی ڕۆژئاوا و غەززە دەستیان کرد بە نانەوەی زنجیرەیەك پشێوی و خۆنیشاندانیان دژی داگیرکاری ئیسرائیلی ئەنجامدا (ئینتیفازەی یەکەم) کە لە ماوەی نۆهەتەکاندا توندوتیژی بەردەوام بوو، دوای سەرنەکەوتنی وتووێژی ئاشتی ساڵی ٢٠٠٠، ئەم بارگرژییە زۆر بە توندی پەرەیسەند. ساڵی ١٩٧٩ توندڕەوە سعودی و عەرەبە ئایینییەکانی دیکە مزگەوتی گەورەیان لە مەککە گرتە دەست، بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕێگر بوون لە بەردەم هێزەکانی ئاسایشی سعوودی. بەهۆی توورەیی لە ئەنجامی نایەکسانی و بە فیتی شۆڕشی ئێران، شیعەکانی هەریەك لە بەحرەین و کوێت و سعودیا ئاژاوە و نائارامییان دژی حکومەتەکانیان لە سەرەتاکانی هەشتاکان نایەوە. لە ساڵی ١٩٩٥، ئیسلامییەکان نوسینگەی پرۆگرامی بەڕێوەبردن پاسەوانی نیشتمانی عەرەبی سعودییان لە ریاز خاپوور کرد و حەوت کەسیان کوشت کە پێنجیان ئەمەریکی بوون[١٠]. وا دەردەکەوێ کە هاوڵاتیانی سعودیا، میسر، جەزائیر و یەمەن پێکهاتووی سەرەکی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە پێکبهێنن، هەروەها گەلێ لە هاوڵاتیانی کەنداو یارمەتی دارایی دەبەخشن بۆ ئیسلامییەکان کە دژی کاروبارەکانی ئەمەریکا دەوەستن. بە گشتی گەلێ وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووبەڕووی دژواری ئابووری و فشاری چڕی



دانیشتوان دەبنەوە، هەروەها دەزگایەکی وەهایان نییە بۆ بەستنەوەی هەستی گشتی بە بڕیاردانەوە. کۆبوونەوەی ئەو هۆکارانە پێشبینی ئەوەی لێ دەکرێ کە ئاژاوە و نائارامی بەتوندی بمێنێتەوە[١١].

## هەرێمێکی گۆڕاو

ستراتیژییەتی بەرفراوان و خواستی کۆمەڵایەتی و سیاسی، گۆڕانییان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێناوەتە ئاراوە. ئەم گۆڕانانە دژواری نوێ دروستدەکا و هەلی نوێش بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی دەڕەخسێنێ.

لە زۆربەی ساڵانی نۆهەتەکاندا، سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی بڕیاردان لەسەر ئاسایش، تایبەت بوو بە دەستەبژێرێك لە پیاوانی دەسەڵات، هەرچەندە هیچ بڕیاردانێکی ڕژێمەکان لەلایەن ڕای گشتییەوە ڕەت نەدەکرایەوە، بە شێوەیەکی گشتی ڕای گشتی بەشدارییەکی کەمی لە سیاسەتی دەرەوەی بڕیاردان هەبوو و سەرکردەکانیش زۆر بەچاکی کردەوەکانیان پەردەپۆش دەکرد. زیادبوونی بەشداری جەماوەر لە بڕیاردان و تەقینەوەی میدیای نوێ و ئازاد ڕادەی بۆچوونە ڕەچاوکراوەکان فراوانتر دەکات کاتێ کە سیاسەت دادەڕێژرێ. دیموکراسی ڕاستەقینە دوور لە واقیع دەمێنێتەوە، بەڵام بوار و پێوانەی مشتومڕ زیاد بووە و ڕژێمەکانیش کەمتر ئازادن کە بەبێ تەوق و بەند بەدوای سیاسەتی ناجەماوەری بکەون. بەهۆی مردنی سەرکردە بەتەمەنەکان پێکهاتنی خودی دەستەبژێرەکانیش لە گۆڕاندایە،. لەوەتەی ١٩٩٧ ەوە، لە ئێران و سووریا و مەغریب و قەتەر و بەحرێن، سەرکردەی نوێ هاتوونەتە سەر دەسەڵات، پێشبینی ئەوەیان زیادکردووە کە هێشتا سیاسەتی ئەو وڵاتانە گۆڕانی دیکەی بەسەردا بێ.

بۆی هەیە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ماوەی ساڵانی داهاتوو، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕووبەڕووی دەسەڵاتە گەورەو ڕکابەرەکانی دیکە ببێتەوە. بە درێژایی

ماوەی جەنگی سارد، ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤییەت زۆر بە توندی لە کێبڕکێ دابوون بۆ کاریگەری و چەکدارکردنی بریکارەکانیان و پشتگیریکردن لە کێشەکانیان. لە نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕوسیا و چین و هێزە گەورەکانی ئەوروپا تێوەگلانی خۆیان سنووردار کرد، بە بەرتەسککردنەوەی مامەڵەی بازرگانی بە فرۆشتنی چەکیشەوە. لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا، ئەگەری هاتنە پێشەوەی چین وەك هێزێکی جیهانی لەوانەیە کێبڕکێ لەگەڵ ڕوسیا نوێ بێتەوە و ببێتە مایەی دەستێوەردانی هەرێمایەتی بەرفراوانتر. هەروەها ڕێشی تێدەچێ کە هەڵمەتی دژە تیرۆر هێزە گەورەکان یەکبخا و ئامانجەکانی دیکەیان لە پێناو ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشە بخەنە لاوە. ئەمەش دەوەستێتە سەر ڕادەی ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێ هاوکۆکییەکی جیهانی پتەو لە بواری هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پێکبهێنێ.

دیسان بۆی هەیە ململانێی سەربازی لەناوچەکەدا گۆڕانی بەسەردا بێ. گۆڕان لە زانیاری تەکنەلۆجی و بنەماکان دەبێتە هۆی گۆڕینی چۆنیەتی جەنگکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان. لەوانەیە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ پەرەپێدانی هێزەکانیان کەڵك لەو گۆڕانانە وەربگرن، بەڵام کەموکوڕی لە هێزە سەربازییەکانیان دەبێتە مایەی ئاکامی زۆر جیاوازتر. دووچاری کەلێنێکی تەکنەلۆجی هەمیشە گەشەکردوو لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان دەبنەوە، کە وا دەکات بۆ هاوپەیمانەکان سەختتر بێ هاوکاری ئەمەریکا بکەن و پاڵنەر بۆ دوژمنانی ئەمەریکا زیاد دەکا کە بەدوای هەڵبژاردنی ستراتیجیەتێکی پێچەوانە بگەڕێن. لەوەدەچێ چەند هێزێکی هەرێمەکە بەدوای دەستکەوتنی چەکی کیمیایی، بایۆلۆجی و ناوەکی عەوداڵ بن بۆ هاوسەنگکردنی لاوازییە کۆنباوەکەیان بە ڕەچاوکردنی ڕکابەرە هەرێمایەتییەکان و ویلایەتە یەکگرتووەکان. لەم نووسینەدا ڕۆڵی داهاتووی سەربازی عیراق بە دیارینەکراوی دەمێنێتەوە. هاوسێکانی عیراق پێدەچێ لەگەڵ بوونی سیاسی و سەربازی



ئەمەریکی بە درێژایی سنوورەکانیان زۆر نائارام بن و بۆی هەیە حاڵەتی سەربازی و سیاسەتی ئاسایشیان بەگوێرەی ئەوەوە گۆڕانی بەسەردا بێ. کاتی کە لەو مەترسییانە دەدوێین، وڵاتانی هەرێمەکە گرنگییەکی دیاریکراو بە ڕۆڵی سیاسییانەی هێزی سەربازی دەبەخشن، تەنانەت ئەگەر تەگەرەش بخاتە بەردەم هەموو کاریگەرییەکی سەربازی.

باری ئابووری هەرێمەکە ڕووبەڕووی چەند مەترسییەك دەبێتەوە. گەندەڵی، کەرتی تایبەتی لاواز، سیستەمی پەروەردەیی هەژار و هۆکاری دیکە وادەکەن گەشەی ئابووری بەسەختی بێتەکایەوە. کەمبوونەوەی نرخی نەوت وادەکات کەرەستەکان دەگمەنتر بن بۆ هەردوولا، وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و وڵاتە هەژارەکان کە پشت بە گواستنەوەی دراو دەبەستن لە کرێکارانی پەناهەندەوە[١٢]. سەرەڕای ئەوە، نەشونماکردنی دانیشتوان فشار دروست دەکات تەنانەت لەسەر وڵاتە ساماندارەکانی نەوتیش لە کەنداوی فارس. نوشوستیهێنان لە بەرەوپێشبردنی بارەکە بەگوێرەی هیوای جەماوەر کە بریتییە لە چاککردنی ئاستی بژێوی، بۆی هەیە هەرێمەکە بەرەو نائارامی ڕاپێچ بکات.

## کاریگەری ١١ ی سێپتێمبەر و جەنگ دژی عیراق

هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ و جەنگی ٢٠٠٣ ی دژ بە عیراق کاریگەری قووڵیان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و سیاسەتی ویلایەتە یککگرتووەکان لە ناوچەکەدا بە تایبەتی هەبوو. هەرچەندە دەرهاویشتەکانی ئەو ڕووداوانە تا ئێستاش هەستی پێ دەکرێ، هەندێ گۆڕانکاری بە ئاشکرا دیارن لەوانە:

★ **خستنەوە پێشینەی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان.** تیرۆر و چەکی بەکۆمەڵکوژ بۆ ماوەیەکی زۆر جێگای بایەخپێدانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە. بەڵام جەرگبڕیی تراژیدیاکەی ١١ ی سێپتێمبەر ئەو بایەخدانە ڕێژەییەی بەرزتر کردۆتەوە، و شەڕی دوای ئەوەش لەگەڵ عیراق هۆشیاری دەربارەی مەترسی بڵاوبوونەوەی چەکی بەکۆمەڵکوژ زیاتر کرد. بەرژەوەندییەکانی دیکەی ئەمەریکا وەك ململانێی عەرەبی ـ ئیسرائیلی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیای عەرەبی، بۆی هەیە لە چوارچێوەیەکی نوێدا هەڵبسەنگێندرێتەوە.

★ **بێ دەنگ نەبوون لە ئاست چاودێریکردنی تیرۆر لەلایەن وڵاتانەوە.** لە هەشتاکان و نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو، عیراق و ئێران و هەندێ وڵاتی دیکەی پاڵپشت بۆ تیرۆر، چەند هێرشێکی سنوورداریان ئەنجامدا بەبێ بوونی پەیوەندی ئاشکرا لەو ڕووداوانەدا. ئەو بێ دەنگییە ئێستا نەماوە. ڕووخاندنی ڕژێمی تالیبان لە ئەفغانستان، ئامادەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و تواناکەی بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕژێمانە دەسەلمێنێ، کە پشتگیری لە گروپەکانی دژ بە ئەمەریکا دەکەن. ئەو خاڵە لە بەهاری ٢٠٠٣ دا زیاتر جەختی لەسەر کرایەوە، کاتێك کە بەڕێوەبەرایەتی حکومەتی بۆش ئەگەری بوونی پەیوەندی سەدام حوسێن بە ئەلقاعیدەوە وەك پاساو هێنانەوەی بەرپاکردنی جەنگ بەکارهێنا.

★ **تیشك خستنە سەر سەقامگیری باری نێوخۆیی.** هەرچەندە هەموو ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باش لەو هەڕەشەیە گەیشتوون کە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان دەیسەپێنن (هەندێك ڕژێم ماوەیەکی زۆرە جەنگ لەگەڵ یاخیبووە ئیسلامییەکان دەکەن و هەندێکیشیان چاودێرییان کردوون و دەستگیریان کردوون)، لەگەڵ ئەوەشدا وریایی ویلایەتە یەکگرتووەکان جەخت لەسەر سیاسەتی نێوخۆیی هەرێمەکە ناکاتەوە. هێرشەکان ئاماژەیەکن کە سیاسەتی نێوخۆیی ڕژێمەکان، بە تایبەتی ئامادەییان بۆ ڕێگەپێدانی هاوڵاتیان کە یارمەتی گروپە ڕادیکاڵییە



دەرەکییەکان بدەن یا پەیوەندییان پێوەبکەن، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لە ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات.

★ **ڕەوینەوەی مەترسی سەربازی کۆنباو.** لەگەڵ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام، مەترسی ململانێی سەربازی کۆنباو بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبووەوە. هەرچەندە سووریا، ئێران و وڵاتە دوژمنکارەکانی دیکە هێزی گەورەیان لەبەردەستدایە، بەڵام بە گشتی چەکی نوێییان نییە، بەڵکو بە لاوازی مەشقدراون، بۆیە تەنها هەڕەشەیەکی کەمیان هەیە. بە پێچەوانەوە، دوو دەسەڵاتی زلهێزی ناوچەکە، ئیسرائیل و تورکیا، هاوپەیمانی بەوەفای ئەمەریکان.

ئەمانە بەشێکن لە گۆڕانکاری زۆر گرنگ کە هێرشەکان و وەڵامی دواتری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا هێنایانە ئاراوە. ئەم ڕاپۆرتە، مەبەست لێی ئەوە نییە هەڵسەنگاندنێکی گشتگری هێرشەکانی ١١ ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ یا جەنگی عیراق بخاتە بەردەست[١٣]. ئەو ڕووداوانە لەو بەشانەدا قسەوباسیان لەسەر دەکرێ کە دەگونجێ، بەڵام ئەو بابەتانەی لەو بەشەدا خرانەڕوو گرنگن بۆ تێگەیشتنی ناوچەکە و تایبەتکردن یا داڕشتنی سیاسەتی دروست بۆ ناوچەکە.

## ئامانج و پێکهاتووەکانی ڕاپۆرتەکە

ئەم ڕاپۆرتە هەڵسەنگاندنێکە بۆ ئەو خواست و ئاراستە درێژخایەنانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەکو تەقەلایەك بۆ هەڵێنجانی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە هەرێمەکەدا کاریان بۆ دەکرێ. هەروەها لێکۆڵینەوە لەبارەی کۆمەڵێ پرس دەکا کە بارودۆخی ئاسایشی هەرێمەکەیان لە ڕابردوودا گۆڕیوە و ئەو هەرێمانەش دەستنیشان دەکا کە دەکرێ بکەونە بەر تەوژمی ئەوگۆڕانە، یا وەك فاکتەری گرنگ لە ساڵانی داهاتوودا سەرهەڵبدەن. زۆر لەو کێشانە لە ڕابردوودا وەك کێشەی ئاسایش ڕەچاونەدەکران، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە سەلماندنێکە بۆ

دینامیکییەتی نێوخۆیی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەری قەبەیان لەسەر سیاسەتی هەرێمایەتی.

پێکهاتەی ئەو ڕاپۆرتە بابەتییانەیە، نەك هەرێمایەتی. هەرچەندە وڵاتانی هەرێمە گرنگەکان وەك کەنداوی فارس، وریایی زیاتریان دەوێ، بەڵام زیاتر جەخت لەسەر بۆچوون و ئاراستە فراوانەکان کراوەتەوە کە کار دەکەنە سەر هەرێمەکە بەگشتی (لەو کاتەدا ئیسرائیل ناگرێتەوە).

بەشەکانی بەرایی، باس لەو هۆکارانە دەکەن کە کاریان لەسەر سیاسەتی نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە هەیە (وەك چاکسازی سیاسی و ئابووری) و پلە بە پلە بۆ دواندنی ئاراستە ناوچەییەکان کە لە دواوەی کۆنترۆڵی تاکە وڵاتەکان درێژدەبێتەوە، فراوانتر دەبێ (وەك بڵاوبوونەوەی زانیارییە تەکنەلۆجییەکان و چەکی بەکۆمەڵکوژ). ڕاپۆرتەکە وەك خوارەوە ڕێکخراوە:

لە بەشی دووەمدا، نۆرا بانسێنهال، پێداچوونەوە بە دەرفەتەکانی ئازادی سیاسی و بەدیموکراتیبووندا دەکا و نیشانی دەدا کە چۆن ئەو خواستانە کار لە ستراتیژیەتی گرنگی دەوڵەت دەکەن بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان. بانسێنهال پێی وایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆی هەیە بەرژەوەندییەکانی پارێزراوتر بێ بە پەرەسەندنی ئازادی سیاسی لەبری ئەوەی هاندەر بێ بۆ بە دیموکراتیبوون لە هەرێمەکەدا.

لە بەشی سێیەمدا، ئالان ریچاردس، تەگەرەکانی بەردەم چاکسازی ئابووری دەخاتە ڕوو. هەروەها ئەو دژوارییە ئابوورییانە شیدەکاتەوە کە ڕووبەڕووی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبنەوە و نیشانەکانی بەرەوپێشچوون وەسف دەکا. ریچاردس ئەوەمان پێ دەڵێ کە پرۆگرامی چاکسازی ئابووری لەماوەی دەیەی ڕابردوودا نوشوستی هێناوە لەوەی بتوانێ ئاستی بژێوی بەرەوپێش ببات، لە هەمان کاتدا بێ ئومێدی جەماوەر زیادبووە، لەوەشەوە ڕووبەڕووبوونەوەی جەماوەر بۆ حکومەت بەردەوام دەبێ.



بەشی چوارەم، کە ڕیسا بروکس نووسیویەتی، ئەوە دەردەخا کە چۆن ڕژێمە هەمەجۆرەکان پارێزگاری لە کۆنترۆڵی سیاسییانەی هێزە سەربازییەکانیان دەکەن، باسی هەڕەشە هەنووکەییەکان بۆ سەر جێگیری پەیوەندییەکانی مەدەنی ـ سەربازیش دەکات. هەروەها بروکس ئاشکرای دەکا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێ پێشبینی بکا کە پێداگری و بەردەوامبوونی شێوازی ئێستای پەیوەندییەکانی مەدەنی ـ سەربازی بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرێتی هێزی سەربازی، بۆی هەیە تەگەرە بخاتە بەردەم دەرفەتی درێژخایەن بۆ چاکسازی ئابووری و سیاسیی.

دانیال بایمان لە بەشی پێنجەمدا، ئاکامەکانی گۆڕانی ڕژێمەکانی چەند دەوڵەتێکی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێکدەداتەوە. هەروەها بواری گۆڕانی ڕژێمەکان دیاریدەکا و باس لەوە دەکا چۆن سیاسەتی ڕژێمەکان بۆی هەیە گۆڕانی بەسەردابێ کاتێ کە حاکمی نوێ دەسەڵات دەگرێتە دەست.

لە بەشی شەشەمدا، یان لێسەر، شیکردنەوەی ئەوە بەدەستەوە دەدا کە چۆن گۆڕانەکانی ئەم دواییەی هێزی بازاڕ کار لە ئاسایشی هەرێمایەتی دەکات، هەروەها خواستەکانی داهاتوو هەڵدەسەنگێنێ. لێسەر دەمەتەقێی ئەوە دەخاتە نێو باسەکە، کە زیادبوونی جیهانگەرایی بازاڕی نەوت، هێزی ئاسایشی بەرەوپێش بردووە، بەڵام ئەمە گۆڕان لە شێوازەکانی بازرگانی دەهێنێتە کایەوە و نائارامی نێوخۆیی لە ساڵەکانی داهاتوودا بەردەوام دەبێ لە هەڕەشەکردنی ئەو ئاسایشە.

جۆن ئەڵتەرمان لە بەشی حەوتەمدا ئەوە شیدەکاتەوە کە چۆن زانیارییە تەکنەلۆجییە نوێکان بە ئینتەرنێت و سەتەلایت و تەلەفیزیۆنەوە، سیاسەتی هەرێمەکە دادەڕێژنەوە. هەروەها نووسەری ئەم بەشە ئەو گفتوگۆیەش دەخاتە ڕوو کە سەرەڕای ئەمانەش تەکنەلۆجیا پێشکەوتووەکان کاریگەری کەمیان لەسەر گۆڕینی هەرێمەکە هەبووە.

دیسان یان  لێسەر لە بەشی هەشتەمدا، باس لە ڕۆڵی چەکی بەکۆمەڵکوژ دەکا. لێسەر مشتومڕی ئەوە دەوروژێنێ کە هەوڵدان بۆ دەستکەوتنی چەکی کیمیایی، بایۆبۆجی و ناوەکی، لەگەڵ مووشەکی پێشکەوتوو و هۆکارەکانی دیکەی گەیاندن، بۆشایی ستراتیژی هەرێمەکە دەگۆڕن، و مەترسی ململانێی دوای سنووری وڵاتەکان زیاد دەکەن و مەترسی زیاتر بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان دێننە ئارا.

بەشی نۆیەم، ئەم دۆزینەوانە بەیەکەوە گرێ دەدا و گفتوگۆ لەسەر ئاکامەکانی دەکا بۆ ئاسایشی هەرێمایەتی و بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

لە هەموو ئەو بەشانەدا، نووسەران هەوڵ دەدەن نەك تەنها ئاراستە و بۆچوونە کۆنەکان لێکبدەنەوە، بەڵکو پەرەسەندنە نوێکانیش شیبکەنەوە. هەروەها  هەوڵ دەدەن لایەنە تەمومژاوییە سەرەکییەکان دیاریبکەن کە جێگەی دۆزینەوەکانیان دەگرنەوە یا پەیوەندی پتەویان بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە هەیە.

# پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١ ـ ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدەهێنێ جێگای ناکۆکییە. ئەم بەشە بە شێوەیەکی بەرایی تیشك دەخاتە سەر ئێران، عیراق، وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداوی فارس، میسر، ئوردن، و سووریا. وڵاتە گرنگەکانی دیکە وەك لیبیا و تورکیا لە بەشەکانی دیکە باسیان لێوە کراوە.

٢ ـ ٢BP Amoco Statistical Review of World Energy ٢٠٠١,

لەم سایتەی خوارەوە دەست دەکەوێت:

http://www.bpamoco.com/centres/energy/index.asp, accessed March ٢٨, ٢٠٠٢.

٣ ـ زۆر لەو پەیوەندییانە پێش جەنگی سارد و لە کۆتاییەکەشی بەهێزبوون. لە ساڵی ١٩٨٠ ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێکەوتنامەی دەزگای بەرگری لەگەڵ عومان بڕیاردا. تەواو بەر لەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێکەوتنی نەنووسراوی لەگەڵ سعودیا هەبوو، کە هێزەکانی ئەمەریکا پابەندبوون بە پاراستنی ئاسایشی میرنشینەکە. بڕوانە:

William B. Quandt, *Saudi Arabia in the ١٩٨٠s: Foreign Policy, Security, and Oil*, Washington, D.C.: Brookings, ١٩٨١; Joseph A. Kechichian, *Oman and the World*, Santa Monica, Calif.: RAND, MR-٦٨٠-RC, ١٩٩٥, pp. ١٣٩–١٥٨; and Nadav Safran, *Saudi Arabia: TheCeaseless Quest for Security*, Ithaca, N.Y.: Cornell University Press, ١٩٩٨.

٤ ـ بۆ سەیرکردنی پەیوەندی نێوان کێشەی عەرەبی ـ ئیسرائیلی و بەرژەوەندییەکانی دیکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بڕوانە:

Zalmay M. Khalilzad, David A. Shlapak, and Daniel L. Byman, *The Implicationsof the Possible End of the Arab-Israeli Conflict for Gulf Security*, Santa Monica, Calif.: RAND, MR-٨٢٢-AF, ١٩٩٧.



٥ ـ Jon Alterman, “The Gulf States and the American Umbrella,” *Middle East Review of International Affairs*, Vol. ٤, No. ٤, December ٢٠٠٠, electronic version.

٦ ـ Richard W. Murphy and F. Gregory Gause III, “Democracy and U.S. Policy in the Middle East,” *Middle East Policy*, Vol. ٥, No. ١, January ١٩٩٧, p. ٥٩.

٧ـ ڕاپرسییەکەی نۆڤێمبەری ٢٠٠١ لەلایەن (Princeton Survey Research Associates) ەوە ئەنجامدرا، و ئەوەی حوزەیرانی ١٩٩٩ لەلایەن ( Potomac Associates and Opinion Dynamics) ەوە ئەنجامدرا.

٨ ـ هەندێ نیشانە هەیە کە ئەم بۆچوونە لەوەدەچێ بەرەو پووکانەوە بچێ. لە ڕاپرسییەکی کانوونی دووەمی ٢٠٠٢ دا بینرا کە تەنها ٤٢٪ گوتیان کە ئەوە (زۆر گرنگە) بۆ فشار خستنە سەر سعودیای عەرەبی، هەروەها لە سێپتێمبەری ٢٠٠٢، ئەو ژمارەیە بۆ ٣٨٪ دابەزی. کەواتە، هێشتا خواستەکە بەرزترە لەوەی کە حوزەیرانی ١٩٩٩ دا بینرا. بۆ بینینی ئامار و داتایەکانی ڕاپرسییەکەی ٢٠٠٢، بڕوانە ئەنجامەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی (پیو) بۆ خەڵك و ڕۆژنامە، ڕاپرسیی ساڵێك دوای ٩/١١، لە وێبسایتی http://people-press.org/reports/print.php٣?PageID=٦٣٩. دەستت دەکەوێ.

٩ ـ بۆ پێداچوونەوە، بڕوانە:

Daniel L. Byman and Matthew C. Waxman, *Confronting Iraq: U.S.Policy and the Use of Force Since the Gulf War*, Santa Monica, Calif.: RAND, MR-١١٤٦-OSD, ٢٠٠٠.

١٠ ـ بەرپرسیارییەتی دەزگا تاوەرییەکانی سەربازی خۆباری ویلایەتەیەکگرتووەکان لە سعوودیا کە ئەمەرکی تیایدا کوژران، بە نادیاری ماوەتەوە.

١١ ـ بۆ پێداچوونەوە، بڕوانە:

Daniel L. Byman and Jerrold D. Green, *Political Violence and Stabilityin the States of the Northern Persian Gulf*, Santa Monica, Calif.: RAND, MR-١٠٢١-OSD, ١٩٩٩.

١٢ ـ بڕوانە:

Kiren Aziz Chaudhry, *The Price of Wealth: International Capital Flows and the Political Economy of Late Development*, Ithaca, N.Y.: Cornell University Press, ١٩٩٧.

١٣ـ لێکۆڵینەوەیەی لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە، بەر لە هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەرەوە دەستی پێکردووە، و بەر لە جەنگی عیراق تەواو بوو، بەڵام هەموو بەشەکان گۆڕانکاریان تێدا ئەنجامدرا بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە نوێیانەیان تێدا ڕەنگبداتەوە. دەزگای (ڕاند) هەڵسا بە ئەنجامدانی کۆمەڵێ توێژینەوەی چڕوپڕ کە وتووێژ لەسەر ئاکامەکانی ڕووداوەکەی ١١ ی سێپتێمبەر و ململانێ لەگەڵ تیرۆردا کە بەدوای ئەودا هات، دەکەن. بڕوانە:

Lynn Davis, Steve Hosmer, Sara Daly, and Karl Mueller, *The U.S. Counterterrorism Strategy: A Planning Framework to Facilitate Timely Adjustments*, Santa Monica:, Calif.: RAND, DB-٤٢٦-AF, ٢٠٠٣; David Ochmanek, *Military Operations Against Terrorist Groups Abroad:Implications for the U.S. Air Force*, Santa Monica:, Calif.: RAND, MR-١٧٣٨-AF, ٢٠٠٣; and Nora Bensahel, *The Counterterror Coalitions: Cooperation with Europe, NATO, and the European Union*, Santa Monica, Calif.: RAND, MR-١٧٤٦-AF, ٢٠٠٣. Research on Operation Iraqi Freedom is currently under way.

# بەشی دووەم

نۆرا بێنساهێل

## چاکسازیی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەلێ لە دواوەی ئاراستە جیهانییەکانی بەرەو دیموکراتیبوون خۆی دەبینێتەوە[١]. پێدەچێ ستەمکاری تیایدا زۆر پتەو و زیندوو ڕیشەی داکوتابێ، کە ڕژێمی پاشایەتی و بنەماڵەیی بە درێژایی هەرێمەکە وەك نەریتێکی باو ماونەتەوە. تەنانەت میسریش کە بە ناو دیموکراسییە، لە لایەن تاکە پارتێك فەرمانڕەوایی دەکرێت کە تەوق و بەندی خستۆتە مل کێبڕکێی سیاسییەوە و سنووری توندی بۆ ئازادی ڕا دەربڕین و کۆمەڵەکان داناوە. بەهەرحاڵ، هەندێك چاکسازی هەنووکەیی بە درێژایی ناوچەکە بە شێوەیەکی بەرچاو خزاونەتە ناوەوە، بەڵام زۆر کاریگەر نین. هەندێ وڵات بەشداری سیاسییان زیادکردووە بە دابینکردنی دەسەڵاتی دادوەری لەسەر هەندێ پرسی دیاریکراو و ڕێگا بە هاوڵاتیان دەدەن نوێنەرانی خۆیان لە هەڵبژاردنی ئازاددا دەستنیشان بکەن. هەندێ وڵاتی دیکە کۆت و بەندیان لەسەر ئازادی دەربڕین و کۆمەڵەکان سووککردووە بە ڕێگەدانی خەڵك بۆ دیاریکردن و ڕاگەیاندنی بەرژەوەندی و بۆچوونەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەرتر. هەرچەندە ئەو هەنگاوە چاکسازییانە دژوارییان بۆ تاکڕەوی ڕژێمەکان دروست نەکردووە، بەڵام لەو بوارەدا خواستێکی گرنگ پێکدەهێنن.

چاکسازی سیاسی چەمکێکی گشتییە، دوو پرۆسەی جودا بەڵام پەیوەندیدار لەخۆ دەگرێ. بە دیموکراتیبوون بریتییە لە فراوانبوونی بەشداریکردنی پێکهاتووە فەرمییەکانی خەڵك و بە گرنگترین ناوەڕۆکی پرۆسەی بە دیموکراتیبوون



دەژمێردرێ، چونکە ڕێگە بە هاوڵاتیان دەدا پراکتیزەی کۆنترۆڵکردنی سیاسەتی گشتی بکەن و سەرکردەکان ناچار بکەن لەو بڕیارانەی دەیدەن بەرپرسیار بن[٢]. هەروەها بە دیموکراتیبوون ئەو پرسانەش دەگرێتەوە کە بە هاوڵاتیبوونەوە پەیوەستن، تیادا دیاریدەکرێ، دەبێ کێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکات. پێناسە بەراییەکانی دیموکراسی تەنها بوارە کرداریەکانیان دەگرتە خۆ کە لەسەرەوە باسکران[٣]. بەڵام دواتر شارەزایان هەستیان بەوە کرد کە ئەم پێناسانە کاریگەر نین: هەڵبژاردنی ئازاد گەلێ کەمە بۆ هاوڵاتیان ئەگەر نەتوانن بە ئازادی ئاڵوگۆڕی زانیاری بکەن و خۆیان لە شێوەی گروپدا ڕێکبخەن. بە گوێرەی پێناسەی ئێستا، نابێ دەوڵەتە دیموکراتییەکان تەنها هەڵبژاردنی ئازاد و ڕەوا بۆ هاوڵاتیان ئەنجام بدەن، بەڵکو ڕەخساندنی ئازادییە مەدەنییەکانی وەك ئازادی قسەکردن، کۆمەڵە و دەزگاکانیش دەگرێتەوە[٤]. **ئازادبوون**، دووەم بواری چاکسازی سیاسییە، جەخت لەسەر فراوانبوونی ئەم مافە مەدەنی و سیاسییانە دەکاتەوە.

بە دیموکراتیبوون و ئازادیبوون زۆر جار لە یەککاتدا ڕوودەدەن، بەڵام دوو پرۆسەی لەیەك جیان و مەرج نییە کار لەیەکتر بکەن. هەروەك (ئۆدۆنێل و شمیتەر) نووسیویانە، بەرەوپێشچوون لە ناوچەیەك بۆی هەیە لەسەر حیسابی ناوچەیەکی دیکەوە بێت:

> **بۆی هەیە فەرمانڕەوا ستەمکارەکان ڕێگە بە دیموکراسی بدەن یا تەنانەت پەرەشی پێبدەن بەو بڕوایەی کە بە ڕەخساندنی بواری دیاریکراو بۆ چالاکی تاك یا گروپ، دەتوانن فشاری جۆراوجۆر لەسەر خۆیان سووك بکەن و زانیاری پێویست و پاڵپشتی بەدەستبهێنن بە بێ گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵات. بە واتایەکی دیکە، بەبێ بەرپرسیاربوون لە هاوڵاتیان بۆ**

**چالاکییەکانیان یان وەرگرتنی داواکانیان بۆ هەڵبژاردنی ڕەوا و پێشبڕکێیانە... بەڵام کاتێ پرۆسەی بە دیموکراتیبوون دەستپێدەکات، داکۆکیکەرە بە ئاگاکانی دەوڵەت لە فراوانبوونی لە ڕادەبەدەری وەها پرۆسەیەك دەترسن یا ئارەزوو دەکەن کێشە بەردەوامەکان لە ئەجێندای گشتی ڕاوێژکردن دووربخەنەوە، بۆی هەیە لە تەوق و بەندە کۆنەکانیان بەردەوام بن، یا هی نوێ لە سەر ئازادی تایبەتی تاك یا گروپەکان دابنێن کە بە شیاویان نازانن یا زۆر ترسناك دەیانبینن کاتێ تاکەکان چێژ لە پێگەی تەواوی هاوڵاتیبوونی خۆیان وەربگرن[٥].**

بە گشتی، ئازادبوون و بەدیموکراتیبوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەیەکەوە ڕوونادەن. کاتێ ڕژێمەکان کاردانەوەیان بۆ فشاری چاکسازی سیاسی دەبێ، هەمیشە پرۆسەیەکی هێواش و بەرنامەداری پرۆسەی ئازادبوونیان بە باشتر زانیوە و پرۆسەی بە دیموکراتیبوون لە بەرنامەی ئەو ڕژێمانە زۆر کەوتووەتە دوای ئەوەوە[٦]. باسەکانی دیکەی ئەو بەشە لە پێنج تەوەردا ڕێکخراون. باسی یەکەم لە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ـ چاکسازی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ـ دەدوێ. ئەوەی دووەم فشارەکان بۆ چاکسازی سیاسی لە هەرێمەکەدا لێکدەداتەوە. باسی سێیەم ئاراستە هەرێمایەتییەکان هەڵدەسەنگێنێ بۆ هەردوو بواری بەدیموکراتیبوون و ئازادبوون. لە چوارەم باسدا، چۆنیەتی ڕوودانی ئەو ئاراستانە لە میسر، ئێران، ئوردن، کوەیت، و سعودیای عەرەبی، شیکراوەتەوە. لە کۆتاییشدا، باسی پێنجەم کاریگەری ئەو پێشکەوتنانە لێکدەداتەوە کە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەیانبێ.



### بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە چاکسازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆمەڵە بەرژەوەندییەکی خاوەن ململانێی مەترسیداری لە چاکسازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. دژ یەکبوونی ئەو بەرژەوەندییانە گەلێجار لە ئەنجامی جیاوازی ئاسۆی کاتەوە دێتەکایەوە. چاکسازی سیاسی بە درێژایی ئامانجە درێژخایەنەکان زۆر چاك خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات، بەڵام لە ئاستی ئامانجی کورتخایەن دوو کاریگەری چاوەڕوانکراوی نێگەتیڤی هەیە: بۆی هەیە نائارامی هەرێمایەتی لێ بەئاکام بێت، لەوانەشە وا لە ڕژێمەکان بکات هەستیارتر بن بەرامبەر بە هاوکاریکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەتایبەتی لە ڕووی سیاسەتی ئاسایشەوە.
پەرەپێدانی چاکسازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرژەوەندییەکی درێژخایەنی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەنوێنێ: لە گۆشەنیگایەکی پێوانەییەوە، دیموکراسی و ئازادی دەربڕین سەرەکیترین بەهاکانی ئەمەریکا دەنوێنن کە دەبێ لە سەرانسەری جیهان جۆش بدرێت. ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ساڵی ٢٠٠٠ بەها جەوهەرییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە "ئازادی سیاسی و ئابووری"، ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و حوکمی یاسا پێناسە دەکات. هەروەها پەرەپێدانی دیموکراسی بێگانە وەك یەکێك لە سێ ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دیاری دەکا[٧]. ئەم گۆشەنیگا پێوانەییە بە دیدێکی زیاتر واقیعیانەی ئاسایشی تەواوکراوە، کە بریتین لە چاکسازی سیاسی و ئاشتی و سەقامگیری درێژخایەن بۆ ناوچەکە. لەم بارەدا وڵاتە دیموکراسییەکان بۆی هەیە کەمتر ڕووبەڕووی دژواری نێوخۆیی ببنەوە، چونکە دەکرێ هاوبەشی جەماوەر ڕەچاوبکرێ و بخرێتە نێو پرۆسەی بڕیاردان. سیاسەتی میانڕەو زۆر گونجاوترە چونکە سیستەمە نمونەییەکان تۆڕی چڕوپڕی پچڕاندنی هاوبەشەکانیان هەیە، بۆی هەیە شوێنی توندڕەوەکان سنووردار بکات[٨]. لەوانەیە گرنگترین شت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوە بێ کە توێژینەوەی زانستی سیاسی دەریخستووە: دەوڵەتە دیموکراسییەکان هەرگیز چاوەڕوانی بەرپاکردنی جەنگیان لەگەڵ یەکتریدا

لێناکرێ[٩]. بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکان پەرەپێدانی چاکسازی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەك بەرژەوەندی درێژخایەن لە قەڵەم دەدا، نەك تەنها لەبەرئەوەی لەگەڵ بەهاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان هاوکۆکە، بەڵکو لەبەر ئەوەی سەقامگیری هەرێمەکەش بەرەوپێش دەبات.

بۆی هەیە بە دیدێکی کورتخایەنانە، قازانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان تەواو جیاواز بێ. **یەکەم**، وتووێژی دیموکراتیانەی ئاشتی مەرج نییە لەسەر ئەو وڵاتانە جێبەجێبکرێ کە بەماوەی گوازرانەوەی دیموکراسیدا تێپەڕدەبن. لە ڕاستیدا، لە یەکێك لە توێژینەوە گرنگەکاندا هاتووە: " وڵاتە ناسەقامگیرەکان زیاتر لەوانەی دیموکراسییەت تیاییاندا چەکەرەی کردووە یا تاکرەوی سەقامگیرن، ئەگەری هەڵگیرساندنی جەنگیان لێ دەکرێ[١٠]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە چاکسازی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەوەیە بە پێچەوانەوە، بۆ ماوەیەکی کورتخایەن سەقامگیری هەرێمایەتی کەمبکاتەوە، هەرچەندە سەقامگیری هەرێمایەتی کایەیەکی سەرەکییە لە ئاستی ئامانجی درێژخایەن. دووەم، چاکسازی سیاسی بەهۆی ڕێگەدانی بە فرەیی و دەربڕینی دیدوبۆچوونی جیاواز بۆی هەیە نائارامی نێوخۆییش زیادبکا، هەروەها ڕێی تێدەچێ ببێتە مایەی ململانێی توندوتیژ بۆ دەرخستنی کاریگەری لەسەر سیاسەت. بەرهەڵستیکردنی ڕژێمی فەرمانڕەوا بۆی هەیە لە هەموو بەشێکی پێکهاتە سیاسییەکان دەربڕێ، هەر لەوانەی کە لایەنگیری عەرەبە نەتەوەپەرست و سەرکوتکارەکان یا پارتە ئیسلامییەکان دەکەن تا دەگاتە ئەوانەی لایەنگیری لە ئازادی سیاسی دەکەن. لەوانەیە ململانێی نێوان ئەم لایەنە جیاوازانە بە ئاشتییانە بەڕێوە بچێ، بەڵام ڕێشی تێدەچێ کە کاری سەرکوتکردن و زۆرەملێ ببێتە ئاراوە کاتێ کە ڕژێمی فەرمانڕەوا هەوڵدەدا پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆی بکا دژی بەرهەڵستیکاران. سێیەم، هەستی دژە ئەمەریکی بە درێژایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گەلێ باوە. هاریکاریکردنی ئەمەریکاش لەمەڕ پرسەکانی ئاسایش تاڕادەیەکی زۆر کارێکی نا جەماوەرییە، چونکە ئەو هاوکاریکردنە دەیسەلمێنێ ڕژێمە هەنووکەییەکان



ناتوانن بە بێ پشتبەستن بە هێزە دەرەکییەکان ئاسایش بۆ هاوڵاتیانی خۆیان دابین بکەن. هەرچەندەش هاوڵاتی مافی ئەوە بەدەست بێنێ کە کاریگەرانەتر بیروڕاکانی بە ئازادی دەربڕێ، ئەوە دەبێ ڕژێمەکان دوژمنکارانەتر لەڕووی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوەستن و هاریکاری لەمەڕ پرسەکانی ئاسایش لەگەڵ ئەو وڵاتە کەمبکەنەوە. ئەم دەرهاویشتەیە بەشێوەیەکی بەرچاو پلان و کردارەکانی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەدرێژایی هەرێمەکە ئاڵۆزتر دەکات.

بۆیە بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە چاکسازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕادەیەکی بەرچاو جیاوازە و دەوەستێتە سەر تێڕوانینی کورتخایەن یا درێژخایەنانە بۆ پرسەکە و پەیوەندیی بە پرسی خودی وڵاتەکەشەوە هەیە. بۆیە لێرەدا کێشەکە بە ڕووی داڕێژەرانی سیاسەت دەبێتەوە، کە چاکسازی سیاسی بۆ سەقامگیری هەرێمایەتی درێژخایەن گرنگە بەڵام لەوانەیە نائارامی هەرێمایەتی و هەستی دژە ئەمەریکی وەك دەرهاویشتەیەکی کورتخایەنی لێ بێتەکایەوە. بە پێچەوانەوە، نوشوستیهێنان لە ئەنجامدانی هەر هەنگاوێکی چاکسازی سیاسی وەك ئەوە وایە ناسەقامگیری بنێیتەوە، چونکە پێویستی بە حوکمڕانی بەردەوام هەیە بەهۆی زۆرەملێوە. ئەگەر ڕژێمەکان ئەو دینامیکییەتە نەدوێنن کە پەستان بۆ چاکسازی سیاسی بەرهەمدێنێ، ئەوا مەترسی ئەوە دەکرێ کە نائومێدی و بەرگەگرتنی جەماوەری لەسەری بڕژێ و ببێتە مایەی بەرهەڵستیکردن و ناسەقامگیری نێوخۆیی.

## فشار بۆ چاکسازی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنن، کە لەوانەیە فشار بۆ چاکسازی سیاسی بێنێتە کایەوە بە هۆی زیادبوونی ناڕەزامەندی جەماوەر لەگەڵ کردارەکانی ڕژێمەکەدا. ئەم گرفتانە دەکرێ لە سێ پۆلی بەیەکداچوودا یەکبخرێن: دژواری باری ئابووری، خواست و ئاراستەکانی دانیشتوان، بەرپرسیارییەتی و گەندەڵی.

## دژواری باری ئابووری

نزیکەی هەموو ئابووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشت بە نەوت دەبەستێ. سعودیای عەرەبی و وڵاتانی کەنداو پشت بە داهاتەکانی نەوت دەبەستن کە دەیفرۆشنە بازاڕەکانی جیهان. ئەو وڵاتانەش کە کەلوپەلی گەورەی نێوخۆییان نییە وەك میسر و یەمەن، پشت بە گواستنەوەی دراوی کرێکارانی هەندەران دەبەستن کە کاری بەرهەمهێنانی نەوت لە وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت دەکەن. بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو هەردوو جۆرەکەی گۆڕی بۆ وڵاتی خاوەن داهات کە پشت بە داهاتی دەستکەوتووی دەرەکی ببەستن لە بری بەرهەمهێنانی سامان بەخۆیان[١١].

شێوازی خاوەن داهات بریتییە لە ئاڵوگۆڕی ناوەرۆکی نێوان خزمەتگوزاری مادی و ئارامی سیاسی. ئەم وڵاتانە چەندەی سەرچاوەی داهاتی سەربەخۆ بۆ هاوڵاتییان دابینبکەن، ئەوەندەش لە بەرپرسیارییەتییان بەرامبەر هاوڵاتییان کەمدەکەنەوە. تا ئەو بەرژەوەندییانە بەردەوام بێت بە شێوەیەکی سروشتی بەرهەڵستیکردنی سیاسی بە کپی دەمێنێتەوە، وڵاتیش بۆ کپکردنی دەنگی بەرهەڵستیکاران پێکهاتەکانی سەرکوتکردن پەرەپێدەدات. هەروەك (کیرین چاودری) بۆمان شیدەکاتەوە: "دابڕینی مافی سیاسی درێژخایەن لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا، بە ڕادەیەکی فراوان لە ئەنجامی بێدەنگی کۆمەڵایەتییەوە دێت کە لە ڕێگەی پاراستنی بازاڕەوە دابینکراوە ـ بەهۆی بڵاوکردنەوەی مافی ئابووری"[١٢]. شێوازی خاوەن داهات بەردەوام دەبێ تا ئەوکاتەی بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و هاتنەخوارەوەی (GDP ـ سەرجەمی بەرهەمی خۆیی) و ڕێژەی گەشە لاواز دەبێ، کە ببێتە هۆی زیادبوونی ڕق و تووڕەیی جەماوەر.

ئاراستە و خواستە نوێکانی ئەم دواییە ئەوە دیاری دەکەن کە شێوازی خاوەن داهات بە شێوەیەکی فراوان ڕووی لە گرژی کردووە. لە ساڵانی هەشتاکاندا، نرخی نەوت بەشێوەیەکی سەرسوورهێنەر ڕووی لە نزمبوونەوە کرد، تا بەرزبوونەوەی



نرخی نەوت لەو ساڵانەی دواییدا ئەو وڵاتانە دوور لەو ئاستە مانەوە کە لە ساڵانی حەفتاکان تیایدا بوون[١٣]. ئەو نزمبوونەوەیە ئەوە دەگەیەنێ کە زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داهاتێکی ئەوتۆیان نییە پارێزگاری لە ئاستی بژێوییان بکات. کەمبوونەوەی نرخی نەوت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاری کردووەتە سەر ئاستی بژێوی لە گەلێ وڵاتدا. لە سعودیای عەرەبی، (GDP ـ سەرجەمی بەرهەمی خۆیی) ڕاستەقینە بۆ هەر تاکێك لە ١٣١٣٣$ لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ ٦٥٣١$ لە ساڵی ١٩٩٨ دابەزیوە، لە ئیمارات، ڕێژەکە لە ٢٧٧٢٥$ بۆ ١٦٣٢٣$ و لە بەحرێن لە ١٢٨٥٩$ بۆ ٩٦٨٨$ دابەزیوە[١٤].

## ئاراستەکانی دانیشتوان

ئەم سەختییە ئابوورییانە بەهۆی گەشەی خێرای دانیشتوان کە زۆربەی وڵاتانی هەرێمەکە پێیەوە دەناڵێنن بۆی هەیە بارەکە بەرەو گرژی ببەن. هەروەك خشتەی (٢ ـ ١) دیاریدەکات، زۆر وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست زۆری ئاستی گەشەی دانیشتوانەوە دەناڵێنن. ئەم ئاراستەیە بەتایبەتی لە وڵاتانی کەنداو دروستە، کە ڕێژەی گەشەی ساڵانە زۆرجار لە سەدا سێ زیاترە. ئێران هەنگاوی کاریگەری بۆ ئاوەژووکردنەوەی ئەم ئاراستەیە هاویشتووە، بەڵام هێشتا ڕووبەڕووی فشاری ئابووری دەبێتەوە لە ئاکامی زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوانی لاو. هەروەها خشتە (٢ ـ ١) ئەوەش دەسەلمێنێ کە ڕێژەی گەورەی دانیشتوانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێرەوەی تەمەنی چواردە ساڵیدان، گەشەی دانیشتوان دەبێتە کێشەیەکی دژوار کاتێ کە ئەو نەوەیە دەگەنە تەمەنی لاوێتی. تەنانەت ئەگەر ئەو نەوەیەش وا بکەن کە منداڵی کەمتریان ببێت لە چاو باوانیان، بەڵام ئەگەر تەواوی خەڵك منداڵیان ببێ، هێشتا بۆی هەیە ژمارەی دانیشتوان زیاد بکات.

**خشتەی (٢ ـ ١) تێکڕای گەشەی**

**دانیشتوان و ڕێژەی سەدی دانیشتوان ژێر تەمەن ١٤ساڵ**

| ولات | تێکڕای گەشەی دانیشتوانی ساڵانە (٪) | ڕێژەی سەدی دانیشتوان لە ژێر تەمەن ١٤ ساڵ |
|---|---|---|
| بەحرەین | ١,٦٢ | ٢٩,٢ |
| میسر | ١,٦٦ | ٣٣,٩ |
| ئێران | ٠,٧٧ | ٣١,٦ |
| عیراق | ٢,٢٨ | ٤١,١ |
| ئوردن | ٢,٨٩ | ٣٦,٦ |
| کوێت | ٣,٣٣[a] | ٢٨,٣ |
| لوبنان | ١,٣٦ | ٢٧,٣ |
| لیبیا | ٢,٤١ | ٣٥ |
| مەغریب | ١,٦٨ | ٣٣,٨ |
| عومان | ٣,٤١ | ٤١,٩ |
| قەتەر | ٣,٠٢ | ٢٥,٢ |
| سعودیای عەرەبی | ٣,٢٧ | ٤٢,٤ |
| سووریا | ٢,٥ | ٣٩,٣ |
| تونس | ١,١٢ | ٢٧,٨ |
| ئیمارات | ١,٥٨ | ٢٧,٧ |
| یەمەن | ٣,٤ | ٤٧ |
| تێکڕای هەرێمایەتی | ٢,٣٠ | ٣٤,٣ |
| تێکڕای جیهانی | ١,٢٣ | ٢٩,٢ |

سەرچاوە: **Central Intelligence Agency, *World Fact book* ٢٠٠٢.**

A: قەیرانی گەڕانەوەی پەناهەندەکانیش لە خۆ دەگرێ



ئەو گەشە خێرایەی دانیشتوان ئەگەری ئەوەی هەیە بەلای کەمی بە دوو ڕێگە ببێتە مایەی بێ بەشبوونی فراوانی دانیشتوان[١٥]: یەکەم، گەشەکردنی دانیشتوان پێویستی بە گەشەی ئابووری هاوتا و یەکسان بۆ پارێزگاریکردن و هێشتنەوەی ئاستی بژێوی هەنووکەیی هەیە. ئەگەر تێکڕای گەشەی ئابووری هەنگاوەکانی لە خێرا بەرەوپێشچوون نەپارێزێ، وەك کە بە درێژایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نوشوستییان لە پێشگرتنی ئەو ڕێژەیە هێناوە، ئەوا ئاستی بژێوی تاك بەرەو خوار دەچێ. دووەم، ئەو زیادبوونە گەورەیەی دانیشتوانی لاو پێویستی بە پەروەردەکردن، چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزاری دیکەی کۆمەڵایەتی هەیە. خێرا فراوانکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە بۆی هەیە گرفتئامێز بن تەنانەت ئەگەر داهاتە ئابوورییەکانیش زۆر بێت، جگەلەوەش لەوانەیە بارودۆخی ئابووری هەنووکەییش وڵات لە گەیشتن بەو پێویستییە زیادانەی ئەو خزمەتگوزارییانە قەدەغەبکات. زیاتر لەوە، زۆربەی دانیشتوانی لاوان پێشبینی ئاستی بژێوی زیاتریان بۆ دەکرێ لەچاو نەوەی پێشوویان. ئەگەر بەو ئاستەش نەگەن، ئەوا تەواو بێبێزار و تووڕە دەبن. ئەم ئاراستەیە بە تایبەتی لە وڵاتانی کەنداو بەرچاوە، کە تیایاندا ئاستی بژێوی لە ماوەی حەفتاکاندا بەرزبووەوە، هاوڵاتییان ئێستا چاوەڕێی خزمەتگوزاری و بەرژەوەندی وەها دەکەن کە نەوەکانی پێش ئەوان هەرگیز نەیان بووە. بە ڕادەی ئەوەی کە ئەگەر ئەو پێشبینییانە بە ئاکام نەگەیەنرێ، بۆی هەیە فشار و پەستان بۆ چاکسازی سیاسی چەکەرەبکا، بەتایبەتی لە نێو ڕێژەی زۆری دانیشتوانی لاوان، کە زیاتر ئەگەری تێوەگلانیان لە کێشەی توندڕەوی و خزانە نێو بزووتنەوەی بەرهەڵستیکاران لێدەکرێ لەچاو نەوەکانی پێشخۆیان.

## بەرپرسیارییەتی و گەندەڵی

یەکێك لە باوترین ناڕەزاییەکان دەربارەی حکومەتەکانی هەرێمەکە بریتییە لە نەبوونی بەرپرسیارییەتی لە لایەن دەستەبژێرەکانی فەرمانڕەوایی هەرێمەکە، کە هەلی گەورە بۆ گەندەڵی دەخولقێنێ. بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی بڕیاردان لە باڵاترین ئاستەکانی ڕژێمەکەوە هەڵقوڵاوە واتە ئەو خەڵکانەی لە خێزانی پاشایەتی لە دایك بوون، نەك بە مافی خۆیان هەڵبژێردرابن، بۆیە خەڵك میکانیزمێکی ئەوتۆیان نییە کە بتوانن لێپرسینەوە لەگەڵ سەرکردەکانیان بکەن. لەوانەیە خەڵکانی ئاسایی بە وردی ئاگادار نەبن تا چ ڕادەیەك بنەماڵەی پاشایەتی داهاتی نەوت بۆخۆیان بەکاردەبەن، بەڵام دەتوانن بە ئاسانی تێبینی خووڕەوشتی بێ ئەندازەی بەکارهێنەرانەی ئەوان بکەن. لەوکاتەی کە هاوڵاتییانی کەنداو بە کەمی داهاتی تاکە کەسی و بێ کاری و دابەزینی خزمەتگوزارییدا گوزەر دەکەن، بەکاربردنی بێ ئەندازەی داهات لە لایەن بنەماڵەی دەسەڵاتەوە سوود بەخش دەبێ وەك خاڵێکی گرنگ بۆ دەربڕینی ناڕەزایی و گلەیی دەربارەی نەبوونی بەرپرسیارییەتی ڕژێم[١٦].

لە هەر شوێنێکی هەرێمەکەدا، گەندەڵی بەشێکی ژیانی ڕۆژانەیە. تێوەگلانی دەوڵەت بە پلەیەکی بەرز لە ئابووری دەوڵەت، هەلی تەواوی بۆ گەندەڵی ڕەخساندووە، هەر لە سیاسەتی لاگیرییەوە بگرە تا دەگاتە وەرگرتنی ڕاستەوخۆی بەرتیل کە لە لایەن کرێکارانەوە دەدرێت. تەنها کەمێ لە وڵاتان هەوڵیان داوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، چونکە زۆر بە توندی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی ئابووری ئاوێتەبووە[١٧]. فراوانی گەندەڵی بیرهێنەرەوەیەکی جێگیرە بۆ نەبوونی بەرپرسیارییەتی لە لایەن ڕژێمەوە. گەندەڵیش لەوەیە ببێتە مایەی قوڵکردنەوەی بێزاری و تووڕەیی لەگەڵ ئەو ئاراستە ئابوورییانەی لەسەرەوە باس کران، چونکە وادەکات کە خزمەتگوزاری سەرەتایی هاوڵاتی زۆر زەحمەت و بە نرخێکی گران دەست بکەوێت.



## کاردانەوەی چاوەڕوانکراوی ڕژێمەکان

هەریەکێك لەو گرفتانەی سەرەوە بۆی هەیە فشار بۆ چاکسازی سیاسی بێننە ئارا، و لە هەر یەکێکیان ئاراستەکە بۆی هەیە ئەوەی دیکە بەهێزتر بکات. ئەنجامدانی کاری سووکی ئابووری، نائومێدی خەڵك بەرامبەر سەرکردایەتی ڕژێم بەرهەمدێنێ. گەشەی دانیشتوان ئەم گرفتە ئابوورییانە گرژتر دەکات بە شێوەیەك کە ڕژێمەکە قورستر بتوانێ پارێزگاری لە ئاستی بژێوی حاڵی حازری بکات. هەروەها فراوانی گەندەڵی دەبێتە هۆی تووڕەیی و دڵشکاوی زیاتر، کاتێ کە هاوڵاتی دەبینێ ئاستی بژێوی خۆی لە دابەزیندایە و بنەماڵەی پاشایەتیش بە شانازییەوە ماڵی دەوڵەت بۆ خۆیان بەکاردەبەن، یا کاتێ کە هاوڵاتییان داهاتی دیاریکراوی خۆیان لە پێدانی بەرتیل و خزمەتگوزاری سەرەتایی دەوڵەت خەرج دەکەن. هیچ یەك لەو نائومێدییانە ناتوانێ لە ڕێگەی پێکهاتەی هاوبەشی فەرمانڕاوەیی دەربڕێ، و بۆی هەیە خودی خۆی لەگەڵ سیستەمی حوکمکردن نائومێدی زیاتر بهێنێتە کایەوە. ڕێی زۆری تێدەچێ ئەم بێ ئومێدییانە سەرهەڵدانی داوای چاکسازی لێ بە ئاکام بێت، کە ڕێگە بە هاوڵاتییان دەدات بەلای کەمی هەندێ دەربڕینیان لە پرۆسەی بڕیاردان هەبێ.

ڕژێمەکان دەتوانن بە دوو ڕێگە وەڵامی ئەو داوایانە بدەنەوە: دەتوانن زیاتر خەڵك بەشداری پێ بکەن بۆ کەمکردنەوەی یا نەهێشتنی ڕق و بێزاری خەڵك، یا جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ کاری زۆرەملێ و سەرکوتکردن. هەندێ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ستراتیژیەتێکیان هەڵبژاردووە کە هەردوو لایەن بەیەکەوە گرێ دەدات، ئەویش بە ئەنجامدانی هەنگاوی سنوورداری چاکسازی سیاسی لە هەمانکاتدا کرداری داپڵۆسین دژی بەرهەڵستیکارانی دەوڵەت پیادە دەکەن. تا ئێستا ئەم ستراتیژیەتە زۆر باش سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەشێوەیەك ڕژێمەکان پارێزگارییان بەسەر هەردوو بواری شێوە و بەرەوپێشچوونی چاکسازی سیاسیدا هێشتووەتەوە. بەڵام ئاشکرا نییە ئایا ئەم ستراتیژییەتە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام دەبێ.

## ئاراستە هەرێمایەتییەکان

ئەم باسە هەندێ لە هەنگاوەکانی چاکسازی سیاسی شیدەکاتەوە کە ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك کاردانەوەیەك بۆ بەرهەڵستییەکانی لەسەرەوە باسکران، هاویشتوویانە. هەڵدەستێ بە لێکدانەوەی دوو توخمی سەرەکی بە دیموکراتیبوون، ئەنجومەنی ڕاوێژکاری و یاسادانان، هەروەها چەند پرسێکیش شیدەکاتەوە کە پەیوەندییان بە ئازادییەوە هەیە، بریتین لە پارتە سیاسییەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ئازادی چاپ و ڕادەربڕین، و سەروەری یاسا. زۆربەی ئەو هەنگاوانە بۆ ئەوە هاوێژراون تا لە ئاستێکی گشتیدا تووڕەیی و ڕقی جەماوەر کەمبکەنەوە، بەڵام کەمێکی ئەوانە، وەك چاکسازی دادوەری، هەندێ کێشەی دیاریکراو چارەسەر دەکات.

## بە دیموکراتیبوون: دەسەڵاتە یاساییەکان

بەحرێن، میسر، ئوردن، کوێت، لوبنان، مەغریب و یەمەن هەموویان دەسەڵاتی یاسادانانیان هەیە[18]. لەوانەیە قەتەر لە دوای لیستەکەوە بێت. لە نیسانی ٢٠٠٣ کاتێ دەستووری نوێ چاککاری تیاکراو لەسەر سێی نوێنەرانی دەسەڵاتی یاسادانان لە لایەن جەماوەرەوە هەڵدەبژێردرێن[19]. ئەم دەسەڵاتە دەکرێ ببێ بە ناوەرۆکێکی گرنگی پرۆسەی بە دیموکراتیبوون لەم وڵاتانەدا، چونکە ئەمانە تیشکۆی هەوڵەکانی عەرەب دەنوێنن بۆ فراوانکردن و بە دامودەزگاکردنی بەشداری سیاسی[20]. هەروەها بریتین لە تاکە دەزگای هەڵبژێردراوی حکومەت، تەنانەت کاتێ کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانان بە تەواوی ئازاد نییە و سنوور و بەندیش لەسەر پاڵێورانی هەڵبژێردراو و پارتەکان دادەنێ. تا ئێستا هەلی کەم بۆ هاوڵاتیان دەڕەخسێنێ بۆ هەڵبژاردنی لایەنی ئارەزوومەندانەیان.



بە گوێرەی کارە تیۆرییە نوێکان، ئەنجومەنی یاسادانان بەلای کەمی بە پێنج ڕێگە بەشداری لەپرۆسەی بە دیموکراتیبوون دەکات: یەکەم، بواری دەربڕینی داوای سیاسی زیاد دەکات و جۆری گفتوگۆی سیاسەتی گشتی بەرەو پێش دەبات بەهۆی جۆشدانی وتووێژی سیاسی. بۆیە هاوڵاتیان دەروازەیەکیان دەبێ، کە لەڕێگەیەوە دەتوانن تووڕەیی یان ڕەزامەندی بەرامبەر بە سیاسەتی ڕژێمەکان دەربڕن. دووەم، ئەنجومەنی یاسادانان داوا سیاسییەکان لە ڕێی بڕیاردانی یاسا، چاککردنی بودجە، و دابینکردنی خزمەتگوزاری جەماوەرەوە چارەسەر دەکات. سێیەم، ڕەوایەتی بە بڕیارەکانی حکومەت دەدەن کە پشتگیری خەڵك بۆ ئەو سیاسەتانە و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان زیاد دەکات. چوارەم، هەندێ لە بەرپرسیارییەتی جێبەجێکاری دابین دەکەن بە تایبەتی بەهۆی داواکردن لە بەرپرسان کە بەڵگەنامەی نوسراو و زارەکی دابین بکەن. پێنجەم، بریتین لە یانەیەك بۆ چارەسەرکردنی ململانێ، تەنانەت کێشە ئاڵۆزەکانیش دەکرێ لە ڕێگەی وتووێژەوە مامەڵە بکرێ نەك توندوتیژی[21].

دەسەڵاتی یاسادانانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ڕادەیەك هەموو ئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ، بەڵام بواری چالاکییەکانیان بە گشتی بەهۆی ڕژێمی دەسەڵاتدارەوە بە سنووورداری دەمێنێتەوە. ڕژێمەکان بە شێوەیەکی سەرەتایی دەسەڵاتی یاسادانان وەك ئامرازێك بۆ زیادکردنی ڕەوایەتی خۆیان سەیر دەکەن، نەك وەك گۆڕەپانی ململانێ و پێشبڕکێکان. سەرکردەی ڕژێمەکان بە گشتی وریاییان بەلای هێشتنەوە و پارێزگاریکردنی دەسەڵاتەکەیانە، نەك بەدەستهێنانی دیموکراسی، و لەوەیە ئەوەش لێك بدەنەوە کە تەنانەت بەشداری سنووورداری خەڵك بواری مانەوەیان پتەوتر دەکا بۆ ماوەی درێژخایەن[22]. بۆیە دەسەڵاتی ئەوتۆ بۆ ئەنجوومەنەکە دابین دەکەن کە ئەو یاسایانە دابڕێژن لەو بوارانەی لەسەرەوە باس کران، بەڵام دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان پێنادەن کە سەربەخۆ بن و پێشبڕکێ لەگەڵ ناوەندی بڕیار بکەن.

دەسەڵاتە یاساییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر کۆت و بەندی بەرچاو کاردەکەن. دەسەڵاتیان گەلێ سنووردارە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بوارانەی کە لە لایەن ڕژێمەوە چاککراوە، ئەمەش لە توانایان کەم دەکاتەوە کە کاریگەریان دەربخەن و وەك پاشکۆیەکی دەسەڵاتی جێبەجێکاری دەیانهێڵێتەوە. هەروەها بەدەست چەندین تەوق و بەندی داهات و زانیاری دەناڵێنن کە وادەکات سەخت بێ بتوانن چالاکانە کار بکەن، تەنانەت لەو ناوچانەش کە تەواو لە ژێر دەسەڵاتیاندایە. ئەم ئەنجومەنانە لە ڕووی کاریگەریان بۆ سەر سیاسەتی ڕژێمەکانیان جیاوازن، ئێران لەسەرووی پێکهاتەکە نزیکە و میسریش دەکەوێتە نزیکی ژێرەوە، بەڵام هەموویان دووچاری هەندێ جۆری کۆت و بەند دەبنەوە[٢٣].

هەندێ دەسەڵاتی یاسایی خاوەن پلەی باڵای مەرکەزییەت و توانا لە وڵاتە پاشایەتییەکان دەبینرێن. پاشاکان لە ئوردن و مەغریب و تا رادەیەکی کەمتر لە کوێت، دەسەڵاتی یاساییان بەهێزکردووە، لە کاتێکدا خۆیان لە کارەکانی ڕۆژانەی حکومەت بەدوور گرتووە. شا دادەنرێت ببێتە ناوبژیکەرێکی سەربەخۆ لە نێوان حکومەت و پەرلەمان، بەمەش ناوبانگی خۆی بەرزتر ڕادەگرێ کە لەسەرەوەی سیاسەتی ئاسایی دەبێ[٢٤]. ئەم ستراتیژیەتە مەترسیدارە وریایی زیاتری دەوێ بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی بە دیموکراتیبوون کە لەسەرەوە باس کرا بۆ دڵنیابوون لە کۆنترۆڵی پاشایەتی. تا ئێستا واپێدەچێ لە ئوردن و مەغریب تەواو سەرکەوتووبووبێ، کە پەرلەمان بە شێوەیەکی بەرچاو پێداگربووە بەبێ هیچ کەمکردنەوەیەك لە دەسەڵات یا ڕەوایەتی پاشایەتی[٢٥].

## بە دیموکراتیبوون: ئەنجومەنی ڕاوێژکاری

هەر یەك لە بەحرێن، عومان، قەتەر، سعودیای عەرەبی و ئیمارات وەك ڕێگایەك بۆ زیادکردنی نوێنەرایەتیکردن بە بێ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، هەڵساون بە دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری[٢٦]. لە ڕووی بنەماییەوە ئەم ئەنجومەنانە ڕێگە بە هاوبەشیکردنی جەماوەر لە پرۆسەی دارشتنی سیاسەت دەدەن. بەڵام



توانا و دەسەڵاتیان لە زۆربەی وڵاتەکاندا چوارچێوەدارە. بە گشتی وەك دەسەڵاتێکی ئامۆژگارکاری کاردەکەن، بە بێ هیچ لێپرسینەوەیەکی دەزگایی لە دەسەڵاتی جێبەجێکاری، ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرکردەکانی ڕژێمەوە دیاریکراوە. بەئەندامبوون لەم ساڵانەی دواییدا بە ڕادەیەکی زۆر جۆراوجۆری بەخۆوە دیوە، وەك گرنگیدانی دەسەڵاتداران بە بازرگانە گەورەکان، ئەکادیمییەکان، و جەماوەرە سەرەکییەکانی دیکە، بەڵام وەك خۆی بە سنوورداری بۆ دەستەبژێری فەرمانڕەوا کە هاوکۆك لەگەڵ سیاسەتی حکومەت دەڕوا بەڕێوە، ماوەتەوە[٢٧].

ئەنجومەنە ڕاوێژکارییەکان ئەرکێکی گرنگ بەجێدێنن بە پشکدارکردنی گروپی نەیار، بەمەش ستراتیژیەتێکی سەرنجڕاکێشی بەدیموکراتیبوون بۆ دەسەڵاتداران دەنوێنن کە پەیوەندی بە بنکەی دەسەڵاتیانەوە هەیە[٢٨]. کاتێ کە ئەندامێتی ئەنجومەن فراوان دەبێ، بەلای کەمی ژمارەیەکی زۆری گروپەکان دەتوانن بەشداری پرۆسەی بڕیاردان بکەن. ئەو گروپانە چی دیکە ناڕەزاییەکانیان دژی حکومەت بەرزناکەنەوە، چونکە لەمەولا هاوبەشی لە سیستەمی سیاسی دەکەن. دەسەڵاتداران زۆرجار هەوڵ دەدەن لەگەڵ ئەنجومەنەکان لەسەر بڕیارە سیاسییە گرنگەکان بگەنە ڕێکەوتن[٢٩]، بەڵام ئازادیشن لە گوێپێنەدانی ڕاسپاردەکانی ئەنجومەن هەرکاتێ کە بە پێویستی بزانن. بۆیە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری هۆکارێکە بۆ زیاتر بە نوێنەرایەتیکردنی سەرکردەکان بۆ جەماوەر بەبێ دەستهەڵگرتن لە هیچ دەسەڵاتێکی گرنگی بڕیاردان.

## ئازادبوون: پارتە سیاسییەکان

ڕێپێدان یا فرەیی پارتە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جیاوازە. لە هەندێ وڵاتدا پارتی سیاسی نا یاساییە، کە زۆربەی وڵاتانی کەنداوی فارس دەگرێتەوە، بەڵام لە میسر، ئوردن، مەغریب، تونس و یەمەن ڕێگەیان پێدراوە. لەگەڵ ئەوەش کە پارتی یاسایین، بەڵام هێشتا ڕووبەڕووی سنوور و چوارچێوەی

تێبینیکراو دەبنەوە. هەندێ وڵات ئەو گروپانە دیاریکراو دەکا کە دەتوانن پارتی سیاسی پێکبهێنن. لە ناوچەکەدا، میسر توندترین ئەو کۆت و بەندانەی داناوە، بە تایبەتیش هەموو پارتە ئایینییەکان دەگرێتەوە. ئەمەش بە مەبەستی نەگەیشتنی نوێنەرانی پارتە ئیسلامییەکان بۆ ئەنجوومەن داڕێژراوە(٣٠). ئوردن بە شێوەیەکی ئاشکرا هیچ گروپێك سنووردار ناکا بۆ پێکهێنانی پارتی سیاسی، بەڵام داوایان لێدەکا کە دەبێ بە بە فەرمی لە لایەن دەوڵەتەوە مۆڵەتیان پێبدرێت(٣١). هەروەها پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست نەبوونی داهاتەوە دەناڵێنن، ئەمەش لە کاتی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و دوای ئەوەش کە نوێنەری یاسایی بەدەست دەهێنن بە زەقی دەردەکەوێت(٣٢). بە شێوەیەکی گشتی ئەو پارتانە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و ئەزموونی سیاسییان نییە کە پێویستن بۆ داڕشتنی ئەجێندای سیاسیی پتەو. ئەو کێشەیە تەنانەت بۆ پارتە بەرهەڵستکارەکانیش خراپە کە ناتوانن تۆڕەکانی چاودێری دەوڵەت بۆ بنیاتنانی پشتگیری پێشنیازەکانیان بەکاربێنن(٣٣).

سەرەڕای ئەو تەوق و بەندانە، ژمارەی پارتەکان تاڕادەیەك زۆرە، بە گوێرەی توێژینەوەیەك لە ساڵی **١٩٩٥** دا ئەنجامدراوە، **٤٦** پارت لە جەزائیر، **٤٣** لە یەمەن، **٢٣** لە ئوردن، **١٩** لە مەغریب، **١٣** لە میسر، و **١١** لە تونس هەبوو(٣٤). بە هەرحاڵ زۆری ژمارەی پارتە سیاسییەکان مەرج نییە ئەوە بگەیەنێ کە نوێنەرایەتی بوارێکی فراوانی دیدوبۆچوونی سیاسی دەکەن، بەلای کەمی ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەم، هەموو پارتەکان گروپی بەرهەڵستیکار نین. سەرکردەی پارتەکان هەندێ جار لەگەڵ ڕژێمەکاندا هاوکارن، لە پێناو بەخشینی ڕواڵەتی فرەلایەنی بە حکومەت لە کاتێکدا کە حکومەت دڵنیا دەبێ بە شێوەیەکی سەرەکی بەرهەڵستی سیاسەتی ڕژێمەکەی ناکرێ(٣٥). دووەم، هەموو ئەو پارتانە لە هەڵبژاردندا سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، بۆ نموونە، لە هەڵبژاردنەکانی دەسەڵاتی یاسادانانی یەمەن ساڵی **١٩٩٣**، تەنها حەوت



پارت لە کۆی **٤٣** پارت کورسییان بەدەستهێنا، و سێ لەو پارتانەش زیاتر لە **٨٠٪** ی کورسییەکانیان بەدەستهێنا(٣٦). پارتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەمیشە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەیەکی بنکە فراوانی تێڕوانین و بۆچوونی سیاسییانە نییە: سنووردارکردنی یاسایی، نەبوونی داهات، هاریکاریکردنی ڕژێمی دەسەڵاتدار، و دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن هەموو بەیەکەوە یەك دەگرن بۆ تەسککردنەوەی بواری ئەو دید و بۆچوونانەی نوێنەرایەتی دەکرێن.

## ئازادبوون: ڕێکخراوە مەدەنییەکان

ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی ڕەخنەگرانە لە پتەوکردن و درێژەپێدانی دیموکراسیدا ببینن. کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیەکی گشتی بەم شێوەیە پێناسە کراوە: " کۆمەڵە، یانە، سەندیکا، فدراسیۆن، یەکێتی، پارت و گروپەکان کە بە یەکەوە دێن بۆ دابینکردنی پەرژینێك لە نێوان هاوڵاتیان و دەوڵەت کاردەکەن"(٣٧). ئەو ڕێکخراوانە ڕێگە بە هاوڵاتیان دەدەن کە کۆببنەوە، هاوبەشی لە زانیاری بکەن و خۆیان ڕێکبخەن بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، لە دەرەوەی چاودێری و ئاگاداری دەوڵەتدا. تۆڕی چالاکی ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەتوانێ وەك پشکێنەرێك دژی زیادەڕۆییەکانی دەوڵەت کاربکا، لە هەمانکاتدا لە پرۆسەی دیموکراسیدا ڕێگە بە بەشداریکردنی گەورەتر دەدا(٣٨). هەروەها ڕێکخراوە مەدەنییەکان گرنگن بۆ دەوڵەت کە بە ماوەی گوێزرانەوەی دیموکراسیدا تێپەڕدەبێ(٣٩). هەروەك سێ شارەزای دیاری بواری گۆڕان بەرەو دیموکراسی دەربارەی ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەڵێن: "وەك ژیانێکی کۆمەڵەیی بەهێز و سەربەخۆ، بۆی هەیە هاندەر بن بۆ دیموکراسی یا پتەوی بکەن، کەواتە نەبوونی دەستەیەکی چالاکی کۆمەڵەی خاوەن ویست و گروپی گرنگ، یا کۆنترۆڵکردنی ئەو جۆرە ڕێکخراوانە لەلایەن دەوڵەتەوە، بۆی هەیە حوکمی سەرکوتکاری قایم بکات و تەگەرە بخاتە بەردەم بەرەوپێشچوونی دیموکراسی"(٤٠).

ڕێکخراوە مەدەنییەکان زۆر جار ئەو بۆشاییە پڕدەکەنەوە کە لە ئەنجامی نایاساییبوونی پارتە سیاسییەکانەوە دروستبوون یا بەتەواوی پارتی نوێنەر نین. هەروەها بوونەتە یانەیەك بۆ چالاکی سیاسی، وەك گفتوگۆکردنی پرسە سیاسییەکان، بەرەوپێشبردنی جێگرەوەی سیاسی، و فشارخستنە سەر بڕیاربەدەستان[٤١]. لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، ڕێکخراوە تایبەتییەکان گەشەیانکردووە. ژمارەی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی عەرەبی لە بیست هەزارەوە لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە بۆ حەفتا هەزار تا کۆتایی هەشتاکان زیادی کردووە[٤٢]. بەڵام بۆی هەیە ئەو ژمارەیە خەڵەتێنەر بێ. گەلێ لەو ڕێکخراوانە زۆر بچووکن لەوەی کە تێبینی بکرێ، بۆ نموونە، زیاتر لە ٢٠٠٠٠ ڕێکخراوی ناحکومی هەیە، بەڵام لەوانەیە تەنها ٤٠٪ ی ئەوانە چالاك و کاریگەر بن[٤٣]. زیاتر لەوە، لەم ڕێکخراوانەدا، ئاراستە و بۆچوونی تەواوی چینەکانی کۆمەڵگا ڕەنگ ناداتەوە. بەزۆری جوتیار و هەژارەکانی نێوشار هیچ یەك لەو ڕێکخراوانە نوێنەرایەتییان ناکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەرژەوەندی و بایەخەکانیان لەدەرەوەی بوارێکی دیاریکراوی مشتومڕی سیاسیدا دەمێنێتەوە[٤٤].

کۆمەڵە پیشەییەکان جۆری گرنگ و چالاکی ڕێکخراوی مەدەنی دەنوێنن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. پزیشك، پارێزەر، ئەندازیار، و پیشەگەرەکانی دیکە بەیەکەوە گرێدەدا بۆ دانانی پێوانەییەکان، دابینکردنی خزمەتگوزاری، چاودێریکردنی چالاکی پێشکەوتنە پیشەییەکان، و دروستکردنی هەستی کۆمەڵگا لە نێو ئەندامەکانی. ئەو ڕێکخراوانە گەلێ جار ڕۆڵی نیمچە سیاسی دەبینن، توانا بە ئەندامەکانیان دەبەخشن کە وتووێژی بیروبۆچوون بکەن و بەرژەوەندییەکانیان لە وڵاتدا ڕابگەیەنن کە هەلی کەم بۆ ئەو چالاکییانە هەیە[٤٥]. هەندێ لەو کۆمەڵانە سەرۆکی خۆیان هەڵدەبژێرن، بەمەش دەبن بە دیموکراسیترین توخمی نێو کۆمەڵگا[٤٦].



کۆمەڵە پیشەییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی هەرێمەکە هەمیشە بە درێژایی بنەمای کۆرپۆراتیستییەوە[٤٧] نەك فرەیی خۆیان ڕێك دەخەن. ئەوانە یا پەیوەندییان بە حکومەتەوە هەیە، یا حکومەت دروستی کردوون لەبری ئەوەی ڕێکخراوی خاوەن ویست، یا ڕێکخراوەی جەماوەری سەربەخۆبن. دەوڵەت لە ڕێی داواکردنی مۆڵەتی یاسایی لێیان و نوێکردنەوەی، دەست بەسەر هەموو ئەو ڕێکخراوانە دادەگرێت، زۆرجاریش یارمەتی دارایی بەو گروپانە دەبەخشێ کە پشتگیری سیاسەتی ڕژێمەکە دەکەن. دەوڵەت زۆرجار پێشتر گروپی فەرمی دروستدەکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە ململانێدارەکان، چونکە ئەوکات دەتوانێ مۆڵەتی گروپەکانی دیکە ڕەت بکاتەوە بۆ کۆبوونەوە لە دەوری ئەو پرسانە بە بانگەشەکردنی ئەوەی کە ئەو پرسانە پێشتر قسەیان لەسەر کراوە[٤٨]. لە کاتێکدا کۆرپۆراتیزم بە شێوەیەکی گشتی بواری ڕاگەیاندنی بەرژەوەندییەکان و گروپەکان تەسك دەکاتەوە، بەڵام سەختە بۆ دەوڵەت ڕێکخراوەکان ڕەتبکاتەوە یا هەڵیان بوەشێنێتەوە کە بە شێوەیەکی فەرمی ڕێگەیان پێدراوە[٤٩]. بۆی هەیە وای ببینێ کە سەختە بۆچوونەکانیان پشتگوێ بخرێ، بە تایبەتی ئەگەر گروپەکان بیسەلمێنن ئەندامێتییان لەسەر پرسێکی دیاریکراو یەکخراوە، و لەوەش سەختترە کە ڕێگەی ڕێکخراوێکی پشتگیریلێکراوی فەرمی بگیرێت کە شوێنێکی دیاریکراوی هەیە و بۆچوونێکی ئاشکرا ڕادەگەیەنێ.

### ئازادبوون: ئازادی چاپەمەنی

ئازادی ڕۆژنامەگەری بەدرێژایی هەرێمەکە زۆر بەتوندی سنووردارکراوە. لیبیا، سعودیای عەرەبی و سووریا میدیای سەربەخۆیان نییە، تەنانەت لەو وڵاتانەی کە بەناو ڕێگەشیان پێدراوە، ئازادی ڕۆژنامەگەری تەواو دیاریکراوە. ڕژێمەکان ئارەزووی ئەوەدەکەن دەزگای پەخش و چاپخانەیان هەبێ، ئەمەش دەبێتە هۆی سەختی پەیدابوونی بڵاوکراوە سەربەخۆکان. یاسای ڕۆژنامەگەری زۆر جار سنوور

بۆ بێژەران دادەنێ لەو وتارانەی دەیخوێننەوە، وەك ڕەخنەگرتن لە ڕژێمەکە یا گفتوگۆی سیاسەت و ئاسایشی بێگانە. تەنانەت لەو وڵاتانەی کە چاودێری ڕۆژنامەگەری بوونی نییە، لەوانە کوێت، قەتەر، و ئیمارات، ڕۆژنامەنووسان زۆرجار چاودێری خۆیان دەکەن، بۆیە ناتوانن پێشێلی یاسا سنووردارکراوەکانی ڕۆژنامەگەری بکەن[٥٠]. چاودێری مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتێکدا لە ساڵی ٢٠٠٠، ڕایگەیاندووە کە لە میسر، ئێران، مەغریب، تونس، یەمەن، و هەرێمەکانی ژێردەسەڵاتی فەلەستینییەکان ڕۆژنامەنووسان بێزارکراون و بەندکراون[٥١].

هەرچۆنێ بێ، تەکنەلۆژیای نوێ توانای ڕژێمەکان کەمتردەکەنەوە بۆ کۆنترۆڵکردن یا سنووردارکردنی زانیاری لە وڵاتەکانیاندا. هەروەك بەشی حەوتەم باسی دەکات، فەراهەمبوونی بەرفراوانی سەتەلایت ڕێگەی داوە بۆ سەربەخۆبوونی زانیاری کە بە ئازادی و بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنووری وڵاتان، بە درێژایی هەرێمەکە بگوازرێنەوە[٥٢].

## ئازادبوون: دەسەڵاتی دادوەری و سەروەری یاسا

هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جۆرە سیستەمێکی دادگاییان هەیە، بەڵام هیچ یەك لەو دادگایانە ناتوانرێ بە دادگای سەربەخۆی ڕاستەقینە دابنرێن[٥٣]. دەسەڵاتداران پارێزگاری لە دەسەڵات دەکەن بۆ دیاریکردن و دووبارە دیاریکردنەوەی دادوەران، و زۆرجار بە فەرمی کاریگەری لەسەر بڕیارەکانیان دەردەخەن. ژمارەیەکی کەمی دادگاکان مافی پێداچوونەوەی بڕیارەکان دابین دەکەن، و تەنانەت ئەگەر ئەو مافەش هەبێ، مافی پێداچوونەوە ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی وڵاتەوە بڕیاردەدرێ لە بری ئەوەی دادگای باڵا بڕیاری لەسەر بدات. زۆر لە وڵاتان سیستەمی فرە دادگایی بەڕێوە دەبەن لە ڕێگای دادگای یاسایی کە دەسەڵاتی دادوەرییان بەسەر کێشە مەدەنییەکانەوە هەیە و دادگا



تایبەتییەکان کە حوکمی کێشە سەربازییەکان یا تاوانکارییەکان دەکەن. زۆربەی وڵاتانی کەنداو سیستەمێکی یاسایی ئیسلامی جیایان هەیە لەگەڵ دادگای جیاواز و دەستووری یاسا[٥٤]. لە ڕووی بنەماییەوە، ئەو دادگایانە بواری دیاریکراوی دەسەڵاتی دادوەرییان هەیە، بەڵام لە پراکتیزەکردندا زۆر جار بەیەکداچوون ڕوودەدات. سەرکردەی ڕژێمەکان هەندێ جار کێشەکان لە سیستەمی دادگایەك بۆ یەکێکی دیکە دەگوازنەوە، ئەمەش هەوڵێکە بۆ دڵنیابوون لە دادگاییکردنی باشتر[٥٥].

دەسەڵاتداران بەرژەوەندییەکی زۆریان لە بوونی دادگای سیستەمی یاسایی سەربەخۆدا هەیە چونکە سەرچاوەیەکی بەهادارە بۆ بە یاساییکردنی ڕژێمەکان[٥٦]. ئەو سیستەمانە ڕێگا بە دادوەر دەدەن کە بانگەشە بۆ ئەوە بکا دەرگای لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەی دەسەڵاتیان والآیە، ئەو بابەتە بۆ هەردوو جەماوەری نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بانگەشەی بۆ دەکرێ. ئەوان بە دوای وەها بە یاساییبوونێك وێڵن، بۆیە هاندەری بەرچاویان هەیە بۆ پەردەپۆشکردنی دەستێوەردانی ئاشکرا لە بڕیارەکانی دادگا و بۆ پەرەپێدانی سەربەخۆیی دادگا لە کێشەی دیاریکراو و ئاساییەکان. بۆ نموونە، لە میسر سیستەمی دادگای یاسایی بڕیاری دادوەرانەی سەربەخۆ لە کێشەکانی خانوو و جوودابوونەوە دەردەکەن[٥٧]. تەنانەت کاتێ سیستەمی یاسایی و دادوەری بە تەواوی سەربەخۆنین لە ڕژێمەکانیان، دەتوانن هەلی گرنگ بۆ هاوڵاتی بوێر بڕەخسێنن کە بەدوای قەرەبۆکردنەوە و وەرگرتنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان بگەڕێن[٥٨].

خشتەی (٢ ـ ٢) ئەو گفتوگۆیەی لەمەوپێش کرا، کورت دەکاتەوە بە تێبینیکردنی بەرژەوەندییە چاوەڕوانکراوەکان و سنووردارەکان بۆ هەر توخمێکی بە دیموکراتیبوون و ئازادبوون.

## خشتەی (٢ ـ ٢)

## قازانج و دیاریکراوەکانی چاکسازی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

| ناوەڕۆك | قازانجی چاوەڕوانکراو | سنوورەکان |
|---|---|---|
| دەسەڵاتی یاسایی | لێکۆڵینەوە و پشکنین لە دەسەڵاتی جێبەجێکاری.<br>ڕاگەیاندنی ئارەزوومەندیی جەماوەری.<br>دابینکردنی دەروازە بۆ ڕق و توورەیی جەماوەر لەگەڵ ڕژێمدا | سنووردارکردنی بوارەکانی دەسەڵاتی دادگایی.<br>ئەزموون و سەرچاوەی داهات. |
| ئەنجوومەنەکانی ڕاوێژکاری | ڕێپێدانی هەندێ بەشداری جەماوەری لە پرۆسەی بڕیاردان.<br>نوێنەرایەتیکردنی گروپە پێشینە دەرکراوەکان. | نەبوونی دەسەڵاتی فەرمی بڕیاردان.<br>دیاریکردنی ئەندامان لە لایەن دەسەڵاتەوە نەك بەهۆی هەڵبژاردنەوە.<br>هاریکاریکردنی بەرهەڵستیکاری نهێنی. |
| پارتە سیاسییەکان | دەربڕینی بۆچوونی سیاسی جۆراوجۆر.<br>بواری جۆراوجۆری پاڵێوراوان بۆ پلەکانی دەسەڵات. | نا یاسایی لە زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.<br>نەبوونی داهات بۆ پەرەپێدانی ئەجێندای سیاسی یەکگرتوو.<br>هاریکاربوونی پارتەکان لەگەڵ ڕژێمدا. |
| ڕێکخراوە مەدەنییەکان | خۆ ڕێکخستنی هاوڵاتیان بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان.<br>لێکۆڵینەوەی گرنگ لە دەسەڵاتی دەوڵەت. | پێکهاتنی کۆرپۆراتیست پێویستی بە پردی بەهێز لەگەڵ ڕژێمەکەدا هەیە.<br>زۆرجار ڕژێمەکە هاوکارییان دەکا یا کۆنترۆڵیان دەکا. |



| | | |
|---|---|---|
| | دابینکردنی یانە بۆ چالاکییە سیاسییەکان کە پارتەکان نایاساین یا زۆر بە توندی سنووردار کراون. | هەندێ چینی کۆمەڵگا نوێنەرایەتی ناکرێن. |
| ئازادی چاپەمەنی | یارمەتییەکان لە بەرپرسیارییەتی ڕژێمەکە زیاد دەکەن.<br>ڕێگە پێدانی هاوڵاتیان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوون و گفتوگۆی پرسە سیاسییەکان بکەن. | بوونی یاسای ڕۆژنامەگەری سنووردارکەر.<br>چاودێری فەرمی و نا فەرمی. |
| دادوەری و سەروەری یاسا | لێکۆڵینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکاری.<br>پرۆسەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و مافی مەدەنی.<br>پتەوکردنی یاساییبوونی ڕژێم. | دیاریکردنی دادوەر ڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتدار.<br>نەبوونی پرۆسەی پێداچوونەوەی سەربەخۆ.<br>بوونی دەستووری مەدەنی و ئیسلامی جودا.<br>بوونی سیستەمی تایبەتی دادگا. |

## لێکۆڵینەوەی دەوڵەتە گرنگەکان

ئەو ئاراستانەی لەسەرەوە باسکران بڕیاردانێکی گشتییە بۆ دیاریکردنی فراوانی کێشە و چالاکییەکانی چاکسازی سیاسی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم باسە بە تایبەت تیشك دەخاتە سەر هەوڵەکانی چاکسازی سیاسی لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا لە میسر، ئێران، ئوردن، کوێت و سعودیای عەرەبی. ئەم وڵاتانە لە ڕووی ستراتیژییەوە گرنگن بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەندێ لە ئەزموونەکانیان لەگەڵ چاکسازی سیاسی بۆی هەیە وەك شێوازێکی نێگەتیڤانە یا پۆزەتیڤانە بۆ وڵاتەکانی دیکەی هەرێمەکە کەڵکمەند بێ.

## میسر

پرۆسەی چاکسازی سیاسی لە میسر لە ڕووی بنەماییەوە پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە بینیوە وەك لە پراکتیزەکردندا[٥٩]. بە دیموکراتیبوون لە هەڵبژاردنەکانی دەسەڵاتی یاساییدا پێشوەچوونی بەخۆوە بینیوە کە هەر چوار تا پێنج ساڵ جارێك ئەنجامدەدرێ، بەڵام ئەم هەڵبژاردنانە بە دەستێوەردانی حکومی لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن و فرتوفێڵی بەرفراوان و پێشێلکاری جیادەکرێتەوە[٦٠]. چوارده پارتی سیاسی بە فەرمی لە میسردا هەن، بەڵام تەنها کەمێکیان ڕۆڵی بەرچاوی سیاسییان هەیە. لەم ساڵانەی دواییدا، گروپە بەرهەڵستیکارەکان ژمارەیەکی گەورەی کورسییەکانیان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانان بردەوە، بەڵام هیچ یەك لەو پارتانە نە بەتەنیا نە بە یەکگرتوویی ناتوانن بەرهەڵستی پێگەی پارتی دیموکراتی نیشتمانی (NDP) بکەن[٦١].

هەروەها پرۆسەی ئازادبوون بەهۆی بوونی کۆمەڵێ بۆچوونی تێکەڵاو و جیاواز خۆی دەسەلمێنێ. ژمارەیەك لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە ماوەی جووت دەیەی ڕابردوودا گەشەیان کردووە، بەڵام ئازادی و سەربەخۆییەکەیان لە چوونەوەیەکدایە. گروپ و کۆمەڵەکان دەبێ لەلایەن حکومەتەوە تۆمار بکرێن، و حکومەتیش دەسەڵاتی یاسایی هەیە کە چالاکی و کۆبوونەوە گشتییەکانیان دیاریکراو بکات[٦٢]. هەروەها حکومەت بە شێوەیەکی نافەرمی کاری دزەکردن لە نێو ئەو ڕێکخراوانە ئەنجام دەدات، بۆ نموونە، زیاتر لە شەست هەزار کەس کە لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کار دەکەن، سەربە ڕێکخراوە مەدەنییە کۆمەڵایەتییەکانیشن[٦٣]. ئازادی ڕۆژنامەگەری بە چەند ڕێگەیەك چاکسازی بەخۆوە بینیوە، بە تایبەتی دوای لادانی یاسا سەرکوتکەرەکەی ڕۆژنامەگەری لە ساڵی ١٩٩٦، بەڵام میدیا تا ئێستاش بۆ داهات و مۆڵەتی کارکردن پشت بە حکومەت دەبەستێ. تەنانەت ژمارەی کەناڵە ڕاگەیاندنەکان لەم ساڵانەی دواییدا



زیادیشی کردووە، کەچی دەستێوەردانی توندی حکومەت و تەوق و بەندی ڕۆژنامەگەری، سنووری بۆ بواری دەربڕینی دیدو بۆچوونەکان کێشاوە[٦٤].

دەسەڵاتی دادوەری تا ڕادەیەك لە حکومەت سەربەخۆیە و وەك پشکێنەرێك لەسەر دەسەڵاتی حکومەت لە هەندێ کێشەی دیاریکراوی گرنگدا کاریکردووە[٦٥]. کەچی چەندین پرسیار بە هەڵپەسێردراوی دەربارەی پابەندبوونی پرۆسەیەکی ئاوا بە یاساکانی نێونەتەوەیی دەمێنێتەوە. حکومەت بە ڕادەیەکی فراوان دەسەڵاتی یاسایی لە کێشەی هەستیار گواستووەتەوە بۆ دادگای ئاسایش و سەربازی، کە تیایدا کۆنترۆڵی زیاتر بەسەر دادگا دەکات[٦٦]. دادگای ئاسایشی باڵا لە کێشەی ناوداری (سەعدەدین ئیبراهیم) پرۆفیسۆری کۆمەڵزانی، بە بیانووی ناوزڕاندنی حکومەت، بە حەوت ساڵ زیندانی حوکمدا. لیژنە سێ کەسییەکەی دادگا، بڕیارەکەیان تەنها دوای نۆهەت خولەك لێکۆڵینەوە دەرکرد، وای کرد کە زۆر لە خەڵکی بڕوایان وابێت ئەو بڕیارە سیاسییانە جۆشدراوبوو[٦٧]. دوای چوارده مانگ لە بەندیخانە، دادگای باڵای پێداچوونەوەی میسری لە بەندیخانە دەری هێنا و داوای دادگاییکردنەوەی کردەوە لە وەڵامی داوایەکی یاسای تەنگەتاوی میسری[٦٨]. هەموو ئەو ڕەهەندە جیاوازانە ئەوە دیاریدەکەن کە پرۆسەی ئازادی لە ڕۆیشتندایە. زۆر بواری ئازادی لە ڕووی بنەماییەوە ڕێگەپێدراون بەڵام لە جێبەجێکردندا بە سنوورداری ماونەتەوە، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە بە تەواوی ڕەتکراوەتەوە، گەلێ گۆڕانکاری بە درێژایی ڕێگاکە بەڕێوەیە.

بە شێوەیەکی گشتی، وا پێدەچێ کە چاکسازی سیاسی لە میسر بەرەو دواوە بگەڕێتەوە نەك بەرەو پێشەوە بڕوات[٦٩]. چاکسازی پرۆسەیەکی سەر بەرەو ژێربووە چونکە هەنگاوە چاکسازییانەکانی کە ناویەتی بۆ خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی بووە، لە هەمانکاتدا نوشوستی هێناوە لە ئەنجامدانی هەر هەنگاوێك کە لە توند بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی کەمبکاتەوە. ئەم ڕاستییە لە سەرەتای نۆهەتەکان ڕوون و ئاشکرابوو کاتێ کە گروپی ئیسلامی لە سەرانسەری

میسر پاڵپشتی بەدەستهێنا. برایانی موسوڵمان یەکێکە لە کۆنترین و بە ئەزموونترین پارتی ئیسلامی لە میسر، و بنکەیەکی بەرچاوی پشتگیری سیاسی بنیاتناوە سەرەڕای ئەوەی ڕێگەی پێنەدراوە پارتی سیاسی پێکبهێنێ[٧٠]. بوونی برایانی موسوڵمان وەك پارتێکی جەماوەری تەنها لەبەر ئەوە نییە کە هەڵگری پەیامی ئایینییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە ئەو گروپە سوود و خزمەتگوزاری مادی پێشکەش بە ئەندامانی دەکات کە دەوڵەت بۆیانی دابین ناکات. ئەو پلە گەورەیەی جەماوەریبوونە وای لێ دەکات کە تاکە بەرهەڵستیکاری متمانە پێکراو بێ بۆ ڕژێمی حوکم. توێژینەوەیەك دەریخستووە کە ئەگەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادان بە ئازادی و دادوەرانە ئەنجامبدرێ، لەوانەیە برایانی موسوڵمان زیاترینی دەنگەکان ببەنەوە لە چاو هەر پارتێکی دیکە بە (NDP) یشەوە[٧١]. بۆیە هەرچەندەی حکومەت لەوە بترسێ کە هەڵبژاردنەکان دەدۆڕێنێ، ئەوەندە پێشبینیکردن بۆ پەرەپێدانی بە دیموکراتیبوون بەدوور دەبێت.

هەروەها حکومەت بە درێژایی وڵات سەرکوتکاری لە دژی مافە سیاسی و مەدەنییەکان ئەنجامداوە، و بەردەوام ڕایگەیاندووە کە لەکاتی تەنگەتاویدا دەوڵەت ڕێگە بە حکومەت دەدا بۆ گرتنی گومانلێکراوان بە ئەنقەست و بەندکردنیان بۆماوەی درێژخایەن بەبێ ڕوونکردنەوە[٧٢]. حکومەت بانگەشەی ئەوە دەکا کە ئەم هەنگاوە جێبەجێکارییانە پێویستن بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئیسلامییە توندڕەوەکان، و ئەم هەڕەشەیە تا ڕادەیەکی فراوان لە ناوەڕاستی نۆهەتەکاندا پیادەکرا. سووربوون لەسەر ئەو سنووربۆدانان و سەرکوتکارییانە ئەوە دیاریدەکا کە ڕژێمەکە بەدوای ڕاگرتنی دەربڕینەکانی بەرهەڵستیکردنی ئاشتییانەیە[٧٣].

ئەگەر ئەو بارودۆخەی ئێستا بەردەوامبێ، لەوەناچێ کە حکومەتی میسری پرۆسەی چاکسازی دەستپێبکاتەوە. ڕادەی جەماوەریتی بەرهەڵستیکارە ئیسلامییەکان دژوارییەکی بەهێز بۆ ڕژێمەکە دەسەلمێنێ و هەڕەشەی گەورە دەخاتە سەر دەسەڵاتی ئەو ڕژێمە، و لەوەش ناچێ بە ویستی خۆی هەنگاو بەرەو هاوبەشیپێکردنی دەسەڵات بهاوێژێ. نەك هەر تەنها سەرکردە سیاسییەکانی



میسر دەیانەوێ پارێزگاری لە پێگەکانی خۆیان بکەن، بەڵکو هێزە سەربازی و ئاسایشییەکانیش کە پاڵپشتی سەرەکی بۆ ڕژێمەکە دابین دەکەن بەرژەوەندییەکی زۆریان لە هێشتنەوەی باری هەنووکەییدا هەیە. بە هەرحاڵ، ئەگەر باری سیاسی بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانی بەسەردا بێ (بۆ نموونە، ئەگەر قەیرانی گەورەی ئابووری بتەقێتەوە، یان ئەگەر نائومێدی جەماوەر لە گەڵ تەوق و بەندەکانی ڕژێمەکەدا چرپێتەوە) حکومەت دەبێ چاکسازی سیاسی وەك ڕێگایەك بۆ گێڕانەوەی ڕەوایەتییە داخوراوەکەی هەڵبژێرێ. سیستەمی سیاسی ئێستا پێکهاتەی وای تیادا نییە کە کاردانەوە لەگەڵ بۆچوونەکانی گشتی بکات و بتوانێ لە نێوان ڕژێم و ئارەزوومەندیی جەماوەر کاربکات[٧٤]. بۆیە ئەگەر بەرهەڵستیکردنی جەماوەر زیاد بێت، بۆی هەیە حکومەتی میسری بکەوێتە پێگەیەکی شلۆقەوە.

## ئێران

سیستەمی سیاسی ئێران یەکجار ئاڵۆزە. هەریەکە لە بنەما دیموکراتی و سەرکوتکارییەکان بەشێوەیەکی سەخت لە دەستووری کۆماری ئیسلامیدا بەیەکەوە هەن[٧٥]. ئێران لە ڕووی تەکنیکیەوە وڵاتێکی ئایینییە، بەڵام دەسەڵاتدارە مەدەنی و ئایینییەکان هاوبەشی فەرمانڕەوایی دەکەن بە شێوەیەك کە لە کێبڕکێی بەردەوام دابن. لە لایەنی جێبەجێکارییەوە، دەسەڵات لە نێوان سەرکردەی باڵای ئایینی و سەرۆکی مەدەنی دابەشکراوە. ناونیشانەکە ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە سەرکردەی باڵا دەبێ خاوەن بەرزترین دەسەڵات بێت، بە ئاراستەکردنی ڕێنمایی بۆ سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆیی و سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی میدیا، دادگا، هێزە چەکدارەکان و هۆکارە ئاسایشییەکان. دەسەڵاتی سەرۆك زیاتر سنووردارە، کە بەرپرسیارییەتی کاروباری ئابووری و ڕۆژانە لە ئەستۆ دەگرێت. هەرچۆنێ بێ، سەرۆك ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت، کە ڕەوایی و توانای زیاتری بۆ کاریگەری خستنە سەر

سەرکردەی باڵا پێدەبەخشێ. ئەم دابەشکردنە گرژی و لێکخشاندن دەخاتە نێوان هەردوو کارمەندەکە، چونکە هیچ یەکێکیان دەسەڵاتی ئەوەیان نییە بڕیاری خۆی بسەپێنێتە سەر ئەوەی دیکە[٧٦] .

بەهەمان شێوە دەسەڵاتی دادوەری لە نێوان پەرلەمانی مەدەنی و ئەنجوومەنی ئایینی پارێزەران دابەشبووە. پەرلەمانتاران لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دیاری دەکرێن و بەرپرسیارییەتیشیان بریتی دەبێت لە داڕشتنی یاسا، ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، شیکردنەوە و ڕەزامەندی نیشاندانی لەسەر بودجەی دەوڵەت[٧٧] . ئەنجومەنی پارێزەران لە دوازدە دادوەر پێکدێت، نیوەی لەلایەن سەرۆکەوە دیاری دەکرێ، نیوەکەی دیکەشی سەرکردەی باڵا دیاریدەکات، و ئەرکیان بریتییە لە بڕیاردان کە ئایا یاساکانی لە لایەن پەرلەمانەوە دەردەچن لەگەڵ یاسای ئیسلامی هاوکۆکن یا نا. ئەمەش مافی ڕەتکردنەوەی کاریگەریان لەسەر تەواوی دەسەڵاتی یاسادانان پێدەبەخشێ، ئەو دەسەڵاتەی کە زۆر لە ڕابردوودا بەکاریان دەهێنا. هەروەها ئەنجوومەنی پارێزەران هەندێ فەرمانی دادگاییشیان هەیە، چونکە هەر شیکردنەوەیەکی دەستوور بگاتە سێبەشی ئەندامانی ئەنجومەنەکە، هەمان کێشی خودی دەستوورەکەی دەبێت[٧٨] . ئەم پێکهاتنە ئاڵۆز و لامەرکەزیەی حکومەت ململانێ و ناکۆکیەکی بەردەوامی بۆ دەسەڵات خولقاندووە، کە هەمیشە تەگەرە دەخاتە بەردەم پرۆسەی بڕیاردان.

پرۆسەی بەدیموکراتیبوون لە ئێراندا لە هەموو وڵاتانی ناوچەکە زیاتر هەنگاوی ناوە، چونکە سەرۆك و پەرلەمان هەموو چوارساڵ جارێك هەڵدەبژێردرێن. ئەم هەڵبژاردنانە تەواو ئازاد نین: پاڵێوراوان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی بۆ پەرلەمان دەبێ لەلایەن ئەنجومەنی پارێزەرانەوە ڕەزامەندی لەسەر نیشان بدرێت گوایا بۆ دڵنیابوونە لە شایستەیی ئایینی[٧٩] . بەهەرحاڵ، دەرەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەش دانەنراوە، و هەمیشە لە ئەنجامەکەوە بەدەستدەهێنرێن. لە ساڵی ١٩٩٧



ئەنجوومەنی پارێزەران چوار پاڵێوراوی بۆ سەرۆك پەسەند کرد، هەر چواریان سەر بە ڕژێمەکە بوون. ئەنجوومەنەکە بە ئاشکرا پێشبینی کرد کە عەلی ئەکبات ناتیق نووری هەڵبژاردنەکە دەباتەوە، چونکە لەلایەن سەرکردەی باڵا خامانەئی پشتگیری لێدەکرا. کەچی ڕێگەشی بە سێ کاندیدکراوەکەی دیکە دا کە بەشداری بکەن، وایان دانابوو کە هەڵبژاردنەکە بەهێزتر دەکات و هیچ مەترسییەك ناخاتە سەر ناتیق-نووری. بەڵام دەرکەوت کە خەمڵاندنەکە هەڵەبوو و لێکدانەوەکە پێچەوانە بووەوە. موحەمەد خاتەمی پشتیوانێکی بەهێزی کۆکردبۆوە بەرلەوەی ناوی کاندیدەکان ڕابگەیەنرێت، ئەم جەماوەری بوونە بەردەوام لە گەشەکردندا بوو سەرباری شەڕە قسە لە چاپەمەنییەکانی پارێزگاران، هێرش کردنە سەر بارەگاکانی ئەنجامدانی هەڵمەتی هەڵبژاردن و پڕۆپاگەندەکردن گوایا هێزی سەربازی ڕێگەی پێنادەن هەڵبژاردنەکان بباتەوە. خاتەمی سەربە هەمان بازنەی بچووکی فەرمانڕەوا وەك کاندیدەکانی دیکەی سەرۆکایەتی بوو، بەڵام هەڵمەتەکانی دەنگێکی زۆری تووڕەی بەرەو لای خۆی کێشکرد بە جەختکردنەوە لەسەر کەلتوور و دیموکراسی، لە کاتێکدا ناتیق ـ نووری لە هەڵمەتەکانیدا هەمان بەرنامەی باری ئەوکاتی دەورووژاند. کاتێ کە هەڵبژاردنەکان لە ٢٣ ی ئایار ئەنجامدران، خاتەمی زیاتر لە ٧٠٪ی دەنگەکانی بردەوە و بەسەر ناتیق ـ نووریدا سەرکەوت بە جیاوازییەکی فراوان کە لەکۆی ٢٦ ناوچەی هەڵبژاردندا ٢٤ ی بەدەستهێنا[٨٠] .

هەڵبژاردنی خاتەمی سەلماندی کە بێزاری و تووڕەیی زۆر لەگەڵ دامودەزگای فەرمانڕەوا و خواستی بەهێزی جەماوەر بۆ ئازادی سیاسی لە ئارادایە. بەڵام دەسەڵاتدارە ئایینییە ئێرانییەکان پشتگیرییەکی بەرچاویان لە بەرنامەی چاکسازی نەدەکرد. هەروەك (دێڤید میناشری) لە کورتی دەیبڕێتەوە: هەڵبژاردنەکان فەرمانێکی یاساییان بە خاتەمی بەخشی بۆ گۆڕانکاری، بەڵام نە دەسەڵاتی تەواویان پێدا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکەی، نە هێزێکیش کە پێی

ئەنجام بدات"[٨١]. لە ئەنجامدا، پرۆسەی ئازادبوون ململانێیەکی گەورەی لێکەوتووەتەوە، بەرەو پێشەوە دەبزوێ کاتێ چاکخوازەکان لە پارێزگارەکان بە هێزترن، و بەرەو دواوەش دەگەڕێتەوە کاتێ بارەکە بە پێچەوانەوە بێت. ڕکابەرە پارێزگارەکانی خاتەمی لە بەهاری ١٩٩٨ سەرکەوتووانە یەکیان گرتەوە و بەسەرکەوتوویش هەندێ هاوپەیمانانی گرنگی ئەویان لەدەسەڵات لادا[٨٢]. کەچی چاکخوازەکان سەرکەوتنێکی جەرگبڕیان لە هەردوو هەڵبژاردنەکانی نێوخۆیی ساڵی ١٩٩٩ و هەڵبژاردنی پەرلەمان ساڵی ٢٠٠٠ تۆمارکرد، وەك ئاماژەکردنێك بە پاڵپشتی بەهێزی جەماوەر بۆ چاکسازی بەردەوام و بەخشینی زۆرینەی پەرلەمان بە پشتیوانانی خاتەمی[٨٣].

سەرەڕای ئەوسەرکەوتنانەی هەڵبژاردن، پارێزگارەکان و چاکخوازەکان لە ململانێ بەردەوامبوون لەسەر سنووری ئازادی سیاسی پەسەندکراو. دینامیکییەکە زۆر ڕوونە لە مەڕ جەنگیان لەسەر ئازادی ڕۆژنامەگەری. دوای هەڵبژاردنی خاتەمی ساڵی ١٩٩٧، چەند ڕۆژنامەیەکی چاکخواز دەستیان بە بڵاوکردنەوەی زانیاری تێروتەسەل دەربارەی چالاکییەکانی حکومەت کرد سەرباری توانجی هەستیار دەربارەی سیاسەتەکانی حکومەت. دەسەڵاتی دادوەری توندوتیژ چەندین جار فەرمانی داخستنی ئەو ڕۆژنامانەی دەرکرد، تەنها داوایان ئەوەبوو کە سەرنووسەران دەبێ سەرلەنوێ لە ژێر ناونیشانێکی دیکە بڵاویان بکەنەوە. پارێزگاران لە پەرلەمان لە تەموزی ١٩٩٩ یاسایەکی سنووردارتریان دەرکرد، دەسەڵاتی دادوەری چەندین ڕۆژنامەی داخست و ژمارەیەك ڕۆژنامەنووسیشی بەندکرد[٨٤]. پەرلەمانی چاکخوازە نوێکان لە هاوینی ٢٠٠٠ پرۆژە بڕیارێکیان داڕشت کە پێچەوانەی هەندێ بەندە زۆر سنووردارەکانی یاسای ڕۆژنامەگەری بوو، بەڵام دوای ڕووبەڕووبوونەوەی فشاری زۆری سەرکردەی باڵا، لە ئەجێندای خۆیان کێشایانەوە[٨٥]. پەستانی سەرکردەی باڵا لەوەدەچێ وەزیری کەلتووری ئازادی ناچارکردبێ دەست لەکار بکێشێتەوە، کە ئازادی هونەری و ڕژنامەگەری



بەرەوپێش بردبوو[٨٦]. لەوکاتەدا پێدەچوو کە پارێزگاران دەستیان باڵاتر بووبێ، بەڵام ڕۆژنامەنووسان بەردەوامبوون لە تاقیکردنەوەی سنووری پەسەندکراو بە بڵاوکردنەوەی وتاری ورووژێنەری ناکۆکی و بەربەرەکانێ دوای ئەوەی کە ڕۆژنامە کۆنەکەیان داخرا. ململانێ لەسەر سنوورەکانی ڕۆژنامەی چاکخوازان بەردەوامە و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن پێکهاتنی دەسەڵاتی لامەرکەزی هەل بۆ خەڵك دەڕەخسێنێ ڕووبەڕووی سیستەمی حوکم ببنەوە.

هەمان دینامیکییەت کار لە پرۆسەی بە ئازادیکردن دەکا لە کێشەکانی دیکە. ئێران تۆڕی چالاك و کاریگەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، لەگەڵ نەریتێکی مێژوویی درێژخایەن. پارێزگارەکان بواری چالاکییەکانیان دیاریکراو کردوون و ئەوانەشیان سنووردار کردووە کە وەك دوژمن دەیانبینن، بەڵام نەیانتوانیوە بەتەواوی ئەو ڕێکخراوانە بخەنە ژێردەستی خۆیان[٨٧]. بەگشتی بەرهەڵستیکردنی دەوڵەتی ئیسلامی ڕێگە پێنەدراوە، بەڵام چەند گروپێکی نیمچە بەرهەڵست هەن کە نارەزایی دژی سیاسەتی دیاریکراو دەدەبڕن لە کاتێکدا بە ڕەوایەتی سەرەکی ڕژێمی ئێستا ڕازین. ئەو بەرهەڵستیکردنانە چەند جۆرێك دەگرێتە خۆ، هەر لە گروپی قوتابیانی ڕێکخراو کە پەرە بە چاکسازی نێوخۆیی دەدەن و کرانەوە بەرەو ڕۆژئاوا هاندەریانە، تا دەگاتە پیاوانی ئایینی کە بڕوایان وایە پێکهاتەی سیاسی دەوڵەت دەبێ چاکسازی تێدا بکرێ[٨٨]. هەروەك لەگەڵ ئازادی ڕۆژنامەگەریدا، سنوورەکانی ڕەفتاری پەسەندکراوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە، و چەندین سەنتەری دەسەڵاتی ئێرانی لە پێشبڕکێ دان بۆ دەرخستنی کاریگەرییان[٨٩].

خشتەی (٢ ـ ٣) ئەوە دیاری دەکات کە هەموو هێڵەکانی خواستی بەرەو ئازادبوون تا ئەوکاتەی خاتەمی ساڵی ١٩٩٧ بوو بە سەرۆك، پۆزەتیڤ بوو، بەڵام پێچەوانە بوونەوەی تێبینیکراویش ڕوویان داوە. خاتەمی هەڵبژردنەکانی ٢٠٠١ یشی بە ڕێژەی زیاتر لە ٧٦٪ بردەوە.

**خشتەی (٢ ـ ٣)**

**ئاراستەکانی چاکسازی سیاسی ئێران لەوەتەی ١٩٩٧ ەوە**

| پێشکەوتنە پۆزەتیڤەکان | پێشکەوتنە نێگەتیڤەکان |
| --- | --- |
| بوارێکی فراوانتر بۆ پاڵێوراوان ڕەخسا کە بەدوای وەرگرتنی دەسەڵات بکەون چاکخوازان هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٧، ١٩٩٩، ٢٠٠١ یان بردەوە.<br>ئازادی چاپەمەنی هەنگاوی نا بەرەو دەستپێکردن لە سەردەمی خاتەمی.<br>ڕێپێدانی فراوانتری ڕێکخراوە مەدەنییەکان. | زۆر لە پاڵێوراوان تا ئێستا لە لایەن ئەنجوومەنی پارێزگارانەوە ڕەتکراونەتەوە (بەتایبەتی ئەوانەی لەدەرەوەی بازنەی دەسەڵاتن).<br>پارێزگاران گەلێ هەنگاوی چاکخوازەکان دەوەستێنن.<br>لە ماوەی حوکمی خاتەمی ئازادی ڕۆژنامەگەری بەرەو کۆتایی هات.<br>کۆت و بەندی توند تا ئێستا لەسەر ئازادی دەربڕینی بە کۆمەڵ و تاک ماوەتەوە. |

## ئوردن

لەم ساڵانەی دواییدا، چاکسازی سیاسی لە ئوردن بە شێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتووە، ئەمەش وایکردووە کە ئوردن ببێ بە یەکێك لەو دەوڵەتانەی زیاترین هەنگاوی بە دیموکراتیبوون و ئازادبوونی تێدا هاوێژرابێ لە هەرێمەکەدا. پرۆسەی بە دیموکراتیبوون لە ساڵی ١٩٨٩ دەستپێکرد، کاتێ کە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان بە درێژایی ٢٠ ساڵ بۆ یەکەمجار ئەنجامدرا[٩٠] . زیاتر لە ٨٠٠ پاڵێوراو بۆ کێبڕکێ کردن لەسەر ٨٠ کورسی بەشدارییان کرد، لە یەکێك لە ئازادترین و دادوەرانەترین هەڵبژاردن لە مێژووی ئوردندا. پەرلەمانی هەڵبژێردراوی نوێ نوێنەرایەتی بیروبۆچوونی جیاوازی دەکرد: پاڵێوراوانی ئیسلامی زیاترینی کورسییەکانیان بردەوە، بەڵام چەپەکان، نەتەوەییەکان و



پاڵێوراوە پارێزگارەکانیش سەرکەوتنی تێبینیکراویان بەدەستهێنا[٩١] . هەر زوو پەرلەمان بوو بە مەیدانێك بۆ توانج و مشتومڕی سیاسی، هەندێ هەنگاوی بە ئازادبوونی هاویشت کە لەخوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە[٩٢] . لە ساڵی ١٩٩٠، شای وڵات کۆمسیۆنێکی دیاریکرد کە بە ئەرکی داڕشتنی دەستوورێکی نوێی نیشتمانی هەڵسا کە لە نوێنەرانی هەموو گروپێکی سیاسی گرنگی وڵات پێکهاتبوو و بە شێوەیەکی فەرمی لە ساڵی ١٩٩٠ ڕاگەیەنرا، ڕشتەی دەستوورەکە یاساکانی پاشایەتی و بنەمای دیاریکراوی دیموکراسی بەیەکەوە گرێدابوو. تەنها جەختی لە ڕەوابوونی پاشایەتی نەدەکردەوە، بەڵکو پێشی لەسەر گرنگی سەروەری یاسا داگرت و بانگەشەی بۆ پرۆسەیەکی دیموکراسی کرد کە لەسەر بنەمای فرەیی سیاسی دابمەزرێت. ئەو بنەمایانە هەنگاوی جێی ئاماژەبوون بۆ پێشەوەچوون بۆ وڵاتێك کە یاسای سەربازی بەڕێوەی دەبرد بۆ زیاتر لە دوو دەیە و کۆدەنگییەکی نواند لە نێوان نوێنەرە سیاسییە زلهێزەکان دەربارەی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ چاکسازی سیاسی[٩٣] .

چەند هەنگاوێکی پرۆسەی بە ئازادبوون هاوێژراون. ئوردن یاسایەکی نوێی لەسەر پارتە سیاسییەکان لە ساڵی ١٩٩٢ بڕیاردا ، ئەویش بریتیبوو لە بە یاساییکردنی ئەو پارتانە بۆ یەکەمجار لەوەتەی ساڵی ١٩٥٧ ەوە. یاساکە چەند کۆت و بەندێکی وروژێنەری ناکۆکیی لەخۆ گرت، وەك قەدەغەکردنی پارتەکان بۆ بوونی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ڕێکخراوە ئوردنییەکان و قەدەغەکردنی ئەندامانی سەربازی و دەزگا ئاسایشییەکان بۆ پێکهێنانی پارتی سیاسی. کەچی ئەو بەند و سنوورانە بە توندی تەگەرەی نەخستە بەردەم پێکهێنانی پارتی سیاسی، هەروەك بیست پارت لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ١٩٩٣ دا ناویان تۆمارکرد[٩٤] . هەروەها ئوردن یاسایەکی چاپەمەنی نوێی بڕیاردا لە ساڵی ١٩٩٢، کە توانای حکومەتی قەدەغە کرد لە داخستنی هەر بڵاوکراوەیەك بە بێ هێنانەوەی بیانوو یا ڕوونکردنەوە. لەوانەیە لە هەمووان گرنگتر، بریتیبوو بێ لە

فراوانبوونی ئـازادی تاکەکەسـی. ئێستا ئوردنییـەکان بـە ئازادییـەکی زیـاتری دەربڕینی تاکەکەسی و کۆمەڵەکان دەگوزەرێن وەك لەوەی بەر لـە سـاڵی ١٩٨٩ پێیدا تێپەڕدەبوون، کە بووەتە مایەی ژیانێکی مەدەنی زۆر چالاك[٩٥] .

ئەم هەنگاوە جێبەجێکارییە سەرەتاییانەی چاکسازی سیاسی زۆر بە خێرایی بەرەو پێشەوە چوون، بەڵام پرۆسەکە لەوساوە بەڕادەیەکی بەرچاو لە هێواشبوونەوەدایە. هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٣ و دووبارە لە ساڵی ١٩٩٧ ئەنجامدرایەوە، بەڵام هەندێ سنووری پرۆسەی چاکسازییان تێدا دەرکەوت. زۆربەی پارتە سیاسییە نوێکان نوشوستییان هێنا لە بە دامودەزگاکردنی بنکەکانی پاڵپشتیکردنیان، کە زیاتر پشت بە ڕێبەری روحی سەرکردە کەسییەکان دەبەستن وەك لەوەی بەرنامەی ڕاگەیەنراوی بەهێزیان هەبێت، کەمتر لە نیوەی پاڵێوراوان کە لەساڵی ١٩٩٣ دا هەڵبژێردران سەر بە یەك پارت بوون. زۆر لە پارتەکان بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٧ نەکرد وەك ناڕەزاییەك لە سیاسەتی حکومەت، کە نەبوونی پشتگیری لە چاکسازی سیاسی یەکێك لەو ناڕەزاییانە بوو. بەشداری جەماوەریش لە هەڵبژاردنەکان کەم بوو، لەوانە هەندێ خەڵکی ناڕەزامەند بە پرۆسەی چاکسازی بەشدارییان نەکرد[٩٦] . دەبووایە هەڵبژاردنەکان لە ساڵی ٢٠٠١ ببەسترێ، بەڵام شا عەبدوڵڵا ئەم هەڵبژاردنانەی دواخست، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان دوور لە مەترسییەکان، گوایا ڕکابەرەکانی حکومەت توانای قۆستنەوەی بارودۆخی هەرێمەکەیان هەبوو. لە ئایاری ٢٠٠٣، دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی جەنگ لە عیراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، جارێکی تر شا بەرنامەی بۆ هەڵبژاردن دانایەوە، هەرچەندە تا ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە ئەنجام نەدراوە[٩٧] . پرۆسەی ئازادیکردنیش بە چەندین گۆڕانکاریدا تێپەڕبووە. بۆ نموونە، هەموارکردنی یاسای ئازادی ڕۆژنامەگەری ساڵی ١٩٩٧، سنووری زیاتری لەسەر ئازادی دەربڕین دانا، بەڵام زۆر لە بەندەکانی یاسا سنووردارە توندەکەی ڕۆژنامەگەری بنەڕەتی لە ساڵی ١٩٩٩ دا لادرا[٩٨] .



تەنانەت هەرچەندە چاکسازی سیاسی پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینی لە ساڵی ١٩٨٩ وە، بەڵام پرۆسەکە هەمووی ئەوە بووە کە لەسەرەوە باسکراوە. چاکسازی سیاسی بۆ پاشایەتی بە شێوەیەکی سەرەتایی ستراتیژیەتێکی ئامرازدار بوو، توانای پێبەخشی کە ڕەوایەتی خۆی پتەو بکات بە بەرەوپێشبردنی ئازادی تاکەکەسی و هێنانە ئارای میکانیزمێکی سیاسی بۆ خەڵکی کە ڕق و تووڕەیی خۆیان دەربڕن. کەچی هاوبەشیکردنی ڕاستەقینە لە دەسەڵات لە ئەجێندای حکومەت دا نییە. شا بەبێ ململانێ وەك بەرپرسێکی سیستەمی سیاسی دەمێنێتەوە ـ پێگەی ئەو بە ڕوونی لە دەستووری نیشتمانی دانی پیانراوە ـ و دەتوانێ پەرلەمانی هەڵبژێردراوی خەڵك پشتگوێبخات هەرکاتێ بە گونجاوی ببینێ. تا ئێستا بە شێوەیەکی گشتی، شا لە دەرەوەی کێشمەکێشمی ڕۆژانەی سیاسی ماوەتەوە، بەزۆری لەو بارودۆخانەدا دێتە ناوەوە کە بتوانێ خۆی وەك پارێزەرێکی مافی هاوڵاتیان دژی زیادەڕۆییەکانی دەوڵەت بنوێنێ[٩٩]. ئەو ستراتیژیە سیاسییە هاوسۆزی دروست دەکا کاتێ کە هەستی دژ بە پاشایەتی لە ئارادابێت، هەروەك لە ساڵی ١٩٨٩ و دوای ئەوەش ڕوویدا، بەڵام بۆی هەیە ئەو هاوسۆزییە ئەگەر بارودۆخی سیاسی بگۆڕێ کەم بێتەوە. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە لاوازی دەمێننەوە بە جۆرێك نەتوانن کاریگەرانە فشار بخەنە سەر ڕژێم[١٠٠] . بۆیە داهاتووی پرۆسەی چاکسازی لە ئوردن دەوەستێتە سەر حیساباتی بەردەوامی پاشایەتی کە دەبێ بەرژەوەندی بە پارێزراوی بمێنێتەوە.

## کوێت

داگیرکردنی کوێت لە لایەن عیراقەوە لە ساڵی ١٩٩١، وەك هاندەرێکی گرنگ بۆ چاکسازی سیاسی کاری کرد[١٠١]. ئەمیری کوێت هەر زوو دوای کۆتایی هاتنی داگیرگارییەکە ئەنجومەنی نیشتمانی گێڕایەوە بارودۆخی خۆی، لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ساڵانی ١٩٩٢، ١٩٩٦، ١٩٩٩. ئەو هەڵبژاردنانە زۆر ئازاد و دادپەروەرانە بوون، وایکرد کە کوێت ببێ بە تاکە وڵاتی کەنداو هەنگاوی

بەرچاوی بۆ پرۆسەی بە دیموکراتیبوون هاویشتبێ. پاڵێوراوان خەریکی مشتومڕی چڕوپڕی گشتی دەبن لە ماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن[١٠٢]. و هەڵگەڕانەوەی ژمارەی زۆری کورسییەکان مانای ئەوەیە دەنگدەران دەتوانن کاریگەرانە ناڕەزامەندبوونی خۆیان بەرامبەر بە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان دەرببڕن[١٠٣] .

پرۆسەی بە دیموکراتیکردن، بەلای کەمی لە دوو دووری گرنگدا بە سنووورداری ماوەتەوە: یەکەم و گرنگەکەیان، تەنها ڕەگەزی نێر لە بیست و یەك ساڵ گەورەتر ڕێگەی پێدراوە کە دەنگ بدات. ئەو گروپە نزیکەی نوێنەرایەتی ١٠٪ ی دانیشتوانی بنەڕەتی کوێت دەکەن[١٠٤] ئەمیری کوێت لە ساڵی **١٩٩٩** بە بڕیارێك ئەو مافەی بە ئافرەتانی کوێت بەخشی، بەڵام ئەنجوومەنی نیشتمانی ڕەتیکردەوە کاتێ کە خوولەکە لە هەمان ساڵدا هاتەوە، و بۆی نییە ئەو هەلە وەها زوو بگەڕێتەوە[١٠٥] . دووەم، پارتی سیاسی بە نایاسایی ماونەتەوە. گروپی فەرمی سیاسی پشتگیری لە پاڵێوراوی دیاریکراو دەکەن، بەڵام ڕێگەیان پێنادرێ کە بنکەی دامودەزگایی دابنێن کە یارمەتییان دەدات لە پەرەپێدانی ئەجێندای سیاسەتیان[١٠٦] .

هەروەها ئازادبوون تەواو پێشکەوتووە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کۆمەڵگای مەدەنییەوە هەیە. زیاتر لە ٢٠٠ ڕێکخراوی فەرمی لە کوێت هەن، بەڵام ڕێکخراوە نا فەرمییەکان کاکڵەی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدەهێنن[١٠٧]. دیاردەیەکی گرنگی دیکەی کۆمەڵگەی کوێتی بریتییە لە (دیوانییە) کە کۆبوونەوەی هاوڕێ (تەنها ڕەگەزی نێر) و خێزانەکان دەگرێتە خۆ، هەمیشە لە ماڵی یەکتر بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسەکانی ڕۆژ. یاسای کۆمەڵەکان چالاکییەکانیان بەڕێوەنابات، بۆیە وەك یانەیەکی گفتوگۆی سیاسی بۆماوەی چەندین ساڵە سوودیان لێ وەرگرتووە، و ڕۆڵێکی گرنگ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەگێڕێ[١٠٨] . هەروەها ڕۆژنامەگەری ئازادییەکی فراوانی هەیە و سەربەخۆییەکی ڕێژەیی لە حکومەتەوە هەیە[١٠٩]. بەڵام هێشتا کۆت و بەندی



پرۆسەی ئازادبوون لە ئارادایە، بە تایبەتی کاریگەری بۆ سەر ژیانی کۆمەڵەیی هەیە. چونکە دەبێ هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان مۆڵەت وەربگرن، بۆیە حکومەت زۆر کاریگەرانە کۆنترۆڵی ڕێکخراوەکان دەکات. دوای جەنگی کەنداو زۆر ڕێکخراوی بێ مۆڵەت پەیدابوون، زیاتر لەوانەن کە تیشك دەخەنە سەر پرسەکانی مافی مرۆڤ، بەڵام لە ساڵی **١٩٩٣** هەموو گروپە بێ مۆڵەتەکان لەلایەن دەوڵەتەوە هەڵوەشێنرانەوە[١١٠] . کۆبوونەوەی گشتیش پێویستی بە ڕەزامەندی دەوڵەتەوە هەیە، هەروەها دەوڵەت نوێنەرایەتیکردنی هاوبەشیشی سنووردارکردووە لەڕێگەی پشکداربوونی گرووپەکان لەگەڵ دەوڵەت، تەنیا ڕێگا بە یەك ڕێکخراو بۆ هەر پیشەیەك دەدرێت[١١١] .

لەگەڵ بوونی گەلێ کۆت و بەندیشدا، کوێت یەکێك لە گرنگترین وڵاتە بەدیموکراتیبوو و بە ئازادیبووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژمێردرێت. بە گوێرەی پۆلێنکردنی ساڵانەی خانەی ئازادی، حاڵی حازر هیچ وڵاتێك لە هەرێمەکەدا لە ڕووی مافە سیاسییەکان خاڵی زیاتری لە کوێت تۆمار نەکردووە، تەنها ئوردن نەبێ لە ڕووی ئازادییە مەدەنییەکان کەمێك پێش کوێت کەوتووە[١١٢] . بێ گومان، ئەگەر کوێت بە پێوانە جیهانییەکان هەڵبسەنگێندرێ نەك بە هەرێمایەتییەکان، ئەوا گەلێ دوور دەبێ لە کۆمەڵگەی ئازاد. هەڵبژاردنی دیموکراتییانەی ئەنجومەنی نیشتمانی بووەتە بەشێکی سەرەکی کەلتووری سیاسی کوێتی، بەڵام نەیتوانیوە گۆڕانی سەرەکی لە دابەشکردنی دەسەڵات بهێنێتە ئارا[١١٣] . بنەماڵەی دەسەڵاتدار بە توندی بە کورسییەوە لکاون، ئەمیر دەسەڵاتی ئەوەی هەیە هەر کۆمەڵەیەك دابخا لە هەر کاتێك کە بیەوێ. لەوانەیە ئازادی سیاسی و مەدەنی زیاتر وای لێبکات کە ئەم کارانەی گران لەسەر بوەستێ، چونکە بۆی هەیە خەڵك کراوەتر ناڕەزایی خۆیان دەربڕن، لەگەڵ ئەوەشدا تاکە بڕیار هەر بۆ ئەو دەمێنێتەوە.

## سعودیای عەرەبی

سعودیا ولاتێکی بە گوێرەی پێوانەی بابەتییانە کەمترین ڕادە لە پرۆسەی بە دیموکراتیبوون و ئازادیبوون لەخۆ دەگرێ، هەرچەندە هەندێ هەنگاو لە مێژووی ئەو ولاتەدا تەواو تێبینیکراوە. ڕژێمەکە لە سەروبەندی جەنگی کەنداوەوە دووچاری فشاری بەرچاوی نێوخۆیی بووەوە و ناچار بوو هەندێ هەنگاو بەرەو چاکسازی سیاسی بهاوێژێ، چونکە ڕەوایەتی ڕژێمەکەی بە پشتبەستن بە سەربازانی بیانی بۆ دابینکردنی ئاسایشی سعودیا گەلێ لاواز ببوو. لە ساڵی ١٩٩١ و ١٩٩٢، هاوڵاتییە دیارەکانی سعوودیا داواکارییان بۆ چاکسازی سعودیا پێشکەشکرد، تیایدا داوای چاکسازی سیستەمی سیاسی و بەهێزکردنی بنکە ئیسلامییەکانی کۆمەڵگایان کرد[١١٤] . لە ئاداری ١٩٩٢ حکومەت دوو ئەنجامدانی گرنگی جێبەجێکرد، کە بۆ دروخستنەوەی ئەو کاروبارانە داڕێژرابوون. یەکەم، شا فەهد یاسای بنەڕەتی دەرکرد، کە بۆ یەکەم جار ئەرك و پێکهاتنی حکومەتی تێدا پێناسەکرابوو. بەندەکانی زۆر بەتوندی جەختیان لەسەر باری هەنووکەیی دەکردەوە، وەك دانانی بە ڕەوایەتی ڕژێمی پاشایەتی و پێداگری لەسەر باڵادەستی یاسای ئیسلامی. تیایدا دانی بە هەندێك مافی سیاسی فراوانتر دابوو کە لە گلەیی نامەکەدا هاتبوو، بەڵام هیچ میکانیزمێکی بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافانە لەخۆ نەگرتبوو[١١٥] . دووەم، شا بە شێوەیەکی فەرمی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری دامەزراند، کە سیستەمی نەریتیی ڕاوێژکاری نافەرمی سعودیا پێکدەهێنێ. ئەرکی ئەنجومەنەکە بریتییە لە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانی نێوخۆیی و دەرەکی، جگە لە دەرکردنی بڕیاری نوێ[١١٦] .

هیچ یەك لەو ئەنجامدانانە چاکسازییەکی ڕاستەقینەی سیاسی نەهێنایە ئاراوە. پێدەچێ یاسا بنەڕەتیەکە هەندێ شێوەی دەستووری سعودیا بێ، بەڵام هیچ پێگەیەکی یاسایی نییە. لەوەدەچێ دەربڕینێکی ئارەزووی شابێت، بۆیە ئەگەری گۆڕانکاری لە هەرکاتێکدا هەیە[١١٧] . ناتوانرێ ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەك جوڵانەوەیەك بەرەو بە دیموکراتیبوون دابنرێ، چونکە ئەندامەکانی ڕاستەوخۆ



لەلایەن شاوە دانراون، کۆبوونەوەکانی داخراون، و تەنها بە ڕۆڵی ڕاوێژکارییەوە سنووردار کراون. لەم ساڵانەی دواییدا، بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان جۆراوجۆری ئەنجومەنەکەیان فراوانکرد بە دیاریکردنی خەڵکی زیاتر لە کەرت و ئەکادیمیای تایبەت، بەڵام ئەم دەستەبژێرە نوێنەرایەتی زۆرینەی دانیشتوانی سعوودیا ناکەن. بۆیە ئەنجومەنەکە زیاتر ئەرکێکی هاوکار و پشکدار لەگەڵ ڕژێمەکەدا دەبینێ لە بری ئەوەی نوێنەرایەتی خەڵك بکات، چونکە بەشێکی زیاتر لە پرۆسەی بڕیاردان دەداتە دەستەبژێرە سعودییەکان[١١٨] .

لە دوای جەنگی کەنداوەوە، سعودیا هیچ ئەنجامدانێکی بەرچاوی لە بواری پرۆسەی بە ئازادیبوونەوە بەخۆوە نەبینیوە. لە پۆلێنکردنی خانەی ئازادیشدا، نزمترین شوێنی لە ڕیزبەندییەکەدا لە بواری ئەنجامدانەکانی مافە سیاسی و ئازادییە مەدەنییەکان بۆ دانراوە، و یەکێکە لە چوار ولاتەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەم شوێنەی پێدرابێت[١١٩] . ئازادی ڕادەربڕین لە لایەن یاساوە زۆر بە توندی ڕێی لێگیراوە کە قەدەغەی هەر ڕەخنەیەك دەکات لە حکومەت، بنەماڵەی دەسەڵات و ئیسلام بگیرێت. نەیار و بەرهەڵستکارانی فەرمی ڕێگەیان پێنادرێت، هەموو کەناڵەکانی میدیا یا ئەوەتا خۆیییە، یا بە تەواوی لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵکراوە. خۆنیشاندانی گشتی ڕێگەی پێنادرێت، کۆمەڵە و گروپە پیشەییەکان ناتوانن بە بێ مۆڵەتی ڕژێمەکە بوونیان هەبێ. جگە لە دەسەڵاتی دادوەری دەوڵەت، پۆلیسی ئایینی تایبەتیش پارێزگاری لە سەپاندنی یاسای ئیسلامی دەکات[١٢٠].

عەبدوڵڵای جێنشینی سعودی، لە دەسپێکی کانوونی دووەمی ٢٠٠٣ دا چەندین وتاریدا دەربارەی پێویستی هەوڵەکانی چاکسازی سیاسی لە میرنشینەکە و ولاتە عەرەبییەکانی دیکە. لەو کاتەدا ١٠٠ کەسایەتی دیاری سعودی داوانامەیەکیان مۆر کرد کە تیایدا داوای دیموکراسی و کۆتایی هێنان بە گەندەڵییان کردبوو. لە بری ناردنی ئیمزاکەران بۆ بەندیخانە وەك کە شا فەهد لە حاڵەتێکی هەمان

شێوەدا لە ساڵی **١٩٩٢** ئەو کارەی ئەنجامدا، عەبدوڵڵا لە کۆشکەکەی خۆی چاوی بە هەندێکیان کەوت[١٢١]. وەك ڕاپۆرتەکان دەڵێن کەشی دانیشتنەکە چاککاری پێوەدیاربوو، بەڵام هەر زوو دوای کۆبوونەوەکە، دەسەڵاتدارانی سعودی ئەو ماڵپەڕەیان داخست کە تایبەت بوو بە کۆکردنەوەی گلەیی و داواکاری[١٢٢]. دوای ئەوە بۆ پەرەپێدانی چاکسازی سیاسی ڕژێمە عەرەبییەکان دەستپێشخەرییەکی بڵاوکردەوە. عەبدوڵڵا پلانی دانا بۆئەوەی دەستپێشخەرییەکە بخاتە نێو ئەجێندای لوتکەی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی لە ئاداری **٢٠٠٣** بەڵام لە دوا ساتەکاندا پاشگەزبووەوە[١٢٣].

بەرپرسانی سعودی بانگەشەیان بۆ دەستپێکردنی پلە بە پلەی پرۆسەی بە دیموکراتیبوون کردووە، کە سعودییەکان دەستدەکەن بە هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ ئەنجومەنە هەرێمایەتییەکان و هەنگاوێك دەبێ بەرەو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ماوەی شەش ساڵ[١٢٤]. جگە لەوە ڕژێم چەند کارێکی کەمی جێبەجێکردووە کە نیشانەن بۆ ئەگەری بزوان بەرەو زیادبوونی پرۆسەی بە ئازادبوون. لە کانوونی دووەمی ساڵی **٢٠٠٣** عەبدوڵڵای جێ نشین (وەلی عەهد)، ڕێگەی بە لیژنەی چاودێری مافەکانی مرۆڤ دا کە سەردانی سعودیا بکەن، ئەمە بۆ یەکەم جار بوو کە گەورەترین گروپی مافەکانی نێودەوڵەتی مافی ئەم چوونەی بۆ دابین بکرێ، دواتر ڕێگە بۆ گروپی تایبەتی مافەکانی مرۆڤ دابینکرا کە لە سعودیا شوێنێك بە کرێ بگرن[١٢٥]. لە بارەی یاساییەوە، لە ئاداری **٢٠٠٣** دا، لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا (سەید زوهێر) یان لە بەندیخانەدا ئازادکرد، کە ئیسلامییەکی ناوداری سعودیا بوو هەشت ساڵ بەر لەو ڕووداوە بە تۆمەتی ڕەخنەگرتن لە حکومەت زیندانیکرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ڕوونکردنەوەیەك بۆ ئەو ئازادکردنە ڕانەگەینرا[١٢٦]. هەروەها بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان عەبدوڵڵا پشتگیری لە چاکسازی دادوەری دەکا بۆی هەیە دادگایەکی نوێی بازرگانی دامەزرێنێ کە دوور لە بنەمای شەریعەت بێ[١٢٧].



هەندێ لە بەرپرسانی سعودی بە شێوەیەکی گشتی (هەرچەندە زۆربەیان بە شێوەیەکی نادیار) دانیان بە پێویستی چاکسازی ناوە، بە تایبەتی وەك کاردانەوەیەك بۆ زیادبوونی فشاری نێوخۆیی و دەرەکی لەسەر میرنشینەکە دوای ڕووداوەکەی ١١ ی سێپتێمبەر، گەورە ئەمیرێك لە وتەیەکیدا ڕایگەیاند: " ڕاستییەکەی ئەوەیە، چاکسازی پێویستییەکی حەتمییە نەك ئارەزوومەندانە، بریتییە لە حکومەتی هاوبەشی" [١٢٨]. کەچی بە هیچ شێوەیەك هاوکۆکی لە نێوان بنەماڵەی شا دا لەسەر ئەم خاڵە بە دیناکرێ، دیارترین وەزیرەکان بەرهەڵستی خۆیان دژی پلانەکانی عەبدوڵڵا دەردەبڕن[١٢٩]. هەرچەندە یەکجار سەختە کە هەستی جەماوەری لە سعودیای عەرەبی بخوێنرێتەوە یا جیابکرێتەوە، بەڵام هەندێ ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان تێبینی ئەوەیان کردووە کە داوای ئەنجامدانی چاکسازی لە پێکهاتەی سیاسی سعودیا لە هەردوو توخمی ئازادیخواز و پارێزگارەکانەوە هەڵدەقوڵێ. ئازادیخوازەکان پشتگیری لە بزوان بەرەو پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو، فراوانبوونی مافەکانی ئافرەت و سیستەمێکی یاسایی و ئابووری سەقامگیرتر و هیواخوازراو دەکەن، لە کاتێکدا ئیسلامییە پارێزگارەکان بە شێوەیەکی بەرایی خواست و ویستەکانیان خۆی لە کۆتایی هاتنی گەندەڵی، زیندانیکردنی سەرکردە ئایینییەکان، و پەیوەندییەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەبینێتەوە[١٣٠]. ئەم گروپانە بە بچووکی یەکیان گرتووە، سەرباری خواستێکی گشتی بۆ چاکسازی، ڕژێمیش بە پێچەوانەوە کار بۆ چاکسازی ناکا بۆ ڕازی کردنی هەردوو لا. لەگەڵ دەستپێکردنی نووسینی ئەم ڕاپۆرتە، سەختە بزانرێ ئایا ئەم ئەنجامدانی ئەم کارانە بەڕاستی یەکەم هەنگاوەکانی ڕێچکەی ڕاستەقینەی چاکسازی دەنوێنن. لەگەڵ ئەوەشدا پەستان بۆ هێنانە ئارای چاکسازی، لەهەردوو لاوە، ناوخۆ و دەرەوەی میرنشینەکە، لەوەدەچێ بەردەوامبێ و لەوانەشە هێشتا زیاتر بێ. هەر ئەنجامدانێکی

چاکسازی سعوودیا شتێکی باش دەبێ، کاتێ کە ڕژێم هەوڵ دەدا داواکانی ئازادیخوازە نێوخۆییەکان و پارێزگاران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جێبەجێ بکات. ئایا ڕژێمەکە دەتوانێ هەموو لایەنەکان قایل بکا و لە هەمانکاتیشدا پارێزگاری لە دەسەڵات بکا وەك ئەوەی کە دەبینرێ.

## کاریگەری بۆ سەر بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان

چاکسازی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست توانای هەیە لە دوو ڕێگەی گرنگەوە کار لە بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکا: دەتوانێ ناسەقامگیری زیاد بکا، دەشتوانێ ڕژێمەکان هەستیارتر بکا دەربارەی پەیوەندییەکان بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، هەر یەك لەوانە بە نۆرە باس دەکەین.

## کاریگەری لەسەر سەقامگیری هەرێمایەتی

بۆی هەیە چاکسازی سیاسی بتوانێ نائارامی هەرێمایەتی زیاد بکا. بە دیموکراتیکردن دەبێتە مایەی زیادبوونی بەشداری خەڵك، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ بەشدارە نوێکان دەبێ بخرێنە پرۆسەی بڕیاردانەوە. لەبەرئەوەی زۆر لەو هاوبەشە نوێیانە پێشتر نوێنەرایەتی مەیدانی سیاسییان نەکردووە، بۆی هەیە بەرهەڵستی بارودۆخی هەنووکەیی بکەن و داوا بکەن کە قازانجەکان بە درێژایی بوارێکی فراوانتری جەماوەر بڵاوبێتەوە. بۆی هەیە پرۆسەی بە ئازادی بوونیش بەرەو ڕووی باری ئێستا بێتەوە، چونکە ڕێگا دەدات کە هاوبەشی سیاسی زیاتر کاریگەرانە نوێنەرایەتی بکەن. ئایا ئەم هاوبەشانە بەو دەزگایانەی وەك پارتە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، یا بە شێوەیەکی نا فەرمی تر لە ڕێگەی وتاری ئازادتر بە ئاشکرا و لە ڕۆژنامەکاندا دەبن بە بەشێك لە پرۆسەی



بڕیاردران. ئەم خاوەن پشکە نوێیانە هەمیشە باڵادەستی مشتومڕی سیاسی نابن، بە دڵنیاییەوە، بۆی هەیە زۆر جار بەرژەوەندی زۆر ڕیشەداکوتاوتر لەدەست بدەن. بەڵام ئەنجامدانەکانی چاکسازی سیاسی دەنگی نوێ و پارتی تەواوکەری پرۆسەی سیاسی دێنێتە کایەوە، لەوانەشە ئەوان ئەو پرۆسەیە بگۆڕن. هەروەها وا دەکەن کە بۆ حکومەت سانا بێ بە بێ دەنگی لەسەر پرسی دیاریکراو بوەستێ، وەك لە بەشی حەفتەمدا هاتووە. لەبەرئەوەی کە ڕژێمی دەسەڵاتدار ناتوانێ چی دیکە دەست بەسەر تەوژمی زانیاری دابگرێ، پرۆسەی چاکسازی سیاسی بۆی هەیە توانای ئەوە بە هاوڵاتیان ببەخشێ کە گوشار بخەنە سەر ڕژێمەکان بۆئەوەی بە ئاشکرا هەڵوێست لەسەر پرسەکان ڕابگەیەنن، ڕژێمەکان بەر پرس بن لەو سیاسەتە گشتییانەی ڕایدەگەیەنن.

پێدەچێ ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەلای کەمی بۆ ماوەیەکی کورتخایەن بەرگەی ئەو نائارامییە بگرن کە بەهۆی چاکسازی سیاسی دێتە کایەوە. هەروەك لە لێکۆڵینەوەی وڵاتەکاندا هاتووە، بە گشتی ڕژێمەکان زۆر بە توندی پارێزگاری لە کۆنترۆڵکردنی بوار و پێشکەوتنی چاکخوازەکان دەکەن. ئەو ڕژێمانە بەدەر لە هەر ئارەزوویێکی بۆماوەییان چاکسازی سیاسی پەرەپێنادەن بۆ فراوانترکردنی بەشداری سیاسی، لە بری ئەوە، چاکسازی سیاسی بۆ ئەوان ستراتیژیەتێکی ئامرازدارە، بۆ زیادکردنی ڕەوایەتی ڕژێمەکانی ئێستا داڕێژراوە بەبێ خستنە مەترسی مانەوەیان لەدەسەڵات. ڕژێمەکان هەمیشە قایلن بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە بەرامبەر هەر دانپیانانێکی ئاشکرا بە ڕەوایەتی بنەماڵەی دەسەڵاتدار، هەروەك لە کوێت و ئوردن ڕوویدا. هەروەها هەنگاوی چاکسازیش بۆ ئەوە دەهاوێژن کە بە بێ فراوانکردنی پرۆسەی چاکسازی پێکهاتووە سەرەکییەکان قایل بکەن.

بەزۆری ڕژێمەکان پرۆسەی ئازادبوون گەلێ گونجاوتر لە بە دیموکراتیبوون دەبینن. بۆ ئەوان بە دیموکراتیبوون لە بنەڕەتدا زۆر ترسناکە، چونکە سەختترە کە کۆنترۆڵی

ئارەزوو و خواستەکانی جەماوەر بکرێ کاتێ کە ئەوانیش بەشێك بن لە پرۆسەی بڕیاردان. بە پێچەوانەوە، ئازادبوون دەتوانێ زۆر هێواشتر بەڕێوە بچێ لە هەمانکاتدا سنوورە دیارەکان وەك خۆیان دەمێننەوە. زیاتر لەوە، پشتیوانە سەرەکییەکانی ڕژێم بەزۆری ئازادبوون لە بە دیموکراتیبوون بە باشتر دەزانن، چونکە لارییان بەلای داگیرکردنی پێگە خاوەن مافەکانەوەیە لە کۆمەڵگادا، بە تایبەتی بیرۆکراتەکانی دەوڵەت کە زۆرترین کۆمەڵ لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدەهێنن. لەوە دەترسن کە بە دیموکراتیبوون داوای زیاتر بۆ یەکسانی دابەشکردنی داهاتی دەوڵەت بێنێتە ئارا، بە دڵنیاییەوە ئاستی بژێوییان دادەبەزێنێ. ئازادبوون گەلێ سەرنجراکێشترە بۆ ئەوان، چونکە ڕێگەیان پێدەدات بەڕاشکاوی و ئازادانەتر قسە بکەن و ئاشکراتر لە گروپی فەرمی و نافەرمییەکان کۆببنەوە. بۆیە ڕژێمەکان بەرژەوەندی دووهێندیان لە پەرەپێدانی پرۆسەی ئازادبوونەوە هەیە نەك لە بە دیموکراتیبوون: کە ڕێیان پێدەدات دەست بەسەر پرۆسەی بڕیار دا بگرن لە هەمانکاتدا داوای پێکهاتە سەرەکییەکانیش بەجێ بێنن.

بۆی هەیە چاکسازی سیاسی لەسەرەخۆ بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشبخات لە سەقامگیرییەکی هەرێمایەتی بەردەوامدا. لەوانەیە زیاتر پێشبینیکراو بێت وەك لە چاکسازییەکی خێرا و کتوپڕ، چونکە ڕژێمەکان کۆنترۆڵی زیاتریان بەسەر پرۆسەکە هەیە و لەوەوە دەتوانن هێزە توندڕەوەکان بخەنە ژێر چاودێرییەوە. بەڵام ستراتیژیەتی هێواشی چاکسازی سیاسی ناتوانێ ئەو ترسناکییە لابەرێ کە چاکسازی دەیخاتە سەر ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان. چاکسازی سیاسی بریتی نییە لە خۆ سنووردارکردن بە سروشتی: بزوان و هەنگاوی بچووك بەرەو چاکسازی مەبەست لێی هێنانە کایەوەی داوای زیاتری چاکسازییە، وەك کە وڵاتەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا و یەکێتی سۆڤیەت لە کۆتایی هەشتاکاندا ئەمەیان بۆ دەرکەوت. خێرایی گەشەکردنی ئەو چاکسازییە دەوەستێتە سەر



چۆنیەتی کاردانەوەی ڕژێمەکان بۆ داوا بەراییەکانی کاراتر کردنی چاکسازی. کاردانەوەیەك لەسەر بنەمای داپڵۆسین سەرچاوە بگرێ، بۆی هەیە داوا ئاییندەییەکان بۆ هەنگاو و ئەنجامدانی زیاتری پرۆسەی چاکسازی دابمرکێنێتەوە، لە کاتێکدا کاردانەوەی هەڵقولاو لەسەر بنەمای گفتوگۆ و بەیەکگەیشتن زیاتر ئەگەری جۆشدان و بوێرانەتر کردنی گروپە بەرهەڵستکارییەکانی لێ چاوەڕوان دەکرێ و پاڵنەرێك دەبێ بۆیان کە داوای زیاتر پێشکەش بکەن.

تا ئێستا، ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بە سەرکەوتوویی فشارەکانی چاکسازی سیاسییان هەڵمژیوە لە ڕێگەی سیاسەتی هاوڕێگرتن یا پشکدارکردن و داپڵۆسین کە لەسەرەوە باسکرا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سیاسەتە وا ئاسان نییە. ئەگەر ڕق و تووڕەیی خەڵك بە ڕادەیەکی زۆر زیاد بکا، بەهاوشێوەی ئەوە نرخی داپڵۆسین و سەرکوتکاری زیاد دەکا. هەر کارێکی سەرکوتکاری لەلایەن ڕژێمی فەرمانڕەواوە دەبێتە هۆی بەهێزتر کردنی خۆنیشاندانی گروپی بەرهەڵستکاران و بەردەوامبوونیان بۆ داکۆکیکردنی ڕژێمەکە. لە سەرەتای نووسینی ئەو ڕاپۆرتە، کاریگەری جەنگی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عیراق و داگیرکردنی دوای ئەوە لەسەر گۆڕانە سیاسییەکانی هەرێمایەتی بە نادیاری دەمێنێتەوە. تا ئەو ڕادەیەی عیراق دامودەزگای ئازاد و دیموکراتی ڕاستەقینە بەرهەمدێنێ، بۆی هەیە وەك شێوازێك سوودی بۆ وڵاتانی دیکەی هەرێمەکە هەبێ. زۆربەی ئەندامانی حکومەتی بۆش هیواخواز بوون کە گۆڕانی ڕژێم لە عیراق ئەو کاریگەرییەی هەبێ، هەندێ سەرکردە و هاوڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆچوونێکی لەو جۆرە دەردەبڕن[١٣١]. بەڵام ئەوەیان بە نادیاری دەمێنێتەوە کە ئایا ئەم ویستە بەو شێوەیە دەبێ، وە ئایا ڕژێمەکانی ئێستا توانایان دەبێ بۆ هەڵمژینی فشاری زۆری جەماوەر بۆ چاکسازی، یانیش پرۆسەکە بەخێرایی لەدەست دەردەچێ.

## هەستیاری بەرامبەر بە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووکان

زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندی باشیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان هەیە، هەر لە پشتگیری دیپلۆماسی بۆ سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان تا دەگاتە ڕێپێدانی هێزی سەربازی ئەو وڵاتە کە لە هەرێمەکانیان چڕبێتەوە. کەچی زۆر لەو وڵاتانە بە باشتری دەزانن کە ئەم سیاسەتانە تا دەکرێ دوور لە چاوی خەڵك بهێڵنەوە، چونکە هەستی دژە ئەمەریکایی بە درێژایی ناوچەکە زۆر بەهێزە. ئێمە نازانین ئەو هەستە چەند قووڵ یا تا چ ڕادەیەك فراوانە، چونکە داتایە متمانە پێکراوەکان لەمەڕ بۆچوونی خەڵك بۆ ئەو بابەتە زۆر دیاریکراون. لە سعودیای عەرەبی، کە تێیدا ئەو زانیاری و داتایانە بوونیان نییە، دەکرێ هەستی دژە ئەمەریکایی زۆر قوڵتر و فراوانتر بێ لەوەی کە ئێستا بیری لێدەکەینەوە. ئێمە دەزانین کە ڕژێمەکان گەلێ بە بایەخەوە بۆ دەرخستنی نزیکی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە مامەڵە دەکەن و زۆر جار هەموو توانا دەخەنە گەڕ بۆ شاردنەوەی هاوکارییەکان لەگەڵ ئەمەریکادا تا پێیان بکرێ.

ئەگەر هەستی دژە ئەمەریکایی ئەوەندە فراوان بێ کە ڕژێمەکانی ئێستا لێی دەترسن، یان ئەگەر ئەو هەستە لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دژی تیرۆر لە ئەفغانستان و بەدوای ئەوەشەوە، زیاد ببێ، ئەوا چاکسازی سیاسی کاریگەرییەکی یەکجار هەمەجۆری لەسەر هاوکاری هەرێمایەتی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێ. هەردوو پرۆسەی بە دیموکراتیبوون و ئازادبوون، وا دەکەن کە خەڵك ئاسانتر ئارەزوو و هەستەکانی دەربڕێ، ئەگەر ئەو هەستانە بەڕاستی بەباشتری بزانن هاوکاری ڕژێمەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان کەمبکرێتەوە، ئەوکاتە ڕژێمەکان بواری قورستریان دەبێ بۆ هاوسەنگکردنی سیاسەتەکانیان. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی فشار بۆ کەمکردنەوەی هاوکاری ئاشکرا، بە تایبەتی چڕبوونەوەی هێزە سەربازییەکانی



ئەمەریکا لە هەرێمەکە. تەنانەت بۆی هەیە ڕژێمەکان بۆیان نەکرێ کە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بگەنە ڕێکەوتنامەی ئاسایشی، چونکە جەماوەری نێوخۆیی کە وەها ڕێکەوتنامەیەك دەبینن، وەك بەڵگەیەك بۆ بێ توانایی ڕژێمەکانیان دەیخوێننەوە کە بە بێ یارمەتی دەرەکی بۆی ناکرێ ئاسایشی وڵاتەکەیان دابین بکات. زیادبوونی هەستیاری لەمەڕ پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆی هەیە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی پاڵپشتی بۆ دەستپێشخەرییەکانی دیکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، وەك پرۆسەی ئاشتی، ئەنجامدانەکانی دژی بڵاوبوونەوەی چەك، و هەڵمەتەکانی دژە تیرۆر.

## ئەنجام

ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندی دژیەك و پێچەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە و بەرژەوەندی پێوانەییش لەبڵاوبوونەوەی دیموکراسی و ئازادی مەدەنی لە سەرانسەری جیهاندا دەبینێتەوە، چونکە ئەمانە بەها گرنگ و سەرەکییەکانی ئەمەریکا پێکدەهێنن. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو پێشڤەچوونانە لە تواناياندایە بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە لە سەقامگیری هەرێمایەتی و هاوکاری بەردەوامی ئاسایشی، لەرزۆك بکەن. ئایا ئەو ئەگەرە ڕوودەدا؟ بە ڕادەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر ئەو ڕێگایانەی کە ڕژێمە هەرێمایەتییەکان دەیگرنە بەر بۆ ئەنجامدانی چاکسازی سیاسی. چاکسازی سیاسی هێواش و لەسەرخۆ، بۆی هەیە زیاتر لە چاکسازی خێرا سوود بە بەرژەوەندییە کورتخایەنەکانی ئەمەریکا بگەیەنێ، چونکە ئەو هێزانەی کە بەرهەڵستی لە هاوکاری ئاسایشی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەن، ئەگەری زۆریان لێدەکرێ بەردەوام بن. کە ئاسۆی کات بەرەو بواری درێژخایەن دەچێ، ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندی لەوەدایە کە دڵنیابێ لەوەی پرۆسەی چاکسازی بەردەوام بە چەسپاوی بەڕێوە دەچێ، کەواتە هاوڵاتیان بەشدارییەکی فراوانتری سیاسییان دەبێت و لێپرسینەوە لە ڕەفتارەکانی ڕژێمەکەیان دەکەن. ئەگەر ئەو چاکسازییە بەرەوپێش نەچێ، ڕق و بێزاری زیاتری جەماوەری بۆی هەیە ناسەقامگیری زیاتر بکات بە لێکەوتنەوەی ململانێ یان تەنانەت لادانی ڕژێمە هەنووکەییەکانیان. ئەو دەرەنجامانە، کە لەوانەیە یەکجار واش نەبێ، بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەقامگیری هەرێمایەتی بە چاکی لە نێو دەبەن.

# پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١ ـ ئیسرائیل و تورکیا دوو وڵاتی هەڵاوێژراوی ئاشکرای ئەم گشتاندنەن، بەڵام ئەو دوو وڵاتە خەسڵەتی جیاکراوەیان هەیە کە وایان لێ دەکات دوور لە وڵاتانی هەرێمەکە بوەستن. بۆ دڵنیابوون لە توانای بەراوردکاری بە درێژایی دۆخەکان، ئەم توێژینەوەیە بە تایبەتی تیشک دەخاتە سەر وڵاتە عەرەبەکان و ئێران. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئاراستەکانی دیموکراسی جیهانی، بڕوانە:

Samuel P. Huntington, the Third Wave: Democratization in the Late Twentieth Century, Norman, Okla.: The University of Oklahoma Press, ١٩٩١.

٢ ـRex Brynen, Bahgat Korany, and Paul Noble, “Introduction: Theoretical Perspectives on Arab Liberalization and Democratization,” in Rex Brynen, Bahgat Korany, and Paul Noble (eds.), Political Liberalization & Democratization in the Arab World: Volume ١,Theoretical Perspectives, Boulder, Colo.: Lynne Rienner, ١٩٩٥, p. ٣; Bahgat Korany and Paul Noble, Introduction: Arab Liberalization and Democratization—The Dialectics of the General and the Specific,” in Baghat Korany, Rex Brynen, and Paul Noble (eds.), Political Liberalization & Democratization in the Arab World: Volume ٢, Comparative Experiences, Boulder, Colo.: Lynne Rienner, ١٩٩٨, p. ١.

٣ـ لە ساڵی ١٩٤٢، جۆزیف سکۆکپێتەر یەکەم پێناسەی نوێی بۆ دیموکراسی خستە ڕوو: " ڕێکخستنی دامودەزگاییە بۆ گەیشتن بە بڕیاری سیاسی بە جۆرێك کە تاکەکان دەسەڵات بەدەستدێنن بۆ بڕیاردان، بەهۆی ململانێی کێبڕکێدار بۆ بەدەستهێنانی دەنگی هاوڵاتیان". بڕوانە:

Joseph A. Schumpeter, Capitalism, Socialism, and Democracy, ٣rd ed., New York: Harper & Brothers, ١٩٥٠, p. ٢٦٩.

٤ـ David Collier and Steven Levitsky, “Democracy with Adjectives: Conceptual Innovation in Comparative Research,” World Politics, Vol. ٤٩, No. ٣, ١٩٩٧, pp. ٤٣٠–٤٥١; Robert A. Dahl, Polyarchy, New Haven, Conn.: Yale University Press, ١٩٧١; Terry Lynn Karl, “Dilemmas of Democratization in Latin America,” Comparative Politics, Vol. ٢٣, No. ١, ١٩٩١, pp. ١–٢١; Philippe C. Schmitter and Terry Lynn Karl, “What Democracy Is . . . and Is Not,” Journal of Democracy, Vol. ٢, No. ٣, ١٩٩١, pp. ٧٥–٨٨; Huntington, ١٩٩١.



٥ـ Guillermo O’Donnell and Philippe C. Schmitt, Transitions from Authoritarian Rule: Tentative Conclusions About Uncertain Democracies, Baltimore, Md.: The Johns Hopkins University Press, ١٩٩٦, p. ٩. Emphasis in the original.

٦ ـ بڵاوکراوەی زۆر لەمەڕ هاوکۆکی ئیسلام لەگەڵ دیموکراسیدا هەیە، کە دەکەوێتە دەرەوەی باسی ئەو بەشەی ئێمە. ئەو بەشە شیکردنەوەی ئەو ڕێگایانە دەگرێتە ئەستۆ کە کۆششەکانی چاکسازی سیاسی بۆی هەیە ڕوونی بکاتەوە، نەك ئایا دیموکراسی بە درێژایی هەرێمەکە بەردەوامە لەسەر بنکەیەکی هەمیشەیی، بۆ گفتوگۆی زیاتر لەسەر ئەم پرسە، بڕوانە:

Huntington, ١٩٩١, especially pp. ٣٠٧–٣١١; John L. Esposito and John O. Val, Islam and Democracy, New York: Oxford University Press, ١٩٩٦; Meting Helper, “Islam and Democracy in Turkey: Toward a Reconciliation?” Middle East Journal, Vol. ٥١, No. ١, ١٩٩٧, pp. ٣٢–٤٣; Roy P. Mottahedeh and Mammon Fancy, “The Islamist Movement: The Case for Democratic Inclusion,” in Gary G. Sick and Lawrence G. Potter (eds.), ThePersian Gulf at the Millennium, New York: St. Martin’s Press, ١٩٩٧; Glenn E. Robinson, “Can Islamists Be Democrats? The Case of Jordan,” Middle East Journal, Vol. ٥١, No. ٣, ١٩٩٧, pp. ٣٧٣–٣٨٧.

٧ـ A National Security Strategy for a Global Age, Washington, D.C.: The White House, December ٢٠٠٠, pp. ١–٤.

٨ـ ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوکراوەی (Federalist Paper No. ١٠) ، کە گفتوگۆی ئەوە دەکات، جیهانی دیموکراسی پارێزگاری دەکات لە دروستبوونی تایفەگەری، بڕوانە:

Seymour Martin Lip set, Political Man, Garden City, N.Y.: Doubleday, ١٩٦٠.

٩ ـ بۆ پێداچوونەوەیەکی باشتر لەسەر بڵاوکراوەی زیاتر لەسەر ئەو بابەتە، بڕوانە:

Michael E. Brown, Sean Lynn-Jones, and Steven E. Miller (eds.), Debating the Democratic Peace, Cambridge, Mass.: MIT Press, ١٩٩٦.

١٠ ـ Edward D. Mansfield and Jack Snyder, “Democratization and the Danger of War,” International Security, Vol. ٢٠, No. ١, ١٩٩٥, p. ٦.

١١ـ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت، ڕادەیەکی فراوانی خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزەرانی کۆمەڵایەتییان خوڵقاندووە بۆئەوەی ئەو سامانە بەسەر دانیشتوانی گشتی دابەشبکەن، بە دابینکردنی چاودێری تەندروستی، پەروەردە و دابینکردنی کار بۆ هاوڵاتیان. ئەو وڵاتانەی کە پشت بە گواستنەوەی دراوی کرێکاران دەبەستن بۆی هەیە نەتوانن هەمان خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن، چونکە دراوی گوازراوە ڕاستەوخۆ بۆ تاکەکان دەگوازرێتەوە نەك بۆ دەوڵەت. لەگەڵ ئەوەشدا، گواستنەوەی ناڕاستەوخۆی سامانی نەوت وایکردووە کە ئەم وڵاتانەش زۆر لە پێکهاتووەکانی باج هەڵبوەشێننەوە، و وایان لێبکات بە هەمان شێوە پشت بە کرێی دەرەکی ببەستن. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کاریگەری داهاتی نەوت و گواستنەوەی دراوی کرێکاران، بڕوانە: Cauchy, ١٩٩٧..

١٢ ـ بڕوانە: Cauchy, ١٩٩٧, p. ٢٩٥.

١٣ـ بۆ نموونە، سعودیا لە ساڵی ١٩٨٠ دا، لە داهاتەکانی هەناردنی نەوت زیاتر لە ٢٢٣ بلیۆن دۆلاری دەستکەوت، بەڵام پێشبینی بۆ ساڵی ٢٠٠٣ تەنها گەیشتە ٥٣,٨ بلیۆن دۆلار. ئاماری وڵاتەکانی دیکە وەها خراپ نییە، بەڵام هێشتا دابەزینی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، لە ٤٠,١ بلیۆن دۆلار بۆ ١١,٨ بلیۆن دۆلار لە کوێت، ١١,٤ بلیۆن دۆلار بۆ ٧,١ بلیۆن دۆلار لە قەتەر، و ٤٠,٣ بلیۆن دۆلار بۆ١٧,٧ بلیۆن دۆلار لە ئیمارات. هەموو ژمارەکان بە گوێرەی نرخی پێوانەیی ساڵی ٢٠٠٠ بەدۆلار هاتووە.

United States Department of Energy, Energy Information Administration, OPEC Revenues Fact Sheet, at http ://www.eia.doe.gov/emeu/cabs/opecrev.html, accessed June ٢٠٠٣.

١٤ـ ئەم دابەزینانە هەروەها بەهۆی زیادبوونی گەشەی دانیشتوانەوەش بووە، لە باسی داهاتوودا گفتوگۆی لەسەر کراوە. هەموو ژمارەکان بەگوێرەی نرخی پێوانەیی ١٩٨٥ بە دۆلار دانراون. داتاکان لە خشتەی (Penn World) وەرگیراون، لەم سایتە دەست دەکەوێت:

http://datacentre.chass.utoronto.ca:٥٦٨٠/pwt/index.html, accessed June ٢٠٠٣.

١٥ ـ ئەم بەشە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێ بە:

By man and Green, ١٩٩٩, pp. ١٢–١٤.

١٦ ـ Byman and Green, ١٩٩٩, pp. ١٥–٢٢.



١٧ـ مەغریب بارێکی هەڵاوێژراوی ئەو بەگشتیکردنەیە، بڕوانە:

Guilain Denoeux, “The Politics of Morocco’s ‘Fight Against Corruption,’” Middle East Policy, Vol. ٧, No. ٢, ٢٠٠٠, pp. ١٦٥–١٨٩.

١٨ـ پەرلەمانی بەحرێن نوێترینی ئەو دەستەیەیە، هەڵبژاردن و خولی کردنەوەیان لە ساڵی ٢٠٠٢ ئەنجامدا. بڕوانە:

Howard Schneider, “Bahrain’s New King Sets Date for Vote,” Washington Post, February ١٥, ٢٠٠٢; “Bahrain: First Parliament Session in Three Decades,” New York Times, December ١٤, ٢٠٠٢.

١٩ـ دەسەڵاتی دادوەری لەقەتەر تارادەیەك بە سنووورداری دەمێنێتەوە، چونکە ئەمیر دەبوو بە بڕیارەکان ڕازیبێ ئینجا ئەو بڕیارانە کاریگەر دەبن. دەستووری وڵات کە بە نزیکەی ٩٧٪ دەنگی لەسەردرا، چەند بەندێکی دەربارەی ئازادی ڕادەربڕین، کۆمەڵەکان، و ئایینی لە نێوان هی دیکە تێدایە.

“Qatar: Vote on Constitution,” New York Times, April ٢٩, ٢٠٠٣; Paul Martin, “Qataris Vote for Greater Freedom,” Washington Times, April ٢٠, ٢٠٠٣.

٢٠ ـ Abdo Baaklini, Guilain Denoeux, and Robert Springborg, Legislative Politics in theArab World, Boulder, Colo.: Lynne Rienner, ١٩٩٩, p. ٥.

٢١ ـ Backline et al., ١٩٩٩, pp. ٤٧–٦١.

٢٢ ـBackline et al., ١٩٩٩, pp. ٣٠–٣١.

٢٣ ـ Backline et al., ١٩٩٩, pp. ٦٣–٧٥.

٢٤ ـBackline et al., ١٩٩٩, p. ١٥٥.

٢٥ ـ Backline et al., ١٩٩٩, pp. ١١١–١٣٢ on Morocco and pp. ١٣٣–١٦٨ on Jordan.

٢٦ـ عومان هەڵبژاردنی بۆ ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ئەنجامدا بەڵام تەنها بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوان. دواتر سوڵتان بڕیاردەدا کە کامە لە پاڵێوراوان ئەنجوومەنەکە وەردەگرن.

Abdullah Juma al-Haj, “The Politics of Participation in the Gulf Cooperation Council States: The Omani Consultative Council,” Middle East Journal, Vol. ٥٠, No. ٤, ١٩٩٦, pp. ٥٥٩–٥٧١.

٢٧ـ بۆ شیکردنەوەیەك لەسەر پێکهێنانی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری سعوودیای عەرەبی، بڕوانە:

R. Hrair Dekmejian, "Saudi Arabia's Consultative Council," Middle East Journal, Vol. ٥٢, No. ٢, ١٩٩٨, pp. ٢٠٤–٢١٨.

٢٨ ـ Dekmejian, ١٩٩٨, p. ٢١٧.

٢٩ـ خانەی ئازادی، ئەمیری قەتەری بە سەرکردەیەك وەسف کردووە کە زۆر تێکۆشاوە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری.

Freedom in the World ١٩٩٩–٢٠٠٠, New York: Freedom House, ٢٠٠٠, p. ٣٩٧.

٣٠ ـ Freedom in the World ١٩٩٩–٢٠٠٠, p. ١٧٥.

٣١ـ تاکە گروپ کە بە بەردەوامی مۆڵەتپێدانی ڕەتکرابێتەوە بۆ پێکهێنانی پارتی سیاسی، بریتییە لە گروپی ئیسلامی کە بەرهەڵستی ڕەوایەتی دەوڵەتی ئوردن دەکا.

Laurie Brand, "'In the Beginning Was the State . . .': The Quest for Civil Society in Jordan," in A. R. Norton (ed.), Civil Society in the Middle East, Volume ١, Leiden, Netherlands: E. J. Brill, ١٩٩٥, pp. ١٦٢–١٦٣.

٣٢ـ مەغریب بریتییە لە بارێکی بەدەر لەم بەگشتیکردنە: پارتە سیاسییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە دەسەڵاتی یاسادانانی مەغریب دەبینن، و داهاتی بەرچاو وەردەگرن بۆ پاڵپشتیکردنی کارەکەیان. Baaklini et al., ١٩٩٩, pp. ١١٧–١٢١.

٣٣ ـ Baaklini et al., ١٩٩٩, pp. ٤٧–٤٩.

٣٤ ـ Saad Eddin Ibrahim, "Civil Society and Prospects of Democratization in the Arab World," in A. R. Norton (ed.), Civil Society in the Middle East, Volume ١, Leiden, Netherlands: E. J. Brill, ١٩٩٥, pp. ٤٠–٤١.

٣٥ـ مەغریب بە ڕادەیەکی زۆر بەدوای ئەم سیاسەتە کەوتووە، بڕوانە:

Daniel L. Byman, "Explaining Ethnic Peace in Morocco," Harvard Middle Eastern and Islamic Review, Vol. ٤, Nos. ١–٢, ١٩٩٧–١٩٩٨, especially pp. ١٥–١٧ and ٢٢; Baghat Korany, "Monarchical Islam with a Democratic Veneer: Morocco," in Baghat Korany, Rex Brynen, and Paul Noble (eds.), Political Liberalization & Democratization in the Arab World: Volume ٢, Comparative Experiences, Boulder, Colo.: Lynne Rienner, ١٩٩٨, pp. ١٧٤–١٧٥.



٣٦ ـ Ibrahim, ١٩٩٥, p. ٤١.

٣٧ـ Augustus Richard Norton, "Introduction," in A. R. Norton (ed.), Civil Society in theMiddle East, Volume ١, Leiden, Netherlands: E. J. Brill, ١٩٩٥, p. ٧.

٣٨ـ توێژینەوەیەك گفتوگۆی ئەوە دەکا کە کارە تیۆرییەکان و بەڵگە ئەزموونییەکان " بە توندی مشتومڕ لەسەر گرنگی دیموکراسی جێگیر و چەسپاوی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ڕێکخراوی سەربەخۆ و فرەیی و چالاك، دەکەن، کە دەتوانێ دەسەڵاتی دەوڵەت سنووردار بکا، لە هەمانکاتدا کەناڵی دیکە بۆ ڕاگەیاندن و پراکتیزەکردنی بەرژەوەندییە دیموکراسیەکان دابین دەکا. ژیانێکی دەوڵەمەند بە دامودەزگا دەتوانێ ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان بکاتە هاندەر لەبەشداری سیاسی، زیادکردنی لێهاتوویی هاولاتیان، ئەندامگیری و ڕاهێنانی سەرکردە سیاییەکان، و پتەوکردنی پابەندبوون بە سیستەمی دیموکراتی".

Larry Diamond, Juan J. Linz, and Seymour Martin Lipset, "Introduction: Comparing Experiences with Democracy," in Larry Diamond, J. J. Linz ,and Seymour Martin Lipset (eds.), Politics in Developing Countries, Boulder, Colo.: Lynne Rienner, ١٩٩٠, p. ٢١

٣٩ـ چەند شارەزایەك تێبینی ئەوەیان کردووە کە بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بارودۆخێکی گرنگە بەڵام کاریگەر نییە بۆ سەرکەوتووانە گوێزرانەوە بەرەو دیموکراسی.

Augustus Richard Norton, "Introduction," in A. R. Norton (ed.), Civil Society in the Middle East, Volume٢, Leiden, Netherlands: E. J. Brill, ١٩٩٦, p. ٦; Philippe C. Schmitter, "Civil Society East and West," in L. Diamond, M. F. Plattner, Y.-h. Chu, and H.-m. Tien (eds.), Consolidating the Third Wave Democracies: Themes and Perspectives, Baltimore, Md.: The Johns Hopkins University Press, ١٩٩٧, p. ٢٤٢.

٤٠ ـ Diamond, Linz, and Lipset, ١٩٩٠, p. ٢٣.

٤١ـ نموونەی ئەو ڕێکخراوە چالاکانە، کۆمەڵگەی دەرچووانی زانکۆ لە کوێت، یانەی کەلتووری جەشرا لە قەتەر، کۆمەڵەی پیشە کۆمەڵایەتییەکان لە ئیمارات دەگرێتەوە.

Ibrahim, ١٩٩٥, p. ٤٢.

٤٢ـ دەستکەوتنی داتا و زانیارییە نوێکان سەختە، بەڵام ئەو ئاراستەیەی ئەو زیادبوونە ڕوون دەکاتەوە لە ماوەی نۆهەتەکان بەردەوام بوو. ئیبراهیم گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکا کە چوار فاکتەر هاوبەشییان لەو گەشەکردنەی ژمارەی ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا کردووە: بە رادەیەکی زۆر پێداویستییە جێبەجێنەکراوەکانی تاك و کۆمەڵگاکان، دانیستوانی ڕۆشنبیری زۆر، داهاتی دارایی زۆری تاکەکان، و زۆری داهێنەرایەتی لە ڕێگەی پەناوپێچکردنی دەوڵەت. بڕوانە:

Ibrahim, ١٩٩٥, pp. ٣٩–٤٠.

٤٣ ـ Ibrahim, ١٩٩٥, p. ٤١.

٤٤ ـ Mustapha Kamel al-Sayyid, “The Concept of Civil Society and the Arab World,” in Rex Brynen, Baghat Korany, and Paul Noble (eds.), Political Liberalization &Democratization in the Arab World: Volume ١, Theoretical Perspectives, Boulder, Colo.: Lynne Rienner, ١٩٩٥, p. ١٤٠.

٤٥ ـ Brand, ١٩٩٥, pp. ١٦٥–١٦٧; F. Gregory Gause III, Oil Monarchies, Domestic andSecurity Challenges in the Arab Gulf States, New York: Council on Foreign Relations Press, ١٩٩٤, p. ٨٧; Neil Hicks and Ghanim al-Najjar, “The Utility of Tradition: Civil Society in Kuwait,” in A. R. Norton (ed.), Civil Society in the Middle East, Volume ١, Leiden, Netherlands: E. J. Brill, ١٩٩٥, p. ١٩٥; Ibrahim, ١٩٩٥, p. ٤١.

٤٦ ـ Brand, ١٩٩٥, p. ١٦٧; Sara Roy, “Civil Society in the Gaza Strip: Obstacles to Social Reconstruction,” in A. R. Norton (ed.), Civil Society in the Middle East, Volume ٢, Leiden, Netherlands: E. J. Brill, ١٩٩٦, p. ٢٣٥.

٤٧ـ کۆرپۆراتیزم پێناسەکراوە وەك نوێنەرایەتیکردنی هاوبەشەکان بە جۆرێك کەیەکە پێکهێنەرەکان لە ژمارەی دیاریکراوی کەس ڕێکخراوە، تیایدا ناچاری، نە بوونی پێشبڕکێ، و تایبەتمەندێتی لە ئەرك، خەسڵەتەکانی ئەم سیستەمە پێکدەهێنن. لەلایەن حکومەتەوە دانیانپێنراوە یا مۆڵەتیان پێدراوە (ئەگەر خۆی دروستی نەکردبن) و تاکڕەویی لە نوێنەرایەتی ئەنقەستانە لە نێو پۆلە تایبەتییەکەیان بۆ دابینکراوە بەرامبەر بە چاودێریکردنی کۆنترۆڵی دیاریکراو لەسەر هەڵبژاردنی سەرکردەکان و ڕاگەیاندنی داوا و پشتگیرییەکان. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کۆرپۆراتیزم و پلورالیزم، بڕوانە:

Philippe C. Schmitter, “Still the Century of Corporatism?” Review of Politics, Vol. ٣٦, No. ١, ١٩٧٤, pp. ٨٥–١٣١. Quote from pp. ٩٣–٩٤.



٤٨ـ بۆی هەیە ئەمە ستراتیژیەتێکی ترسناك بێت، چونکە گروپە ڕەسمییەکان لەوانەیە بە تێپەڕبوونی کات بەرژەوەندییەکانی خۆیان پێشبخەن. کەچی لە گۆشەنیگای حکومەتەوە، ئەو ستراتیژیەتە بۆی هەیە کەمتر ترسناك بێت وەك لەوەی ڕێگە بە گروپە سەربەخۆکان بدات کە بەرژەوەندییەکانیان و ئارەزوو و داواکانیان ڕابگەیەنن.

Jill Crystal, “Negotiating with the State: Political Dialogue in the Arabian Gulf,” in P. Salem (ed.), Conflict Resolution in the Arab World: Selected Essays, Beirut: American University of Beirut, ١٩٩٧, p. ٢٦٥.

٤٩ ـ Abraham, ١٩٩٥, p. ٤١.

٥٠ ـ Freedom House, ٢٠٠٠, pp. ٢٧٩–٢٨٠, ٣٩٧–٣٩٨, and ٥٠٦.

٥١ ـ World Report ٢٠٠١, New York: Human Rights Watch, ٢٠٠٠, p. ٣٥٢. See also individual country reports in Freedom House.

٥٢ـ هەروەها بڕوانە:

Jon B. Alterman, New Media, New Politics? From Satellite Television to the Internet in the Arab World, Washington, D.C.: The Washington Institute for Near East Policy, ١٩٩٨.

٥٣ـ بۆ درێژەی باسەکە، بڕوانە:

Nathan J. Brown, The Rule of Law in the Arab World, Cambridge, Mass.: Cambridge University Press, ١٩٩٧; and individual country reports in Freedom House.

٥٤ ـ Frank E. Vogel, “Islamic Governance in the Gulf: A Framework for Analysis, Comparison and Prediction,” in Gary G. Sick and Lawrence G. Potter (eds.), The Persian Gulf at the Millenium, New York: St. Martin’s Press, ١٩٩٧, p. ٢٧٦. Iran also has a separate court system for crimes committed by clerics, which contains no right of appeal and falls under the direct control of the supreme leader. Wilfried Buchta, WhoRules Iran? Washington, D.C.: The Washington Institute for Near East Policy and the Konrad Adenauer Stiftung, ٢٠٠٠, pp. ٩٧–٩٨.

٥٥ـ ئەم تاکتیکە بەتایبەتی لە میسر باوە، بڕوانە:

Brown, ١٩٩٧, pp. ١١٤–١١٦.

٥٦ ـ Brown, ١٩٩٧, pp. ١٢١–١٢٨, ٢١٨–٢٢٠, and ٢٤٣.

٥٧ ـ Brown, ١٩٩٧, p. ١٩٥.

٥٨ ـ Brown, ١٩٩٧, pp. ١٨٩ and ٢٣٦–٢٣٨.

٥٩ـ بۆ چاوخشاندنێکی گشتی دەربارەی هەوڵەکانی چاکسازی سیاسی میسری لە شەستەکانەوە تا نۆهەتەکان، بڕوانە:

Baghat Korany, “Restricted Democratization from Above: Egypt,” in Baghat Korany, Rex Brynen, and Paul Noble (eds.), Political Liberalization & Democratization in theArab World: Volume ٢, Comparative Experiences, Boulder, Colo.: Lynne Rienner, ١٩٩٨, especially pp. ٤٦–٥٤.

٦٠ ـ Baaklini et al., ١٩٩٩, pp. ٢٢٣–٢٢٤; Freedom House, p. ١٧٥; Korany, “Restricted Democratization from Above: Egypt,” ١٩٩٨, p. ٥١; Amy B. Hawthorne, “Egyptian Elections: Rumblings of Change, but NDP Dominance Maintained,” Policywatch ٥٠٦, Washington, D.C.: The Washington Institute for Near East Policy, ٢٠٠٠.

٦١ـ (NDP) لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی یاسادانانی ساڵی ٢٠٠٠ لە کۆی ٤٤٤ کورسی، ٣٣٨ کورسی بەدەستهێنا، لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٥ یش ٤١٧ کورسی بەدەستهێنا، بەڵام هێشتا بڕیارەکان بۆخۆی دەردەکا بۆ دڵنیابوون لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کە لەداهاتوودا ئەنجامدەدرێت.

Mustapha K. al-Sayyid, “A Civil Society in Egypt?” in A. R. Norton (ed.), Civil Society in the Middle East, Volume ١, Leiden, Netherlands: E. J. Brill, ١٩٩٥, pp. ٢٧٥–٢٧٦; Hawthorne, ٢٠٠٠; Andrew Hammond, “Egypt Gains Another Political Party, Which Looks More Like the Government Than the Opposition,” The Washington Report on Middle East Affairs, Vol. ١٩, No. ٤, ٢٠٠٠, pp. ٣٥–٧٤; Andrew Hammond, “Though Nominal Winner, Egypt’s Ruling NDP Party Embarrassed in Parliamentary Elections,” The Washington Report on Middle East Affairs, Vol. ٢٠, No. ١, ٢٠٠١, p. ٣١.



٦٢ ـal-Sayyid, “A Civil Society in Egypt?” ١٩٩٥, pp. ٢٨٢–٢٨٤ and ٢٩٠.

٦٣ـ وەك لەسەرەوە لە گفتوگۆ لەسەر کۆرپۆراتیزم تێبینیکرا، دزەکردنی دەوڵەت بۆ نێوگروپەکان بۆی هەیە سەربەخۆییان کەم بکاتەوە، بەڵام پەیوەندی نزیکیان بە حکومەتەوە دەتوانێ تواناکانیان چاکتر بکات بۆ دۆزینەوەی بیرۆکراتیەتی حکومەت و سەرەڕای کەمکردنەوەی هەلی شیکردنەوە و داخستنیان لەلایەن حکومەتەوە.

Korany, “Restricted Democratization from Above: Egypt,” ١٩٩٨, p. ٦١.

ئاشکرا نییە کە ئەو دزەکردنانە بەشێکن لە ستراتیژیەتی بەرنامەداری حکومەت، یا ئایا ڕوودەدا کە زۆر لە کرێکاری مەدەنی سەر بە زۆر لەو ڕێکخراوە مەدەنییانە بن.

٦٤ـ حکومەت سەرنووسەری سێ ڕۆژنامەی گەورە دیاری دەکا، و تاکڕەوی لە چاپکردن و دابەشکردنی ڕۆژنامەکانیش دەکات.

Mamoun Fandy and Dana Hearn, “Egypt: Human Rights and Governance,” in P. J. Magnarella (ed.), Middle East and North Africa: Governance, Democratization, Human Rights, Aldershot, UK: Ashgate, ١٩٩٩, pp. ١١٣–١٢١; Freedom House, ٢٠٠٠, p. ١٧٦; Farhad Kazemi and Augustus Richard Norton, “Hardliners and Softliners in the Middle East: Problems of Governance and the Prospects for Liberalization in Authoritarian Political Systems,” in H. Handelman and M. Tessler (eds.), Democracy and Its Limits: Lessons from Asia,Latin America, and the Middle East, Notre Dame, Ind.: University of Notre Dame Press, ١٩٩٩, pp. ٨٤–٨٥.

٦٥ ـ Brown, ١٩٩٧, p. ١٢٨; Kazemi and Norton, ١٩٩٩, pp. ٨٣–٨٤.

٦٦ ـ Brown, ١٩٩٧, pp. ١١٤–١١٥; World Report ٢٠٠١, pp. ٣٧٢–٣٧٣.

٦٧ ـ Neil MacFarquhar, “Egypt Sentences Sociologist to ٧ Years in Quick Verdict,” NewYork Times, May ٢٢, ٢٠٠١; Howard Schneider, “Court Hands Scholar Jail Term for Defaming State; Pro-Democracy Think Tank Broken Up,” Washington Post, May ٢٢, ٢٠٠١.

٦٨ ـ Neil MacFarquhar, "Egyptian Court Frees Rights Advocate and Orders Retrial," NewYork Times, December ٤, ٢٠٠٢.

٦٩ ـ Eberhard Kienle, "More Than a Response to Islamism: The Political Deliberalization of Egypt in the ١٩٩٠s," Middle East Journal, Vol. ٥٢, No. ٢, ١٩٩٨, pp. ٢١٩–٢٣٥.

٧٠ـ برایانی موسوڵمان بنکەی پاڵپشتی بە هێنانی کاندیدەکانی خۆی کە لەئەنجومەنی سەندیکا سەرەکییەکان و کۆمەڵە پیشەییەکانەوە هەڵبژێردرابوون بەهێز کرد، بەمەش کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆی سیاسی بە گروپەکە بەخشی. Ibrahim, ١٩٩٥, p. ٤٢.

٧١ ـ Baaklini et al., ١٩٩٩, p. ٢٣٥.

٧٢ ـ World Report٢٠٠١, pp. ٣٧٢–٣٧٣.

٧٣ ـ Baaklini et al., ١٩٩٩, p. ٢٣٥; Fandy and Hearn, ١٩٩٩, p. ١٠٧.

٧٤ ـ Jon B. Alterman, "Egypt: Stable, but for How Long?" The Washington Quarterly, Vol. ٢٣, No. ٤, ٢٠٠٠, p. ١١٥.

٧٥ ـ Elaine Sciolino, Persian Mirrors, New York: The Free Press, ٢٠٠٠, pp. ٧٢–٧٣.

٧٦ ـ Buchta, ٢٠٠٠, pp. ٢–٥ and ٢٢–٥٧.

٧٧ـ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مێژوو و ئەرکەکانی ئەو پەرلەمانە، بڕوانە:

Bahman Baktiari, Parliamentary Politics in Revolutionary Iran, Gainesville, Fla.: University Press of Florida, ١٩٩٦

٧٨ ـ Buchta, ٢٠٠٠, pp. ٢–٥ and ٥٨–٦٤.

٧٩ـ ئەم پرۆسەی پشکنین و لێ وردبوونەوەیە بۆی هەیە زیاتر سنووردارکەر بێت بۆ کاندیدەکانی سەرۆکایەتی. لە ساڵی **١٩٩٧**، ئەنجوومەنی پارێزگاران لەکۆی **٢٣٨** کاندید تەنها ڕەزامەندی لەسەر چواریان نیشاندا بۆ سەرۆکایەتی، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٠٠ ئەنجوومەنەکە تەنها ١٠٪ ی کاندیدکراوەکانی پەرلەمانی ڕەتکردەوە.

Buchta, ٢٠٠٠, p. ٣١; Sciolino, ٢٠٠٠, p. ٢٩٦.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن، بڕوانە:

A. William Samii, "Iran's Guardians Council as an Obstacle to Democracy," Middle East Journal, Vol. ٥٥, No. ٤, Autumn ٢٠٠١, pp. ٦٤٣–٦٦٢.



٨٠ ـ Buchta, ٢٠٠٠, pp. ٢٧–٣٨.

٨١ ـ David Menashri, "Whither Iranian Politics? The Khatami Factor," in P. Clawson, M. Eisenstadt, E. Kanovsky, and D. Menashri, Iran Under Khatami, Washington, D.C.: The Washington Institute for Near East Policy, ١٩٩٨, p. ٤٣.

٨٢ـ دوو گرنگترین هاوپەیمانی خاتەمی بریتیبوون لە (غولام حوسێن کارباسکی و عەبدولڵا نووری)، پارێزگاری تاران و وەزیری ناوخۆ یەك لەدوای یەك. هەردووکیان درانە دادگا و دادگاییکران لەسەر چەندین جۆرە بەرپرسیارییەتییەك. ئەم دادگاییکردنانەش لە نزیکەوە لەلایەن خەڵکەوە تەماشا دەکرا لە سەرانسەری وڵاتدا، و گفتوگۆیەکی گەورەی لە نێو جەماوەردا وروژاند.

Buchta, ٢٠٠٠, pp. ١٣٩–١٤٣; Sciolino, ٢٠٠٠, pp. ٣٠٢–٣١٠.

٨٣ ـ Buchta, ٢٠٠٠, pp. ١٧٨–١٨٢; Sciolino, ٢٠٠٠, pp. ٢٩٤–٢٩٨ and ٣١٠.

٨٤ ـ Buchta, ٢٠٠٠, pp. ١٤٣–١٤٥ and ١٨٧–١٨٩; Sciolino, ٢٠٠٠, pp. ٢٤٩–٢٦٠.

٨٥ ـ Parliamentary leaders chose not to challenge the supreme leader on this issue, because they anticipated that the Council of Guardians would veto the bill in any case. World Report ٢٠٠١, pp. ٣٧٨–٣٨٠.

٨٦ ـ"Iran's Liberal Culture Minister Is Out, Dealing Blow to Reform," New York Times, December ١٥, ٢٠٠٠.

٨٧ ـ Kazemi and Norton, ١٩٩٩.

٨٨ـ ژمارەیەکی گەورەی پیاوانی ئایینی بڕوایان وایە کە پێکهاتەی سیاسی دەوڵەت پێویستی بەوە هەیە چاکسازی تێدابکرێ، بەڵام سەبارەت بە جۆری چاکسازییەکە ڕازی نابن کە دەبێ ئەنجامبدرێ. هەندێ بڕوایان وایە کە پیاوانی ئایینی دەبێ هەرهەموویان خۆیان لە سیاسەت بکێشنەوە، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە بڕوایان وایە کە پیاوانی ئایینی دەبێ کۆنترۆڵیان لەسەر پرسە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان هەبێت. زۆر لە پیاوە ئایینییەکان وای دەبینن کە خامەنائی شایستەی ئەوە نییە ببێ بە سەرکردەی باڵا، چونکە نەگەیشتووەتە پلەی ئایەتوڵڵای عوزما.

Buchta, ٢٠٠٠, pp. ٥٢–٥٥ and ٧٩–١٠١.

٨٩ ـ Neil MacFarquhar with Nazila Fathi, “Iran’s President Wins a New Mandate to Promote Reform,” New York Times, June ٩, ٢٠٠١; “Make Haste Slowly,” The Economist, June ١٦, ٢٠٠١.

٩٠ـ پرۆسەی چاکسازی لە نیسانی ١٩٨٩ دەستی پێکرد، دوای ئەنجامدانی کاری توندوتیژی کە بووە مایەی کەوتنەوەی پەشێوی و ئاژاوە لە بەشی باشووری وڵاتدا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەمە، بڕوانە:

Rex Brynen, “The Politics of Monarchical Liberalism: Jordan,” in Baghat Korany, Rex Brynen, and Paul Noble (eds.), Political Liberalization & Democratization in the Arab World: Volume ٢,Comparative Experiences, Boulder, Colo.: Lynne Rienner, ١٩٩٨, pp. ٨٠–٨٣; Marc Lynch, State Interests and Public Spheres, New York: Columbia University Press, ١٩٩٩, pp. ١٠٦–١٠٧.

٩١ ـ Brynen, ١٩٩٨, pp. ٧١ and ٧٥.

٩٢ ـ Lynch, ١٩٩٩, p. ١١٦.

٩٣ ـ Brand, ١٩٩٥, p. ١٤٩; Brynen, ١٩٩٨, pp. ٧٨–٧٩.

٩٤ ـ Brand, ١٩٩٥, pp. ١٦٠–١٦٣; Brynen, ١٩٩٨, p. ٨٥.

٩٥ ـ Brand, ١٩٩٥, pp. ١٧٦–١٧٨ and ١٨٤.

٩٦ ـ Brynen, ١٩٩٨, pp. ٧٦ and ٨٥.

٩٧ ـ Alan Sipress, “Jordan Breathes Sigh of Relief After Iraq War,” Washington Post, May ٦, ٢٠٠٣.

٩٨ ـ Brynen, ١٩٩٨, p. ٨٤; Freedom in the World ١٩٩٩–٢٠٠٠, p. ٢٦٣.

٩٩ ـ Brand, ١٩٩٥, pp. ١٨٠–١٨١.

١٠٠ ـ Brand, ١٩٩٥, p. ١٥١.

١٠١ـ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پەیوەندی نێوان داگیرکاری و چاکسازی سیاسی، بڕوانە:
Baaklini, Denoeux, and Springborg, ١٩٩٩, pp. ١٧٨–١٨٨; Jill Crystal and al-Shayeji, “The Pro-Democratic Agenda in Kuwait: Structures and Context,” in Baghat Korany, Rex Brynen, and Paul Noble (eds.), Political Liberalization & Democratization in the ArabWorld: Volume ٢, Comparative Experiences, Boulder, Colo.: Lynne Rienner, ١٩٩٨, pp. ١٠٥–١٠٦; Hicks and al-Najjar, ١٩٩٥, pp. ٢٠٠–٢٠٢; Mary Ann Tétreault, Stories of Democracy, New York: Columbia University Press, ٢٠٠٠.



١٠٢ ـ Baaklini, Denoeux, and Springborg, ١٩٩٩, pp. ١٨٨ and ١٩٦; Tétreault, Stories of Democracy, ٢٠٠٠, pp. ١٠١–١٢٣ and ١٧٠–١٧٢.

١٠٣ـ لە هەردوو هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٦ و ١٩٩٩، تەنها نیوەی خاوەن پلەکان هەڵبژاردنەکانیان بردەوە.

Ghanim Alnajjar, “The Challenges Facing Kuwaiti Democracy,” Middle EastJournal, Vol. ٥٤, No. ٢, ٢٠٠٢, pp. ٢٤٢–٢٥٨; Tétreault, Stories of Democracy, pp. ١٧٣–١٧٦.

١٠٤ـ ستاندەرەکانی هاوڵاتیبوونی کوەیتی زۆر توندە، داوا لە هاوڵاتیان دەکا کە بسەلمێنن خۆیان یان باپیرانیان بە بەردەوامی لە کوێت نیشتەجێ بوون لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ تا ١٩٦٠. لە ساڵی ١٩٩٢ تەنها ٨٢,٠٠٠ لە سەرجەمی ٨٠٠,٠٠٠ دانیشتوان مافی دەنگدانیان هەبوو. ئەو ژمارانە نزیکەی ملیۆنێك و ٢٠٠ هەزار هاوڵاتیانی بێگانەی نەگرتەوە کە لە کوێت دەژین.

Hicks and al-Najjar, ١٩٩٥, p. ١٩٠.

١٠٥ ـ Alnajjar, ٢٠٠٢, pp. ٢٤٥ and ٢٤٨; Mary Ann Tétreault, “Women’s Rights in Kuwait: Bringing in the Last Bedouins?” Current History, Vol. ٩٩, No. ٦٣٣, ٢٠٠٠, pp. ٢٧–٣٢. Kuwaiti courts have also refused to hear cases that address women’s rights to vote and run for office. “Kuwait: Women’s Rights Case Rejected,” New York Times, January ١٧, ٢٠٠١.

١٠٦ ـ Alnajjar, ٢٠٠٢, pp. ٢٤٧–٢٤٨; Crystal and al-Shayne, ١٩٩٨, pp. ١١٥ and ١٢١; Tétreault, Stories of Democracy, pp. ١١٤–١١٧.

١٠٧ ـ Ibrahim, ١٩٩٥, p. ٤٣.

١٠٨ـ بە شێوەیەکی گشتی کاندیدەکان ناتوانن هەڵبژاردن ببەنەوە بەبێ کۆبوونەوە لەگەڵ (دیوانییە) ی سەرەکی لە ناوچەکەدا.

Alnajjar, ٢٠٠٢, p. ٢٥٧; Ibrahim, ١٩٩٥, p. ١٩٩.

١٠٩ ـ Alnajjar, ٢٠٠٢, p. ٢٥٥.

١١٠ ـ Jill Crystal, “Civil Society in the Arabian Gulf,” in A. R. Norton (ed.), Civil Society inthe Middle East, Volume ٢, Leiden, Netherlands: E. J. Brill, ١٩٩٦, p. ٢٨٠; Tétreault, Stories of Democracy, ٢٠٠٠, p. ٢٠٠.

١١١ ـ Freedom in the World, ٢٠٠٠, p. ٢٨٠.

١١٢ـ لەسەر حەوت خاڵ، یەکێکیان زۆر ئازاد وحەوتیان کەمترین ئازادییان تیادا هەبوو، کوێت و ئوردن، هەردوکیان چواریان بەدەست هێنا لە ڕووی مافە سیاسییەکان. ئوردن بۆ ئازادییە مەدەنییەکان دیسان چواری بەدەستهێنا، لە کاتێکدا کوێت، میسر، لوبنان و ئیمارات پێنجیان وەدەستهێنا. نزیکەی هەموو وڵاتەکانی دیکەی ڕژێمەکە لە هەردوو ڕەهەندەکەدا شەش یان حەوتیان بەدەستهێنا.

Freedom in the World, ٢٠٠٠.

١١٣ ـ Crystal and al-Shayeji, ١٩٩٨, p. ١٢٣.

١١٤ـ هەروەها داوایەکی مەدەنی لە کانوونی دووەمی **١٩٩٠** تەسلیم کرا، بەڵام کاریگەرییەکی کەمی هەبوو، بۆ درێژەی ناوەرۆکی ئەو گلەییینامانە، بڕوانە:

Madawi al-Rushed, “God, the King, and the Nation: Political Rhetoric in Saudi Arabia in the ١٩٩٠s,” Middle East Journal, Vol. ٥٠, No. ٣, ١٩٩٦, pp. ٣٦٢–٣٦٣; R. Hrair Dekmejian, “The Rise of Political Islam in Saudi Arabia,” Middle East Journal, Vol. ٤٨, No. ٤, ١٩٩٤, pp. ٦٣٠–٦٣٥; Mamoun Fandy, Saudi Arabia and the Politics of Dissent, New York: St. Martin’s Press, ١٩٩٩, pp. ٥٠–٦٠.

١١٥ ـ al-Rasheed, ١٩٩٦, pp. ٣٦٣–٣٦٤; Vogel, ١٩٩٧, pp. ٢٧٨–٢٨٠.

١١٦ـ شا فەهد بۆ یەکەم جار ئەندامانی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری دیاری نەکرد تا ئابی **١٩٩٣**.

David E. Long, the Kingdom of Saudi Arabia, Gainesville, Fla.: University Press of Florida, ١٩٩٧, pp. ٥٠–٥٢.

١١٧ ـ Vogel, ١٩٩٧, p. ٢٨٠.

١١٨ ـ Dekmejian, ١٩٩٨; Fandy, ١٩٩٩, pp. ٣٩–٤١.



١١٩ـ سێ وڵاتەکەی دیکە بریتین لە عیراق، لیبیا، و سووریا. Freedom in the World.

١٢٠ ـ Freedom in the World, pp. ٤٢٢–٤٢٤; World Report ٢٠٠١, pp. ٤٠٢–٤٠٦; Rolin G. Mainuddin, “Democratization, Liberalization, and Human Rights: Challenges Facing the Gulf Cooperation Council,” in P. J. Magnarella (ed.), Middle East and North Africa:Governance, Democratization, Human Rights, Aldershot, UK: Ashgate, ١٩٩٩, pp. ١٣٦–١٣٧.

١٢١ ـ Catherine Taylor, “Saudi Arabia’s Quiet Voices of Reform Start to Speak Up,” ChristianScience Monitor, January ١٥, ٢٠٠٣; Robert Collier, “Saudis Take Small Step Towards Political Reform; Conservative Monarchy Opens Ears for Criticism,” San FranciscoChronicle, January ٢٨, ٢٠٠٣; Kim Murphy, “Saudis Take the Slow Road,” LosAngeles Times, April ٩, ٢٠٠٣.

١٢٢ ـ Michael Dobbs, “Reform with an Islamic Slant,” Washington Post, March ٩, ٢٠٠٣.

١٢٣ـ هەندێ مەزەندەکرن هەبوو کە عەبدوڵڵا لەبەرئەوە ڕایەکەی گۆڕیوە، چونکە سەرۆك بۆش سێ ڕۆژ بەر لە دەستپێکردنی لوتکەکە داوای زیاتری بە دیموکراتیبوونی کرد، و عەبدوڵڵاش نەیویست دەستپێشخەرییەکەی وەك کاردانەوەیەکی فشاری ویلایەتە یەکگرتووەکان لێکبدرێتەوە.

James Drummond and Roula Khalaf, “Unity Hides Hope Saddam Will Leave and Spare Area a War,” Financial Times (London), March ٣, ٢٠٠٣.

١٢٤ ـ Patrick E. Tyler, “Saudis Plan to End U.S. Presence,” New York Times, February ٩, ٢٠٠٣.

١٢٥ ـ Collier, ٢٠٠٣; Murphy, ٢٠٠٣; Brian Whitaker, “Saudi King Agrees to Human Rights Panel,” The Guardian (London), May ٨, ٢٠٠٣.

١٢٦ ـ Collier, ٢٠٠٣; Murphy, ٢٠٠٣; Brian Whitaker, “Saudi King Agrees to Human Rights Panel,” The Guardian (London), May ٨, ٢٠٠٣.

١٢٧ ـ Murphy, ٢٠٠٣.

١٢٨ ـ Tyler, ٢٠٠٣.

١٢٩ـ ئەو ڕکابەرانە بریتین لە ئەمیر نایف بن عەبدولعەزیز، وەزیری ناوخۆ و سوڵتان بن عەبدولعەزیز، وەزیری بەرگری. Tyler, ٢٠٠٣.

١٣٠ ـ Murphy, ٢٠٠٣.

١٣١ ـ Carol Morello and Emily Wax, “Hussein’s Fall Bolsters Middle East Reformers,” Washington Post, April ١٣, ٢٠٠٣; David Lamb
"بۆی هەیە عەرەبەکان عیراق، وەك زەنگێکی ئاگادارکەرەوە ببینن".
Los Angeles Times, April ٣٠, ٢٠٠٣; David R. Sands, “Qatar Says Iraq Will Be Democracy Test Case,” Washington Times, May ١٠, ٢٠٠٣.

# بەشی سێیەم

ئالان ریچاردس

## چاکسازی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات

زۆربەی توێژەرانی جیهانی ئابووری، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[1] بە هەرێمێکی لەدەستچوو یا ونبووی جیهان وێنە دەکێشن کە زۆر لە دواوەی زۆربەی هەرێمە گەورەکانی دونیا دێت[2]. ئەگەر لە داهاتوو ڕامێنین، ئەو بەرهەڵستییانەی دووچاری ناوچەکە دەبنەوە، گەلێ دژوار دێنە بەرچاو، لە کاتێکدا کاردانەوەی سیاسی لەوەدەچێ هەر بە سنوورداری بمێنێتەوە. ئەگەر هەنگاوە جێبەجێکارییەکانی هەرێمەکەش لەگەڵ شوێنانی دیکە یا لەگەڵ توندی ئەو دژوارییانەی ململانێی ناوچەکە دەکەن بەراورد بکەین، کەلێنێکی کەمی گەشبینی دەمێنێتەوە. کزبوونی باری ئابووری دەبێتە مایەی لاوازکردنی ڕەوایەتی ڕژێمەکان و تەنانەت لە هەندێ باردا توانای بەڕێوەبردنیش بێهێز دەکات. بەڕاستی کێشەکە سەختە، چونکە ئابووری سست و لاواز ناتوانێ هەلی گونجاوی کارکردن بۆ تەوژمی فراوانی لاوان دابین بکا کە عەوداڵی دۆزینەوەی کارن. تێکەڵبوونی بێ توانایی ڕژێم و بەرزبوونەوەی ڕادەی بێ کاری و هەژاری، سەرەڕای زۆری ڕێژەی دانیشتوانی لاو، لە ڕووی سیاسییەوە بارودۆخەکە زیاتر شلۆق دەکات.

لە هەمان کاتدا لەو پێنج تا دەساڵەی دواییدا سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی گۆڕانی گرنگی بەخۆوە بینیوە. بەتایبەتی ئەگەر ئەم گۆڕانانە بە ئەگەری سوودوەرگرتن لە هەمەچەشنی پێشکەوتنی دانیشتوانەوە گرێبدرێن، گۆشەنیگایەکی هیوابەخش بە دەستەوە دەدەن. لە تێڕوانینی دەستەبژێری فەرمانڕەوا نێوخۆییەکان، ئەم گرفتانە بۆی هەیە کارەساتباربن بەڵام دژوار نین.



بەلای کەمی بۆ ماوەی دەیەیەك گەلێ گرفتی ئابووری دژوار دووچاری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونەتەوە. لە هەموو بارێکیشدا کێشەکان سەخت بوون و مەترسی گەورەیان بۆ سەقامگیری ڕژێمەکان (بەدەر لە جەزائیر) دروستکردووە. هەرچەندە ژیانی زۆربەی لاوان لە ناوچەکەدا بەهۆی بێ توانایی خۆیان بۆ دەستکەوتنی کار لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، بەڵام تا ئێستا ئاکامی سیاسییانەی زۆربەی حکومەتەکان بە هۆی گریمانەی "سەرکەوتن بەبێ بوونی هیچ جۆرە ڕێکخستنێك بۆ گۆڕینی سیاسەتی ئابووری" بەڕێوە چووە.

بەرگەگرتنی ئەو جێگیریە جێگەی گومانە، بەتایبەتی زیادبوونی ئەو فشارەی کە لەخوارەوەدا باسکراوە، بۆی هەیە کاریگەرییەکی کەڵەکەبووی هەبێ. سیاسەتی ئابووی گۆڕانی بەسەردا هاتووە- بەڵام ئەو گۆڕانانە ئاستی بژێوی بەرزنەکردووەتەوە ـ بۆی هەیە گومانیش دروست ببێ دەربارەی بەردەوامبوونی ئەو گەشە سنووردارەی کە ڕوویداوە. بەڵگەکان لە سەرچاوەکانی وەك بانکی جیهانی، بە توندی ئاماژە دەکەن کە گرفتەکانی داتەپینی بارودۆخ لە ناوچەکەدا کاریگەرییێکی توندی هەیە، زیادبوونی داهاتی تاك بەم دواییانە بۆی هەیە تەواو خەیاڵی بێت. کاتێ سنوورو بەندەکانی ژینگە دێتە ناوەوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە سەرچاوەکانی ئاوەوە هەیە، بۆی هەیە ئەو گرفتانەی دووچاری هەرێمەکە دەبنەوە لە بواری (کاتی) مامناوەند، گەلێ ترسناك بن.

هەرچەندە دەستەبژێرانی هەرێمەکە ماوەیەکی درێژە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا سەپاندووە بەڵام مانای ئەوە نییە هەر بەردەوام دەبن. گۆڕانە ئاسانەکان (گشتی، بودجە و ئابووری هەمووەکی* (اقتصاد کلی) بە شێوەیەکی

---

* ئابووری هەمووەکی (اقتصاد كلي ـ **Macro Economic**): ئەو بەشەیە لە بیروڕای ئابووری کە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوە ئابوورییە هەمووەکییەکان دەدات، کە گرنگترینیان: داهاتی نەتەوە،خەرجی بەکاربردنی هەمووەکی، وەبەرهێنانی هەمووەکی، کارپێکردنی تەواو، بڕی پارە، ئاستی گشتی تێکڕای نرخ،=

نموونەیی جێبەجێکراون، کەچی بێکاری و نزمی ئاستی بژێوی تا ئێستا بەردەوامن. وەك کاردانەوەیەك بۆ ئەم بارودۆخە گەلێك لایەن لەوانە بانکی نێودەوڵەتی، پشتگیری لە گۆڕانی قووڵتر دەکەن. بۆی هەیە کە ئەم کارانە ئاکامی خواستراو یا نەخواستراوی لێ بە ئاکام بێ، بە هەرحاڵ، ئەم گۆڕانانە ململانێی زیاتر دەسەپێننە سەر نەریتی کۆنباوی فەرمانڕەواییکردن. بە شێوەیەکی گشتی پشتبەستنی تەواو بە سەروەری یاسا مەترسی دەخاتە سەر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی دەوڵەت و پشتگوێخستنی کارکردنی کەرتی گشتی، هەمیشە وتوێژی زیاتری لەگەڵ بریکارەکانی کەرتی تایبەت لێدەکەوێتەوە. جێگای سەرسوڕمان نییە کە ئەو گۆڕانانە زۆر بە توندی داکۆکی بکرێن، بەڵام جێگای گومانە کە بتوانرێ بەبێ گۆڕانی سیاسی ڕیشەیی جێبەجێبکرێن.

لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا چەند کۆدەنگییەك هاتۆتە ئاراوە، کە سیاسەتی ئابووری دەبێ گونجاو بێ بۆ بەرەپێشچوونی بەڕێوەبردنی ئابووری، لەوەشەوە گەشەی داهاتەکان بەدەستبێنێتەوە و کار دابین بکات. ئەم تێڕوانینە ئاماژە بەوە دەکات، تەنها باڵادەستی کەرتی تایبەت و ستراتیژیەتی پێشکەوتنی ئابووری ئاراستەکراو بۆ ناردەنی، دەرفەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی دەبێ کە دووچاری ناوچەکە دەبێتەوە. ئەم کۆدەنگییە زۆر بە چاکی لەلایەن بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF) ڕاگەیەنراوە[٣]. هەروەها گەلێ پشتیوانی دیکەی هەیە بە تایبەتی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەکادیمیای ئەمەریکی و ئەنجومەنی شارەزایان. ناوەڕۆکی سەرەکی ئەو کۆدەنگییەی واشنتۆن بریتییە لە

=تەرازووی پێدانە. ئامانجی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە لێکدانەوەی ئەو هۆیانەیە کە بەهای گۆڕاوە هەمووەکیەکان و تێکڕای گۆڕان تیایدا لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە دەستنیشان دەکەن، هەروەها مەبەستی شیکرنەوەی ڕۆڵی خەرجی میری و باجەکان و ڕامیاری نەختینەیە لە دەستنیشانکردنی ئاستی گشتی چالاکی ئابووری، واتە ئاستی داهاتی نەتەوە و کارپێدان و ... تاد (وەرگێڕ).



هاوسەنگی بودجەی حکومەت، و نزمی هەڵاوسانی* دارایی، دیاریکراوی نرخی بازاڕ**، و پشتگوێخستنی ڕێکخستنی ڕاستەوخۆ و چەندایەتی حکومەت.

تا ئێستا هیچ سیاسەتێکی بڕواپێهێنەری تۆکمە وەك ئەوەی کۆدەنگییەکەی واشنتۆن بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئارادا نییە. بەڵام دوو ڕوونکردنەوە شایانی ئەوەن تیشکیان بخرێتە سەر. یەکەمیان، چەند هۆکارێك هەن مەترسی نوشوستی هێنانی لێدەکرێ، هەرچەندە ڕێکەوتنامەی واشنتۆن باشترین ستراتیژیەتی ئێستایە، بە تایبەتی بۆ نەتەوە زۆر هەژارەکان و وڵاتە دەوڵەمەندەکانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو (GCC). بەڵام لەوانەیە ئەوەندە گونجاو نەبێت کە گرنگی و قەبارەیەکی گەورە بە ململانێ و هەندێ دیاردەی تایبەتی سیاسی و ئابووری هەرێمەکە ببەخشێت. دووەم، هەروەها ستراتیژییەکە لە هەندێ وڵاتی دیکەی هەرێمەکە ڕووبەڕووی تەگەرەی گەورە دەبێتەوە کە تیایدا بۆی هەیە ستراتیژییەکە بە شێوەیەکی پەسەندکراوتر کاربکات.

دەبێ ئاماژەش بەوە بکرێ کە داتەپینی باری ئابووری، ڕاستەوخۆ نابێتە هۆی دروستبوونی کارەساتی سیاسی. تا ئێستا هیچ کۆدەنگییەك لە ئارادانییە کە چۆن ئەو بەرهەڵستییە قووڵانە دەبنە هۆکاری هەڕەشە کردن لە ڕژێمەکانی ئێستا. هەرچەندە دژواربوونی باری ئابووری مەترسی گەورە بۆ فەرمانڕەوایی هەموو ڕژێمەکان دروستدەکات وەك لە بەشی دووەمدا باسی لێوە کرا، بەڵام

* هەڵئاوسان: التضخم ـ **Inflation**: بەردەوام بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان لە بازاڕدا دەگوترێت هەڵئاوسان، کە ئەمەش بە هۆی زیادبوونی خستنەڕووی پارە لەچاو شمەك و خێرا دەستاودەستکردنی پارەوە پەیدا دەبێ. هەروەها شەڕوشۆڕ و بارگرانی کردنی بە باج فاکتەری سەرەکین لە دروستکردنی ئەم دیاردە ئابووریە (وەرگێڕ).

** نرخی بازاڕ: سعر السوق ـ **Market price**: واتە ئەو بەهایانەیە کە هێزی بازاڕ بۆ شمەك و کاڵاکان دیاریدەکات، بە مانایەکی دیکەی بڕی خستنەڕوو و خواست لەسەر کاڵا و شمەکەکان نرخی بازاڕ دیاریدەکەن. (وەرگێڕ).

هێشتا گومان لەوە هەیە کە چۆن حکومەتە هەرێمایەتییە جیاوازەکان ڕووبەڕووی ئەو دژوارییانە دەبنەوە. کاتێ کە بارودۆخەکە زۆر دژوار دەبێ، بۆی هەیە ئەو بەرهەڵستییانە نەك تەنها فەرمانڕەوایی لاواز بکەن بەڵکو توانای فەرمانڕەواییش بخەنە مەترسییەوە. لە هەندێ وڵاتدا بە تایبەتی ئەوانەی زۆر هەژارن، بۆی هەیە دژوارییەکان بەسەر هەر پێکهاتەیەکی حکومەتدا زاڵبن و ببێتە هۆی دارمانی سیستەمی حوکم وەك لە ئەفغانستان یا سۆماڵ. بەڵام تەنانەت هەموو گرفتە قووڵەکانی ئابووری بۆی نییە ڕژێمەکان سەرەوژوور بکات، چونکە لەوانەیە بەردەوام بن بۆ پشتبەستن بە پشتیوانە سەرەکییەکانیان و سەرکوتکردنی بەرهەڵستیکاران، بۆیە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان دارمانی ئابووری و توانای فەرمانڕەواییدا نییە.

حکومەتە هەرێمایەتییەکان و دەستەبژێریەکەی بەڕێوەیان دەبەن، تا ئێستا هەنگاوی جێبەجێکردنی هێواش و پلەپلەیان بەرەو چاکسازی هاویشتووە. هۆیەکانی ئەوەش لە بارودۆخێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە یەکگرتنی دوو فاکتەر خۆی دەبینێتەوە: یەکەمیان، ترسی ڕژێمەکان لە نائارامی کۆمەڵایەتی، کە دەرهاویشتەی پرۆسەی چاکسازی ئابووری بوار فراوانە و مەترسییەکی گەورەی ئاژاوەی سیاسی دروستدەکا. دووەم، گروپی هاوبەرژەوەندی بەهێز، یا چاکسازی دەوەستێنێ، یا گرەنتی دەدات کە جۆری دیاریکراوی چاکسازی سوودی نەگونجاو بەرهەمدێنێ ئەمەش لەسەر حیسابی گروپە سۆشیالیستییەکانی دیکە. ئەنجامەکە وێنەیەکی زۆر تێکەڵاوە، بە جۆرێك ڕژێمەکان هەندێ، یا تارادەیەکی زۆر بەرەو پیری چاکسازییەوە هاتوون (بەتایبەتی لە سیاسەتی ئابووری هەمووەکی) کەچی چاکسازییە ئاڵۆزەکانیان دواخستووە، یا خۆیان لێ دزیووەتەوە، وەك پرۆسەی بەتایبەتکردن، چاکسازی یاسا ڕێکخەرەکان و پەرەپێدانی سەروەری یاسا. دەرەنجامەکان بێ ئومێد ماونەتەوە، چی بەهۆی ئەو کێشە بنچینەییانەی ڕووبەڕووی هەر سیاسەتێکی



ئابووری دەبنەوە، یا بەهۆی نایەکسانی لە چاکسازیدا. هەرچەندە لە هەندێ وڵاتدا ئەنجامدانەکانی ئابووری لە ناوەڕاست تا کۆتاییەکانی نۆهەتەکان تارادەیەك باشتر بوو لەچاو دەساڵی پێش ئەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ وڵاتێك بەو خێراییە گەشەی نەکردووە کە بتوانێ بێ کاری کەمبکاتەوە و کرێی ڕاستەقینە و ئاستی بژێوی بەرزبکاتەوە.

لە گۆشەنیگای وڵاتە یەکگرتووەکاندا، کارەکانی دەیەیەی ڕابردوو بۆ هەردوو بارودۆخ زۆر خراپ بوون. ڕژێمەکان زۆر بەرفراوانی ملکەچی واشنتۆن بوونە و باوەشییان بۆ یاسا و بنەماکانی ڕۆژئاوا کردووەتەوە. ئەمەش وایکردووە کە کە ببنە مایەی ڕەخنەی ئیسلامییەکان، کە بێگومان کێشەکانی سیاسەتی ئابووری بەرەو گرژی دەبات. بە هەرحاڵ، نوشوستیهێنان لە ئەنجامدانی چاکسازی بۆ کەمکردنەوەی ڕادەی بێکاری و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی بانکی نێودەوڵەتی داوابکات کە بەدواداچوون لەسەر چاکسازی بکرێت و بە شێوەیەکی بەرفراوانیش لەو خەڵکانەی بارودۆخەکەیان کەمتر بڕواپێهێنەرە لە ناوچەکەدا، دەستپێبکات.

باسەکانی دیکەی ئەو بەشە سێ تەوەر لەخۆ دەگرێ. یەکەمیان بەو دژوارییە ئابوورییە سەرەکییانە دا دەچێتەوە کە ڕووبەڕووی هەرێمەکە دەبنەوە. ئەو گرژییانە حوکمڕانی ناوچەکە و سەقامگیری سیاسی لە دوو ڕێگە دەخەنە مەترسییەوە: بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەرەنگاربوونەوەی هاوڵاتیان بە ڕووی حکومەتەوە بۆ نموونە، کێشەی بێ کاری لاوان، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کاردانەوەی حکومەت بۆ دژوارییە ئابوورییەکان وەك دەستپێوەگرتنی بودجە. دووەمیان، بەشەکە بە کورتی بەو ئەنجامدانانەی چاکسازی ئابووری دادەچێتەوە لە چەند وڵاتێکی سەرەکی هەڵبژێردراودا: وەك میسر، ئوردن، سعودیای عەرەبی، و سوریا. سێیەمیشیان، بەشەکە، ئاکامەکانی بەیەکداچوونی دژواری ئابووری و کاردانەوە سیاسییەکان بۆ توانای فەرمانڕەوایی و سەقامگیری سیاسی ڕوون دەکاتەوە.

## دژواری ئابوورییە سەرەکییەکان کە بەرەو ڕووی هەرێمەکە دەبنەوە

کێشە گەورەکان لە بواری مامناوەند کە دووچاری ئابووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبنەوە بریتین لە: گێڕانەوەی گەشەی ئابووری، سنووردارکردنی فراوانبوونی ڕێژەی دانیشتوان، دابینکردنی کار، سووککردنی باری هەژاری، خۆ گونجاندن لەگەڵ شارستانییەت، پاراستنی ئاو وەستاندنی تێکدانی ژینگە، دابینکردنی خۆراك، و ڕاکێشانی پارە بۆ وەبەرهێنان. هەر یەك لەوانە یەك لە دوای یەك باسدەکرێن.

## گێڕانەوەی گەشەی ئابووری

ئەزموونەکانی ئەم دواییەی گەشەی ئابووری نیگەرانکەر بوون. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، وڵاتانی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و گەشەپێدان (OECD) بینیان کە داهاتی ساڵانەی تاك بە بڕی ١,٤٪ بەرزدەبێتەوە. بە دڵنیاییەوە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (بەدەر لە یابان) بە ڕێژەی ٥,٨٪ لە ساڵێکدا خێراتر گەشەیان کردووە، ئەو ڕێژەیە بۆ داهاتی هەر تاکێك لە ماوەی دوانزە ساڵ و نیودا دووهێندبووە. تەنانەت ئەمەریکای لاتین، لەگەڵ ئەو دەیە ناوزڕاوەی کەڵەکەبوونی قەرزەکانی* لە هەشتاکان، داهاتی تاکی ساڵانەی بە ڕێژەی ١٪ بەرزبۆوە. بە پێچەوانەوە، داهاتی ساڵانەی وڵاتانی عەرەبی بۆ هەرتاکێك جیاوازییەکی کەمی هەیە لەگەڵ ئەوەی لە هەشتاکاندا تیایدا بوون، هەندێ لە شیکەرەوان گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە گەشەسەندن بۆ هەر تاکێك بە دروستی شێوەیەکی نێگەتیڤی هەبووە، کە بە ئاشکرا لە بارودۆخی هەندێ وڵاتانی عەرەبی بەدیدەکرێ، لەوانەش

* کەڵەکەبوونی قەرز: تراكم القروض- **Dept Overhung**: ئەو بارەیە کە دەوڵەت یا کۆمپانیاکان لە قەرز وەرگرتن بەردەوام دەبن و توانای دانەوەشیان نابێ، بەمەش جگە لە بڕی قەرزەکە نرخی سوود لەسەر قەرزەکە زیاد دەبێت.



میرنشینی عەرەبی سعوودی(٤). ڕێژەی کرێی ڕاستەقینە و بەرهەمداری کاری* ئیمڕۆ وەکو حەفتاکان هەمان شتە. ئەم بارە خراپترینی هەر شێوێنێکی دیکەی جیهانە جگە لە وڵاتەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو نەبێ. تەنانەت باشووری بیابانی گەورەی ئەفریقیاش لەمە باشتری کردووە.
هەردوو باری جوگرافی و مێژوویی هاوکار بوون بۆ لاوازکردنی گەشە لە هەرێمەکەدا. شوێنی جوگرافی کاری لەسەر ناوچەکە دەرخستووە لە ڕووی کەمی ئاو، زۆری نەفت، شوێنێکی زۆر ستراتیژی. سەرباری بڕی بێ ئەندازەی ئاڵوێری بێگانە کە داهاتی نەوت دابینی دەکات، نەوت بووەتە خێرێکی تێکەڵاو بۆ خەڵکی ناوچەکە. زۆربەی شیکاران لەسەر ئەوە کۆکن کە نەوت فشاری بەرەو ڕووی بەرپرسیاریەتی فەرمانڕەوایی کەمکردووەتەوە. کرێی نەوت حکومەتی هانداوە بۆ قوڵترکردن و فراوانترکردنی مەرکەزیەتی پێشووی دەوڵەت، بیر تەسکی، و سیاسەتی جێگرەوەی هاوردن(٥). هەروەها نەوت ڕۆڵی بینی لە بەردەوامبوونی کەلەپووری ئازاربەخشی شوێنە ستراتیژییەکان لە سەدەی نۆزدەهەم، کە دەستەبژێری دەسەڵاتی لە ئەرکی بەرەوپێشبردنی ئابووری دوورخستەوە و ناچاریکردن تیشکبخەنە سەر پرسەکانی داکۆکی نەتەوەیی، لە نەریتی دکتاتۆرییەت بەردەوامبن و ڕەمەکییانە فەرمانڕەوایی بکەن.

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بناغەیەکی لاوازی دامەزراند، کەچی داشکانی نرخی نەوت داتەپینی زیاتری بەو بناغە لاوازە بەخشی. داشکانی نرخی ڕاستەقینەی**

* بەرهەمداری کار: انتاجیة العمل ـ **Labor productivity**: واتە بڕی ئەو بەرهەمانەی لە یەکەیەکی کاتدا بەرهەم دەهێنرێت، یا بەرهەمی دیاریکراو بەسەر ژمارەی ئەو کرێکارانەی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەکەدا بەشدارییان کردووە، دەردەکەوێت (وەرگێڕ).

** نرخی ڕاستەقینە: السعر الحقیقي ـ **Real price**: ئەو نرخەیە کە دوور لە کاریگەرییەکانی بەرهەمهێن و بەرکاربەر بۆ کاڵا و شمەکەکان لە ڕێگەی خستنەڕوو و خواستەوە دادەنرێت، واتە ئەو نرخەیە کە خواستی بەرهەمهێن و بەکاربەری هیچ ڕۆڵێك لە دیاریکردنی ناگێڕن، بەڵکو باسمای خواست و خستنەڕوو دەیچەسپێنن (وەرگێڕ).

نێودەوڵەتی نەوت لە سەرەتا تا ناوەڕاستی هەشتاکان، بە توندی مەرجەکانی بازرگانی بەرامبەر هەرێمەکە گۆڕی. هەروەك بانکی جیهانی داینـاوە، "نرخەکانی نەوت و وەبەرهێنان بەیەکەوە بەرێوە دەڕۆن". نرخەکانی نەوت وەك چۆن بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەرانی گرنگبوون، ئەوەندەش بۆ وڵاتانی بێ نەوتی وەك یەمەن و سوودان گرنگبوو - لە ڕێگەی میکانیزمی گواستنەوەی پارەی کرێکاران، تەواوی هەرێمەکە هاوبەش بوو لە گواستنەوەی بە کۆمەڵی کرێی نەوت کە جیاکەرەوەیەکی ماوەی ١٩٧٣ تا ١٩٨٢ بوو.

لە تێڕوانینی سیاسییانەوە، تەنها ئەو کاتە ئەنجامدانی گەشەی لاواز کێشە دەنێتەوە، ئەگەر گەشەی پێوانەیی (یاسای سای (say)* ، سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی (GDP)، سەرجەمی بەرهەمی نیشتمانی (GNP) پێوانەیەکی توندی پەسندکراوی داهات و خۆشگوزەرانی خێزانەکان بن. هەرچەندە هەڵێنجانی گشتی لە بەرزبوونەوە و نەداری (ئیفلاس) نەوت ڕێی تێدەچێ، بەڵام هۆکاری زۆر هەیە بۆ گومانبردن دەربارەی خێرایی بەرزبوونەوە و قووڵی ئەو نەدارییە. بێ گومان گەشەی کەمتر و پێشکەوتنی بەردەوامی کەمتر لە ماوەی بەرزبوونەوەی نرخ هەبووە لەوەی کە زانیارییەکانی دەوڵەت پێشنیاری دەکەن.

ئەمەش بەهۆی ڕۆڵی سەرەکی نەوت و سەرچاوە سروشتییە بناتووەکانەوەیە کە کرێیەکەی ڕاستەوخۆ بۆ حکومەت کۆ دەکرێنەوە. لە بواری درێژخایەن، زۆر لە گەشەی پێوانەکراوی ساڵەکانی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت تەوژمێکی داهاتی بەردەوام نەبوو، بەڵکو بریتیبوو لەو بڕانەی لە داهاتی سەرچاوە لەبن هاتووەکان وەردەگیرا. سەلمێنراوە کە ڕاستکردنەوەی ئەم دیاردەیە دەتوانێ کاریگەری

* یاسای سای (قانون الساي ـ **Say Law**): ئەو یاسایەیە کەدەڵێت: "هەموو خستنە ڕوویێك (عرض) خواستێك (طلب) بۆخۆی پەیدا دەکات (وەرگێڕ).



گەورەی هەبێ لەسەر سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی (GDP) چاککراو - بۆ نموونە، بە ڕێژەی ٥٪ بۆ میسر و تونس، و زیاتر لە ١٣٪ بۆ عومان[٦]. هەروەها ساڵەکانی بەرزبوونەوەی نرخ زیادەڕۆیی لە پێشکەوتنی ئەو ئابوورییانە دەکەن چونکە بوژانەوەکە لەسەر بنەمای گۆڕانکاری لە چەندایەتی نەبووە، بەڵکو لە سەر بنەمای گۆڕانی نرخەوە بووە: داهاتەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پێچەوانەی باری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بەهۆی ئەو هۆکارانەوە گەشە دەکەن کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەرەکین بۆ پرۆسەی سەختی گواستنەوەی ستراکچەری. ئەمە کێشەیە، چونکە نەریتە سنووردارەکانی کۆکردنەوەی کرێ ئامادەکاری لاواز بۆ پێشبڕکێی توندوتیژی ئابووری نێونەتەوەیی دابین دەکەن.

کارێکی بنیاتنەرانەیە ئەگەر بەراوردی ئەستێرەکانی گەشەسەندنی ئابووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا (مینا) بکەین. بانکی نێودەوڵەتی هەڵساوە بە بەراوردی پێوانەیی بەرنامەدار بۆ گەشەسەندنی نێوان هەرێمەکان لە ساڵی ١٩٦٠ تا ١٩٨٥[٧]. لەبەرئەوەی ئەو گۆڕاوانە تەنها ٤٥٪ ی جیاوازییەکان لە گەشەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و مینا ڕوون دەکەنەوە، نووسەران پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە ٥٥٪ ئەو جیاوازییەی گەشەسەندنە بە هۆی جیاوازی بەرهەمهێنانەوەیە. ئەو دەرەنجامە زۆر گەشبینانەیە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر لە گۆڕانەکانی نرخی بەرهەم لە ئەنجامی گۆڕانی نرخەوە بووە نەك بەرهەمی هەر پرۆسەیەکی وەبەرهێنان (کاریگەر یا ناکاریگەر). ئەم ڕەچاوکردنانە ئاماژە بەوە دەکەن کە بۆشایی نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و وڵاتانی مینا تەنانەت لە ٥٥٪ زیاترە کە بە هۆی بانکی نێودەوڵەتییەوە خەملێنراوە.

هەرچەندە بۆی هەیە لە ڕووی لۆجیکییەوە گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکرێ، ئەگەر زانیارییەکانی داهاتی نەتەوەیی زیادەڕۆیی لە گەشەی ئابووری هەرێمایەتی بکەن

له ماوەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتدا، ئەوکاتە دەبێ هەمان ئەو زانیارییانە لە ڕادەی هاتنەخوارەوەی ئابوورییەکان لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوو کەمتر دیاری بکەن. بە تایبەتی لە گۆشەنیگای سیاسییەوە، لێرەدا نا چوونیەکییەك هەیە. یەکەم، ناردنە دەرەوەی بڕی نەوت کەمێك دابەزیوە، بە گشتی گۆڕانێکی کەم لە بەکاربردنی سەرچاوەی بنهاتوو ڕوویداوە. ئابووری ناڕەسمی کە ئابوورییەکی پێوانە نەکراوە، بە دڵنیاییەوە بۆ ئەمڕۆ زۆر بەرز نییە، بەڵام بەرزترە لەچاو ئەوەی لە ڕابردوودا هەبوو. لەبەرئەوەی ئابووری پێوانە کراو لە گەشە دەوەستێ یا لە کورتی دەدا، زۆر وڵات چالاکییەکانیان بۆ چالاکی پێوانەنەکراو گۆڕیوە.

له تێڕوانینی سیاسییانەوە، ئەوەی کێشەیە بریتییە لە ئاستی بەکارهێنانی خێزانەکان، ئایا ئەو ئاستانە لە هی لایەنی دیکەوە یا لە ڕابردووی ئەم دواییەوە نزیکن. ئاستەکانی بەکارهێنان لە زۆر بواردا دابەزیون، لە هەموو شوێنێك لەژێر فشاری بەرچاودان، بەڵام ئابووری ناڕەسمی و تۆڕەکانی خێزان لەوانەیە داهاتەکانی خێزانیان پاراستبێ زیاتر لەوەی زانیارییە ژمێردراوەکانی نیشتمانی کە ئاماژەی پێدەکات. تەکنیکی توێژینەوەی (ویندشیلد)، ئاماژە بەوە دەکات داهاتەکان کەمتر دابەزیون لەوەی زانیارییە نیشتمانییەکان ڕایدەگەیەنێ.

ئەوەی کە بە ڕاستی سیاییانە لەبەرچاو دەگیرێ بریتییە لە پێشبینییەکان[٧] و، لێرەدا کەمێك گومان هەیە کە پێشبینییە هەرێمایەتییەکان بریتین لە وەستان یا دابەزینی ئاستەکانی داهات. بە دڵنیاییەوە زۆربەی چاودێرە نێوخۆییەکانی هەرێمەکە، دانیشتوانی نێوخۆیی، ئابووریناسەکان، شارەزایان لەسەر ئەوە کۆکن کە کاتەکان سەختن. تێگەیشتنێکی فراوان لەسەر ئەوە هەیە کە ساڵەکانی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەرفەتی باشی ڕەخساندووە، و ئەو دەرفەتانەش ئێستا لەدەستچوون.

بە کورتی، لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا ئەنجامدانە هەرێمایەتی و نیشتمانییەکانی گەشە لە ئاستی زۆر کەم و ئاسایی دابوون. کاریگەری



دەستبالآیی کرێی نەوت تا ڕادەیەك بارەکەی شلەژاندووە، بەڵام گومانی کەم هەیە کە هەرێمەکە ئەنجامدانی لاوازی بەخۆوە بینیبێ، هەروەها زۆر لە دانیشتوان دەوڵەمەندتر نین لە ١٥ ساڵ لەمەوبەر، بەڵام زۆر لەوانە هەژارترن لەچاو ١٥ ساڵی ڕابردوو. حکومەتەکان ڕۆڵی یارمەتیدانیان لە هاتنە کایەوەی ئەم بارە بینیووە: بۆ تێگەیشتن لە قەیرانی هەنووکەیی هەرێمەکە پێویستە دان بەوە بنرێت کە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە ڕابردوودا لە ئەنجامی ستراتیژییەتی جێگرەوەی پرۆسەی بە پیشەسازیبوونی دوای سەربەخۆبوونەوە هاتۆتە ئاراوە، کە هەمان گروپی هاوبەرژەوەندی زیادکردووە، هەمان زنجیرەی بیری پێگەیانەدووە، ڕەزامەندی لەسەر ئەو بۆندە کۆمەڵایەتییانە نیشانداوە کە ئەمڕۆ خۆگونجاندنی سیاسەت بە بنبەست دەگەیەنێ. هەروەها هاتنەخوارەوەی نرخی نەوت فشاری بۆ چاکسازی دروستکردووە، بەڵام تا ئێستا، حکومەتەکان نەیانتوانیوە بەسەر کەلەپووری ڕەشبینەکانی ئەم دواییەی مێژوو زاڵبن.

## سنووردارکردنی فراوانبوونی دانیشتون

دوو ڕاستی نکۆڵی لێنەکراو لە هەرێمەکەدا بەزەقی بەرچاو دەکەون: تێکڕای گەشەی دانیشتوان بەرزە و تێکڕای لەدایکبوونیش لەماوەی دەیەی ڕابردوودا بە خێرایی دابەزیوە. دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا ئێستا بە ڕێژەی ٢,٧٪ لە هەر ساڵێکدا گەشە دەکەن. لەم ڕێژەیەدا، دانیشتوان لە ماوەی ٢٦ ساڵی داهاتوودا دووهێند دەبێ. ئەمە خێراترین ڕێژەی گەشەیە لە جیهاندا، تەنانەت لە وڵاتانی باشووری بیابانی گەورەی ئەفریقیاش. بەڵام تێکڕای گەشەی دانیشتوان زۆر بە توندی لە ماوەی دەساڵی ڕابردوودا دابەزیوە، لە ٣,٢٪ لە ناوەڕاستی هەشتاکان بۆ ٢,٧٪ لە ناوەڕاستی نۆهەتەکان هاتۆتە خوارەوە. دابەزینی توندی تێکڕای لەدایکبوون ئەم گۆڕانەی دروستکردووە، هۆکاریش هەن بۆ پشبینیکردنی دابەزینی زیاتر.

ئەم گشتاندنە، جیاوازی گەورە لە سەرانسەری وڵاتان و هەرێمەکان لەخۆ دەگرێ. هەرچەندە تێکڕای گەشەی دانیشتوان و سەرجەمی تێکڕای لەدایك بوون بە شێوەیەکی بەرچاو لە میسر، ئێران، تونس دابەزیوە، بەڵام لە غەزە و یەمەن بە شێوەیەکی سەرکێش ماونەتەوە. لە ڕاستیدا سەرجەمی تێکڕای لە دایکبوون لە غەزە (٧,٥) و لە یەمەن (٧,٤) دایە و زۆرترین ڕێژە لە نێو جیهاندا پێکدەهێنن. ڕێژەی غەززە بە بەراورد لەگەڵ داهاتی تاك گەلێ بەرزە.

تەنانەت ئەو وڵاتانەی کە تێکڕای لە دایکبوون تیایاندا زۆر خێرا دادەبەزێ، تێکڕای گەشەی دانیشتوانیان هێشتا لە بەرزبوونەوەدایە، چونکە لەدایك بوون زۆر لەسەرووی ئاستی جێگرتنەوەیە و هەروەها چونکە گەشەی ڕابردووی دانیشتوان ئەوەی دابینکردووە کە زۆر لە ئافرەتان خێرا دەچنە تەمەنی منداڵ بوون (پێی دەڵێن زنجیرەی دانیشتوان). بۆی هەیە دانیشتوانی ناوچەکە لە ساڵی ٢٠٢٥ بگاتە نزیکەی ٦٠٠ ملیۆن، زیاتر لە ٦ ئەوەندەی دانیشتوان لە ساڵانی پەنجاکان. ئەو گەشەیە دژواری زۆری ئابووری دەنێتەوە، هەر لە خۆراك و ئاو تا دەگاتە کار و نیشتەجێبوون.

ئاوێتەبوونی گەشەی خێرای دانیشتوان لە ڕابردوو لەگەڵ هاتنەخوارەوەی تیژی لەدایکبوون دوو دەرەنجامی سەرەکی هەیە. یەکەم، زۆربەی دانشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاون. بۆ نموونە لە ئێران، نیوەی دانیشتوان تەمەنیان لە ١٥ ساڵ کەمترە. لە ساڵی ٢٠٢٥ ژمارەی ئەوانەی تەمەنیان لە (٠ ـ ١٤) ساڵیدایە دووهێند دەبێت. دووەم، هەروەك (ولیەمسۆن و یوسف) گفتوگۆیان کردووە کە خێرایی دابەزینی لەدایکبوون بۆی هەیە ببێتە مایەی کەمبوونەوەی خێرا لە "ڕێژەی سەربەخۆیی" (ژمارەی خەڵك لە خوار ١٥ و سەروو ٦٥ بۆ تەمەنی دانیشتوانی کارکەر)[٩]. کە ئەمە لە هەرشوێنێکدا ڕوویدابێ، وەك ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە حەفتاکان و هەشتاکان، زیادبوونی سەرسوڕهێنەر لە تێکڕای



پاشەکەوتی نیشتمانی بەدوادا دێت. بە لای ولیەمسۆن و یوسف، گۆڕانی دانیشتوان بووەتە هۆی گۆڕان لە پاشەکەوت (ئەمە ئەنجامێکی سروشتییە لە مۆدێلی پاشەکەوتکردنی سووڕی ژیانیان). بەڵام ئایا ئەو پاشەکەوتانە ڕێگای خۆیان بەرەو وەبەرهێنانی چالاك و دابینکەری کار دەدۆزنەوە بە پشتبەستن بە هۆکارەکانی دیکە.

## دابینکردنی کار

پێویستە ئەم پاشەکەوتییانە لە وەبەرهێناندا بە مەبەستی دابینکردنی کار خەرج بکرێت، بۆئەوەی بێکاری یان دابەزینی کرێ و بەرزبوونەوەی هەژاری دووربخرێتەوە. لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، ساڵانە خستنەڕووی کار (عرض العمل) لە خواست لەسەر کرێکاران (طلب العامل) تێپەڕی کردووە. بەرزی ئاستی لەدایك بوون لە ڕابردوو، هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەشداری ڕەگەزی مێ، بووە هۆی گەشەیەکی خێرا لە هێزی کار لە سەرانسەری جیهاندا (٣,٤٪ بۆ هەرساڵێك، ١٩٩٠ ـ ١٩٩٨)[١٠]. لە هەندێ وڵاتدا، بارەکە زۆر لەوە زیاترە، لەوانە جەزائیر (٤,٩٪)، سوریا (٤,٨٪)، و یەمەن (٥,٦٪)[١١]. هەرچەندە تێکڕای گەشە بەهۆی گەشەی دانیشتوان لە ڕابردوو بەرزبووەتەوە، بەڵام لە هەندێ وڵاتدا هێوردەبێتەوە، بۆ نموونە، تونس، لە ماوەی ١٠ تا ١٥ ساڵی داهاتوو، نزمبوونەوەی لە دایکبوون وەك هەمیشە هاوکات دەبێ لەگەڵ (بەشێویەکی سەرەکی بەهۆی) بەرزی ڕێژەی پێگەیاندنی ڕەگەزی مێ ـ لە هەمانکاتدا وادەکات ژنان زیاتر بێنە نێو بازاڕی کارکردن.

لە هەمانکاتدا، خواست لەسەر کرێکار بە هێواشی گەشەی کردووە. ئابووری سادە ئەوەمان پێ دەڵێ کە، پێدانی ناگونجاوییەکی وەها لە نێوان گەشەی

خواست و خستنەڕوو، یا کرێ کەم دەبێتەوە، بێ کاری زیاد دەکا، یا (ئەگەری نزیکترە) تێکەڵبوونێکی هەردوو بارەکە ڕوودا. سیاسەتەکانی حکومەت نەك تەنها تێکڕای گەشەی خواستیان بۆ کرێکار کەمکردۆتەوە، بەڵکو هانی دروستبوونی بازاڕی کاری نەگۆڕیشیان داوە. چەند دەیەیەك بوو بەهۆی دابینکردنی کار بۆ دەرچووان لەلایەن حکوومەتەوە، ببووە مایەی ئەوەی قوتابیان کەم بەدوای وەدەستهێنانی بڕوانامە و تەواوکردنی خوێندنی باڵا بن، بەبێ ڕەچاوکردنی سوودی لە بەرهەمهێناندا، چونکە بڕوانامە خودی خۆی ماوەیەکی زۆر بوو گرانتییەکی کاری حکومەت بوو. ئێستا حکومەتەکان ناتوانن کارە پێویستەکان دابین بکەن، بەڵام سیاسەتەکانی ستاتیستی* تەگەرەیان خستووەتە بەردەم هێنانەکایەوەی کار. لە کاتێکدا، سیستەمی پەروەردەیی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لاوی بەرهەمهێناوە بە ڕۆشنبیرییەکەی ئەوتۆ کە ئارەزووی کاری دەستی و جەستەیی نەکات، لە هەمانکاتدا لێهاتوویی کەمیشی پێبەخشیوە کە بتوانێ لە ئابووری جیهانی ئەمرۆ بەرهەمهێنەر بێ.

سەرەڕای سەختی دەستکەوتنی زانیارییەکان، دەکرێ چەند گشتاندنێك بخرێتە ڕوو. بێکاری ئێستا لە ئاستێکی بەرزدایە، هەروەك خشتەی (٣ ـ ١) دیاری دەکا، و بۆی هەیە کێشەکە لە بواری کورتخایەن تا مامناوەند بەرەو خراپتر بچێ. بە شێوەیەکی بەرایی، بێ کاری زیاتر کاریگەری لەسەر لاو، نیمچە ڕۆشنبیر، و خەڵکی شار دەردەخات، کە تووڕەییان دەبێتە هۆی وروژاندنی نائارامی سیاسی. لاوی بێ کار زەمینەی لەبار و بەپیت بۆ توندڕەوە ئیسلامییەکان لە سەرانسەری هەرێمەکە دابین دەکەن و ئەو کێشەیەی بەرەو ڕووی حکومەت دەبێتەوە دژوارەدەبێ.

---

* ڕێبازێکە کە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری دەبێ لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە کۆنترۆڵ بکرێ و بڕیاری کەم بۆ حکومەتی هەرێمایەتی یا تاکەکان جێ دەهێڵێ (وەرگێڕ).



**خشتەی (٣ ـ ١)**

**بێ کاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: کورتەی هەڵسەنگاندنەکان**

| وڵات | ڕێژەی بێ کاری | تێبینی |
|---|---|---|
| جەزائیر | ٣٠٪ | زانیارییەکانی ١٩٩٩ |
| میسر | ١٢٪ | زانیارییەکانی ٢٠٠٠. هەندێ جار گەیشتووەتە ٢٠٪ |
| ئێران | ٢٠ تا ٢٥٪ | زانیارییەکانی ٢٠٠١ |
| ئوردن | ١٥٪ | ڕێژەی ڕەسمی. هەڵەسنگاندنیCIA ١٩٩٩ کە ٢٥ تا ٣٠٪ بوو |
| لوبنان | ١٨٪ | زانیارییەکانی ١٩٩٨ |
| لیبیا | ٢٩٪ | زانیارییەکانی ٢٠٠٠ |
| مەغریب | ١٥ تا ٢٢٪ | زانیارییەکانی ٢٠٠٠ |
| عەرەبستانی سعودی | ١٤ تا ١٨٪ | ڕێژەکە لە نێو دەرچووان زیاترە |
| سوریا | ١٢ تا ١٥٪ | زانیارییەکانی ١٩٩٩ |
| تونس | ١٦٪ | زانیارییەکانی ١٩٩٩ |
| یەمەن | ٣٥٪ | زایارییەکانی ١٩٩٩ |

سەرچاوە: سعوودیا: بالیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ریاز، نیۆیۆرك تایمز ٢٠٠١/٨/٢٦، ئێران:

Eric Rouleau, Le Monde Diplomatique, www.en.mondediplomatique.fr/٢٠٠١/٠٦/٠٥iran

ئەوانی دیکە: دەزگای میدیا ( پەیمانگای ئەوروپی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر هاوکاری ئەوروپی ـ عەرەبی ـ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، و کتێبی ڕاستییەکانی جیهان، ٢٠٠١، CIA.

هەروەها چارەسەری کێشە درێژخایەنەکان خراپبووە و لەزۆر باردا بەردەوام دەبێ کە لە بواری کورتخایەنیشدا کێشەکان خراپبکات. خواست لەسەر کرێکار بە هێواشی گەشەی کردووە بەهۆی دواکەوتنی گەشەی بەرهەمهێنان، هەروەها بەهۆی سیاسەتی دیاریکراوی لاگیری بەرامبەر زۆری کرێکاران و گەشەی دابینکردنی کار. ستاتیستەکان (خاوەن مەرکەزیەتەکان) تەنها سیاسەتی بیرتەسکانە بەڕێوە دەبەن کە نەك هەر تەگەرە دەخاتە بەردەم گەشە، بەڵکو چڕی سەرمایەش زیاد دەکەن ـ کاریگەری دابینکردنی کرێکار کەمدەکەنەوە ـ بۆ هەر گەشەیەکی ڕوودەدات. بەڵام گۆڕانی ئەو سیاسەتانە پێویستی بە وەستانی کرێکاران لە کۆمپانیاکانی حکومەت و بیرۆکراسییەکان هەیە، ئەو جموجۆڵەی کە زۆربەی سەرکردەکانی تۆقاندووە.

کێشەی بێکاری پرسێکی ئابووری زۆر نیگەرانکەری سیاسییە کە لە بواری مامناوەندیدا بەرەو ڕووی هەرێمەکە دەبێتەوە. بێ کاری هانی نیمچە ڕۆشنبیر، لاو، دانیشتوانی شار دەدا کە پشتگیری بزووتنەوە سیاسییەکانی توندڕەوی ئیسلامی بکەن. بێگومان، زۆر هێزی کەلتووری ئاڵۆز لە دواوەی ئەو بزووتنەوانە هەن: لێرەدا ئاماژە نەکراوە بە حەتمییەتی ئابووری. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان ئایەتوڵڵا خومەینی گوتوویەتی: " شۆڕش بۆ ئیسلامە نەك بۆ قازانجی بێ شومار). هەروەها بێکاری پرسی قوڵتری کەسایەتی و ڕەوابوون دەخاتە مەترسییەوە. بۆ نموونە، دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە لەوانەیە لاوی بێ کار و نائومێد لە سەرانسەری ناوچەکە بەرەو ئیسلامییەکان هەنگاو بنێن، لە هەمانکاتدا بەرەو مادەی بێ هۆشکەر و تاوان بڕۆن. بڕیاردان بۆ پەیوەندیکردن بەو بزووتنەوانە تەواو دەوەستێتە سەر خودی کەسەکە. دەقە ئابووری ـ کۆمەڵایەتییەکان گرنگن بۆ تێگەیشتن لەو بزووتنەوانە، بەڵام بە ئاسانی ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی تەواویان لێوە هەڵناهێنجرێ. لەگەڵ ئەمانەشدا ڕێژەیەکی گەورەی لاوی تووڕە، و ئافرەتانیش، هەڕەشەی گەورە بۆ سەقامگیری نێوخۆیی سەرانسەری هەرێمەکە دروست دەکەن .



## سووککردنی باری هەژاری

مشتومڕێکی گەورە و فراوان لە هەرێمەکەدا دەربارەی ڕادە و توندوتیژی هەژاری لە ئارادایە. لەبەرئەوەی پێناسەکردنی هەردووکیان لە بنەڕەتدا بابەتیانەیە، ئەم مشتومڕانە زۆر سەرنجڕاکێشن، هەروەها بەهۆی نەبوونی زانیاری باش هەمیشە مشتومڕەکان بەگوڕتر دەبن. لەو شیکردنەوەیەدا چەند گشتاندنێکمان دەربارەی هەژاری دەوڵەت لە هەرێمەکەدا بۆ فەراهەم دەبێت[١٢].

★ دیاریکردنی ڕادەی هەژاریی تەنها لە ئوردن، مەغریب و تونس دەستەبەر دەبێ کە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلی خێزان ئەنجامدراوە. زانیارییەکانی لەبەر دەستدان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٩٨٧ تا ١٩٩١ هەژاری زۆر بە توندی لە ئوردن بەرزبووەتەوە، تا ناوەڕاستی نەوەدەکان چاککاری تێدا کرا، لەوەش دەچێ لەوکاتەوە بەرەو زیادبوون هەڵکشابن. لە کۆتایی هەشتاکان لە تونس و مەغریب هەژاری کەمبووەوە. هەندێ بەڵگە هەن کە نیشانی دەدەن لە ماوەی نۆهەتەکاندا کاتێ ئابووری لە مەغریب تووشی وشکەساڵی و قاتوقڕی هات، هەژاری بەرزبووەتەوە،. ئەو ئەنجامدانانە خاوکەرەوەن، چونکە مەغریب زیاتر لە هەموو وڵاتێکی هەرێمەکە هەنگاوی درێژخایەنی بەرەو چاکسازی ئابووری ئەنجامداوە.

★ هەندێ زانیاری بۆ نیوەی یەکەمی نۆهەتەکان لە بارەی میسر، جەزائیر و یەمەنەوە هەن، هەرچەندە لێکۆڵینەوەکان تەواو گشتگیر و زۆر ورد نین. هەر سێ بارەکە زیادبوونێکی ئاشکرایان لە هەژاریدا هەبووە، بەڵام ناکۆکییەکی توند لەسەر بڕی ئەو زۆرییە هەیە.

★ هەژاری بە ئاشکرا لە هەندێ وڵاتدا کێشەیەکی گەشەکردووە (عیراق، صۆماڵ، سودان) کەتیایاندا دۆکیومێنت و بەڵگەنامەی زۆر کەم دەربارەی هەژاری هەیە.

★ زانیاری باوەڕپێکراو زۆر کەم دەربارەی هەژاری لە لیبیا، سوریا و لوبنان دەزانرێ.

بانكی نێودەوڵەتی تێڕوانینی زۆر گەشبین دەربارەی باری هەژاری هەرێمەكە پێشكەش دەكات[١٣]. ئەو توێژینەوەیەی ئەنجامدرا پێی لەسەر ئەوە دادەگرێ، بەراورد لەگەڵ هەرێمە پێشكەوتووەكانی دیكەی جیهان، هەژاری لە وڵاتانی (مینا) دا تا ڕادەیەك سنووردارە. ژمارەی خەڵكە هەژارەكان (ئەوانەی داهاتی ساڵانەیان كەمترە لە یەكسانی هێزی كڕین* (PPP) ـ ٣٦٥$ لە یەك ساڵدا) بریتیبوو لە ٥٪، فراوانی و توندی هەژاری لەم وڵاتانەدا نزمبوو.

بۆی هەیە بە ئاسانی ئەو نموونە گەشبینە ڕەتبكرێتەوە. "هێڵی هەژاری موتڵەق" ی بانكی نێودەوڵەتی زۆر نزمە كە بۆ وڵاتەكانی هەرێمەكە بایەخدار بێ، بەتایبەتی لە تێڕوانینی سیاسیانەوە. نكۆڵی لێناكرێ كە هەژاری چەمكێكی ڕێژەییە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە بە سیاسەتەوە پابەندبین. هێڵی هەژاری چەمكێكی هاوچەرخە بەرامبەر بە چەمكی (ژیان) لە ئابووری سیاسی كلاسیكیدا و، ئەوكات و ئێستاش (ژیان) تۆخمێكی كۆمەڵایەتی ڕێژەیی هەیە. ڕاگەیاندنی هێڵی هەژاری (٣٧٠ $ PPPبۆ هەر كەسێك) زۆر لە ژێر تێكڕای یەكسانی هێزی كڕینە بە دۆلار ($PPP) بۆ داهاتی هەر تاكێك لە زۆربەی وڵاتاندا: ڕێژەی سەرجەمی بەرهەمی نیشتمانی (GNP) بۆ هێڵی هەژاری بۆ هەرتاكێك، هەردووكیان لە (PPP) بە دۆلار، زۆر بەرزە كاتێ بەراوردبكرێ لەگەڵ هەمان ئەو ئامارانە بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكان، بە جۆرێك سەرجەمی بەرهەمی نیشتمانی (GNP) بۆ هەر تاكێك نزیكەی ٦,٥ جار گەورەترە لە هێڵی هەژاری. ژمارەكانی هاوشێوەی وڵاتانی مینا بریتین لە: ٩,٩ بۆ میسر، ١١,٤ ئوردن، ٨,٨ بۆ مەغریب، و ١٣,٨ بۆ تونس[١٤].

* یەكسانی هێزی كڕین: تكافؤ القوة الشرائية ـ **Power Purchase Parity**: واتە توانای گۆڕینەوەی دانە پارەیەك بە دانە شمەكێك یان چەند شمەكێك لەو شمەكانەی كە بۆ ئاڵوگۆڕكردن دانراون، لە هەموو شوێنێ.



لە تێڕوانینی سیاسیانەوە، ئەوەی پشتی پێببەستێ پێناسەی ڕێژەیی كۆمەڵایەتییە بۆ هەژاری. هەژاری هەمیشە و بە شێوەیەكی حەتمی تەواو ڕێژەیی نییە: خەڵكی هەژار لە میسر، ئوردن، یا جەزائیر (ئەوانەی هاوسۆزی ناهامەتییەكانیانن) خۆیان بەراورد ناكەن لەگەڵ هەژارەكان لە بەنگلادیش یا مەدغەشقەر: ئەوان تا ڕادەیەك هەست بە هەژاری دەكەن لەگەڵ هاوشانە میسرییەكان، ئوردنییەكان، یا جەزائیرییەكان. هەڵسەنگانی زۆرتری هەژاری ئەوەیە كە بەتوندی بە سیاسییەوە بەندە.

هەندێ ڕاپۆرت و لێكۆڵینەوەكانی دیكە جەخت لەسەر ئەو وێنە تا ڕادە كەم گەشبینە دەكەنەوە. ڕاپۆرتی (مەشریق) ڕێژەی هەژاری بۆ هەرێمەكە بە ٣٣٪ دەنرخێنێ، و گفتوگۆی ئەوە دەكات كە هەژاری لە هەرێمەكەدا لە گەشەكردندایە[١٥]. (عەلی)، هێڵی هەژاری ڕێژەیی* بەكاردێنێ و ڕوودانی هەژاری بە ١,٥ تا ١,٩ جار گەورەتر دەبینێ لەچاو نرخاندنی بانكی نێودەوڵەتی بە پشت بەستن بە زانیاری وڵاتەكە[١٦].

## ئاكامە سیاسییەكانی هەژاری چین؟

بەلای كەمی لە دوو ڕێگەوە هەژاری زەمینەیەكی بە پیتی بە ئەندامبوون بۆ نەیارەكانی ڕژێمەكان دێنێتە ئاراوە (لەمەوە دژواری بۆ فەرمانڕەوایی دروستدەكا). یەكەم، هەندێ خەڵكی هەژار، بەتایبەتی لاوانی كەم ڕۆشنبیر،

* هێڵی هەژاری ڕێژەیی: خط الفقر النسبي ـ **Relative poverty line**: هێڵی هەژاری، واتە دیاریكردنی چەند پێوانەیەك بۆ ئەوەی تاكی هەژار لە ناهەژار جیابكرێتەوە، هەندێك، دەستكەوتی دۆلارێك یا كەمتر لە ڕۆژێكدا گردوویانەتە پێوەرێك بۆ دیاریكردنی تاكی هەژار، بەڵام هەندێكی دیكە پێداویستییەكانی مرۆڤ لە (كالۆری گەرمی) لە ڕۆژێكدا دەكەن بە پێوەر، كە ئەمەش لە تاكێك بۆ یەكێكی دیكە جیاوازە، بەمە دیاریكردنی هێڵێك بۆ هەژاری سەخت دەبێ.

پەیوەندی بە بزووتنەوە بەرهەڵستکارییە توندوتیژەکان دەکەن. ناوەرۆکی سەرەکی میلیشیا توندڕەوەکانی ئەمڕۆ بریتییە لە تاکی لاوی خاوەن ڕوشنبیریی کەم، لەوانەیە کە تازە پەیوەندی بە شارەوە کردبێت. ئەو خەڵکە گەنجانە بەزۆری بێ کارن یا کارەکانیان لە ئاستی هیواکانیان کەمترە. ئەمانە لە باکووری ئەفریقیا، بە (هێتیستێیت) ناسراون[١٧] هەندێ بەڵگە لە ئامارەکانی گرتنی میسرییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆر لەوانەی بەهۆی چالاکییە توندوتیژییەکان دژی ڕژێم گیراون لە ناوچەکانی دەوروبەری شارەکانەوە هاتوون ـ کە ئەوانەش لە هەژارترین ناوچە شارییەکانی وڵاتن.

وادەردەکەوێت بڵاوبوونەوەی بەرهەڵستی توندڕەوەکان لە میسری سەروودا پەیوەندی بە هەژارییەوە هەبێ. هەرێمی سەعد (ناوەڕاست و سەرووی میسر) هەژارترین ناوچەیە لە وڵاتدا، تیایدا وەك هەر شوێنێکی دیکەی وڵات لەماوەی دەساڵی ڕابردوودا هەژاری زیاتر بووە. هەروەك ئاماژەپێکرا لەو دەیەی ڕابردوودا باری هەژاری بەرەوخراپی چووە، ئەمەش لە ئەنجامی داتەپینی کرێی ناکارامە. کرێی ناکارامە لە ١٩٧٣ تا ١٩٨٥بە ڕێژەی زیاتر لە ٣٥٪ ی چەمکی ڕاستەقینە بەرزبووەوە بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی کۆچکردن بۆ وڵاتانی کەنداو ( دابینکردنی کاری گشتیش ڕۆڵی خۆی بینی). لەگەڵ داشکانی نرخی نەوتی هەرێمایەتی بەهۆی جەنگی عیراقەوە، بێ توانایی کەرتی گشتی بۆ دابینکردنی کار، کرێ بۆ کرێکاری ناکارامە بە ڕێژەی ٥٠٪ دابەزینی بەخۆوە بینی. کاتێ سەعدییەکان بە بەربڵاوی بۆ شارەکان چوون، کێشەی ئیسلامیزمییان بۆ زۆر شوێنی بەرچاو نارد، لەوانەش گەورە شارەکانی میسر.

هەر وەك لە ڕابردووی میلیشیاکانەوە دەخوێندرێتەوە، هەژاری بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەرهەڵستی لێوە لەدایك دەبێ. زۆربەی خەڵك بە دیدێکی دوژمنکارانە لە بوونی هەژای بەرفراوان و زەلیلبوونی مرۆڤ دەڕوانن . بۆیە ڕادەی



بەربڵاوی هەژاری، ناڕەوایی یا نایاساییبوونی ڕژێم دەسەلمێنێ بۆ ئەوانەی کاتێکی زۆر بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەی ئەوەی دەیبینن، وەك هزرمەندان، ڕۆژنامەنووسان و خوێندکاران.

بە درێژایی مێژوو، زۆربەی شۆڕشگێڕان لە خێزانە هەژارەکانەوە نەهاتوون، جا لە لینینییەکان بێ یا ئیسلامییە جۆراوجۆرەکانەوە بێ، باکگراوندی خاوەن مافیان هەیە، هەروەك (جۆرج ئۆروێل لە سالآنی سییەکان تێبینیکرد). بەهەرحاڵ، ئەوان هەژاری توند و ترسناکیان لە کۆمەڵگاکانیان بینیوە کە لە ڕووی ڕەوشتەوە زۆر ئابڕووبەرە و بەگوێرەی ئەوە کاردانەوەیان هەبووە. پەیبردنی فراوان بە نوشوستی ڕژێمی هەرێمایەتی بۆ دابینکردنی ئاستی بژێوی گونجاو ڕۆڵ لە قەیرانی ڕەوایەتی یان شەرعیەتی ڕژێمەکان لە هەرێمەکەدا دەگێڕێ وەك کە زۆر تێبینیکراوە.

تەنانەت هەژاری نادیاری ڕێژەییش، وەك ئەوەی ناوچە دێهاتییەکان، ئاکامی سیاسی گرنگی هەبووە. لە هەندێ باردا، شارۆچکەی بچووك و ناوچەی دێهاتییەکان ئەندام و پشتگیری بۆ میلیشیاکان دابین دەکەن. بەڵام ڕژێمەکان بە شێوەیەکی گشتی زیاتر بە شارەکانەوە پەیوەندارن. بە دڵنیاییەوە، هەژاری دێهاتەکان دەبێتە مایەی زیادبوونی کۆچکردنی دێ بەرەو شار. کاتێ کە هەژاری لادێیی لە شارەکاندا بڵاوبۆوە، نەك تەنها ژمارەی میلیشیاکان زیاد دەبێ، بەڵکو سەختییەکانی ڕژێمەکانیش لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی شار قووڵتر دەبێتەوە. خێرا گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوانی هەژاری شار داواکانی خەڵکی شار لە خۆنیشاندانەکانیان چەند هێندە دەکا. لە چەرخێکی یەکجار دەگمەنی داهاتەکانی حکومەتدا، کۆبوونەوەی ئەو داوایانە یەکجار دژوارە. ئەو نوشوستییەی حکومەت زیاتر ڕەوایەتی لە حکومەت دەسێنێتەوە لە دیدی هەردوو لایەنی خودی هەژارەکانی شار و ڕۆشنبیر و خوێندکاران. هەروەها هەژاری لادێکان بۆ ماوەی دوورودرێژ هەر بە نادیاری بۆ سیاسەت نامێنێتەوە.

## قەرەباڵغی شارەکان

ژمارەی دانیشتوانی شار زۆر خێراتر لە دانیشتوانی گشتی گەشە دەکات. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژمارەی دایشتوانی شار نزیکەی ١٠٠ ملیۆن لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوودا زیادی کردووە. نزیکەی نیوەی ئەو دانیشتوانە ئێستا لە شارەکا دەژین. پێشبینی دەکرێ تا ساڵی ٢٠٢٥ ژمارەی دانیشتوانی شارەکان لە ١٣٥ ملیۆنەوە بۆ ٣٥٠ ملیۆن زیاد بکات. لە ١٩٨٥ بۆ ١٩٩٠، خێراترین گەشە لە شارە لاوەکییەکان بوو ـ ٦٪ ـ بە بەراورد لەگەڵ ٣,٨٪ بۆ ١٩ گەورەترین شارەکان کە لە ساڵی ١٩٩٠ زیاتر لە یەك ملیۆن دانیشتوانیان دەگرتەخۆ. ئەم ئاراستەیە لە ماوەی ساڵانی نۆهەت بەردەوامبوو. خزمەتگوزارییە گشتییەکان پێشتر ونبوون. بۆ نموونە لە ئوردن و مەغریب سێ یەکی دانیشتوانی شار لە نەبوونی خزمەتگوزاری گونجاو بۆ ڕادانی پارشەڕۆی ئاو دەناڵێنن. دابینکردنی ئاوی شار بەزۆری ڕێکوپێك نییە. حکومەت هەوڵدەدا بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی شار لە ڕێگەی یارمەتی دارایی قورسەوە. ئەمەش فشار دەخاتە سەر بودجەی حکومەت و بەرهەمهێنانە پێویستەکان نائومێد دەکا بۆ فراوانبوون و چاککردنی خزمەنگوزارییەکان.

خێرایی بەشارستانیبوون لە هەرێمەکەدا بەلای کەمی لە سێ ڕێگەوە دژواری بۆ حکومەت پەیدا دەکا. یەکەم، گەشەی خێرای شارەکان پاڵپەستۆ دەخاتە سەر ژێرخان ـ بودجەی حکومەت. بێتوانایی پەیپێبراوی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاساییەکانی خەڵك وەك نیشتەجێبوون، ڕادانی پاشەڕۆی ئاو، دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و کۆکردنەوەی پاشماوەی شتومەك زیاتر فشار دەخاتە سەر شەرعییەتی پێشوو لاوازی ڕژێم. دووەم، پرۆسەی کۆچکردن لە ناوچە لادێییەکانەوە بۆ شار هەمیشە زۆربەی کۆچکەران تووشی شێوان دەکات. جا لە (ئایاچوکۆ) بێ یا لە (ئەسیوت)، تێکەڵبوونی کۆچکردنی دێهاتی ـ شاری لەگەڵ تووڕەیی و بێزاری ڕۆشنبیرانی ناوچەکە، بۆ حکومەتەکان زۆر کوشندە دەبێ.



کۆچکردووە شڵەژاوەکانی لادێ کە تازە گەیشتوونەتە شار زەمینەیەکی بە پیت بۆ میلیشیا ئیسلامییەکان دەڕەخسێنن، بە تایبەتی کاتێ (وەك گومانبراوە) کە نەریتە خراپەکانی شار هەستیاری تازەهاتووەکان ڕادەچڵەکێنن. هەروەها کێشەکە زۆر قوڵتر بەهۆی ئەو سەختییانەوەیە کە کۆچکردووان هەندێجار لە دەستکەوتنی کار دووچاری دەبنەوە (بۆ نموونە، لە مەغریب) سێیەم، بە ئاشکرا ورووژانی شار بۆ ڕژێمەکان شلۆقتر و ترسناکترە لەچاو ئەوەی دێهات. خێرایی بە شارستانیبوون فشار دخاتە سەر بودجە، شەرعییەت و فەرمانڕەوایی، لە هەمانکاتدا چینەکانیش لە نەیاران و بەرهەڵستکارانی ڕژێم زیاد دەکات.

قەبەیی گرفتەکە دەبێتە هۆی بچووکبوونەوەی داهاتە بەردەستەکان بۆ مامەڵەکردنی، هەروەها چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بە شێوەیەکی گونجاو زۆر قورس دەوەستێت. لە هەڵسەنگانێکیدا، بانکی نێودەوڵەتی دیاریکردووە کە چارەسەرکردنی کێشەی کۆکردنەوەی پاشماوەی شارەوانی هەرێمەکە بە گشتی پێویستی ٤ ـ ٦ بلیۆن دۆلاری وەبەرهێنان دەبێ لە ماوەی دەساڵدا، لە هەمانکاتدا چارەسەرکردنی دابەشکردنی ئاو و پیسبوونی هەوا هێشتا زۆر گران دەوەستێ[١٨]. بۆی هەیە حکومەتەکان توانایان نەبێ بۆ بەخشین یا دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ خودی شارەکان.

کێشەکە بریتییە لە هەردوو لایەنی هۆکار و ئەنجامی سەختییەکانی فەرمانڕەواییکردن. بە لای کەمی لە بەشێکیدا، لە زۆربەی کیانەکانی شاردا بەهۆی کەمی باجەوەیە. چەند شارێکی کەم دەسەڵاتی باجی سەربەخۆیان هەیە، ئەویش بەهۆی مەرکەزییەتی دارایی لە زۆربەی وڵاتەکانی ناوچەکە. لە هەمانکاتدا، توندی یا دەستپێوەگرتنی ئابووری هەمووەکی زۆربەی شارەوانییەکانی لە بڕی پێویستی پارە بێبەش کردووە بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانیان. بە دڵنیاییەوە کێشەی شارستانیبوون بە شێوەیەکی سەرەکی

بەهۆی گەشەی خێرای دانیشتوانی شارەوە هاتۆتە ئاراوە بە ڕادەیەکی زۆریش گرژییان ناوەتەوە ئەمیش لە ئەنجامی کەمی داهاتی حکومەتەوەیە. بۆیە زاڵبوون بەسەر ئەوکێشانەی شارنشینیدا هێزێکی ترە حکومەتەکان بەرەو هەنگاوانی چاکسازی و گۆڕینی سیاسیەتەکانیان پاڵدەنێ.

لە نێو جەماوەردا بە تەواوی هەست بەوە دەکرێت کە حکومەتەکان گوێڕایەڵی خەڵك یا بەرپرسیاریەتییەکانی هاوڵاتیانیان پشتگوێخستووە. بێگومان ئەم بارودۆخەش دەبێتە هۆی دروستبوونی نەیاری توندڕەو بۆ ڕژێمە ئێستاییەکان لەگەڵ بوونی دەرفەتی زۆر چاك. بە تایبەتی ئیسلامییەکان، چالاك بوون لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە داراییەی لە لایەن حکومەتەوە جێهێڵرابوو، بە دامەزراندنی قوتابخانە، کردنەوەی نەخۆشخانە، بنیاتنانی مەڵبەندەکانی چاودێری ڕۆژانە و چەندان چالاکیی لە شێوازی ڕێکخراوە ناحکومییەکانیان ئەنجامدا بۆ جێگرتنەوەی حکومەتی نێوخۆیی هەژار و بێ کێبڕکێ. بوونی جیاوازی لە پێشبڕکێنەکردنی بیرۆکراسی میسری، لە بەرامبەردا دڵسۆزی ڕێکخراوە ناحکومییە ئیسلامییەکان بۆ چاودێریکردنی قوربانیانی بوومەلەرزەکەی قاهیرە، دەقاودوق ئەم خاڵە دەسەلمێنێ. خێرخوازی ئیسلامی دەتوانێ پشت بە یەدەگی یەکجار گەورە و فراوانی سامانی تایبەتی ببەستێ، بە تایبەتی لە وڵاتانی کەنداو.

## پاشەکەوتکردنی ئاو

مامەڵەکردن لەگەڵ بڕی زۆر دەگمەنی ئاو دژوارییەکی حەتمی بۆ سیاسەتی حکومەت دەخوڵقێنێ. وا پێدەچێ پێنج هۆکار پەیوەندییان بە بارودۆخی ئاوەوە هەبێت.

**یەکەم**، ئاو بەڕادەیەکی زۆر دەگمەن دەبێ، سەرچاوە بەردەوامەکانی ئاو بۆ هەر تاکێك لە ٣٥٠٠م$^3$ لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ ١٥٠٠م$^3$ لە ١٩٩٠ و بۆ ١٢٥٠ م$^3$ بۆ



ڕۆژگاری ئەمڕۆ، دابەزیوە. بانکی نێودەوڵەتی پێشبینی دەکا کە لە ساڵی ٢٠٥٠ کە تەنیا ٦٥٠ م$^3$ دەبێ بۆ هەر کەسێك (بە بەراورد لەگەڵ تێکڕای جیهانی ٤٧٨٠م$^3$ لە ساڵێکدا). بەکارهێنانی ئاو لە دە وڵات و غەززە بۆ سەرچاوە بەردەوامەکانی ئاو لە ١٠٠٪ تێپەڕ دەکا.

**دووەم**، کێشەکانی چەندایەتی ئاو بەهۆی کێشەکانی چۆنایەتی بەرەو گرژی هاتووە. ئەمەش زۆر دژوارتر دەبێ کاتێ نەتەوەکان بەدوای چارەسەرکردنی کێشەی چەندایەتی ئاو دەبن لە ڕێگەی بەکارهێنانەوەی ئاو. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ئارامی و سەلامەتیدا دەکرێ تەکنەلۆژیا بەکاربهێنرێ، بەڵام هەیە پێویستی بە بڕی پارەی بەرچاو و وریایی بەڕێوەبردن هەیە، کە هیچیان بە دیناکرێن.

**سێیەم**، لە تێڕوانینێکی ئابوورییانەوە، قورسایی یا بەرپرسیارییەتی چاکسازی لەمەڕ کەمی بێ ئەندازەی بڕی ئاو پێویستە بکەوێتە ئەستۆی کەرتی کشتوکاڵی، چونکە بەهای ئابوورییانەی ئاو لە ئاودێری زیاترە لەچاو بەکارهێنانی لە بواری ماڵی و پیشەسازی. لە ڕووی سیاسییەوە، وەها گۆڕانێك زۆر سەختە، چونکە بەرنامەکانی پێشووی حکومەت لە دابەشکردنەوەی زەوی، چاککردنی زەوی، زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی نێوخۆیی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی خۆراك، بووەتە هۆی دروستبوونی گروپی هاوبەرژەوەندی بەهێز کە بەرهەڵستی دابەشکردنەوەی کەلوپەلی دەگمەن دوور لە کێڵگەکانیان دەکەن. هەروەها فشاری توندیان خستووەتە سەر ژێرخانی نێوشار.

**چوارەم**، سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی ئاو کە حکومەت پێی هەڵدەستێ نەك تەنها بەدەست نەبوونی پارەوە دەناڵێنێ، بەڵکو بەڕێوەبردنی کشتوکاڵیشیان لاوازە چونکە بۆ بارودۆخێك ڕێکخراون تاڕادەیەك ئاوی زۆری هەبێ.

**پێنجەم**، زۆربەی سەرچاوە ئاوییەکان لە هەرێمەکەدا بریتین لە ڕووبار و ئاوی ژێرزەوی کە سنووری وڵاتان دەبڕێت. تێك گیربوونێکی بەهێز لە نێوان لۆجیکی ئابووری و ئەندازەییدا هەیە، کە حەز دەکەن حەوزی ڕووبارێك وەکو "یەك" یەکە بەڕێوە ببەن، و ڕەچاوکردنە سیاسییەکان، بە هۆی ترس و بێ متمانەیی هاوسێکانی یەکتر تێبینیکراوە.

هەندێ لە شیکاران ترسی ئەوەیان هەیە کە ململانێی سەربازی لەسەر ئاو لە ماوەیەکی نزیکی داهاتوودا بتەقێتەوە. هەرچەندە چەندین هۆکار لە ئارایە کە گومان بخاتە ئەمەوە، بەڵام بەرزبوونەوەی گرژی لەسەر ئاو ڕێی تێدەچێ. بۆ نموونە، چارەسەرکردنی سەرکەوتووانەی کێشەکانی ئاو پێویستی بە هاوکاری گەورەتری هەرێمایەتی هەیە. ئەگەر وڵاتان بیانەوێ ئەم جەربەزەییە تاقیبکەنەوە، ئەوکات تەگەرە ئابووری و ئەندازەییەکان زۆر گەورەنین. بە هەرحاڵ، زۆر (بۆی هەیە زۆربەی) وڵاتان پێدەچێ دوودڵ بن لە هەنگاونان بەرەو ئەو پەیوەندییە ئابوورییانە. لە ئاستی نێوخۆییدا، چارەسەری ئابووری ئاسایی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەمی ئاو، کە بریتییە لە پشتبەستنی زیاتر بە بازاڕەکان، زۆر سەختە ئەنجامبدرێت. بازاڕەکانی ئاو بۆی هەیە لە زۆربەی وڵاتاندا بەلای کەمی کەمترین ڕۆڵ ببینن، بێگومان چەندین هۆکاری ئابووری بەهێز لە دوای ئەمەوەیە[19]. بەڵام کێشە سیاسییەکان زۆر قووڵترن، بە تایبەتی کاتێ حکومەتەکان دوورخستنەوەی یارمەتی دارایی بۆ جوتیاران ڕەچاو دەکەن یا هەوڵ دەدەن وشکەساڵی یا ئاوی ژێر زەوی بۆ جوتیاران ڕێکبخەن.

## دابینکردنی خۆراك

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمترین ئاستی خۆبژێوی لە دابینکردنی خۆراك لەنێو هەرێمەکانی دیکەی جیهاندا هەیە. لە ماوەی هەشتاکاندا، بەهۆی کەمبوونەوەی داهات خواست کەمبووەوە و لە وەڵامدا خستنەڕووی کەلوپەل



خێرایی بەخۆوە بینی. کشتوکاڵی هەرێمایەتی هەڵسا بە بەکارهێنانی خاکی زیاتر و ئاوی زیاتر و پەیینی زیاتر و ئامێر و کرێکاری زیاتر ـ تەنها لەبەرئەوەی لەگەڵ گەشەی دانیشتوان بەڕێوە بڕوا. لە ساڵانی نۆهەتەکاندا، چیرۆکەکە بە هەمان شێوە بوو: ڕێکخراوی (فاو) لە ڕاپۆرتێکیدا ڕایگەیاند کە بەرهەمهێنانی خۆراك بۆ هەر تاکێك لە ساڵی ١٩٩٩ نزیکەی ٤٪ ی ئەوەیە کە لە ١٩٩٠ هەبوو. وەك هەمیشە، جیاوازییەکی فراوان لە نێوان وڵاتاندا هەیە. هەرچەندە بەرهەمهێنانی خۆراك بۆ هەرتاکێك لە میسر ٢٠٪ لە ١٩٩٠ بۆ ١٩٩٩ بەرزبووەوە، کەچی ئوردن و سعودیا دابەزینیان لەو ڕێژانە بەخۆوە بینی (٢٢٪ و ٤١٪ یەك لەدوای یەك)[٢٠]. تێکڕای گەشەی بەهای دراوەپاڵی کشتوکاڵی* لە ٥,٥٪ لە هەشتاکان بۆ هەر تاکێك بۆ ١,٧٪ لە ١٩٩٠ ـ ١٩٩٧ هێواشبووەوە[٢١].

تەنها خێراییەکی بەرچاو لە هەنگاونانی گۆڕانی تەکنۆلۆژیا لە کێڵگەکاندا بێتە ئاراوە، ئەگەرنا سنووورداری ئاو، بڕیار لەسەر هەوڵەکانی خۆبژێوی لە خۆراك دەدات. بۆشایی خۆراك یا جیاوازی نێوان بەکاربردن و بەرهەمهێنانی نێوخۆیی پێشبینیدەکرێ کە ساڵانە بە نزیکەی ٣٪ زیادبکات لە ماوەی دەیەی داهاتوودا. ناوچەکە پێشتر (ئاوی ڕاستەقینەیی) بە نزیکەی تەوژمی ساڵانەی ئاوی نیل لەدەرەوە دەهێنا.

بە کورتی، ناوچەکە دەبێ زۆر شت بنێرێتە دەرەوە بۆئەوەی لەبری ئەوە خۆراك بکڕێ. ئەمەشیان تەنگژەیەکی قووڵ بۆ سیاسەتدانەران دروستدەکا. یەکەم،

* بەهای دراوە پاڵی کشتوکاڵی: القيم الزراعية المضافة ـ **Agricultural valu^e added**: لە ئەنجامی گۆڕان لە نرخی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان پەیدا دەبێت، دەتوانین بەم هاوکێشەیە ڕوونی بکەینەوە:

**بەهای دراوە پاڵی کشتوکاڵی= (بەرهەمی ئامادەکراوی کشتوکاڵ بۆ فرۆشتن + گۆڕان لە نرخ) – بەهای کەرەستەی خاو و خزمەتگوزاری بەکارهاتوو (وەرگێڕ).**

زۆربەی شیکاران بڕوایان وایە بنەما نوێکانی بازرگانی جیهانی (**خولی ئۆرگوای**)* و (ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی) کەمێك نرخی دانەوێڵەی جیهانی بەرزدەکاتەوە. بێگومان خۆراکدانی دانیشتوان لە ڕێگەی هاوردن سەختر دەبێ نەك ساناتر، دەبێ ئەم هەڵسەنگاندنانە واقیعییانە بن. دووەم، پشتبەستن بە هاوردەی خۆراك واتا وڵاتەکان بەڕادەیەکی زۆر پشتبەستوون بە تەندروستی فراوانی ئابووری جیهانی. سێیەم، زیادبوونی بەردەوام لە هاوردنی خۆراك پێویستی بە ناردەنی زیاتر هەیە، کە دەقاودەق چاکسازی ئابووری گەرەکییەتی بەدەستی بێنێ. زەرووڕەتی بەخشین بۆ هاوردنی خۆراك ـ بە شێوەیەکی نموونەیی لەگەڵ دابینکردنی کار، زۆر ناردنە دەرەوەی کرێکار ـ مشتومڕی سەرەکی بۆ پێویستبوونی چاکسازی ئابووری پێکدەهێنێ.

---

* خولی ئۆرگوای: الدورة الأورکواي ـ **Uruguay Round**: هەر لەساڵی ١٩٤٧ تا ساڵی ١٩٩٥ چالاکی بازرگانی جیهانی لەژێر سایەی (ڕێکەوتنە گشتییەکانی تاریفە و بازرگانی گات ـ **GATT**) بەڕێوەچووە، ئەم ڕێکەوتنە دواتر چەند کۆسپ و تەگەرەیەکی خستە بەردەم بازرگانی جیهانی، بۆیە وڵاتە بەشداربووەکان دوای چەندین زنجیرە دانوستاندن، کە دواترینیان بە گفتوگۆکانی "ئۆرگوای" ناسرا، توانیان بگەنە ڕێکەوتنێك و لە ساڵی ١٩٩٤ مۆرکرا، لە مانگی حەوتی ساڵی ١٩٩٥ ڕێکەوتنامەکە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتنامەیە (ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی ـ منظمة التجارە العالمیە، کە لە کۆبوونەوەی ئۆرگوای بڕیاری لەسەردرا، دامەزرا. لە کۆبوونەوەکەدا ئەم بڕیارانە دران:

١ـ کەمکردنەوەی کۆت و بەندە گومرگییەکان.

٢ـ کردنەوەی بازاڕەکان لەبەردەم بەرهەمە هاوردەکان.

٣ـ پاڵپشتیکردن لە بەرهەمهێنان و ناردەنی.

٤ـ ڕێکخستنی مافی دەوڵەت لە چاودێری تەندروستی و بەیتەری، بەمەرجێ نەبێتە ڕێگر لەبەردەم بازرگانی (وەرگێڕ).



## ڕاکێشانی پارە بۆ بەرهەمهێنان

هیچ یەك لەو کێشانەی سەرەوە ناتوانرێ بەبێ ئاستی باڵاتری وەبەرهێنان چارەسەربکرێن. ئەگەر لە کێشەی کارکردنەوە بدوێین، سەرجەمی ژمارەی کارە نوێکان کە هەرێمەکە پێویستی پێی هەیە بۆ ساڵی ٢٠١٠ نزیکەی ٤٧ ملیۆن دەبێ. وەبەرهێنان پێویستە بۆ کارپێکردنی ئەو کرێکارانە کە بانکی جیهانی خەملاندوویەتی نزیکەی ٣١ بلیۆن دۆلار دەبێ لە ئێران، ٣٠ بلیۆن دۆلار لە مەغریب، ٢٥ بلیۆن دۆلار لە جەزائیر، ١٤ بلیۆن دۆلار لە میسر و ١٢ بلیۆن دۆلار لە تونس(٢٢). تێکڕای گەشە پێویستە بگاتە ئاستەکانی ٧ تا ١٠٪ بۆ کارپێکردنی ئەو کرێکارانەی بەدوای کاری نوێدا دەگەڕێن و ژمارەی بێکاران کەمبکاتەوە، بێگومان ئەم کێشەیە زۆر سەختە.

حکومەت ناتوانێ وەها پارەیەك دابین بکا: ئەو بڕە پارەیە تەنها دەکرێ لە هاوڵاتیانی نێوخۆیی تایبەتەوە بەدەستبهێنرێت، بە ڕادەیەکی کەمتر، لە بێگانان. تا ئێستا، حکومەتەکانی هەرێمەکە سەرکەوتوو نەبوونە بۆ ڕاکێشانی بڕە پارەی پێویست. ئاستی کەمی ( تەنانەت زیاتر، ناکارامەیی) وەبەرهێنان، بە نۆرە، گرفتەکانی فەرمانڕەوای بەرەو گرژی دەبەن بەهۆی نزمی باری ئابووری، بەرزبوونەوەی بێکاری و هەژاری، بەرەوخراپ چوونی بارودۆخی شارەکان و زیاتر دەگمەنبوونی ئاو.

بەهۆی چەند ڕاستییەکی کەم دەتوانرێ ئەم کێشانە چارەسەر بکرێ. یەکەم، بڕی یەکجار زۆری پارەی لە دەستی هاوڵاتیانە لەدەرەوەی وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دووەم، هەرێمەکە دەستی گرتووە بەسەر بڕێکی کەم لە سەرجەم لێشاوی دەستهاتی ڕاستەوخۆی بێگانە. بەشێك لە کۆمپانیاکانی نەوت، زۆربەی بەرهەمهێنەرانی بێگانە لە هەرێمەکە دوور دەکەنەوە. لە هەمانکاتدا، کاریگەری بەرهەمهێنانی نیشتمانی دابەزینی بەخۆوە بینیوە.

جگە لەوەش، زۆربەی وڵاتانی (مینا) ئێستا ڕووبەڕووی قەیرانی قەرز دەبنەوە. سوودوەرگرتن لە پێدانی قەرز وەك ڕێژەیەكی سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی (GDP)، ئێستا ئەوانە دەبوژێنێتەوە كە بە شێوەیەكی هەمیشەیی قەرزپێدەری وڵاتانی باشووری بیابانی گەورە لە ئەفریقیان بە هەمان شێوەی ئەوانەی ئەمەریكای لاتینیان هەراسان كردبوو لە هەشتاكاندا. دەربارەی ناسكی ڕێژەی قەرز، نرخی ئێستای قەرز وەك ڕێژەیەك بۆ هەناردەكان، وەك یاسایەكی گشتی، هەر وڵاتێك بە ڕێژەی زیاتر لە ٢٠٠٪ قەرزی هەبێ پێی دەگوترێ لە باری كەڵەكەبوونی قەرز دایە: ئەو ئاستەی قەرزارییە كە ڕێگر دەبێ لەبەردەم وەبەرهێنەرانی تایبەت بۆ تاقیكردنەوەی جەربەزەیی لە سەرمایەكانیان. وەبەرهێنەران دەترسن لەوەی قەبارەی گەورەی قەرزی گشتی فشار بخاتە سەر حكومەت كە باج بەرزبكاتەوە، بە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی كەڵەكەبوونی باج[٢٣]. لە هەر بارێكیاندا، وەبەرهێنە دووربینەكان زیانبەخش دەبن. دانەوەی قەرزی دەرەكی پێویستی بە گواستنەوە هەیە (لە كەرتی تایبەتی بۆ گشتی) لە لایەنی دەرەكی ( حكومەتی قەرزار بۆ قەرزپێدەری دەرەكی). قەرزی ناوەخۆ پێویستی بە گواستنەوەی نێوخۆیی دەبێ. ئەم گواستنەوانە پێویستە لە سەرچاوە نێوخۆییەكانەوە بێن، كە ترسێك لە نێو وەبەرهێنەران دروستدەكەن. لەم پێوەرەدا، جەزائیر (٢٨٤٪)، ئوردن (٢٢٨٪)، و سوریا (٤١٩٪) كێشەی كەڵەكەبوونی قەرزی گرنگیان هەیە، مەغریب (١٨٣٪) و توركیا (١٦٧٪) بە بێزاری دەمێننەوە، لە كاتێكدا كێشەكە لە یەمەن (زیاتر لە ١٠٠٠٪) و لە سودانیش بە تەواوی كێشەكە دژوارە[٢٤].

نەریتەكانی كاركردن، قەرزی كاریگەری بەرز، و ژێرخانی كۆن هەندێ لەو فاكتەرانەن كە وەبەرهێنان و دواتریش گەشەسەندن خاوەدەكەنەوە. بەهەرحاڵ، هاوكۆكییەكی دەركەوتوو لە ئارادایە، كە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك هەر شوێنێكی دیكە، وەبەرهێنان تیایدا بە هۆی كەموكوڕی لە فەرمانڕەوایی تەگەرەی خراوەتە بەردەم. هۆكارە سەرەكییەكانیش ئەمانەن:



★ كەرتی گشتی دەسەڵات بەسەر ئابووری ناكێڵگەیی دادەگرن. داواكانیانیشیان هەمیشە دوور خستنەوەی وەبەرهێنەرانی تایبەتە.
★ سیستەمی باج بەرزە و هەڕەمەكییانە بەڕێوە دەچێت. كۆمپانیا گەورەكان خاوەدەكرێنەوە.
★ ڕێكخستنی ئاڵۆز و تەمومژاوییە و زەمینە خۆشكەرە بۆ گەندەڵی حكومی.
★ سیستەمی سیاسی لاوازە و/ یان باری قورسە، زۆر بەكەمی چاككاری پراكتیكی تێدا بەرجەستە دەبێ.

دژوارییەكانی ڕووبەڕووی ڕژێمەكان دەبنەوە لە هەرێمەكەدا ترسناكن. تا ئێستا، پلان و پێشنیاری سەرەكی سیاسەت بۆ بەدەستەوەگرتنی ئەو گرفتانە بریتییە لە گۆڕان بەرەو زیاتر كەرتی تایبەت، كرانەوە، ئابووری دوور لە دەستێوەردانی حكومەت. ئەم چەشنە سیاسەتە، هیواخوازە، كار بەرهەمبێنێ، لە هەمانكاتدا هەناردن بێنێتە ئارا بۆ كڕینی خۆراك بۆ دادڕینی فشاری كەمی سەرچاوەی دابینكردنی ئاو. ئێستا دێینە سەر ئەزموونێكی تێروتەسەلتری و دژواری ئابووریی و كاردانەوەی سیاسەتی هەریەكە لە میسر، ئوردن، ئێران، عەرەبستانی سعودی و سووریا.

## میسر

دژواری چاكسازی ئابووری كە میسر دووچاری بووەتەوە، بە ئاشكرا دیارە. لە ساڵی ١٩٩١ چاكسازی ئابووری لە میسر دەستپێكرد. لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، هەندێ پێشڤەچوون ڕوویدا بە مەبەستی هەڵگێڕانەوەی ئابوورییەكی سۆشیالیستی ناهەوسەنگ و زۆر ڕێكخراو و نامۆ بۆ ئابوورییەكی زیاتر هاوچەرخ لەگەڵ هێشتنەوەی ڕۆڵێكی گەورەتر بۆ كەرتی تایبەت. لەماوەی ساڵانی نۆهەتەكان گەشە جارێكی تر گەڕایەوە، بە تێكڕای ٤،٩٪ لە ساڵێكدا لە نێوان

١٩٩١ تا ٢٠٠١. بەڵام کێشەیەکی زۆر بە هەڵواسراوی مایەوە. لەگەڵ ئەوەی سەقامگیری تا ڕادەیەك سەرکەوتوو بووە، کەچی چاککاری ستراکچەری لاوازتر بووە. نیشانەی ئەوە هەیە کە هەنگاوی چاکسازی بەم دواییە خاوبوونەوەی بەخۆوە بینیبێ.

تا ئێستا هەنگاوەکانی چاکسازی سەرکەوتوو نەبوون چی بۆ کەمکردنەوەی بێکاری بە شێوەیەکی سەرەکی یا بۆ وەستاندنی هاتنەخوارەوەی **کرێی ڕاستەقینە**. بەلای کەمی، چاکسازییەکان بێکاریان لە بەرزبوونەوە ڕاگرتووە. بەڵام وەرگێڕانی ئەم بارە بۆ گەشەی زیاتر کە بەهۆی زۆر ناردنەدەرەوەی کرێکار دێتە ئاکام، تا ئێستا ڕووینەداوە. گەشەکردن لە ساڵانی نەوەتەکاندا بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی خواستی نێوخۆییەوە بوو زیاتر لەوەی بەهۆی فراوانبوونی بازرگانی بێ: لە ساڵی **١٩٩٩**، ناردنەدەرەوەی کەلوپەل تەنها **٣٪** ی سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی (GDP) بوو، ئێستاش بارودۆخەکە خراپترە. زۆر ناردنەدەرەوەی کرێکار ئیمرۆ زۆر کەمترە لە دەیەیەك پێش ئێستا[٢٥] هەروەها ئاستی بژێوی پێشوەچوونی زۆر سادەی بەخۆوە بینیوە.

لە هەمانکاتدا، تاوانبارکردن بە گەندەڵی کە لە پرۆسەی تایبەتکردنەوە هاتۆتەکایەوە ڕوو لە زیادبوونە، هەندێ لە چاودێران قسە لەسەر بەرزبوونەوەی ڕادەی دەوڵەمەندی سەرمایەدارە بچووکەکان بە هەمان شێوەی سۆهارتۆی ئەندەنووسیا دەکەن. پێدەچێ بە تایبەتکردن وەك بارودۆخی ڕووسیا، زۆربەی دەستهاتەکان تەنها بۆ چەند ساماندارێکی نێوخۆیی بێ. ساماندارە نوێیە میسرییەکان شانازی بە سامانەکانیان دەکەن لە ئاهەنگەکاندا کە خەڵکی هەژار بەخۆدا دەشکێننەوە و پروپاگەندەی نایەکسانی بۆ ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان دابین دەکەن[٢٦] سیستەمی فەرمانڕەوایی تەواو بەساڵاچوونی پێوە دیارە و لە هەموو بیرێکی نوێ خاڵییە، لە هەمانکاتدا توندی و دەستپێوەگرتنی بودجە بووەتە هۆی



دەستکێشانەوە لە زۆربەی کارە خزمەتگوزارییەکان (وەك فریاگوزاری لە کاتی ڕوودانی کارەسات، چاودێری پزیشکی و پەروەردە)، بەمەش بۆشاییەکە بە شێوەیەکی فراوان بۆ ئیسلامییەکان جێ دەهێڵن و دەبێتە مایەی نیگەرانی بۆ ئاکامە سیاسییەکان لە بواری مامناوەندا.

## ڕابردووی چاکسازی[٢٧]

لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی کەنداو ساڵی ١٩٩١، ئابووری میسر لە ئاژاوەدابوو، گەشەی ئابووری لە کۆتایی هەشتاکان نێگەتیڤانە پێچەوانە بووەوە: لە ساڵی ١٩٩٠ وڵات نزیکەی ٥٠ بلیۆن دۆلار قەرزی نێودەوڵەتی لەسەر گردبۆوە: ڕێژەی قەرز بۆ سەرجەمی بەرهەمی نیشتمانی (GNP) نزیکەی ١٥٠٪ بوو کە ئەوکات زۆرترین ڕێژەبوو لە جیهاندا. کرێی ڕاستەقینە بۆ کرێکاری لێنەهاتوو لە ماوەی چوار ساڵدا بە ڕێژەی ٤٠٪ دابەزی و لە ساڵی **١٩٧٣** کرێکارانی مەدەنی تەنها نیوەی مووچەکانیان وەرگرت. لەماوەی ئەو دەیەدا ئاستی بێکاری کراوە* دووهێندبوو. چۆنایەتی چاودێری حکومەت، گواستنەوە و خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان لە ئاستی نیگەرانکەری پێشوو هاتنەخوارەوە، کە لەلایەن ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە قۆزرایەوە و تا ئێستاش دەقۆزرێتەوە.

لە ناوەڕۆکی قەیرانی ئابووری هەمووەکی (اقتصاد الكلي) میسریدا سێ ناهاوسەنگی گەورە هەبوون: بۆشایی نێوان پاشەکەوتی نێوخۆیی و وەبەرهێنان، هاوردن و ناردەنی، و داهاتەکانی حکومەت و خەرجکردنیان. داشکانی داهاتەکانی نەوت و زیانباری گەورەی کۆمپانیا گشتی و تایبەتییەکان بووە هۆی

* بێکاری کراوە: البطالة المفتوحة ـ **Open Unemployment**: ئەو جۆرە بێکارییەیە کە بەردەوام هەیە، بە بێ چارەسەر ماوەتەوە،پەیوەندی بە سەرکەمی قەیرانەکانەوە هەیە (وەرگێڕ).

لاوازکردنی پاشەکەوتی گشتی. لە هەمانکاتدا پاشەکەوتی تایبەتی دووچاری وەستان هات بەهۆی نرخی نێگەتیڤی سوودی ڕاستەقینە[*] لەسەر سپاردەی[**] (الودائع) پارەی میسری و بەهۆی نادڵنیایی زۆر لەلایەن ساماندارە تایبەتەکان بۆ نموونە، ئاراستەی داهاتوو و متمانەی سیاسەتی ئابووری. ئاراستەی وەبەرهێنان بەرەو ژێرخان هەنگاوی نا زیاتر لەوەی بەرهەمهێنانی کاڵای بازرگانی بە ئامانج بگرێت، هەروەها ئەم وەبەرهێنانە گەلێ ناکاریگەر و سەرمایەی زۆریشی لەبەر دەستدابوو، لە هەمانکاتدا بووە مایەی دابینکردنی ڕێژەیەکی کەمی کار.

میسر وەك زۆر وڵاتانی داهات مامناوەند، توانیویەتی لە ڕێگەی قەرزی دەرەکی ئەو دوو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، ئەمیش بە ڕادەیەکی زۆر لە حکومەتە بێگانەکان. قەرزەکانی بێگانەی میسر لە ساڵی ١٩٧٠ لە دوو بلیۆن دۆلارەوە بۆ ٢١ بلیۆن دۆلار لە ساڵی ١٩٨٠ بەرزبووەوە و لە سەرەتای نۆهەتەکان گەیشتە نزیکەی ٥٠ بلیۆن دۆلار. ئەو ژمارەیەی دوایی نزیکەی ١٥٠٪ ی سەرجەمی بەرهەمی نیشتمانی (GNP) بوو: لە ساڵی ١٩٩٠ خزمەتگوزاری قەرز دانەوە زیاتر ٢٥٪ ناردەنییەکانی بەکارهێنا. ڕێژەی لاسەنگیی[***] حکومەت بۆ (ساڵی دارایی) ١٩٨٢ ـ ١٩٩٠ بریتیبوو لە ٢١,١٪ی سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی

[*] نرخی سوودی ڕاستەقینە: سعر الفائدة الحقيقية ـ **Real Interest Rate**: بریتییە لە نرخی بەکارهێنانی سەرمایە (پارە + دراو)، بڕی ئەو نرخەش لە ئەنجامی خواست و خستنە ڕووی سەرمایەوە دیاریدەکرێت، یا بریتییە لەو ڕێژە سەدییەی کە قەرزدەر لە قەرزوەرگر ساڵانە یا مانگانە وەریدەگرێت (وەرگێڕ).

[**] سپاردە: الودائع ـ **Pound Deposits**: ئەو پارە نەختییانەیە کە لەبانك دادەنرێت و بەهۆی دەفتەر چەکەوە لەو کەسەی پارەکەی داناوە بۆ بانك دەنووسرێت، دەتوانرێت پارەکە ڕابکێشرێت. وەك سپاردەی پاشەکەوت و سپاردەی نەگۆڕ. (وەرگێڕ).

[***] لاسەنگی: العجز ـ **Deficit**: زیادبوونی خەرجییە گشتییەکان لەچاو داهاتە گشتییەکان، لاسەنگی پەیدا دەکات. یاخود بەهۆی زۆری قەرز وەرگتن لەچاو قەرزدان بە تایبەتی لە تەرازووی پێدان، دەردەکەوێت.



(GDP). لەگەڵ گەیشتنی نەوت داهات دابەزی، لە هەمانکاتدا هۆکارە سیاسییە هەمیشەییەکان کاری نەکردە سەر دابەزینی خەرجی، لەو هۆکارانەش: نانەوەی تەگەرە بەهۆی گروپی هاوبەرژەوەند کاتێ پیشە و کرێ ئابوورییەکانیان لەدەستدەدەن، هەروەها ترسی تووڕەیی خەڵك بەهۆی وەستانی یارمەتی دارایی. نزیکەی ٨٠٪ خەرجی حکومەت پێکهاتبوو لە یارمەتی دارایی، موچەی کەرتی گشتی، سوود بۆ قەرزی گشتی و لایەنی سەربازی. دووانەکەی دوایی زۆر گرنگ و پیرۆز بوون، هەمیشە دەبوونە مایەی فشار بۆ هەموو چاککارییەکان و وەلانانی دووانەکەی یەکەم.

لە نیوەی دووەمی هەشتاکان وەرگرتنی قەرز لە بێگانە ڕاگیرا، لاسەنگیی داراییش بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی فراوانبوونی داراییەوە دابینکرا. بە گوێرەی ئەوە، کەڵەکەبوون بۆ ٢٥٪ بەرزبووەوە لەگەڵ ئەنجامە ڕەشبینە هەمیشەییەکان: ، نرخی سوودی ڕاستەقینە زۆر نێگەتیڤ بوو، کە بووە هۆی گرژبوونی بۆشایی وەبەرهێنان و پاشەکەوت، و (لە ئەنجامی نرخی ناوی چەسپاو) نرخی بەرزەوەبووی ئاڵوێر بەردەوام لە زیادبووندابوو. دابەزینی نرخی ئاڵوێری بێگانە بەو شێوەیە بووە هۆی خاوبوونەوەی بەرهەمهێنانی شتوومەك و ڕەواجپێدانی هاوردە زیاتر لە ناردەنی، بە شێوەیەکی گشتی بۆشایی بازرگانی فراوانتر کرد.

گۆڕانەکانی ئابووری هێندەکی[*] (اقتصاد جزئی)، گەورە ناهاوسەنگییەکانی بەهێزتر کرد. گۆڕانی نرخی میسری بەو شێوەیە لە حەفتاکان و هەشتاکان بۆ جیهانیش ئابڕووبەر بوو. جیاوازییەکان لە نێوان نرخی تایبەتی و کۆمەڵایەتی دەستکەوتی پیشەسازی کەمێك سەرسوڕهێنەر بوو. لە نیوەی دووەمی

[*] ئابووری هێندەکی (اقتصاد جزئي ـ **Micro Economy**): ئابووری هێندەکی بایەخ دەدات بە لێکۆڵینەوەی بڕیارنامەکانی تاکەکیی (بەکاربەر، خێزان، دەزگا) و چۆنێتی ئاوێتە بوونی ئەم بڕیارنامانە بۆ دەستنیشانکردنی نرخی ڕێژەیی شمەك و خزمەتگوزاری و ئەو بڕەی کە دەفرۆشرێت و لێی دەکڕدرێت. مەبەستی دوایەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە زانینی هۆیە جیاوازەکانە، کە بە هۆیانەوە دەرامەتی بەرهەمداری دابەش دەکرێتە سەر بەکارهێنانە جیاوازەکاندا (وەرگێڕ).

هەشتاکان، چاکسازی نرخ لە بواری کشتوکاڵ بەرەو جێبەجێکردن هەنگاوی نا، بەڵام لۆکە تا ئیمڕۆش نرخی زۆر لە نزمیدایە.

ئەوەی پەیوەندی بە زیادبوونی چڕی سەرمایەوە هەیە، کاتێ کۆچکردن بووە هۆی بەرزبوونەوەی کرێی کرێکار، نرخی ڕادەیی کرێکار بۆ سەرمایە بەرزبۆوە، ئەمە لە لایەکدا، لە هەمانکاتدا خێراتربوونی کەڵەکەبوون و ڕێکخستنی دارایی زۆر نێگەتیڤانە کاری کردە سەر نرخی سوودی ڕاستەقینە. کارمەندانی سەرپەرشتکاری کە زۆر جەخت لەسەر تەکنیکەکانی بەرهەمی چڕی کرێکار دەکەنەوە، لە ماوەی کۆچکردنی فراواندا بە دەگمەن دەبینران. چونکە یاساکان وایانکردبوو کرێکار بە زەحمەت دەربکرێ و نرخی کرێکاریش بەرزبوو، هەروەها ڕێکخستنەکان بە ئێستاشەوە زۆر فراوان و تەمومژاوی و لە هەموو شوێنێك هەبوون، و ڕەمەکییانە سەپێنرابوون.

جەنگی کەنداو کەشێکی تەواو نوێی هێنایە ئاراوە. لە ڕاستیدا، هەلێکی ستراتیجی دابینکرد و حکومەتی میسر زۆر خێرا قۆستییەوە. حکومەت بڕیارێکی پەسەندکراوی تەقلیدیی سەقامگیری و پرۆژەیەکی چاکسازی ستراکچەریدا، لەلایەن کۆمەڵەی دراوی نێودەوڵەتی ڕەزامەندی لەسەر نیشاندرا لە بواری ئاڵوگۆڕکردن بۆ یارمەتی قەرزی زۆر. ئەو ڕێکەوتنە زۆر سەرنجڕاکێش بوو لە لایەنی ئابووری و سیاسیشەوە. لە ڕووی ئابوورییەوە، کەمکردنەوەی زیاتر لە ٢٠ بلیۆن دۆلار لە بڕینی قەرزی ساڵانەی پێدانی قازانج (سوود) بە ٢ بلیۆن دۆلار بۆ دە ساڵی دواتر. لە ڕووی سیاسییەوە، ڕێکەوتنەکە ئاسانتر بوو کە لە نێوخۆدا قەناعەت پێبهێنرێت، چونکە حکومەت بە شێوەیەکی بڕواپێکراو گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکا کە قەرزدەران بەشێکی ئەو بەرپرسیارییەتییە هەڵدەگرن لە هەڵەکانی ڕابردوو. بە دیاریکردنی نرخ لە قۆناغێکی زووتردا، بەخشەرانی نێودەوڵەتی هیوایان خواست چاکسازییەکان ئەو قەرزدانەوەیە بگۆڕێ کە



حکومەت دووچاری دەبێتەوە: ئەگەر لە چاکسازیشدا سەرنەکەوتن، ئەوە چیدیکە یارمەتی قەرز بە قیست* پێشکەش ناکەن.

## بەڵێنی چاکسازی

لە ئایاری ١٩٩١ ڕێکەوتن لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی مۆرکرا. بەرنامەکە شەش پێکهاتەی لەخۆگرت:

١ـ پرۆگرامی سەقامگیری ئەنجامدانەکانی ئابووری هەمووەکی وەك هەمیشەی لەخۆ گرتبوو. بە تایبەتی، پرۆگرامی فەرمی چاکسازی پارەپێدان، کە وای لە دراوی میسری کرد ببێتە دراوێك توانای گۆڕانی هەبێ، ئامرازی دراوی نوێی داهێنا، و نرخی سوودی ناوی** بەرزکردەوە.

٢ـ قەرزی چاککاری ستراکچەری (ASL) بۆ پرۆگرامی بە تایبەتکردن دابینکرا کە فرۆشتنی مومتەلەکاتی حکومەت دابیندەکا و دامەزراندنی میکانیزمی یاسایی و دامەزراوەیی بۆ ئەوەی پشکی گشتی لە دەزگاکاندا باشتر بەڕێوە ببرێن. هەروەها ئەرکە ڕێکخستنییەکانی بانکی ناوەندی پێویستبوو بەهێز بکرێن.

٣ـ هەنگاوەکانی ئازادبوونی نرخ بریتیبوو لە بەرزکردنەوەی نرخی کێڵگەیی لۆکە لە چەند هەنگاوێکدا بۆ ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٥ لەگەڵ نرخی جیهانی یەکسان بێ، تەنها بۆ چەند باجێکی هەناردن نەبێ لەسەر جۆری تایبەتی

* قیست: قسطـ **Trance**: بریتییە لە بڕە پارەیەی کە پێویستە بەکارهێنەری کاڵا یا سەرمایەی نەختینە بیدات بە بەرهەمهێن یا بانك، کە بە شێوەی چەند قۆناغێك دەبێت و مەرج نییە بڕی قیستەکانیش یەکسان بن (وەرگێڕ).

** نرخی سوودی ناوی: السعر الفائدة الاسميـ **Nominal Interest Rate**: بەو نرخەی بەکارهێنانی پارە دەگوترێت، بە شێوەیەکی ڕەمزی دادەنرێت، واتە ئەو بڕە سوودەی کە دیاردەکرێت زۆر بەو بڕەی وەردەگرێت کەمترە (وەرگێڕ).

لۆکە، بە جۆرێك کە هێزی بازاڕی* میسری لەو جۆرەیان توانای هەبوو کار لە بازاڕەکانی دیکەی جیهان بکا. بازرگانی و فرۆشتنی لۆکە دەبێ ئازاد بکرێ: یارمەتی دارایی لەسەر پەین و مویبیدی مێروو بوو بە نیوە لە ساڵی دارایی ۱۹۹۱، پێویست بوو لە ساڵی دارایی ۱۹۹۳بە تەواوی ئازادبکرێ. نرخی وزە بەرزبێتەوە بۆ ئاستی نێودەوڵەتی تا ۱۹۹۵، باجی هێڵی ئاسنین بەرز بێتەوە و، نرخی ڕێنمایی گواستنەوەی پاسی نێوان شار لابرێ.

٤ـ ئازادکردنی بازرگانی بەدەستبهێنرێت بە پچڕاندنی تەگەرەکانی هاوردن و پێویستییەکانی مۆڵەتپێدان، لادانی سپاردەی هاوردن، نزمکردنەوەی باج بۆ نێوان ١٠ تا ٨٠٪ و کەمکردنەوەی گۆڕانی تاریفە** (گومرگ) سنوورەکانی هەناردن کەمبکرێنەوە و دواتر لابرێن، و سیستەمی گەڕاندنەوەی پێدانی تاریفە فراوانبکرێ بۆ هەناردنی ناڕاستەوخۆ.

مۆڵەتی بەرهەمهێنان لە کانوونی یەکەمی ۱۹۹۳ پووچەڵبکرێتەوە. بازرگانی لە پەین و چیمەنتۆ بە تایبەتبکرێ، یاساکانی دەستی کار چاکسازی تیا بکرێ بۆ ئەوەی کۆمپانیای تایبەتی بە ئاسانتر بتوانێ کرێکاران دەربکا.

٦ـ دراوی کۆمەڵایەتی، بە سەرمایەی بڕی ٦٠٠ ملیۆن دۆلار بەزۆری لەلایەن بەخشەرە ئەورووپییەکانەوە دابینکرا، بۆ ئەوە بوو کە تۆڕی ئارامی کۆمەڵایەتی بۆ دابینکردنی کار، بەخشینی قەرز بە کۆمپانیا بچووکەکان و مەشقپێدانەوەی کرێکارانی کەرتە گشتییەکانی پێ پتەو بکرێ.

* هێزی بازاڕ: قوة السوقـ **Market Power**: هێزەکانی خواست و خستنەڕوو، کە بەیەکەوە کاردەکەن بۆ دەستنیشانکردنی نرخی ئەو کاڵا و شمەکانەی کە لە بازاڕدا نمایشکراون (وەرگێڕ).

** تاریفە: التعریفة ـ **Tariffs**: بریتییە لەو باجەی کە دەوڵەت بەسەر کەلوپەلی هاوردە و ناردەنی دەیسەپێنێ. بڕی تاریفەش یا ئەوەتا لەسەر بەهای کەلوپەلەکانی دەبێت یا لەسەر بڕێکی دیاریکراوی کەلوپەلەکان دەبێت (وەرگێڕ).



## جێبەجێکردن

یەکەم ناوەڕۆکی چاکسازی، سەقامگیری ئابووری هەمووەکی لە ساڵانی نۆهەتەکاندا زۆر باش بەڕێوەچوو. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە نزیکەی ٧ بلیۆن دۆلار قەرزی سەربازی خۆشبوو. بە بڕی ١٥٪ ی قەرزەکان لە ئایاری ١٩٩١ لێبوران لەدوای ڕەزامەندی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بۆ هەژدە مانگ پشتگیری ڕێکخستنەکانی گرت و دواتر شەش مانگی دیکە درێژ کرایەوە. ١٥٪ ی دیکە لە سێپتێمبەری ١٩٩٣ لێبوورا، کاتێ سندووقی دراوی نێودەوڵەتی گەیشتە ئەو ئاکامەی کە یەکەم هەنگاوەکانی چاکسازی سەرکەوتووانە کۆتاییان هاتووە و ڕێکەوتنامە گەیشتووەتە خزمەتگوزاری فراوانی دراو. دوایین بڕ (قست) نزیکەی ٢٠٪ ی قەرزی هەرێمایەتی، لە ساڵی ١٩٩٦ لێبوورا. قەرزی میسرییەکان ئێستا زۆر سووکە، بریتییە لە٣١ بلیۆن دۆلار: کە نرخی خەمڵێنراوی ئێستای یەکسانە بە ٢٩٪ سەرجەمی بەرهەمی نیشتمانی (GNP)[٢٨].

چاکسازی یاساکانی بانك و پابەندبوونی توندی حکومەت بۆ نرخی ئاڵوێری ناوی چەسپاو* بووەتە هۆی وروژاندنی تەوژمی دراوی دەرەکی. یەدەگی نێودەوڵەتی بەرزبووەوە، لە ٢،٦٨ بلیۆن دۆلار لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ ١١،٧ بلیۆن دۆلار لە ١٩٩٣، لە ساڵی ١٩٩٥ گەیشتە لوتکە کە بریتیبوو لە٢٦،٧ بلیۆن دۆلار. بە هەرحاڵ، چونکە سەرمایەی حیسابی میسر بەتەواوی ئازاد نەکراوە، لە ساڵی ١٩٩٧ خراپترین کاریگەری لەسەر تەنگژەی دارایی ئاسیا جێهێشت. لەگەڵ ئەوەشدا، یەدەگەکان دابەزین، بە تایبەتی لەوەتەی ١٩٩٨، و لە ٢٠٠٠ بۆ ١٥ بلیۆن دۆلار هاتە خوارەوە.

* نرخی ئاڵوێری نەگۆڕی ناوی: سعر الصرف الثابت الاسميـ **Fixed Nominal Exchange Rate**: ئەو نرخی ئاڵوێرەیە کە بەشێوەیەکی ڕەمزی دادەنرێت، واتە ئەو نرخەیە کە زۆر لەو نرخەی لە بازاڕەکانی ئاڵوێری جیهانی کاری پێدەکرێت کەمترە (وەرگێڕ).

چاكسازی دارایی لە بەراییدا زۆر سەركەوتوو بوو. لاسەنگی حكومەت بەر لە جەنگی كەنداو زیاتر لە ٢٠٪ ی سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی (GDP) بوو، لە ساڵی ١٩٩٣ ـ ١٩٩٤ بۆ ٢,٥٪ دابەزی، لە ساڵی ٢٠٠٠ لاسەنگی بۆ ٣,٦٪ ی سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی (GDP) بەرزبووەوە. كۆنترۆڵكردنی دارایی بەندبوو بە سیاسەتی دەستپێوەگریی دراو بۆ كەمكردنەوە و نەهێشتنی كەڵەكەبوون لە زیاتر ٢٥٪ لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ ١١,٢٪ لە ١٩٩٢ ـ ١٩٩٣، بۆ ٦٪ لە ١٩٩٤ ـ ١٩٩٥، و بۆ ٣٪ لە ٢٠٠٠. ئەنجامدانەكان لە بواری ئابووری هێمەكی ناوەرۆكێكی گرنگی چاكسازییان لەخۆ گرت.

تا ساڵی ١٩٩٨، حكومەت سیاسەتی دەستپێوەگرتنی پارەی گرتە بەر. هاوسەنگی پێدان جێگیر بوو، ڕێژەی گەشەی ئابووری هەڵكشا، بەڵام ئێستا دوو كێشەی گەورە لە ئارا دایە: بارودۆخی ئێستای ئابووری هەمووەكی گەشەی ناردن ڕادەگرێ، و هێواشی ئابووری هەندەكی و چاكسازی ستراكچەری وەك پرۆسەی بە تایبەتكردن و لادانی سنوورەكانی ڕێكخستن، تەگەرە دەخاتە بەردەم كاردانەوەی كەرتی تایبەتی چالاك. ئەو كێشانە یەكیان گرتووە بۆ تەگەرە خستنە بەردەم وەدەستهێنانی ئامانجی كۆتایی كە بریتییە لە خێراكردنی گەشە و دابینكردنی كار و زیادكردنی كرێی ڕاستەقینە.

بارودۆخی ئێستای ئابووری هەمووەكی ئەوە دەگەیەنێ كە بەرزی ڕێژەی سوود بەردەوام دەبێ بۆ ڕاكێشانی دراوی دەرەكی میسرییەكان. ئەم ڕێژانەی سوود و گەشە و وەبەرهێنان كەمدەكەنەوە. بۆی هەیە ئەو ڕێژانە گرنگییەكی ئەوتۆیان نەبێ كە ببنە بەربەستێك لەبەردەم گەشە، بەڵام وەك كێشەیەكی ڕێكخستن دەمێننەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ مامەڵەیان لەگەڵ بكرێ. تا ئێستا حكومەتی میسری بەردەوامە و پێداگرە لەسەر سیاسەتەكانی ئێستای لە نرخی ئاڵوێری بەڕێوەبردن، بەڵام حكومەت ناتوانێ ڕێژەی سوود كەمبكاتەوە. لەم بارەیەوە



چەندین جیاوازی بەرچاو لە بۆچوونی زۆر لە بەرپرسانی حكومەتی میسری و چاودێرە بێگانەكان لە نێویاندا بانكی نێودەوڵەتیش هەیە.

حكومەتی میسری دان بەوە دادەنێ كە لەماوەی دەیەی ڕابردوودا كەڵەكەبوون زۆر زیاد بووە لە چاو هاوبەشە بازرگانییە گەورەكانی خۆی. چونكە نرخی ئاڵوێری ناوی وەك خۆی مابووەوە تا كاتی نزمبوونەوەكەی شوباتی ١٩٩١، نرخی ئاڵوێری ڕاستەقینە زۆر بەرزبووەوە. لە ساڵی ١٩٩٧، بانكی جیهانی خەمڵاندنی خۆی ڕاگەیاند كە بری ٣٧٪ بوو بە بەراورد لەگەڵ ئاستی شوباتی ١٩٩١، ٤٠٪ بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئاستەی لە ١٩٨٧ هەیبوو. حكومەت مشتومڕی ئەوەی كرد كە ناردەنی میسری لە چاو نرخی ئاڵوێر (ناجیرە). هەروەها نرخی ئاڵوێری ناوی چەسپاو گرنگە بۆ متمانەی وەبەرهێنەران لە تەواوی پرۆژەی چاكسازی ئابووری. حكومەت متمانەیی هەوڵەكانی چاكسازی لە ڕێژەی ئاڵوێری ناویدا چەسپاند. لە كاتێكدا ناردەنی نەوت لە چاو نرخی ئاڵوێر ناجێگیرە (نەگۆڕە) و ئەمە لە باری گواستنەوەی دراوی كرێكاران ئاشكراتر دەردەكەوێت، بە تایبەتی ئەو كەلوپەلانەی بە تەقلیدی دروستناكرێن و ئەوانەش كە دروستكراوی كشتوكاڵین. نرخی بەرزەوەبووی ئاڵوێری دەبێتە مایەی هێواشبوونەوەی ڕادەیی ئەنجامدانی گەشەی ئابووری میسری لە ڕێگەی لاوازكردنی ئەو ناردەنیانە.

كاردانەوەی هاوبەش لە بەرپرسانی حكومەتی میسری و ئابووریناسان دەبێ تێبینی ئەوە بكەن كە ئەو ژمارانەی ئێستای گەشە بریتین لە گەشەی پێوانەیی. زۆربەی ئابووریناسانی میسری جەخت دەكەنەوە كە چالاكی ئابووری زۆر لە پێشەوەدایە و باس لەوە دەكەن كە كەرتی نافەرمی بووژانەوەی بەخۆوە بینیوە. بە دڵنیاییەوە ڕاستە كە تێبینیكردنی ئاسایی تەواو هاوكۆك نییە لەگەڵ وێنەیەكی تاریكی داتەپینی ئابووری. هەروەها ڕاستیشە كە تەگەرەی ڕێكخستنی سیاسەتی میسری

هاندانی زۆر بۆ چالاکی تۆمارنەکراو دروستدەکا. ڕەتکردنەوەی سنوورەکانی کۆنترۆڵکردن نەك هەر سوود بە گەشە دەگەیەنێ لە ڕێگەی کەمکردنەوەی خاوکەرەوەکان و تەگەرەکان بۆ بەرهەمهێنان، بەڵکو تێگەیشتنی سیاسەتدارێژەرانیش قوڵتر دەکا بۆ ئابووری لە ڕێگەی چاککردنی جۆری زانیارییەکان. چاککردنی زانیارییەکان ڕێگە بە هەموو هاوبەشان دەدا بەشداری لە مشتومڕی سیاسەتی ئابووری هەمووەکی بکەن ئەویش بە زیاتربوونی هاوکۆکی لەسەر ئەوەی کە بە دروستی لە ئابووری میسریدا ڕوودەدات.

تەنانەت ئەگەر ژمارەکانی گەشەی ئێستا لە باری خۆی کەمتر خەملێنرابن، و ئەگەر ئەنجامدانەکانی ئابووری میسری زۆر چالاکتر بن لەوەی ئەو زانیارییانە ئاماژەیان پێ کردووە، قەواڵە* (بۆند) ی نرخی ئاڵوێری ئێستایی تەواو ترسناکە. قەواڵەی ڕێژەی سوودی ئێستای حکومەت بەرپرسی سەرەکییە لە توانای حکومەت بۆ پارێزگاریکردن لە نرخی بەرزەوەبووی ئاڵوێری ڕاستەقینە و بوونی یەدەگی فراوانی ئاڵوێری بێگانە. ئەو سیاسەتە بیرهێنەرەوەی باورۆدۆخی مەکسیکییەکانە بەر لە داتەپینی پیزۆ لەکانوونی یەکەمی١٩٩٤، کاتێ کە ڕووداوی سیاسی بووە هۆی بەردەوامبوونی پیزۆ[٢٩].

لە نێوان چاودێراندا کۆدەنگییەك هەیە کە لە ناوچەکەدا چاکسازی ئابووری ڕاستەقینە بە هێواشی بەرەوپێش دەچێ. بە تایبەتیش، بەرەوپێشچوونی پرۆسەی تایبەتکردن لە هێواشبوونەوەدایە. بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم پرۆسەیە لە دوای ١٩٩٦ دەستیپێکرد کاتێ نزیکەی نیوەی ٣١٤ کۆمپانیای گشتی بە

* پۆلیسە (قەواڵە): بولیصة ـ **Policy**: بریتییە لە کاغەزێکی بازرگانی کە لە قەرز وەرگرەوە بۆ قەرزار دەردەچێت و تێیدا داوا دەکرێت کە بڕێك پارەی دیاریکراو بداتە هەڵگری ئەم پۆلیسەیە (وەرگێڕ).



تایبەتکران. بەڵام ڕژێمی ڕێکخەر گۆڕانی بەسەردا نایێت، بە تایبەتی لە ئاستی جێبەجێکردن[٣٠]. یاساکانی چالاکییەکە هێشتا تەمومژاوین، و وەبەرهێنەران لە چاوەڕێدان و سەیری ئاراستەکە دەکەن. ژینگەی ڕێکخەر و هەنگاوی هێواش بەرەو پرۆسەی بە تایبەتکردن دەبێتە هۆی بێهێزکردنی یەکێك لە گەورەترین ئامانجەکانی نرخی ئاڵوێری بەڕێوەبردن.

لە ساڵی ١٩٩٨ەوە، گەلێ نیشانەی نیگەرانکەر لە ئارادایە. یەکەم، دەستهاتەکانی ئابووری هەمووەکی پێدەچێ ترسناك بن، بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی پێداگری حکومەت لەسەر پارێزگاریکردن لە هەردوو نرخی ئاڵوێری ناوی چەسپاو و بەدواکەوتنی ئامانجەکانی گەشەکردن. یەدەگی ئاڵوێری میسری دابەزیوە، فراوانبوونی بڕواپێدان خێرابووە، قەرزە نەدراوەکانی حکومەت کەڵەکەبووە، و ئاستی بەکارهێنانی دۆلار زیاتر بووە[٣١]. بەردەوامبوونی ئاستی بالای پارێزگاریکردن دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی وەبەرهێنان بۆ ناردنەدەرەوە. لە هەمانکاتدا، ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن ڕێژەی بێکارییان زیاتر لە ١٥٪ یە و کرێی ڕاستەقینەی هەر کاتژمێرێك بۆ پیاوان لە ١٩٩٨ تەنها دوو لەسەر سێی ئەوانە بوو کە لە ١٩٨٨ دا هەبوو. هەژاری لە شاردا بەرێژەی لە ٢٠,٣٪ لە ١٩٩١ بۆ ٢٢,٥ لە ١٩٩٥ زیادیکرد[٣٢]. ئەمانە پارێزگارترین خەمڵاندنەکانن کە لەبەر دەستدان: سەرچاوەکانی دیکە هەژاری بە ڕادەیەکی زیاتر دەخەملێنن و ئاستی زۆر توندتر نیشاندەدەن. بۆ پشتگیریکردنی نرخی ئاڵوێر و بۆ پارەدارکردنی لاسەنگیی دارایی کەم، حکومەتی میسری ڕادەیەکی زۆر قەرزی نێوخۆیی وەرگرتووە و خزمەتگوزاری قەرز ئێستا چواریەکی بودجە بەکاردەبا.

## ئابووری سیاسی " گرۆنیزم* - هاوڕێیەتی)

چاکسازی لە میسر دواکەوت، تا ساڵی ١٩٩١ بە وریاییەوە جموجۆڵی بە خۆوە بینی، لەوکاتەوە نوشوستی هێناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی ئابووری سیاسی. ئەم شێوازەی گۆڕانە لە ڕێگەی سێ هۆکار بۆمان ڕوون دەبێتەوە: پێکهاتنی گروپە هاوبەرژەوەندەکان، کەسایەتی و پێشینەی سەرکردایەتی، بە تایبەتی سەرۆك موبارەك و بوونی کرێی زۆری نێودەوڵەتی.

زیانبارانی سەرەکی لە پرۆسەی چاکسازی میسری ئەوانە بوون کە بە وردی ڕژێم متمانەی پێکردن بۆ پشت پێبەستن و بەیەکەوە تواناکانیان خستە گەڕ بۆ بەدامەزراوەییبوون لە سەردەمی جەمال عەبدولناسر. کە بریتیبوون لە کرێکاری ڕێکخراو و بەڕێوەبەرەکان کە لە کۆمپانیاکانی سەر بەحکومەت و بیرۆکراتییەکانی کاریان دەکرد و ئەوانەی مۆڵەتی هاوردەیان دەستکەوتبوو و هەندێکی تر. چاکخوازانی میسری ڕووبەڕووی گروپی هاوبەرژەوەندی بەهێز بوونەوە کە ڕێگربوون لەبەردەم بڕیاردانی گۆڕانی سیاسی (بۆ جێبەجێکردن زیاتر ڕێگر بوون). حکومەت هەڵسا بە کەمکردنەوەی کرێکار لە ١،٢ ملیۆن لە ١٩٩٠ بۆ ٩٥٠،٠٠٠ لە ساڵی ١٩٩٦ لە ڕێگەی پێدانی خانەنشینی زوو لە کۆمپانیا گشتییەکان کە پێشنیارکرابوو تایبەت بکرێن. بێ کاری زۆر بە فراوانی لە ئارادایە، حکومەت لە ئاکامەکانی سیاسی دەرکرنی بە کۆمەڵی کرێکار دەترسێ لە بازاڕی کرێکار کە پێشتر سەرنەکەوت بۆ هەڵمژینی بەرهەمی ساڵانەی ٥٠٠،٠٠٠ کرێکاری نوێ.

هەروەها شێوازەکەی چاکسازی پەراوێزکردنی گروپە دەسەڵاتدارەکانیشی گرتۆتەوە. چینی باڵای سوپا و بیرۆکراسی ـ دەستەبژێری دەسەڵات کە لەلایەن

* مامەڵە و بواری تایبەت دەدرێ بە هاوڕێ و هاوکارانی نزیك، بە تایبەتی پۆستە سیاسییەکان بۆ خەڵکانێك چونکە نزیکن لێیانەوە بێ ئەوەی تواناشیان هەبێ (وەرگێڕ).



ناسرەوە دروستکرابوو ـ وەك دەسەڵاتدارە ڕووسییەکانی پێشوو لە ڕەفتارێکدا، بە گرۆتینەوە وەڵامی بوارە نوێکانیان دایەوە کە لەلایەن تایبەتکردن و ئازادکردنی بانکەوە پێشکەشکرابوو. سوود گۆڕینەوە لە نێوان ڕێکخەرانی حکومەت و بەڵێندەرە ئازادکەرەکان بەرەو پێشەوە چوو: ئێستا بازرگانی نێوخۆیی بەربڵاوە، بە تایبەتی لە کەرتی بنیاتنان کە زەوی گشتی بە نرخی هەرزان دەفرۆشرێ بۆ کەسانی نزیکی خۆیان و دواتر بە نرخی بازاڕ دەفرۆشرێتەوە[٣٣].

بۆی هەیە لە میسر زیاتر جەخت بکرێتە سەر بە هێزی گروپە هاوبەرژەوەندەکان، بەڵام دەربارەی زیانبارە نادیارەکان لە پرۆسەی چاکسازیدا: ئەوانە دووچاری کێشە دەبنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی چاکسازی، چونکە دانانی سیستەمێکی زۆر مەکەزیی لە میسر، لەوانەیە بۆ هەوڵێکی پێداگری سەرۆك بگەڕێتەوە[٣٤]. بەهەمان شێوە، کرداری دیاریکراو لە سەرووەوە بۆی هەیە زۆر لە گەندەڵی تێدابێ. سەرۆك، ئەوە هەڵدەبژێرێ کە تا دەکرێ هێواش و لەسەرەخۆ بێ و هەردوو کوڕەکەی ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە سوود گۆڕینەوەی بازرگان ـ بیرۆکراتدا.

سەرکردایەتی هەمیشە گرنگی بە چاکسازی دەدا، بەڵام، لە میسر زیاتر ئەو گرنگییە دەبینرێ. سیستەمی سیاسی میسر خاوەنی مەرکەزییەتە، گرنگترین بڕیارەکان لە لایەن سەرۆك و نزیکترین ڕاوێژکارەکانی دەردەکرێن. پیاوانی نزیکی موبارەك زۆربەی پیاوانی ڕژێمی کۆنن: گۆڕانی گەلێ کەم هەبووە لە کابینەکەی، و زۆر کەمتریش لە وەزارەتە سەرەکییەکان. موبارەك، پیاوێکی سەربازی، چواردەوری خۆی بە ئەندازیاران داوە ـ نەك کۆمەڵێك کە بەگرۆتینەوە باوەش بە چاکسازی بازاڕ دا بکەن. کەسایەتییەکی تەکنۆپۆلی نییە، یا ئابووری ناسێك بۆ سیاسەت وەرگەڕابێت وەك تورکیت ئۆزال. لەسەردەمی تیرۆرکردنی ئەنوەر سادات لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بوو وەك جێنشین دیارینەکرابوو.

به درێژایی حەفتاکان، کرێی نەوت، چی لە ڕێگەی ڕاستەوخۆی داهاتەکانی ناردەنی نەوت یا لە ڕێگەی گواستنەوەی دراوی کرێکارانەوە لە کەنداو و عیراق،

ڕێگەی بە حکومەتی میسریدا بازرگانی بگرێتە بەر. داشکانی کرێی نەوت لە سەرەتا و ناوەڕاستی هەشتاکان فشاری زۆری بۆ چاکسازی دروستکرد. هەرچەندە گۆڕانی گرنگ هاتنە ئارا (بە تایبەتی لە بودجەی حکومەت)، بەڵام تا ناوەڕاستی ١٩٨٦ پرۆگرامی بەهێز بۆ چاکسازی دانەڕێژرا و تا ئایاری ١٩٨٧ یش جێبەجێ نەکرا، و دواتر لە تشرینی دووەمی ١٩٨٧ دوورخرایەوە. بە درێژایی هەشتاکان حکومەت ئەم چاکسازییانەی دواخست کاتێ کێشەکان گرژییان بەخۆوە بینی، زۆر دوای ئەوەی کرێی نەوت نزمبووەوە.

ئێستا، بەرزبوونەوەی نرخی نەوت ڕێگە بە کرێی زیاتر لەو سەرچاوەیەوە دەدات، بەڵام کرێی سەرەکی بریتییە لە کرێی ستراتیجی. لەوەتەی ئەنوەر سادات لە کۆتایی حەفتاکان بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕووی وەرگێڕاوە، ڕژێمەکە سەرکەوتووانە و کارامانە ئەرکی بێ وێنەی خۆی بەکاربردووە وەك گەورەترین وڵاتی عەرەب، و یەکەم وڵاتی عەرەبی (تا ساڵی ١٩٩٤ تاکە وڵات بوو) کە ڕێکەوتنامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل مۆر بکات بۆ وەرگرتنی ماف لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا و ئەو دەزگا نێودەوڵەتییانەی وەك سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی. حکومەتەکەی موبارەك زۆر لێهاتووانە "کرێی ستراتیژی" قۆستەوە و بەکاری برد بۆ دواخستنی چاکسازی بۆماوەی نیو دەیە دوای داشکانی نرخی نەوت لە ناوەڕاستی ١٩٨٦.

بەڵام هەرچەندە کرێی ستراتیژی سنووری خۆی هەیە. لە سەرەتای جەنگی کەنداوەوە، فشار بۆ هێنانە کایەوەی گۆڕان لە بەرزبوونەوەدایە. سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە ١٩٨٧ سنووری قورستری دانا، لە کاتێکدا پەیوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکان کەوتە مەترسییەوە کاتێ میسر نزیك بوو پێشێلی هەمووارکردنەکەی (برووك) بکات. دوای نوشوستی هێنان لە پێکانی ئەو ئامانجانە لە متبوونی ڕێکەوتنامەی ئایاری ١٩٨٧ لەگەڵ سندوقی دراوی



نێودەوڵەتی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٧، چەند ساڵێکی دیکەی وتووێژی ئاڵۆزی بەدوا داهات. حکومەتی میسری بایەخی ستراتیژیەتی خۆی بەکارهێنا بۆ ڕاکێشانی پشتگیری ویلایەتە یەکگرتووەکان، و بڕوا پێهێنانی کە کار بکاتە سەر سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی بەندی گەورە لە مامەڵە کردن لەگەڵ میسر. کاتێ کە ئەمە ئەنجامدرا، کێشەکان زیاتر بوون. ئارامگرتنی پارتە میسرییەکان بەرەو نەمان ڕۆیشت، کاتێ دەرکەوت سیاسەتوانانی میسری دیدێکی زۆر کورتتر لەسەر کێشەکە وەردەگرن.

بەڵام دواتر، بە دڵنیاییەوە، سەدام حوسێن بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کرێی ستراتیژی میسری گەڕاندەوە. بە درێژایی نۆهەتەکان، هەنگاوەکانی چاکسازی زۆر جێگای پرس بوون و ڕژێمەکە بەردەوام لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی تانەی لێدەدرا، بەڵام لە کۆتاییدا، ئاگاداری میسری سەرکەوت: کرێی ستراتیژی بە توانا بوو ـ و بەتوانا دەبێ ـ حکومەت بە هێواشی، تەمومژاوی، و هەنگاوی نەژمێردراو دەچێتە پێشەوە.

هەرچەندە چاکسازی میسری پشتگیری زۆری لێکرا وەك نموونەیەکی بەرەوپێشچوون (بە تایبەتی لە لایەن بانکی جیهانییەوە)، بەڵام واقیع تەواو جیاوازە. یەکگرتنی پێکهاتووەکانی گرووپە هاوبەرژەوەندەکان، کرێی ستراتیژی، و کەسایەتی سەرۆك بووە هۆی چاکسازییەکی چەند پارچەی بەیەکەوە گرێدراو، کە سەر نەکەوت لە بەدەستهێنانی ئامانجی ناوەندی خۆی کە بریتیبوو لە دانانی ئابووری لەسەر ڕێڕەوی کارکردن و بەرهەمهێنانی گەشە، کە بەهۆی دروستکردنی ناردەنییەکانەوە بێتەکایەوە. گەورەترین ئابووری عەرەبی نوشوستی دێنێ لە دابینکردنی کاری پێویست بۆ لاوەکان، کە ڕەوایەتی ڕژێمەکەی لە لایەن لاوە ماندوو و توورەکانەوە لەدەستدەدات.

## ئوردن

هەروەکو میسر، ئوردنیش ئەوەی سەلماندووە کە چۆن ڕیزبەندی گروپە هاوبەرژەوەندەکان دەتوانێ تەگەرە بخاتە بەردەم پرۆسەی چاکسازی. ئوردن، زیاتر لە میسر نیشانی داوە کە چۆن ڕوودواوە دەرەکییەکان دەتوانن پرۆسەی چاکسازی تەنانەت ئەوەی بڕیاریشی لەسەردراوە لاواز بکەن. ئوردن چەندین جار بەسەر ناکۆکییە نێوخۆییەکاندا زاڵبووە، باوەشی بۆ چاکسازی کردووەتەوە و سەرکەوتنی سادەشی بەدەستهێناوە. ئوردن وڵاتێکی بچووکە و خاوەن بنکەیەکی ئابووری نێوخۆیی لە بنەڕەتدا لاوازە. ژمارەی دانیشتوانی کەمە (٥ ملیۆن) نەوتی نییە، و بە وڵاتانێک دەورە دراوە کە زۆر دەوڵەمەندترن و هێزی سەربازیشیان گەورەترە. تا پێنج ساڵ پێش ئێستا، وڵاتەکە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە قەرز و دابینکاری دەرەکی، هۆکارەکانی گواستنەوە بۆ کەنداو و ناردەنی کرێکاری لێهاتوو دەبەست، جەنگی کەنداوی ١٩٩١ بە شێوەیەکی کاتی هەر سێ سەرچاوەکەی پێشووی تێکشکاند.

لە ماوەی نیوەی یەکەمی نۆهەتەکاندا، گەشە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بە هێزبوو بە هۆی سەرمایەی ئوردنییەکان کە لە وڵاتانی کەنداو بەرەو نیشتمان گەڕابوونەوە، هەروەها بەڕێوەبردنی ئابووری هەمووەکی بە شێوەیەکی دروست. لە ١٩٩٢ تا ١٩٩٥ وڵاتەکە بە بوژانەوەدا گوزەری کرد، کە سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی ٩٪ بوو. بەڵام سستی پرۆسەی ئاشتی، دابەزینی نرخی نەوت، و کەمبوونەوەی خواست بۆ ئابووری ئاسیایی دوای ١٩٩٧، گەشە لە ١٩٩٦ ـ ١٩٩٩ بۆ ١,٥ دابەزی. ئەمە بووە هۆی بڕیاردانی خولێکی نوێی چاکسازی ئابووری، بە جۆرێک ئوردن پەیوەندی بە ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتییەوە کرد و پلانی دانا بۆ خێراکردنی بە تایبەتکردن. پێدەچێ ئاکامی هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ ی سێپتێمبەر بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان، و جەنگی دوای ئەوە لە ئەفغانستان و عیراق جارێکی دیکە هەمان هەستیاری بۆ ئابووری وڵاتەکە نیشانبدا کە بریتیبوو لە هێدمەی دەرەکی نێگەتیڤانە.



هۆکارەکانی هەستیاری ئوردن بریتین لە خاوەنداریێتی ئەو وڵاتە بۆ داهاتی سروشتی کەم و گەشەی خێرای دانیشتوان. ئەو دیاردە قەوارەییانەی ئابووری لەگەڵ بڕیاری سیاسی بەیەکداچوونە بۆ خولقاندنی چەند سەختییەکی دیکە:

★ کەرتی گشتی تا ڕادەیەك گەورە.
★ کەرتی تایبەتی بچووك لەگەڵ ناوەرۆکی پیشەسازی بچووك بەڵام گەشەکردوو.
★ باری قورسی قەرزی بێگانە (ئێستا نزیکەی ٨ بلیۆن دۆلار، لەگەڵ تۆڕێك بە بەهای ١١٠٪ ی سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی).
★ ناهاوسەنگی بازرگانی درێژخایەن ( ئێستا تێکڕاکەی ساڵانە نزیکەی ٢ بلیۆن دۆلار دەبێ).

ئەوەی گرفتەکانی دژوارتر کردووە، ئوردن لە بێ ئاوییەکی درێژخایەنی توند دەناڵێنێ. ئەو کێشە پێدەچێ یەکێك بێ بۆ هەردوو بواری خستنەڕوو و نرخدانان. گەورەترین بڕی ئاو لە بواری کشتوکاڵیدایە (٧٠٪ لە ساڵی ١٩٩٠)، لە کاتێکدا بەکارهێنانی ئاو لە بواری ماڵیدا ٢٤٪ یە. ئوردن تەنها ١٩٨ مەتر سێ جای بۆ هەر تاکێك هەیە (١٩٩٨)، و تێکڕای گەشەی دانیشتوانی ساڵانە لە ٣٪ تێپەڕدەکا، و فشار بۆ سەر دابینکردنی ئاو زۆر زیاتر دەبێ. (وەك یاسایەکی گشتی، کەمتر لە ٥٠٠ مەتر سێ جا بۆ هەر تاکێك ئاماژە بە فشاری زۆری ئاو دەکا). سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی بە شێوەیەکی بنەڕەتی زۆر بەکاردەهێنرێن[٣٥]. سیستەمی دانانی نرخ بۆ ئاو کە لەلایەن بەکارهێنەرانی ئاو پشتگیری لێ دەکرێ وەك ساماندار و خاوەن دەسەڵاتەکان و زۆرجار جوتیارە فەلەستینییەکان لە دۆڵی ئوردن، کەمی ئاوی لە هەر شوێنێکی میرنشینەکە زیاتر بەرەو گرژی بردووە.

بەردەوامبوونی ململانێی عەرەبی ـ ئیسرائیلی ڕێکخستنە هەرێمایەتییەکانی بێ ئومێد کردووە بۆ بەکارهێنانی ڕووبارەکان بە هاوبەشی وەك ئوردن و یەرمووك. زۆر

له چاودێران هیوایان خواست که پەیمانی ١٩٩٤ لەگەڵ ئیسرائیل یارمەتیدەر بێ بۆ دوورخستنەوەی ئەو گرفتانە. ڕێکخستنەکانی هاوبەشیکردنی ئاو له ڕوباری ئوردن و یەرمووك، لەگەڵ هاوبەشپێکردنی ئاوی ژێرزەوی یەکی گرت، مەبەست لێیان بریتیبوو له زیادکردنی کەمی سەرچاوە ئاوییەکانی ئوردن به بڕی ١٠٠ ملیۆن مەتر سێ جا. هەروەها هیواخوازرا که گواستنەوەی تەکنۆلۆجیا و هاریکاری هەرێمایەتی هێشتا سەرچاوەکان زیاتر بکا له بوارێکی درێژخایەن.

تا ئێستا هیچ یەك لەو سوودانە بەدەست نەهاتوون. وشکەساڵی له کۆتاییەکانی نۆهەتەکان و زیاتریش دژواری پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئوردنییەکان کاتێ که وتووێژی ئاشتی فەلەستینی و ئسرائیلی وەستا و دواتریش هەرەسی هێنا، بووە هۆی لاوازبوونی هاوکاری هەرێمایەتی نەك دوورخستنەوەی. هەرچەندە ئیسرائیل چاوی به دەستپێشخەرییەکەی ١٩٩٩ دا خشاندەوە بۆ پێنەدانی ٥٠ ملیۆن مەتر سێ جا که ئوردن بڕوای وابوو له پەیمانەکەدا هاتبوو، ڕووداوەکە کێشەکانی هاوکاریکردنی له ژینگەی سیاسی هەرێمایەتی هەنووکەیی وەك شانۆیەك نیشاندا. سەرەڕای چەندین بڕگە له پەیمانەکەدا که داوای پرۆژەکانی پێکبەستنەوەی ژێرخانی ئاوی دەکرد، بەڵام هیچیان دەستیان پێنەکرد. گرفتی ئاو وەك نیگەرانییەکی ناوەندی بۆ ڕژێمەکە دەمێنێتەوە، که هیچ چارەسەرێکی سادەی له دیدگەدا نییە.

ئوردن وڵاتێکی بێ کانزایە. هەرچەندە وڵاتەکە نیشتەنی فۆسفات و پۆتاسیۆمی گەورەی هەیە، بەڵام ئەم بەرهەمانە ئەگەری گەورەی دابەزین و بەرزبوونەوەی نرخیان لێدەکرێ زیاتر لەوەی بەرهەمی ناردەنی پیشەسازی بن. ئوردن، پێچەوانەی هاوسێکانی بەرهەمهێنەرێکی گەورەی نەوت نییە. بڕی مامناوەندی نەوتی خاو له ساڵی ١٩٨٣ دۆزرایەوە، بەڵام له ساڵی ١٩٨٩ کۆمپانیاکانی (ئامۆکۆ) و (هانت) خۆیان کێشایەوە که بەدوای نەوتدا بگەڕێن له وڵاتەکە.



هاوردنی نەوت بەردەوام بوو که ببێتە بەکارهێنەرێکی سەرەکی لەسەر ئابووری و لەسەر دراوی بێگانە.

داهاتی سەرەکی ئوردن بریتییە له خەڵکەکەی. حکومەت وەبەرهێنانی گەورەی له سەرمایەی خەڵکی پێکهێناوە. باری تەندروستی له چاو وڵاتانی هەرێمەکە له باشترین حاڵەتدایە: ئامارەکانی حکومەت ئاماژە بەوە دەکەن که بەشداری قوتابیانی سەرەتایی زیاتر له ٩٥٪ و هی ناوەندی زیاتر له ٦٥٪ دەبێت که زۆرترین ڕێژە له نێو جیهانی عەرەبیدا تۆمار دەکات[٣٦]. خوێندنی مەزنان ئێمڕۆ له بالاترین ڕێژەی دایە له هەرێمەکە: نزیکەی ٩٤٪ بۆ پیاوان و ٨٠٪ بۆ ئافرەتان. هەروەها له ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوو ڕێژەی ناونووسین له قوتابخانەکاندا به نزیکەی ٤٪ له زیادبووندایە بۆ هەر ساڵێك.

به داخەوە، گەشەی دانیشتوان هەڕەشە دەخاتە سەر ئەو دەستکەوتانە. ژمارەی دانیشتوانی ئوردن له ساڵی ١٩٩٠ به ٣,٤٥٣,٠٠٠ خەملێنرا، بەر له هەڵاوسانەکەی دوای داگیرکردنی کوێت کاتێ ٢٠٠,٠٠٠ تا ٣٠٠,٠٠٠ پەناهەندە له کوێت له سەرەتای هێرشەکەی عیراق بۆ نیشتمان گەڕانەوە. ستراتیژییەتی ناردەنی سەرمایەی خەڵك بۆ ماوەیەکی کاتی هەرەسی هێنا. تێکڕای ڕێژەی لەدایکبوونی ئێستا ٣٪ ی کەمبووەتەوە له ٣,٦٪ ی دەیەیەك بەر له ئێستا. تێکڕای منداڵان بۆ دایکان له ٧,٤٪ له ساڵی ١٩٧٦ بۆ ٥,٢ له ساڵی ١٩٩٢ و بۆ ٤,٥ له ساڵی ٢٠٠٠ دابەزی. دانیشتوان له ساڵی ٢٠٠٠ زیاتر له پێنج ملیۆن بوو. به شێوەیەکی ترسناکتر، پێشبینی دەکرێ له ماوەی ده ساڵی داهاتوودا که هێزی کارگەر (کرێکار) به نزیکەی ٥٪ گەشە بکا بۆ هەر ساڵێك.

کێشەکانی جۆرایەتی له سیستەمی پەروەردەدا هیواکان زیاد دەکەن به بێ دابینکردنی لێهاتوویی پێشبڕکێدار له تێڕوانینی بەراوردکاری نێودەوڵەتی. پێدەچێ کێشەکە به تایبەتی له ئاستی زانکۆدا زۆر دژوار بێ، بەجۆرێك که یەکگرتنی

هەردوو لایەنی زیادبوونی ناونووسین و کەمبوونەوەی خەرجی بووەتە هۆی مەترسی لە جۆری پەروەردەیی. ئەنجامەکەشی بریتییە لە زیادبوونی فشار لەسەر بودجەی پەروەردەیی حکومەت و بەرزبوونەوەی بێکاری لە نێو دەرچوان، و بەرزبوونەوەی ئاستی نائومێدی لە نێو جەماوەردا. ئەو بارودۆخە دژوارییەکی توندی بۆ سەقامگیری سیاسی لێدەکەوێتەوە کە کێشەی هەموو ولاتانی هەرێمەکەیە.

بازاڕی دەستی کاری ئوردنی لە کۆبوونەوەی ئاستی بێکاری بەرز و کرێکاری هاوردە پێکهاتووە. لە نێو لێنەهاتووەکانیشدا بێکاری زیاتر لە نێو نەخوێندەوارە بە تەمەنەکاندا چڕبووەتەوە، ئەمەش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان، بازاڕی کرێکاری ناکارامە پشت بە توانای جەستەیی دەبەستێ، ئەوەی دیکەش، بە لای کەمی چواریەکی دەرچووان بێکارن. ڕێژەی بێکاری لە ئوردن بە ڕادەیەکی زۆر بووەتە هۆی زیادبوونی ئەرکەکانی پەروەردە.

هەروەها ئوردن پشت بە کرێکاری دەرەکی دەبەستێت. کرێکاری بێگانە، بە زۆری لە میسر و باشووری ئاسیا، کار لە بورای بنیاتنان، کشتوکاڵ و کەرتی یارمەتی نێوخۆیی دەدۆزنەوە کە ئوردنییەکان بەهۆی نەریت و نزمی ئاستی کرێ لێی دوورکەوتوونەتەوە. سەرباری بێکاری دەرچووان، یارمەتیدانی خێزان بۆیان ڕێگایان دەدات خۆیان لە توانجی کۆمەڵایەتی دووربکەنەوە بە هۆی ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە.

ئوردن زۆر زووتر ڕووبەڕووی کێشەکانی بێ کاری بووەوە، بەڵام لە حەفتاکان سێیەکی هێزی کارگەر بە زۆری بۆ وڵاتانی نەوتداری کەنداو لە هەرێمەکە کۆچیان کرد. لە ساڵی ١٩٨٧ بڕی٣٢٥٠٠٠ ئوردنی لە دەرەوە کاریان دەکرد، لە کاتێکدا هێزی کار لە ٥٥٠٠٠٠ وەستا. لەو خاڵەدا، بێ کاری بە ڕەسمی ڕاگەیەنرا کە ١٠٪ بوو، هەرچەندە ئامارەکانی بەرپرسان پێدەچێ زیادە و کەموکوڕی تێدابێ. جەنگی کەنداو



بە شێوەیەکی کاتی هەلی کاری لە وڵاتانی خاوەن نەوت داخست، بەڵام ئێستا لەوانەیە ٣٠٠٠٠٠ ئوردنی لە دەرەوەی وڵات کار بکەن.

یەك ئەگەری چارەسەرکردنی مامناوەند تا درێژخایەن بۆ کێشەی بێ کاری بریتییە لە فراوانکردنی پیشەسازی و خزمەتگوزارییە سووکەکان. لە باری ئێستادا، کەرتی پیشەسازی ئوردنی بەلای ئەوەدا دەچێ کە لە کرداری بوار بچووکدا خۆی ڕێکبخات لەگەڵ هێزی کاری بچووك. ڕژێمی ڕێکخەر و دارایی، تەگەرە دەخەنە بەردەم فراوانبوونی بازرگانی. کەرتی پیشەسازی لە ١٩٩٨ بڕی ٢٥٪ ی سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی (GDP)، و زیاتر لە ١١,٦٪ لە ساڵی١٩٨٥ پێکهێناوە.

ئابووری ئوردن بەزۆری ئابوورییەکی خزمەتگوزارییە، دوو لەسەر سێی سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی پێکدەهێنێ. هەر ستراتیژیەتێکی بڕواپێکراو بۆ پێشکەوتن پێویستە پێشکەوتنی خزمەتگوزاری بگرێتە خۆ. هەندێ بواری چالاك زمانی عەرەبی و بەرنامەزانی کۆمپیوتەر و گەشتوگوزار دەگرێتەوە. هیوایەکی زۆر لە کاریگەری ئیجابی وتووێژی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل چاوەڕێ دەکرێ. هەرچەندە گەشتوگوزار خێرا بوژایەوە، بەڵام لەگەڵ نوێبوونەوەی توندوتیژی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠ جارێکی دیکە هەرەسی هێنایەوە.

ئوردن گەلێ بەدەست ناهاوسەنگی درێژخایەنی بازرگانی ناڵاندوویەتی. لە ساڵی ١٩٨٨ هاتنەخوارەوەی دیناری ئوردنی هەندێ لە لاسەنگیی بازرگانی پچڕاند. بۆشایی نێوان ناردەنی و هاوردن لە ساڵی ١٩٨٨ دا بڕی ١,٧ بلیۆن دۆلار و لە ١٩٨٩ یش یەك بلیۆن دۆلار و لە١٩٩٠ بڕی ١,٥ بلیۆن دۆلار و لە ١٩٩١ بڕی ١,٤ بلیۆن دۆلار بوو. سەرباری چاکسازی زیاتر دوای جەنگی کەنداو، لە ١٩٩٣ بۆشایی بازرگانی فراوانتر بوو بۆ ٢,٤ بلیۆن دۆلار ، لە ٢٠٠٠ لە ٢ بلیۆن دۆلار وەستا. لە کۆتایی نۆهەتەکان، بۆشایی نێوان ناردەنی و هاوردن نزیکەی ٢٠٪

ی سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی بوو. بەشێك لە ناهاوسەنگی بازرگانی بەهۆی بڕی بێ ئەندازەی بەکارهێنان و بەکارهێنانی کاڵای بێگانە هاتە ئاراوە، بەڵام لاسەنگیی بازرگانی بە زۆری قەوارەییە ئەویش لە ئەنجامی بچوکی بنکەی پیشەسازی، دەگمەنی سەرچاوە سروشتییەکان و پێداویستی گەورەی تۆڕی هێنانی خۆراك.

دەرەنجامی درێژبوونەوەی لاسەنگی بازرگانی بریتیبوو لە کەڵەکەبوونی قەرزی نێودەوڵەتی. لە ١٩٨٤ بۆ ١٩٨٨، ڕێژەی قەرزی بێگانە و گشتی بۆ سەرجەمی بەرهەمی نیشتمانی (GNP) لە ٥٩,٣٪ بۆ ٩٥,١٪ بەرزبووەوە. لە هەمان ماوەدا ڕێژەی خزمەتگوزاری قەرز لە ١٣,٨٪ بۆ ٢٩,٨٪ زیادبوو. لە کۆتاییدا نەتوانرا بارگرانی قەرز قەرەبۆ بکرێتەوە و لەبەهاری ١٩٨٩ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بانگهێشکرا. قەرزی ئوردنی بەر لە پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل بەلای کەمی ٧ بلیۆن دۆلار بوو: بەر پرسانی ئوردن پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە سەرجەمی قەرز نزیکەی ٨,٨ بلیۆن دۆلار بوو[٣٧]. لەوەتەی ١٩٩٤ ەوە بە لای کەمی قەرز جێگیر بووە، نوێترین خەملاندنەکان بە ٨,٤ بلیۆن دۆلاری دادەنێن. بە درێژایی دەیەك کەڵەکەبوونی قەرز زیاتر لە ٢٥٠٪ مایەوە (٢٦٠٪ لە ١٩٩١، ٢٢٨٪ لە ٢٠٠٠)، کە بووە هۆی خاوکردنەوەی وەبەرهێنەرانی تایبەت.

لە هەردوو بواری کەلوپەلی سەربازی و ژێرخاندا ئوردن زۆر پشتی بە یارمەتی دەرەکی بەستووە بۆ وەبەرهێنان. لە هەشتاکاندا، کەمی ئاستی دراو (مومتەلەکات) لە نێو وڵاتانی نەوتداری کەنداودا بووە هۆی کشانەوەیەکی بەرچاو لە یارمەتیدانی ئوردن. تا ساڵی ١٩٨٩، یارمەتی پێشکەوتنی فەرمی بە بڕی ٦,٣٪ ی سەرجەمی بەرهەمی نیشتمانی بوو کە بەرزترین ڕێژە لە هەرێمەکەدا پێکدەهێنێ. لە سەرەتای ئاژاوەی ئابووری ١٩٨٩ وڵاتانی کەنداو بەڵێنی یارمەتیدانی ئوردنیان دا، بەڵام ئەم یارمەتییانە بەهۆی ڕەتکردنەوەی



وڵاتەکە لە چوونە ناو هاوپەیمانی دژ بە عیراق لە جەنگی کەنداوی ١٩٩١ ڕاگیران. لە ١٩٩٨، یارمەتیدانی پێشکەوتنی ڕەسمی، تەنها ٥,٧٪ ی سەرجەمی بەرهەمی نیشتمانی بوو. شا حوسێن بە پێچەوانەی موبارەك، نەیتوانی سوود لە هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا وەربگرێ و پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل مۆربکا بۆ کەمکردنەوەی قەرزی بوارفراوان. بە هەرحاڵ، بڕیاردانی ئەنجوومەنی پیران بە ڕێکەوتنامەی بازرگانی ئازادی ئوردنی ـ ئەمەریکی لە دوای هێرشە تیرۆریستییەکەی ١١ ی سێپتێمبەری ٢٠٠١، نیشانی دەدا کە میرنشینەکە دەتوانێ هێشتا هەندێ کرێی ستراتیژی بەدەستبێنێ.

## چاکسازی ئابووری لە ئوردن

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا سیاسەتدانەران دانیان بە پێویستی چاکسازی ئابووری داناوە، بەڵام بەرەوپێشچوونی ڕاستەقینە تا قەیرانی ئابووری ١٩٨٨ ـ ١٩٨٩ دەستپێنەکرد. ڕێکەوتنامەی بنەڕەتی لە نێوان حکومەت و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی چەند مەرجێکی لەخۆ گرتبوو، لەوانە: کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجە، چاکسازی لە سیستەمی باج و سیاسەتی متمانەپێدانی بەهێزتر، بەڕێوەبردنی قەرز و سیاسەتی قەرزکردن بە شێوەیەکی وریاتر، کەمکردنەوە لە ڕێژەی هەڵاوسانی نرخ، چاککردنی حیسابی ئێستا بۆ شوێنێکی هاوسەنگ لە ١٩٩٣ و بنیاتنانی یەدەگی دراوی بێگانە بۆ هەڵمژینی بەهای هاوردنی مانگانە.

حکومەت بە ئاشکرا پابەندبوونی خۆی بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتنەکە لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ڕاگەیاند. سەرەڕای بەرهەڵستیکردنی چڕی پەرلەمانتاران دژ بە ڕێکەوتنەکە، بەڵام لە هیچ خاڵێکدا، هیچ پەرلەمانتارێك یا گروپێکی ئەندامان بە پلانێکی جێگرەوە نەهاتنە پێشەوە. کە کاتی بڕیاردانی بودجەی ١٩٩٠ هات، هیچ تەقەلایەك لەلایەن پەرلەمانتارانەوە نەبوو وەك

ڕێگەیەکی دەربازبوون لەم کێشانەی بێکاری بەرگری لە خەرجی زیادە بکات. لە ئەنجامدا، پەرلەمانتاران ڕەزامەندییان لەسەر پرۆژەکەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی نیشاندا. لەمەوە دەردەکەوێ، لە هەر قەیرانێکدا، پێداگری بە تەمەنەکان هەمیشە ڕێکنەخراو و بێ بەرنامەیە و ناتوانێ داکۆکی سەرکردایەتی پێداگر بکا[38].

سەرەڕای دڵسۆزی حکومەت لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتنەکە، کەچی تەنگژەی کەنداو خشتەی کاتی بنەڕەتی بۆ چاکسازی تێکدا، هەزاران پەنابەر هاتنە نێو ئوردن و پێگەی سیاسی میرنشینەکە لەسەر قەیرانەکە زیاتر بارەکەی خراپ کرد، چونکە وڵاتە هاوپەیمانەکان ڕەتیانکردەوە کە کێشەی پەنابەرانی ئوردنی چارەسەر بکەن. ئابڵۆقەی ئابووری سەر عیراق زۆر بە توندی کاریگەری خستە سەر کەرتی بازرگانی، پیشەسازی و گواستنەوەی وشکانی ئوردن. ئابڵووقەی بەندەری عەقەبە، بووە هۆی ئەوەی کەشتییەکان چی دیکە ئەو بەندەرە تەنانەت بۆ مەبەستی دیکەش بەکارنەهێنن. هەروەها ئوردن بازاڕی کوێتی و سعوودییەکانیشی لەدەستدا سەرەڕای یارمەتییەکانی وڵاتانی کەنداو، هەموو ئەمانە بەهۆی ئەوەی ڕژێمەکە نەیتوانی پەیوەندی بە هاوپەیمانی دژی عیراقەوە بکات. هەروەها نائارامی ناوچەکە بووە هۆی پچڕانی بازرگانی گەشتوگوزاری ئوردنی بە شێوەیەکی فراوان. بە گوێرەی خەمڵاندنەکان کاریگەری ئابووری بەهۆی تەنگژەکە لەسەر ئوردن بە ١,٧ تا ٥ بلیۆن دۆلار زیانی هەبوو.

هەروەها تەنگژەی کەنداو بووە هۆی لاسەنگیی بودجە کە سنووری هەموو خەملاندنەکانی تێپەڕاند، لە ١٩٩١ دا لە ١٢١,٧ ملیۆن دیناری ئوردنی، گەیشتە ٢١٦,٧ ملیۆن دیناری ئوردنی . لە ئەنجامی ئەو گۆڕانە ئابوورییانە، ئوردن دیسان کاتی دانەوەی قەرزەکانی دواخست، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی زۆر بە سنگ فراوانییەوە بارەکەی وەرگرت. تیمێکی سنودوقی دراو لە



ناوەڕاستی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ گەیشتە ئوردن بۆ ئامادەکردنی نامەیەکی نوێی ئامانج و ڕێکەوتنێکی نوێ. لە ئابی ١٩٩١ ڕێکەوتنەکە ڕاگەیەنرا. ئوردن تەواو مەرجەکانی جێبەجێکرد و لەسەرەتای نۆهەتەکانیشدا ئەنجامێکی مژدەبەخشی بەدەستهێنا کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا.

یاداشتنامەی تێگەیشتنی ئوردن لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی کە لە چواری تەمووزی ٢٠٠٠ وەك کاردانەوەیەك بۆ هێواشبوونەوەی گەشە لە کۆتاییەکانی نۆهەتەکان بڕیاردرا، ئامانجەکانی بۆ قۆناغی داهاتووی چاکسازی ئابووری ڕاگەیاند. بەرنامەکە جەختی لە پرۆسەی بە تایبەتکردن، باجی خوێندن و گۆڕانکاری دیکەی سیاسی پێویست بۆ دەستکەوتنی پێویستییەکانی ئەندامێتی ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی کردەوە (ئوردن لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠ پەیوەندی بە ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتییەوە کرد). هەرچەندە لە کاتی جێبەجێکردنی هەندێ لایەنی ئەو چاکسازییە گرفتی نێوخۆیی سەری هەڵدا، بەڵام گرفتی سەرەکی، کە لە مێژووی ئوردندا زۆر باو بووە، بریتییە لە کاریگەری نێگەتیڤانەی ڕووداوە دەرەکییەکان، سستی و هەرەسهێنانی وتووێژی ئاشتی ئیسرائیلی ـ فەلەستینی، ڕاپەڕینی (ئەلئەقسا) و هەڕەشەی جەنگی هەرێمایەتی دوای سێپتێمبەری ٢٠٠١ و جەنگی ٢٠٠٣ ی عیراق، هەموو ئەمانە متمانەیان لاواز کرد و تەگەرەیان خستە بەردەم وەبەرهێنانی بیانی.

## چاکسازی متمانە پێکراو

بە بەراورد لەگەڵ دیدی هەرێمایەتی، ئوردن تەواو سەرکەوتوو بووە لە بڕیاردانی سیاسەتی چاکسازی ئابووری. سێ هۆکاری سەرەکی لە دواوەی ئەو سەرکەوتنەن: سەرکردایەتی باش، پشتگیریکردن لەلایەن کەسایەتی بازرگانی، بەکارهێنانی چڕوپڕی دراوی خەڵکی دیکە، وەك بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی.

رێگرەکانی بەردەم چاکسازی بریتیبوون لە هەڕەشە بەرچاوەکانی نێوخۆیی و دەرەکی. گرفتە دەرەکییەکان پێشتر باسیان لێوەکرا. بەڵام لە ڕووی نێوخۆییەوە، یەکێك لە گەورەترین مەترسییەکان کە تا ئێستا ئاماژەی پێنەکراوە، بریتییە لە نائارامی کۆمەڵایەتی لە سەرەتای پچڕانی یارمەتی داراییەوە. لە کۆتایی هەشتاکان حکومەت لە چەند شوێنێکدا ڕووبەڕووی ئاژاوە و پەشێوییەکانی نێوخۆیی بووەوە کاتێ یەکەم هەنگاوی بەرەو چاکسازی هاویشت، بەڵام ئەم نائارامییانە کاری زۆریان نەکردە سەر هەنگاوەکانی چاکسازی.

گرنگتر لەوە، بە تایبەتکردن ڕووبەڕووی کێشەی سیاسی ترسناك دەبێتەوە. بچووك دەرکەوتنی دەوڵەت (چوونەوەیەکی دەوڵەت) واتا کەمبوونەوەی جەماوەری بنەڕەتی دەوڵەت بەهۆی زیادبوونی ئوردنییە نا بنەڕەتییەکان. ئوردنییە نا بنەڕەتییەکان بوونیان لە نێو کارمەندە حکومییەکانی ئوردن زیاترە و فەلەستینییەکان لە کەرتی تایبەت باڵادەستن. ئەندامی هۆزە گەورەکان ـ بۆ نموونە، مەجالی، بەنی حەسەن، بەنی سەخر، بەنی حەمیدی و عدوان هەڕەشەیان لێ دەکرێ نەك تەنها بەهۆی کرژبوون و چوونەوەیەکی حکومەت، بەڵکو بەهۆی کێبڕکێ (وا گومان دەبرێ) ی بەڵێندەرە ئیسرائیلی و بە تایبەتی لە کەرتی غەزەوە لەوەتەی پرۆسەی ئاشتی دەستی پێکردووە. سەرۆك وەزیرانی پێشوو عەبدولڕەئوف ئەلرەوابدیح، لەم خاڵەدا دژی پرۆسەی بە تایبەتکردن وەستا[٣٩]. گۆڕینی ئەو بۆی هەیە و بۆشی نییە ببێتە خێرابوونی پرۆسەی بە تایبەتکردن، کە لەوانەیە و لەوانەش نییە لە ڕووی سیاسییەوە نا ئارامی بنێتەوە.

سەرکردایەتی، وەك هەمیشە، زۆر گرنگە. تا مردنی شا حوسێن لە شوباتی ١٩٩٩، جێبەجێکردنی چاکسازی نموونەیەکی ئەفسانەیی دانایی مەلیك حوسێن دابین دەکات. ئوردن وڵاتێکی بچووکە و، خاوەن سەربازی لاوازتری لە چاو قەبەیی وڵاتە هاوسێکانی، لەگەڵ سیاسەتێکی دەرەکی کە سیاسەتی نێوخۆیی بە



سەریدا زاڵە. لە ڕاستیدا، لە ئوردن سیاسەتی دەرەوەی بریتییە لە سیاسەتی نێوخۆیی. بە داخەوە، ئەگەر بتەوێ ئامرازێك بۆ پێکانی هەردووکیان بەکاربێنی بۆی هەیە هەردووکیان بدۆڕێنی. سەرەکیترین پەرژین لەبەردەم بەردەوامبوونی گەشە لە ئوردن بریتییە لە نا سەقاگیری هەرێمایەتی، لاوازی سەرکردایەتی شا حوسێن لە دیدگای ئابوورییەوە ئالۆزیی دەستی سەرۆکایەتی بوو: بەردەوامی کەم هەبوو پەیوەندار بە پۆستەکانی کابینەکەی، یا لەسەر ئاستی سەرۆك وەزیران. بە پێچەوانەوە لەگەڵ مەغریب، جێگیری گۆڕانی تیم لەوانەیە لە بەرنامەی ئوردنیدا نەبێ. ئەو پراکتیزەکردنە تا عەبدوڵلاش بەردەوام بووە، کە هەڵسا بە لادانی یەکەم سەرۆك وەزیرانی دیاریکراو، ڕەوابدیح، لە شوێنی ئەو عەلی عەبدولڕەغیبی لە تەمووزی ٢٠٠٠ دانا.

ڕژێمەکە زۆر بە توندی لەلایەن چینی بەرزی بازرگانەکان، پیشەسازیکارەکان، بازرگانە کشتوکاڵییەکان و جوتیارە سامانداراکانەوە پشتگیری لێ دەکرێ. بۆرجوازییە ئوردنییەکان، ئەو پیاوانەی شا کە لە فەلەستینییەکان و جەماوەری ئوردنییە نا بنەڕەتییەکان پێکهاتوون، پەیوەندی پتەویان بە ڕژێمەکەوە هەیە، تاڕادەیەك ناسنامەی نەژادی خۆیان خزاندۆتە نێویان کە بە ئوردنی دابنرێن. بۆچوونەکانیان دەبێ لەلایەن بڕیاردەرانی باڵاوە ڕەچاوبکرێ: ئەوانە هاوپەیمانی گرنگی شان دەربارەی پرسەکانی هەر لە ئیسلامییەکانەوە تا دەگاتە پرۆسەی ئاشتی، هەر سیاسەتێك نیازی هەڕەشەکردنی بەرژەوەندییەکانیانی هەبێ، ئەستەمە بەردەوام بێ.

سەرەڕای ترسە هەرێمایەتییەکان، بەلای کەمی سێ کێشەی دیکە کۆسپ لە بەردەم پێشەوەچوونی کەشی لە بار بۆ بازرگانی تایبەت دادەنێن. یەکەم، کەڵەکەبوونی قەرز. بەدەستهێنانی یارمەتی قەرز بۆی هەیە مەرجێکی پێویست بێ بۆ سەرکەوتنی ستراتیژییەتی نوێ. هەرچەندە حکومەت بە گرۆتینەوە بۆ ئەم

خاڵە کاریکردووە، تا ئێستا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستنەهێناوە. لە بری ئەوە، بەشێك لە پێدانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهۆی مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی ١٩٩٤ لەمەڕ ڕێکەوتنی بازرگانی ئازاد لەگەڵ ئوردن. دووەم، چالاکییەکانی کەرتی تایبەت لە ڕووی مێژووییەوە لە ئوردن پشتی بە بۆندەکانی لەگەڵ حکومەت بەستووە. سوود گۆڕینەوەی حکومەت و بازرگانی تایبەت بە چڕی و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دراوەتە گروپی قەبارە بچووك و تاقمەکانی خۆیان. دەستەبژێری بازرگانی هەمیشە براوە یا دۆڕاوی لێڵ و تەمومژ نین لە پرۆسەی چاکسازیدا. پشتگیریکردنیان بۆ چاکسازی بە شێوەیەکی نموونەیی لە دڵسۆزییانە بۆ شا، کە بۆ چەندین دەیەیە پارێزگاری لێکردوون.

یەکگرتنی، پێویستی ڕازیکردنی ئەو جەماوەرە، سەرباری ئەو ڕاستییەی کە زۆر لە بازرگانە گەورەکان سوود وەردەگرن وەك قەرزپێدەر لە ڕێکخستنەکانی ئێستا، لەسەرخۆیی پرۆسەی چاکسازی ڕوون دەکاتەوە کە حکومەتی ڕێکخەر پێی هەڵساوە. سەرەڕای بوونی ناوچەی ئازاد و موڵکی پیشەسازی، ئوردن گەلێ کەم وەبەرهێنانی بیانی هێناوەتە ناوەوە، لە کاتێکدا ئوردنییەکان بڕی ٦ بلیۆن دۆلار لەدەرەوە کار پێدەکەن.

شا عەبدوڵڵا بە شێوەیەکی پەسەندکراو زۆر باش مامەڵەی لەگەڵ سیاسەتی خیانەتکاری بیانی و نێوخۆیی میرنشینەکە کردووە. بەڵام هێشتنەوەی هاوسەنگی لاواز لە نێوان خاوەن بانکەکانی ڕۆژهەڵات و فەلەستینییەکان، ئیسلامییەکان و پشتیوانانی ڕژێم لە وەها بارێکی شلۆق و ژینگەیەکی کوشندەی هەرێمایەتی، هەر لە بنەڕەتدا گەلێ گرفتئامێزە. ئوردن ئەوەی لە توانای دابووە کردوویەتی، سەرەڕای چەندبارەبوونەوەی هێدمەی نێگەتیڤانەی دەرەکی، ئەوە پەیمانێکی کارامەی سەرکردایەتییەکەیەتی و پتەوی سیاسەتە تێکەڵەکەیەتی.



بەڵام ئەو ڕاستییە دەمێنێتەوە کە لاوی بێکار و بێزارییەکەی، دوای دە ساڵ لە چاکسازی کەم نەبووەتەوە: بێ کاری لە نێوان ٢٥ تا ٣٠٪ دەبێت، و ٣٠٪ ی دانیشتوان لە ژێر هیلی هەژاری نیشتمانی ژیان دەبەنە سەر. ئوردن تەنانەت سنوور بۆ هەوڵی چڕی چاکسازیش دادەنێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی لاوی ناخپڕ و نائارامی بارودۆخی سیاسی هەرێمایەتی.

## ئێران

ئێران وڵاتێکی مەرکەزییە، خاوەن ئابوورییەکی هەڵاوساو و بازاڕی ستە. داهاتی تاك زۆر بە توندی لە ماوەی هەشتاکاندا دابەزی، لە ١٩٩٣ بۆ ١٩٩٧ بە شێوەیەکی پلە پلە هاتەخوارەوە. تەنها لە ماوەی نیوەی دەیەی ڕابردوودا ڕێژەی گەشەی ئابووری لە گەشەی دانیشتوان تێپەڕی کرد. ئابووری بە هۆی بێکاری بەربڵاو، هەڵاوسان و لاسەنگیی درێژخایەنی بودجە، دابەزینی ئاستی بژێوی و فراوانی هەژاری هەراسان بووە.

دابەزینی ئابووری ئێران بە تایبەتی لە ماوەی هەشتاکاندا تێبینیکراوبوو. داهاتی تاك لە ساڵی ١٩٩٢ خەملێنرا کە ٣٨٪ بوو نزمتر لەوەی کاتی شۆڕشی ١٩٧٩ دا هەبوو. ئەو جێبەجێکردنە نائومێدانە بەهۆی دوو هۆکارەوە هاتوونەتە ئاراوە: یەکەم، گەشەی وەبەرهێنان زۆر هێواش بووەوە، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، فشاری جەنگ لەگەڵ عیراق و خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری. دووەم، تێکڕای گەشەی دانیشتوان بەرزبووەوە: ڕێژەکە لە ٢,٩٪ لە نێوان ١٩٦٦ ـ ١٩٦٧ و ١٩٧٦ ـ ١٩٧٧ بۆ ٣,٩٪ لە نێوان ١٩٧٦ ـ ١٩٧٧ و ١٩٨٦ ـ ١٩٨٧ بەرزبووەوە. ڕێژەی لەدایکبوون بۆ ٦,٢ بەرزبووەوە. لە ئەنجامدا دانیشتوان لە نزیکەی ٤٠ ملیۆن لە ١٩٨٠ بۆ نزیکەی ٥٥ ملیۆن لە ١٩٩٠ بەرزبووەوە.

هەرچەندە لە ماوەی کۆتاییەکانی هەشتاکان و سەرەتاکانی نۆهەتەکان گەشەی ئابووری نەبووژایەوە، بەڵام ڕێژەی گەشەی دانیشتوان دابەزینی بەخۆوە بینی. لە

ڕاستیدا، دابەزینی ڕێژەی لەدایك بوون لە ئێران لەوانەیە خێراترینی ئەو نزمبوونەوەیە بێت لەوەتەی تۆمار کراوە[٤٠]. ئیمڕۆ سەرجەمی ڕێژەی لەدایك بوون لە ئێران نزیکەی لە ئاستی جێگرتنەوەدایە (٢,٠)[٤١]. ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە ٣,٣٪ (١٩٨٠ ـ ١٩٩٠) بۆ ١,٦٪ (١٩٩٠ ـ ١٩٩٩) و بۆ ٠,٧٢٪ لە ٢٠٠١ دابەزی[٤٢].

سێ دەرەنجامی گرنگ لەم وێنەیەی دانیشتوان هەڵدەهێنجرێ: یەکەم، زۆرینەی دانیشتوانی ئێران لاون: ٥٠٪ ی ئەوانەش لە هەژدە ساڵ لاوترن و نزیکەی دوو لەسەر سێش لە ٣٠ساڵ بچوکترن. دووەم، هێزی کارگەری خەڵکی لاو کە لەدایکبووی ١٩٨٠ ن، دەستیان کردووە بە چوونە نێو بازاڕ. سێیەم، لە ئەنجامی هێواشبوونەوەی خێرای گەشەی دانیشتوان لە نۆهەتەکاندا، زیادەی هێزی کارگەری وا بە بەرزی نامێنێتەوە لە سەرانسەری هەر شوێنێکی هەرێمەکە (هەرچەندە هاوبەشی هێزی کارگەری مێیینە دەتوانێ ئەمە بگۆڕێ). بەڵام ئیمڕۆ لە نێوان ٧٢٠٠٠٠ تا ٨٥٠٠٠٠ کرێکاری نوێ ساڵانە دێنە نێو تەمەنی هێزی کارگەر.

هەنگاوی دابینکردنی کار پێشوەچوونی بەخۆوە نەبینیوە. لە سەرەتای هەشتاکانەوە تا ئێستا بێکاری لە ١٠٪ بۆ ٢٥٪ بەرزبووەتەوە[٤٣]. زیاتر لە دوو لەسەر سێی دابینکردنی کاری نوێ لەوەتەی شۆڕشەوە لە ئاستی کەرتی گشتی بوون. زیاتر لە ٨٠٪ ی هەموو دەرچووانی کۆلێژ لە وڵات بۆ دەوڵەت کار دەکەن. ئێران هەموو نیشانە هەمیشەییەکانی هەرێمایەتی بۆ ئاست بڵندی و بەرزبوونەوەی بێکاری چینی لاوانی نیمچە خوێندەواری تێدا بەدی دەکرێ. هەندێ شیکەرەوە بڕوایان وایە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ئێران لە باری هەژاریدا دەژین[٤٤]. ڕێژەی گەشەی سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی (GDP) لە ٦,٧٪ بۆ هەر ساڵێك پێویستە بۆ دابینکردنی کار بۆ هێزی کارگەری نوێی بەشدار ـ ئەمەش، تەنها بۆ ئەوەیە تا ئاست بڵندی بێکاری پێشوو لە بەرزبوونەوە ڕابگرێت. ئابووری تا ئێستا دوورە و وەدەستهێنانی لەو جۆرەی نەدواندووە.



پێوستە ئەم نوشوستییانە لەگەڵ ئەو دیاردانەی خوارەوە بەراورد بکرێن: زیادبوونی ئاشکرای بەکارهێنانی هەمەجۆری مادە خۆراکییەکان بۆ هەرتاکێك لە ناوچە شارییەکاندا، تەسکبوونەوەی ئاشکرای بۆشایی داهاتی لادێ ـ شار، زیادبوونی ڕێژەی ناونووسین، زیادبوونی خوێندەواری لە نێرینە (و بە تایبەتی مێیینە)، دابەزینی ڕێژەی لە دایکبوون، و دابەزینی ڕێژەی مردن. تاکە ڕێگە بۆ ڕوونکردنەوەی دابەزینی داهاتی تاك و زیادبوونی بەکارهێنانی خۆراك بریتییە لە یەکسانی دابەشکردنی داهات، بە جۆرێك هاوبەشیکردنی زۆرتر دراوەتە خەڵکانێکی خاوەن خواستێکی پەراوێزکراوتر بۆ بەکارهێنانی خۆراك. بەکارهێنانی خۆراك، ئاو، و وزە زۆر بە چاوتێری دابەشکراوە، بە بڕی ١٥ بۆ ٢٠٪ سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی[٤٥].

هەروەك (ئامۆزیگار) و هەندێکی دیکە ئاماژەی پێدەکەن، هەندێ بەڵگە لە ئارادان کە لەگەڵ وێنەکانی یەکسانیدا دژیەکن[٤٦]. لەوانەیە ژمارە و ڕێژەکانی بەکارهێنان بۆمەبەستی سیاسی دەسکارییان کرابێ، یان لەوانەیە ژمارەکانی داهاتی نیشتمانی هەڵەبن چونکە بڕی ٤٠٪ ی داهاتی نیشتمانی ئێرانی لە ئابووری ژێرخاك بەرهەم دێت[٤٧]. لەماوەی دەیەی ڕابردوودا سێ هۆکار بوونە مایەی فراوانبوونی بۆشایی داهات: سەرهەڵدانی سەرمایەداری هاوڕێیەتی*، ئەوەش لەئەنجامی خاوی و بێ پلانی چاکسازی لە سەردەمی ڕەفسەنجانی: سیستمێکی یارمەتی دارایی بێ ئەندازە (بڕی ١٥ بۆ ٢٠٪ سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی)، کە٨٧٪ ی بۆ شارە (تاڕادەیەك دەوڵەمەندە) کان کۆدەکرایەوە و سیستەمی نرخی فرە ئاڵوێری، کە بوارێکی فراوانی گەندەڵی ڕەخساند[٤٨].

هەردوو شۆڕشی ئێران و جەنگی عیراق ـ ئێران زۆر بە گەورەیی مەرکەزییەتی بڕیاردانی ئابوورییان وروژاند و بووە هۆی دروستبوونی میکانیزمی دیاریکردنی ستاتیزم و، فەرمان ـ ئابووری ـ شێواز. حکومەت هەڵسا بە جێبەجێکردنی

* پێدانی سامان بە گروپی بچووك یا خەڵك کە پێشتر سەرمایەدار و نزیك لەدەسەڵات بوون (وەرگێڕ).

کۆنترۆڵکردنی نرخ، دیاریکردنی شتومەکی بەکارهێنەر، بەرزکردنەوەی ئەنقەستانەی نرخی ئاڵوێر، ڕێکخستنی توندی چەندایەتی هاوردن، و کۆنترۆڵی تەواو لەسەر کاری بانك. هەروەها حکومەت تۆڕێکی ڕێکخەری باوی بۆ کەرتی تایبەت دروستکرد، کە دەبوایە ژمارەیەکی زۆر مۆڵەت بەدەستبێنن هەروەها پرۆسەی خۆماڵیکردن لە دەستووردا نوسرابووەوە.

لە سەرەتای شۆڕشەوە بڕی ٥٨٠ کۆمپانیا خۆماڵیکران. ئەمانە بریتیبوون لە کۆمپانیای بوار مامناوەند و گەورە. وەك زۆربەی وڵاتە پێگەیشتووەکان، ئێران بازاڕی پیشەسازی دوانەی هەیە، بەجۆرێك ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا زۆر بچووکەکان لەگەڵ ژمارەیەکی هەندێ زۆرتر لە کۆمپانیا مامناوەند و گەورەکان بەیەکەوە هەن. هەروەها ئەم دابەشکردنە لە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتیشدا هەمان شتە. هەموو کۆمپانیان گەورەکان و زۆرینەی کۆمپانیا مامناوەندەکان، لەلایەن دەزگا گشتییەکانەوە بەڕێوە دەبرێن، بەتایبەتی دەزگای (بونیاد) کە لەماوەی شۆڕشدا دامەزراون. ئەم پێکهاتانە بڕی ٢٠٪ مومتەلەکاتی دەوڵەت دەگرنە خۆ. کە ١٠٪ سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی (GDP) پێکدەهێنێ، و قەڵایەکی پاراستنن بۆ زۆربەی توخمەکانی پارێزگاران و پیاوە ئایینییەکان[٤٩]. گەورەترینی ئەوانە (بونیاد موستەفازان ـ بونیادی چەوسەوان) ە، کە بڕی ٤٠٠ کۆمپانیای هەیە، لەزۆربەی بوارە پیشەسازییەکاندا دابەشبوون و ڕێگە بە پێشبڕکێش نادات. ئەمە دەزگایەکی تەواو نابەرپرسیارە لەوانەیە بڕی ٢٥٪ کۆمپانیا نا نەوتییەکان خاوەندارێتی بکا. کەرتی پیشەسازی گشتی بەدەست خراپی بەڕێوەبردن و زۆری کارمەندەوە دەناڵێنێ: ئەم کەرتە لە ساڵی ١٩٩٧ و ١٩٩٨ بڕی ١٥,٦ بلیۆن دۆلار زیانی لێکەوت[٥٠].

بە بێ سەرسوڕمان، ئەنجامدانەکان لاواز بوون. بەرهەمهێنانی پیشەسازی لە ماوەی هەشتاکاندا سستی پێوەدیاربوو (بەدروستی بە ڕێژەی ٠,١٪ لە هەر ساڵێکدا دەهاتە خوارەوە). هەندێ پیشەسازی زۆر لەوە خراپتریان بەسەر هات:



بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل لە ساڵی ١٩٩٢ تەنها ١٥٪ ئەو ئاستە بووکە بەر لە ١٩٧٩ بەرهەمدەهات. لەماوەی ١٩٨٩ ـ ١٩٩٢ گەشە بووژایەوە، کاتێ کەرتی بەرهەمهێنان بە ڕێژەی دوو هێندە گەشەی کرد. بەڵام زۆربەی ئەو گەشەیە چڕی سەرمایە بوو و کەمتر لە ١٠٪ ی هاوبەشی نوێی هێزی کارگەر لەو ماوەیەدا بەشدارییان تێدا کرد. لەم دواییەدا، گەشەی پیشەسازی بە بڕی ٤,٤٪ گەشەی کرد[٥١]. تێکەڵەی سیاسی ( یاساکانی دەستی کار، نرخی زیادەبووی ئاڵوێر، بروابپێدانی یارمەتی) چڕی سەرمایەی پیشەسازی زیاد دەکات و نەرمونیانی کاری گەشە کەمدەکاتەوە.

ئەنجامدانەکان بەهۆی خودی شۆڕش و کێشەی (ستاتیست ـ مەرکەزییەت)، و سیاسەتەکانی ئاراستەکراوی نێوخۆیی لاوازی بەخۆوە بینی. شۆڕش و جەنگەکەی کە بەدوایداهات لەلایەن جەماوەرەوە گلەیی لێکراو بوو لە ئەنجامی دەستێوەردانی سیاسی (بە تایبەتی بۆ خومەینی)، مانگرتنی کرێکاران، کۆچکردنی بەکۆمەڵی لێهاتوویی ئیداری و کەموکوڕی وزەی کارەبا کە لەگەڵ هاتنی شۆڕشەوە هاتنە ئاراوە. سیاسەتی ئاراستەکراوی نێوخۆیی وەك باج و بەشێوەیەکی گشتی نرخی بەرزبووی ئاڵویر* کۆمپانیاکانی جیاکردەوە لە پێشبڕکێکردن، ڕێگەپێدانی ناکارامەیی بۆ بوژانەوە و دابینکردنی بەرژەوەندی تایبەت لە بەردەوامبوونی ئەو سیاسەتانە. ئاسانە کە تێبگەی بۆچی یەکێك لە روکنەکانی سیاسەتی چاکسازی خاتەمی و ڕەفسەنجانی بریتیبوو لە تایبەتکردن. هەروەك ئێمە دەبینین، لێرەدا پێشوەچوون لە کەمترین باردا بوو، سەرەڕای دەیەیەك وتاردان.

* نرخی بەرزبووی ئاڵویر: الصرف المرتفع ـ **Overvalued Exchange**: بەو دراوانە گوترێت کە نرخەکەیان لە بازاڕی گۆڕینی دەرەکیدا بەرزتر بێت لە هێزی کڕینی ناوەخۆیدا. (وەگێڕ).

لە ڕووی کشتوکاڵەوە کەمێك باشتر ئەنجامدراوە. بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بە بڕی ٥٤٪ لە ١٩٨٠ بۆ ١٩٩٠ زیادیکرد. هەروەها گەشە لە سەرەتاکانی نۆهەتەکاندا بەهێز بوو، لە نێوان ١٩٩١ و ١٩٩٥ گەیشتە ٤,٩٪[٥٢]. بەڵام، زۆربەی ئەو گەشەیە لە ئەنجامی فراوانبوونی ڕووبەری هیکتار بوو نەك زیادبوون لە بەروبووم. بەکارهێنانی پەین بە بڕی یەك لەسەر سێ بەرزبووەوە، و ژمارەی تەراکتۆرەکان نزیکەی سێ هێند بووەوە. ئەو شێوازەی گۆڕانی تەکنۆلۆژی تەواو هاوکات بوو لەگەڵ زیادبوون لە ڕووبەرەکانی زەوی کە بووە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنانی بەروبووم وەك سەرچاوەیەکی گەشە.

لەم ساڵانەی دواییدا، کشتوکاڵی ئێران و کۆمەڵگەی لادێیی بەهۆی وشکەساڵی تووشی دارمان هات. زیاتر لە نیوەی دانیشتوان گرفتار بوون و کۆچکردنی لادێ ـ شار خێراتر بوو. باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات (سستان ـ بلوجستان) گەورەترین بەشی ئەو داتەپینەی بەرکەوت، بەڵام هەر ٢٨ هەرێم تامی ئەو وشکەساڵییەیان چێشت. بە پێی هەڵسەنگاندنەکانی حکومەت ١٢,٤ ملیۆن هێکتار لە زەوی کشتوکاڵی وشکبوون. لە ١٩٩٩ بەرهەمی کشتوکاڵی بە بڕی ٦٪ دابەزی. کاریگەری وشکەساڵی لەسەر ناوچە لادێ و شارییەکان بەهۆی خراپ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاو دژوارتر بوو. ئاوی خواردنەوە زیاتر لە ٣٠ شار دابەش دەکرێ، لە کاتێکدا نە لە شار و نە لادێ هیچ هاندەرێکیان نییە بۆ بەکارهێنانی ڕێکوپێکی ئاو. چاکسازی لە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاو هێشتا فشارێکی دیکە دەسەپێننە سەر سیاسەتدانەرانی ئێران.

گەشەی کشتوکاڵی بەر لە وشکە ساڵی بەشێکی لەبەر پاشماوەی پەهلەوی بوو، بەتایبەتی دروستکردنی بەنداوی فرەمەبەست و جۆگە سەرەتاییەکانی ئاودێری، بەشێکیشی لەبەر سیاسەتەکانی حکومەت بوو کە یارمەتی زۆر بۆ بەرهەمهێنەرانی دانەوێڵە دەبەخشی: بەرهەمهێنەرانی گەنم ئەو بڕە یارمەتییەی



وەریان دەگرت نزیکەی ٨٠٪ نرخی بەرهەمەکەیان بوو و حکومەت ٨٥٪ ی بەرهەمەکەی لێدەکڕینەوە.

ئەم سیاسەتانە ئامانجی خۆی هەبوو لە خەرجکردنی پارەی نەوت لە ناوچە دێهاتییەکان و بەدەستهێنانی توانای خۆبژێوی لە خۆراك. ئەوەی یەکەم پێدەچێ سەرکەوتوو بێ. هەرچەندە جوتیارە گەورەکان زۆرترین بەشی قازانجیان بەردەکەوت (وەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانیشدا)، بەڵام جوتیارە بچووکەکانیش سوودمەند دەبوون. ئامانجی دووەم بەدەست نەهات. خواست لە خستنەڕووی نێوخۆیی تێپەڕیکرد، و هاوردن بەدەوام بوو بۆ خستنەڕوو بە نزیکەی ٢٥٪ ی بەکارهێنان.

ئەو خۆبژێوییە هەمیشە دەبێتە هۆی ئاکامی نێگەتیڤانەی گۆڕانی ڕێژەیی نرخ. بەهۆی دروستبوونی تاکڕەویی حکومەت لە بازرگانی دانەوێڵە، کاریگەری کەمبووەوە. فراوانی یارمەتیدانی بەرهەمهێنەرانی دانەوێڵە هانی جوتیارانی دا زەوییە پەراوێزکراوەکانیش بکێڵن کە پێشتر لەوەڕگای ئاژەڵان بوون. ئەمە نەك تەنها بەرهەمی ئاژەڵی کەمکردەوە، بەڵکو بووە هۆی داخورانی خاکیش. هەروەها ئەو سیاسەتە هانی زیاتر ڕاکێشانی ئاو لە زەوییەوە دا و بووە هۆی تێکدانی چینەکانی زەوی. نەفامی پشتگوێخستنی کشتوکاڵ لە کاتی پەهلەوییەکاندا بە یارمەتی نا بەردەوام و گۆڕانی ڕێژەیی نرخ لە سەردەمی مەلاکاندا جێگیرایەوە. لە هەمانکاتدا، دابەزین لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی گشتی بۆ ئاستی یەك لەسەر سێی پێش خۆی بووە هۆی گردبوونەوەی فراوان بۆ نۆژەنکردنەوە و پارێزگاریکردنی پێکهاتەکانی ئێستا.

نوشوستیهێنان لە بەکارهێنانی توانای خۆبژێوی لە بەشێکیدا بۆ خراپ بەڕێوەبردنی نرخی ئاڵوێر دەگەڕێتەوە. نرخی ئاڵوێر کاردەکاتە سەر نرخی ڕێژەیی هەموو کاڵایەکی تاك و خزمەتگوزاری لە ئابووریدا. مامەڵەکردنی حکومەت

لەگەڵ (ڕیال)دا زۆر لاواز بوو تا ئەو دوابیە نەبێت. تا ١٩٨٩ ـ ١٩٩٠، ئاڵوێری ڕژێم زۆر بە توندی کۆنترۆڵکرابوو و زۆر ئاڵۆز بوو، بە ١٢ نرخی ئاڵوێری جیاواز، هەرچەندە چاکسازی لە ساڵی ١٩٩١ سیستەمەکەی ئاسانتر کرد بۆ سێ نرخ و کۆنترۆڵەکانی کەمکردەوە، لە ١٩٩٣ نرخی بازاڕی ئازادی ئاڵوێری بیانی* ٢٠ جار بەرزتر بوو لە نرخی ڕەسمی (لە ١٩٨٢ دوو جار گەورەتر بوو). ئەو بۆشاییە بچووك بۆوە تا ئەوکاتەی بانکی ناوەندی سەیری سنووری نرخە نا یاساییەکانی کرد و هەوڵیدا بۆ چاککردنی سیاسەتەکەی بەگوێرەی ئەوە، بە تایبەتی لە ماوەی ١٩٩٩ ـ ٢٠٠٠. یەکێك لە نرخەکان ڕەتکرایەوە و بۆشاییەکە لە نێوان نرخی ئاڵوێری ڕەسیدی تاران و نرخی بازاڕ لە ٤٠٪ بۆ ٢٪ دابەزی[٥٣]. ئەو پێشکەوتنە گونجاوە تەواو بەهۆی کاریگەری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بوو لەسەر بودجە: لاوازی ستراکچەری بە پشتگوێخراوی ماوەتەوە.

بە گشتی، ئیسلامییەکان لە ئێران سیاسەتی مەرکەزییەتی ئابوورییان زیاد کرد، لە ڕێگەی دابەشکردنەوەی داهات بەرەو ناوچە لادێییە هەژارەکان، دامەزراندنی هۆکاری خزمەتگوزاری پاڵپشتینەکراو و سیاسەتەکانی کشتوکاڵی، خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری هەمووەکی. سەرەڕای هەموو ئەمانە، سەرکەوتوو نەبوون لە هێنانەدی خواست بۆ دابینکردنی کار. توخمەکانی لەگەڵ گومانی زۆر. وەبەرهێنانی تایبەت تا ئێستا ڕانەکێشراوەتە نێو بە بەرهەمهێنانی دابینکردنی کار بۆ زۆری دەستی کار و کەلوپەل و خزمەتگوزاری. بریکارەکانی کەرتی تایبەت بە گومانێکی زۆرەوە سەیری پابەندبوونەکانی حکومەت بۆ بازاڕی

---

* ئاڵوێری بیانی: الصرف الأجنبي ـ **foreign exchange**: بریتییە لە نرخی دراوی بیانی لەچاو پارە و دراوی نیشتمانی، ئەم نرخەش لە ئەنجامی چەند هۆکارێك دەگوترێت وەك گرژی ڕەوشی سیاسی و گۆڕان لە نرخی داشکاندن، نرخی ئاڵوێر بەندە بە بڕی ئەو پارەیەی کە لەبازاڕدا خراوەتە ڕوو. بە کورتی دەتوانین بڵێین نرخی دراوی نیشتمانی لە بازاڕی ئاڵوێری بیانیدا.



ئابووری دەکەن. ئیمڕۆ، دوای زیاتر لە دەیەیەك بەڵێنی بە درۆ بۆ چاکسازی، ئابووری وەك خۆی بە داتەپیوی ماوەتەوە.

چەند هێزێکی بەیەکەوە بەستراو بەرپرسن لە سیاسەتی مەرکەزیی ئابووری ئێران. کۆماری ئیسلامی ئێران پشتی بەستووە بە هاوپەیمانی گروپەکان هەریەکە بە بەرژەوەندی ئابووری جیاوازەوە. هاوپەیمانییەکە بریتییە لە قوتابی و لاوی جەماوەری و خاوەنکار یا بێکار، شارییە پەراوێزکراوەکان، خاوەن بازاڕە پارێزگارەکان، مەلایەکان، و چینەکانی پیشە مامناوەندەکان. لە کاتی شۆڕشدا، پێدەچێ بەرهەڵستی شا بەهەمان شێوەی بەرهەڵستی پۆڵەندییەکان بێ بۆ حوکمی کۆمۆنیستی. لە ڕاستیدا هاوپەیمانی بەرایی بە سەرکردایەتی خومەینی زۆر بەهێز بوو. بە تێپەڕبوونی کات، پێدەچێ بەرتەسك بووبێتەوە، بەڵام ڕژێمەکە هێشتا پشت بە هاوپەیمانییەکی نا ئاسانی دوو تاقمی بەرژەوەندی زۆر جیاواز: چینی نزم و نزم ـ مامناوەند، هەروەها مەلاکان و ئەوانەش لەگەڵیان بازرگانی دەکەن، دەبەستێ.

(ئامۆزیگار) بە شێوەیەکی دیاریکراوتر، دوو گروپ وەك نوێنەرانی سیاسی پێناسە دەکا: توندڕەوەکان، گروپێکە بریتییە لە مەلا توندڕەوەکان کە لەڕووی ئابوورییەوە پشتبەستوون (بەزۆری هەژار و لە بنەڕەتدا لادێیین) و ... توخمە باڵ چەپەکان کە دزەیان بۆ نێو چینە باڵاکانی بیرۆکراسی کردووە، هەروەها پارێزگارەکان، خاوەنی دارایی بەهێز و پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ بازاڕدا هەیە کە هەمیشە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی سامانداراەکان و بۆرجوازییەکانی شار دەکەن[٥٤]. هەروەها ئامۆزیگار واقیعییەکانیش جیادەکاتەوە، کە لەدوای مردنی خومەینی سەریان هەڵداوە، پەیوەندی نزیکیان بە سامانداراەکانەوە هەیە، بەڵام زیاتر سامانی نیشتمانییان بەڕێوەبردووە و بەدەستەوە گرتووە نەك خاوەنی بووبن[٥٥]. ئەم گروپەی دوایی ناواخنی پاڵپشتیکارانی ئەو کەسانەن کە بازرگانی بە چاکسازییەوە دەکەن.

بەرژەوەندی هەر یەك لە دوو ناواخنە پاڵپشتیکارەکەی ڕژێمی ئێران بە دامەزراوەییکراوە. (بۆ چینە جەماوەرییەکان) لە سیستەمی یارمەتی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و (بۆ مەلا دەوڵەمەندترەکان) لە (بونیاد) دا. ئەو دوو گرووپە بەهێز و هاوپەیوەندە خاوەن مۆنۆپۆلی گەورەن کە تەگەرە دەخەنە بەردەم گۆڕانکاری.

هەروەها پێکهاتنی دەزگا سیاسییەکان کۆسپیان خستووەتە بەردەم گۆڕانکاری. لە بڕگەی ٤٤ ی دەستووری ئێرانیدا هاتووە، " ئابووری کۆماری ئیسلامی ئێران لە سێ بەش پێکدێت: دەوڵەت، هاوکاری، و تایبەتی، دەبێ لەسەر بنەمای بەرنامەدار و پلانی دروست و پتەو بنیات بنرێ. کەرتی دەوڵەت دەبێ هەموو پیشەسازییە بوار فراوان و پیشەسازییە دایکەکان بگرێتەخۆ"[٥٦]. لاوازی هەریەکە لە سەرۆك و ئەنجومەنی پاێزگاران تەگەرەیەکی دیکەیە لەسەر ڕێگای چاکسازی. لە ناوەرۆکدا هەر چالاکییەکی ئەنجوومەن یا نووسراوێکی سەرۆکایەتی دەکرێ لەلایەن سەرکردەی باڵا (ئایەتوڵڵا خامانەئی) ڕەتبکرێتەوە. (بونیاد) بە ئاشکرا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەنجومەن بەدەرە. لە کۆتاییدا پێکهاتنی مەجلیس (ئەنجومەنی پارێزگاران) یش بە پەرژینێکی دیکەی بەردەم گۆڕانکاری دادەنرێ. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕووداوانەی لەو دواییانەدا ڕوویانداوە:

ئەنجوومەنی پارێزگاران کە لە دەسەڵاتی پەرلەمان دەکۆڵێتەوە، زۆربەی هەنگاوەکانی پرۆسەی بە تایبەتکردنی ڕەتکردەوە لە ماوەی پلانی پێشکەوتنی پێنج ساڵەی خاتەمی بە بیانووی ئەوەی نادەستوورییە. زووتر لەوە، پەرلەمان بریکارە سەرەکییەکانی بازاڕی ئازد (بازاڕ دوور لەدەستێوەردانی حکومەت) ی ڕاگرت گوایا هەژارەکان دەچەوسێننەوە. لە نێو تەگەرەکانی پلانی بە تایبەتکردن دەنگدان هەبوو بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی حکومەت لەسەر بانکەکان و خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکان، بە ڕێگە پێدانی ژووری سنووردار بۆ چالاکییە تایبەتییەکان لەو کەرتانەدا. هەروەها ئەو جموجۆڵە هەوڵەکانی حکومەت لاواز دەکا بۆ کۆتایی پێهێنانی تاکڕەوی



حکومەت لە بواری هێڵی ئاسمانی هێڵی ئاسنین و سیستەمەکانی گواستنەوە سەرباری پەیوەندیکردنی جیهانی و ئاو و دەسەڵات[٥٧].

خاتەمی نەیتوانی سەرکردایەتییەکی بەهێز بۆ چاکسازی ئابووری دابمەزرێنێ. ئەمە لە بەشێکیدا بەهۆی مێژوو و بەرژەوەندییەکان (ئەو هیچ شتێك دەربارەی ئابووری نازانێ)، و لە بەشێکی دیکەی دا چونکە پرۆگرامی سەرەکی سیاسی ئەو لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو. لەسەرووی هەمووانەدا بەدوای ئەوەوەبوو کە کۆمەڵگەی مەدەنی ئێرانی بەهێز بکات، بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، ئەمیش بۆ ئازادکردنی سیستەمی سیاسی و، بۆ فراوانکردنی هەڵبژاردنی کەسایەتی بۆ ئێرانییە ئاساییەکان. بەڵام پێدانی هێز بە گروپە هاوبەرژەوەندەکان کە بەرهەڵستی پرۆگرامەکەیان دەکرد، و دەستی لاوازی ئەو، لە ئەنجامی دەسەڵاتی دەستووریی سەرکردەی باڵا، جەختی زیاتری لەسەر لایەنی ئابووری نەکردەوە. زیاتر لەوە، هاوپەیمانێتی بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ئازاد و پتەو لە ئێراندا بریتین لەو کەسانەی تێڕوانینی سۆشیالیستی تەقلیدییان بۆ ئابووری هەیە.

دوو ڕەچاوکردنی کۆتایی ماوە بخرێتە ڕوو. یەکەم، پرۆگرامەکەی خاتەمی بۆ پتەوکردنی سەروەری یاسا مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ پرۆگرامێکی چاکسازی کە دەبێتە هۆی گەشەیەکی بەردەوام لە ئاستی بژێویدا. تایبەتکردنی (بونیاد) لە ژینگەی دامەزراوەیی ئێستا زۆر بەدڵنیاییەوە کەمێك لە شێوەی دیاریکراوی سەرمایەداری هاوڕێیەتی دەگۆڕێ زیاتر لەوەی هەر دەستکەوتێکی دیکەی ڕاستەقینە لە بواری بەرهەمهێناندا بورووژێنێ. تاکڕەوی تایبەتی نابەرپرسیار و گەندەڵ بە ئاسانی جێی مۆنۆپۆلە گەندەڵ و نابەرپرسیارەکانی نیمچە گشتی (بونیاد) دەگرنەوە. دووەم، فشاری چاکسازیکردنی ئابووری بەبەردەوامی بەهێزتر دەبێ. ڕژێمەکە زۆر بە ئاگایە لەوەی کە ڕق و تووڕەیی لاوان بەردەوامە لە گەشەکردن.

وێنەی هاوبەشەکان لە پێکهاتەی دامودەزگادا و سروشتی سەرکردایەتی ئاماژە بەوە دەکەن کە چاکسازی بەردەوام بە شێوەی پچڕ پچڕ بەڕێوە دەچێ. سیاسەتدانەرانی ئەمەریکی پشوویەکیان بەوە خۆشە کە  بە پێچەوانەی هەموو وڵاتەکانی دیکە لێرەدا باسکراون، ئەو نوشوستییانە بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی توندڕەوە ئایینییەکاندا نابن. لە ڕاستیدا، نوشوستییەکان بۆی هەیە بە سانایی ڕق و کینەی ڕاشکاوی پێشووی ڕێژەیەکی گەورەی لاوەکان بۆ مەلاکان زیاد دەکات(٥٨).

## عەرەبستانی سعوودی

میرنشینی عەرەبی سعودی گرفتاری گەلێك لە هەمان ئەو کێشانەی وڵاتەکانی دیکەی هەرێمەکە دەبێتەوە. سعودیا خاوەنی بیرۆکراسی زۆر گەورە و کەرتی گشتی، و ڕێژەیەکی زۆر گەورەی گەشەی دانیشتوان و بەدوای ئەوەش دانیشتوانی لاو و ڕێژەیەکی بەرزی لاوی بێکار و کەموکوڕی توند لە بواری ئاو و گرفتی تاو ناتاوی بودجەیە. هەروەها بوارە جیاوازەکانی چاکسازی ئابووریشی سنووردار کردووە، وەك توندوتیژی لە ئابووری هەمووەکی، بڕینی یارمەتی دارایی، و پلانەکانی بە تایبەتکردن. وەك ڕژێمێکی ناردەنی کلاسیکی تاك بەرهەمهێن، میرنشینەکە بەدوای ئەوەیە کە جۆراوجۆری بخاتە ئابوورییەکەی. لە هەموو ئەمانەدا، میرنشینەکە  زۆر بە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانی دیکە دەچێ.

لە هەمانکاتدا، عەرەبستانی سعوودی لە بنەڕەتدا جیاوازە لەو وڵاتانەی لێرەدا باسکراون. هەر وڵاتێك دەگمەنە، بەڵام بە گوێرەی بۆچوونی (جۆرج ئۆروێڵ)، هەندێ وڵات لە هەندێکی دیکە دەگمەنترن.  دوو هۆکار میرنشینەکە دەخاتە پۆلێنی یەکەم: ئابووری نەوت و پێکهاتەی فەرمانڕەوایی. میرنشینەکە نزیکەی چواریەکی یەدەگی نەوتی هەموو جیهانی هەیە. نەك تەنها توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی ١٠،٣ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزترین ڕێژەی جیهانییە، بەڵکو دەشتوانێ بەرهەمهێنانەکەی



بگۆڕێ لە ١٠ بۆ ٣ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئەم توانا بەرزە بەڵام جیاوازەی سعوودیا، کاریگەرییەکی گەورەی پێدەدا لە نێو ڕێکخراوی وڵاتانی ناردنە دەرەوەی نەوت (OPEC) و لە بازاڕی نەوتی جیهاندا. هەروەها دالەی (پابەندە) خواستی* ناجیر دەداتە نرخی نەوت لە بوارێکی کورتخایەن، و میرنشینەکە هەندێ هێزی بازاڕ بەدەستەوە دەگرێ لە بواری کورتخایەنی نرخی نەوت. هەروەها لەوەدەچێ هەندێ توانای هەبێ داهاتی حکومەتەکە بگۆڕێ ـ لە ماوەی کورتخایەندا. ناردنە دەرەوەی نەوت باڵادەستی بەسەر ئابوورییەوە هەیە، بڕی ٩٠ بۆ ٩٥٪ ی دەستکەوتەکانی سعودیا دەبێت، ٧٥٪ بودجە،  نزیکەی ٣٥ بۆ ٤٠٪ سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی (GDP) پێکدێنێ(٥٩).

چەند ئاکامێك لەدواوەی ئەو ڕاستییە سادانەی نەوتەوە هەن. داهاتی میرنشینەکە پشت دەبەستێتە سەر سامانی بازاڕی نەوت، و هەرچەندە حکومەت تاڕادەیەك دەسەڵاتی بازاڕ دەگوزەرێنێ بەسەر ئەو نرخانە، بەڵام ئەو هێزە بازاڕییانە سنووردارن بە هەریەك لە هێزی لایەنی خواست و خستنە ڕوو. ئاراستە درێژخایەنەکان لە هەردوو لایەنی خواستی و خستنەڕوو ئاماژە بە بەردەوام خراپبوونی باری هێزی بازاڕی سعودی و متمانەپێکراوی داهاتەکانی نەوت بۆ میرنشینەکە لە بواری درێژخایەن دەکەن(٦٠).

بەدەستهێنانی ئەو جۆراوجۆرییە بە دڵنیاییەوە، زۆر سەختە. چونکە لەلایەن قەوارەی هێزی کارگەر، و نەریتی کارکردن و پێکهاتەی فەرمانڕەوایی تەگەرەی دەخرێتە بەردەم. شێوەی فەرمانڕەوایی  دیاردەی دووەمە کە وڵاتەکە بەجیا لەلایەکی دیکەی ئەوانی دیکە دادەنێت. هەرچەندە تێڕوانینی جیاواز لەسەر ئابووری سیاسی میرنشینەکە هەیە، بەڵام  ئەوەی بڕواپێهێنەرە ئەوەیە کە

* دالەی (پابەندە) خواست: دالة الطلب ـ **Demand Function**: بریتییە لە پەیوەندی نێوان بڕی شمەکێك کە بەکاربەر ئارەزووی کڕینی دەکات و ئەو گۆڕانەی کار دەکاتە سەر خواست (وەرگێڕ).

ئیسلامییەکی بۆماوەییە (بنەماڵەییە)[61]. میرنشینەکە لە لایەن خانەی سعوودییەوە فەرمانڕەوایی دەکرێت، کە ٦٠٠٠ بۆ ١٠٠٠٠ ئەمیری هەیە[62]. بنەماڵەی شا بەهۆی ژنخوازی بۆ هەموو بنەماڵە بەرچاوەکان لە وڵاتدا بەیەکەوە بەستراوەتەوە (هەندێ جار پێی دەوترێ هۆزی). تۆڕە پێکهاتووەکەی ئەو پەیوەندییانە ئاڵۆز و هەندێ جاریش لێڵە بۆ خەڵکی دەرەوەیان. (فاندی) بە شێوەیەکی بڕواپێهێنەر گفتوگۆی ئەوە دەکا ئەو پەیوەندییانە ئەوە دەگەیەنن کە بنەماڵەی شا لە نێو دەوڵەت و دەرەوەشیدا، دەکەوێتە ناوەڕاستی کۆمەڵگەی مەدەنی (لەسەر بنەمای بنەماڵەیی دامەزراو). تۆڕە چڕ و پڕەکەی تاکەکەسی و ژنخوازی گرنگە بۆ چاودێریکردن و پاڵپشتیکردن، سەرەڕای ئەوەی هێمایەکە بۆ کاریگەری هاوبەش بۆ یەکتری.

بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە، هەموو ئەمانە بەهۆی دڵسۆزی بۆ وەهابی ئیسلام بەیەکەوە بەستراونەتەوە. هەرچەندە، بە دڵنیاییەوە، هەرێمە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژهەڵات ئەندامی بەرچاوی شیعە لەخۆ دەگرن، یەکێك لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی فەرمانڕەوایی میرنشینەکە بریتییە لە هاوپەیمانی خانەی سعود لەگەڵ (عولەما)ی قوتابخانەی وەهابی یاسای حەنبەلی. هەیبەتێکی گەورە بە ڕۆڵی سعودیا دراوە کە بریتییە لە "پارێزەری دوو شوێنە پیرۆزەکە" (مەککە و مەدینە)، هەردووکیان لەلایەن تاقمی فەرمانڕەوا بەکاردەهێنرێ و بەرگری لێ دەکرێ: هەروەها بنەمایەکی ململانێی توخمە بەرهەڵستکارەکانە. ڕژێمەکە زۆر بە توندی مامەڵە دەکا بۆ پاراستنی ناوبانگی خۆی وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی. هەر بڕیارێکی سیاسی دەبێ لەلایەن مەرجەکانی وەهابی ئیسلامی پشتگیری لێبکرێ.

دووەم دیدی سوودبەخشی ئابووری سیاسی سعوودی بەهۆی ئەوەیە کە وڵاتێکی خاوەن داهاتە[63]. داهاتەکانی نەوت بەڕادەیەکی زۆر سوودی ئابووریان هەیە، و پرۆسەی بەرهەمهێنان لەلایەن دەوڵەتەوە خاوەندارێتی دەکرێ و بەڕادەیەکی زۆر سەرمایە دەبەخشێ. لەئەنجامدا، داهاتەکانی دەوڵەت سەربەخۆن لە خەڵکی نێوخۆیی چی وەك بەکارهێنەر یا وەك باجدەر. ئەو سوودانە وڵاتی لەو فشارانە بەدوور گرتووە



کە لە نێوخۆدا دەخرێتە سەر دەوڵەت لەو دەوڵەتانەی کە سامانی کەمتریان هەیە دووچاری بوونەتەوە. بوونی کرێ ڕێگا بەدەوڵەت دەدا کە فشارەکان بگۆڕێ بۆ فەرمانڕەواییەکی زۆر بەرپرسیار. لۆجیکەکە ئاماژە بەوە دەکا کە هەرکاتێ کرێ کەمبێتەوە، وڵات دووچاری فشاری زیاتر بۆ چاکسازی دەبێتەوە.

## پێشفەچوونی ئابووری سیاسی مەرکەزییەتی دەوڵەت

بڕی ٦٥٪ ی سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی (GDP) بەدەستی دەوڵەتەوەیە و حکومەتی سعودیا دەست بەسەر ئابووری ڕەسمیدا دەگرێ، لە حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان گەشەکردنی ئابووری دەوڵەت ئاکامێکی گرنگی بووژانەوەی نەوت بوو. خزمەتگوزاری مەدەنی لە ١٣٠٠٠ لە ساڵی ١٩٦٢ بۆ ٢٣٢٠٠٠ لە ساڵی ١٩٨١ گەشەی کرد[64]. حکومەتی سعودیا کەرتی کۆمپانیای گشتی زۆر زەبەلاحی دامەزراند کە زیاتر لە ٤٠ دەزگا لەخۆ دەگرێ لە بواری جێنشینکردن، خەزنکردن، کشتوکاڵ، و دەزگای پیشەسازییە بنەڕەتییەکانی سعودیا (SABIC). لە ماوەی پلانی ١٩٧٦ بۆ ١٩٨٠، سعودیا بەتەنیا ٢٩٠ بلیۆن دۆلاری خەرج کرد، ئەم خەرجییە ژێرخان و پەرەپێدانی بەندەر و شاری پیشەسازی نوێی وەك جوبێل و یەنبوعی گرتەوە. پلانەکەی پەرەپێدانی ١٩٨٠ - ١٩٨٥ هەرچەندە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پارەی تیا خەرجکرا، بۆ ئەوە داڕێژرابوو کە جێپێی سعوودیا لە بواری پیشەسازیدا بکاتەوە. وەزیری نەوت یەمەنی، پێشبینی کرد کە عەرەبستانی سعوودی هەر زوو دەچێتە پلەی ئەرجەنتین، بەرازیل، و کۆریای باشوور وەك وڵاتێکی نیمچە پیشەسازی. هێڵی ئاسمانی، سیستەمەکانی پەیوەندیکردن، ژێرخانەکانی دیکە زۆر بە باشی بەڕێوەبران و لەلایەن کەرتی گشتییەوە خاوەندارێتییان کرا.

هەروەها حکومەت سیاسەتی گشتگیری خزمەتگوزاری جێبەجێکرد. وەك هەمیشە، ئەمانە بۆ ئەوە داڕێژرابوون کە ڕەوایەتی حکومەت پتەو بکەن و سامانی نەوت لە نێو تۆڕە جیاواز و ئاڵۆزەکانی بنەماڵە دابەش بکەن. ئەو

یارمەتییە داراییانە گۆڕانی گەورەیان بەسەر ئابووری داهێنا و گرفتی گەورەیان بۆ پێشکەوتنی داهاتوو دروستکرد. دەربارەی یارمەتییەکانی کێڵگەوانی، لە سەرەتای هەشتاکان حکومەتی سعودیا بە نرخی پێنج تا شەش جار زیاتر لە نرخی نێودەوڵەتی گەنمی لە جوتیاران کڕییەوە، لە هەمانکاتیشدا، یارمەتی دارایی تێچوونیشی دەبەخشی: نرخی کاریگەری پاراستن ( کاریگەری یەکگرتووی پاراستنی نرخی بەرهەم و یارمەتی تێچوون) لەوانەیە گەیشتبێتە ١٥٠٠٪ لە کۆتایی هەشتاکان[٦٥]. قەرزەکانی حکومەتی سعودیا بۆ جوتیاران لە نزیکەی پێنج ملیۆن دۆلارەوە بۆ زیاتر لە بلیۆنێك دۆلار لە ١٩٨٣ بەرزبۆوە: لە ١٩٨٣ بۆ ١٩٨٥ حکومەتی سعودی بڕی ٢٠ بلیۆن دۆلاری لە کشتوکاڵ خەرج کرد، نزیکەی هەمووی لە شێوەی یارمەتی دارایی بوو[٦٦]. ئانجامەکەشی بۆ بەرهەمی دابینکردنی خۆراك سەرسامکەر بوو: لە نرخێکی هەڵسەنگێندراوی ٢,١٢ بلیۆن دۆلاری یارمەتیدا، بوو بە شەشەم گەورەترین وڵات لە ناردنە دەرەوەی گەنم. بەرهەمهێنان لە نێوان ١٩٧١ بۆ ١٩٨٣ بە بڕی ٧٠٠٪ بەرزبووەوە، بەتەواوی جێگەی هاوردنی گرتەوە و هەناردنێکی سنووربڕی بچووکی هێنایەکایەوە.

نزیکەی ٩٠٪ (١٣,٣ لە١٥,٣ کیلۆمەتر سێ جا) ی ئاوی کشتوکاڵ ئاوی دەرهێنراوی ژێرزەوی بوو. لە ساڵی ١٩٩٠ ڕێژەی ڕاکێشانی ئاو لە سەرچاوە بەکارهێنراوەکاندا خەملێنرا کە تەنها بەشی ٢٥ تا ٣٠ ساڵی داهاتوو دەکات. بەڵام لە ماوەی سەرەتاکانی نۆهەتەکان قەیرای دارایی بودجە ئەم یارمەتییانەی کەمبووەوە. لە ١٩٩٢ بۆ ١٩٩٥ یارمەتی دارایی بۆ بەرهەمهێنەرانی گەنم زیاتر لە نیوە دابەزی (١,٨٧ بلیۆن دۆلار بۆ ٨٥٠ ملیۆن دۆلار لە ١٩٩٣). بەهەرحاڵ، لەگەڵ بوونی زیاتر لە ٤٥٠٠٠ بیری تایبەت و نزیکەی ٥٠٠٠ بیری گشتی فرە بەکارهێنان، لەوەدەچێ جوتیاران لە بەرهەمهێنانی گەنمەوە بۆ میوە و سەوزە پیشەکانیان گۆڕیبێ. هەرچەندە بەکارهێنانی کاریگەرانەی ئاو وەك ئاکامێك لە زیادبووندایە، بەڵام خەرجکردنی ئاوی ژێرزەوی کە بەهۆی مەترسییەکانی سەلامەتی خۆراك وروژێنراوە، بەردەوام دەبێ[٦٧].



## فشارەکان بۆ چاکسازی

یەکەم فشارەکانی چاکسازی لە کۆتایی هەشتاکان سەریان هەڵدا و لەوە بەدواوە بەردەوامبوو. گەشەی خێرایی دانیشتوان و سستی ئابووری، و خێرا چەکەرەکردنی کەموکوڕییەکانی گشتی، بووە هێزێکی پاڵنەر بۆ گۆڕانی سیاسەت. لە سەرەتای هەشتاکان کاتێ نرخی نەوت لە لووتکەیدا بوو، ڕێژەی دانیشتوانی میرنشینەکە کەمێ لەسەرەوەی ١٠ ملیۆن بوو. ئێمڕۆ نزیکەی بیست و سێ ملیۆن دەبێ و لە کۆتایی ئەم دەیەیەدا بەلای کەمی دەگاتە ٣٠ ملیۆن. لە ١٩٩٨ سەرجەمی بەرهەمی نیشتمانی (GNP) بۆ هەرتاکێك لە بڕی ١٦٥٠٠ دۆلار ڕاوەستا. ئێمڕۆ نزیکەی ٦٠٠٠ دۆلار دەبێ. سستی گەشەی ئابووری زۆر لە ژێرەوەی گەشەی دانیشتوان بوو (٣,٤٪ لە ١٩٩٠ بۆ ١٩٩٩)، هەروەها لە دابینکردنی کار بێ توانایی تەواوی پێوە دیار بوو بەهۆی زیادبوونی خێرایی لاوانی سعودی. ساڵانە بڕی ١٠٠٠٠٠ لاوی سعودی دەچنە بازاڕی کارکردن. تەنها نیوەی ئەو ڕێژەیە کاریان دەست دەکەوێت چی لە کەرتی تایبەت یا کەرتی گشتی[٦٨]. بێکاری ڕێژەکەی بەرزە وەك پێشتر لە خشتەی (٣ ـ١) نیشاندرا. ئەو کێشەیە بۆ چەند دەیەیەك بەردەوام دەبێ کە فشار بخاتە سەر دەوڵەت. ئەمەش بەهۆی پێوانە کەلتوورییەکان و سەختی دۆزینەوەی کار بۆ ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵەکانیان ( ئافرەتی سعوودی تەنها ٦٪ هێزی کارگەری نیشتمانی پێکدەهێنن)، ئافرەتانی سعوودی لە ماوەی ژیانیاندا شەش تا حەفت منداڵیان دەبێ وەك تێکڕا (TRF = ٦,٤). زیاتر لە ٥٠٪ ی دانیشتوان لە ژێر تەمەنی هەژدە ساڵیدان. بۆیە لە دەیەکانی داهاتوودا هێزی کارگەر بەردەوام بە خێرایی زیاد دەبێ. دابینکردنی کار بۆ ئەو لاوانە پاڵنەرێکی خێرایە بۆ گۆڕینی سیاسەتی ئابووری.

لەماوەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، حکومەت زۆربەی کارەکانی دابین کردبوو. بەڵام ماوەیەکی زۆری بەسەر دا تێپەڕی و چەند ساڵێك لەبەردەم کارە خزمەتگوزارییە مەدەنییە نوێکان ڕێگر هەبوو. لەبەرئەوەی ٧٥٪ داهاتی

حکومەت لە فرۆشتنی نەوتەوە دێت، نرخە نزمەکانی پازدە ساڵی ڕابردوو بەتەواوی کارەکانی حکومەتی سنووردار کردووە. سەرەتا لە ساڵی ١٩٨٤ حکومەت لەگەڵ لاسەنگی بەڕێوە دەڕۆیشت و دوو ساڵ دواتر، گەیشتە ٢٠٪ سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی، کە ئاستێکی جێگیر نەبوو. توندوتۆڵی و دەستپێوەگرتنی بودجە لەو کاتەوە لاسەنگیی کەمکردووەتەوە. بەڵام لاسەنگی هەر بەردەوامە (سەیری خشتەی ٣ ـ ٢) بکە. ئەو لاسەنگییانە، لە بەرامبەر زیادبوونی تووڕەیی لاوان نوکێکی دیکەی فشار دروست دەکا بۆ چاکسازی ئابووری. لە سەرانسەری میرنشینەکە خەڵك باش تێگەیشتوون کە تەنها زیادبوون و خێرا چەکەرەکردنی کەرتی تایبەت دەتوانێ کاری پێویست دابین بکات. حکومەت هیوادارە کە گۆڕانەکانی سیاسەت وەها پرۆسەیەك ئاسان بکات.

### خشتەی (٣ ـ ٢)

**لاسەنگیی بودجە وەك ڕێژەی سەدی سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی (GDP)**

| ساڵ | ٪ ی (GDP) |
|---|---|
| ١٩٩٧ | - ٣,٧ |
| ١٩٩٧ | - ٢,٩ |
| ١٩٩٨ | - ٩,٥ |
| ١٩٩٩ | - ٦,٥ |
| ٢٠٠٠ | + ٧,٥ |
| ٢٠٠١ | سفر |

سەرچاوە: باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ڕیاز.

http://usembassy.state.gov/riyadh/wwwhet٠١.html

لاسەنگیی بودجە بووە هۆی کەڵەکەبوونی گەورەی قەرزی حکومەت. لە کۆتایی ١٩٩٩، قەرزی کەرتی گشتی لە ١٢٠٪ (GDP) تێپەڕکرد، قەرزی حکومەتی



ناوەندی بە بڕی ١١٥٪ (GDP) بوو.، و زیانە ناڕاستەوخۆکانیش نزیکەی ٥٪ ی (GDP) بوون[٦٩]. بەهەرحاڵ، زیادبوونی پێدانی سوود لەبری قەرز دەبێتە هۆی لە بنهاتنی خەرجی بە گشتی لە زۆربەی حکومەتەکاندا، دەستپێوەگرتن گورزی زیاتری لە حکومەت داوە لە گێڕانەوەی خەرجی. لە ئەنجامدا، پیشەسازی بنیاتنان بۆ چەند ساڵێك چووەتە سووڕی متبوونەوە و ژێرخانی بەساڵاچووش نۆژەن ناکرێتەوە یا جێگۆڕکێی پێناکرێ.

لە ئاستی فەرمیدا حکومەت لەو بێکارییەی لە ئارادایە ڕازی نییە و گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکات کە لەبەرئەوەی ٥ ملیۆن بیانی لە میرنشینەکەدا هەن و گومان دەبا کە سعوودییەکان بتوانن شوێنی ئەوانە پڕبکەنەوە، ئەوکاتە بێکاری نامێنێ. بەلای کەمی، ئەوە پێچ و پەنایەکی سیمانتیکیانەیە، دەکرێ بڵێین زۆر یا زۆربەی ئەو کارانەی بیانییەکان داگیریان کردووە بە سعوودییەکان پڕناکرێتەوە. لە کۆتاییە نزمەکەی بازاڕەوە، هەروەك لە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا، بە درێژایی کرێکارانی بیانی کەنداو کارە قورس، سەخت، پیسەکان دەکەن کە هاوڵاتیان بێزی لێ دەکەنەوە. لەوانە نییە سعوودییەکان شەقامەکانی ڕیاز و جدە گەسك بدەن کە هاوڵاتیانی لە دایك بووی کالیفۆرنیا لە سانفرانسیسکۆ و لۆس ئەنجلوس ئەو کارە دەکەن. نابێ هەموو خۆیان بە بەڕێوەبەر (مودیر) دابنێن کە ئەو دیاردەیە بە ئاشکرا تێبینی دەکرێ[٧٠]. هەروەك (پیۆر) بە شێوەیەکی بڕواپێهێنەر گفتوگۆی کردووە، دابینکردنی کار تەنها کرێ و مووچە نییە، بەڵکو ناسنامە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتییە[٧١]. لە کۆتاییە باڵاکەی بازاڕیشدا، زۆر لە سعوودییەکان بە بێ بوونی کارامەیی گونجاو شوێنی بیانییەکان دەگرنەوە. ئەمەیان خەریکە گۆڕانی بەسەر دابێ، بەڵام پرۆسەکە وا خێرا و کتوپڕ نابێ.

لێرەدا بۆی هەیە کێشەکان بەهۆی ئەنجامدانەکانی حکومەتی سعودیا بێ بۆ بە سعوودیکردنی هێزی کارکردن. حکومەت بڕیاری دەرکردووە بۆ ڕێگرتن لە بەردەم

بازرگانی تایبەتی لە پێناو زیادکردنی ڕێژەی سەدی سعوودییەکان لە لیستی مووچەکانیاندا بەڕێژەی ٥٪ بۆ هەر ساڵێك. ئەم ئامانجە نە پێکراوە و خاوەن کاران بەرگرییان لێی کردووە. هەردوو لا، خاوەنکارە نێوخۆیی و بیانییەکان دەڵێن کە نەیانتوانیوە سعوودی خاوەن ڕاهێنانی گونجاو بۆ کارەکانیان بدۆزنەوە. بە شێوەیەکی تایبەت، گلەیی لەوە دەکەن کە کەم لە سعودییەکان ڕەوشتی کاریان هەیە کە خاوەنکاران حەزدەکەن لە کرێکارانی خۆیاندا بێتەدی. بەڵگە بەدەستەوەیە کە فشاری بێکاری بە درێژایی ڕۆژگار هێزێك بووە بۆ گۆڕان. ئێستا سعودییەکان وەك کارمەندی پرسگا، چێشتخانە، و هۆتێل کاردەکەن. بەڵام وەك یەکێك لە خاوەنکارەکان گوتی: "کرێی بیانییەکان کەمترە، چییان پێ بگوترێ ئەوە دەکەن، و لە کاتی خۆیدا دەگەن و شەش ڕۆژ لە هەفتەدا دێن بۆ سەر کار"[٧٢]. نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، بوونەتە یەکێك لە کۆسپەکانی بەردەم گۆڕانکاری سەرکەوتووانە.

## کۆسپە ئایینییەکان لەبەردەم پرۆسەی چاکسازیدا

جیا لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی سعوودیا بۆ جێگیرکردنی ئابووری هەمووەکی، هەوڵەکانی ئەم وڵاتە تا ئەمڕۆ تیشکیان خستۆتە سەر کردنەوەی بازاڕی سەرمایەی نێوخۆیی بۆ بەشداریکردنی بیانی و پێداچوونەوەی ئەو یاسایانەی کار لە بەرهەمهێنانی بیانی دەکات، و تایبەتکردن، و گەیشتنی سعودیا بە ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی. هەریەك لەوانە گرفتاری دژواری و تەگەرەی جۆراوجۆر دەبێتەوە. لەبەرئەوەی بانککاری بە شێوەیەکی فراوان بە بەهێزترین توخمی کەرتی تایبەت دادەنرێت، ناوەرۆکی یەکەم و دووەمی پرۆسەی چاکسازی دەبێ هەندێ بەڵێن لەخۆ بگرێ. بەهەرحاڵ، حکومەت یاسای نوێی ڕاگەیاندووە کە ڕێگە بە موڵکداری بێگانە دەدات بۆ ئاڵوێرکردنی دراو، ئەمەش بووەتە هۆی بەرەوپێشچوونی قازانجێتی بانکەکان. هاوکات لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو



گۆڕانانە دەبێ حکومەت ڕێگەش بە بیانیان بدا کە لە ئاڵوێری سەرمایەی سعوودی کاری وەبەرهێنان ئەنجام بدەن. بازاڕی سعودی بە سەرمایەی ٦٠ بلیۆن دۆلار، گەورەترین بازاڕی هەرێمەکە دادەنرێت، بەڵام تەنها ٧٦ کۆمپانیا کاری بازرگانی ئەنجام دەدەن، بەشەکەی تری سەرمایە بۆ (GDP) کەمترە لە هەندێ وڵاتی دراوسێ (وەك میسر). هەرچەندە کۆدەنگی واشنتۆن پشتگیری ئەوە دەکات کە ئازادکردنی بازاڕی سەرمایە ببێتە هۆی زیادکردنی گەشە[٧٣]. هۆکاری کەم هەیە کە ئاماژە بەوە بکا کۆمپانیا سعودییەکان بۆ پارەدارکردن واز لە شێوازی ئەڵمانییەکان بهێنن، زۆرترین سەرمایەکانیان لە دووبارە وەبەرهێنانەوەی قازانجەکان و لەو بانکانە دەستدەکەوێ کە لەوانەیە پەیوەندی نزیکیان بە بنەماڵەی شا وە هەبێت.

بە هەمان شێوەی وڵاتانی دیکەی هەرێمەکە، وتاری زۆر دەربارەی بە تایبەتکردن ڕاگەیاندراوە. وەك هەر شوێنێکی دیکە، بۆشایی نێوان قسە و کردار زۆر فراوانە. مۆنۆپۆلییە گەورەکانی حکومەت وەك (ARAMCO, SABIC, STC, SEC) دەست بەسەر ئابووری دا دەگرن. بە پێی باڵیۆزی ئەمەریکا لە ریاز، هەوڵەکانی بە تایبەتکردن تا ئێستا سنووردارە بۆ کۆمپانیا تایبەتەکان کە تەنها بۆ خزمەتگوزاری دیاریکراو ڕێگەیان پێدەدرێت کە کاری دەزگا باڵادەستەکانی وڵات تەوا دەکات[٧٤]. بەم دواییە میرنشینەکە بیری لە تایبەتکردنی چەند پشکێکی کۆمپانیاکانی تەلەفۆنی سعودی کردەوە. بەڵام دوای وتووێژی زۆر حکومەت پلانەکەی پشتگوێ خست.

حکومەت لە هەردوو باردا بە هێواشی هەنگاوی ناوە، چی لە گۆڕینی یاساکانی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی کەرتی بیانی یا جێگۆڕکێ کردنی یاساکانی ڕەفتاری بازرگانی بە شێوەیەکی گشتیتر. کەرتی تایبەت بەشێوەیەکی فراوان بۆ بەکارهێنان و زانیاری و سەرمایە پشت بە دەوڵەت دەبەستێ. بڕی ئەو پارەیەی لەدەرەوە بەدەستی سعودیاوەیە بڕی ٣٠٠ بلیۆن[٧٥] دۆلار بۆ ٦٠٠ تا ٧٠٠ بلیۆن[٧٦] دۆلار دەبێت.

بۆی هەیە هۆکاری سیاسی ڕاشکاو هەبێ کە بۆچی حکومەت داکۆکی لە هاندانی ئابووریناسەکانی ئەمەریکا و بانکی جیهان سندوقی دراو دەکات لەسەر پرۆسەی تایبەتکردن. لە بنەڕەتدا، ئەو گۆڕانانە تەنها ئەگەر زۆر بە وریایی و پلەپلە جێبەجێبکرێن، بە ئاسانی دەتوانێ ناسەقامگیری سیاسی بنێتەوە. لە هەردوو بارودۆخەکەی پێشتر کە باسکران ئاژاوە هەیە، حکومەت نایەوێ هیچ گۆڕانێکی کتوپڕ دابەزێنێ کە بۆی هەیە بۆ ئەو بێکاریەی ئێستا هەیە زیاد بێ. هەروەك لە ئوردن، حکومەت هەڵسا بە بەکارهێنانی کەرتی دەوڵەت وەك میکانیزمێکی سیاسی هاوسەنگ. هەندێك گفتوگۆی ئەوەدەکەن (لەوانە سێزنیك) کە شا فەهد بە ئەنقەست حکومەتی لە نێوان بنەماڵەی پاشایەتی کە وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری دەستبەسەردادەگرن، و نا پاشایەتی کە دەزگا مەدەنیەکانی وەك وەزارەتەکانی دارایی و پەترۆل لەدەستدەگرن، دابەشکردووە. سێزنیك بەردەوام دەبێ کە وەها جموجۆڵێك یارمەتیدەر دەبێ بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئەمیر، کە زۆر جار هەستپێدەکرێ ڕەفتارەکانی نا ئیسلامی و چاوچنۆکانەن، بەمەش پەشێوی بۆ دەوڵەت دروست دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە، دەزگا مەدەنییەکان خۆیان وەك بەرگریکاری سعودییە نا پاشایەتییەکان دادەنێن. پرۆسەی تایبەتکردنی کراوە ڕێگەی زۆر بە ئەمیرە ساماندارە گەورەکان دەدا بۆ چوونەوە نێو هەرێمەکانی کە ئێستا کاریگەری ڕێژەیان تیادا هەیە. بە کورتی، لەوانەیە پرۆسەی بە تایبەتکردن بە ئاسانی دیاردەی سەرمایەداری هاوڕێی (کرۆنی کاپیتالیزم) ی لێبکەوێتەوەکە ئەم بارە بەهۆی ئەمیرە ساماندارەکان بەڕێوە دەبرێ، دەبێتە هۆی پێدانی هەستی نهێنی بۆ ئیسلامییە بەرهەڵستکارەکان لە دژی ڕژێمەکە، بۆی هەیە سەرسوڕهێنەر نەبێ کە حکومەت زۆر بە هێواشی لەم مەیدانەدا جموجۆڵ بکا. چاکسازی جیددییانە نەك تەنها دەزگا مەدەنییەکان لاواز دەکات، بەڵکو پێویستی بە کەمکردنەوەی یارمەتی دارایی گەورە و بەخشینی فراوانیش بۆ ئەمیرەکان هەیە.



لە کۆتاییدا، گەیشتنی سعودیا بە ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی مژدە و هەروەها مەترسیش هەڵدەگرێ. سنووردانی جیهانگەرایی فێڵێکی سیاسییانەیە، قەوارەی سیاسی بە بنەماڵەیی ئیسلامی دەدات. کێشە بنەڕەتییەکە ئاسانە: یاساکانی ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی لە گەلێ خاڵدا لەگەڵ لێکدانەوەی وەهابیزم بۆ شەریعە بەیەکدادەچن. لە عەرەبستانی سعودیا، وەك هەر شوێنێکی دیکە، نەیارەکانی ڕژێم هۆشداری هێرشی کەلتوورییان داوە. گەیشتن بە ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی بۆی هەیە فشار بخاتە سەر نزیکی نێوان عولەمای وەهاب ـ خانەی سعوود. وتوێژکەرە بازرگانەکانی ئەمەریکی گەلێ زۆر پروپاگەندەی سوودبەخش بۆ ئیسلامییە نێوخۆییەکان دابین دەکەن. باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە گەیشتن بە ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی دەبێتە هۆی هاتنە کایەوەی ڕژێمێکی کراوە، و ڕوون، بازرگانی لەسەر بنەمای یاسا دامەزراو. ئەگەری گەلێ زۆر هەیە کە سعودیای عەرەبی بەردەوام بێ بۆ بزوانی زۆر بەهێواشی و پلە پلە، بە سەختی لە نێوان داتەپینی ئابووری و نا سەقامگیری چاکسازی سیاسیی و کەلتووری دەڕوات. خانەی سعوود بۆ چەند نەوەیەك زۆر بە لێهاتوویی ئەمەی ئەنجامداوە. ئایا دەتوانێ بەردەوام بێ لە ئەنجامدانی ڕووبەڕووبوونەوەی فشاری بێ وێنە وەك ڕقخواردنی لاوان و جیهانگەرایی، دەبێ چاوەڕێ بین ببینین.

## سوریا

سووریا بەدەست زۆربەی هەمان ئەو کێشە ئابوورییانە دەناڵێنێ کە وڵاتانی دیکەی هەرێمەکە هەیانە. دانیشتوانێکی خاوەن گەشەی خێرا و چڕی هێزی کار و خێرا گەشەکردوو و قەرزی دەرەکی فراوانی هەیە. بە هەمان شێوازی سۆڤیەت، باڵادەستی ئابووری حکومەت نەیتوانیوە کار دابین بکا و وەبەرهێنان ڕابکێشێ. بواری باڵادەستی ناردەنی بریتییە لە نەوت، بێگومان نرخی نەوت کاردەکاتە سەر وڵات بەهۆی کاریگەری وڵاتانی دەوروبەری، کە کرێکاری

پەناهەندەی زۆر لەو وڵاتانە کاردەکەن (گواستنەوەی دراو بۆ نیشتمان)، هەروەها یارمەتی فراوانی وڵاتانی بیانیش (نەوتدار) بۆ سوریا کاریگەری لەسەر وڵات دەبێت. کشتوکاڵی وڵات بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئاوی باران دەبەستێ کە ئابووری و کۆمەڵگا هەندێ جار دووچاری وشکەساڵی زۆر توند دەبێ. سووریا بەهۆی گرفتە ژینگەییە هەمیشەییەکان هەراسان بووە، لەوانەش: ڕاکێشانی ئاوی ژێرزەوی پارێزگاری لێنەکراو، پیسبوونی ئاوی ژێرزەوی و ڕووبارەکان، کەموکوڕی بێ ئەندازەی ئاوی شارەکان و دیاردەی بە بیابانبوون. کێشەکانی سوریا لە چەندین ڕێگەوە کێشەی نموونەیین لەچاو زۆربەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە.

سوریا بانگەشەی ئەوە دەکات کە وڵاتێکی بێ وێنەیە، لەوانەیە ئەو دەگمەنبوونە بەهۆی ئەوە بێت کە کەمترین هەنگاوی چاکسازی ئابووری ئەنجامدابێ لە چاو ئەو وڵاتانەی لەم هەڵسەنگاندنەدا ئاماژەیان پێکراوە. چاکسازی سوریا هیچ پەیوەندییەکی بەرچاوی بە تێوەگلانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانییەوە نەبووە. چاکسازییەکانی بە تەواوی نێوخۆیین، هەرچەندە ئەوەش دەکرێ بە خاڵێکی ئیجابی دابنرێ، لە کردەوەدا چاکسازی سوریا لە پەراوێزدابووە. ڕوونکردنەوەکانی نەبوونی چاکسازی دوورن لە (دەگمەنبوون)، بەهەرحاڵ، توندی سنووردارکردنی پشکەکان و بەهێزی بنکەی دەسەڵاتی ڕژێم بەیەکەوە لەگەڵ بوونی بڕی زۆری کرێ ڕۆڵیان لە دواخستن و تەگەرە خستنە بەردەم هەنگاوەکانی چاکسازی بینیوە. سوریا نموونەی بارێکی کلاسیکی هێواشی چاکسازییە.

وەك زۆر لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، فشار بۆ گۆڕان بەهێزە و بۆی هەیە هێشتا هێز کۆبکاتەوە. هەرچەندە گروپە دەسەڵاتدارەکان بە بێ ململانێ دەمێننەوە، لەماوەی کۆتاییەکانی نۆهەتەکان کرێ، بەتایبەتی کرێی نەوت، لاوازتر بووە لەچاو نیوەی یەکەمی دەیەکەدا. بۆی هەیە هەندێ فشاری زیاتری دیکە بۆچاکسازی بێتە ئاراوە، وەك هەمان نموونەی کە لەماوەی درەنگی هەشتاکان



ڕوویاندا: ئەگەر نرخی نەوت بە چەسپاوی مایەوە، وەك پێشبینیکرا، لەوانەیە لە دەیەی داهاتوو نرخەکان بێنەخوارەوە، ئەوکاتە سوریا کە یەدەگەکانی نەوتی پێشتر کەمبووەتەوە، بۆی هەیە بەرەوڕووی فشاری توندتری چاکسازی ببێتەوە.

بە دڵنیاییەوە پێشبینیکردنی نرخەکانی نەوت، پیشەیەکی گەلێ فێڵبازانەیە. دەکرێ ئەمەیان بۆ پێشبینیکردنی پێویستییەکانی کار بۆ ئابووری سوریا لە داهاتوودا ڕاستتر بێ. ساڵانە بڕی ٢٠٠٠٠٠ لاوی سووری دەچنە نێو هێزی کارگەر. ساڵانە هێزی کارگەر بە ڕێژەی ٤٪ زیاد دەکات، پێنج جار بەقەد ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕوودەدات، دە جار بەقەد هێزی کارگەری ئیمارات گەشە دەکات. ئەم گەشەیە بەلای کەمی لە ماوەی دەیەیەك هێواش نابێتەوە. خەمڵێنراوە کە وڵاتەکە پێویستی بە ٤ بلیۆن دۆلار وەبەرهێنان هەیە بۆ دابینکردنی کاری گونجاو لەماوەی دەیەی داهاتوودا: لە ١٩٩٩ تەنها ٤٧ ملیۆن دۆلاری لە وەبەرهێنانی بیانی وەرگرت[٧٧].

لەوانەیە کەرتی بەتوانای کشتوکاڵی بتوانێ هەندێ هێز بە ئابووری وڵات بدات، کە ٢٩٪ ی سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆیی پێکدەهێنێ و ٤٠٪ هێزی کارگەر بەکاردێنێ. ئەم کەرتە بەشداری لە ١٤٪ ناردەنی دەکات، سەرچاوەیەکە بۆ پیشەسازییە سەرەکییە نا نەوتییەکان (ڕستن، توتن، خۆراك، پێست، خواردنەوە). ئەو پیشەسازییانە لەوانەیە ٥٠٪ سەرجەمی کاری پیشەسازی دابین بکەن. لە ١٩٨٦ بۆ ١٩٩٦ بەرهەمی کشتوکاڵی بە بڕی ٣٠٪ زیادیکرد. هەرچەندە ئەم کەرتەش دووچاری هەندێ لە هەمان ئەو سنوور و چاودێرییانە بووەوە وەك بوارەکانی دیکەی ئابووری، بەڵام جوتیاران بە هیچ شێوەیەك وەها مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە وەك لە هەرشوێنێکی دیکە، بۆ نموونە لە میسر. بە شێکی ڕوونکردنەوەکە بۆ مامەڵەکردنێکی باشتر لەگەڵ کەرتی جوتیاران ئەوەیە کە بنکەی پاڵپشتی ڕژێمی بەعس بەشێکی دەکەوێتە سەر دێهاتە ناودارەکان بە تایبەتی لە ناوچە کەمینەکان، هەروەها لە نێو زۆرینەی سوننەشدا[٧٨].

سەرکردایەتی، لێهاتوویی بەرچاوی بۆ بەکارهێنانی هەردوو کرێی ئابووری و ستراتیجی بۆ پاراستنی پێکهاتە بنچینەییەکانی یاسا ئابوورییەکەی نیشانداوە. گەورەترین ڕێژەی ناردنەدەرەوەی نەوتی سوریا (٦٥٪ سەرجەمی نرخ لە ١٩٩٨). وڵاتەکە توانای هەبووە بۆ ڕاکێشانی لێشاوی گواستنەوەی دراوی فراوان لە کرێکارانی پەناهەندە و کاری کردووە بۆ سەرنجڕاکێشانی هەندێ لەو سەرمایە دەرەکییانەی بەدەستی سورییەکانەوەیە. لە ئەنجامی جموجۆڵی لێهاتووی سیاسەتی هەرێمایەتی، وڵاتەکە کاری کردووە بۆ ڕاکێشانی یارمەتی گەورەی بیانی لە وڵاتانی کەنداوەوە. بەشداریکردنی سوریا لە هاوپەیمانێتی جەنگی کەنداو، بووە مایەی بەخشینی یارمەتی بە درێژایی ساڵانی نەوەتەکان لەلایەن وڵاتانی کەنداوەوە، لە کۆتاییدا، داگیرکردنی ڕاستەقینەی لوبنان لە لایەن سوریاوە بووەتە مایەی زیادبوونی کرێی زیاتر.

## بەرزبوونەوە و دابەزینی قەرز

ئاراستەکانی سیاسەتی ئابووری سوریا لە کرێ دەرەکییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە. لە ماوەی حەفتاکاندا، کە نرخەکانی نەوت بەرزبوون، وڵاتەکە بە ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی خۆی فراوان کرد کاتێ حافز ئەسەد ئاراستەی ئابووری وڵاتی وەك یەکێك لە چەندین ڕێگە بۆ پتەوکردنی کۆنترۆڵی خۆی لەسەر وڵات بەکارهێنا. کاتێ ناکاریگەری و کەموکوڕی ئابووری ئاراستەکراوی بەرتەسکی دەوڵەت بە دیارکەوت و لە کۆتایی هەشتاکان ئەنجامدانی حکومەت لە ئاستێکی کەمدا بوون تاوەکو کرێی دەرەکی نەیتوانی چی دیکە ئەو لاوازییە پێکهاتەییانە بشارێتەوە. لەم بارودۆخەدا حکومەت ڕاگەیاندنی زۆر و چاکسازی کەمی بڵاوکردەوە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی ناردنە دەرەوەی بەرهەمە نا نەفتەنییەکانی کردبووە ئامانج. بەشێکی ئەو سەرکەوتنانە لە چاکسازیدا، زیادبوونی خێرا لە کرێی ستراتیژی بەهۆی بەشداریکردنی سوریا لە هاوپەیمانی



جەنگی کەنداو بوو، ئەم سیاسەتە ڕێگەی بە ڕژێمەکەدا بە درێژایی نۆهەتەکان لە چاکسازی ستراکچەری قووڵتر دوور بکەوێتەوە.

لە ماوەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە حەفتاکاندا، سووریا لە ژێر حوکمی حافز ئەسەد دا بووە خاوەن ئابوورییەکی کلاسیکی سۆشیالیستی عەرەبی. لە نێوان ١٩٧٠ و ١٩٨٢، کار لە نێو کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی سوریا لە ٥٧٠٠٠ بۆ ١١٩٠٠٠ بەرزبووەوە، یا ساڵێك دواتر، گەیشتە نیوەی هێزی کاری پیشەسازی. تەنها لەماوەی دووساڵدا لیستی کرێی کەرتی گشتی دووهێندە بوو، لە ٣,٥٪ بۆ ٦٪ سەرجەمی بەرهەمی نێوخۆی بەرزبووەوە. لە ١٩٧٩، سەرجەمی هێزی کاری سوریا نزیکەی ٢,١ ملیۆن بوو، بە چەشنێك نزیکەی سێ بەشی بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵ بوون. یەکگرتنی کاری کەرتی گشتی و دامەزراوە مەدەنییەکان لەوانەیە سەرجەمەکەی ٣٥٠٠٠٠ بێت[٧٩]. نزیکەی ٢٢٠٠٠٠ کرێکار لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی ڕێکخران بەسەرپەرشتی حزبی بەعس. هەرچەندە کۆنترۆڵی ئابووری سوریا بە هیچ شێوەیەکی ڕێکو بەرنامەدار نەبوو وەك ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام چەندین هاوشێوەیی هەبوون، لە پلاندانانەوە تا دەگاتە کۆمپانیاکانی دەوڵەت و بوونی پۆلیسی نهێنی.

ئەو جۆرە ساڵارییە لەسەر حیسابی کاریگەری ئابوورییەوە دێت. کەرتە ستراتیژییەکان بەگوێرەی مافەکانیان و کەمی ئاستی ئەنجامدانەکانیان بەکاردەهاتن. دەوڵەت دوو دڵ بوو لە دوورخستنەوەی ئەو کەرتانە. لە ١٩٨١ خەرجییەکانی هێزی بەرگری سوریا ١٣٪ ی سەرجەمی بەرهەمی نیشتمانی بوون، وایکرد کە ببێتە تاکە دەوڵەت زیاتر لە ١٠٪ سەرجەمی بەرهەمی نیشتمانی لە بەرگری خەرج بکات. هەڵاوسان و زیادبوونی قەرزی دەرەکی، کە دە جار زیادیکرد لە نێوان ١٩٧٠ و ١٩٨٣ بۆ ٢,٣ بلیۆن دۆلار، بووە هۆی لەنگبوونی ئابووری، بەتایبەتی دوای دەستێوەردانی سوریا لە لوبنان لە ١٩٧٦.

سوریا وەك وڵاتێکی باڵادەست کە توانای قەرەبوکردنەوەی هاوردنی هەیە، بەڵام نەیتوانی بە ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی کاریگەر بنێرێتە دەرەوە بۆ پارێزگاریکردن لە ئاستە گونجاوەکانی وەبەرهێنان. وەك میسر، بە دەست بۆشایی دوانە دەناڵێنێ کە بریتین لە لاسەنگیی حیسابی بیانی و بودجەی حکومەت. لە ۱۹۸۰ بۆ ۱۹۸۸ حیسابی هەنووکەیی لە لاسەنگییێکی بەردەوامدا بوو و تێوەگلانی سوریا لە جەنگی نێوخۆیی لوبنان فشاری خستە سەر بودجەی حکومەت. لە ماوەی دەیەیەکدا گەشەی ئابووری بریتیبوو لە ٢,٤٪ ، تەواو لە ژێر تێکڕای گەشەی دانیشتوان.

لەم بارودۆخەدا، حکومەت هەندێ ئەنجامدانی چاکسازی نێوخۆیی ڕاگەیاند. جێگای تێبینییە کە حکومەت بە بێ بەشداریکردن لە سندوقی دراو و بانکی نێودەوڵەتی ئەم کارانەی ئەنجامدا. سوریا بە نێردەنییەکانی بانك و دراوی نێودەوڵەتی ڕازیبوو و ڕاپۆرتەکانی وەك هاوبەشیکردنێك لە پرۆسەی سیاسی بەکارهێنا، بەڵام سوریا هەرگیز نەچووە هیچ گفتوگۆیەکی ڕەسمی لەگەڵ ئەو دامەزراوانە. ئەنجامدانە چاککارییەکانی سوریا تەنها لەبەر قەرزەکانی بۆ بانکی نێودەوڵەتی بوو بۆئەوەی ڕانەگەیەنرێ کە ئیفلاسی هێناوە، بەڵام ئەگەرنا بانکەکە تەواو پشتگوێدەخات. وە نە هیچ قەرزێکی گەورەی لەبری ئەوە لە سندوقی دراو وەرگرتووە. ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان و حکومەتە ڕۆژئاواییەکان لە بنەڕەتدا کاریگەرییان بەسەر سیاسەتی ئابووری سوریاوە نەبووە[80]. بە دڵنیاییەوە ئەمە بە پێچەوانەی ئەوەیە کە لە میسر و ئوردن تێبینیکرا.

سێ هۆکار ڕێگەیان بەسوریا داوە کە وەها ئاراستەیەك بگرێتە بەر. یەکەم، حکومەت زۆر بێ بەزەیی و کاریگەرانە مامەڵە لەگەڵ بەرهەڵستییەکانی نێوخۆیی دەکات، بۆیە دژواری ئابووری کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە. خەڵکێکی کەم لە سورییەکان هەیە ڕووداوەکەی حەما ساڵی ۱۹۸۲ لە بیربکات، کاتێ سەربازانی حکومەت لە کرداری سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ئیسلامییەکان نزیکەی ۱۰۰۰۰ هاوڵاتیان کوشت. دووەم، حکومەت پێگەی ستراتیژی و بڕیارەکانی



سیاسەتی دەرەوەی بەکارهێناوە بۆ دەستکەوتنی سەرچاوەی داهاتی جێگرەوە لە وڵاتە عەرەبییەکان، و تا ساڵی ۱۹۸۵ لە یەکێتی سۆڤیەت و کۆماری دیموکراتی ئەڵمانی یارمەتی دارایی وەردەگرت. سێیەم، لە ناوەڕاستی هەشتاکان سوریا ناردنەدەرەوەی نەوتی خۆی زیادکرد. هەموو ئەو هۆکارانە وایان کردووە وڵاتەکە خۆی لە قەرزی نێودەوڵەتی و فشاری چوونە نێو کۆدەنگییەکەی واشنتۆن بەدوور بگرێ.

هەر لەگەڵ دەستپێکردنییەوە، حکومەتی ئەسەد هەڵسا بە پێگەیاندنی خەڵکانێکی سوننی (بازرگان)ی گەورەی شارنشین و ساماندار. تەنانەت لە سەرەتا و ناوەڕاستی حەفتاکاندا، ئەنجامدانەکانی وەك ئازادکردنی سنوورەکانی هاوردن، و هاندانی کۆمپانیا تایبەتەکان بۆ ئەوەی وەك نێوەندێك لە نێوان کۆمپانیا بیانییەکان و کۆمپانیاکانی دەوڵەت کاربکەن ئەمەش یارمەتی دا بۆ پتەوکردنی هاوپەیمانی نێوان سەربازی عەلەوییەکان ـ بازرگانە سوننەکان. حکومەت زیاتر ئەو نزیکییەی بەهێزتر کرد کاتێ کە ڕژێمەکە بەدوای سووککردنی قەیرانی سەختی ئاڵوێری بیانییەوە بوو، کە بەهۆی لاسەنگیی حیسابی دراوی ۱۹۸۰ هاتە کایەوە. لە ۱۹۸۳ حکومەت ڕێگەی بە پیشەسازکارە تایبەتەکاندا کە ٥٠٪ دراوە قورسەکانیان بهێڵنەوە کە لە ناردنەدەرەوە بەدەستی دێنن بۆ کرداری هاوردن: لە ۱۹۸۷، ڕێژەکە بەرزبووەوە بۆ ٧٥٪، جۆرەکانی کاڵا مامەڵەی لەگەڵ دەکرا فراوانکرا. شارەزای ئەم بوارە (ڤۆلکەر پێرتز) تێبینی دەکا کە چۆن ئەو چاکسازییانە لە بەراییدا بە کەمکردنەوەی هاندان بۆ ئاودیوکردن کاریان کرد (سوودمەند بوون). یاسای توندوتیژ بەرامبەر ئاودیوکردنی دراو (زۆر بە سوود بوو، بۆشاییەکی فراوانی خستە نێوان بازاڕ و نرخە فەرمییەکان) تەنها جەختی کردە سەر کردارەکانی ژێر کۆنترۆڵی چەند نوێنەرانێکی کەمی زۆر نزیك لە ڕژێم[81]. ئازادی زیاتر بۆ مامەڵەکردنی دراو لە نۆهەتەکان بەردەوام بوو، و حکومەت بە شێوەیەکی هاوشێوە هەوڵیدا نرخی ئاڵوێری فەرمی لە نرخی بازاڕ نزیك بکاتەوە. جیاوازی

نێوان سۆشیالیزمی عەرەبی و سەرمایەداری مافیا (شێوازی ڕوسیا) تا ڕادەیەکی گەورە لە سوریا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

هەروەها حکومەت بەدوای بەرەوپێشبردنی هاوسەنگی بازرگانییەوە بووە بە پێشکەشکردنی چاکسازی جۆرایەتی هاوشێوەی پلەپلە لە کەرتی بوژاوەی کشتوکاڵی. لە ناوەڕاستی هەشتاکان دەستیکرد بە ڕێگەدانی بریکاری چالاکی تایبەت بۆ بازاڕی کشتوکاڵی هەموو کاڵایەك تەنها چەند جۆرێکی ستراتیژی نەبێت (لۆکە، گەنم، چەوەندەری شەکر). کەرتی تایبەت کە کاڵای کێڵگەییان دەناردە دەرەوە نرخی ئاڵوێری بەرچاویان وەرگرت، و سنوور لەسەر قەبارەی کێڵگە ڕەتکرایەوە. لە ماوەی هەشتاکاندا ئەو ئەنجامدانانە بەردەوامبوون بۆ جێبەجێکردنی زۆر بەهێز لە کشتوکاڵی سوریا، کاتێ کە وڵات بە کەشێکی باشدا تێپەڕی.

ئەنجامەکە هاندەر بوو. بەشداری کەرتی تایبەت لە هاوردنی بەرهەمی نا نەوتی لە ٢٥٪ وە بەرزبۆوە لە ناوەڕاستی هەشتاکان بۆ سەروو ٦٣٪ لە ١٩٩٤: ناردنەدەرەوەی بەرهەمی نا نەوتی لە ٤٦٪ بۆ ٧٨٪ بەرزبۆوە[٨٢]. چاکسازی نێوخۆیی ئامانجی هاوسەنگکردنی بازرگانی بوو و یارمەتیدەر بۆ هەڵگێڕانەوەی بارە خراپەکەی هەشتاکان. وەها سیاسەت گۆڕانێك لە هەمانکاتدا پەیوەندی بازرگانی ـ سەربازی پتەوکرد.

## سنوورەکانی چاکسازی

سنوورەکانی چاکسازی بۆی هەیە زۆر بە ڕوونی لەگەڵ گۆڕانەکانی یاساو ڕێکخستنەکانی وەبەرهێنان ببینرێ. یاسای وەبەرهێنانی ژمارە ١٠ لە ١٩٩١ ڕاگەیاندرا بۆ ڕاکێشانی وەربەرهێنانی سووری و بیانی. لە ژێر ئەم یاسایەدا، کە وەبەرهێنانی لەسەرووی دە ملیۆن لیرەی سووری بوو (٢٤٠٠٠٠ دۆلار)، وەبەرهێنەران نەیانتوانی لە هیچ کەرتێکی ئابووریدا پرۆژەکان پێشنیار بکەن. پرۆژە پەسەندکراوەکان دەدرێتە ماوەی باجی حەوت ساڵە، بە شێوەیەکی



بەرفراوان لەپابەندبوونە گومرگییەکان و سنوورەکانی هاوردن دەبوورێ و قازانجی فراوان و گەڕانەوەی ئاڵوێری بیانی بۆ نیشتمان بۆیان دابینەدەکرێ. حکومەت هیواخوازبوو کە وەها یاسایەك گەلێ وەبەرهێنانی پێویست ڕابکێشێ.

بەڵام ئەمانە ڕوویان نەدا. لەگەڵ دەستپێکردنی ١٩٩٧، دەقاودەق تەنها یەك کۆمپانیای بیانی (نێستلێ) وەبەرهێنانی لە کەرتی پیشەسازیدا کردووە[٨٣]. لە کاتێکدا مەزندە دەکرا کەرتی تایبەتی سورییەکان کە زیاتر لە٢٥ بلیۆن دۆلار لەدەرەوە بەدەستەوە بگرن. بەڵام حکومەت پێنەدەچوو بە قووڵی بایەخی پێبدا، لەوانەیە بەهۆی گەڕانەوەی کرێکاران لە ماوەی نۆهەتەکاندا بۆ نیشتمان بووبێ. یەکەم، حکومەت قازانجێکی زۆر گەورەی کۆکردەوە بە پەیوەندیکردنی ژیرانەی بە هاوپەیمانی جەنگی کەنداو. ئاماری ڕەسمی ئەو یارمەتییانە بە بڕی ٤ ـ ٥ بلیۆن دەخەملێنێ[٨٤]. دووەم، کاتێ سەرچاوەی نوێ نەوت دۆزرایەوە، بەرهەمهێنانی زۆر بەرزبووەوە. بەرهەمهێنان لە نێوان ١٦٠٠٠٠ بەرمیل بۆ هەر ڕۆژێك لە ١٩٨٥ بۆ ٦١٠٠٠٠ بەرمیل دەساڵ دواتر بەرزبووەوە. لە حەوت ساڵی ڕابردوو، نەوت بە ڕێژەی دوو لەسەر سێی ناردنەدەرەوەی سوریا بەرزبووەوە. بەهێزکردنی نرخی نەوت لە چەند ساڵی ڕابردوو کرێی زیاتری دابینکردووە. سێیەم، ئابووری سوریا "کرێی پاراستن" ی بەرچاوی کۆکردەوە لە داگیرکردنی لوبنان. یەك ملیۆن سووری، یەك لەسەر حەوتی هێزی کارگەر لە لوبنان کاردەکەن، و ساڵانە بڕی ١ تا ٢ بلیۆن دۆلار دەنێرنەوە نیشتمان. بازرگانە لوبنانییەکان بڕی گەورە دەدەنە سوپای سووری و بازرگانە سورییەکانیش بواری قازانجداریان لە لوبنا هەڵقۆزتووەتەوە، هەروەها لوبنان گەلێ شتومەك بۆ سورییەکان دابین دەکا کە ژیانی زۆربەیانی ئاسانکردووە. لە کۆتاییدا، هەرچەندە زانیاری متمانەپێکراوی کەم لەبەردەستدایە، بەڵام بە فراوانی وا بڕوادەکرێ کە هەندێ ناوداری سووری قازانج لە مادەی بێهۆشکەر وەردەگرن کە لە دەشتی بیقاعی لوبنان دەستیان دەکەوێت.

سوریا وەك ئێران و سعودیا، کەمێك لە پێشنیارەکانی کۆدەنگی واشنتۆنی جێبەجێکردووە. ئازادکردنی کەرتی بازرگانی بەدیهاتووە و ئابووری هەمووەکی بەڕێوەبراوە. سوریا دیکتاتۆریەتێکی تەواو پەیڕەو دەکات، دەسەڵات بە توندی لەدەستی سەربازەکانی عەلاویتیدایە. ئەم ڕژێمە کلاسیکییە، لە لایەن چینی گەورەی تاقمە بازرگانەکان و ناوداره لادێییەکان، سەرەڕای ناواخنی کەمینەی عەلەوییەکان و ئەفسەرە سەربازییەکان پالپشتی لێ دەکرێت[٨٥]. وەها پالپشتییەك، لەگەڵ کرێ دا یەکیگرتووە، ڕێگەی بە ڕژێمەکەداوە بۆ بەرگریکردنی هەر فشارێك بۆ چاکسازی قووڵتر.

لەوانەیە چاکسازی زیاتر لەژێر حوکمی بەشار ئەسەد سەرهەڵبدا. بۆی هەیە گۆڕان لە هاتنەخوارەوەی کرێدا ڕووبدات. چەند هۆکارێك هەیە کە بۆچی پێشبینی وەها گۆڕانێك بکرێ. وەك هەر شوێنێکی دیکە، نرخی نەوت یەکلاکەرەوە دەبێت. ئەگەر بێتە خوارەوە، حکومەت لەژێر فشاری گەورە دەبێت. هەرچی لە نرخەکانی نەوت ڕووبدات، یەدەگی نەوتی سوریا بچووکە، پێشبینی دەکرێ لە ناوەڕاستی ئەو دەیەدا بەرهەمهێنان بێتەخوارەوە. دانیشتوان و هێزی کارگەر بەردەوام دەبێ لە گەشە. بۆی هەیە فشار لەسەر ڕژێم زیاد بکات. بەڵام هێشتا زۆر زووە بۆ حوکمدانی بەردەوامبوونی بازرگانی وەك هەمیشە لە سوریا. بنکەی دەسەڵاتی حکومەت بەهێزە، بێ بەزەییەکەی دەگمەنە. سوریا لە ڕابردوو ڕێگەی دۆزیوەتەوە بۆ کۆکردنەوەی کرێی ستراتیژی و لەمەوە دوورکەوتووەتەوە لە چاکسازی. بۆی هەیە ڕێگەی دیکە بدۆزێتەوە کە لە داهاتووشدا لە هەمان ستراتیژیەت بەردەوام بێ.

### دەرەنجامەکان

لەو وێنە بنەڕەتییانەی سەرەوە پێشکەشکران، هەواڵی خۆش و ناخۆشی بۆ حکومەتەکان تێدا بە دیدەکرێ. لایەنی پۆزەتیڤ بریتییە لەوەی ستراتیژیەتی



پێشکەوتنی ئابووری بەشێوەیەکی سەرکەوتوو کێشەکانی گەشە و هەژاری و کار چارەسەر دەکات، زیاتر پشتی بە کەرتی تایبەت بەستووە ـ لە هەمانکاتدا سەلامەتی خۆراکی گونجاو لە سەر ئاستی نیشتمانی دابین دەکات. وڵاتانێك کە دەتوانن بە شێوەیەکی گونجاو چاکسازی لە ئابووری هێمەکییان بکەن بە هاوسەنگکردنی بودجە و پارێزگاریکردن لە نرخی ئاڵوێری ڕاستەقینە و هەڵوەشاندنەوەی ڕێسا و ڕێنماییە توندەکان، و هاندانی ناردەنی، بەلای کەمی ئەگەری سەرکەوتنیان هەیە بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی ئەو دژوارییە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی ـ ئابوورییانە.

لە تێڕوانینی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، لایەنە نێگەتیڤەکان دیارن. لەوانەیە پۆلینکردنی دژوارییەکان سوودبەخش بێ کە دوو چاری ئەوانەی لە ڕێکەوتنەکەی واشنتۆندا دەبێتەوە، بە دابەشکردنی وڵاتانی هەرێمەکە بۆ سێ گروپ: وڵاتە پیشەسازکارە نوێکان کە ئاستێکی پێشکەوتووی ڕادەیی پیشەسازییان هەیە، وەك جەزائیر، میسر، مەغریب، سوریا، و تونس، هەروەها وڵاتە داهات نزمەکان وەك، ئەفغانستان، موریتانیا، و یەمەن، ئەویدیکەش وڵاتە بە نەوت دەوڵەمەندەکانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداون (GCC).

### وڵاتە تا ڕادەیەك پێشکەوتووەکان

سیاسەتەکانی کۆدەنگی واشنتۆن بۆی هەیە باشترین بواری کارکردنی لەگەڵ ئەو وڵاتە پێشکەوتووانە وەك میسر، ئوردن، سوریا و ئێران هەبێت کە ئەگەری زۆر ناردنە دەرەوەی دەستی کاری فراوانترە. بەڵام پێویستی گۆڕانی سیاسەت بۆی هەیە خودی خۆیان ناسەقامگیری دروست بکەن، نەك تەنها لەبەرئەوەی گۆڕانکارییە پێویستەکان توندوتۆڵی و دەستپێوەگرتن دەگرێتەوە، بەڵکو گروپ دەسەڵاتدارەکان کە ڕاگری سەرەکی ڕژێمەکەن و شوێنی یارمەتیدراوی گرنگ لە نێو بیرۆکراسیدا داگیر دەکەن، ڕووبەڕووی دژواری گرنگ دەبێتەوە. نموونە بۆ

ئەمەی دوایی، هەر لە ئوردنییەکانی کەرتی ڕۆژهەڵات تا دەگاتە کرێکارە میسرییەکان لە وڵاتێك کە خاوەنداریتی کۆمپانیاکان دەکات. ڕوون نییە کە لایەنێك بتوانێ بە ئاسانی دەزگایەکی ئابووری دامەزرێنێ (وەك سەرەوەری یاسا و ڕەخسانی بواری یەکسان بۆ وەبەرهێنەران) کە زۆربەی ئابووریناسان پێیان وایە ئەمە زۆر پێویستە بۆ بەردەوامبوونی گەشە. ئەگەر کەمترین شت بگوترێت ئەوەیە کە هەرگیز بۆی نییە ڕژێمەکان پاڵپشتی سیاسی خۆیان لاواز بکەن، ئەوان ئەمەیان نەکردووە، بۆی هەیە لە ڕووی سیاسییەوە بێ ئەزموونی نیشانبدات ئەگەر پێشبینی ئەوەیان لێبکرێ کارێکی وا بکەن. ئەو دەرفەتانەی کە چاکسازی تەقلیدی ئابووری لە ڕێگەیەوە داهات و کارکردن و ئاڵوێری بیانی بەرزدەبێتەوە، پێدەچێ سانا بن.

لە بوارێکی درێژخایەنتردا، گۆڕانە پێویستەکان بۆی هەیە بە ڕێگەیەکی دیکە نا سەقامگیری بنێنەوە: ڕاکێشانی قەبارەی پێویستی وەبەرهێنان لە هەرێمەکەدا بە دڵنیاییەوە پێویستی بە بەرپرسیارییەتی زۆرتری حکومەت و یاسای کراوە (ڕوون) تری چالاکی ئابووری هەیە. مانای ئەوە نییە بڵێی کە دیموکراسی پێویستە بۆ ڕوودانی گەشە، تەنها بۆ ئەوەیە پێشنیار بکەین کە ئەگەر هەر لە ئەنجامدانە ڕەمەکی و سەرکوتکارییەکانیان بەردەوام و پێداگربن لەوانەیە سەرمایەی تایبەتی پێویست لە هاوڵاتیانی خۆیان یا لە بیانییەکانەوە ڕانەکێشن. ئایا ڕژێمەکان دەیانەوێ ئەو مەترسیانە لەخۆ بگرن، بەلای کەمییەوە، جێگای گومانە.

لە تێڕوانینێکی وەبەرهێنانەوە، شێوەی وردی حکومەت هەندێ گرنگترە لە بوونی پێشبینیکردن و بەرپرسیارییەتی. لە بواری کورتخایەن یا مامناوەند، تاکڕەوی دەتوانێ ئەو شتومەك و کەلوپەلانە دابین بکا. ئایا لە کاتێکی درێژخایەنتر ئەمە دەکرێ، پێدەچێ تەواو گومانی بێ. ئەزموونەکان لە ئەندەنوسیا و کۆریا بە توندی پێشنیار دەکەن کە کاتێ (سەرمایەداری هاوڕێیەتی) ( لەسەر بنەمای لێڵی و تەمومژاوی، و مامەڵەی نابەرپرسانە



لەنێوان وەبەرهێنەران و بەرپرسەکانی حکومەت) دووڵی تێدەدەکەوێ، بە سەرکەوتوویی بووژانەوەی وەبەرهێنان پێویستی بە چاکسازیەکانی دامەزراوەیی دەبێ کە بەرپرسیارییەتی و پێشبینیکردن پتەوبکات. ئەو چاکسازییانە لە کۆریادا ڕوویاندا بەڵام لە ئەندەنوسیا، نەخێر. چاکبوونەوەی سەرسوڕهێنەرانەی کۆریا لە قەیرانی دارایی ئاسیای ١٩٩٧ و بەردەوامبوونی ئەندەنوسیا لە کێشەکانی، بە شێوەیەکی مەعقول پەیوەندارە بە جیاوازی کاردانەوەی هەریەکەیان بۆ قەیرانەکە. تا ئێستا تۆماری بەهێزکردنی بەرپرسیاریەتی و پێشبینیکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لاوازە.

لە کۆتاییدا، ئەگەرەکانی سەرکەوتنی دروستانەی سیاسەتەکانی هاوکۆکییەکەی واشنتۆن کەمبووەتەوە چونکە ئەو وڵاتانە لە لاوازی بەرچاو دەناڵێنن لە بواری بازاڕی ناردنەدەرەوەی جیهانی بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە پێشبڕکێکارە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. بە تایبەتی، ئەوانە ژێرخانی گونجاو و دەستی کاری گونجاویان نییە، بەشێوەیەکی دیاریکراوتر شارەزایانی پیشەسازی بۆ نموونە، (سەرکاران) کە پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی پیشەسازی هاوچەرخ. سەرباری دابەزینی ئاستەکانی کرێ و ئاستی بژێوی، کرێی کاریگەر (کرێ کە بەهۆی بەرهەمهێنانی دەستی کار دێتەخوارەوە) بە بەرزی دەمێنێتەوە لەچاو پێشبڕکێکارە نێودەوڵەتییەکانیان. کرێی نەوت کاری زۆری کردووەتە سەر ئاستەکانی کرێ و بەرهەمهێنانی دەستی کار بە سنوورداری دەمێنێتەوە بەهۆی کێشە و دژوارییەی دامەزراوەیی و ژێرخان و سەرمایەی مرۆڤەوە.

## وڵاتە داهات نزمەکان

بارودۆخ لەو وڵاتە داهات نزمانەی وەك یەمەن زۆر ترسناکە، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە سیاسەتەکانی هاوکۆکییەکەی واشنتۆن سەرکەتوو بێ. بۆ نموونە، ناردنە دەرەوە زەحمەتە بتوانێ سەلامەتی خۆراکی گونجاو یا ژمارەی گونجاوی کار دابین

بکا. لە هەمانکاتدا، توانای بەرهەمی نێوخۆیی بە هۆی گەشەی دانیشتوان و پرسەکانی مافی موڵکدارێتی (بۆ نموونە، بۆ ئاوی ژێرزەوی) لەبار براوە و دەبڕێ: کەمبوونەوەی سەرچاوە سروشتییەکان تا ئێستا زۆر ڕۆیشتووەو لەوانەیە ئەستەم بێ پێچەوانە بکرێتەوە. بنهاتنی ئاوی چینەکانی ژێر زەوی، ڕۆیشتنی ڕووی گردەکان، دەشتە بێ گیاکان، بنچینەی هەژارن بۆ هەر ستراتیژیەتێکی گەشە. زیاترلەوە، بەهۆی گەشەی ڕابردووی دانیشتوان، هێزی کارگەر زۆر بە خێرایی گەشە دەکات، مەرجەکانی کارێکی کاریگەر (گونجاو) لە ڕێگەی مۆدێلی کەرتی تایبەتی باڵادەست متمانە پێکراو نیە. ژێرخان زۆر لاوازە و هێزی کارگەر زۆرینەی نەخوێندەوارن.

ڕاستییە ئازاربەخشەکان بریتین لەوەی، پێشکەوتنی ئابووری لەو وڵاتانەدا کردارێکی پارێزگاریکەرە و بۆ ئەوە داڕێژراوە کە قەدەغەی زیاتر بەرەو خراپچوونی بارەکە بکات و ئەنجامیش هەرەسهێنانی ڕژێمەکە دەبێ. مەترسییەکە ئەوەیە کە هەرەسهێنان ببێتە هۆی ئاژاوەگێڕی وەك ئەفغانستان و سۆماڵ و هاوکات پەناگەیەکی ئارامی تیرۆریستانی لێ بێتە ئاکام. لە ڕووی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیشەوە بارودۆخەکە زۆر ئازاربەخشە.

## وڵاتە بە نەوت دەوڵەمەندەکان

ئەو چاکسازییانەی لەو وڵاتانەوە ئەنجامدراون بە ڕادەیەکی فراوان بەهۆی کێشەکانی داراییەوە بووە. هەروەها ئەو یارمەتییانەی کە حەوت ساڵی ڕابردوو بەخشراون پێناچێ بەردەوام بن. زەرووڕەتی خەرجکردن بەلای کەم سێ هۆکاری هەیە. یەکەم، وڵاتە بە نەفت دەوڵەمەندەکان (تەنها بەحرێن نەبێ) بەردەوام دەبن لە خەرجکردنی بڕی زۆری داهات لە ئامێری سەربازی. زۆر خەڵکی نێوخۆیی بە تایبەتی لە سعودیای عەرەبی سوودی ئەو خەرجکردنە دەخەنە ژێر پرسەوە.



لەگەڵ ئەوەشدا، خەرجکردن بە ڕێژەیەکی بەرز دەمێنێتەوە. دووەم، وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو جەماوەری نێوخۆییان هەیە کە پشتیان پێدەبەستن، و پێشبینی دەکرێ یارمەتی دارایی فراوان وەربگرن. توانای حکومەت بۆ چارەسەرکردنی لایەنی کۆمەڵایەتییان جێگای گومانە. بەڵام هەرِەشە بۆ ڕەوایەتی ڕژێم (کە پێشتر زۆر لاواز بووە) هێزەکانی حکومەت ناچار دەکەن کە زۆر بە وریایی و هێواشی جموجۆڵ بکەن. سێیەم، کە گرنگترینیانە، ڕێژەی گەورەی هاوڵاتیان لەلایەن حکومەتەوە کارپێدەکرێن بۆ نموونە لە کوێت ٨٠٪، لە ئەنجامدا، کەموکورتی لە داهاتی حکومەت خێرا دەبێتە هۆی کێشە و گرفت لە دابینکردنی کار. چەندبارەبوونەوەی هەوڵەکان بۆ ناچارکردنی کۆمپانیا تایبەتەکان نوشوستی هێناوە کە زیاتر هاوڵاتیانی نێوخۆیی کار پێبکەن لەو پیشانەی کارامەییان ناوێ لە بری کرێکاری بیانی کە بە وزەیەکی زۆرتر و کرێیەکی کەمتر کار دەکەن، لە هەمان کاتدا کێشە پەروەردەییەکان وایان کردووە کە سەخت بێ جێگای کرێکارێکی ئاستنزمی نێوخۆیی بە شارەزایانی بیانی لە ئاستی پیشە بەرزەکاندا بگیرێتەوە. هەروەها بەهۆی ئەوەی هێزی کارگەر لە یەکێك لە بەرزترین نرخەکانی جیهانی گەشە دەکات، ڕەوا نییە پێشبینی بکرێ کەرتی گشتی بتوانێ بە ڕادەیەکی زۆر لیستی کرێی کەمبکاتەوە. بە کورتی، تاوەکو داهاتەکان فشاریان لەسەربێ، و تێچوونەکان بەرەو خوارەوە گۆڕانیان بەسەردا نەیێ، کێشە داراییەکان بۆیان هەیە بەردەوام بن، لێرەدا هاوکۆکی واشنتۆن هیچ پەیوەندار نییە.

پێویستی دابینکردنی کار گەلێ زۆرە، کە بووەتە هۆی لاوازی گۆڕانی دانیشتوان لە وڵاتانی بە نەوت دەوڵەمەند: ڕێژەی مردن گەلێ کەمبووەتەوە، بەڵام ڕێژەی لەدایکبوون مامناوەندییە و بە بەراورد لەگەڵ پێوانەی نێودەوڵەتی یەکجار بەرزە. بەرزی تێکڕای گەشەی دانیشتوان ١٥ بۆ ٢٠ ساڵ لەمەوبەر بووەتە هۆی گەشەی زۆری خستنەڕووی دەستی کار لە مڕۆدا. بەهۆی هۆکاری داراییەوە، حکومەت ناتوانێ کاری نوێ دابین بکا کە پێویستە بۆ هەڵمژینی ئەو کرێکارانە. بەڵام کەرتی تایبەتیش ناتوانێ ئەو هێواشییە لە دابینکردنی کار بەکاربێنێ،

چونکە کەرتی تایبەت زۆر بچووکە و بە ڕادەیەکی زۆریش پشت بە گەورەیی حکومەت دەبەستێ.
لە کۆتاییدا، وڵاتانی کەنداو سوودی بەراوردکاریان لە کەلوپەل یا خزمەتگوزارییە نا نەفتەنییەکان سنووردار کردووە. نرخەکانی کرێ، گەلێ هەڵاوساون بەهۆی کرێی نەوتی ڕابردوو و یارمەتییە بەکارهێنەرەکانی ئێستا زۆر بەرزن بۆ پێشبڕکێ کردن لەچالاکییە کرێ نزمەکان، بەڵام لێهاتوویی زۆر لاوازە بۆ پێشبڕکێکردن لە چالاکی پێشکەوتووتر. کێشەکە پێشتر لە ئێران و میسر تێبینیکرابوو، بەڵام بۆ وڵاتانی دەوڵەمەندی نەوت زۆر دژوارترە.

## ئەنجام

بە کورتی، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەیە یا دەیەکانی داهاتوودا ڕووبەڕووی بەرهەڵستی و ململانێی گەورە دەبنەوە. ئێمە دەزانین کە تاکە ستراتیژیەتێکی پەسندکراو بریتییە لە باڵادەستی کەرتی تایبەت بۆ ناردنەدەرەوە و گەشەی ئاراستەکراوی ناردن. بەڵام سەرکەوتنی ئەو ستراتیژییەتە لە زۆربەی وڵاتەکانی هەرێمەکە جێگای گومانە. لە ئەنجامدا، زیادبوونی دژوارییە ئابوورییەکان بەردەوام دەبێ کە بەرهەڵستی بۆ فەرمانڕەوایی بخولقێنێ. بەڵام بە درێژایی ئەوەی کە ڕژێمەکان بەردەوام بن لە دەستکەوتنی پارەی گونجاو بۆ دابینکردنی ئاسایشی نێوخۆیی و دەرەکی، و بەلای کەمی پشتگیریان لە هەندێ بەشی دانیشتوانەوە بۆ بکرێ، لەوانەیە ئەمە بەردەوام بێ. کەچی وەك نموونەی یەکێتی سۆڤیەت نیشانی دا، کاتێ ڕژێم پاڵپشتی زۆربەی دانیشتوانەکەی لە دەستدەدا، ڕووداوی لەناکاو و هەڵە لەلایەن سەرکردایەتییەوە دەتوانێ ببێتە مایەی هەڵوەشانەوەی خێرا و گۆڕانی ڕژێم.

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

١ـ "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" لێرەدا مەبەست ئێران و وڵاتە عەرەبییەکانە: لە نێو وڵاتە عەرەبییەکانیشدا تیشك ەخرێتە سەر وڵاتە عەرەبییە ئاسیایەکان و میسر، هەرچەندە هەندێ جار ئاماژەش بە وڵاتانی باکووری ئەفریقیا دەکرێت.

٢ـ بڕوانە:

Thomas Friedman, The Lexus and the Olive Tree, New York: Farrar, Straus, Giroux; ١٩٩٩; Gary Hufbauer, China, the United States and the Global Economy:Trends and Prospects in the Global Economy, Washington, D.C.: Institute for International Economics, November ١٩٩٩.

٣ـ World Bank, Claiming the Future: Choosing Prosperity in the Middle East and North Africa, Washington, D.C.: The World Bank, ١٩٩٥; International Monetary Fund, Building on Progress: Reform and Growth in the Middle East and North Africa, Washington, D.C.: International Monetary Fund, ١٩٩٦.

٤ـ Herbier, ١٩٩٩; World Bank, World Development Report ٢٠٠٠, New York and Oxford: Oxford University Press, ٢٠٠٠.

٥ ـ کرێ بە درێژایی ئەو وشە لە واتای تەقلیدی ئابووری بەرکاهاتووە: جیاوازی نێوان نرخی بازاڕ و نرخی (بڕیاردانی بازرگانی) بەرهەمهێنان. بۆ گفتوگۆی زیاتر لەسەر کۆنتێکستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بڕوانە:

Alan Richards and John Waterbury, A PoliticalEconomy of the Middle East, Boulder, Colo., and London: Westview Press, ٢nd ed., ١٩٩٦, p. ١٧.

٦ـ Salah El Sarafy, "The Proper Calculation of Income from Depletable Natural Resources," in Y. J. Ahmad (ed.), Environmental Accounting for Sustainable Development,Washington, D.C.: World Bank, ١٩٩٣.

٧ـ World Bank, Claiming the Future, ١٩٩٥.

٨ ـ مرۆڤ بە گشتی کاری تێدەکرێ بەوەی کە شتەکان چۆن دەردەکەون زیاتر لەوەی کە شتەکان چۆنن، لە ڕاستیدا زیاتر بە ڕواڵەت کاری تێدەکرێ وەك لەوەی لە واقیعدا چۆنە.

Niccolo Machiavelli, Discourses on Livy, I.٢٥.



٩ـ Jeffrey G. Williamson and Tareq Yousef, "Demographic Transitions and Economic Performance in MENA," unpublished paper, Harvard University, ١٩٩٩.

١٠ـ World Bank, World Development Report ٢٠٠٠.

١١ـ به بەراوورد، خستنەڕووی هێزی کارگەر بە ڕێ ٨,٠٪ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ٤,٠٪ لە ئەوروپا بەزبووەتەوە.

١٢ـ زانیارییەکانی ئەم باسە لەمانە وەرگیراوە:

Ragui Assaad, Alan Richards, Charles Schmitz, and Michael Watts, "Human Security of the New Millennium: Poverty and Sustainable Livelihoods in the Arab Region—Elements for a Poverty Alleviation Strategy," New York: United Nations Development Program, ١٩٩٧.

١٣ـ بڕوانە:

Willem van Eeghen, "Poverty in the Middle East and North Africa," World Bank, unpublished, ١٩٩٥.

١٤ ـ لە ساڵی ١٩٩٢، هیڵی هەژاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بۆ خێزانێك لە چوارکەس پێکهاتبێ بریتیبوو لە (١٤,٣٣٥ دۆلار).

Sheldon H. Danziger and Daniel H. Weinberg, "The Historical Record: Trends in Family Income, Inequality, and Poverty," in Sheldon H. Danziger, Gary D. Sandefur, and Daniel H. Weinberg (eds.), Confronting Poverty: Prescriptions for Change, Cambridge, Mass.: Harvard University Press, ١٩٩٤, pp. ١٨–٥٠.

١٥ ـ "Poverty in the Mashreq Region," United Nations Development Program, unpublished report, ١٩٩٥.

١٦ ـ Ali Abdel Gadir Ali, "The Behavior of Poverty in the Arab Region," in Preventing andEradicating Poverty, New York: United Nations Development Program, ١٩٩٦, pp. ٦١–٨٠.

١٧ـ وشەیەکی مەغریبییە لە وشەی حیتا (دیوار) ی عەرەبی و پاشگری فەرەنسی (یست) ئەوکەسەی پشت بە بەدیوار دەبەستێ.

١٨ـ World Bank, Middle East and North Africa Environmental Strategy: Towards SustainableDevelopment, Washington, D.C.: The World Bank, ١٩٩٥.

١٩ـ Alan Richards and Nirvikar Singh, "No Easy Exit: Property Rights, Markets, and Negotiations over Water," Water Resources Development, Vol. ١٧, No. ٣,

٢٠٠١; David Seckler, David Molden, and Randolph Barker, “Water Scarcity in the Twenty-First Century,” International Journal of Water Resources Development, March ١٩٩٩.

٢٠ - Food and Agriculture Organization, The State of Food and Agriculture, ٢٠٠١, Rome: Food and Agriculture Organization, ٢٠٠١.

٢١- World Bank, World Development Report ٢٠٠٠.

٢٢- نیعمەت شەفیق، پەیوەندی کەسی، ئابی ١٩٩٥.

٢٣- زۆرینەی زۆری قەرزی دەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتییە لە قەرزی گشتی.

٢٤- ئامارەکان بریتین لە هی ١٩٩٨. زانیارییەکان سوودان - کە بوونە ئەندامی لە بانکی نێودەوڵەتی هەڵواسرا - لەبەردەستدا نین.

World Bank, World Development Report ٢٠٠٠

٢٥ - World Bank, Egypt: Social and Structural Review, Social and Economic Development Group, Middle East and North Africa Region, Report No. ٢٢٣٩٧-EGT, June ٢٠, ٢٠٠١.

٢٦ - David Hirst, “Egypt Stands on Feet of Clay,” Le Monde Diplomatique, October ١٩٩٩.

٢٧- ئەم باسە پشت بەم سەرچاوەیە دەبەستێ:

Alan Richards, “The Political Economy of Dilatory Reform: Egypt in the ١٩٨٠s,” World Development, Vol. ١٩, No. ١٢, December ١٩٩١.

٢٨ - World Bank, Egypt: Social and Structural Review, ٢٠٠١.

٢٩- بارودۆخی حکومەتی میسری هەندێ لە مەکسیك ترسناکە، چونکە لە ئیداعات دۆلار باڵادەست نییە، کە هەموو نرخەکانی ئاڵوگۆڕ لەسەر حکومەتی میسری دەخاتە مەترسی.

٣٠ - نموونە زۆرن بۆ ئاستی کەم و مامناوەند لە بەردەوامبوونی بەرپرسان بۆ سەپاندنی یاسا کۆنەکان، تەنانەت کە ئەو یاسایانە لە لایەن کابینەی ڕەسمییەوە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

٣١ - World Bank, Egypt: Social and Structural Review, ٢٠٠١.

٣٢- هەژاری لادێیی بە شێوەیەکی بەچاو لە ٢٨,٦٪ بۆ ٢٣,٣٪ نزمبۆوە. لە تێڕوانینی سیاسییەوە، بەهەرحاڵ، تێکڕای هەژاری لە شار زۆر گرنترە. دوایین لێکۆڵینەوەی نیشتمانی بۆ جێنشین لە ناوەڕاستی نۆهەتەکان ئەنجامدرا. هیچ زانیاری نوێی دیکە لەبەردەستدا نییە، و هەڵسەنگاندنەکان بە شێوەیەکی فراوان جیاوازییان تێدا بەدیدەکرێت. (بانکی جیهانی، میسر).



٣٣ - Quoted in Hirst, ١٩٩٩.

٣٤ - John Waterbury, Exposed to Innumerable Delusions: Public Enterprise and StatePower in Egypt, India, Mexico and Turkey, Cambridge, UK: Cambridge University Press, ١٩٩٣.

٣٥ - Christian Chesnot, “Drought in the Middle East,” Le Monde Diplomatique, February ٢٠٠٠.

٣٦- بڕوانە:

http://www.kinghussein.gov.jo/resources٣.html.

٣٧ - تێبینییەکان لەلایەن د. دەواد ئەلعانی، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری سەرۆك وەزیران لەمەی خوارەوە دەست دەکەوێ:

The Washington Institute for Near East Policy, Washington, D.C., July ٢٨, ١٩٩٤.

٣٨ - Waterbury, ١٩٩٣.

٣٩- “Jordan’s Predicaments,” Strategic Comments, International Institute of Strategic Studies, Vol. ٧, No. ٧, ٢٠٠١.

٤٠ - Rodolfo A. Bulatao and Gail Richardson, “Fertility and Family Planning in Iran,” Middle East and North Africa Discussion Paper Series, No. ١٣, Washington, D.C.: The World Bank, November ١٩٩٤.

٤١ - Central Intelligence Agency, The World Factbook ٢٠٠١, Washington, D.C.: U.S. Government Printing Office, ٢٠٠١.

٤٢- Central Intelligence Agency, ٢٠٠١.

٤٣ - وەك هەمیشە، هەڵسەنگاندنەکانی بێکاری بە فراوانی جیاوازن، لە ١٤٪ بۆ ٢٥٪.

٤٤ - Central Intelligence Agency, ٢٠٠١.

٤٥ - Jahangit Amouzegar, “Khatami and the Iranian Economy at Midterm,” Middle EastJournal, Vol. ٥٣, No. ٤, Autumn ١٩٩٩.

٤٦ - Jahangit Amouzegar, Iran’s Economy Under the Islamic Republic, London and New York: I. B. Tauris, ١٩٩٣; Eliyahu Kanofsky, The Middle East Economies: The Impact of Domestic and International Politics, Begin-Sadat Center for Strategic Studies, Bar-Ilan University, Israel, ١٩٩٨.

٤٧ - Amouzegar, ١٩٩٩.

٤٨ - Amouzegar, ١٩٩٩.

٤٩ . Biijan Khajehpour, "Domestic Political Reforms and Private Sector Activity in Iran," Social Research, Summer ٢٠٠٠.

٥٠ . Amouzegar, ١٩٩٩.

٥١ . Central Intelligence Agency, The World Factbook ٢٠٠١.

٥٢ ـ Food and Agriculture Organization, ٢٠٠١.

٥٣ ـ International Monetary Fund, ١٩٩٦.

٥٤ ـ Amouzegar, ١٩٩٣, p. ٣٢.

٥٥- Amouzegar, ١٩٩٣, p. ٣٢.

٥٦ ـ Khajehpour, ٢٠٠٠.

٥٧ Reuters, March ٦, ٢٠٠٠.

٥٨ ـ Eric Rouleau, "Iran's 'Referendum for Democracy,'" Le Monde Diplomatique, June ٢٠٠١.

٥٩ ـ United States Embassy in Riyadh, "Saudi Arabia: ٢٠٠١ Economic Trends," May ٢٠٠٠.

**٦٠ ـ له لایەنی خستنەڕوو (عرض) ئاسانە کە نەوت بدۆزیتەوە و بەرهەمی بێنی، وە لە لایەنی خواستیشەوە (طلب) گەلێ تەکنۆلۆژیای نوێ هەیە.**

CBS News, June ٢٥, ٢٠٠٠, available at http://cbsnews.com/now/story/ ٠percent٢C١٥٩٧percent٢C٢٠٩٣٦٧-٤١٢percent٢C٠٠.shtml.

**٦١ ـ ئەم بیرە بە درێژی و بە شێوەیەکی بڕواپێهێنەر بۆ شیکردنەوەی بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری لە میرنشینەکە لەم سەرچاوەیە پێشکەشکراوە:**

Mamoun Fandy, Saudi Arabia and the Politics of Dissent,١٩٩٩.

٦٢ ـ Daryl Champion, "The Kingdom of Saudi Arabia: Elements of Instability Within Stability," Middle East Review of International Affairs Journal, Vol. ٣, No. ٤, December ١٩٩٩.

**٦٣ ـ بڕوانە:**

Chaudhry, The Price of Wealth, ١٩٩٧; Rayed Khalid Krimly, "The Political Economy of Rentier States: A Case Study of Saudi Arabia in the Oil Era: ١٩٥٠–١٩٩٠," Ph.D. dissertation, Department of Political Science, George Washington University, ١٩٩٣.



٦٤ ـ Nazih Ayyoubi, "Arab Bureaucracies: Expanding Size, Changing Roles," Department of Politics, University of Exeter, England, unpublished manuscript, ١٩٨٥.

٦٥ ـ Peter W. Wilson and Douglas F. Graham, Saudi Arabia: The Coming Storm, New York: M. E. Sharpe & Co., ١٩٩٤.

٦٦ ـ Economist, April ٦, ١٩٨٥, pp. ٨٠–٨٣.

٦٧ ـ "AQUASTAT: Saudi Arabia," Food and Agriculture Organization, ١٩٩٧, at: http:// www.fao.org/waicent/faoinfo/agricult/agl/aglw/aquastat/sauarab.htm.

٦٨ ـ United States Embassy in Riyadh, "Saudi Arabia: ٢٠٠١ Economic Trends."

**٦٩ـ هەروەها حکومەت قەرزی بیانی بە بڕی ٢٦,٣ بلیۆن دۆلار هەیە، بە هەرحاڵ، ئەمە تەنها نزیکەی ٣٣٪ ناردنە دەرەوەیە. بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکە کە لەم بەشەدا باسکراون، میرنشینەکە کێششەی گردبوونەوەی قەرزی نییە.**

**٧٠ـ مەبەست لەو دەربڕینە ئەوەیە کە سعودییەکان دەیانەوێ تەنها کاری بەڕێوەبەری ئەنجام بدەن یا بازرگان بن، یا سەرکاربن، نەك کرێکار.**

٧١ـ Michael J. Piore, Birds of Passage: Migrant Labor and Industrial Societies, Cambridge and New York: Cambridge University Press, ١٩٧٩.

٧٢ ـ Alain Gresh, "The World Invades Saudi Arabia," Le Monde Diplomatique, April ٢٠٠٠.

٧٣ ـ United States Embassy in Riyadh, "Saudi Arabia: ٢٠٠١ Economic Trends."

٧٤ ـUnited States Embassy in Riyadh, "Saudi Arabia: ٢٠٠١ Economic Trends."

٧٥ـ Jean François Seznec, "The Perils of Privatization in the Gulf," Lecture at Center for Contemporary Arab Studies, Georgetown University, Washington, D.C., March ١٩, ٢٠٠١. See http://www.ccasonline.org/publicaffairs/Seznec٣١٩٢٠٠١.htm.

٧٦ـ United States Embassy in Riyadh, "Saudi Arabia: ٢٠٠١ Economic Trends."

٧٧ـ Bank of Beirut and the Arab Countries, Economic Report, ٣rd Quarter, Beirut: BBAC, ٢٠٠٠.

٧٨ ـ Raymond Hinnebusch, Peasant and Bureaucracy in Bàthist Syria: The PoliticalEconomy of Rural Development, Boulder, Colo., and London: Westview Press, ١٩٨٩.

٧٩ ـ Alisdair Drysdale, “The Asad Regime and Its Troubles,” MERIP Reports, No. ١١٠, November–December ١٩٨٢, pp. ٣–١١.

٨٠ ـ Volker Perthes, The Political Economy of Syria Under Asad, London: I. B. Tauris, ١٩٩٥.

٨١ ـ Perthes, ١٩٩٥.

٨٢ ـ Paul Rivlin, Economic Policy and Performance in the Arab World, Boulder, Colo., and London: Lynne Rienner, ٢٠٠١.

٨٣- “Syria Now,” Middle East Economic Digest, May ١٦, ١٩٩٧, pp. ١٤–١٨.

٨٤ ـ Kanjorski, ١٩٩٨.

٨٥ ـ Richard Bulliet, “Twenty Years of Islamic Politics,” Middle East Journal, Vol. ٥٣, No. ٢, Spring ١٩٩٩.



# بەشی چوارەم

## پەیوەندییە سەربازی – مەدەنییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

دامەزراوە سەربازییەکان یەکێکن لە پێکهاتە ناوخۆییە هەرە گرنگەکان –ئەگەر گرنگترین پێکهاتە نەبن- لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

سەرەڕای ئەزموونە پچڕ پچڕەکانی ئازادبوونی ئابووری و سیاسی، دەوڵەتە عەرەبییەکانی ناوچەکە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بە نادیموکراتی ماونەتەوە(1). سەرکردە سیاسییەکان بە تەواوەتی پشت بە هێزی سەپاندن دەبەستن بۆ پاراستنی پێگەکەکانیان و پەنا بۆ هێزە چەکدارەکانیان دەبەن بۆ بەرەنگاربونەوەی سەختییەکان و بەرپەرچدانەوەی بەرهەڵستکارەکانیان.

لەبەر ئەم هۆیە، دامەزراوە سەربازییەکان ئەو پێکهاتانەن کە سەرکردە دەسەڵاتخوازەکان ناتوانن پشتگوێیان بخەن و فەرامۆشیان بکەن.

لە ڕاستیدا سەرکردە سیاسییەکان زۆر سەرکەواتوانە توانا و لێهاتوویی خۆیان سەلماندووە لە گرێدان و بەرێوەبردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هێزە چەکدارەکاندا.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەرکردەکان بە پشتبەستن بە هێزە چەکدارەکان جڵەوی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست و لە حاڵەتی لە دەستدانیشدا هەر بە هەمان هۆ دەسەڵاتیان بە دەستهێناوەتەوە، و ئەم سەرکرانە بەردەوامن لەسەر ڕەوتی پشتبەستن بە دڵسۆزی ئەفسەرەکانیان بۆ پاراستنی پێگەکانییان و مانەوەیان لە دەسەڵاتدا.

شیکردنەوەی بنچینەکانی ئەم کۆنترۆڵە سیاسییە تێڕوانینێکی گرنگمان دەداتێ بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکی ناوەکی ئیشکردنی ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکان ناوچەکە.

پەیوەندییە سەربازییە-مەدەنییەکان هەروەك چۆن لە ڕابردوودا گرنگ بوونە بۆ هەڵسەنگاندنی باری سەقامگیری هاوپەیمان و بەرهەڵستکارە سەرەکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بە هەمان شێوە بۆ هەڵسەنگاندنی داهاتووی ئەو سەقامگیرییەش ئەو بایەخەیان هەر دەمێنێت .

هەروەها هەڵسەنگاندنی پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان بەهاو بایەخی خۆی هەیە بۆ بەستن و پەرەپێدانی پەیوەندییە ناوچەییەکان و پاراستنی بەرژەوەندییە ئاسایشییە (ئەمنییە) دەرەکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان.

شیکردنەوەی پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان زۆرجار پەردە لەسەر کاریگەرییە سەربازییەکانی ئەم پەیوەندییانە هەڵدەماڵن بە شێوەیەك دەبنەهۆی خستنەڕووی توانای هاوپەیمانان و بەرهەڵستکارانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا بۆ بنیاتنانی هێزی سەربازی تەقلیدی پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان دەبنە هۆی لاوازکردنی سەنگ وکارایی سەربازی دەوڵەتانی ناوچەکە(بە دەوڵەتە هاوپەیمان و بەرهەڵستکارەکانیشەوە) وە هەروەها ڕەنگدانەوەیان دەبێت لە سەر توانایان بۆ بنیاتنانی هێزی سەربازی تەقلیدی.

دامەزراوە سەربازییەکان ڕۆڵێکی دووفاقی دەبینن لەناو ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لە لایەك وەك بەرگریکارانی دەوڵەتی و سەروەری کاردەکەن لە دژی دوژمنە دەرەکییەکان. لە لایەکی دیکەوە بەرگری لە ڕژێمەکە دەکەن لە بەرامبەر نەیار و بەرهەڵستکارە ناوخۆییەکان.

هەڵسانی ئەم دەزگایە بەم دوو ئەرکە فشارگەلێکی تایبەتی بۆ سەر سەرکردە سیاسییەکان دروستدەکات. سەرکردە سیاسییەکان هەوڵدەدەن لە پاڵپشتی و ملکەچی فەرماندە و بەرپرسە سەربازییەکانییان دڵنیابن، کە ئەوان (بەرپرسە



سەربازییەکان) دوا زامنکەری ئاسایشی ڕژێمەکەن و ئەو کاتانەی سەرقاڵی خۆ چەکدارکردن دەبن، دژی هەڕەشە ناوخۆییەکانی سەر ڕژێمەکە دەبێت بە توندی لە ژێر ڕکێفی دەستڕۆیشتوویی و دەسەڵاتی سیاسی دابن.

لە ڕاستیدا بارگرانکردنی ئەستۆی سوپا بەم دوو ئەرکە هەڵگری ناسازی ودژبەیەکییەکی(تناقض)بنچینەییە، پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی بە هۆی سوپاوە هەڵگری مەترسی سستکردن و لاوازکردنی کارایی ولێوەشاوەیی هێزە سەربازییەکانە لە جەنگی تەقلیدیدا.

بە دەگمەن سەرکردە دەسەڵاتخوازەکان توانای پاراستنی ڕژێم و دەوڵەتەکانیان پێکەوە سەلماندووە، ئەم ڕاستییە ناکارایی بەرچاو و بەربڵاوی هێزە چەکدارەکان بەرجەستە دەکات لە زۆرێك لەو شەڕانەی لە ناوچەکەدا ڕوویانداوە.

لە سالانی حەفتاکانەوە لە سایەی زاڵبوونی پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکانەوە ناوچەکە سەقامگیری بەخۆیەوە بینیوە. ئەم بەشە سەرچاوەکانی ئەم سەقامگیرییە دەخاتە ڕوو، ئەو ستراتیژ و تاکتیکانە شیدەکاتەوە کە سەرکردەکان پەیڕەویدەکەن لە پێناو پاراستنی باڵادەستی دەسەڵاتی سیاسییان بەسەر دامەزراوە سەربازییەکانیانەوە.

لە کۆتاییدا، ئەم بەشە ئەوە دەخاتەڕوو چۆن گرتنەبەری ئەم ستراتیژ و تاکتیکانە دەبنە هۆی لاوازکردن و ناکاراکردنی دامەزراوەی سەربازی و سەرکردایەتیکردن و هەڵسوراندنی ئەم دامەزراوەیە.

هەروەها ئەم بەشە جەخت لەسەر پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان دەکاتەوە لە دەوڵەتە نادیموکراتییەکانی ناوچەکەدا: ئەو دەوڵەتانەی دوو ئەرکیان خستۆتە ئەستۆی سوپا و سەربازان.

زۆرێك لە نموونەكان لە دەوڵەتە سەرەكییەكانی ناوچەكەوە بەدەستهاتوون، لەوانە سوریا، میسر، ئوردەن و ئێران، هەرچەندە جەخت لەسەر نموونە گشتییەكان كراوەتەوە بە چەشنێك بتوانرێت بە ڕێگەی جیاواز بەسەر ڕژێمە دەسەلات خوازەكانی ناوچەكە و ڕژێمەكانی دەرەوەی ناوچەكەشدا پەیڕەوبكرێن. دوایین بەش باس لەو دژوارییانە (تحدیات) دەكات كە ئەگەری ئەوەیان لێدەكرێت ڕووبەڕووی دەوڵەتانی هەنووكە ببنەوە كە پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەكانن زاڵن تیایاندا، لەوانە ململانێیەك لە دوابییەكان، گرژی و ئاڵۆزییە ئایینییەكان، دزەكردنی گرووپە ئیسلامییەكان بۆ ناو هێزە چەكدارەكان. ئەم بەشە چەند ڕاسپاردە وبەرچاو ڕوونییەك بۆ بڕیار بەدەستانی وڵاتە یەكگرتووەكان گەڵاڵە دەكات.

## لە كودەتاكانەوە بۆ سەقامگیری

لە ڕۆژگای دوایی سەربەخۆبوونەوە. ڕواڵەتی دیار و بەرچاوی سیاسەت لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لە دەوڵەتە عەرەبییەكان دا، بەربڵاوی كودەتا سەربازییەكان بوو بۆ دەست بەسەرداگرتتنی دەسەڵاتی سیاسی[٢].

زۆرێك لە دەوڵەتە عەرەبییەكان لە دەیەكانی دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بەلای كەمەوە جارێك (ئەگەرچی لە هەندێ دەوڵەتدا پتر لە جارێك) هەوڵدانی ڕاستەقینەیان لە پێناو ئەنجامدانی كودەتای سیاسییدا بەخۆوە بینی.

بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٦١ەوە تا ساڵی ١٩٦٩، بەلای كەمەوە ٢٧ كودەتای سەركەوتوو و هەوڵدانی ڕاستەقینە بۆ گرتنە دەستی سەربازییانەی دەسەلات لە نۆ وڵاتی عەرەبییدا تۆماركران[٣]. لەوەش سەرسوڕهێنەرتر، سەردەمی كودەتای سیاسی ڕێگەی بۆ سەقامگیرییەكی بەرچاو لە سەركردایەتیكردن و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی دا خۆشكرد[٤].



تا ئەو ڕۆژەی گیانی سپارد لە ساڵی ١٩٩٩ دا، حوسێن پاشا، بۆ ماوەی پتر لە چوار دەیە فەرمانڕەوایی ئۆردنی كرد، حافز ئەسەد نزیكەی ٣٠ ساڵ سوریای بەڕێوەبرد، تاوەكو لە سەرۆكایەتیدا سەری نایەوە و لە ساڵی ٢٠٠٠ كۆچی دوایی كرد، سەددام حوسێن نزیكەی ٢٥ ساڵ حوكمی عێراقی كرد. حوسنی موبارەك نزیكەی هەمان ماوەیە حوكمڕانی میسر دەكات، هەر لە ساڵی ١٩٨١ەوە تاوەكو ئەم ساتەوەختەش. لەم ساڵانەی دواییدا سوریا و ئوردەن توانییان سەركەوتووانە گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات ئەنجام بدەن، بەم چەشنە توانییان لە ململانێ توندوتیژ و ئاژاوەگێڕییەكان و كودەتا سەربازییەكان خۆیان ڕزگاربكەن.

ڕەنگدانەوەی ئەم سەقامگیرییە لە سەركردایەتیكردنی دەسەڵاتی سیاسییدا پتر لە بەخشینی بەردەوامیی بە ڕۆڵی ناوەندگەرێتی سوپا و سەربازان لەم ڕژێمە دەسەڵاتخوازانەدا زەقدەبێتەوە.

دامەزراوە سەربازییەكان بەردەوامن لە بینینی ڕۆڵێكی بنچینەیی لە سیاسەتدا، سەرەڕای دیار نەمانی دەركەوت و ڕواڵەتە ئاشكراكانی دەستڕۆیشتوویی ئەم دامەزراوەیە لە ڕێیی ئەنجامدانی كودتاوە. پێگەی ناوەندی دامەزراوەی سەربازی لە ڕۆڵی ئەم دەزگایەوە سەرچاوەی گرتووە وەك سەرچاوەی سەرەكی هێز. كە وەك دوا زامنكەری ئاسایشی ڕژێم پشتی پێدەبەسترێت.

زۆربەی ڕژێمەكان چەند دەزگایەكی ئاسایشیان دامەزراندووە كە تایبەتن بە چاودێریكردن و ڕێگەگرتن لە ئەگەری سەرهەڵدانی ڕكابەر و بەرهەڵستكاران بۆ ڕژێمەكە.

زۆرجار ئەم دەزگایانە مەشقێكی ئاست بەرزیان بینیوە و قەوارەگەلی لێهاتوو و بە ئەزموونن، بەڵام هێشتا لە ململانێدان لەگەڵ پێكهاتە بیرۆكراتییە بەهێزەكانی دیكە بۆ دابینكردنی داهاتەكانی بەڕێوەچوون وپەرەسەندنییان، كە هەندێكجار لە هینانەدی ئەم ئامانجەدا شكستیانهێناوە.

بۆ نموونە، لە میسردا، ٣٠٠,٠٠٠ هێزی پاراستنی ناوەندی (مرکزی) هەن کە لەناو باڵەخانەی وەزارەتی ناوخۆدا بوونیان هەیە، بەڵام وەك هێزی پلە دوو دەژمێردرێن، ئەندامەکانی ئەم هێزە شکستیانهێناوە لە هێنانەدی و گەیشتن بەو پێوەرانەی وایان لێدەکات لە هێزە چەکدارە تەقلیدییەکانداوەربگرێن، سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ئەم قەوارانە ئاستێکی باڵای مەشقیان بینیوەو و خاوەن توانا و لێهاتووین لە پاراستنی ڕژێم لە دژی ئەو بەرهەڵستکارانەی خاوەن پاڵپشتی و قورسایی جەماوەرین، بەڵام هێشتا هێزە چەکدارە تەقلیدییەکان بەدوا زامنکەری ئاسایشی ڕژێمەکە دەمێننەوە.

لە ڕاستیدا، هێزە سەربازییەکان هەمیشە وەك قەڵغانێك بەکاردەهێنرێن بۆ پاراستنی ڕژێم لەبەرامبەر هەڕەشەو مەترسی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس بۆ سەر ئاسایشی ڕژێمەکە.

کاتێك ٢٠,٠٠٠ لە هێزەکانی پاراستنی ناوەندی لە ساڵی ١٩٦٨دا دەستیاندایە خۆپێشاندان و ناڕەزایی دەربڕین لە دژی کەمی مووچە، هێزی سەربازی میسری سێ لیوای بڵاوکردەوە، کە نزیکەی یەك لەسەر چواری هێزی نیزامی دەبوون. سوریاش سەرکوتکردنی یاخیبووانی بەخۆوە بینی، رەفعەت ئەسەد لە ساڵی ١٩٨٤دا دژی ڕژێم هەڵوێستی وەرگرت و لە لایەن هێزە تایبەتییەکان و یەکە دڵسۆزە سەربازییەکانی دیکەوە بەرپەرچی درایەوە، ئەو کاتە ڕەفعەت بەرپرسی باوەڕپێکراوی هێزی ئاسایشی ڕژێم بوو.

بە هەمانشێوە، بۆ هێورکردنەوەی نائارامییەکانی شارۆچکەکانی کەرەك لە ساڵی ١٩٨٦ و سەعن لە ساڵی ١٩٨٨ لە ئوردن ڕێگای دەستتێوەردانی سەربازی گیرایەبەر. سوپا تەقلیدییەکان هێزی پێویست و خواستراون تاوەکو وەك دوا ڕێگا چارە پەنایان بۆ ببردرێت.



هەروەکو یەکێك لە شیکەرەوەکان گوزارشتی لێدەکات، ((بێ بەشداربوونی چالاکانە یاخود بە لای کەمەوە بێ ڕەزامەندی ڕوون و ڕاشکاوی بەرپرسە سەربازییەکان، هیچ حکومەتێکی عەرەبی توانای بەدەستەوەگرتنی جڵەوی دەسەڵاتی نییە))[٥].

## پاڵپشتی کۆمەڵایەتی

یەکێك لە پەرژینە بنەڕەتییەکان دژ بە دەستێوەردانی سەربازی لە کاروبار و دەسەڵاتی سیاسی دا بریتییە لە بەدەستهێنانی بنکەیەکی کۆمەڵایەتی پاڵپشت بۆ ڕژێم لە دەرەوەی دامەرزاوەی سەربازی. بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، کەمایەتییە ئاینییەکان، لایەنگر و پشتیوانە حیزبییەکان، گرووپە گەورە و جەماوەرەبیەکان چەند ڕەگەزێکی گرنگن لە پێکهێنانی بنکەی کۆمەڵایەتی بۆ ڕژێمە عەرەبییەکان. لە ڕاستیدا پاڵپشتی مەدەنی پارسەنگی هێزی سەربازی ڕادەگرێت. بۆ نموونە، یەکێك لەو ڕێگایانەی حافز ئەسەد لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتە سیاسییەکەی گرتیەبەر ئەوەبوو بە پێچەوانەی ڕژێمە تەمەن کورتەکانی پێشخۆی، چەند ڕێ و شوێنێکی ئابووری پیادە کرد کە یارمەتیدەری بوون لە بەدەستهێنانی پاڵپشتی سەرمایەدارانی دیمەشقدا. بەمەش بنکەیەکی سەرەتایی کۆمەڵایەتی بۆ حوکمڕانییەکەی چەسپاند[٦].

توانای بەشار ئەسەد بۆ هێشتنەوە و پاراستنی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی، یان بەلای کەمەوە بێدەنگکردنی، پەرژینێکی گرنگە دژی بەرهەڵستکاران لەناو توێژی دەستەبژێری سووریدا، لە نێوانیاندا سوپا، هەر ئەمەش لەوانەیە هۆکاری ئەو هەنگاوانەمان بۆ ڕوونبکاتەوە کە بەشار ئەسەد بەرەو کرانەوە و ئازادبوون گرتنیەبەر[٧].

لە ڕاستیدا (ئەگەرچی دەگمەنیشە بە تەنها ئەمە ببێتە هۆی ڕوودانی)، یەکێك لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی دەستێوەردانی سەبازی لە حوکمڕانی سیاسیدا قەیرانە ئابووری و سیاسییەکانن، هاوکات لەگەڵ لە دەستدانی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی بۆ ڕژێمەکە.

کاتێك ناڕازیبوون لە ڕژێمێك بگاتە ئاستی خۆپیشاندانی ئاشكرا، دەرئەنجامەكانی پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەكان پتر دەبنە مایەی نائارامی و ناسەقامیگری. بەرهەڵستكاری دەبێت سەركوتبكرێت، ئەمەش دەسەڵات بە دەستەكان ناچار دەكات كە پشتیان پێ ببەستن(هێزە سەربازییەكان) بۆ پاراستنی پێگەكانیان. ئەم دۆخەش لە كۆتاییدا دەبێتە هۆی تێكچوونی هاوسەنگی هێز بۆ بەرژەوەندی لایەنی سەربازی لە بەرامبەر بڕیاربەدەستە سیاسییەكاندا .

بەم پێیە، لە دوای سەركوتكردنی ئەو نائارامی و ناسەقامگیرییانەی كە هێزەكانی پاراستنی ناوەندی لە میسردا خولقاندییان لەساڵی ١٩٦٨، پێگەی سیاسی وەزیری جەنگ مارشاڵ عبدالحلیم ابو غزاله (بەرزترین ئەفسەری سەربازی لە میسردا) بەشێوەیەكی بەرچاو پتەوبوو[٨].

خۆپشاندانە ئاشكراكان دژی ڕژێمێك دەتوانێت بە چەشنێكی دیكە ناهاوسەنگی بخاتە نێو پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەكانەوە.

هەروەك پێشتر گفتوگۆی لەسەر كرا، ئەم خۆپێشاندانانە دەبنە هۆی تاقیكردنەوەی ئاستی لایەنگیریكردن و دڵسۆزی سوپا بۆ بڕیار بە دەستە سیاسییەكان.

هەرچەندە سەركردەكان پەنا بۆ هێزە چەكدارەكان دەبەن بۆ داپڵۆسینی بەرهەڵستكاری گشتی، بەڵام ئەم كارە بێ مەترسی و باجدان نییە.

یەكێكی دیكە لە تەكنیكە باو پیادەكراوەكان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی پێكهێنانی هاوپەیمانێتییە لە نێو گرووپی كەمینەدا، بە مەبەستی خولقاندنی بەرژەوەندییە كەسی و تایبەتییەكان بۆ درێژەدان بە ژیانی ڕژێمەكە.

بەتایبەتی ئەگەر ئەو كەسانەی سەر بە كەمینەن بەشداربن لە چالاكییەكانی سەركوتكردن و داپڵۆسیندا بۆ بەرژەوەندی ڕژێمەكە یاخود ببنە ئامانجی



تۆڵەسەندنەوە بەهۆی ئەو پلە و پایە و سەروەت و سامانەی پێیاندراوە. گرووپە كەمینەكان بەهۆی ئەو بەرژەوەندییانەی لە سایەی ڕژێمەكەدا بۆیان دابیندەكرێت پارێزگاری لە بارودۆخی هەنووكەیی دەكەن. كەواتە دەبنە هاوپەیمانی باوەڕپێكراو و متمانەپێكراوی دەسەڵاتی سیاسی.

لە ڕۆژگاری حوكمڕانیكردنی بەعس لە عێراقدا، هۆزەكانی كەمینەی سوننە كە لە دەوربەری گوند و شارۆچكەكانی ناوەندا نیشتەجێ ببوون، پۆستە گرنگەكانی ڕژێمەكەیان بەدەستەوە بوو.

بەهەمان شێوە ڕۆڵی لایەنگیری كردنی مەزهەبی لە سوریا ڕاستییەكی نكۆڵی لێنەكراوە، كە زۆرێك لە پێگە گرنگەكان، لە نێویاندا پێگە باڵاكان لەناو سوپادا، بەدەستی ئەندامانی كۆمەڵەی عەلەوییەكانەوەیە، ئەو مەزهەبە ئایینییەی بنەماڵەی ئەسەدی لێوە سەرچاوە گرتووە[٩].

لە ئوردەن، خێزانە بەدەوییەكان كە لە كەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردن نیشتەجێن، بوونەتە پاڵپشتی ڕژێمەكە[١٠]، پشتیوانی كردنی بەردەوامی ئەم خێزانانە لە بنەماڵەی هاشمییەت یەكجار بایەخدارە.

كوڕانی ئەم خێزانە باڵادەستانە پایە بەرزەكانی سوپا و دەزگا مەدەنییەكانییان بە دەستەوەیە. لە ڕاستیدا ڕژێمی پاشایەتی هەوڵیداوە تا هەر خێزانێكی بەدەوی بەلای كەمەوە ئەندامێكی لە سوپادا خزمەت بكات[١١].

## خزمەتكردنی دامەزراوەی سەربازی

هەروەها سەركردەكان دەیانەوێ بەرژەوەندی تایبەتی و كەسی لەناو سوپادا دروستكەن. ئەمەش ڕەچاوكردن و جێبەجێكردنی داخوازییە هاوبەشەكانی دەزگای سوپا و بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی ئەفسەر پایە بەرزەكانی دەگرێتەوە.

داخوازیە هاوبەشەکان شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرن، هەر لە چاوپۆشیکردن لەو هەڵانەی لە بودجەی سەبازیدا ڕوودەدات، تا پەیوەستبوون بەوەگەڕختنی سەرمایە لە پێناو بەدەستهێنانی سیستمی ئەو چەکانی تەکنەلۆجیای بەرزیان دەوێت، تا تەرخانکردنی بودجە سەربازییە گەورەکان. سەرکردە سیاسییەکان بە چەندین شێوە بەرژەوەندییە کەسی و تایبەتییەکانی بەرپرسە سەربازییەکان ڕەچاو دەکەن. لە نێویاندا چاوپۆشیکردن لە گەندەڵی لەنێو هێزە چەکدارەکاندا.

بۆ نموونە، لە سوپای سوریادا، ئەو ئەفسەرانەی لە خاکی لوبناندا بڵاوکرابوونەوە سوودمەندبوون لە بەڕێوەبردنی تۆڕەکانی قاچاخچێتی و بازرگانی نایاسایی و چالاکییەکانی بازاڕی ڕەش، هەروەك ئەفسەرە میسرییەکان سوودیان لە چالاکییەکانی بازرگانی نایاسایی وەرگرت لە کاتی شەڕی ناوخوی یەمەنیدا (١٩٦٢-١٩٦٧)[١٢].

لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکاندا تێوەگلانی سوپای میسری لە چالاکییە بازرگانییەکاندا، بەهێز و پتەوبوو، کە چەندین هەل و دەرفەتی بۆ سوود وەرگرتنی تایبەتی دروستکرد بۆ ئەو ئەفسەرانەی پڕۆژە کشتۆکاڵی، پیشەسازی، خزمەتگوزارییە چاودێرینەکراوەکانیان بەڕێوەدەبرد.

لە کۆتاییدا، ئەفسەرە پایە بەرزەکان لە چەند لایەنێکی دیکەوە سوودمەندن وەك مووچەی باشتر، چاودێری پزیشکی، خەرجی سەفەر و هاتوچۆکردن، شوێنی نیشتەجێبوون، بەخشینیان لە باجەکانی ئەو کەل و پەلانەی بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی خۆیان دەیهێنن، کە ئەمانە هیچی بۆ بەرپرس و ئەفسەرانی پلە نزم نەڕەخساوە و دابین نەکراوە.



## دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ

بڵاوبوونەوە گەورە بوونی قەوارەی دەزگا ئاسایشەکانی ناوخۆ بووەتە ڕوخسار و سیمای دیار و هابەشی دەوڵەتە عەرەبییەکان. ئەم قەوارانە شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرن، لە نێوانیاندا دەزگا سەربەخۆکان و یەکە تایبەتمەندەکان.

سەرکردەکانی ئەم دەزگایانە سەر بە کۆمەڵێك خێڵ و بنەماڵەی دیاریکراون، بۆ نموونە، لە عێراق و سوریادا، کەس و کار و ئەندامانی خێڵە هاوپەیمانەکانی ڕژێمەکە بە بەردەوامی بەرپرسیارێتی ئەم قەوارانە دەگرنەدەست[٣١].

زۆربەی ڕژێمەکان چەندان، ئەگەر نەڵێین دەیان، قەوارەی ئاسایش و هەواڵگرییان هەیە، کە ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی تەم و مژاوی لە یەکدی جیاوازە.

ئەم قەوارانە چەند ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن بۆ پاراستنی ئاسایشی ڕژێمەکانیان، لەوانە:

**چاودێریکردن:** ئەم قەوارانە کۆمەڵگەی مەدەنی دەخەنە چاودێرییەوە و ڕاپۆرت لەسەر ئەو جموجۆڵانە دەدەن کە ئەگەی ئەوەیان لێدەکرێت ببنە سەرچاوەی بەرهەڵستکاری.

لە ڕاستیدا، بڵاوبوونەوەی ئەم قەوارانە و هاندانی ململانێی توند و سەخت لە نێوانیاندا دەبێتە کاریگەرترین و کاراترین پارێزگاری لە دژی گەشەسەندنی جموجۆڵە بەرهەڵستکارییەکان.

ئەم قەوارانە هۆکار و پاڵنەری بە هێزیان هەیە بۆ سیخوڕیکردن بە سەر یەکدییەوە، ئەمەش دەرفەتەکانی گەیشتنی زانیارییەکان بە بەرپرسەکانی سەرەوە زیاد دەکات. زۆری ژمارەکانیشیان دەبنە بەربەست لە بەردەم پیلانگێری دژ بە ڕژێمەکە.

**ڕاگرتنی هاوسەنگی:** ئەم قەوارانە دەبنە پارسەنگ لە بەرامبەر هێزە چەکدارە تەقلیدییەکاندا، ئەم قەوارانە سەرەڕای ئەنجامدانی ئەرکەکانی پاراستنی ئاسایشی ڕژێمەکانیان، ڕەگەزێکی بەهێز و دەستڕۆیشتووشن.

هەروەها سەرکردە سیاسییەکان دەتوانن ئەم قەوارانە بەکاربهێنن بۆ هاوسەنگکردنی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی دامەزراوەی سەربازی و سەرکردەکانیان.

**بەرگریکردن:** ئەم قەوارانە بە شێوەیەکی بەردەوام پەنایان بۆ دەبردرێت بۆ سەرکوتکردنی نائارامییە کۆمەڵایەتییەکان.

هەورەها لە کاتی ڕوودانی کودەتای سیاسییدا دەبنە قەڵغان بۆ پاراستنی ڕژێمەکە. کەواتە ئەم قەوارانە هێزگەلی بڕوا پێکراو و پاڵپشتن کە بۆ بەرگریکردن و پاراستنی ڕژێمەکە کاردەکەن.

بڵاوبوونەوەی بەرچاوی قەوارەکانی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی لە دیارترین سیماکانی حکومەتە دەسەڵاتخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن.

داهاتەکان، ئامرازەکان و ئەو ڕێگە و شێوازانەی ئەم قەوارانە دەیگرنە بەر باڵادەستیان دەکەن بۆ لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکێشانی بەرهەڵستکاران و ڕێگرتن لە ڕوودانی کودەتا. هەروەها بەربەست و ئاستەنگە تەکنیکییەکان بۆ نەخشە کێشانی نهێنی زیاد دەکەن.

سروشتی ململانێ ئامێزی پەیوەندییەکانیان کۆسپ دەخاتە بەردەم پێکهێنانی جموجۆڵی بەرهەڵستکاری یەکگرتوو و کاریگەر لەناو ڕژێمەکەدا.

## ستراتژییەتی هەبوونی دوو سوپا

بەدەر لە دروستکردنی دەزگا سەربەخۆکان و داتاشینی یەکەی تایبەتمەند لە هێزە تەقلیدییەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ، لە هەندێ حاڵەتدا دەوڵەتەکان پەرەیان بە ستراتیژییەی هەبوونی دوو سوپا داوە کە هەڵگری خەسڵەتەکانی سوپا بن بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەگەڵ هێزە چەکدارەکاندا[١٣]. بۆ نموونە، لە ساڵانی هەشتا و نەتەوەکاندا هێزەکانی پاسەوانی کۆماری لە هێزێکی بچووکی پاراستنی ڕژێمەوە گەشەیان کرد بۆ هێزێکی زەمینی قەوارە گەورە.



لە عێراقدا شەش فیرقەی پاسەوانی کۆماری (سێیانیان زرێپۆش، یەکێکیان میکانیکی، ودووانیان پیادە) هەبوون کە نزیکەی یەك لەسەر سێی قەوارەی سوپای تەقلیدی دەبوون، هەورەها خاوەنی کەلوپەلی پێشکەوتوو و لێهاتوویی و شارەزایی مرۆیی ئەوتۆ بوون کە زاڵی دەکردن بەسەر سوپای تەقلیدیدا[١٤].

عەرەبستانی سعودی بە هەمان شێوە دوو باڵی سەربازی هەیە، پاسەوانی نیشتمانی: ئەمڕۆ پاسەوانی نیشتمانی نزیکەی هەمان قەوارەی سوپای ڕێکخراوی هەیە (سێ لیوای میکانیکی زرێپۆش، پێنج لیوای پیادە) کە خودی سوپا خۆی لە (سێ لیوای زرێپۆش، پێنج لیوای میکانیکی، یەك لیوای هێزی ئاسمانی) پێکهاتووە[١٥].

لە ئێرانیشدا، فەیلەقی پاسەوانی شۆڕشی ئیسلامی دروستکراو بۆ بەگریکردن لە شۆڕش لەبەرامبەر ئەو هێزانەی دژ بەو گۆڕانانە بوون کە ئەم شۆڕشە هێنابوونیە ئاراوە، لە نێوانیاندا هێزە چەکدارە ڕێکخراوەکان (نیزامییەکان).

هەر لە ڕۆژانی سەرەتاوە ئەم هێزە نیمچە سەربازییە گۆڕاو گەشەیکرد بۆ هێزێکی سەربازی کە لە قەوارە و هێزدا ململانێی لەگەڵ هێزە چەکدارەکاندا دەکرد.

ئەم دۆخە (بوونی دوو سوپا لە وڵاتێکدا) چەند ڕواڵەتێکی ڕوون و بەرچاوی هەیە. **یەکەم**، ئەم هێزانە خاوەنی بونیادێکی فەرماندەیی ڕونن .لە عێراقدا، پاسەوانی کۆماریی بەرپرسیارێتیەکی ڕاستەوخۆی هەبوو لە بەرامبەر کۆشکی سەرۆکایەتییدا و لە لایەن کوڕەکەی سەدامەوە (قوسەی) سەرپەشتی دەکرا[١٦].

لە ئێران، فەیلەقی پاسەوانی شۆڕشی ئیسلامی و سوپای ڕێکخراو لە ڕووی جلەوگیری و فەرمان وەرگرتنەوە بە دەسەڵاتە باڵاکانەوە پەیوەستن[١٧].

لە عەرەبستانی سعودی، سوپا و پاسەوانی نیشتمانی لە ژێر ڕکێفی چەند پاشایەکدان، کە شا عەبداللە سەرکردەی پاسەوانی نیشتمانییە.

دووەم: ئەم ستراتیژییەتە ئەوە دەخوازێت کە دەستەی سەرکردایەتیکردنی ئەم سوپایانە لەو بەرپرسە سیاسییانە پێکبهێنرێن کە دڵسۆزن و سەر بە ڕژێمەکەن.لە عێراق و سعودیە بە شێوەیەکی چڕوپڕ جەخت لە پابەندبوونی خێڵ دەکرێتەوە لە دەستنیشانکردنی پۆستە باڵاکاندا، پاسەوانی نیشتمانی هەمیشە وەك (هێزێکی خێڵەکی) ئاماژەی بۆ دەکرێت کە لە لایەن خزمە نزیك و دڵسۆزەکانی بنەماڵەی سعودەوە بەڕێوەدەبرێن[١٨].

سێیەم: ئەم سوپایانە بە شێوەیەك دابەشکراون و بڵاوکرانەتەوە کە ببێتە هۆی پاراستنی ئاسایشی ڕژێمەکە بەم شێوەیە لەناو پاسەوانی نیشتمانی سعودییەدا، هێزە خێڵەکییەکان دابەشکراون بەسەر چەند گرووپێکی ئاشکرادا و بە چەشنێك بڵاوکرانەتەوە تا ئاسایش و ئارامی ناوچە ئاوەدان و شارستانییەتە هەستیارەکانی وڵات بپارێزن، بەم شێوەیە ئەم هێزانە وەك بەربەست کاردەکەن لە ڕێی کۆنترۆڵکردنی ناوەندەکانی نیشتەجێبوون و دام ودەزگاکان لە کاتی ڕوودانی کودەتادا[١٩].

لە عێراقدا، یەکەکانی پاسەوانی کۆماری لەناو بەغدا و دەوروبەری، لە سەربازگەکان و لە نزیك خاڵ و مەڵبەندە ستراتیژییەکانی شارەکە دا بڵاوکرانەوە[٢٠].

## قەبارە

قەبارەی هەڵئاوساوی زۆرێك لە سوپاکان لە ناوچەکەدا بۆی هەیە ببێتە مایەی بەهێزکردنی زاڵبوونی سیاسی. میسر و سوریا هەردووکیان هێزێکی ئەوەندە گەورەیان هێشتووتەوە کە ناتوانن بە شێوەیەکی کاریگەرانە مەشقیان پێبکەن و بۆ دابینکردنی دارایی پێویستیش بۆ بەڕێوبردنییان دووچاری گیروگرفتی سەخت بونەتەوە[٢١].



بەڵام هێشتا سوودێکی زۆر لە ڕاگرتن و هێشتنەوەی سوپایەکی زەبەللاحدا بەدی دەکرێت، لەبەر ئەوەی دابڕین و خولقاندنی ململانێ لە نێوان یەکە لاوەکییەکاندا ڕێگر دەبێت لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی تۆکمە لە دژی ڕژێمەکە.

هەورەها ئاستەنگە و لەمپەری تەکنیکی دروست دەکات بۆ نەخشەکێشانی نهێنی بۆ ئەنجامدانی کودەتا، بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی ئەنجامدانی کودەتا چالاکی هێنانە ڕیزی تۆڕێك لە یەکە بنچینەییەکانی سوپا دەخوازێت بۆ گەیشتن و جوڵەکردن بۆ بەدەستهێنانی سەرکردایەتی سیاسی ودەست بەسەرداگرتنی هەموو سیستەمە بنەڕەتییەکانی پەیوەندیکردن و خاڵە ستراتیژییەکان لەناو پایتەختدا.

بۆ نموونە، سیزەر سەرنجی ئەوە دەدات (قەبارە و ئاڵۆزی سوپای سوری بڵاوکردنەوەی هێزی بۆ گۆڕینی ڕوخسای ڕژێمەکە کردۆتە کارێکی مەحاڵ، یان بەلای کەمەوە کارێکی تا دوا ڕادە سەخت و ئاڵۆز)[٢٢].

## تاکتیکە دەزگاییەکان

سەرکردەکان چەند ڕێ و شوێنێکی دەزگایی جۆراوجۆر دەگرنە بەر بۆ پووچەڵکردنەوەی هەر بەرهەڵستکاریکردنێك لە لایەن هێزە چەکدارەکانەوە کە بۆی هەیە ببێتە هەڕەشە و مەترسی لەسەر پێگەکانیان.

ئەم خۆسازدانە تەکنیکییانە یارمەتی دڵنیابوون دەدات لە دڵسۆزی و لایەنگیری سیاسی ئەو تاقم و دەستانەی پێگەی هەستیاریان لە هێزە چەکدارەکاندا داگیرکردووە، بە تایبەتی ئەوانەی توانای گەیشتن و زاڵبوونیان بەسەر ئەو یەکە سەربازییانە دا هەیە کە دەتوانن ڕۆڵێکی سەرەکی ببینن لە ئەنجامدانی کودەتای سیاسیدا.

لەوە زیاتر، ئەم تەکنیکانە چاودێریکردن و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی چالاکییەکانی هێزە چەکدارەکان و ئەو دەستە و تاقمانەی بەڕێوەیان دەبەن ئاسان

دەکەن، لەناو باوترین ئەو تەکنیکە دەزگاییانەی پەیڕەودەکرێت بەرزکردنەوەی پلەی ئەو کەسانەیە کە پابەندبوونێکی دەمارگیرانەیان هەیە لە پەیوەندیدا بە شایستە بوون بۆ دامەزراندن و دانانی پرۆسە و پێوەرەکانی بەخشینی پلە بە ئەفسەران. سەرکردەکان هەوڵی پێگەیاندن و پەرەپێدانی توانای ئەو تاکە کەسانە دەدەن کە وەفادار و دڵسۆزن بۆ ڕژێمەکە .لەو سوپایانەی کە ئەنجامدانی دوو ئەرکیان لە ئەستۆدایە بە زۆری جێگۆڕکێ بەو ئەفسەرانە دەکرێت کە پۆستە بنچینەییەکانیان بە دەستەوەیە بۆ ڕێگە گرتنییان لە پێکهێنانی دەستە و تاقمی تایبەت بە خۆیان، یاخود جێگیربوونیان و ڕەگدانانیان لە کاتی دڵنیابوون لە وەفا و لایەنگیریان، هەندێ جار سەرکردە سیاسییەکان هەڵدەستن بە پرۆسەی پاکسازیکردن لە ڕێی دەرکردنی چەندین بەرپرسی سەربازی پایە بەرز، یاخود پاکتاوکردنی جەستەیی، بەتایبەتی ئەگەر چەند کەرتێکی بەرفراوان لە ئەفسەران هەڵسوکەوتیان جێی گومان بێت لە چاوی سەرکردایەتییە سیاسییەکانەوە.

هەورەها ڕژێمەکان لە پێناو پتەکردنی دەسەڵاتەکانییان ڕێی و شوێنەکانی پاراستنی ڕژێم بە زنجیرەی سەرکردایەتییەوە دەبەستنەوە تاوەکو جم وجوڵ و چالاکییە سەربازییەکان بخەنە ژێر چاودێرییەوە.

ئەفسەرانی دەرەوەی زنجیرەی ڕەسمی سەرکردایەتیکردن، کە لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسیدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە، بۆی هەیە سەرکردایەتییەکی چاودێرینەکراوو سەربەخۆ پێکبهێنن.

هەندێ جار ئەمە سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی دوو ناوەندی بڕیار و سەرکردایەتیکردن یاخود سەرکردایەتی سێبەر کە لەگەڵ زنجیرە ڕەسمیەکەی سەرکردایەتیکردندا بەیەکدا دەچن و ناکۆکی لە نێوانیاندا دروستدەبێت.

ئەم تاکتیکە دەزگاییانە بە چەندین شێوە دەرکەوتن و بەرجەستە بوونیان هەیە، بەڵام لۆجیکێکی هاوبەشیان هەیە: پارێزگاریکردن لە دژی سەرهەڵدانی تاقم و لایەنە بەهێزەکان کە پلە و پایەیان بە دەستەوەیە لەوەی بە کردارێك هەست دژی رژێمەکە.



شکستی تەواوی کودەتاکان لە ساڵانی حەفتاکانەوە لە هەندێ وڵاتی وەك میسر، عێراق و سوریادا سەلمێنەر و گەواهیدەری سەرکەوتویی و کارایی تاکتیکە دەزگاییەکانن. ئەو نەخشانەی بۆ کودەتاش داڕێژران لەم ڕژێمانەدا هەر زوو پووچەڵکرانەوە تەنانەت پێش ئەوەی تانکەکان بە پایتەختدا بڵاوبکرێنەوە.

## پاڵنەرەکانی سەرکردە

شیکردنەوەی ئەو ستراتیژ و تاکتیکانەی سەرکردەکان دەیگرنەبەر بۆ ڕاگرتن و پاراستنی زاڵبوونی سیاسیان بەسەر سوپاکانیانەوە تیشکی تێڕوانین دەخاتە سەر لۆژیکی ناوەکی ئیشکردنی ئەم ڕژێمانە.

ئەم ستراتیژ و تاکتیکانە ئەو کارە پێویست و هەنووکەییانە زەقدەکەنەوە کە سەرکردەکان بۆ پاراستنی هێز و دەسەڵاتیان دەبێت ئەنجامی بدەن. یەکەم، سەرکردەکان درك بە ناجەماوەری بوونی سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانییان دەکەن و هەست بە مەترسی گرژی و ئاڵۆزییە ناوچەییەکان دەکەن کە هەڕەشەن لەسەر وروژاندنی نارەزاییەتی ناوخۆیی و جموجۆڵە بەرهەڵستکارییەکان.هاوڵاتییە ئاساییەکان خۆیان لە خۆیان دا هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆنیین بۆ سەر پێگەو دەسەڵاتی ئەم سەرکردانە، بەڵکو مەترسییەکە لە هەڵوەشاندنەوەی بنکە کۆمەڵایەتییەکەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم بنکەیە هاوسەنگی سەنگ و دەستڕۆیشتوویی سەربازی ڕادەگرێت.

بەرهەڵستکاری بەربڵاو، بەتایبەتی کاتێك لە شێوەی خۆپیشاندانی ئاشکرا و یاخبوون لە دەسەڵاتی سیاسی گوزارشت لە خۆی دەکات، وەفا و لایەنگیری و دڵسۆزی بەرپرسە سەربازییەکان دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەوە، کە بۆی هەیە لەم ساتەوەختانەدا ئەم بەرپرسە سەربازییانە خۆشیان باوەڕ و متمانەیان بە سیاسەتەکانی ڕژێمەکە نەمێنێت و چیتر بەرگری لێنەکەن.

بۆ نموونە، لە کاتی گفتوگۆکردندا دەربارەی شۆڕشی ئێرانی، هاشم ئەو دەهێنێتەوە یاد کە چۆن ئەفسەر و بەرپرسە سەربازییەکان شکستیان هێنا لە خۆسازدان وخۆڕێکخستن بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزووتنەوە یاخیبوونەی کە مەرجەعیەت پاڵپشتی لێدەکرد و دوو دڵ بوون لە بەکارهێنانی چەك دژ بە هاولاتییە ئاساییەکان کە ڕێگەی بۆ سەرکەوتنی شۆڕش خۆشکرد[٢٣].

دووەم، دەبێت سەرکردەکان سەرچاوەکانی داهات بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە ئەویش بە مەبەستی ڕازیکردنی ئەفسەران و دامەزراوەی سەربازی لە ڕێی دابینکردن و هێنانەدی بەرژەوەندییە تایبەتی و هاوبەشەکانیان، ئەم بارودۆخەش سەرکردەکان دەخاتە ژێر فشارگەلێکی زۆرەوە لەبەر ئەوەی لە دۆخێکی لەم چەشنەدا پاراستنی دەسەلاتی سیاسی  دابینکردن وهێنانەدی ئەم بەرژەوەندییانە دەخوازێت.

بۆ بەشار ئەسەد، هەر کەرتبوون و لێکترازانێکی بەرچاو لە نێو دەستە و بەرپرسە سەربازییەکاندا بەهۆی ناکۆکی لەسەر داگیرکردنی لوبنان بۆی هەیە هەر کشانەوەیەکی سوپای سوری لە خاکی لوبنان لە ئایندەدا ئالۆز بکات[٢٤].

هەر لەبەر هەمان ئەو هۆکارانە، سەرکردەکان پەرۆشییەکی سیاسی نکۆڵی لێنەکراویان هەیە بۆ کڕینی چەکی پێشکەوتوو و تەکنەلۆژیای سەربازی نوێ.

سێیەم، لە پێناو درێژەدان بەم زاڵبوون و باڵادەستییە سیاسییە دەبێت هەموو بڕیارە بیرۆکراتییەکان دەربارەی قەبارەی سوپا و چەندێتی خەرجییەکان بۆ بواری سەربازی بەپێی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنە سیاسییەکان وەربگیرێن، ئەو کاتانەی خەرجییەکان بۆ مەبەستی بەرەو پێشبردن و چاکسازی کردن تەرخان دەکرێن. ئەو چاکسازییانەی دەبنە هەڕەشە بۆ سەر دەستکەوت و بەرژەوەندی سەرکردە سەربازییەکان و بونیادەکانی ڕێکخستنی زاڵبوونی سیاسی ڕووبەڕووی ئاستەنگی بێ شومار و دەبنەوە.



گۆڕانکاری ڕاستەقینە لەم ناوچەیەداسنوری باشترکردنی پتری  بەڕێوەبردن و پابەندبوون ڕاستەقینەی سیاسییەکان بە چاکسازییەوە تێدەپەڕێنێت، گۆڕانکاری ڕاستەقینە دەبێت ئاڵ و گۆڕێکی ڕیشەیی و تەواو هەیە بە سەر ئەم ڕژێمانە و سیاسەتە سەرکوتکارییەکانییان دا بهێنێت  کە ئەم ڕژێمانە بە هۆی ئەم سیاسەتە سەرکوتکارییانەوە درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن.

## زاڵبوونی سیاسی و سەنگی سەربازی

پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان ڕەنگدانەوەیان لەسەر سەقامگیری ڕژێمەکە هەیە، هەروەها ڕەنگدانەوەیان لەسەر سەنگی سەربازی ڕژێمەکەش دەبێت.

ئەو ستراتیژ و تاکتیکانەی بۆ بەردەوامی دان بە زاڵبوونی سیاسی بەسەر دەزگای سەربازییدا پیادەکران، بەتایبەتی تاکتیکە دەزگاییەکان، بووە هۆی لە دەستدانی هێز و توانا سەربازییەکان. ئەم ستراتیژ و تاکتیکانە تواناکانی  ئەم دەوڵەتانەیان بۆ گۆڕینی  هێزە مرۆیی و تفاقە سەربازییەکانییان بۆ هێزی شەڕکەری ڕاستەقینە بێئەندازە لاوازکرد[٢٥].

کەواتە هەستانی دەزگای سەربازی بە ئەنجامدانی دوو ئەرك تەنگەژەیەکی هەستیار بۆ سەرکردەکان دروست دەکات: ڕێ و شوێنەکانی زاڵبوونی سیاسی دژ و پێچەوانەن لەگەڵ بنەماکانی بوونی دەزگایەکی سەربازی لێهاتوو شایستە و موحتەریف(پیشەوەر)[٢٦].

ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ئەم دووجەمسەرە پێچەوانەیەدا لە سێ بواری هەستیاریدا دەردەکەون: باڵادەستی و زاڵبوون، سەرکردایەتیکردن، هەواڵگری و هەڵسەنگاندنی ستراتیژییانە.

## فەرماندەیی و کۆنترۆڵکردن

هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد زاڵبوونی سیاسی بەهۆی ڕێ و شوێنەکانی باڵادەستی و زاڵبوونەوە مسۆگەر دەکرێت.

لە نێو هێزە عەرەبەکاندا، بەشێوەیەکی گشتی لە نێو هێزە سەربازییە دەسەڵاتخوازەکاندا، مەیلی کۆکردنەوەیەکی چڕی پرۆسەی بڕیارسازی لە دەستی ناوەندا هەیە.

ئەمەش ئەوپەڕی دەسەڵات بۆ سەرکردایەتی سیاسی و سەرکردە متمانەپێکراوەکان دەستەبەر دەکات بەسەر ئەو چالاکیانەدا کە سەرپەرشتی دەکەن.

لە کاتێکدا وادێتە بەرچاو هۆکارە سیاسییەکان پاساوی ئەم کارە بدەن، بەڵام شکستهێنان لە بە نامەرکەزیکردنی کردەکان ڕێگە لە ڕوونی، و گونجان، وەڵامدانەوەی کێشە و پێویستییەکان دەگرێت لەلایەن ڕێ و شوێنەکانی باڵادەستی و زاڵبوونەوە.

کردارەکانی عێراق لە قۆناغە سەرەتاییەکانی جەنگی عێراق — ئێراندا بەرجەستەکەری زەقترین نموونەی ئەم جووڵە و بزاوتەن.

سەددام حوسێن دەسەڵاتێکی خنکێنەری بەسەر زنجیرەی سەرکردایەتیدا بەدەستهێنا، لە زۆر حاڵەتدا ڕاستەوخۆ خۆی سەرپەرشتی کردارەکانی دەکرد. سەرەڕای نەبوونی هیچ ئەزموونێکی ڕاستەقینەی سەربازی. بە گشتی ئەو سوپایانەی دوو ئەرك ئەنجام دەدەن، ئەفسەرەکان لە گۆڕەپانی جەنگدا سەربەستییەکی کەمیان دەدرێتی و دەبێت بە بەردەوامی پرس و ڕا لەگەڵ بەرپرسەکانی بەرەی هێڵی پشتەوە بکەن.

بەو پێیە، چڕکردنەوەی سەرکردایەتی لە چەند دەستێکی کەمدا هاوکاتە لەگەڵ لاوازکردنی زنجیرەی بەرپرسیارێتی ناو دامەزراوەکە (دامەزراوەی سەربازی).



هەروەك یەکێك لە ئەفسەرە سەربازییەکانی ڕۆژئاوا کە نێردرابوو بۆ ناوچەکە جارێکیان بەم شێوەیە بونیادی سەرکردایەتی میسری وەسفکرد (هەرەمێك بەسەر لوتکەی باڵەخانەیەکەوە)[٢٧].

سەرەڕای چڕکردنەوەی دەسەڵاتی سەرکردایەتیکردن، سەرکردەکانی سێبەر بە هەمان شێوەی ئەو ڕێبازانە بۆ زاڵبوون پەیڕەو دەکەن کە لە سیستەمە کۆمۆنیستەکاندا باوبوون، ئەم ڕێبازانەش کارایی و سەنگی سەربازی کەمدەکەنەوە.

بەم چەشنە، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی جەنگی عێراق — ئێراندا کادیرەکانی حیزبی بەعس بە وریاییەوە چاودێری چالاکییەکانی سوپایان دەکرد[٢٨]، بەرپرسە حیزبییەکان بەردەوامبوون لە دەستێوەردان لە کاروبارە سەربازییەکاندا[٢٩].

لە سوریا، نوێنەرە عەلەوییەکان دابەشکراون بەسەر ئەو یەکانەدا کە لە ژێر سەرکردایەتی ئەفسەرە سونیەکان دان[٣٠] وە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ بارەگای سەرەکی فەرماندەییدا هەیە.

لە ئێران، دانانی نوێنەری تایبەتی سەرکردە ئاینییە باڵاکانی وڵات لەناو سەرکردە سەربازییە سەرەکییەکان دا ئاسانکاری دەکات بۆ مەرجەعیەت تا بەرپرسیارێتی هێزە چەکدارەکان بخەنە ژێر هەژموون و ڕکێفی خۆیانەوە[٣١].

پەیڕەوکردنی ئەو شێوازانەی باڵادەستی و زاڵبوون لە سێ لایەنەوە سەنگ و قورسایی سەربازی دەخاتە بەردەم هەڕەشەوە.

یەکەم، کاریگەر دەبن لەسەر توانای ئەم دامەزراوە سەربازییانە بۆ سوود وەرگرتن لەو هەل و دەرفەتانەی لە بەرەی شەڕدا دەڕەخسێن، لەبەر ئەوەی ڕێگەپێدان و ڕێنمایی لە بارەگای سەرەکی فەرماندەییەوە دەرنەگ دەکات.

بۆ نموونە، لە دووەم ڕۆژی جەنگی ساڵی ١٩٨٢ لە لوبنان، حافز ئەسەد لە بری ئەوەی پشت بە سەرکردە ناوچەیەکان ببەسێت و متمانەیان پێبکات جێگرەکەی خۆی( جەنەڕاڵ عەلی ئەسلان) کە بەرپرسی دەستەی بەڕێوەبردنی پرۆسە سەربازییەکان بوو، لە دیمەشقەوە بۆ لوبنان ڕەوانەکرد بۆ هەڵسەنگاندنی باوردۆخە سەربازییەکە، (ئینستاد) دەرەئەنجامی ئەو دەکات کە حافز ئەسەد بەو ڕەفتارەی ((کاتێکی بەنرخی بە فیڕۆدا و ڕێگای گرت لە ئەگەری وەڵامدانەوەی گونجاوی ئەو ڕووداوانەی بەخێرای ڕوویان دەدا))[٣٢].

وردتر بڵێین، ئەم سوپایانە لە بارێکی لەرزۆکی بەرنامە بۆ داڕێژراودان بە چەشنێك توانای مانۆڕکردنیان نابێت لە کاتی جەنگدا[٣٣].

مانۆڕکردن پشت بە خێرایی، دەستپێشخەری، و بوونی فەرماندەییەکی نامەرکەزی دەبەستێت. سوپایەك ئەم خەسڵەتانەی تیا نەبێت دەکەوێتە ژێر گوشارێکی سەختەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کردارانە.

دووەم، ڕێ و شوێنەکانی باڵادەستی و زاڵبوون کاردەکەنە سەر هەماهەنگی (تنسیق)ئەم دامەزراوانە هەم لە ناوخۆیان و هەم لە گەڵ دامەزراوەکانی دیکەدا. سەرکردەکانی سێبەر، ململانێ، چەڕکردنەوەی سەرکردایەتی، و دابڕین و لێکجیاکردنەوە، والەم دامەزراوانە دەکات وەك یەکەی ناکۆك و ڕکابەر کاربکەن وە گیانی هەماهەنگیکردنییان تێداسست و لاواز دەکەن.

بۆ نموونە، لە هەردوو وڵاتی ئوردەن و سعودیە سەرەڕای هەوڵ و فشارەکانی ئەمریکا، دامەزراوەکانی سوپا بەشێوەیەکی بەردەوام بە یەکەوە کار ناکەن و پرس و را ئاڵوگۆڕ ناکەن[٣٤].

لەنێو ئەم دامەزراوانەدا دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان سوپا شەڕکەرە جیاوازەکاندا کارێکی زەحمەتە تا جێبەجێبکرێت.



ئەم بەربەرستە بوونیادییانەی بەردەم هەماهەنگیکردن زۆر بە زەقی لە سەروبەندی جەنگی حوزەیرانی عەرەب – ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧ لە سستی و لاوازی بەرگرییە ئاسمانییەکانی میسردا دەرکەوت، کاتێك ناکۆکی درێژخایەنی نێوان هێزی ئاسمانی و هێزی تۆپخانەدا لەسەر ڕێی و شوێنەکانی باڵادەستی و زاڵبوون بۆ بە دەستهێنانی چەکی دژە فڕۆکە و ڕۆکێت بە چارەسەرنەکراوی مایەوە[٣٥].

لە جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١دا، هێزەکانی عێراق توانایەکی سستیان نواند لە بڵاوکردنەوەی تۆپەکانیان بۆ پاڵپشتی کردنی کردارەکانی بەرگریکردن[٣٦].

ئەم ئاستەنگانە لە سەرکردایەتیکردن لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەکنیك و شێوازەکانی جەنگدا ئاسەواری خراپتری لێدەکەوێتەوە نەك باشتر.

زۆرێك لە شیکەرەوەکان هاوڕان کە جەنگی ئەم سەردەمە زیاتر پشت بە هەماهەنگی و هاوکاری یەکەکانی ناو سوپا دەبەستێت، هەورەها بە ئاوێتە بوونی سیستەمە سەرەکییەکانی نێوان هێزە دەریایی و ئاسمانی، و زەمینییەکان. سیستەمەکانی چەکە پێشکەوتووەکان پاڵپشتی دام و دەزگایی و پشتیوانی لۆجستی بەرچاو دەخوازێت لە گۆڕەپانی جەنگدا هەروەها پێویستی بەڕێ و شوێنی ئاڵۆز بەڵام گونجاو و پێشکەوتووی پەیوەندیکردن، وسەرکردایەتیکردن، و زاڵبوون هەیە[٣٧].

لە کۆتاییدا، ڕێ و شوێنەکانی کۆنترۆڵکردن و سەرکردایەتیکردن کە ئەم رژێمانە پەیڕەوی دەکەن بۆی هەیە دەرەئەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە لەسەر سەربەخۆیی کارکردن و دەستپێشخەرییەکە تاکتیکییەکان لە گۆڕەپانی شەڕدا.

سەرکردەکانی یەکە تاکتیکییەکان ناچارن بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت بەسەر پەرشتیارەکانی بەرەکان پشتەوەی شەڕەکە ببەستن و هانبدرێن تا بە شێوەیەکی

سەربەخۆ کار بکەن ئەم چوارچێوانە کە بۆ ڕێکخستنی کاروباری سەربازی دانراون پاداشتی کەسانی ملکەچی دەسەڵات دەکەن.

بۆ نموونە، سەددام حوسێن بە ئاشکرا سزای ئەو ئەفسەرانەی دەدا کە ڕاشکاوانە قسەیان دەکرد[٣٨].

هەر کەسێ دەتوانێ بە ئاسانی ئەوە بێنێتە بەرچاوی کە چۆن ڕەفتارێکی لەم چەشنە دەبێتە هۆی چەسپاندنی پاڵنەری بونیادی ئەو تۆ کە هەر دەستپێشخەرییەکی تاکە کەسی ڕەتدەکرێتەوە لە کاتێکدا ئەم سیستەمە خەڵاتی سەردانەوەدان و ملکەچی بوون دەکات، کە بە درێژایی کات کردارەکانی ئەم ڕێکخراوە ڕەنگدانەوەی ئەم بەهایانەن.

بەدرێژایی کات ئەم پەیڕەوکردنانە بوونەتە مایەی جێگیرکردن و چەسپاندنی کەلتورێکی رێکخستن کە گیانی سەربەخۆ کارکردن و جموجۆڵکردن سست بکات.

## پێشەوایەتیکردن

هەوڵ و کۆششی دەستەبەرکردنی دڵسوزی و لایەنگیری سوپا دەرئەنجام و ڕەنگدانەوەی گرنگ لەسەر لێوەشاوەی و شایستەی ئەفسەرە پایە بەرزەکان جێدەهێڵێت، بەتایبەتی ئەوانەی پلەوپایەی بەرزیان داگیرکردووە.

هەرچەندە بۆی هەیە پێشەوا ئەفسەرێکی دڵسۆز و سەرکردەیەکی لێوەشاوە بێت، بەڵام ئەمە ڕێسا گشتییەکە نییە بەڵکو حاڵەتێکی ناوازەیە و بە کەمی بەرچاو دەکەوێت، ئەو کەسانەی کەسایەتییەکی کاریزمانان نییە —کە رەگەزێکی گرنگە بۆ پێکهێنانی دەستەیەکی دڵسۆزی پاڵپشت- ئەوا کەمتر دەبنە مایەی هەڕەشە و هەڵگەڕانەوە.



لە ساڵی **١٩٩٨**دا ئەفسەرە ڕۆژئاواییەکان ئاماژەیان بەوەدا کە دوای پەراوێزخستنی ئەبو غەزالەی خاوەن کەسایەتی کاریزمی لە ساڵی **١٩٨٩**دا، موبارەك هەڵسا بە دامەزراندنی کەسانی لاواز لە ڕووی کەسایەتییەوە لە پۆستە باڵاکانی بەرپرسیارێتی سەربازیدا، کەمایەی هەڕەشە و مەترسی نەبن[٣٩].

ئەو سەرکردەکانەی خاوەن توانا و شارەزایی نین، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە بڕیاری بەرپرسە شایستەکان دەبەستن بۆ بەرزکردنەوەی پلەکەیان، هەروەها سەروەت و سامانەکەشیان بە مانەوە و بەردەوامبوونی ڕژێمەکەوە پەیوەستە.

بەو پێیە زیاتر ملکەچ دەبن و دەچنە ژێر فەرمانی ئاڕاستە سیاسییەکانەوە. هەرچەندە ئەم واقعە ئارامییەکی سیاسی ساقامگیر دەکات، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگرین کە کەسانی گوێڕایەڵ و ملکەچ نەك هەر توانای هاندان و جۆشدانی ئەفسەر و سەربازانی ژێر دەستیان نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ورە و خۆڕاگری و گیانی بە یەکگرتووی کارکردنییان سست دەکەن و لە ئەنجامدا کاریگەری تەکتیکە پەیڕەوکراوەکان کەم دەکەنەوە.

سەرەڕای ئەوەش هەڵسەنگاندن و چاودێریکردەنی هەڵسوکەوتی بەرپرسانەی دادەمەزرێن و ئاڵوگۆڕپێکردنیان بۆ بەرگرتن لە هەر یاخیبوون و بەرهەڵستکارییەکەی سەربازی سەنگ و کاریگەی سوپا سست و لاواز دەکات.

ئەو سەرکردانە زۆر بەخێرایی و دەست و برد لە بەرپرسیارێتی دوور دەخرێتەوە ئەگەر رایەڵی پەیوەندییەکانیان پتەوکرد کە ببێتە هۆی پێکهێنانی یەکەی یەکگرتوویی بەهێز لە گۆڕەپانی شەڕەدا کە ئەمە وەك سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر چارەنوسی ڕژێمەکە لێکدەدرێتەوە.

زیادەڕەویکردن لە هەڵسەنگاندنی گرنگی پێشەوایەتیکردنی بەهێز و کاریگەرییە خراپەکانی پێشەواتیکردنی لاواز لەسەر سەنگ و قورسایی سەربازی سوپا

کارێکی زەحمەت و نەکردەنی نییە لەبەر ئەوەی کاریگەرییەکان ڕوون و ئاشکران لەسەر جۆر و چۆنیەتی سەرکردەکان لە شەڕدا.

ئەو کارەی تا دوا ڕادە ئاسەوار و کاریگەری کوشندە و خێرایی لێکەوتەوە پلە بەخشین بوو بە کەسانی ملکەچ لە ڕووی سیاسییەوە لە میسر لە ساڵی ١٩٦٧دا، کاتێك ئیسرائیل چەند سەرکردەیەکی لێنەهاتووی فەیلەق و لیواکانی دەست نیشانکرد، لە نێوانیاندا ئەو هاوپەیمانە سیاسییانەی بەرپرس بوون لە بەرزکردنەوەی پلەکانییان[٤٠].

بە هەمان شێوە کەسانی ملکەچ و گوێڕایەڵ پۆستە باڵاکانی سەرکردایەتییان لە سوپای عێراقیدا داگیرکردبوو لە کاتی قۆناغە سەرەتاییەکانی شەڕ نێوان عێراق و ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)، لە نێوانیاندا هێرشکردنە سەر ئێران لە ساڵی ١٩٨٠دا(کە ئەم فەرماندە لاواز و ملکەچانە سەرکردایەتییان کرد)، تا بەو زەرەرو زیانانە دەگات بە کردار و پەلامارەکانیان گەیشت[٤١].

جیگیرکردنی سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە) دەبێتە مایەی لاوازکردنی گیانی هەماهەنگی لە نێو ئەم دامەزراونە و لە نێوان ئەم دامەزراوانەدا لە ڕێی لاوازکردنی ڕێ و شوێنەکانی هەماهەنگکردن و پەیوەندییە تایبەتی و کەسییەکان لە نێوان سەرکردەکاندا.

## هەواڵگری و زانیاری

ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکان بۆ ئەوەی لە مەترسی ڕزگاربن، دەبێت بەرهەڵستکاران بخەنە ژێر چاودێرییەوە.

سنوردارکردن و لەناوبردنی بەرهەڵستکاری کۆکردنەوەی زانیاری سوودەمەند دەخوازێت دەربارەی چالاکییە نهێنی و ئاشکراکانی تاك و گرووپە بەرهەڵستکارەکان، کە دژایەتی ڕژێم و سیاسەتەکانی دەکەن.



سەرکردەکان لە ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکاندا هەوڵ و کۆششی تەواو دەخەنە گەڕ بۆ چاودێریکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتییە و سیاسییەکان. هەروەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێیدا، بڵاوبوونەوەی قەوارە هەواڵگرییەکان و دەزگاکانی ئاسایش دیاردەیەکی باو و بەرچاون.

ئەم قەوارانە ئاسەواری نەخواستراو پێچەوانەیان دەبێت لەسەر هەواڵگری دەرەکی لە ئاستەکانی ستراتیژی، تاکتیکی و ئەنجامدانی ئەرکەکان دا. ئەو داهاتە زۆر و بەرچاوانەی کە دەبێت بۆ چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی توانا سەربازییەکانی وڵاتانی دیکە تەرخان بکرێن، لە بەڕێوەبردن و ئەنجامدانی ئەرکە ناوخۆییەکانی ڕژێمدا بەهەدەر دەڕون.

بۆ نموونە، هەواڵگری هێزی ئاسمانی، قەوارەیەکی دەستڕۆیشتوو و باڵادەست بوو لە سوریای سەردەمی حافز ئەسەددا کە ڕۆڵێکی بنەڕەتی بینی لە چاودێریکردنی جوڵانەوە مەدەنیەکانیدا.

لە دەروبەری ساڵانی شەستەکاندا، هەواڵگری دەرەکی میسری لە ئاستێکی ئەوەندە نزمدا بوو کە سەرکردەی باڵای ئەم هەواڵگرییە زانیاری گرنگ و بنچینەیی نەبوو دەربارەی ئەوەی ئیسرائیل پۆلە فڕۆکەیەکی جۆری میراژی هەیە، ئەمە پێش شەڕی ساڵی ١٩٦٧ و ئامادەسازی نەکردبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو موشەکانەی کە ئەم وڵاتە(ئیسرائیل)هەیبوو کە زەوییان دەبڕی، بە چەشنێك هێڵە ئاسنینەکانی میسریان لە کارخست[٤٢].

دووەم، ڕێ و شوێنەکانی لێکدابڕین و بە مەرکەزیکردنی سەرکردایەتی ئاسۆی ئاڵۆگۆڕکردنی سەرکەوتوانەی زانیاری ئاڵۆزکرد.

لە باشترین باردا، ئەمە بووە هۆی سستکردنی ڕەوتی گەیشتنی زانیارییە گرنگەکان، لە خراپترین حاڵەتیشدا، سەرکردە تاکتیکییەکان و سەرکردەی کردارەکان زانیاری پێویستیان بە دەست ناگات یاخود زانیاری هەڵەیان بۆ دێت.

سوپاکان و دەزگا هەواڵگرییەکانی ناویان، لەبەر ئەوەی هەمیشە نیگەرانی لە دەستنەدانی پێگەکانیانن، ئارەزوومەند نین لە بەشدارییپێکردنی ئەوانی دیکە لەو زانیارانەی دەستیانکەوتوو لە کاتێکدا وەك ڕکابەر لە پێناوی دەستڕۆیشتووی و داهاتەکاندا لە یەك دەڕوانن.

لە هەندێ حاڵەتیشدا زیادەڕەوی دەکرێت و توانا و نیازەکانی دوژمن لە سروشتی ڕاستەقینەی خۆیان گەورەتر دەکرێن، ئەوەی دەکرێت بووترێت ئەوەیە ئەم دۆخە هەمیشە شکستهێنان دەکاتە چارەنووسی پرۆسەکانی هەواڵگری .

گرفتەکە لەوەدایە کە سەرکردە سەربازییەکان ئامادەی ئاشکراکردن و بەخشینی ئەو زانیارییانە نین کە پێگەی سیاسیان لەرزۆك بکات، ئەو زانیارییانەی لەگەڵ تێڕوانین، هەڵسەنگاندن، و خواستەکانی سەرکردایەتی سیاسیدا ناسازێن.

هەواڵی خراپ و تێڕوانییە پێچەوانەکان دەپۆشرێن و پەردەیان لەسەر لانادرێت. هەتا ئەگەر سەرکردە سیاسییەکان لێبوردەبن بەرامبەر هەواڵی خراپ و پەنا نەبەنە بەر سزادانی کەسی گەیەنەر، بەڵام سروشتی ڕێ و شوێن و پێوەرەکانی دامەزراندن دژی بەرزکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتانەن کە زانیاری ڕاست و دروستیان تێدایە، سەرکردە ئەو ئەفسەرانە دادەمەزرێنێت لە پرۆسەی بڕیارسازیدا پێشکەش ناکرێن. ملکەچی و بێ دەنگیرکردن و پۆشینی زانیارییە راست و دروستەکان کاردانەوەیەکی یەکجار قوڵی دەبێت لە ستراتیژیەتی بڕیارسازیدا.

لە ماوەی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا، سەرکردەکانی بەرەی جەنگ دەترسان لە ڕەوانەکردنی هەواڵی خراپ لە ڕێی زنجیرەی سەرکردایەتیکردنەوە، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی ((بارودۆخێك تیایدا بڕیارە ستراتیژییەکانی سەددام حوسەین و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شەڕەکە رووبەڕووی ڕەخنەی ڕاستەقینە نەبوونەوە لە لایەن بەرپرسە سەربازییەکانەوە کە زاتی لە ڕودا ڕاوەستانی دەسەڵاتیان نەبوو))[٤٣].



لە ڕاستیدا، بڕیاری پەلاماردانی ئێران و هەڵگیرساندنی شەڕ لە ساڵی ١٩٨٠دا، لەسەر بنچینەی لێکدانەوەیەکی هەڵە دەربارەی کاردانەوەی ئێران لە بەرامبەر ئەو هێرشە لە بارودۆخێکدا پەسەندکرا تیایدا بەرپرسە ملکەچ و ستایشکەرەکان دوو دڵ بوون لە پرسیارکردن و گومانکردن لە لێکدانەوە و حسابە ستراتیژییەکەی سەددام حوسەین[٤٤]. لە دواییدا سەرۆکی عێراقی دانی بەوە دانا کە هەڵەی کردبوو لە پێشبینیکردنی کاردانەوەی ئێراندا[٤٥].

ئاسەوارە پێچەوانەکانی ستراتیژ و تاکتیکەکانی کۆنترۆڵی سیاسی لەسەر ڕێکخستن و شایستەی بواری سەربازی دیار و بەرچاوە.لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ هۆکار هەن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەم گرفتانە و زەمینە بۆ باشتر بەکارهێنانی داهاتەکان لە لایەن دەوڵەتەوە خۆش دەکات.

## بونیادەکانی سەرکردایەتیکردنی مەرکەزی

بونیادەکانی سەرکردایەتیکردنی مەرکەزی چەند سودێکیان هەیە، دەتوانن پرۆسەی چاکسازیکردنی هەمەلایەنە و گشتگیر لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئاسان بکەن.

سەرکردایەتی سەرکەوتوو هەمیشە هاوشانە لەگەڵ ڕێکخستنی مەرکەزیانەدا. گۆڕینی لوتکەی سەرکردایەتی ڕەنگدانەوە و دەرئەنجامی هەمەلایەنەی لێدەکەوێتەوە لە کاتی ئەنجامدانی ئەم چالاکییانەی خوارەوەدا.

چاکسازیکردنی گشتگیر لە سەرەوە بۆ خوارەوە لە ئەنجامدانی چەند کردارێکدا بەرجەستەدەبن، تیایدا نەخشەدانەران هەڵدەستن بە پێشبینیکردن و ئاراستەکردنی ڕووداوەکان.

ئەمە کلیلی تێگەیشتنی چۆنیەتی خۆڕێکخستنی سوپای میسریمان دەداتێ کە توانیان کەناڵی سوێس ببڕن، پێش هەڵگیرسانی شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣.

هەموو شتێك هەر لە كردارە نەخشە بۆ كێشراوەكان بۆ تاكتیك و مەشقكردنەكان لە ژێر پێشەوایەتی سەركردە میسرییە شارەزا و لێهاتووەكاندا، لە ئاستێكی بەرزدا دارێژران و پەیڕەوكران.

بەهەر حاڵ، هەتا لە كاتی بوونی سەركردە سەركەوتووەكانیشدا، سیستەمەكانی سەركردایەتیكردن كە لە ئاستێكی بەرزی بە مەركەزی بوونیشدان لە زاڵبوون بەسەر پەرەسەندنە چاوەڕەوان نەكراوەكاندا دووچاری گیروگرفت دەبن.

دیسان ئەم خاڵەش لە ئەنجامدانی ئەركەكاندا لە لایەن سوپای میسرییەوە لە شەڕی ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩٧٣دا زۆر بە زەقی دەركەوت. شەڕەكە خاڵی وەرچەرخان بوو، بڕینی هێڵەكانی بەرگری میسری و پەڕینەوە بۆ كەناری ڕۆژئاوای كەناری سوێس لە لایەن ئیسرائیلیەكانەوە، لە ئەنجامی شكستهێنانی ئەفسەر و بەرپرسە پلە نزمەكانەوە بوو لە بوونیادی سەركردایەتی میسریدا.

نوشوستهێنانی ئەفسەرانی شەڕەكەی كەناڵی سوێس لە گەیاندن و ئاڵوگۆڕپێكردنی زانیارییەكان دەربارەی ئەم پێشڕەویكردنەی ئیسرائیلییەكان لەگەڵ سەركردە باڵاكاندا، هەروەها وەڵامی درەنگوەختی میسرییەكان، شكستهێنانی لە پتەوكردنی ڕێ و شوێنەكانی بەرگریكردن و ئامادەسازی بۆ ئەنجامدانی دەستبەجێی دژە هێرش، هەلێك و كەلێنێكی یەكجار لە باری بۆ هێزە ئیسرائیلییەكان دروستكرد.

## تەكنەلۆژیا

بەكارهێنانی تەكنەلۆژیا نوێكان دەبێتە هۆی پڕكردنەوەی هەندێك كەلێن و لاوازی لە بواری چالاكی سەربازیدا[٤٦].



تەكنەلۆژیا نوێكان بۆی هەیە ببنە پارسەنگی كەلێنە ناوخۆییەكانی بونیادەكانی سەركردایەتیكردنی مەركەزی لە پەیوەندییدا بە خێرایی ڕەوتی ئەنجامدانی كردارەكان و وەڵامدانەوەی ڕووداوەكانەوە.

داهێنانە تەكنیكییەكانی بواری كۆمپیوتەر (هاردوێر و سوفتوێر) لە ڕێی كۆكردنەوەی ئەلەكترونیانەی زانیارییەكان و شیكردنەوەیان، دەبێتە هۆی باشتر بەڕێوەبردنی بەرەكانی شەڕ.

ئەم تەكنەلۆژیانە ئاڵوگۆڕی زانیاریەیكان خێراتر دەكەن، دەرفەتی زنجیرەكانی، كردار، كاردانەوە، دژەكردار دەڕەخسێنن، بەو پێیە ئاسانكاری دەكەن تا بەشێوەیەكی كاریگەرانە وسەركەوتووانە لە بەرەكانی پشتەوە سەركردایەتی شەڕەكە بكرێت.

بەدەستهێنانی ئەم سیستەمانە سوودی دەبێت بۆ ئەو سوپایانەی مەركەزی بوون تیایاندا باڵا دەستە، كە تیایدا، سەكردایەتی لەبەر هۆكارە سیاسییەكان لە لوتكەدا چڕكراوەتەوە.

پەیڕەوكردنی پێوەرەكانی سەركردایەتی پێشكەوتوو و سیستەمەكانی كۆنترۆڵكردن دەرمانی هەموو دەردێك نیین. بەكارهێنانی كاریگەرانەی ئەم تەكنۆلۆژیایانە هێشتا پشت بە هۆكارە مرۆییەكان دەبەستن، و ئەم سیستەمانە بە هێزی و لاوازییەكانی فەرماندەییكردن چەند بەرامبەر دەكەن.

سەركردایەتیكردنی مەركەزی توانا و دەسەڵاتێكی بەرچاو بە سەركردە لێهاتووەكانی گۆڕەپانی شەڕ دەبەخشێت.

ئەم سیستەمە بایەخێكی زۆر بە سەركرایەتیكردنی لێهاتوو دەدەن. لە ڕاستیدا، یارمەتی كۆكردنەوە و شیكردنەوەی زانیارییەكان دەدەن بۆ ئەوەی كۆت و گوشاری سەر توانا مرۆییەكان كەم بكەنەوە، بەڵام هێشتا لە كاتی پەیڕەوكردندا،

پێویستیان بە تەکنیکی پێشکەوتووی زیاتر و توانای کارلێککردنی بەردەوام هەیە لەگەڵ سیستەمە جۆراوجۆرە مۆریی و تەکنیکییەکاندا.

کاریگەری و ڕەنگدانەوەی تەکنەلۆژیاکان لەسەر ئەو سوپایانەی لە یەك کاتدا دوو ئەرك ئەنجام دەدەن کەمتر مایەی گەشبینییە.

بۆ نموونە، بڵاوبوونەوەی چەکە وردەکان(وورد لە پێکانی ئامانجدا) کاریگەرییەکی کەمی هەیە لەسەر بەهێزکردنی سەنگی سەربازییان.

سیستەمەکانی کۆنترۆڵکردن و دەستنیشانکردنی چەکە وردەکان، ئەگەر بەلێزەر ئاراستە بکرێن یاخود ئامانجەکان بەپێی دوراییەکان و هێڵەکان دیاری کرابن، زۆر پێشکەوتوون و مەشقکردنی پتر و زیاتر دەخوازێت وەك لە ((مووشەکە تەقلیدییەکان)). سەرکردایەتیکردنی لێنەهاتوو و نەبوونی شیکردنەوەی ورد و هەستیار و مەشقکردنی چڕوپڕ ڕێگە لە ئاوێتەکردن و بەگەڕخستنی ئەم سیستەمانە دەگرێت بەو شێوەیەی کە پێویستە.

سەرەڕای ئەوەش، بەکارهێنانی کاریگەرانەی ئەم چەکە وردانە پشت بە بەکارهێنانی پێگە جیاوازەکانی چەکە ئاگرینەکان و هەماهەنگیکردن دەبەستێت لە نێوان ئەو کردارانەی یەکە شەڕکەرە جیاوازەکان و لقەکانی ناو سوپا پێهەڵدەستن، بەو پێیە، یەکخستن و ڕێکخستنی کردارەکانی هێزە جیاوازەکانی ناو سوپا ئەزموون و شارەزای دەخوازێت، کە ئەمەش مەسەلەیەکی گرفت ئامێزە لە نێو ئەو سوپایانەی بە ئەنجامدانی دوو ئەرك هەڵدەستن(ئەرکی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی و بەرگریکرد لە بەرامبەر هەڕشەی دەرەکیدا). زۆرێك لەو وڵاتانە ناتوانن ئەو پەڕی توانای ئەم کەل و پەلە پێشکەوتووانە بخەنە گەڕ کە بە دەستیان هێناون، لەبەر نەبوونی سەرکردایەتی لێهاتوو شایستە، بەرپرسیاری کارا و شارەزا، ڕێ و شوێنەکانی پاراستنیان، و هەماهەنگی کارایی نێوان سوپاکان و یەکە و بەشە جیاوازەکانی خودیی سوپاکانیش.



لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیەدا، دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەم سەرکردانە تێگەیشتن و تێڕوانینیان بۆ سوود وەرگرتنی تەواو لە تەکنەلۆجیای نوێ و تەکنەلۆژیا زۆر پێشکەوتووەکان لە ئاستێکی نزمدایە.

بەگشتی، چەکە خاوەن تەکنەلۆژیا بەرزەکان سوودێکی کەم و پەراوێزییان هەیە لەبەر ئەوەی پاڵنەری پشت بەدەستهێنانیان پەرۆشی نییە بۆ پڕکردنەوەی کەلینەکان و زاڵبوون بەسەر لاوازییەکانی توانا سەربازییەکاندا.

ئەمە بە شێوەیەکی تایبەتی ڕاستە لە پەیوەندیدا بەو سیستەمە پێشکەوتووە ئاست بەرزەکانی وەك فڕۆکەی شەڕکەری جۆری F١٦ کە ئوردن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی کڕی[٤٧].

لەوانەیە هەوڵی زیادکردنی سەنگی سەربازی بەهۆی سیستەمەکانی چەکە پێشکەوتووەکانەوە بە هۆی بێبەشکردنی سوپای ئوردنییەوە بە دەست بهێنرێت بە هۆی کەمکردنەوەی خەرجی لە بوارە (ورد و سەرەکییەکان)دا هەر لە کڕینی پووت بۆ سەربازانەوە تا دەگاتە پارچە یەدەگەکانی فڕۆکە سەربازییەکان. ڕاستی ئەم حاڵەتە ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوێت کاتێك ئەو ئەرکە گرانە لەبەرچاو بگیرێت کە پاراستنی فڕۆکە شەڕکەرەکان خستوویانەتە سەر بوودجەی سەربازی وڵاتی ئوردن کە بودجەیەکی کەم و سنوردارە.

بەڵام هێشتا، بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی سەرکردە سەربازییەکان، ئارەزوویان بۆ پتەوکردنی پێگە و داهاتەکانیان، پاڵیان پێوە دەنێت بۆ کڕینی ئەو سیستەمە پێشکەوتوو ووردانە. خزمەتکردنی پێداویستی و داخوازییە سەربازییەکان ئەم ئارەزووانە تێردەکات.

لەم ڕووەوە کڕینی فڕۆکەکانی جۆری F١٦ لە لایەن مەلیك حوسەینەوە (کە خۆشی فڕۆکەوان بوو) چەند خزمەتی بە ئامانجە سەربازییەکان کرد ئەوەندەش بە ئامانجە سیاسییەکان.

## تایبەتمەندبوون و دابەشبوونی کار لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی

پەرەسەندنی قەوارە ئاسایشییەکان (ئەمنییەکان) و بەرپرسیار بوونیان لە بەڕێوەبردنی ڕۆژانەی ئەرکی پاراستنی ڕژێم  بۆی هەیە زەمینە بۆ هێز سەربازییە تەقلیدییەکان خۆش بکات بۆ زیاتر سەرقاڵ بوون بە ڕۆڵە دەرەکییەکانەو و ئەنجامدانی ئەرکە ڕاستەقنیە و سروشتیەکەی خۆیان، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاسەوارە خراپەکانی تێوەگلانیان لە کاروبارە ناوخۆییەکانەوە، بۆ نموونە، بەکارهێنانی هێزەکانی پاراستنی ناوەندی میسری وەك سەنگەر و هێڵی پێشەوە لە شەڕکردندا دژی چەکدارە ئیسلامییەکان ڕێگەی بە سوپای میسریدا تا سەرقاڵ بن بە ئەرکی سروشتی خۆیان و ئاراستەی دەرەکی خۆیان بپارێزن.

حافز ئەسەد زۆر پەلە و ڕاستەوخۆ دوای گرتنە دەستی دەسەڵات بە شێوەیەکی ڕەسمی لە ساڵی ١٩٧٠دا هەوڵی دابەشکردنی کاریدا لە نێویان هێزە چەکدارەکاندا.

ئەو سیاسەتێکی دوو سەرەی گرتەبەر بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان کۆنترۆڵ سیاسی و لانەدانی دامەزراوەی سەربازی لە ئەرکە بنەڕەتییەکەی خۆی، لە ڕێی دامەزراندنی کەسانی دڵسۆز و جێی متمانە لە پۆستە باڵاکانی ئەو یەکانەی بەرپرس بوون لە پاراستنی ئاسایشی ڕژێمەکە لەگەڵ گرنگیدان بە لە بەرچاوگرتنی شایستەیی و لێهاتووی لە سوپادا[٤٨].

سەرەڕای کۆششی سەرکردەکان بۆ سنوردارکردنی کەم و کورتییەکانی بواری ڕێکخستن لەناو ئەو سوپایانەی سەرقاڵدەکرێن بە ئەنجامدانی دوو ئەرکەوە لە ڕێی تایبەتمەندکردنی هەر قەوارە و دامەزراوەیەك بە ئەرکی سەرەکی و سروشتی خۆیەوە، ئەوا چەند ئاستەنگێکی ناوخۆی هەیە لە ڕێی ئەم ستراتیژەدا.

مەترسییەکە لەوەدایە ئەو سوپایەی سەقاڵدەکرێت بە ڕۆڵە دەرەکییەکانەوە کەمتر ئارەزووی بەکارهێنانی هێزی دەبێت بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی.



بۆ نموونە، لە میسر کاتێك سوپا ڕازی بوو بەسەرکوتکردنی نارەزایی هێزە ناوخۆییەکان، لە ڕاستیدا زۆر بە دوو دڵی ئەم کارەی کرد، بەتایبەتی هەوڵیدا ئەو پێناسەیەی (موحتەریفون) لە دوای ١٩٧٣وە پەیڕەوی لێدەکرێت بیپارێزت[٤٩].

ئەفسەرە موحتەریفەکان ئارەزووی کارکردنییان بە شێوەیەکی سەربەخۆ و پیشەگەرانە هەیە. لە عێراق لە ساڵی دا١٩٨٢، سەرکردە سەربازییەکان و هاوشانە حیزبییەکانییان لە حیزبی بەعسدا، کە لە ستراتیژ و بڕیارە تراژیدییەکانی سەددام حوسەین نائومێدبوون، پرۆژەی ئاگر بەستییان گەڵاڵەکرد بۆ ئەوەی پێشکەشی ئێرانی بکەن تیایدا پێشنیاری دەست هەڵگرتن لە هەموو ئەو شوێنانە کرابوو کە لە لایەن سەرکەوە بانگەشەی خاوەن بوونیان دەکرا لەگەڵ گەڕاندنەوە ی بارودۆخەکە بۆ بارودۆخە ئاساییەکەی پێش هەڵگیرسانی شەڕ، هەموو ئەمانە بەبێ بەشداری سەدام حوسێن ئەنجامدران[٥٠].

سەرەڕای هەوڵەکانی سەدام حوسێن بۆ سوودوەرگرتن لە دڵسۆزی ئەو کەسانەی پایەی بەرزیان پێبەخشرابوو، ئەفسەرانی پاسەوانە کۆمارییەکەی و هاوشانەکانیان لە سوپای ڕێکخراودا( نیزامدا) جارێکی دیکە لە هاوینی ١٩٨٦دا لە ستراتیژ و کۆنترۆڵکردنی کردارەکان لە لایەن سەدام حوسەینەوە یاخیبوون، دوای ئەوەی زەرەر و زیانێکی کوشندەیان لە لایەن ئێرانەوە پێگەیشت، کە تیایدا کەنداوی فارسیان لە دەستدا، لە دەرەئەنجامدا، سەرکردە سەربازییەکان سەربەستییەکی زیاتریان پێبەخشرا لە بەڕێوەبردنی شەڕەکەدا، هەروەها چاکسازی لەناو پاسەوانی کۆمارییدا ئەنجامدرا[٥١].

لە ڕووی تیورییەوە، تایبەتمەندکردنی  دەزگای هەواڵگری بە ئەرکی سروشتی خۆییەوە، کارێکی کردەنییە، بەڵام لە پەیڕەوکردندا، لۆژیکی کۆنترۆڵی سیاسی دژی دابەشکردنی سروشتی کارەکان دەوەستێت، هەواڵگری و قەوارە ئاسایشییەکان (ئەمنیەکان) ئەرکەکانیان بەپێی پێویست بە یەکدا دەچێت و

بوارەکانی بەرپرسیارێتیان تەم و مژاوییە، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی بکەونە ململانێی یەکتری و ڕاپۆرتی تێروتەسەل لەسەریەك بنووسن. قەوارە چاودێرینەکراوەکان کە خۆیان لەم دام و دەزگا هەواڵگرییانەوە سەرچاوەیان گرتووە بەرپرس و هەڵسوڕێنەرانییان دەخاتە سەرکەڵکەڵەی پیلانگێڕان و جم وجوڵە نهێنییەکان. ڕێ وشوێنەکانی پارساتنی ئاسایشی ڕژێم هەوڵی دامەزراندنی ئەو دەزگایانە ئاڵۆز دەکات کە ئاقاری کارکردنییان تەنها بە ئاڕاستەی دوژمنە دەرەکییەکاندا ڕێرەوی گرتووە.

## هۆکارە نێو دەوڵەتییەکان

ڕووداوە نێودوڵەتییەکان بۆی هەیە هاوکێشەی سەربازی-مەدەنی بگۆڕن. لە کاتی پێشبینکردنی شەڕدا سوپا دووچاری گوشار دەبێتەوە تا بە شێوەیەکی پیشەگەرانە(موحتەریفانە) هەڵسوکەوت بکات، ڕەچاوکردنی ئەم کاراو کاریگەرییانە بە زۆری لە تێڕوانینی فەرماندە سەربازییە میسرەکاندا دەرکەوت لە کاتی خۆ ئامادەکردنیاندا بۆ شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ کاتێك زۆرێکیان بەڕوونی کەم و کوڕی سیاسییەکانییان دەستنیشانکردن[٥٢].

لە بارودۆخی شەڕدا کاتێك پێشڕەویکردن و زیان گەیاندنی دوژمن دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتییەکان، سەرکردە سیاسییەکان زیاتر ئامادەی کەمکردنەوەی ئاستی دەستێوەردانەکانیانن لە دیاریکردنی سەرکردایەتی و دەستنیشانکردن و دامەزراندنی فەرماندەکاندا،

بەم شێوەیە، لە دوا قۆناغەکانی شەڕی نێوان عێراق – ئێراندا، کاتێك عێراقییەکان دووچاری کاولکاری و زەرەر و زیانێکی زۆر هاتن، سەدام حوسەین جڵەوی بۆ سەرکردە لێهاتووەکان شلکرد و دەسەڵات و دەستڕیشتووی گەورەتری پێبەخشین بۆ نەخشەدانان و سەرکردایەتی کردن[٥٣].



هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد، سەدام لە ژێر فشاری سەرکردایەتی سەربازیدا ئەم کارەی کرد، تەنها دوای ئەوەی گورز و کاولکاری زۆری بەرکەوت لە لایەن ئێرانییەکانەوە.

## بەدیلە ناتەقلیدییەکە

لە کۆتاییدا، ڕەنگە گەورەترین ڕێگە پارسەنگدانەوەی سستی و لاوازی ئەم دەوڵەتانە پەیداکردن و بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان بێت (WMD)، کە چەکە ناوەکی، بایەلۆجی و کیمیاییەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ سیستەمەکانی هەڵدانییاندا.

بەکارهێنانی ئەم چەکانە لە ئاستی ستراتیژیدا زیاتر ئەم ڕاستییە ڕووندەکاتەوە. ئەم چەکانە هەڵوێست و پێگەی گفتۆگۆکردنی لایەنە ناکۆکەکان بەهێز دەکات لەسەر هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی: ئەگەر دەوڵەتێك توانای درێژەپێدانی هێرشی ئاسمانی و زەمینی سەرکەوتووی نەبوو ئەوا ڕەنگە گرفتێکی هێندە گەورە نەبێت گەر بتوانێت هەڕەشە راستەقینەی ئاڕاستەکردنی ئەو مووشەکانە بکات کە توانای هەڵگرتنی چەکە کۆمەڵ کوژەکانییان هەیە بۆ سەر شارەکانی دەوڵەتە دوژمنەکە. پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای موشەکی و چەکی کۆمەڵکوژ بۆ بەکارهێنانیان لەسەر ئاستی ستراتیژی چەند سوودێکی دیکەی هەیە. هەروەك(ئیان لێسەر) لە چاپتەری هەشتدا ئاماژەی بۆ دەکات، ئەم چەکانە دەبنە هۆی بە مەرکەزیکردنی سەرکردایەتیکردن و کۆنترۆڵکردن.

کەواتە بە تەنها خزمەتی بەرژەوەندی سیاسی/ ئاسایشی (ئەمنی)ناکەن بەڵکو لەگەڵ پێداویستەکانی پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکانیشدا دەسازێن.

سوود وەرگرتن لەم چەکانە بۆ ئاستی تاکتیکی (وەك ئامرازێکی شەڕکردن لە جەنگدا) هێندێك ئاڵۆزترە.

بەڵام لایەنە باشەکەی، ئەوەیە ئەگەر ئەم چەکانە لەگەڵ کردار و نەخشە تاکتیکیەکاندا ئاوێتەبکرێن نەك هەر دەیانخاتە ئاستێکی بالاترەوە بەڵکو قەرەبووی لاوازییە تەقلیدییەکانیشیان دەکاتەوە. سەرکەوتنەکانی سوپای عێراقی لە دژی ئێران لە کۆتایی شەڕی نێوانیاندا لە بەشێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئەم چەکانە لە قۆناغەکانی کۆتایی ئەم ململانێیەدا. (لێسەر) سەرنجی ئەوەدەدات، چۆن ئەم چەکانە دەتوانن جوڵەی هێزەکانی دوژمن پەکبخەن و لێکیان بترازێنن، هەورەها دەتوانن مەبەستی دیکەش بهێننەدی.

لایەنە خراپەکەی، بریتییە لەو مەترسییە سیاسیانەی لە ئەنجامی بلاوکردنەوەی ئەم چەکانەوە دێنە ئاراوە لە لایەن یەکە تاکتیکییەکانەوە کە ئەم کارەش دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر سەرکردە ناوچەییەکان و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی(مەرکەزی) دەخوازێت، ئەمەش کارێکە ئەم ڕژێمانە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، بەتایبەتی لەگەڵ بوونی ئەم چەکانەدا کە هێزێکی کاولکردن و تێکشکاندنێکی بێئەندازەیان هەیە.

بەدەر لەوە، سەرەڕای سوودی ستراتیژیان. ئەم چەکانە سوودێکی سنورداریان هەیە لە دەستەبەکردنی ئاسایشی ڕژێمەکە و پاراستنی لە هەر هێرشێکی ڕاستەقینە.

بەکارهێنانی چەکە بایۆلۆژییەکان یاخود کیمیاییەکان بۆ پاراستنی پایتەخت لە دژی هەوڵی کودەتاکردن یان بۆ بەرپەرچدانەوەی خۆپیشاندانەکان دەبێتە هۆی وێرانکردنی خودی ڕژێمەکە خۆی. لە کاتی ڕوودانی هێرشێکی ڕاستەقینەدا لە لایەن هێزە ناوخۆییەکانەوە، ئەم چەکانە سوودێکی سنورداری سەربازیانەیان دەبێت لە بەرگری کردندا لە پایتەخت و سنورەکانی ولاتەکە، بەتایبەتی لە کاتی نەبوونی سەرکردە لێهاتووەکان و یەکەکانی بلاوکردنەوەیان و ئاوێتەنەکردن و نەگونجاندنیان لەگەڵ کردارەکانی بەرگریکردندا.



بە کورتی چەکە کۆمەڵکوژەکان دەتوانن پارسەنگی هەندێ لاوازی تەکنیکی بدەنەوە و ببنە سەنگ و هێز لە پەیوەندییە ستراتیژییەکاندا، بەڵام ناتوانن جێگەی کارایی هێزی سەربازی تەقلیدی بگرنەوە ئەو دژوارییانەی دەکرێت دووچاری پەیوەندییە سەربازی مەدەنییەکان ببنەوە کێشەی سەرکردایەتی لە دیارترین وەزەقترین کێشەکانەوە لە هۆکارە سەرەکییەکانی تێکدانی هاوسەنگی هەنووکەی پەیوەندییە سەربازی مەدەنیەکانەوە.

هەورەك لە بەشی پێنجدا خراوەتە بەرباس و شیکردنەوە، جیهانی عەرەبی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە باوردۆخی گواستنەوەدایە لە سەرکردە بەساڵاچووەکانەوە بۆ نەوەیەکی گەنجتر، حاڵەتە دیارەکانی ئەم گواستنەوەیە کە بەم دواییانە ڕوویاندا ئالۆگۆڕی دەسەڵات لە هەر یەکە لە قەتەر (ئایار ١٩٩٥)، ئوردن (شوبات ١٩٩٩)، مەغریب (مایس ١٩٩٩) و سوریا (ئایار ٢٠٠٠)دا ڕوویان دا، زۆرێك لەم گواستنەوانە بێکێشە و گرفت بەرێوەچوون، بە لای کەمەوە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا، لە ئوردن، کە هاوپەیمانێکی هەستیاری ولاتە یەکگرتووەکانە لە ناوچەکەدا، شا عەبدوڵا سەرکەوتووانە جێگەی باوکی گرتەوە و سەرکردایەتی ولاتەکەی دەستپێکردەوە، وە لەوەتەی گەیشتۆتە عەرشی پاشایەتی بەردەوامیەك لە سیاسەتە ناوخۆی و دەرەکییەکانی ولاتەکەدا هەیە، ئەگەرچی ڕێژەی بەرزی بێکاری و هەژاری بەردەوام بێلایەنییەکەی(شا عەبدوڵا) دووچاری دژواری و ناهەمواری دەکەنەوە. لەنێو گواستنەوەکانی ئەم دواییەدا، گواستنەوەی دەسەڵات لە سوریا ئەگەری گەورەترین مەترسی لێدەکرێت کە ببێتە هۆی پەیدابوونی گرژی و ئالۆزی لە پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکاندا. هەر لەو کاتەوەی هاتە سەر دەسەڵات بەشار ئەسەد چەند هەنگاوێکی سەرەتای هەڵگرت بە ئاڕاستەی کرانەوەی ئابووری لە ولاتدا و ە ئازادییەکی پتری لە بواری ڕادەربڕین و کۆبوونەوە بەخشی[٥٤].

پێدەچێت لە پێناو ئاراستەکردنی وڵات بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەم سەرکردەیە زەمینەیەکی هاوبەشی دۆزیبێتەوە لە نێوان پشتوانە سەر سەختەکانی چاکسازیکردن و هێزەکانی پاڵپشت بۆ هێشتنەوەی بارودۆخە هەنوکەییەکە، بەرپرسەکانی ئاسایش و دەستەبژێری پاسەوانی کۆن بوونە پاڵێوراوی ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگییە[٥٥].

ئەوەی بەرهەڵستکاری نەبووتە سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر پێگەی بەشار ئەسەد لە بەشێکدا دەگەڕێتەوە بۆ چەسپاندنی پایەکانی کۆنترۆڵی سیاسی لە لایەن حافز ئەسەدەوە بەچەشنێکی ئەوتۆ کە هەلومەرجەکە بۆ کوڕەکەی لەباروجێی دڵنیایی بێت.

ئەو مانگ و ساڵانەی گواستنەوەی دەسەڵاتیان تێدا بەرێوەچوو، ئەندامە گرنگەکانی پاسەوانی کۆن کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرا ببنە تەگەرە لەبەردەم پتەوکردنی پایەی حوکمڕانێتی بەشار ئەسەدی لاو لە پێگە هەستیارەکان دوورخرانەوە، دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئەگەر نەڵێین دەیان ساڵ ئەم پێگانەیان بەدەستەوە بوو[٥٦].

بۆ ماوەی سێ دەیە حافز ئەسەد دەستنیشانکردن و دامەزراندنی بەرپرسەکانی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری خستبووە ژێر ڕکێفی خۆیەوە لە ڕێی پیادەکردنی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەوە کە هانی ململانێ دەدا لە نێوان بەشە جیاواز و ڕکابەرەکاندا بۆ ئەوەی ڕێگە لە سەرهەڵدانی هەر گرووپێکی بەهێز بکرێت.

لە دەرەنجامدا، پێکهاتە سەرەکییەکانی بە سیاسی کردنی ململانێ هێز لە نێوان دەستەبژێری سەربازی و ئاسایشدا بە چەشنێك مانەوە کە مایەی هەڕەشەی ڕاستەقینە نەبن.

بەڵام چۆنیەتی دەرکردنی بڕیاری سیاسی گۆڕاوە کە پێشتر بێوەرگرتنی پرس وڕا و بێ ڕاوێژکردن لە سایەی دەسەڵاتی حافز ئەسەددا بەرێوەدەچوو، بەڵام ئێستا



شێوازێکی بە کۆمەڵی وەرگرتووە و ژمارەیەکی زیاتر بەشداری لە بڕیارسازی و سەرکردایەتیکردن دەکەن[٥٧].

ناکۆکی ناو ڕژێمەکە بۆی هەیە سەر بکێشێت بۆ ململانێ هێز ئەگەر کۆدەنگی لەسەر سەرکردایەتیکردنی بەشار لاواز بێت.

لە ساڵانی سەرەتای حوکمڕانییەکەیدا، بەشار ڕوبەڕووی قەیرانی سەختی سیاسی و ناوچەیی نەبووەوە. سەرەڕای ئەوە، گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئایندە لە ناوچەکەدا، ئەوانەی بەهۆی بوونی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا و ململانێی فەلەستین- ئیسرائیلەوە دروست دەبن ململانێی هێز دەخولقێنن ە ڕەنگە بەشار ئەسەد دووچاری تەنگژە بکەنەوە[٥٨].

سوریا ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت دووچاری تەنگژە و دژواری سەخت ببێتەوە لە هەردوو ئاستی ناوخۆی و ناوچەییدا.

لە نێوانیاندا گەشەکردنی بێبەرنامەی دانیشتوان و پێویستی ڕەخساندنی هەلی کارکردنی نوێ، وپشت بەستنی درێژخایەن بە داهاتی سەرچاوەی نەوت، و پێویستی بێئەندازە بە سەرمایەی دەرەکی و ئەگەری دابەزینی ئاستی گوزەران و زیادبوونی هەژاری. لە لایەکی دیکەشەوە، پەیوەندییەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ لوبنان یاخود پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و لوبنان گیروگرفت بۆ سوریا دروست دەکەن[٥٩].

هەروەك (پێرسز) شیدەکاتەوە، ئەگەر سوریا ڕووبەڕووی نائارامی ناوخۆی و دەرەکی ببێتەوە، بەرپرسەکانی ئاسایش و سوپا ڕەنگە ((بڕیارە بدەن کە چیتر بەشار ئەسەد پیاوی شایستەی ئەم کارە نییە))[٦٠].

وڵاتە هەستیارەکانی وەك سعودیە، لیبیا، میسر لەبەردەم قۆناغی گواستنەوەدان لە سەرکردایەتیدا[٦١].

لەم سێ وڵاتەدا سەرکردە بەساڵاچووەکان لوتکەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، لە کاتێکدا کوڕ و کەس و کارەکانیان هەندێ جار هەڵدەبژێردرێن بۆ جێگرتنەوەیان، بەڵام توانای پتەوکردنی دەسەڵاتیان، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەك میسردا، جێی گومانە[٦٢].

ململانێکانی هێز لە نێو چینی دەستە بژێردا مەترسی ڕاکێشانی دامەزراوەی سەربازی وەك بەشداربوویەکی ڕاستەوخۆ لە خۆیدا هەڵگرتووە وە سەرەئەنجام دەبێتە هۆی ڕوودانی کەرتبوون و لێکترازان لەم دامەزراوەیەدا، لە بەر ئەوەی لایەنەکانی ململانێکە هەوڵی بەدەستێهێنانی لایەنگری ئەفسەران و فەرماندە سەربازییەکان دەدەن تا باسکیان ئەستور بێت بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات.

بۆ نموونە، لە میسر دەنگ و باسی ئەوە لە ئارادایە کە حوسنی موبارەك نیازی دەستنیشان کردنی کوڕەکەی هەیە تاوەکو لە دوای خۆی جڵەوی دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت. هەرچەندە لە مانگی چواری ٢٠٠١دا لە چاوپێکەوتێنکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی واشنتۆن پوست ڕاشکاوانە نکۆڵی کرد(حوسنی موبارەك) کە ئەم خواستەی هەبێت[٦٣]. هەروەها شیکەرەوەکان پێشبینی دەکەن کە سەرۆکی میسری هەڵبستێت بە دەستنیشانکردنی جێگری سەرۆك، دوای ئەوەی بیست ساڵە ئەم پۆستە کەسێکی بۆ دەستنیشان نەکراوە. ئەمەش بە هەنگاوێکی گرنگ لە قەڵەم دەدرێت لەبەر ئەوەی پۆستی جێگری سەرۆك بە نزیکبوونەوەیەکی بەرچاو و لە سەرۆکایەتی دەژمێردرێت.

سەرەڕای سەرنجەکان لە سەر کوڕەکەی موبارەك، چاودێران ئاماژە بە چەندین کەسایەتی ناو دەزگای ئاسایشی و سوپا دەکەن (وەك پاڵێوراو بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار)[٦٤].

بە دڵنیاییەوە ئەم کارە پێشینەیی هەیە (هەردوو سەرۆك موبارەك و سادات پێشتر ئەفسەری سوپا بوون)، لەوەش گرنگتر لۆژێکێکی سیاسی نکۆڵی لێنەکراو هەیە بۆ دەستنیشانکردنی کەسێك کە پێشنەیەکی سەربازی هەبێت: لە میسر،



بە چەشنی هەر وڵاتێکی دیکە لە ناوچەکەدا، دەستەبەرکردن و دڵنیابوون لە دڵسۆزی و لایەنگری سوپا یەکجار بایەخدارە بۆ پاراستنی هێشتنەوەی باڵادەستی بەسەر گواستنەوەی دەسەڵاتداو بەرگرتن بە ناکۆکییەکانی چینی دەستەبژێری دەزگاکانی ئاسایش و سوپا بۆ ئەوەی سەر نەکێشێت بۆ ململانێ ئاشکرا لەسەر هێز و دەسەڵات.

هۆکارێکی دیکە کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتە هۆی تێکدانی ئارامی و سەقامگیری بارودۆخەکە لەو ئاڵوزی و ململانێ هەمە لایەنانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە نێو وڵاتانی ناوچەکەدا هەیە. پەیوەندی نێوان سەقامگیری ناوچەیی و پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە، بەڵام زۆر هەستیارە و ڕەنگە ڕەنگدانەوەی لەسەر سەقامگیری ناوخۆیی ئەو وڵاتە عەرەبیانەی هاوپەیمانی سەرەکی وڵاتە یەکگرتووەکانن. دەتوانیین لە نێو مەسەلە هەستیارەکاندا ئاماژە بە ململانێی چارەسەر نەکراوی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلییەکان بکەین، کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٠وە بارودۆخەکە بە ڕادەیەکی بەرچاو خراپبووە.

پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل دەبێتە هۆی دابڕانی زیاتری جەماوەر و دەسەڵات لە پایتەختی وڵاتە موسوڵمانەکاندا، بەتایبەتی سعودیە، ئوردن، ومیسر، کە هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانن، وە دوو وڵاتیان(سعودیە و ئوردن) بەیاننامەی ئاشتیان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە کە جێی ناڕازیبوونی جەماوەرکانیانە. ئەم ڕژێمانە ناچارن پەنا ببەنە بەر سەرکوتکردنی زیاتری گەلەکانیان، کە بە بەردەوامی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری تێوەدەگلێن. بە هەرحاڵ بیرۆکەی تێوەگلانی سەربازی لە داپلۆسینی خۆپشاندانە بەرفراوانەکان مایەی نیگەرانییەکی ڕاستەقینەیە.

سەرەڕای تێکدانی هاوسەنگی هاوکێشەی سیاسی-سەربازی دەسەڵاتی ئەم ڕژێمانە، ئەگەرێکی ئاوا دەبێتە هۆی تاقیکردنەوەی ئاستی دڵسۆزی ئەفسەرە پایەبەرزەکان و سەربازەکان کە ناچار دەکرێن دەستڕێژ و تەقە لە خێزان و هاوڕێ و کۆمەڵگەکەیان بکەن کە بە جۆرەها پەیوەندی بە یەکەوە بەستراون[٦٥]. ئەگەر پاڵشتی سەربازی بۆ ئەم ڕژێمانە لەرزۆك بوو، ئەوا زەمینەی زیاتر بۆ لایەنە بەرهەڵستکارەکانی ناو ڕژێمەکە و دەرەوەی ڕژێمەکەش خۆش دەبێت بۆ ئەوەی سوپا بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن.

جەنگی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر تیرۆریزم و بنیادنانەوەی عێراق یەکێکی دیکەن لە سەرچاوەکانی ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی وڵاتە عەرەبییەکان.

فراوان بوونی مەودای چالاکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێتە هۆی زیادبوونی بێزاری و ناڕەزایی دژی ڕژێمە هەنووکەییان و وروژاندنی خۆپیشاندانەکان دژی وڵاتە یەکگرتووەکان، کە ئەم چالاکییانەش پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان تێکدەدات. ئەم جۆرە ڕژێمانە وەك ئوردن ناچار بوون بەرهەڵستی کۆمەڵایەتی و خۆپیشاندانەکان دژی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەناوچەکدا هێور بکەنەوە[٦٦].

ئەمەش دەزگاکانی ئاسایش و هێزە چەکدارە تەقلیدییەکانی تاقیکردەوە کە پشتی ڕژێمەکانیان گرت لە دژی ڕای گشتی. بەو شێوەیە، هاوپەیمانە سەرەکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان وەك میسر و ئوردن توانیان سەرکەوتوانە بەرهەڵستی کۆمەڵایەتی بێ دەنگ بکەن. بەڵام زەحمەتە گەر مەحاڵ نەبێت پێشبینی ئەوە بکەین کەی ئەم گرژییە ناوخۆییانە ئاڵوگۆڕ بەسەر هاوسەنگی سیاسی-سەربازی دەسەڵاتدا دەهێنن.

هێزەکانی ئاسایش و سەرکردە سەربازییەکان دەتوانن لە دژی خۆپێشاندەران هەڵوێست وەربگرن، یاخود بۆی هەیە خۆیان لە پشت پەردەوە هانی ئەم جموجۆڵانە بدەن وەك فشارێك بۆ کەم کردنەوەی دەستڕۆیشتووی وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕازیکردنی ڕای گشتی.



ئەمانە ئەو ئەگەرە گرنگانەن کەدەبێت لەبەرچاو بگیرێن بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی داڕشتنی سیاسەت لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لەم ناوچەیەدا.

سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرامبەر ئاوەدانکردنەوەی عێراق، و بە بنبەست گەیشتنی پرۆسەی ئاشتی فەلەستین — ئیسرائیل بۆی هەیە ڕەنگدانەوەیان لەسەر وڵات و ناوچە دوورەکانیش هەبێت.

دوا هەڕەشە لەسەر سەقامگیری پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان بریتییە لە خۆڕێکسختن و دزەکردنی ڕەوت و تەوژمە ئیسلامییە ئوسولییەکان بۆ ناو هێزە چەکدارەکان. زانیارییەکی زۆرکەم لەبەردەستدایە کە ئاماژە بە ئاست و مەودای دزەکردنی ئوسوڵییەکان بکات بۆ ناو هێزە چەکدارەکانی ئەم ڕژێمانە. سەرەڕای ئەوەش ئەم مەسەلانە گرنگن بۆ هەڵسەنگاندنی پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان لەبەر دوو هۆ:

یەکەمیان: ڕێکخستنی سیاسی لەناو سوپادا ئاماژەیە بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە سیاسەتدا. فەرماندەییکردنی بەشێکی بەرچاوی هێزە چەکدارەکان لە لایەن ڕێکخستنێکی سیاسی(تنظیم سیاسی) دیاریکراوەوە پێشمەرجە بۆ بونیاتنانی هاوپەیمانێتیەکی کارا بۆ هەڵگەڕانەوە و کودەتاکردن لە دەسەڵات.

دووەمیان: کودەتاکان هەمیشە لە ڕەحمی شانە نهێنییەکانی ناو هێزە چەکدارەکانەوە سەرهەڵدەدەن و بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە چاندنی گرووپی بنچینەی لە پشتیوانەکان دەبەستن کە لە دواییدا لەناو هێزە چەکدارەکاندا پەرە بە پەیوەندییە ئاسۆیی و ستونییەکان دەدەن، ئەگەرچی نەخشەدانان بە نهێنی کارێکی سەختە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە یەکەیەکی ناڕازی و نائۆمێد، بێ ئەوەی ببێتە جێی سەرنج، سەرکەوتوانە سەرکردەکان لە پایتەختە عەرەبییە سەرەکییەکاندا وەك میسر و سعودیە لە دەسەڵات دوور بخەنەوە، . ڕێکخستنی سیاسی لەناو هێزە چەکدارەکاندا

ئەو کاتە زیاتر دەبنە مایەی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی کە ئەفسەرانی سوپا هەستێکی باڵای توندڕەی بە سەریاندا زاڵ بێت، ئەمەش دەبێتە پاساوێکی ئایدیۆلۆجی بە دەستە گرووپە نارازی ونائومێدەکەوە، و دەبێتە پاڵنەرێك بۆ جموجۆڵکردن لە دژی ڕژێمەکە. سەرەڕای ئەوەی مەترسییەکی لە ڕادەبەدەر هەیە لەسەر ئەو کەسانەی لەم پیلانگێڕییەدا تێوەدەگلێن.

دزەکردنی ئوسوڵیانە بۆ ناو هێزە چەکدارەکان وەك ئامانجێکی ئاشکرای گرووپە سەربازییەکان ماوەتەوە کە لە ساڵانی نەوەتەکانەوە لە دژی ڕژێمی میسری شەڕ دەکەن[٦٧].

ئەو ڕاستییەی کە ڕژێم بە چەشنێکی کاریگەر ئەم ڕێکخراوە سەربازییانەی تێکشاندووە هێشتا بە تەواوەتی نیگەرانی سەرکەوتنی ئەم ڕێکخراوانەی نەڕەواندۆتەوە لە بەدەستهێنانی لایەنگری لەنێو ئەفسەرانی بەشە جیاوازەکانی سوپادا.

## چەند پێشبینیەك بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان

ئەو وێنەی لە سەرەوە کێشامان دەربارەی پەیوەندییە سەربازییە-مەدەنییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سێ پێشبینی لێدەکرێت بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان.

پێشبینی یەکەم پەیوەیستە بە بەردەوامبوونی پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان، و سەقامگیری ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکان ناوچەکەوە.

بە ڕوودانی چەند ڕووداوێك کە ببنە مایەی نائارامی و شڵەژانی باوردۆخەکە لە شێوەی ململانێ دەسەڵاتدا، شڵەژانی ناوخۆی و ناوچەی بەرفراوان بە هۆی ململانێی فەلەستین و ئیسرائیلەوە، وئاوەدانکردنەوەی عێراق، یاخود دزەکردنی گرووپە ئیسلامییەکان بۆ ناو ئەفسەرانی سوپا، ئەوا وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر بنچینەی بەردەوامبوونی پەیوەندییە سەبازی-مەدەنییەکان لەناو زۆرێك لە ڕژێمەکانی ناوچەکەدا دەتوانێت سیاسەتی خۆی درێژە پێبدات لەناوچەکەدا.



بەرەو باشتر یا خراپتر، پێدەچێت باروودۆخی هەنووکەی درێژە بکێشێت، وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێت لە چەند ڕێگایەکەوە هاوسەنگی هەنووکەیی پەیوەندییە سەربازی- مەدەنییەکان بەهێز بکات و بپارێزێت. بەردەوامبوون لە بەخشینی یارمەتی سەربازی بە وڵاتە هاوپەیمانەکانی ناوچەکەدا بە شێوەیەکی کاریگەرانە سەرچاوەکانی هێزی سەرکردە سیاسییە دەسەڵات بە دەستەکانی ئەم ناوچەیە زیاد دەکات.

یارمەتی و کۆمەکە سەربازییە دەرەکییەکان لە شێوەی داراییدا لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بە شێوەیەکی بەردەوام بە میسر و ئوردن بەخشراون، ئەم کۆمەك و یارمەتییانەش لە پاڵ سوودی سەربازیاندا پاڵپشتی توانای سەرکردەکان دەکەن لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا، بەم شێوەیە سەقامگیری پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان مەحکەمتر دەبێت.

بەهەمان شێوە، پەیوەندییە سەربازییەکان و هاوکاری هاوبەش لە بواری مەشقی نهێنیدا لە ڕێی دروستکردنی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان و بەستنی پەیوەندییە ڕەسمی و ناڕەسمییەکان لەگەڵ دامەزراوە سەربازییە دەرەکییەکان و سەرکردەکانیاندا، دەبنە هۆی پاراستنی ئەم هاوسەنگییە.

بە دەستهێنانی چەکە پێشکەوتووەکان، پارچە یەدەگەکان، وئەو پێگە و دەستڕۆیشتوویەی بە هۆی مەشقکردن لەگەڵ سوپای وڵاتە یەکگرتووەکاندا پێیدەگەن دەتوانن خواستە سەربازییەکان بە چەشنێك دابڕێژنەوە کە لە بەرژەوەندی سیاسەتی حکومەتی ئەمەریکادا بێت.

ئەگەرچی سیاسەتەکانی پاڵپشتیکردنی دەرئەنجامە سروشتییەکانی پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان و سیاسەتی دەسەڵاتخوازانە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی باشی هەبێت، بەڵام لایەنی خراپیشی هەیە.

پتەوکردنی کۆنترۆڵی سیاسی لە مەودای نزیکدا دەبێتە مایەی سستکردنی چاکسازی ئابووری لەنێو وڵاتە هاوپەیمانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە مەودای

دووردا بڵاوبوونەوەی دەزگا بیرۆکراسیەکانی ئاسایش و هەواڵگری و ڕۆچوونیان بەناو کۆمەڵگادا ڕێگە لە گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی دەگرن بەوەی هەر بەشداری و تێوەگلانێك لە جموجۆڵە سیاسییە گشتی و تایبەتییەکان دەکەنە کارێکی پڕ مەترسی. پتەوکردنی بیرۆکراتیەتی سەربازی لە ڕێی زیادکردنی داهات و بەرزکردنەوەی پێگەی ئەم دامەزراوەیە درێژە بە ژیانی ئەو گرووپەدەدات کە پاڵپشتی دەسەڵات دەکات، ئەمەش تەگەرەیەکی گەورەیە لەبەردەم چاکسازییە ڕیشەییەکان لە بوارەکانی ئابووری و سیاسییدا.

ئەو سودە تایبەتی و گشتیانەی فەرماندە و سەرکردەکانی ئەم دامەزراوە سەربازییانە هەیانە هەمووی دەرئەنجامی ئەو گەندەڵییەیە کە کەرتی تایبەتی و گشتی گرتۆتەوە و بوونەتە هۆی گەورەکردنی ئەم سەختی و دژوارییانە، ئەم بەخشش و بەرژەوەندییانە شتێکی ڕاگوزەرن بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەترسیانەی دەکەونە سەر ئامانجە سیاسییە هەنووکەییەکان لە عێراق و جەنگی دژە تیرۆریزمدا ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان فشار بخاتە سەر هاوپەیمانەکانی بۆ گۆڕانکاری گەورەتر لە سیاسەتی ناوخۆییاندا. لەبەر ئەوەی ئەم گۆڕانکارییانە بە دڵنیاییەوە تەنگەژەیەکی گەورە دەخولقێنن بۆ ئەوانەی دەیانەوێ ئاسایشی ناوچەکە بپارێزن و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن لەمەودای دووردا.

هەروەك لە بەشی دووەمدا جەختی لەسەر کرایەوە، پاڵپشتی باوردۆخی هەنووکەیی لەناو وڵاتە عەرەبییە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا ئەگەری گەشەکردنی ئاشتی و دیموکراسی دەخاتە مەترسییەوە.

بەشێکی دیکەی ئاکامەکان دەگەڕێتەوە بۆ توانا سەربازییە تەقلیدییەکانیئەو وڵاتانەی خاوەن ئەو سوپایانەن کە دوو ئەرك ئەنجام دەدەن (پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکی).



هێزو لاوازی دەوڵەتە دەسەڵاتخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پەیوەندییدا بە توندوتۆڵی فەرماندەییکردن و کۆنترۆڵکردنەوە لە گۆڕەپانی شەڕدا پتر ئاشکرا دەبێت.وە بە شێوەیەکی تایبەتی توندو تۆڵی لە فەرماندییکردن و کۆنترۆڵکردندا دەخەنە ڕوو. سەرکردە سیاسییەکان و بەرپرسە سەربازییەکان لەو سوپایانەی هەم ئەرکی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ هەم ئەرکی پەرپەرچدانەوەی هەڕەشە دەرەکییەکان ئەنجام دەدەن دوودڵ دەبن لەوەی دەسەڵاتێکی پتر بە فەرماندەکانی بەرەی پێشەوەی شەڕ ببەخشن.چڕکردنەوەی فەرماندەیی لە بەرەی پشتەوەی شەڕەکەدا ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت کاریگەری پێچەوانەی لێبکەوێتەوە لەسەر ڕەوتی کردارەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتەکاندا. دەبێت بەشێوەیەکی بەرفراوان هونەرە جۆراوجۆرەکانی سەرکردایەتی کردن پەرەی پێبدرێت، لە بەرئەوەی پێویستی پاراستنی کۆنترۆڵی سیاسی هەندێ جار ناکۆك دەبێت لەگەڵ بوونی ئەو ئەفسەرانەی خاوەن لێهاتوویی و لێوەشاوەییەکی بەرز و پێشکەوتوون، سەرەڕای ئەوەش، ئەم سوپایانە ڕەنگە ئەرکەکانیان باشتر ئەنجام بدەن، ڕەنگە خوازیاری نەخشە داڕێژراوە تیروتەسەلەکان بن بۆ ئەنجامدانی ئەو کردارانەی بە ڕەوتێکی خێرا، بە سەرکردایەتیکردنێکی نامەرکەزی، بە دەست ئاوەڵای هەڵسوڕێنەرانی بەڕێوەدەبرێت.بە پێچەوانەوە ئەوا ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان دەبنەوە لە بڵاوکردنەوە و دامەزراندنی تەکنەلۆژیا ئاڵۆزەکاندا، بەتایبەتی ئەوانەی ئاوێتەکردنی ڕێ و شوێنەکانی فەرماندەییکردن و کۆنترۆڵکردن دەخوازن.

پێویستی و خواستەکانی پاراستنی ئاسایشی ڕژێم ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر چۆنیەتی و شێوازی بڵاوکردنەوەی ئەو تەکنەلۆژیانە و ئەو یەکانەی بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی تەرخانکراون.

ئەوەی لۆژیکی نییە و مایەی ناسازییە ئەوەیە ئەو یەکانەی باشترین کەل و پەلیان هەیە و باشترین مەشقیان بینیووە، کەمتر ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەن سوپای بێگانەن لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕدا.

ئەم هێز و لاوازیانە سوودی هەمە چەشنییان هەیە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، لە لایەکەوە توانای دوژمنەکان بۆ خستنەگەڕی کارایانەی داهاتە مادییە گرنگەکانیان لە گۆڕەپانی شەڕدا سست و سنورداردەکەن، لە لایەکی دیکەوە هاوپەیمان و دۆستەکانیش تواناکانیان سنوردارە بە هۆی ئەو سودانەی لە هاوپەیمانی شەڕ و هەماهەنگی سەربازی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا بەدەستی دەهێنن وەك دەرئەنجامی پڕکردنەوەی پێویستی پاراستنی کۆنترۆڵی سیاسی.

لە ڕاستیدا، لاوازییەکانی ئەو سوپایانەی ئەرکی پاراستنی ئاسایشی دەرەکی و ناوخۆی دەگرنە ئەستۆ لە سەرکردایەتیکردن، فەرماندەییکردن و کۆنترۆڵکردن، و هەماهەنگی کردن لە نێوان بەشە جیاوازەکانی سوپا، و جموجۆڵ و مانۆڕکردن ئەوە دەگەیەنێت کە بوونیان بە هاوپەیمانی شەڕ زیاتر سوودی سیاسی لێدەکەوێتەوە لە سوودی سەربازی.

هەروەها شیکەرەوەکانیش چەندین پێشبینی دەخەنە ڕوو دەربارەی سەرکەوتنی شەڕی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دژی تیرۆرزم. زۆرێك لە دەوڵەتە دەسەڵاتخوازەکانی ناوچەکە کە هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانن بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە لە پەراوێزخستنی جموجۆڵی بەرهەڵستکاری ئایینی کە لە ناوچەکەدا چالاکن، لەبەر ئەوەی گرووپە ڕادیکاڵەکان لە هەمان کاتدا بەرهەڵستی وڵاتە یەکگرتووەکان و حوکمڕانە عەلمانییەکانیش دەکەن. لەوە زیاتر بڵاوبوونەوەی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری ئەوەدەگەیەنێت ئەم حکومەتانە توانایەکی خودیان هەیە لە بەدواداچوونی جموجۆڵە ڕادیکاڵەکان.، ئەگەرچی کۆنترۆڵی سیاسی بەسەر هێزە چەکدارەکان و دەزگاکانی ئاسایشدا کارێکی مەترسیدارە، بەڵام بوونی دەسەڵاتە مەرکەزییە بەهێزەکان، وە هەروەها بوونی ئامرازە پێشکەوتووەکانی چاودێریکردن و داپڵۆسین، بە سوود بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامیان بە جەنگی دژە تیرۆریزم. گەر ڕەگەزە ڕادیکاڵەکان سەرکەون لە بەدەستهێنانی هاوسۆزی کەرتە سەرەکییەکانی هێزە چەکدارەکاندا، ئەوا مەترسی



دەکەوێتە سەر پشتوانی کردنی ئەم وڵاتانە بۆ سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان. سەرکردە سیاسییەکان یا دەبێت ئەفسەر و فەرماندە سەربازییەکانیان ڕازیبکەن یاخود پێگەی خۆیان لە دەسەڵاتدا بخەنە مەترسییەوە.

گرژی و ئاڵۆزیە ئایینیەکان کە لە ململانێی فەلەستین-ئیسرائیل و بەڕێوەبردنی عێراق لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە سەرهەڵدەدەن بۆیان هەیە ببنە سەرچاوەی ناسەقامگیرکردنی پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان.

ئەو کاتانەی دەزگاکانی ئاسایش توانای بەرپەرچدانەوەی ئەو بەرهەڵستکاریانەیان نابێت کە بە کت و پڕی و بە تەوژمێکی بەربڵاو سەرهەڵدەدەن، ئەوا پەنا دەبردرێتە بەردەسەڵاتە سەربازییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە.

ئەمەش، بە دەوری خۆی، بۆی هەیە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هاوسەنگی هەستیاری هێز ناسەقامگیر بکات لە نێوان دەسەڵاتە سەربازی و مەدەنییەکاندا، یان لە خراپترین باردا، بۆی هەیە هانی سوپاکان بدات کە فەرمانەکان ڕەتبکەنەوە و هیچ کردارێك بۆ بەرگریکردن لە ڕژێمەکانییان ئەنجام نەدەن.

ناسەقامگیری لەم ڕژێمە حوکمڕانانەدا و لەبەریەك هەڵوەشانی دەسەڵاتی مەرکەزی ڕەنگە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی مەترسی گەورەتر لەسەر هەوڵەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ لەناوبردن و تێکشکاندنی تۆڕە تیرۆریستەکان، و پەرەپێدانی سەقامگیری لە عێراق، و بەرەو پێشبردنی پرۆسەی ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل.

دوا پێشبینییەکان دەگەڕێنەوە بۆ هەوڵ و کۆششی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی لە عێراقدا، لە دوای جەنگی بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ەوە بنیاتنانی سوپایەك کەپیشەوەر(موحتەریف) بێت و پابەندبێت بە بەها دیموکراتییەکانەوە بۆ سەرکەوتن و ئەنجامدانی پڕۆژەی چاکسازی مەودا دوور لە عێراق دابۆتە کارێکی گرنگ و پڕبایەخ.

مێژووی سەربازی هاوچەرخی عێراق چەندین بەربەستی گەورە دەخاتە بەردەم هەوڵەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی بۆ پەرەپێدانی گۆڕانکاری لە پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکاندا.

هەتا ئەگەر سوپای عێراق سەر لە نوێ بنیاتبنرێتەوە مەشقی پێبکرێت، ئەوا پێوەر و ڕێساکانی ڕێکخستنی سەربازی کە پاشماوەی سوپای پێشووە و زیاتر لایەنگری لە بری شایستەی لە دامەزراندنەکاندا لەبەرچاو دەگرێت، زەمینەی سیستمێکی ناوەندی (مەرکەزی) دەدات لە بواری فەرماندەییکردندا، وە ڕێگا بە جێگیربوونی نەریتی سەرکوتکردن وگەندەڵی دەدات کە پێدەچێت ئەم دۆخە تا ماوەیەك درێژە بکێشێت.

جێگرتنەوەی ئەم بەهایانە بە پێوەرەکانی هەڵسوڕاندنی کاری دامەزراو لەسەر بنچینەی شایستەی و بونیادەکانی ڕێکخستنی سەربازی کاراتر و پێشکەوتووتر ئارامگرتن و لێهاتوویيەکی بەرچاو دەخوازێت، ئەرکی سەختتر بریتییە لە بەرەو پێشبردنی بەهاو باوەڕەکان لەناو ئەفسەرانی سوپادا بە چەشنێك ڕەنگدانەوەی پابەندبوون بە بەها دیموکراسییەکانەوە بێت.

بەکورتی، دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکان کات و کۆششی زیاتر تەرخان بکات گەر بیەوێ نەریتە دیموکراسییەکانی پیشەوەربوون(موحتەریف) بچەسپێنێت لە کاتی بنیاتنانەوەی سوپای عێراقدا.

ئەو بەرپرسە ئەمریکایانەی سەرپەرشتی پێشخستنی سوپای نوێ دەکەن دەبێت ئاشنا بکرێن بە بونیادەکانی کۆنترۆڵی سیاسی کە تیایاندا سوپاکان ماوەیەکی دوور و درێژە ئەرکی پاراستن ئاسایشی ناوخۆی و دەرەکی ڕادەپەڕێنن.

تەنها بە تێگەیشتنی ڕوونی ڕابردوو دەتوانرێت ستراتیژەکانی چاکسازی سەرکەتوو پەرەپێبدرێن و جێبەجێ بکرێن.



## بەراوێزەکانی بەشی چوارەم

١- بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە بەشی دووەم

٢- Eliezer Be'eri, "The Waning of the Military in Politics," Middle Eastern Studies, vol, ١٨, No, ٣ January ١٩٨٢. p.٦٩.

٣ -Be'eri, ١٩٨٢, Also See Ekkart Zimmerman, "Towered a casual model of Military conps d'Etat," Armed forces and Society, viol, ٥, No, ٣, Spring ١٩٧٩.

٤- هەروەها ئەمە خەسڵەتێکی باو و سەرنجدراوە لە سیاسەتی عەرەبیدا بۆ نموونە، بروانە:
Hamza Hendawi, "Hussein's long years in power Not So Unusual in Arab Politics," the associates press, February ٩, ١٩٩٩.

٥- Be'eri, ١٩٨٢, P.٨٠.

٦- Moshe Ma'oz, Syria under Hafiz al-as sad: New domestic and Foreign Policies, Jerusalem Policy Papers, ١٥, Jerusalem: Hebrew university of Jerusalem, ١٩٧٥, p.١٠.

٧- بڕوانە:
Neil macfarquhar, "Syria Reaches turning Point But wich way will it turu," New York Times, March ١٢, ٢٠٠١, "Bashar Assad First Six Months: Reform in a Dagerous Envirnment," Mideast Mirror, January ٢٠, ٢٠٠١.
بەشار ئەسەد لەگەڵ هاتنەسەر تەختی دەسەڵاتدا لە چەندین بواری جیاوازی ئابووری و سیاسیدا هەوڵی کرانەوە و ئازادکردنیدا . هەرچەندە چاکسازییەکان بەردەوامن، بەڵام زۆر سست و خاون، لەگەڵ پاشەکشەیەکی بەرچاودا، بەهۆی بەرهەڵستی کردنی بەشار لە لایەن گاردی کۆنەوە.

٨- Robert Spring Borg, Umbra's Egypt: Fragmentation of the political order, Boulder, colo: Westview Press, ١٩٨٩. pp.١٠١-١٠٣.

٩- بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر سەبارەت بە چۆنیەتی بەشدارییپێکردنی کۆمەڵەی عەلەوی و لە بەرچاو گرتنی پەیوەندییە خێڵەکییەکان لە پۆستە گرنگ و هەستیارەکانی سوپا لەلایەن ئەسەدەوە بڕوانە:
Asher susser, "The Alawis, lords of Syria," in ofra Ben gio and Ben-Dor (eds.), Minorities and the State in the Arab word, Bouler, colo: Lyune Riehner, ١٩٩٩, especially p.١٣٦.

١٠- لێرەدا مەبەست ئەو بنەماڵانەیە کەلە کەناری ڕۆژئاواوە هاتوون، یاخود ئەو بنەماڵانــەی هەرلە بنەڕەتدا ئوردنیین.

١١- Inter views with U. S. Officials by Nora Benshl and Daniel Byman conduted in May ٢٠٠٠ in Amman, Jordan, on the Position od East Bankars in the Jorsanian Military see Asher Succer, “The Palestinians in Jordan; Demographic Majority political Millority”, in ofra Bengio and Gabriel Ben-Dor (eds.), Millorities and the State in the Arab World, Boulder, colo: Lyune Rieuner, ١٩٩٩.

١٢- Interviews with U.S. officals by Nora Bensahel and Daniel Byman conducted in may ٢٠٠٠ in Amman, Jordan. On the position of East Bankers in the Jordanian military see Asher Susser, “The Palastinians in Jordan: Demographic Majority, Political Minority”, im ofra Bengio and Gabrial Ben-Dor (eds.), Minorities and the state in the Arad World, Boulder, colo: Lyune Rienner, ١٩٩٩.

١٣- بۆ نموونە، دەربارەی دەستەبژێرەکانی دەزگاکانی ئاسایشی عێراق بڕوانە:

Sean Boyne, “Inside Iraq’s Intelligence Reviw, July ١٩٩٩, pp. ٣١٢-٣١٤; Anderw Rathmell”, Iraqi Intelligence and security services, “International Defence Rerview, Vol. ٢٤, No. ٥, May ١٩٩١, P. ٣٩٣. on Syria see carl Anthory Wege, “Assad’s legious: the Syrian Intelligence Service”, Intelligence and Coubter Intelligence, Vol.٤, No.١, Spring ١٩٩٠; Middle East Watch, Syria Unmasled: The suppression of Human Rights by the Asad Regime, New Haven, conn: Yale university Press for Middle East Watch, ١٩٩١.

١٤- دەربارەی دەزگای سەربازی هاوشێوە بڕوانە:

Jamet. Quinlivan, “Coup-Proofing its Practice and consequences in the Middle East”, International Security, vol, ٢٤, No.٢, Fall ١٩٩٩, PP. ١٤١-١٤٨.

١٥- ژمارەکان لەلایەن دەزگـای نێودەوڵەتییــە بــۆ لێکۆڵینــەوە ســتراتیژییەکان خراونەتــەڕوو (IISS).

Inemilitary Balauce ٢٠٠٠-٢٠٠١, Oxford; UK Oxford university Press, ٢٠٠٠, PP.١٤٠-١٤١. on the growth of the Republican Guard see Andrew cockburu and Patrik cock burn, out of the Ashes: The Resurrection of Saddam Hussein, New York: Harper collius, ١٩٩٩, P.١٤٦.

١٦- IISS ٢٠٠٠, PP. ١٥٢-١٥٣.

١٧- Anthony H. Cordesman, Iraq and the war of Factions, Westport, conn: Praeger Publishers, ١٩٩٩, pp.١٥٢-١٥٣.



١٨- بۆ پێداچوونەوەی زیاتر، بڕوانە:

Daniel Byman, Shahram chubin, Anoushiravan Ethshami, and jerrold Green, Iran’s Security paliey in the post-Revolutionary Eta, Santamonica, calif: Rand, Mr-١٣٢٠-OSD, ٢٠٠٢.

١٩- دەربارەی هەوڵەکانی سەددام حوسێن بۆ ( بە خێڵەکیکردنی) گاردی کۆماری لەم ساڵانەی دواییدا بڕوانە:

Cordesman, Iraq and the war of Sanctions, p.٧٩.

٢٠- Anthouy Cordesman, Saudi Arabia, Boulder, colo: westview press, ١٩٩٧, p.١٣٩.

٢١- Cordes man, Iraq and the war of sanctions, p.٧١.

٢٢- Anthony Cordesman, Perilous prospects: The Peace process and the Arab-Israeli Military Balance, Bouldes. Colo westview press, ١٩٩٦, p.١٧.

٢٣- Eyal Zisser, “The Wenewed struggle for Power in Syria”, in Moshe Ma’oz, Joseph Ginat, and onn winchler (eds.), Modern Syria, Brighton, UK: Sussex Acadmic Press ١٩٩٩, p.٤٩.

٢٤- Ahmed S. Hashim, “Civil Military relations in the Islamic Republic of Iran”, in Joseph keckichian (ed.), Iran, Iraq, and the Arab Gulf States, New York: Palgrave, ٢٠٠٠, pp.٣٦-٣٧.

٢٥- بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەم لێکترازان و کەرتبوونە لەسـەر سیاسـەتی ئـابووری ڕژێمـی سوریا بڕوانە بەشی سێ، دەربارەی لێدوانەکانی لەسەر ئەگەری دووبارە بلاوکردنەوەی سوپا لـە داهاتوودا بڕوانە لێدوانەکانی بەشار لە

“Bashar Assad: No change in Syria’s peace terms, and Its Doors Are open to Saddam and Arafat”, Mideast Mirror, February ٩. ٢٠٠١.

٢٦- ئەمە پێناسەی میلت و (Millet) و مۆرەی (Murray)ە بۆ کاری سەربازی بڕوانە:

Allan R. Millett, Williamson Murray, and Kenneth H. Watman, “The Effective ness of  military organizations”, in Allan R. Mi;;ett and Williamson murray (eds.), military Effective ness: voluml: The First world war, Boston: Allan and Unwin, ١٩٨٨, pp.١-٣٠.Kenueth M. Pollack, The Influence of Arab culture on Arab military Effectiveness, ph. D. dissetation, Massachu setts Institute of Technology, ١٩٩٦; Daniel Reiter and Allan C. Stam III, “Democrasy and Battefield Military Success”, Journal of conflict Resolution, vol. ٤٢, No. ٣, June

١٩٩٨, pp.٢٥٩-٢٧٧; Theo Farrell", Transnational Norms and Military Development: constructing Ireland's professional Army, "European Journal of international relations, vol. ٧, No. ١, March ٢٠٠١, pp. ٦٣-١٠٢, Stephen Peter Rosen, Societies and Military Power, Ithaca, N. Y: cornelluniversity press, ١٩٩٦.

٢٧- بڕوانە:

Ample Mark Heller, "Iraq's Army: Military Weakness, Political Utility", in Amatzia Baram and Barry Rubin (eds.), Iraq's Road to war, New York: st Martin's press, ١٩٩٦; Risa Brooks, political-Military Relations and the Stability of Arab Regimes, International Institute for strategic studies, Sdelphi paper ٣٢٤, oxford university press, Decemper ١٩٨٨; quinlivan, ١٩٩٩; Barry Rubin, "The Military in contemporary Middle East Politics", MERIA, Vol. ٥. No. ١, March ٢٠٠١.

٢٨- Personal communication, Western Military officer, Cairo Jun ١٩٨٨.

٢٩- Charles Tripp, History of Iraq, Cambridge: Cambridge university press, ٢٠٠٠, p.٢٣٧.

٣٠- Cordesman, Iraq and the War of sanctions, p.١١٣.

٣١- Hinne busch, ١٩٨٠, p.١٦٠.

٣٢- Michael Eisenstadt, "The Armed forces of the Islamic Republic", MERIA, Vol. ٥, No. ١, March ٢٠٠١.

٣٣- Michael Eisenstadi, Arming for peace? Syria's Elusive Quest for Strategic Parity, Washington Institute policy paper ٣١, Washington, D. C.: Washington Institute for Near East Policy, ١٩٩٢, P. ٥٨.

٣٤- Allam C. Stam, III, win, lose, or Draw: Domestic Politics and the crucible of war, Ann. Arbor: university of Michigan press, ١٩٩٠.

٣٥- چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ بەرپرسەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەلایەن

Nora Bensahel and Danial Byman in Amman, Jordan, and Riyadh, suadi Arabia May ٢٠٠٠.

٣٦- Mohamed Abdel Chani al-Gamasi, The October war: Memoirs of field Marshl elGamasy of Egypt, cairo: The American university in cairo press, ١٩٩٣, p.٦٠.

٣٧- Stephen Biddle, "Victory Misunderstood: What the Gulf war Tells us About the future of conflict", Inter National security, Vol. ٢١, No. ٢, fall ١٩٩٦, pp. ١٥٩-١٦٠.



٣٨- Gene ١. Rochin and chris c. demchak, Lessons of the Gulf war: Ascendant Technology and Declining capability, Policy Papers in International Affairs, No. ٣٩, University of California, Berkeley, Berkeley: Institute for international studies, ١٩٩١, pp. ٢٣-٢٤.

٣٩- Antnony H. cordesman and Abraham R. Wagner, the lessons of Modern war, Boulder, colo: West view press, ١٩٩٠, pp.٥٨-٥٩.

٤٠- Inter view, Western Military officer, cairo, June ١٩٩٨.

٤١- Trevor N. Dupuy, Elusive victory: The Arab Iraeli wars, ١٩٤٧-١٩٧٤, New York: Harper and Row publishwrs, ١٩٧٨.

٤٢- Heller, ١٩٩٦; Cordes man and Wagner, ١٩٩٠, pp. ٥٨-٥٩.

٤٣- ژمارەی فڕۆکە میراژەکانی ئیسرائیل بەهەڵە مەزەندەکرابوو (کەمتر لە ژمارەی ڕاستەقینەکەی) بڕوانە:

Al- Gamasi, ١٩٩٣, p.٦٠.

٤٤- Efraim Karsh, the Iran-Iraq war: A Military Analysis, Adelphi paper ٢٢٠, International Institute for International studies oxford,: Oxford University press, ١٩٨٧, p.٤٣.

٤٥- Geoff Simons, Iraq: from Sumer to Saddam, London: Macmillan press, ١٩٩٤, p.٢٧٧.

٤٦- Tripp, a History of Iraq, p.٢٣٣.

٤٧- بۆ ئاگاداربوون لە شیکردنەوەی ورد و سەرکەوتوو سەبارەت بە چۆنیەتی کاریگەربوونی پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان لەسەر سوود وەرگرتن و خستنەگەڕیی تەکنەلۆجیای نوێ بڕوانە:

Stephen Biddle and Robert Zirkle, "Technology, Civil- Military Relation, and war farare in the Developing word, "Jounnal of Strategic studies, vol.١٩, No. ٢, June ١٩٩٦, pp.١٧١-٢١٢.

٤٨- هەروەها بەریتانیا تانکەکانی جۆری (Challenger-one)ی بۆ ئوردن دابین کرد (دواتر ناوەکەیان کرا بە ئەل حوسێن) دوای ئەوەی مەلیك عەبدوڵلا لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩٩دا جڵەوی عەرشی پاشایەتی گرتە دەست، بەریتانیابەڵێنی دابینکردنی٢٨٨ تانکی بە ئوردن دا بڕوانە:

"Britain Makes New Delivery of Tanks to Jordan", Agene France Press, September ١, ٢٠٠١.

بەهەمان شێوە وڵاتە یەکگرتووەکان بڕێکی گەورەی یارمەتی سەربازی بۆ ئوردن دابین دەکات. بۆ ساڵی ٢٠٠٣، ئیدارەی بۆش هەوڵیدا یارمەتی سەربازی تەرخانکراو بۆ ئوردن بۆ ١٩٨

ملیۆن دۆلار زیاد بکات، کە لە ساڵی ٢٠٠٢ دا ٧٥ ملیۆن دۆلار بوو. ئەمە جگە لە یارمەتییە ئابوورییەکان.

٤٩- Honeybunch, ١٩٩٠, p. ١٥٩.
٥٠- Brooks, ١٩٩٨, pp. ٣٩-٤٠.

٥١- سەرکردایەتی ئێرانی پێشنیارەکەیان ڕەتکردەوە، بڕوانە:
Tripp, a History of Iraq, p. ٢٣٦.
٥٢- Tripp, a History of Iraq pp. ٢٤١-٢٤٢.
٥٣- Gammas, Chief of Operations in the October ١٩٧٣ war.

بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە: Al-Gamasi,١٩٩٣

٥٤- دوای داگیرکردنی وێستگەی نەوتی فاو لەلایەن ئێرانەوە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦ دا، سەددام حوسێن کۆنترۆڵی کردارە سەربازییەکانی بە فەرماندەکانی بەخشی، هەروەها ڕێگەی بەیەکە سەربازییە نیزامییەکان دا کە تواناو شایستەی خۆیان سەلماندبوو تا لە گاردی کۆماریدا وەربگیرێن. تەنانەت یەکەی ئەمنی نوێی سەرۆکایەتی دامەزراند. هەندێ لەشیکەرەوەکان سەرهەڵدانی گاردی کۆماری تایبەت بۆ ئەم چاکسازییە دەگەڕێننەوە (هەندێکی دیکە بۆ سەرەتای ساڵانی نەوەتەکانی دەگەڕێننەوە واتە دوای شەڕی کوێت) دەربارەی گۆڕانکاری و چاکسازییەکان لە بواری فەرماندەییدا بڕوانە:
Cordes man and Wagner, ١٩٩١, pp. ٥٢-٦٣; and "Iraq's Army: the lessons from the war with Iran", the Economist, January ١٢, ١٩٩١, p.٣٦.

دەربارەی گۆڕانکارییەکان لە( ژێرخانی ) بونیادی ئاساییدا بڕوانە:
Rathmell, ١٩٩١, and Boyne, ١٩٩١.

٥٥- لە یەکەم ساڵی دوای سەرۆکایەتییەکەیدا، بەشار ئەسەد دەستیکرد بە پیادەکردنی بەرنامەیەکی لەسەرخۆی چاکسازی. دوای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کۆسپ و تەگەرەکان بە هۆی بەرهەڵستی نێو دەستەبژێر و گاردی کۆنی حیزبی بەعسەوە، ناچاربوو ڕەوتی چاکسازی سست بکات. هەرچەندە بەشار بەیەکجاری دەستی لە ڕێڕەوە چاکسازییەکەی هەڵنەگرت، بۆ نموونە لە گۆڕانی کابینەی وزاریدا لە مانگی ١٠ی ٢٠٠٢ دا تەکنۆکرات و ئەندامانی پێشووی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکانی لە لوتکەی پۆستە ئابوورییەکاندا دامەزراند، دەربارەی بەرهەڵستی گاردی کۆماری بڕوانە:
"Lessons from Syria's Experiment with Democracy", Mieast Mirror, July ٥, ٢٠٠١, and "Syria's Assad Little cause for optimism", Mideast mirror, July ١, ٢٠٠٢.



٥٦- Volker Perthes, "The Political Economy of the Syrian succession", Survival, vol, ٤٣, No. ١, Spring ٢٠٠١, P. ١٤٨.

٥٧- ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییە ئاماژە بە بوونی ناکۆکی و دابەشبوون دەکەن لە نێو دەستەبژێری حکومڕان لەسەر فەرمانڕەواییەکەی بەشار ئەسەد، هەرچەندە دیمەشق زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی پاراستنی زانیارییەکان دەکات دەربارەی کاروباری ناوخۆیی. بەرنامە چاکسازی ئامێزەکەی بەشار زۆرێك لە ئەندامانی گاردی کۆنی نیگەران و بێزارکرد، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە بەشار ئەسەد دەستی کردووە بە خاوکردنەوەی ڕەوت و گشتگیرێتی گۆڕانی سیاسی و ئابووری.

٥٨- ئەوانەی لە نێو قوربانییە گرنگەکاندا بوون عەلی حەیدەر، کە خزمەتێکی زۆری کردبوو وەك فەرماندەی هێزە تایبەتییەکان، عەدنان مخلوف بەرپرسی گاردی سەرۆکایەتی وڵاتەکە و عەلی دبی، کە لە ڕواڵەتدا جێگری سەرۆك بوو، بەڵام لە واقیعدا بەرپرسی هەواڵگری سەربازی بوو، کە پێش چەند مانگێك بەر لە مردنی حافز ئەسەد لادرا، پێشتریش پێشبینی لە کارخستنی دەکرا لەلایەن سەرۆکەوە، ئەو کاتە تەمەنی ٧٠ ساڵ بوو ئەمەش لە سەرووی تەمەنی خانەنشین کردنەوەیە کە بە گشتی ٦٧ ساڵە. زۆرێك لە شیکەرەوەکان گۆڕانکارییەکانی بونیادی ئاسایشی سوری لە ناوەڕاست و کۆتاییەکانی ساڵانی نەوەتەکاندا بۆ ئەو هەوڵانە دەگەڕێننەوە کەحافز ئەسەد خستینییەگەڕ بۆ زەمینە سازکردن تاوەکو کوڕەکەی جێگەی بگرێتەوە. لە زۆر حاڵەتدا ئەم کەسانە دەیان ساڵ پۆستەکانییان بەڕێوەبردبوو، وە دواتر خانەنشین کران (ئاماژەکرا کەبەهۆی هۆکاری تەمەنەوەیە) یاخود گۆڕدران تاوەکو نەبنە سەرچاوەو هۆکاری نیگەرانی و مەترسی لەسەر سەرۆکایەتی بەشار ئەسەد لەبەرە ئەوەی ئەگەری ئەوە لە ئارادابوو نەوەی کۆن چەند مەرجێکی دیارکراوییان هەبێت بۆ قبوڵکردنی سەرۆکایەتی بەشار ئەسەد هەروەها بۆ ڕێگە خۆشکردن بۆ گروپێکی گەنج لە ئەفسەران تاوەکو بۆ لە مانەوەیان لە پۆستەکانیان دا پشت بە هاندان و پاڵپشتی ئەم پیاوە گەنجە(بەشار ئەسەد) ببەستن، بڕوانە:
Susan Sachs, "Leaders of Syria Building support for son of Assa", New York Times, June ١٢, ٢٠٠٠, zisser, ١٩٩١.

بەشێوەیەکی وردتر و تایبەتتر دەربارەی عەلی حەیدەر بڕوانە:
Brooks, ١٩٩٨, p.٥٨

دەربارەی عەلی دبی بڕوانە:
"Exit of Syria's Military Inelligence Chief Leaves Assad's son-in-law as De facto Boss", Mideast Mirror, vol. ١٤, No.٣٠, February ١٤, ٢٠٠٠.

هەروەها ئەوەی جێگەی سەرنجە بڕیاری دەستگیرکردنی حیکمەت شەهابییە، کە بەرپرسێکی خانەنشینی دەستەی دەسەڵاتدارە، لەسەر تۆمەتی گەندەڵی، کە خراونەتە (لیستی ڕەشی) ڕژێمەکەوە، لە مانگی ئایاری ٢٠٠٠ دا شەهابی ناچارکرا وڵاتەکە جێبهێڵێت بە چەند ڕۆژێك دوای مردنی حافز ئەسەد، بڕوانە:

“Are Khaddam, Hariri and Jumblatt on Damascu’s corruption Hit List”, Mideast Mirror, Vol. ١٤, No. ١٠٨, ٢٠٠٠; “former Syrian chief of staff is next on Anticorruption Hi-List”, Mideast Mirror, vol. ١٤, No. ١٠٦, June ٦, ٢٠٠٠.

٥٩- Perthes, ٢٠٠١, p.١٤٧.

٦٠- Macfarquhar, “Syria Reaches Turning Point”, ٢٠٠١.

٦١- بڕوانە:

Perthes, ١٩٩١, pp.١٤٤-١٤٥, ١٥١-١٥٢.

٦٢- Perthes, “the Plitical Economy of the Syrian succession”, P.١٤٩.

٦٣- دەربارەی جێگرتنەوەی سەرۆکایەتی لە ناوچەکەدا، بڕوانە:

“Like father, Like son”, th Economist (u.s. Edition), June, ٢. ٢٠٠١.

٦٤- لە عێراق، قوسەی کوڕی سەددام، هەمیشە وەك جێگرەوەی باوکی ئاماژەی بۆ دەکرا، سەددام ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانی قوسەی زیاد و بەرفراوان کردبوو لە ناو ڕژێمەکەدا، کە ئەمەش بە ئاشکرا ببووە جێی سەرسوڕمانی کوڕە گەورەکەی، عودەی، بڕوانە:

“Major personnel changes Expected in Baghdad”, Mideast Mirror; vol, ١١, No. ١٣٠, June ٨, ١٩٩٧; “paper controlled by Uday note ‘Absurd’ Report on Qusay’s power, “Babil”, Baghdad in Arabic, August ٥, ١٩٩٩, p.٣, Reported in BBC Monitoring Middle East political, BBC world wide Monitoring, August ٧, ١٩٩٩, “Saddam’s Second son gets succession Boost”, Ha’aretz, May ٢٠, ٢٠٠١.

بە دڵنیاییەوە، پێشتر میسر دوو قۆناغی گواستنەوەی بە خۆوە بینیبوو لە ناسرەوە بۆ سادات لە ساڵی ١٩٧٠ و لە ساداتەوە بۆ موبارەك ( لە دوای کوژرانی ساداتەوە لە ساڵی ١٩٨١) بەڵام ئەم ڕووداوانە زۆر گەورەتر و کاریگەرترن لەوەی هەندێ کات یادیان دەکرێتەوە.

دەربارەی کێشەی جێگرتنەوەو بە دوای یەکدا هاتنی سەرۆکەکان لە میسردا بڕوانە:

Brooks, ١٩٩٨, pp.٦٠-٦٤.

دەربارەی لیبیا بڕوانە:

Thmas Olstead, “A New Generation of Leader will Shake up the Mideast”, u.s. News and Work Report, February ٢٢, ١٩٩٩.



هەروەك لە بەشی پێنجەمدا ئاماژەی بۆ کرا، تەنانەت ئەگەر کێشەی جێگرتنەوەو بەدوایەکدا هاتنی سەرۆکەکان مەسەلەیەکی پەیوەست بێت بە بنەماڵەوە، وەك ئەوەی لە عەرەبستانی سعودی دەیبینین ئەوا هێشتا ناتوانین بە تەواوەتی لە گۆڕان و دەرئەنجامەکانی دڵنیابین، بڕوانە:

Jerrold Green, Leader ship succession in the Arab world: A policy-Makers Guide, center for Policy options, lose Angles, calif: University of Judaism, Summer ٢٠٠٠.

هەروەها بڕوانە:

Joseph Kechichian, Political Dynamics and Security in the Arabia peninsula through the ١٩٩٠, Santa Monica, calif: RAND, MR. ١٦٧- AF/A, ١٩٩٣, pp.٥٠-٥٢.

لە بەشی پێنجەمدا باسێکی گشتی سەبارەت بە کێشەکانی جێگرتنەوەو بەدوای یەکداهاتنی سەرۆکەکان لەم وڵاتانە، بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لە ناوچەکەدا خراونەتە ڕوو.

٦٥- بڕوانە:

E. S. Mekee, “Still Water on the Nile”, The Jerusalem Report, November ٨, ١٩٩٩.

هەروەها بڕوانە:

The discussion in Mary Ann weaver “Egypt on Trial” New Times, June ١٧, ٢٠٠١.

نکۆڵیکردنی موبارەك لە چاوپێکەوتنێکدا هات لەگەڵ (لالی ویماوپ)

Lally weymiuth, a Washington post Reporter, Reported in “Mubarak: Jerusalem can stop every thing”, The Jernsalem post, April ٣, ٢٠٠١.

“Egypt: talking About a vice Prisdent”, Mideast Mirror. September ٥, ٢٠٠١.

٦٦- Egypt: Talking About a Vice President”, ٢٠٠١.

٦٧- مەترسییەکانی تاقیکردنەوەی ئەم لایەنگری و دڵسۆزییانە لە هەڵمەتە بەرفراوانەکانی ڕژێمی سوریدا ڕوون و ئاشکرابوون کە بۆ سەرکوتکردنی چالاکی و جموجۆڵی ئیسلامی خرابوونە گەڕ لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکان لە سەرەتای هەشتاکاندا. بەلای کەمەوە لە دوو ڕووداوی تۆمارکراودا (بەڵگەنامەیان دەربارەی هەیە) ئەو یەکانەی فەرمانی کارکردنیان لە شارە سوونییەکاندا پێدرا بەسەر هێڵە مەزهەبییەکان دابەشبوون، وە کۆنترۆڵی سەر یەکە سوونییەکان هەڵوەشایەوە کاتێك فەرمانی دەست بە کاربوونیان پێدرا. بڕوانە:

Hinnebusch, ١٩٩٠, pp. ١٦٣-١٦٤

٦٨- بۆ نموونە لەکاتی شەڕی ئەمریکا دژی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، چەندین خۆپیشاندانی گەورە ئەنجامدران، بەڵام دەزگاکانی ئاسایش بەڕادەیەکی باش جڵەوی ئەم خۆپیشادانانەیان کرد، لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن سەرکردە عەرەبی و سەرکردەکانی دیکەی دەرەوەی ناوچەکە گوزارشت لە مەترسی لە جڵەو دەرچوونی ئەم خۆپیشاندانانە و کاریگەریان لەسەر ناسەقامگیرکردنی ئەم ڕژێمانە دەکرا، بڕوانە:

Andrew Gumbel, “The Iraq conflict: Arab Governments struggle to control protests Against us”, The Independent, March ٢٦, ٢٠٠٣: Neil Mac farquhar, “Arab protesters focus are on u.s”, New York Times, April ٦, ٢٠٠٢; “Jordan’s Street Moves again”, Mideast Mirror, July ٢٦, ٢٠٠٢.

٦٩- Sami Nakhul, “ Egyptian Militants Aim to Infiltrate Armed forees”, renters, August ٢٣. ١٩٩٣.



# بەشی پێنجەم

## ئاکامەکانی گۆڕانکاری سەرکردایەتی لە جیهانی عەرەبیدا

زیاتر لە هەر ناوچەیەکی دیکەی ئەم جیهانە سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خواست و ویستەکانی تاکە سەرکردەکان دیاری دەکەن. سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەن دامەزراوە سیاسییە ناوخۆییەکان و هەڵویستی جەماوەرییەوە سنوردار نەکراون! خواست و ئامانجەکانییان، بەهەمان شێوە لاوازی و کەم و کورتییەکانییان، دەتوانن جیاوازی لە نێوان جەنگ و ئاشتی، شۆڕش و سەقامگیریدا بکەن. بە هەرحاڵ، گۆڕانی سەرکردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە کەمی و بە دەگمەنی ڕوودەدات، و زۆر بە دەگمەن نەبێت ڕێسا ڕێژی بۆ نەکراوە و نەکراوەتە پرۆسەیەکی ڕۆتینی. ناوچەکە لەوە دەچێت لە ناو زەمەندا ڕاوەستابێت، کە تیایدا چەند سەرکردەیەکی دیاریکراو —موعەمەر قەزافی لە لیبیا، یاسر عەرەفات لە دەسەڵاتی فەلەستینی، و حوسنی موبارەك لە میسردا، چەندین دەیە حوکمڕانییان کرد، سەرۆکی لیبیا و میسر هەتا ئێستاش هەر حکومڕانن. هەروەك گلێن ڕۆنس ئاماژەی بۆ دەکات ((بەپێچەوانەوە، خەسڵەتی جیهانی هاوچەرخی عەرەب بریتییە لەوەی لە ڕووی سیاسییەوە زۆر زۆر سەقامیگرە لە لوتکەدا، نەك ناسەقامگیر))[١].

خشتەی ٥,١ ئەوە دەخاتەڕوو کە بەستەڵەکەکە دەتوێتەوە. هەرچەندە زۆرێك لە سەرکردە عەرەبەکان لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکاندا هاتنەسەر دەسەڵات، بەڵام ناوچەکە لەم چەند ساڵەی دوایی گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە.

لە ساڵی ١٩٩٧دا، سەرۆك خاتەمی هەڵبژاردنەکەی ئێرانی بردەوە و هەڵمەتێکی بۆ چاکسازیکردن لە نیزامی شۆڕشگێڕیدا خستەگەڕ.

له ساڵی ١٩٩٩ چەند سەرکردەیەکی نوێ کاروباری دەسەڵاتیان لە وڵاتانی جەزائیر، بەحرەین، ئوردن، ومەغریبدا گرتەدەست، وە لە ساڵی ٢٠٠٠دا یەکێك لە سەرسەختترین سەرکردەکانی جیهان، حافز ئەسەدی سوری، کۆچی دوایی کرد.

ئەم بەشە سەرەتا هەوڵی گەڵاڵەکردنی تێگەیشتنێك دەدات دەربارەی گۆڕانی ڕژێم[٢]. لە دواییدا دەرەنجامەکانی گۆڕینی ڕژێم لە سعودیە، سوریا، و میسر هەڵدەسەنگێنێت. هەڵبژاردنی ئەو وڵاتانەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و بایەخیان بۆ ناوچەکە و بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانیش. سوریا ڕژێمێکە دژی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەفتار دەکات لە ناوچەیەکی هەستیاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. میسر و سعودیە لە لایەکی دیکەوە، گرنگترین شەریکی واشنتۆنن لە ناوچەکەدا[٣].

بۆ هەر حاڵەتێك، ئەم بەشە هەوڵدەدات ئەوە لێکبداتەوە چ سیاسەتێك لە نیگەرانییە جیبۆلیتیکییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت،و ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت کە هاوبەشبن لە نێو ئەو ڕژێمانەی جێی متمانەن و کامانەن ئەو سیاسەتانەی ڕژێمگەلێکی دیاریکراو دەیگرنەبەر (بۆ نمونە ڕژێمێکی ئیسلامی بە بەراورد بە ڕژێمێکی سەربازی) لەوەش زیاتر، هەوڵدەدات سەرنجی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو سەرکردانە بدات کە لە دەسەڵاتدان، بە هەمان شێوە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو کەسانەش کە جێیان دەگرنەوە بۆ شیکردنەوەی و لێکدانەوەی ئەوەی چۆن گۆڕانی تاکەکەسەکان کە لە حوکمڕانیدان ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر سیاسەتەکانی حکومەتەکەیان. هەروەها هێزی سەرکردە بەدیلە جیاوازەکانی هەڵدەسەنگێنێت، بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕوون دەربارەی ئەو بەدیلە جۆراوجۆرانە بخاتە ڕوو، کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت جڵەوی فەرمانڕەوایی بگرنە دەست.

سەرکردە نوێیەکان لەم ڕژێمانەدا زۆر بە وریاییەوە هەڵسوکەوتدەکەن کاتێك هەوڵی پتەوکردنی دەسەڵاتەکەیان دەدەن. بە هەر حاڵ دوودڵیی سەرکردە نوێکان



لە هاوکاری و هەماهەنگیکردن لەگەڵ دەستپێشخەرییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بە دیاریکراوی بۆ نیگەرانی ئەوان دەگەڕێتەوە لەوەی پاڵپشتی جەماوەری بدۆڕێنن، بەڵام هەڵگرتنی هەنگاوی هەڵە شتێکی خۆڵالێنەدراوە.

لەوانەیە سەرکردەکانی زیادەڕەوی بکەن لە هەڵسەنگاندنی توانای هێزە سەربازییەکان و متمانەکردنیان بە یارمەتی نێودەوڵەتی کە ئەمەش لە جێی خۆیدا نییە، چونکە باوەڕیان وایە دەتوانن ترس و لەرز بخەنە دڵی دوژمنەکانیانەوە، یاخود بیروبۆچوونی هەڵەیان هەیە کە دەبێتە مایەی ناکۆکی و ململانێ. ئەو گۆڕانانەی ئەگەری ڕوودانییان هەیە، بە دڵنیاییەوە هەمووی ئاسەواری خراپی لێناکەوێتەوە، لە سعودیە، شا عەبدوڵڵا دەتوانێت هەستی دژە ڕژێم خامۆش بکات و چاکسازی سەختیش ئەنجامبدات.

ڕەنگە پرۆسەی گۆڕینی ڕژێم، وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ دەستێوەردان هانبدات. وڵاتە یەکگرتووەکان چەند ئامرازێکی کاریگەری کەمی لە بەردەستدایە بۆ دەستێوەردان، گوشاری کراوە و بێسنور ڕەنگە دەرەئەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە.

دەبێت واشنتۆن زیادکردنی پەیوەندییەکانی لەبەرچاو بگرێت لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتن و خاوەنی پاڵپشتییەکی بەرچاون، ئەویش بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە گۆڕانە کتو پڕو چاوەڕواننەکراوەکان.

هەروەها دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکان زیاتر جەخت لەسەر ئامادەکردنی ڕای گشتی بکاتەوە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی زەمینەی گۆڕاوی کتوپڕ لە هەندێ وڵاتدا لە بارە، و بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ڕەنگە ئەم ڕژێمانە لە قۆناغێکی دیاریکراودا دوودڵبن لەوەی دەرفەتی هێورکردنەوەی ڕای ناوخۆیی بڕەخسێنن لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، ئەوا بوونی چەند ڕێگا چارەیەك دەبێتە کارێکی پێویست[٤].

## سنورەکانی گۆڕانی ڕژێم

بۆ کەسێکی دەرەکی سەختە پێشبینی گۆڕانی ڕژێم و دەرئەنجامەکانی بکات. زانیاریی ڕۆژئاوا دەرباری دەستە بژێری سیاسی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کەم و سنوردارە، لە ڕاستیدا شارەزایانی ناوچەیش هەندێ جار دووچاری سەر سوڕمان دەبن: ژمارەیەکی کەم پێشبینیان دەکرد کە مەلیك حوسەین هەستێت بە گۆڕینی جێگرەوە کۆنەکەی (کە ماوەیەکی دوور و درێژبوو دەستنیشانکرابوو) لە حەسەنی برایەوە بۆ کوڕەکەی عەبدوڵلا لە هەفتەکانی پێش مردنیدا. لەو کاتانەدا، کتوپڕی گۆڕانەکە سنوردەبڕێت و دوور دەڕوات. لە ساڵی ١٩٧٩ ئێران شۆڕشێکی بەخۆیەوە بینی کە هەموو چاودێرانی دووچاری سەرسوڕمان کرد! وڵاتانی دیکەش بە بەردەوامی گرفتاری کودێتا و نائارامییەکان بوون کە زۆر کەمیان پێشبینیکراوبوون.

سەرکردەکان تا دوا ئەندازە لە یەك جیاوازن، ئەگەرچی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانیان و ژینگە ستراتیژییەکانیان بە نەگۆڕی ماونەتەوە. سەرکردەکان دەتوانن گۆڕانی قوڵ و ریشەیی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکانیاندا بەدی بهێنن، بەرەو شەڕ دەچن ئەگەرچی باردۆخە سەربازییەکان لەبار نین، دامەزراوە گەلی ناوخۆیی نوێ دادەڕێژن و کۆنەکان بێ سەنگ دەکەن، یاخود هەڵدەستن بە داڕشتنی بونیادەکانی سیاسەتە ناوخۆییەکانییان و هەل ومەرجە نێودەوڵەتییەکان[٥]. بۆ نموونە، سەرۆکی میسری ئەنوەر سادات ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی گۆڕی، لە هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤێتەوە بوو بە هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هێرشێکی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراوی سەرکەوتووانەی کردە سەر ئیسرائیل، گفتوگۆی ڕێکەوتنی ئاشتیانەی لەگەڵ ئیسرائیل ئەنجامدا، ئابووری میسری ئازاد کرد، بە گوزارشتێکی دیکە ئاڵوگۆڕی بەسەر سیاسەتە ناوخۆیی، ناوچەیی، نێودەوڵەتییەکانی میسردا هێنا.



لە ڕاستیدا، گۆڕانی خێرا و ڕیشەیی ئەگەری ڕوودانی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە تیایدا سەرکردە ژیرەکان هەڵدەکەون و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانەش بەردەوامییان هەیە. لە ڕۆژگاری ساڵانی پەنجا و شەستەکاندا، میسر، عێراق، لیبیا، سوریا و یەمەن تێکڕا بە ئەزموونی کودەتای سەربازیدا گوزەریان کرد. لە ساڵی ١٩٧٩، شۆڕشێکی جەماوەری ڕژێمی شاهنشاهی ئێرانی ڕووخاند. هەوڵی جەزائیر بۆ ئاوەڵاکردنی زیاتری پرۆسەی سیاسی لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا سەری کێشا بۆ کودەتای سەربازی ئەمری واقیع و جەنگی ناوخۆیی، هەتاوەکو وڵاتە دیموکراسییەکانی وەك تورکیا و ئیسرائیل گۆڕانێکی قوڵ و بنەڕەتیان بەسەر سیاسەتەکانیاندا هێناوە.

کاتێك سەرکردە نوێکان سەریانهەڵدا و دەرکەوتن، کاریگەرییەکی گشتی زیاتر لەسەر بڕیارسازدان ئەگەری هەیە و ئەگەرێکی بەهێزیشە و هەروەك لە بەشی دووەم و حەوتەمدا گفتوگۆی لەسەر کراوە، پرۆسەی ئازادبوون و بەدیموکراتیبوون بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ بەرێوەدەچێت، لە کاتێکدا شۆڕشی زانیاری وایکردووە ژمارەیەکی زیاتری هاوڵاتیان ئاگاداری ڕووداوەکان بن و بەشێوەیەکی خێرا کاردانەوەیان لە بەرامبەردا هەبێت. ئەم ئاڕاستانە بە زەحمەت ئاڵوگۆڕی تەواو لە سیاسەتی عەرەبیدا پێکدەهێنن، بەڵام گوزارشت لەوە دەکەن کە ڕای گشتی هێزێکی گەشەکردووە و پێویستە لە لایەن بڕیارسازانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لەبەرچاو بگیرێت.

ڕوونتر بدوێن، ڕای گشتی مومارەسەی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ ناکات، بەڵام پانتایی کارکردنی سەرکردەکان بەرتەسك دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو سەرکردانە لە ڕووی سیاسییەوە لاواز بن.

## جۆرەکانی گۆڕانی ڕژێم

بەلای کەمەوە گۆڕانی ڕژێم بە سێ ڕێگە ڕوودەدات، یەکەم، گواستنەوەی دەسەڵات دەگرێتەوە لە سەرکردەیەکەوە بۆ سەرکردەیەکی دیکەی لە هەمان دەستەی دەسەڵاتدار یاخود بنکەی هێزدا. ئەمەش گواستنەوەی دەسەڵات دەگرێتەوە لە باوکەوە بۆ کوڕ، هەروەك لەم چەند دەیەیەی دواییدا بینیمان لە بەحرەین، قەتەر، ئوردن، مەغریب و سوریا گواستنەوە بۆ ئەندامێکی هەمان بنەماڵە (بۆ نموونە لە سعودیە لە مەلیك فەهدەوە بۆ براکەی، مەلیك عەبدوڵڵا کاتێك تەندروستی مەلیك فەهد خراپبوو)، یاخود گواستنەوەکە بۆ ئەو سەرکردەیە ڕوودەدات کە لە هەمان ئەو دەستەبژێر و خاوەن بەرژەوەندییانەوە هاتوون کە پێکەوە حوکمڕانی دەکەن (بۆ نموونە گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن موبارەکی جێگری سەرۆکەوە دوای کوشتنی سەرۆکی میسری سادات لە ساڵی ١٩٨١دا).

ئەم گواستنەوەیە ئاشتیانە و بێ خوێنڕشتن بەرێوەدەچێت: ئەو کودەتایەی سەرکردەیەکی سەربازی بە سەرکردەیەکی دیکەی سەربازی دەگۆڕێت (وەك ئەوەی حافز ئەسەد کردی لە دژی سەلاح حەدید) یا کودەتای ناو هەمان خێزان (نموونە، سوڵتان قابووس بە ئاشتیانە دەسەڵاتی لە باوکی وەرگرت) ئەمانەش هەر سەر بە جۆری یەکەمی گۆڕانی ڕژێمن کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

ڕێگای دووەم دەستا و دەستکردنی دەسەڵات دەگرێتەوە لە دەستەیەکی دەستەبژێرەوە بۆ دەستەیەکی دیکە، مەودای ئەم جێگۆڕکێیەش بەرفراوانە، دەستەبژێرەکان لە گرووپی ئەتنی جیاواز، چینی کۆمەڵایەتی جیاواز و ناوچەی جیاوازی وڵاتەوە سەرچاوە دەگرن.

بەهەرحاڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرکردە ئایینییەکان بە زۆری ڕێکخراوترین دەستەی دەستەبژێرن، بەڵام ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرکەوتووانە یەکێتییە بازرگانییەکان، ڕۆشنبیرییەکان، کۆمەڵەکانی خاوەن پیشەکان، و



بازرگانەکانیان کردۆتە بەشێکی دەسەڵاتەکەیان یاخود سەرکوتیان کردوون، بەڵام سەرکوتکردنی گرووپە ئایینیەکان کارێکی سەختترە.
ئەوان لەو ڕێکخراوەوە سەرچاوە دەگرن کە لە مزگەوت و تۆڕەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگە پێکدێن. لەبەر ئەوەی ئاین ئاوێتەی ژیانی زۆرێك لە هاوڵاتیانە، ژمارەیەکی کەمی ڕژێمەکان ئارەزوومەندن بە ئاشکرا باوەڕو نەریتە ئایینییەکان سەرکوتبکەن. لەوەش زیاتر، هەندێك لە ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتەکانیان پەنا بۆ ئاین دەبەن. لەبەر ئەوە، مایەی سەرسوڕمان نییە کە لەم ساڵانەی دواییدا ئیسلامییەکان سەلماندوویانە سەرسەخترین بەرهەڵستکاری ڕژێمەکانی ناوچەکەن. ئیسلامییەکان جڵەوی دەسەڵاتیان لە ئێران و سودان گرتەدەست، و بۆ ڕژێمەکانی سوریا، میسر، سعودیە، بەحرەین، ئوردن، جەزائیر، لیبیا و دەسەڵاتی فەلەستینی بوونەتە بەرەنگارییەکی (تحدی) ڕاستەقینە.
ڕێگای سێیەم، گواستنەوەی دەسەڵات دەگرێتەوە لە دەستەبژێری حکومڕانەوە بۆ ڕژێمێك کە زیاتر لە جەماوەرەوە نزیك بێت. ئەمەش کاتێك ڕوودەدات کە شۆڕشێکی جەماوەری ڕژێمێك دابمەزرێنێت کە پشت بە چین و توێژە جیاوازەکانی جەماوەر ببەستێت، یاخود بەهۆی هەنگاو هەڵگرتن بەرەو دیموکراسی دێتە ئاراوە، کە ئازادییەکی پتر بۆ هاوڵاتیان ئاوەڵا دەکات تاوەکو ڕۆڵێکی زیاتریان لە داڕشتنی سیاسەتەکان و دەستنیشانکردنی سەرکردەکاندا هەبێت.

بەهەرحاڵ لە هەندێ هەلومەرجدا، ئەم ئاڵوگۆڕانە گوزارشت لە گۆڕانکاری ناکەن لە سەرکردایەتیدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە گوزارشت لە بەرژەوەندی سەرکردەکان دەکەن. ئەو سەرکردانەی ئێستا کاروباری دەسەڵات هەڵدەسوڕێنن لەوانەیە هەوڵی پێکهێنانی پاڵپشتییەکی جەماوەری ساختە بدەن بەبێ پابەندبوونی ڕاستەقینە بە دیموکراسییەوە، ئەویش بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوان بۆ ئەو گۆڕانانەی پاڵپشتییەکی جەماوەرییان نییە، یاخود بۆ بەهێزکردنی دەسەڵات دژی دەستەبژێرە نەیارەکان.

هەریەك لەم ڕێگایانەش ئاستی جیاوازی شیکردنەوە دەخوازن: ئاستی یەکەم تاکە کەسییە، لایەنە بەهێز و لاوازەکان، لایەنە شاراوە و تەمومژاوییەکان، ئامانجەکانی کەسایەتییە دیاریکراوەکان چین؟ ئاستی دووەم، بریتییە لە شیکردنەوەی سیفەتەکانی دەستەبژێر، جەختکردنەوە لەسەر خەسڵەتەکانی بنەماڵەیەکی دیاریکراو یا دەستەیەکی دەسەڵاتدار. ئاستی سێیەم، پەیوەندی بە هەڵسەنگاندنی گرووپە ڕکابەرەکان و بەرنامەکانیانەوە هەیە. چۆن ئەم دەستەبژێرانە، لە دەستەبژێرە حوکمڕانەکان جیاوازن؟ ئایا ئامانجی جیاوازیان هەیە، یاخود پشت بە گرووپی کۆمەڵایەتی جیاواز دەبەستن بۆ پشتگیری لێکردنیان؟.

پێچەوانەکردنەوەی ئەو پرسیارانە دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە سەرچاوەکانی سەقامگیری. کامانەن ئەو ڕاستی و سنورە جیۆپۆلەتیکیانەی ڕێگرن لەم گۆڕانانە؟

لێکدانەوەی هەلومەرجی ئەم سێ وڵاتە(سعودیە،وسوریا و،ومیسر) لەم ئاستە جیاوازانەی شیکردنەوەوە بەدەستهاتوون. شیکردنەوەی بارودۆخی هەر وڵاتێکیش سیاسەتە جیاوازەکانی ئەندامە گرنگەکانی دەستەبژێری دەسەڵات، بەرنامەکانی گرووپە نەیارەکان، هەست و هەڵوێستەکانی جەماوەر لە ئاستە فراوانەکەیدا لێکدەداتەوە.

## گۆڕانی سەرکردایەتی لە عەرەبستانی سعودیە

پێدەچێت بە دواداهاتن و جێگرتنەوەی سەرکردایەتی لە عەرەبستانی سعودی سەقامگیر بێ. لەوەتەی عەبدولعزیز لە پەلامارێکی بوێرانەدا بۆ سەر ڕیاز لە ساڵی ١٩٨٢ جڵەوی حوکمڕانی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بنەماڵەی ئال سعود، حوکمڕانی ئەم مەملەکەتە دەکەن، بە درێژایی سەدەی بیست ئەم بنەماڵەیە لە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی، ناسیۆنالیستی عەرەبی، توندڕەوی ئیسلامی، شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆیی، و چەندین هەڕەشەی دیکەی سەر فەرمانڕەوایەتییەکان ڕزگاری



بووە. هەروەها، باڵادەستی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەی سعودییەوە بەهێزکردووە و زۆر بە ئاسانی پرۆسەی گواستنەوەی سەرکردایەتیان لە ئەندامێکی بنەماڵەی عەبدولعەزیزەوە بۆ ئەندامێکی دیکەی هەمان بنەماڵە ئەنجامداوە[٦].

بەڵام هێشتا گۆڕان، هەتا گۆڕانی بنەڕەتی و قوڵیش ئەگەری ڕوودانی هەیە لە عەرەبستانی سعودی. نەبوونی چاودێرییەکی ڕەسمی لەسەر دەسەڵاتی پاشایەتی، گواستنەوە لە شا فەهدەوە بۆ شا عەبدوڵلا، وە ئەگەری جێگرتنەوە و بەدواداهاتنی سەرکردەی دیکە بە دواییدا کە وا چاوەڕوان دەکرێت لەم نزیکاندا ڕووبدات، دەرئەنجامگەلی گرنگی لێدەکەوێتەوە، سەرەڕای ئەوەش هێز و سەربەخۆیی ئال سعود تەواو لە مەترسی و گرفت ڕزگاری نەبووە، لەوانەیە لایەنێکی ڕکابەر سەرهەڵبدات کە باشتر گوزارشت لە ڕای گشتی بکات وەك لەبەرەی دەسەڵات، یاخود لە دەستەبژێرە نەیارەکانی دیکە، وەك زۆرێك لە ئیسلامییەکانی میرنشینەکە.

ئەم بەشە ڕەوتی گۆڕانی چاوەڕوانکراو لە عەرەبستانی سعودیدا دەخاتە ڕوو، و بەدیلە جیاوازەکانی جێگرتنەوەی سەرکردایەتی و دەرئەنجامەکانی سیاسەتەکانیان لێکدەداتەوە. هەروەها هەوڵدەدات ئەوە دەستنیشانبکات کە ناگۆڕێت. لە عەرەبستانی سعودی (هەروەها لە هەموو وڵاتانی دیکە)، سیاسەت لە لایەن جوگرافیا و ڕاوبۆچوونە هاوبەشەکانی سعودییەکان دادەڕێژێت کە هەموو لایەنە سیاسییەکان کۆکن لە سەری[٧].

## گۆڕانی سەرکردایەتی لە سوریا

ئەو ڕژێمەی ئێستا بەشار ئەسەد سەرکردایەتی دەکات ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بەڵام لە ساڵانی ئایندەدا بۆی هەیە باڵادەستی و دەسترۆیشتووییەکی لاوازبێت.

باوکی بەشار، حافز ئەسەد نزیکەی سی ساڵ بە زەبری ئاگرو ئاسن حوکمڕانی سوریای کرد هەتا مردنی لە ساڵی ٢٠٠٠، وڵاتەکەی (کە بارودۆخێکی ناسەقامگیری بەردەوامی هەبوو) گواستەوە بۆ وڵاتێك کەببێتە سەنگەری سەقامگیری، بەڵام ئەم گواستنەوەیەش لە دوای بەخشینی باجەوە هات. ڕژێم سیاسەتی سەرکوتکردنی دڵڕەقانە، ڕەچاوکردنی خزمایەتی لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری و حوکمڕانی کەمینەی پیادەکرد بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا. ڕوون نییە ئایا بەشار ئەسەد کە کەسێکی بێ ئەزموونە دەتوانێت هەمان ئەو دڵسۆزانە لەناو دار و دەستەکەیدا لە خۆی کۆبکاتەوە و ترس و لەرز بخاتە ناو نەیارەکانییەوە لە کاتێکدا بیەوێت سەرکەوتووانە چاکسازی لە ئابووریدا ئەنجامبدات، هەروەك خۆی بەڵێنی داوە بیکات.

هەڵسەنگاندنی هێڵەکانی گۆڕانی ڕژێم لە سوریا کارێکی پڕ بایەخە گەر بمانەوێ لە مەودای سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان، ئەگەر نەڵێین نزیکەکان، بۆ دوا ڕۆژی وڵاتەکە تێبگەین.

## بەشار لە بەرامبەر حافز ئەسەددا

زەحمەتە بتوانین دوو وێنەی هاوشێوە بۆ هەریەکە لە بەشار ئەسەد و حافزی باوکی بکێشین. بەشار بۆ کەمتر لە دە ساڵە لەسەر شانۆی ڕووداوەکانی سووریدا ڕۆڵ دەبینێت، لە کاتێکدا باوکی بەوە ناسرابوو کە ((پیاوێکی تەم و مژاوی و پڕ نهێنییە))، و چاودێرانی دووچاری سەرسوڕمان کردبوو لە سوریا و لە ناوچەکەدا، لە بەرئەوەی نەیاندەزانی ئامانجە ڕاستەقنیەکانی چی بوون. بەهەر حاڵ تێگەیشتن لە پرۆسە و سروشتی چڕبوونەوەی دەسەڵات لە سیستەمی سیاسی سوری و تێگەیشتن لە جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو کەسایەتییە کارێکی بایەخدارە.



کاتێك گەیشتە دەسەڵات بەشار خاوەنی ئەو ئەزموونەی باوکی نەبوو. پێویستییەکانی پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی حافز ئەسەدیان ناچارکرد لەگەڵ مەسیحییەکانی لوبناندا دژی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان کار بکات، هەوڵیدا (حافز ئەسەد) بەرەی فەلەستینی لێکبترازێنێ و لە بری عێراق یارمەتی ئێرانیدا لە جەنگی هەشت ساڵەی نێوانیاندا، بەدەربڕینێکی دیکە پشتی لە بەرنامەی ناسیۆنالیستی عەرەبی بەعسی کرد. بە ماوەیەکی کەم دوای دەسەڵاتگرتنەدەست، بەشار هەستا بە هەڵگرتنی هەنگاوی سەرەتایی بۆ دووبارە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق و ئوردوندا یان بە واتایەکی دیکە هێمنی و ئارامی سنورەکانی وڵاتەکەی بپارێزێت تاوەکو یەکلابێتەوە بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتەکەی لەناوخۆدا.

هێشتا دیار نییە ئایا بەشار هەمان ئەو لێهاتووییانەی هەیە کە یارمەتی حافز ئەسەدیاندا لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و سەنگ و قورسایی سوریاش بپارێزێت. حافز وریا و چاوکراوە بوو، دوای سەرکەوتنە گەورەکەی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧دا، حافز ئەسەد تەواو هۆشیار بوو لە بەرامبەر بەرتەسکی و سنوردارییەکانی توانای سەربازی سوری بۆیە هەوڵیدا خۆی لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لابدات، هەرچەندە بۆ فشارخستنە سەر ئیسرائیل هەستا بە پیادەکردن و پاڵپشتیکردنی تیرۆریزم[٨].

هەتا لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتە سەربازییەکان یاخود پشێوی بەربڵاویشدا حافز ئەسەد خۆڕاگر و لەسەرخۆ بوو. دوا شت کە بووترێت ئەوەیە، حافز ئەسەد کەسێکی بێ بەزەیی بوو، بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە ئامادەی هێرشکردنە سەر هاوڕێ کۆنەکان و لەناوبردنی دەیان هەزار سوری هەبوو[٩]. لە دەرئەنجامدا، هەرچەندە لەناوخۆدا جەماوەر پاڵپشتیان لێ نەدەکرد، بەڵام توانی نەخشەکەی خۆی بەرێتەسەر، بە دەربڕینێکی دیکە توانی بە سەر ململانێ و ناکۆکییە سیاسییەکاندا زاڵبێت.

بەپێچەوانەوە بێئەزموونی بەشار، نە مایەی متمانەیە و نە مایەی نیگەرانییە. هاوڕێکانی وا وەسفی دەکەن کە شپرزە و لەرزۆکە لە ڕەفتارەکانیدا[١٠]. هەندێك گومانیان هەیە لەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی کارا حوکمڕانی بکات، لەوەش زیاتر، گومانی ئەوە دەکەن کە ئایا هەر لە بنەڕەتدا مافی حوکمڕانیکردنی هەیە[١١]. هەر لەبەر ئەمەش دەبێت هۆشیارانە هەڵسوکەوت بکات کاتێك بنچینەی حوکمڕانییەکەی پتەو دەکات.

پتر لەوە، گەورەترین کاریگەری بەشار لەناوخۆی وڵاتەکەدا بەرجەستە دەبێت، هێشتا بەشار ئەسەد ئەو گۆڕانکارییانەی نەخستۆتە ڕوو کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی هەڕەشە لە سیستەمی حوکمڕانییەکەی بکەن، بەڵام چاوپۆشی لێکترازانی لاوەکی دەکات، ئەمەش گۆڕانێکی ڕیشەییە لە سیاسەتە زەبر و زەنگ ئامێزەکانی باوکی. بەشار لە وتار و قسەکانیدا جەخت لەسەر چاکسازی ئابووری دەکاتەوە، سەرەڕای ئەوەش، ڕێگەی داوە بە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی کە دووبارە سەرهەڵبدەنەوە، ئەگەرچی بەشێوەیەکی سەرەتایش بێت[١٢].

هەروەها بەشار ئەسەد ئاڕاستەی سیاسەتە دەرەکییەکانی(ئەگەرچی بە یەکجاری کۆتایی پێنەهێناون) سوری گۆڕی کە مایەی خولقاندنی ناکۆکی و ململانێ بوون.

لەوەتەی گەیشتووەتە دەسەڵات پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ تورکیادا بەرەو پێشبردووە[١٣] هەروەها بەشار زیاتر ئامادەی هاوکاریکردن بوو لەگەڵ عێراقی سەدامدا، هەرچەندە ڕژێمەکە لە ڕۆژانی کۆتایی ژیانیدا بوو[١٤].

ڕوانگەی حافز ئەسەد بۆ ناکۆکی فەلەستین و ئیسرائیل تێکەڵەیەك بوو لە شانازی، بە سوك سەیرکردن و هەلپەرستی، بەگشتی، بایەخێکی کەمی بە عەرەفات و بزووتنەوەی فەلەستینی دەدا، بەڵام باوەڕی وابوو کێشەی فەلەستین



چەقی سەقامگیرییەکانی ناوچەکەی گرتووە. هەر بۆیە هەوڵیدا کە ئاڕاستەکانی ململانێی فەلەستینی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، هەروەك هەوڵیدا خۆی لە هەڕەشە و مەترسی بزوتنەوە توندڕەوەکان بە دوور بگرێت بەوەی نەبنە مایەی هەژاندنی ڕژێمەکەی لە کاتێکدا کە ئەو ئەم بزوتنەوانەی ئاراستەدەکرد بۆ لاوازکردنی ئیسرائیل بە چەشنێك خزمەت بە ئامانجەکانی سوریا بکات. سەرەڕای ئەوەش سیاسەتەکانی هەمووی ماکیاڤیلییانە نەبوون.

هەندێ لە شرۆڤەکارانی سیاسی، لەو باوەڕدابوون کە ئەو شکۆمەندی خۆی و سوریای، بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییەوە گرێ دابوو، هەر ئەم باوەڕەش وایلێکرد دوودڵ بێت لەوەی لە گفتوگۆکانی ئاشتیدا هیچ سازشێك پێشکەش بکات[١٥].

بەشار ئەسەد لە گفتوگۆکانی ئاشتیدا ڕێبازی باوکی گرتەبەر هەروەك باوکی بانگەشەی بۆ ((ئاشتی بە هێزەکان)) کرد، کە لە ڕاستیدا بە مانای سازشنەکردن دێت لە سەر بەرزاییەکانی جۆلان. لەوەش زیاتر کاتێك ڕاپەڕینی دووەم بەردەوام بوو، ڕێگەیدا (بەڵکو هەستا بە هاندانی) ڕادیکاڵە عەرەب و ئیسلامییەکان (بەتایبەتی لە سوریا و لە لوبنان) بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل. هەروەها هەستا بە سوورد وەرگرتن لە هەستی ناسیۆنالیستی عەرەبی و وتاری دژە ئیسرائیلی بۆ کۆکردنەوەی پاڵپشتی و پشتوانی بۆ ڕژێمەکەی لە نێو خەڵکی سوریادا. سەرەڕای ئەوەش پشتیوانی و کۆمەکی حزبوڵای کرد لە هێرشەکانیدا بۆ سەر ئیسرائیل، وەك ئامرازەکانی بەردەوامیدان بە فشار بۆ سەر حکومەتی ئیسرائیلی. سازشنەکردن لە بەرامبەر ئیسرائیلدا پتر لەوەی باوکی بەڵێنیدابوو کارێکی ئەستەمە بۆ بەشار ئەسەد، لەبەر ئەوەی پێگەیەکی ناوخۆی لەرزۆکی هەیە. بە هەرحاڵ پشتیوانی بەشار بۆ ئەو ڕادیکاڵانەی دژی ئیسرائیلن سیاسەتی ناوخۆی وڵاتی تێپەڕاندووە. لەوەدەچێت ئەو پابەندی (بەلای کەمەوە)دابینکردنی ڕادەیەك لە پشتیوانی بێت بۆ چالاکی ڕادیکاڵی.

## گواستنەوە لە بەشارەوە بۆ گەمەکارە ناوخۆییەکان

بەشار بە ڕوونی ئەو کەسەی دەستنیشانکردووە کە لە کاتی مردنی پێشوەختەیدا جێی بگرێتەوە. نەیارەکانی ناو دەستەبژێری دەسەڵات زیاتر مایەی هەڕەشەن، بەتایبەتی ((بارونە)) عەلەوییەکان ((پیاوانی دەستڕۆیشتووی عەلەوییەکان))[16]. ئەوەی کەمتر مایەی مەترسییە، بەڵام بۆی هەیە گۆڕانی قوڵ بەسەر سوریادا بهێنێت، پێدەچێت ڕژێمێکی دەستڕۆیشتووی ئیسلامی بێت. هەر کەسێك دەسەڵات بگرێتە دەست پانتاییەکی بەرچاوی ئازادی دەبێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لەبەر ئەوەی دامودەزگا سورییەکان لە بارێکی زۆر لاوازدان.

## ((بارونە)) عەلەوییەکان

لە ساڵانی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا، حافز ئەسەد دەستی کرد بە دامەزراندنی سیستەمێك لەسەر بناغەی خۆێن و خزمایەتی و بەرگێکی ئایدۆلۆژی کرد بەبەردا[17]. حافز بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو ئەندامانی کۆمەڵەی عەلەوی لە پۆستەکانی سەرکردایەتی ئاسایش و سوپای وڵاتدا دامەزراند. ئەم تاکە کەسانە ((ئەگەرچی هەمیشە بە ڕەسمی نەدەکرانە بەرپرس)). کۆنترۆڵی هەواڵگری سەربازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری، هەواڵگری ئاسمانی،و ئاسایشی سیاسییان کردبوو، بە هەمان شێوە چەندین یەکەی سەربازی دەستەبژێر لە ڕاستیدا وەك پاسەوانی ڕژێمەکە خزمەتیان دەکرد. ئەم ((بارونانە)) بۆی هەیە دژی بەشار هەڵوێست وەربگرن ئەگەر بەشار سەلماندی کەسێکی لێوەشاوە نییە و هەڕەشە لە بەرژەوەندی و دەسەڵاتیان دەکات.

ئەگەر یاخیبوون و هەڵگەڕانەوەیەکی کتوپڕ لەناو دەستەبژێری حوکمڕانیشدا ڕوویدات، ئەوا چاوەڕوان ناکرێت لە دەرەنجامدا، گۆڕانی بنچینەیی لە سیاسەتی سوریدا لێبکەوێتەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی هەیە بە سیاسەتی دەرەکییەوە.



ئەم ((بارونانە)) زیاتر جەخت لە پاراستنی کۆمەڵەکەیان دەکەنەوە، بە دڵنیاییەوە بایەخ بە پاراستنی پێگەی زاڵ و باڵادەستیان دەدەن زیاتر لەوەی ئامانجێکی سیاسی دیاریکراویان هەبێت[18].

هەروەك حافز ئەسەد، ئەمانیش خۆیان لەو سیاسەتانە بەدوور دەگرن کە مایەی مشت و مڕ و ناکۆکیین و دەبنە هۆی تەقینەوەی تووڕەیی و ناڕەزایی جەماوەریی. بە هەرحاڵ ئەگەری ئەوە هەیە سەرکردەیەك سەر هەڵبدات و دەسەڵاتی خۆی پتەو بکات و بە هەمان شێوەی حافز ئەسەد، بتوانێت بیروبۆچوونی خۆی بەسەر سوریا و سیاسەتەکانیدا بسەپێنێت.

## ئیسلامییەکانی سوریا

ئیسلامییەکان لە سوریا لاوازن، ڕژێمی بەعسی بزاوتی ئیسلامی تێکشکاند دوای ئەوەی بەرهەڵستی ڕژێمیان کرد، کە ئەم سەرکوتکردن و تێکشاندنەش سەری کێشا بۆ توندوتیژی و ناسەقامگیرییەکی بەربڵاو لە سوریا لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ ساڵی ١٩٨٢. گرتن، زیندانیکردن، ئەشکەنجەدان،و شێوازەکانی دیکەی سەرکوتکردن، لە نێویاندا کاولکردنی شار حەما، کە پێگەی بە هێزی برایانی موسوڵمان بوو و هەزاران مەدەنی تیا کوژرا. ئەم بزاوتەی بێڕێکخراو و بێسەرکردایەتیەکی کاریگەر هێشتەوە لە سوریا[19]، بەڵام هەست و سۆزی ئیسلامی بە بەهێزی ماوەتەوە. نزیکەی لە سەدا حەفتای دانیشتوانی سوریا سوننە مەزهەبن، ڕێکخراوە ئاینییەکان بوونەتە خاوەنی تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەی سوریدا[20]. ئیسلامییەکان یەکجار بە گومان و هەستیارن بەرامبەر ڕژێمی عەلەوی، زۆرێك لە ئیسلامییەکان وەك بێ باوەڕ و لە دین دەرچوو سەیری عەلەوییەکان دەکەن، هەروەها بەرهەڵستی ئەو عەلمانیەتە سەختگیرە دەکەن کە جیزبی بەعس پشتیوانی لێدەکات.

سرەواندنی گورزی دڵڕەقانە لە ئیسلامییەکان لە لایەن حافز ئەسەدەوە لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا بووە هۆی دروستکردنی ڕق و قین لای هەموو کەس و لایەنە ئیسلامییەکان بەرامبەر بەم ڕژێمە[21] هەتا ئەو سوننە مەزهەبانەی کەمتر لایەنی ئاینی بەسەریاندا زاڵە، وا لە عەلەوییەکان دەڕوانن کە دەسەڵاتیان زەوتکردوو و پێویستە دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی بۆ کۆمەڵەکەی ئەوان بگەڕێتەوە. ئەگەر کێشە و گرفتی ناوخۆی عەلەوییەکان ئیفلیج بکات، بەتایبەتی ئەگەر لێکترازان لە ڕیزی سوپادا ڕووبدات، ئەوا ڕەنگە ئیسلامییەکان سەنگ و کاریگەری خۆیان زیاد بکەن.

گەیشتنی ئیسلامییەکان بە دەسەڵات ئاڵوگۆڕێکی سەرتاپاگیری لێدەکەوێتەوە لە کۆمەڵگەی سوریدا. سەپاندنی یاسای ئیسلامی و جل و بەرگە نەریتییەکان جێگای یاسا و ڕێسا عەلمانییەکانی بەعس دەگرنەوە. لەوەش زیاتر عەلەوی و سوننەکان ئەوانەی لە ڕژێمی ئێستا سوودمەندن ڕەنگە ئەو ماف و موڵکەیان لێ دابماڵرێت و بە سەختی سەرکوتبکرێن. ئەگەرچی ئیسلامییەکان بە ڕوونی گۆشەنیگاکانیان دەربارەی سیاسەتی دەرەکی دەرنەبڕیوە، بەڵام، هەروەك ئیسلامییەکانی دیکە، برایانی موسوڵمانی سوری یەکجار هەستیارن بەرامبەر گفتوگۆکانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا[22].

## بەردەوامی جیۆپۆلەتێك

هەر کەسێك لە دیمەشقدا دەسەڵاتی بە دەستەوە بێت پێویستە ڕووبەڕووی چەند ڕاستییەکی تاڵی باوردۆخی سیاسی هەنووکەیی سوریا ببێتەوە. لە هەمووی گرنگتر، سوریا وڵاتێکی هەژارە. ئابووری لە ژێر سایەی حافز ئەسەددا زۆر سست بوو، هەوڵە نیوە ناچڵەکانی بەشاریش بۆ ئازادکردنی ئابووری وڵاتەکە کاریگەرییەکی زۆر کەمیان هەبووە. هەر ڕژێمێك سەرچاوەگەڵێکی کەمی



لەبەردەستدا دەبێت بۆ ئاوێتەکردنی بەرژەوەندی ناوخۆی گرووپەکان یاخود بیناکردنی هێزی سەربازی سوریا. بە پێچەوانەی عەرەبستانی سعودییەوە، سوریا لە ڕووی ئابوورییەوە وڵاتێکی هەژار و لاوازە.

دیمەشق ئەوەندە لەرزۆك و لاوازە کە دراوسێ بەهێزەکانی دەتوانن فشار بخەنە سەری و بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. هێزە سەربازییە تەقلیدییەکانی سوریا لاوازن و کەلێنی نێوان ئەم وڵاتە و دراوسێکانی، بەتایبەتی تورکیا و ئیسرائیل، تا دێت گەورە دەبێت.

هێزە سەربازییەکان لە ڕووی قەبارەوە گەورەن، بەڵام لە ڕووی تفاق و کەل و پەلەوە هەژارن و وەکو پێویست مەشقیان پێنەکراوە. زۆرێك لە یەکە دەستەبژێرەکان جەخت لەسەر سەقامگیری ناوخۆیی دەکەنەوە، نەك پاراستنی سوریا لە دژی دوژمنە دەرەکییەکان. لە ساڵی ١٩٨٨ ئەنقەرە لە ڕێی هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزەوە دیمەشقی ناچارکرد کە پشتیوانیکردنی لە پارتی کرێکارانی تورکیا (PPK) بوەستێنێت، لەوەش زیاتر، سوریا ناتوانێت سەرکێشی ئەوە بکات ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ ئیسرائیلدا بەرەو هەڵکشان بەرێت، لەبەر ئەوەی هێزەکانی ئیسرائیل باڵادەستتر و پڕ تفاقترن و بە ئاسانی شکست دەکەنە چارەنووسی سوریا. وەك دەرەئەنجامی ئەو لاوازییە تەقلیدییەی، ڕەنگە سوریا بەشێوەیەکی چڕوپڕ پەنا بەرێتەبەر بەدەستهێنانی چەکە کیمیاوییەکان، بەرنامە مووشەکییەکان و هەڕەشە جیاوازەکانی دیکە. مووشەکەکان دەبنە ئامرازەکانی دەستی سوریا بۆ گورزوەشاندن لە ئیسرائیل، ئەمەش کارێکە هێزی ئاسمانی گیرۆدەی چەندین گرفت کردووە و سوپای هەژار لە ڕووی مەشق و تفاقەوە ناتوانن ئەنجامی بدەن. سەرەڕای ئەوەش مووشەکەکان ڕێگە بە سوریا دەدەن چەکە کیمیاوییەکان بەکاربهێنێت، وەك بەرپەرچدانەوەی هێزە ناوکییەکانی ئیسرائیل. ڕەنگە دیمەشق ڕایەڵی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێکخراوە

تیرۆیستییەکاندا گرێ بداتەوە، ئەمەش بۆ هێشتنەوەی ئامرازە کاریگەر و هەرزانبەهاکان بۆ گورزوەشاندن لە نەیارەکانی[٢٣].

## ئاکامەکان

ئایا دەستەبژێری دەسەڵات بە دەستی ئێستای سوریا لەمەودای دووردا بەردەوام دەبن لە پشتیوانیکردنی بەشار؟ ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە. ئەگەر بەشار ئەسەد سەرکەوتوانە کاروبارەکانی هەڵنەسوڕاند ئایا دەستەبژێری دەسەڵاتدار لەسەر عەرشی فەرمانڕەوایەتی لادەبن؟ یاخود دەسەڵاتەکانی کەم دەکەنەوە، وڵات لە دیکتاتۆرییەوە دەگوازنەوە بۆ ئۆلیگارشی؟.

پێویستی بەشار بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتەکەی وای لێدەکات ژیرانەو هۆشیارانە هەڵس وکەوت بکات، بەتایبەتی لە بواری کاروبارە مشتومڕ ئامێزەکانی سیاسەتی دەرەوە وەك گفتوگۆکانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا. سەرەڕای ئەوەش هەوڵەکانی چاکسازیکردن لە ئابووری دواکەوتووی سوریدا کە کارێکی لە ڕادەبەدەر پێویستە گەر سوریا بیەوێت خۆی لە داخورانی بەردەوامی دەسەڵات و دەستڕۆیشتووییەکەی لابدات، بۆی هەیە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی سەقامگیری. ڕەخساندنی ئازادی هاتووچۆی هاوڵاتیان و ئازادی ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان دەبنە هەڕەشەیەکی ڕاستەخۆ لە سەر باڵادەستی حیزبی بەعس بە سەر ژیانی سیاسییەوە.

لە ڕووی مێژووییەوە چینی بازرگانان هەمیشە قەڵای سوننەکان بوونە، چاکسازییە ئابوورییەکانی بەعس جەخت لەسەرکۆنترۆڵی دەوڵەت و بە پیشەسازیکردن دەکەنەوە وەك ئامرازگەلی پارسەنگدانەوەی هێزی سیاسی ئەم بازرگانانە[٢٤].

سەرەڕای ئەوەش، کەسایەتییە سوننی و عەلەوییەکانی سەر بەکەمینەی دەسەڵات بۆ پاراستن و بەردەوامیدانی بە بەرژەوەندییەکانیان پەنا بۆ کۆنترۆڵکردنی گرێبەستە حکومییەکان دەبەن، کە ئەم کارەشیان بڕێکی گەورەی گەندەڵی لە خۆدەگرێت.



ئەگەر سەرکردە عەلەوییەکانی دیکە یاخود ئیسلامییەکان دەسەڵات بگرنەدەست ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە بارودۆخەکە ڕەوتێکی ناسەقامگیری وەربگرێت. هەروەك (نیکۆلاس ڤان دام) سەرنجدەدات (ماوەیەکی دوورودرێژە، بنەمای سەرکردایەتی سەربازی بە کۆمەڵ سەرکەوتووانە پەیڕەونەکراوە))[٢٥]. بارودۆخی سیاسی بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ ناسەقامگیرییە یەك لە دوای یەکەکانی ساڵانی پەنجا و شەستەکان، کاتێك کودەتا جڵەوی بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەی لە دەستدابوو. گەر عەلەوییەکان لە دەسەڵات دوور بخرێنەوە، ئەوا توندوتیژی و نائارامی سەرهەڵدەدات بەتایبەتی کە زەمینە لەبار دەبێت بۆ ئیسلامییەکانی و قوربانییەکانی دیکەی دەستی حوکمڕانی بەعسی تا تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. ئاسەواری گۆڕانی ڕژێم لەناوخۆدا قوڵترو کاریگەرتر دەبێت وەك لە دەرەوەی وڵاتدا.

جێگۆڕکێ لەناو دەستەبژێری عەلەویدا ڕەنگە گۆڕانێکی کەمی لێبکەوێتەوە. هەرچەندە حکومەتێك لە ژێر ڕکێفی ئیسلامییەکاندا بێت زیاتر دوژمنایەتی و دژایەتی ئیسرائیل دەکات. بەڵام ئەویش دەکەوێتە ژێر باری ئابووری لاوازی سوری و هێزە تەقلیدییە داهێزراوەکەی. ڕژێمێکی دوژمن لە دیمەشقدا زیاتر مەسەلەی هەماهەنگیکردن لە کێشەکانی وەك بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا ئاڵۆز دەکات. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییە خراپەکانی نێوان سوریا و وڵاتە یەکگرتووەکان بە گشتی ئەوا هەموو کاریگەرییەکان سنوردار و بەرتەسك دێنە بەرچاو.

## گۆڕانی سەرکردایەتی لە میسر

سەرۆکی میسری حوسنی موبارەك بە هەمان ڕادەی کۆنترۆڵی سەرکردەکانی سوریا و عەرەبستانی سعودی حوکمڕانی ناکات، بەڵام ئەم جڵەو شلکردنە خاڵی هێزە بۆ سیستەمی میسری، نەك خاڵی لاواز. چونکە ئاماژە بە بەباش چەسپێن و

جێگیربوونی ڕژێمەکە و تێپەڕاندنی لە حوکمی تاکە کەسی، خێزان، و بنەماڵە دەکات. هێشتا ڕژێمی میسری، بە چەشنی دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکە، پەنا دەباتە بەر هەمەچەشنیەك لە ئاوێتەکردن و ناچارکردن بۆ پاراستنی پایەکانی حکومڕانێتی. جەماوەریش، بەتایبەتی ئەوانەی بەرهەڵستی ڕژێمی هەنووکەیی دەکەن، یا فەرامۆشکراون یا سەرکوتکراون. بەو پێیەی جەماوەر و بەرەی بەرهەڵستکار ئامانجەکانیان زۆر جیاوازە لە ئامانجەکانی ڕژێمی هەنووکە لە قاهیرە، ئەوا گۆڕانی ڕژێم ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بە سەر سیاسەتە دەرەکی و ناوەکییەکانی میسریدا دەهێنێت.

## گۆڕان لە دەستەبژێری میسریدا

سەرۆکی میسری حوسنی موبارەك زۆرجار وەك سەرکردەیەکی ئاسایی لە قەڵەم دەدرێت. لەو دەچێت بۆچوون و تێڕوانینەکانی موبارەك لە بیرو بۆچوونی دەستە بژێرە میسرییەکانی هەنووکە نزیکتر بن، وەك لە بۆچوونی سەرکردە میسرییە کۆچکردووەکان. زۆرجار وا دەردەکەوێت کە حوسنی موبارەك بەرجەستەی تێڕوانینەکانی سەرکردایەتی ئاسایش و سوپای میسری دەکات. ئەو کاریزمای ناسر و بزاوت و جموجۆڵی ساداتی نییە[٢٦]. موبارەك نەگۆڕە، پارێزگارە، پێشبینیکراوە. سەقامگیری ناوخۆیی نیگەرانی سەرەکییەتی. لە ماوەی ٢٠ ساڵی دەسەڵاتیدا نەکەوتۆتە هەڵەی گەورەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا حکومەتی سست کردووە و دەرفەتی گەشەکردنی بۆ سازنەکردووە[٢٧].

ئەگەر موبارەك کۆچی دوایی بکات ئەوا ڕێوشوێنێکی ڕوون نییە تا پەیڕەوبکرێت بۆ دانانی کەسێك لە جێگای، بەڵام هەر جێگرەوەیەك دەبێت پێشینەیەکی سەربازی یا ئەمنی هەبێت[٢٨].

موبارەك جێگری سەرۆکی دانەمەزراندووە، ڕەنگە ئەمەش بۆ ڕێگەگرتن بێت لەوەی هێچ نەیارێك بنکەیەکی دەسەڵات بنیاتبنێت[٢٩]. لەوەتەی پاشایەتی لە



ساڵی ١٩٥٢دا ڕوخێنراوە. هەموو سەرکردە میسرییەکان لە سوپاوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەو کەسانەی ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت ببنە پاڵێوراوی سەرۆکایەتی بریتیین لە عومەر سلێمان، کە خاوەنی ئەزموونێکی دوور و درێژە لە دەزگای ئاسایشی میسردا، ئەحمەد شەریف کە فەرماندەی هێزی ئاسمانییە، مەجدی تەها کە سەرۆکی هێزە چەکدارەکانە، ئوسامە ئەلباز کە ڕاوێژکاری سیاسی موبارەکە[٣٠]. جگە لە ئوسامە ئەلباز ئەم کەسایەتیانە ئەزموونێکی کەمیان لە سیاسەتی دەرەکیدا هەیە. ئەمە بە نزیکەی ئەو بازنە بەرتەسکەی ئەفسەرو سەرکردە سەربازییەکانە کە هەوڵدەدەن دام و دەزگا حکومی و سەربازییەکانی دیکە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، هەروەها هەوڵی ئەوە دەدەن بازرگان و پیاوانی کار ئاراستە بکەن و گەلی میسری لە پرۆسەی بڕیاردان دووربخەنەوە[٣١].

دەستەبژێرە میسرییەکان هاوبەشن لە بەدیهێنانی ئامانجێکی یەکجار گرنگدا: پاراستن و پتەوکردنی جڵەوی فەرمانڕەوایەتی. ئەوان سوود لە پێگە ئابووریەکانییان وەردەگرن و باوەڕیان وایە کە ڕژێمی هەنووکە بۆتە قەڵغانێك لە بەرامبەر توندڕەوی ئایینیدا.

بەهەرحاڵ سەرکردەکان سەربەستییەکی بێ سنووریان هەیە: ناسر و سادات بەرجەستەی ئەو ڕاستییەیان کرد کە هەتا لە مەسەلە جەوهەرییەکانی وەك چاکسازی ئابووری و پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیلدا، سەرکردە میسرییەکان ئازادییەکی بەرچاویان هەیە. بەهەرحاڵ دەستەبژێرە سەربازی و ئەمنییەکان هەستیارن بەرامبەر چاکسازییە ئابوورییەکان یا گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی دەرەکی کە بۆی هەیە هۆکاری نائارامی بن لە ناوخۆی وڵاتدا.

زۆرێك لە دەستەبژێرە میسرییەکان گرنگی پەیوەندی نێوان میسر و وڵاتە یەکگرتووەکان بە هەند وەردەگرن.

لە مێژووی مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی (کامپ دەیڤد)ەوە لە ساڵی ١٩٧٩، وڵاتە یەکگرتووەکان نزیکەی ٤٠ ملیار دۆلاری وەك کۆمەکی سەربازی و ئابووری بە

میسر بەخشیووە. هەندێك لە دەستەبژێرەكان باوەڕیان وایە ئەم یارمەتییە بووە هۆی بوژاندنەوەی ئابووری میسری لە دوای جەنگی كەنداوەوە. پتر لەوە، وڵاتە یەكگرتووەكان وەك هێزی سەقامگیری لە قەڵەم دەدرێت بۆ گرژی نێوان عەرەب و ئیسرائیل[٣٢]. هەندێ لە دەستەبژێرە خاوەن كارەكان بۆچوونیان وایە، بۆ گەشەكردن و بوژاندنەوەی ئابووری میسر هەبوونی پەیوەندییەكان و ئاشتەواییكردن لەگەڵ وڵاتە یەكگرتووەكاندا كارێكی پێویستە. هەروەك دەوترێت زۆرێك لە دەستەبژێرەكان تەواو هەستیارن بەرامبەر پەیوەندی میسر بە وڵاتە یەكگرتووەكانەوە، بەتایبەتی كە گفتوگۆكانی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە بنەست گەیشتوون، ئەگەرچی دەزانن كە بەرهەمێكی زۆر لەم هەڵوێستەیان ناچننەوە[٣٣].

## نەگۆڕە كۆمەڵایەتی و جیۆپۆلەتیكییەكان

هەر كەسێك فەرمانڕەوایی میسر بكات دەبێت لەگەڵ خەسڵەتە سروشتییەكانی وڵاتەكە و بارودۆخە جیوپولەتیكەكەیدا خۆی بگونجێنێت. كە ئەمانە دەگرێتەوە:

**★ پێشبینییەكانی سەركردایەتیكردن**

میسرییەكان هەمیشە وەك سەكردەی نەتەوەیی عەرەبی لەخۆیان ڕوانیوە، ئەم بیرۆكەیەش لەلایەن جەماوەرێكی بەرفراوان و مێژوویەكی شكۆدارەوە پاڵپشتی لێدەكرێت. جەماوەر و دەستەبژێری میسری ڕۆڵێكی چالاك وكارا لە سەركردەكانیان چاوەڕێدەكەن كە لەكێشەكانی عەرەب و ناوچەكەدا بیگێڕن.

**★ هێز و لاوازییە سەربازییەكان:**

میسر لەڕواڵەتدا، سوپایەكی بەهێزی هەیە. خاوەنی ژمارەیەكی زۆر كەلوپەلی پێشكەوتوە.



ئەگەر هێزێكی ((عەرەبی)) لە كەنداودا بڵاوبكرێتەوە بۆ یارمەتیدانی ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو، ئەوا میسر پاڵێوراوێكی لوژیكییە بۆ ئەوەی سەركردایەتی بكات. هەروەها میسر توانایەكی سەربازی كەمی هەیە تا بەرەنگاریی ئیسرائیلی پێ بكات، چونكە لەڕووی مەشقەوە لاوازە، ناتوانێت بە باشی تەكنەلۆژیای نوێ بەكاربهێنێت. هەروەها توانای ئاوێتەكردنی بەشە جیاوازەكانی سوپای نییە بۆ ئەنجامدانی كردارە هاوبەشەكان. ئەگەر پەیوەندی میسر و ئیسرائیل بە تەواوەتی ئاڵۆز بێت، ڕێگا چارەی سەربازی تەقلیدی كارێكی كردەنی نییە.

**★ بەگشتی میسرییەكانی دەرەوەی بازنەی حوكمڕانێتی پەرۆشی گرێدانی پەیوەندی نزیك نین لەگەڵ وڵاتە یەگگرتووەكاندا.** ڕاگەیاندنی میسری، لەنێویاندا ئەو دەزگایانەی پشتیوانی حكومەت دەكەن، هەمیشە هەستیارییەكی بەرزیان بەرامبەر سیاسەتەكانی وڵاتە یەگگرتووەكان هەیە و سەرسەختانە ڕەخنە لە (لۆبی جولەكە) دەگرن كە لە كە واشنتۆندا چالاكە[٣٤].

پشتیوانی وڵاتە یەكگرتووەكان لە ئیسرائیل ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندو ڕاشكاو دەبێتەوە، میسرییەكان لەو باوەڕەدان واشنتۆن دەتوانێت ئیسرائیل ناچاربە چەندین سازش بكات[٣٥]. لەگەڵ بەردەوامبوونی ڕاپەرینی دووەمدا، ڕەخنەش ڕەوتێكی ڕوو لەهەڵكشانی وەرگرتووە. بەگشتی وا لە وڵاتە یەكگرتووەكان دەڕوانرێت كە دەسەڵات و دەستڕۆیشتوییەكەی خراپ بەكاردەهێنێت و لە دژی عەرەبەكان لایەنگیری ئیسرائیل دەكات. ڕاپەڕینی ئەقسا و جەنگی سەر عێراق بیرو بۆچوون و گۆشە نیگایان بەرامبەر ئەمریكا بەرەو خراپی بردووە.

لە یەكێك لەو ڕاپرسییانەی لە دوا مانگەكانی ساڵی ٢٠٠٢ ئەنجامدراوە، تەنها شەش لە سەدی میسرییەكان ڕایەكی باشیان بەرامبەر بە وڵاتە یەكگرتووەكان هەیە[٣٦].

هەرچەندە دەستەبژێرە میسرییەکانی ئێستا ئەو سوودانە لەبەرچاو دەگرن کە لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ واشنتۆن بەدەستیدەهێنن، بەڵام ئەم لەبەرچاوگرتنە ڕەنگینەداوەتەوە لەڕای گشتی دا بەچەشنێك ببێتە مایەی خولقاندنی هەستێکی باش بەرامبەر بە وڵاتە یەکگرتوەکان.

## بەدیلی ئیسلامی

ئیسلامییەکان گوزارشت لە ڕێکخراوترین سەرچاوەی بەرهەڵستکاری دەکەن بۆ ڕژێمی هەنووکە. چەندین تەوژم و ئاراستە هەیە لە نێو بزوتنەوەی بەرفراوانی ئیسلامییەکاندا، هەر لە کۆمەڵەی ڕادیکالی (الجماعة الاسلامية)ەوە تا میانڕەوترین ڕێکخراوەکانیان وەك کۆمەڵەی برایانی موسڵمان، تا دەگاتە ئەو سەرکردە ئاینییانەی بە بەردەوامی پشتگیری حکومەتی میسری دەکەن. ئەم گروپانە هەمیشە ناکۆك و نەگونجاون لەگەڵ یەکدا، تەنانەت ئەو گروپانەی ئامانجی هاوبەشیشیان هەیە جیاوازن لە چۆنیەتی بەدیهێنانیاندا[٣٧].

بزاوتە ئیسلامییەکان بۆ بەهێزکردنی جەماوەرەکەیان چەندین مەسەلە دەوروژێنن و سکاڵای لەبارەوە دەکەن، گروپە ئیسلامییەکان سوودیان لە هەستەکانی گۆشەگیرو پەرایێزبوونی نێو چینی هەژاری میسری وەرگرتووە، کە زۆرێکیان وا هەستدەکەن دەنگیان بێ کاریگەرییە و دەرفەتەکانیشیان کەمە. تەنانەت زۆر لەو میسریانەی پاڵپشتی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی ناکەن و هاوسۆزن لەگەڵیدا.

بەشێوەیەکی بەرفراوان وا لە ئیسلامییەکان دەڕوانرێت کە ڕاستگۆن، بەرنامەکەیان موژدەی گۆڕانی گەورە و بنەڕەتی دەدات. لە ڕاستیدا، ئەوان گوزارشت لە تاکە دەنگی بەرهەڵستی دەکەن دژی ڕژێمی هەنووکە[٣٨].

ئامانجی ئیسلامییەکان لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕژێمی ئێستادا یەك ناگرێتەوە. هەروەك ئیسلامییەکانی شوێنەکانی دیکە، بەرنامەی سەرەکییان گۆڕینی



بارودۆخی ناوخۆییە: ئەوان کۆشش بۆ چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلامی دەکەن لە یاسای میسریدا.

زۆرێك لە گروپە ئیسلامییەکان بەچاوێکی دوژمنکارانە لە جولەکە و مەسیحییەکان دەڕوانن، لەنێویاندا کۆمەڵەی قیبتییە مەسیحەکانی میسر، کە نزیکەی لە سەدا شەشی دانیشتوانی میسر پێکدەهێنێت[٣٩].

زۆرێکیان لە بەرنامەکانی ئازادکردنی ئابووری موبارەك و سادات بە گومان بوون و بەگومانن، لە بری ئەوە بانگەشەی ئەم ومژاوی دەکەن بۆ دادپەروەری ئابووری و پێدانی ڕۆڵێکی گەورەتر بەحکومەت لە هەڵسوڕاندنی کاروباری ئابووریدا.

لە وتار و لێدوانەکانیاندا، ئیسلامییەکان هەوڵدەدەن بگەڕێنەوە بۆ سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل و هەستیاربوون بەرامبەر بە پەیوەندییە نزیکەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا[٤٠]. لە ئێستادا ئیسلامییەکان توانای ڕووخاندنی ڕژێمیان نییە. ڕێکخراوە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان وەك (جماعة الجهاد) لە ململانێیەکی چەکدارییانەی نابەرامبەردابوون دژی ڕژێم، کە لە ساڵی ١٩٩٠ تا ساڵی ١٩٩٧، نزیکەی ١٣٠٠ قوربانی لێکەوتەوە[٤١]. لە شەڕی دژی یاخیبواندا، هێزەکانی ئاسایشی میسری هەزاران ئیسلامییان دەستگیرکرد و توانییان شانە شۆڕشگێڕییەکان ببڕن و لەبەر یەکیان هەڵبوەشێننەوە. ڕژێمەکە دەستیکرد بە مۆڵەتپێدان و ئاراستەکردنی ئەو ڕێکخراوە مەدەنییە ئیسلامییە سەربەخۆیانەی پێشتر بونیان هەبوو، بە هەردوو تەوژمی میانڕەو و ڕادیکاڵەوە، هەروەها هێزە چەکدارە ڕادیکاڵەکانی ڕیشەکێشکرد کە جێی گومان بوون.

هەروەها نیگەرانی دەنگە بەرهەڵستکارە نا ئیسلامییەکان لە مەترسی پەیامی ڕادیکاڵی ئیسلامییەکان بووە پاڵپشتی ئەم هەڵمەتەی حکومەت[٤٢]. هەڵمەتەکە ئیسلامییەکانی تێکشکاند: گروپە ڕادیکاڵییەکان پەرت و بڵاوکردەوە، و گروپە

میانڕەوەکانی وەك برایانی موسڵمان خۆیان لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا ببیننەوە(٤٣)، ڕژێمەکە بەردەوامە لەسەر دەستگیرکردن و زیندانیکردنی ڕادیکاڵە گومانلێکراوەکان، سەرباری ئەوەی کە خۆ ڕێکخستنەوە و خۆسازدانیانی کردۆتە کارێکی سەخت و دژوار.

سەرەڕای سەرکوتکردنی ئیسلامییەکان، ڕژێمی میسری هەوڵی لە خۆگرتن و دەرگا ئاوەڵاکردنی بە ڕووی ڕەگەزە میانڕەوەکان لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکاندا خستە گەڕ. ڕژێمەکە دیاردە ئیسلامییەکانی پەرەپێدا، خوێندنی و بەرنامە ئاینییەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی زیادکرد. ئیسلامییە میانڕەوەکان، وەکو کەسایەتییەکانی زانکۆی ئەلئەزهەر، کە دامەزراوەیەکی دێرینی خوێندنی باڵایە، سەربەستییەکی پتریان پێدرا تا بە توندی ڕەخنە لە عەلمانییەکان بگرن(٤٤). ئەم لە خۆگرتن و ئاوێتەکردنە لە کاریگەری ڕادیکاڵەکانی کەم کردەوە، بەڵام کاریگەری بزاوتە میانڕەوەکانی زیادکرد(٤٥). ئەگەر ئابووری میسری هەنگاوەکانی سست بن و وەکو پێویست گەشە نەکات ئەوا حکومەت خۆی لە بارێکدا دەبینێتەوە کە پێویستی زیاتری بە پاڵپشتی جەماوەری دەبێت بۆ ڕەوایەتیدان بە فەرمانڕواییەکەی، ئەمەش زەمینە بۆ ئیسلامییەکان دەرەخسێنێت تا پتر دەستڕۆیشتووبن.

## ئاکامەکان

گۆڕانی سەرکردایەتی لە نێو دەستەبژێری میسریدا ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕینی بایەخی سیاسەتی دەرەوەی میسری نەك ئاراستەکەی. هەر سەرکردەیەکی دیکە جگە لە موبارەك لەوانەیە زیاتر ئارەزومەند و بە تواناتر بێت، لەوەی کۆدەنگییە بەرتەسکەکەی دەستەبژێری هەنووکە ببەزێنێت، لەبری جێبەجێکردنی ئامانجە بڕیار لەسەر دراوەکان سیاسەتی دەرەکی میسری دابڕێژێتەوە. گواستنەوەی



دەسەڵات بۆ دەرەوەی دەستەبژێری دەسەڵاتداری هەنووکە بۆ ڕژێمێکی ئیسلامی گوزارشت لە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و بگرە پتر لە بنەڕەتیش دەکات، بەڵام ئیسلامییەکان دووچاری سنووربەندی و کۆتی پتر بواری ئازادی کارکردن دەبنەوە. کرانەوەی سیاسی بۆی هەیە دووچاری دژواری بێت و شکست بخوات، لە کاتێکدا چاکسازی ئابووری لەوانەیە سنوردار بکرێت. ئەگەرچی پشتیوانییەکی بەرچاو لەم چاکسازییە دەکرێت، بەڵام بناغەیەکی مەحکەمی بۆ دانەڕێژراوە. ڕژێمی هەنووکە سەرکەووتوانە وێنەی خۆی بۆ دەستەبژێرەکانی وەك تاکە سەنگەر دژی ئیسلامییەکان کێشاوە و دوودڵ نابێت لە زەقکردنەوەو گەورەکردنی ئەم نیگەرانییە ئەگەر بەرهەڵستی و نارەزایی بەرامبەر حوکمڕانییەکەی درێژەی کێشا. چاوەڕواندەکرێت گۆڕانکارییە ئابوورییەکان خۆیان لە ڕەوتی گەڕانەوە بۆ سیاسەتەکانی ڕابردوو لابدەن کە هەموو کار و چالاکییە ئابوورییەکان لەژێر ڕکێفی دەوڵەتدا بوون. هەرلەبەر ئەم هۆیەشە، ئەم چاکسازییەی خراوەتە گەڕ ئەو ڕێ و شوێنانە پەیڕەو ناکات کەهەڕەشە لە پێگە ئابوورییەکانی ئێستادەکەن، هەتا ئەگەر لە دەرئەنجامیشدا ئەمە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان. پەیوەندی میسر لەگەڵ واشنتۆندا لەسەر چەند بناغەیەکی لەرزۆك دامەزراوە. هەماهەنگی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لە ئاستێکی بەرزدایە، بەڵام ئەم هەماهەنگی و هاوکارییە بە نهێنی و لەپشت پەردەوە بەرێوەدەچێت. لەبەر ئەوەی خەڵکی میسر و کەسایەتییە بەرهەڵستکارەکان پاڵپشتی لەم هەماهەنگییە ناکەن، لەبەر ئەوە هەندێك لە دەستەبژێرەکان لە باشترین حاڵدا پەرۆش نین بۆ بەستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ واشنتۆن، ڕەنگە ڕژێم ناچاربکرێت خۆی لە واشنتۆن بە دووربگرێت ئەگەر دووچاری قەیرانە ناوخۆییەکان ببێتەوە.

ئەگەر گرژی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بەرەو هەڵکشان بچێت و ولاتە یەکگرتووەکان وەك دۆست و هاوپەیمانی نزیکی ئیسرائیل وێنا کرا، ئەو کاتە حکومەت زیاتر دەکەوێتەوە ژێر گوشارەوە تا لە ولاتە یەکگرتووەکان دووربکەوێتەوە. کۆششەکانی کرانەوەو ئازادکردنی ڕژێمەکە بۆ ڕاکێشان و

پارسەنگکردنەوەی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ زیادبوونی ڕەخنەگرتن لە پەیوەندی میسر و وڵاتە یەکگرتووەکان.

ئاوێتەکردن و لەخۆگرتنی ئیسلامییە میانڕەوەکان چەندین دەرەنجام و ئاسەواری دوور و گەورەی لێدەکەوێتەوە. هەندێك لە دەسەڵاتە ئیسلامییە تەقلیدییەکان تا ئاستێکی دیاریکراو سەربەخۆییان لە حکومەت وەرگرتووە بۆ فشار خستنە سەر ئەو مەسەلانەی گرنگییەکی ئاینیان هەیە، بەتایبەتی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان[٤٦]. لەوانەیە ئەم سەربەخۆییە بەکاربهێنرێت بۆ فشار دروستکردن بە ئاراستەی هێنانەدی گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی میسریدا، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە گفتوگۆکانی ئاشتی و پەیوەندیەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانەوە هەیە لەمەسەلە گرنگ و هەستیارەکاندا.

((ئاشتی سارد)) لەگەڵ ئیسرائیلدا بۆی هەیە سارد و سڕتر بێت. ئاشتی بۆ میسر پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ پێکهێنانی پەیوەندیگەلی باش و سوودمەند لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا، سنورداری توانای سوپای میسری بۆ نەخشەدانان پەنابردنە بەر ڕووبەڕوبونەوەی سەربازی دژوار کردووە، هەر چەندە ڕژێمەکە بۆی هەیە کەمتر پشتگیری سازشکردن بێت لە لایەن فەلەستینییەکانەوە، وتارێکی دوژمنکارانە بخاتەگەڕ و پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا کەمبکاتەوە، یاخود خۆی لە ئیسرائیل دوور بخاتەوە. توندبوون و سەختبوونی هەڵوێستەکان بەرامبەر ئیسرائیل ڕەنگە میسر ناچاربکات پەنابەرێتە بەر بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان. وا باوەڕدەکرێت میسر خاوەنی جبەخانەی مادده کیمیاییەکان بێت، هێشتا ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی چەکە کیمیاییەکانی ئیمزا نەکردووە، هەرچەندە باوەڕناکرێت خاوەنی بەرنامەیەکی گرنگی بایەلۆژی یا ناوەکی بێت[٤٧]. هەڵکشانی گرژی و ناکۆکی لەگەڵ ئیسرائیلدا، لەوانەیە پاڵ بە میسرەوە بنێت بۆ بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان بۆ پارسەنگدانەوەی باڵادەستیی سوپای تەقلیدی ئیسرائیل.



## ئامادەسازی بۆ گۆڕانی ڕژێم

هەروەك شیکردنەوەکەی سەرەوە خستییەڕوو، سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان هەمەچەشنییەك لە بیرۆکە سەرەکییەکانی ئێستا، کوڕان جێی باوکەکانییان دەگرنەوە، ئەندامەکانی هەمان دەستەی دەسەڵاتدار جڵەو دەگرنەوە دەست، گەر سەرکردەی ئێستا مرد، یاخود نەخۆشکەوت. سەرەڕای ئەوەش ئەگەری گۆڕان ئەگەرێکی گەورە و بەهێزە. سەرکردەکان وەك پیشەی هەمیشەییان تەواو لە جەماوەر دابڕاون، دەنگە بەرهەڵستکارەکان کاریگەرییەکی کەمیان هەیە. سەرەنجام، ئاڵوگۆڕ لەناو دەستەبژێرە حوکمڕانەکاندا سەردەکێشێت بۆ گۆڕانی بنەڕەتی و قووڵ لە سیاسەتی وڵاتدا. لەڕاستیدا بە ڕەچاوکردنی بە مەرکەزیبوونی هێز لە زۆرێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا، ئەوا ئاڵوگۆڕ لە ئەندامێکی دەستەبژێری دەسەڵاتەوە بۆ ئەندامێکی دیکەی هەمان دەستە ئاسەوار و سەرەنجامی گرنگی لێدەکەوێتەوە بۆ سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان.

ڕاستییە کۆمەڵایەتی و جیوپۆلەتیکییەکان لەوانەیە هەرگۆڕانێك سنورداربکەن یاخود تا ئەندازەیەکی دیاریکراو شێوەکەی دیاری بکەن، بەڵام ئەگەری ئاڵوگۆڕی قووڵ لەسیاسەت و هەڵوێستەکانی وڵاتدا دەبێت لەبەرچاوبگیرێت.

دوایین بەش هەندێك لە و مەترسی و نیگەرانییانە دەخاتە ڕوو کە لەو بارودۆخانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا سەرهەڵدەدەن و پێویستە بە پەلە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

هەروەها هەندێ لەو ئاماژانە دەستنیشاندەکات کە پێشبینی گۆڕانی ڕژێم دەکەن. لەدواییدا ئەو کردارانە پێشنیار دەکات کە پێویستە بۆ سازدانی هەلومەرجەکە بگیرێتە بەر، بە چەشنێك بەر بە گۆڕانێکی نەخوازراوی ڕژێم بگرێت، ئەگەر نەتوانرا ڕێ بەم گۆڕانە نەخوازراوەش بگیرێت، ئەوا ئەوکردارە بەربەست ئاسایانە پێشنیار دەکات کە لە مەترسییەکانی ئەم چەشنە گۆڕانە کەمدەکەنەوە.

## هەل و مەترسییە چاوەڕوانکراوەکان.

گۆڕانی سەرکردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵگری ئەگەری سەرهەڵدانی چەندین مەترسییە بۆ دۆست و دوژمنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان. لە هەموویان گرنگتر،، ئەو سەختییانەیە کە هاوشانن بەپرۆسەی پتەوکردنی دەسەڵات لەڕژێمە دەسەڵاتخوازەکانی ناوچەکەدا . هەتا گەر گۆڕانیش لە بنکەی دەسەڵاتی ڕژێمەکەدا ڕوونەدات، بەڵام هەر سەرکردەیەکی نوێ دەبێت هەستێت بە دروستکردن و بنیاتنانی پشتیوانەکانی دەسەڵات لە کاتێکدا سەرگەرمی کەمکردنەوەی سەنگ و دەستڕۆیشتوویی ئەو کەس و لایەنانەیە کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت بەرەنگاری ببنەوە.

بە درێژایی ئەم بارودۆخە توانای سەرکردە و دەسەڵاتداران بۆ داڕشتنی سیاسەت و بڕیارسازی سنووردار دەبن. پتر لەوە سەرکردە نوێیەکان بەشێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر سیاسەتە ناوخۆییەکان دەکەنەوە و ڕەنگە دوودڵ بن لەوەی سەرکێشی لە ڕەوت وئاراستەی سیاسەتی دەرەکیدا بکەن. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی پەیوەندییە کراوەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەکەوێتە ژێر پرسیاروگومان و فشاری جەماوەرەوە. بەشێوەیەکی گشتگیرتر، هاوپەیمانێتی لە گەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و پەرەسەندنە پەسەندکراوەکان لە گفتوگۆکانی ئاشتیدا شانیان داداوەتە سەر بناغەیەکی لەرزۆك. ئەو سەرکردانەی زۆر پەیوەست نین بە ڕای گشتییەوە باشتر توانای سازشکردنییان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە، یان بەلای کەمەوە توانای نوێکردنەوەی سیاسەتی حکومەتەکانییان هەیە. گەر کرانەوە لە میسر و سعودیەدا ڕوویدا، سەرەڕای ئەوەی دەستڕۆیشتوویی ئیسلامی پتەو و زیاد دەکات، لە هەمان کاتدا سیاسەتی دژە ئیسرائیل و دژە ئەمریکا بۆی هەیە هێندەی دیکە بەهێز بن[٤٨].

سەرکردەکانی ئایندەی عەرەبستانی سعودی دوای مەلیك عبدالله، و جێگرەکانی موبارەك و سەدام، ڕەنگە پتر لەسیاسەتی ناوخۆییدا لێوەشاوە بن، نەك کاروبارە



دەرەکییەکان. ئەمەش سەردەکێشێت بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی هەڵە، کە بۆی هەیە سەرەنجامی مەترسیداری لێ بکەوێتەوە. لەوانەیە سەرکردەکان زیادەڕەوی بکەن لە هەڵسەنگاندنی سەنگ وتوانای هێزە چەکدارەکانییان، متمانەیەکی نادروست و هەڵە بە پشتیوانی نێودەوڵەتی دەکەن، و باوەڕیان وایە دەتوانن ترس ولەرز بخەنە دڵی دوژمنەکانیانەوە، یاخود بیرو بۆچوونی هەڵەیان هەیە کە سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی و ململانێ.

هەروەها بەدیموکراتیکردن چەند مەسەلەیەکی هەمەچەشن لە خۆ دەگرێت. هەروەك لە چاپتەری دووەمدا گفتوگۆی لەسەرکرا، دابەشکردنی دەسەڵات و کرانەوەی سەرکەوتووانەی بوارە جیاجیاکان پرسیاری سەقامگیریی ڕژێمەکان دەوروژێنێت. بە هەرحاڵ، زۆرێك لە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەدان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا و ئەگەری ئوە هەیە دەنگ و سەنگی زیاتر بە دەسبهێنن و ڕژێمەکانیان دووچاری فشاردەکەنەوە بۆ کەمکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ واشنتۆندا. ئیسلامییەکان بە شێوەیەکی تایبەتی باشترین ڕێکخستن و باشترین ئامادەسازییان هەیە بۆ سوودوەرگرتن لە سیستەمێکی سیاسی کراوەتر.

## ڕاسپاردەکان

دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکان ئەگەری گۆڕانکارییەکان لەسەرکردە دەسەڵاتدارەکان و ڕەنگدانەوەی ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر شێوە و سەقامگیری ڕژێم لەبەرچاو بگرێ و بەو پێیە ڕەفتار بکات.

پێشبینیکردنی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکان کارێکی گران و زەحمەتە. هەروەها پێشبینیکردنی کودەتا، شۆڕش، یاخود شێوەکانی دیکەی گۆڕانی کتوپڕ و ڕیشەیی ڕژێم بێ ئەندازە دژوارە. بە هەرحاڵ چەند ئاماژەیەکی دیاریکراو ئەوە دەخەنە ڕوو کە ڕەنگە هەر وڵاتێك ڕووبەڕووی ناسەقامگیریی ڕژێمەکەی ببێتەوە، لەوانەیە:

## بوونی دیموکراسییەکی نیوە ناچڵ

بەگشتی، دیموکراسییەتە پێگەیشتووەکان و ڕژێمە تاکڕەوە چەسپاوەکان بەتەواوی سەقامگیرن. ئەو ڕژێمانەی لە بارودۆخی گواستنەوەدان، بەزۆری دووچاری نائارامی و ناسەقامگیری دەبنەوە کە هەندێجار سەر بۆ جەنگیش دەکێشێت. ئەگەر میسر،سوریا، یاخود دەوڵەتە ناوچەییەکانی دیکە بەرەو ئازادی و کرانەوە بڕۆن، ئەوە بۆ گۆڕانکارییە کتوپڕەکان لە بارێکی لەرزۆکدا دەبن[٤٩].

قەیرانی نێو دەستەبژێری دەسەڵاتدار. زۆرێك لە شۆڕشەکان لەدوای لێکترازانی ناو دەستەبژێری دەسەڵات بەدەستدا دەستپێدەکەن. لە دەرئەنجامدا ڕژێمەکان ڕەنگە ڕووبەڕووی سەختی ببنەوە لە سەرکوتکردن یا ئاوێتەکردنی بەرهەڵستکاران لە هەڵسوڕاندنی کاروباری حوکمڕانییدا. سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنها قۆرخکراوی دەستەبژێرەکانی وەك سەرکردە سەربازییەکان، خاوەنی زەوی و زارەکان و پیاوانی کار بووە. گەر سەرکردەکان داوای پشتیوانی لە جەماوەر بکەن، ئەوا بیرو بۆچوونە باو و باڵادەستەکانی ناو جەماوەر، کە بەزۆری ناکۆك و پێچەوانەیە لەگەڵ بیروبۆچوونی ڕژێمە هەنووکەییەکاندا، سەنگ و بایەخی پتر بە دەستدەهێنن.

## سازدان و خۆپاراستن

دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو کردارانە لەبەرچاوبگرێت کە پێویستن بۆ سازدانی هەلومەرجی گۆڕینی خوازراوی هەر ڕژێمێك، گەر ئەمەش نەتوانرا جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەبێت خۆی لە گۆڕانە نەخوازراوەکان بپارێزێت.

بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی گۆڕانی ڕژێم، ئەوا وڵاتە یەکگرتووەکان کێشدەکات تا دەست لە پرۆسەکە وەربدات. ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان ئارەزومەندی دەستتێوەردانی یەکلاکەرەوە نەبێت هەروەك ئەوەی لە عێراقدا ئەنجامیدا، ئەوا کاریگەرییەکی کەمی دەبێت لەسەر بەدوای یەکداهاتنی سەرکردەکان لە زۆرێك



لە وڵاتاندا. فشار ڕەنگە دەرەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە و ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو سەرکردانەی دژ بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەفتار دەکەن[٥٠].

هەروەها دەبێت واشنتۆن بایەخی پتر بە پەیوەندیکردن بە سەرکردە پەراوێزکراوەکان بدات، بەهەمان شێوە ئەو تەوژم و لایەنانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتن و پاڵپشتییەکی بەرچاوی جەماوەرییان لێدەکرێت.

بەتەنها جەختکردنەوە و بایەخدان بە دەستەڵات بەدەستی هەنووکە، مەترسی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە غافڵگیربکرێت بە گۆڕانی ڕیشەیی و بنەڕەتی چاوەڕواننەکراوە، هەروەك ئەوەی لە ئێراندا ڕوویدا. گروپە ئیسلامییەکان شایستەی سەرنجدانی تایبەتن، هەندێك لەم گروپانە دژ و دوژمنی وڵاتەیەکگرتووەکانن، بەڵام دەکرێت گفتوگۆ لەگەڵ هەندێ لە ئەندامەکانیاندا بکرێت. لە ڕاستیدا پێویستە گەر بویسترێت هەندێ لە بۆچوونە جێگیر و نەگۆڕاوەکان و بیرۆکەکانی پیلانگێڕی بڕەوێنرێنەوە. بناغەدانان و دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییەکانی دەرەوەی ڕژێم، بێ گومان ڕژێمەکە نارازی ونیگەران دەکات. پاراستنی ئەم هاوسەنگیەش لەکاتی گفتوگۆ کردندا کارێکی سەختە.

هەروەها باشترە وڵاتەیەکگرتووەکان زیاتر کۆششەکانی لە دروستکردنی ڕایەکی گشتی پاڵپشت بە بەرژەوەندییەکان چڕبکاتەوە. بایەخدان و جەختکردنەوەی هەنووکەی وڵاتەیەکگرتووەکان لەسەر دەستەبژێرەکان ڕەنگە لە داهاتوودا بەرهەمێکی کەمتری لێبکەوێتەوە.

پێشبینیکردنی ئەوەی ڕای گشتی ڕۆڵێکی گەورەتر بگێڕن لەچاو ڕابردوودا لە پرۆسەی بڕیارسازیدا هەڵگری مەترسییە بۆ وڵاتەیەکگرتووەکان لەبەر ئەو بۆچوون و ڕوانگە دوژمنکارییانەی هەندێك لە ڕای گشتی عەرەبی هەڵگرییەتی بەرامبەر سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان.

واشنتۆن دەبێت هەوڵ وکۆشش ناخاتەگەڕ بۆ دارشتنی ستراتیژییەتێکی کارای ڕاگەیاندن کەزیاتر جەخت لەسەر ڕۆژنامە و کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان بکاتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان.

هەروەها گرنگە وڵاتە یەکگرتووەکان ئاڵوگۆڕی سەربازی و قوربانییان لە بەرچاوبگرێت بۆ پتەوکردنی ئاشتەوایی و دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا.

بەرچاوکردنی ئەوەی هەندێ لە وڵاتان ئەگەری گۆڕانی کتوپڕیان لێدەکرێت بەهۆی لەرزۆکی بارودۆخیانەوە. دووڵی ئەم وڵاتانەش لە هەندێ کات و ساتدا بۆ کارکردنی جدی بۆ هێورکردنەوە و کەمکردنەوەی توڕەیی ڕای گشتی، ئەوا بوونی چەندین ڕێگاچارە کارێکی پێویستە. ئەوەی جێی نیگەرانییە ئەوەیە ڕای ناوخۆ و بەرهەڵستکاری ئەم وڵاتانە سەرسەختانە دژی هەبوونی پەیوەندین لەگەڵ دەزگای سەربازی وڵاتە یەکگرتووەکاندا.



## پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

١- Glenn e. Robinson, “Palestine After Arafat”, the Washington Quarterly, vol. ٢٣, No. ٤, Autumn ٢٠٠٠, p.٧٧.

٢- ئەم بەشە باس لە گۆڕانی ڕژێم دەکات کە بەهۆی هۆکارە سروشتییەکانەوە ڕوو دەدەن (لەڕێی مەرگی سەرکردەوە) یاخود بەهۆی هەندێ لە پرۆسەی گۆڕانە سیاسیە ناوخۆییەکان. بۆ نموونە بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکی لەلایەن هێزێکی سەربازییەوە ڕوو دەدەن، وەك ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا لە عیراق بینیمان.

٣- لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی سەرکردایەتی لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا سوودبەخش دەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری گۆڕانکاری قوڵ و ڕیشەیی لەم وڵاتانەدا، ئەوا لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی سەرکردایەتی لە ئێران و لیبیا و دەسەڵاتی فەڵەستینیدا کارێکی گرنگ و پڕ بایەخ دەبێت.

٤- هەندێ جار هەلومەرجەکە دەستێوەردانی سەربازی دەخوازێت بۆ ڕووخاندنی ڕژێمێك لەبەرئەوەی سەرکردایەتی ڕژێمەکە دەبێتە سەرچاوەی نیگەرانی و مەترسی. ئەو هەڵمەتەی لە ساڵی ٢٠٠٣ دژی عیراق بەرپاکرا بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، نموونەیەکە لەو بارەیەوە . بە هەرحاڵ ئەم بەشە جەخت لە گۆڕانی سەکردایەتی لە ڕێگاکانی دیکەوە دەکات بەدەر لە هەوڵە ڕاستەوخۆکان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمێك. زۆرێك لە دەرئەنجامەکان ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە هەڵسەنگاندن و یەکلاکردنەوەی ئەو پرسیارەی ئایا ڕژێمێك دەبێت بروخێنرێت یاخود نا .

٥- Daniel Byman and Kenneth Pollack, “Let us Now praise Great men: Bring the states man Back In” ،International security vol. ٢٥, No. ١, spring ٢٠٠١, pp.١٠٧-١٤٦.

٦- لەڕاستیدا بەچەندین شێوە ئەم گرفتە کە عەرەبستانی سعودی ڕووبەڕووی بووەتەوە لەگەڵ ئەم چەشنە سەرکردە بێتوانایانەدا وەك سعود بن عەبدولعەزیز زیندوویەتی و لێوەشاوەیی ئال سعود دەسەلمێنێت. ئەگەر لایەنە گرنگەکانی ئەم دۆخە لەبەرچاو بگرین دەتوانین بە کودەتای ناو بنەماڵەی لەقەڵەم بدەین. لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا دەسەڵاتەکانی سعود سنووردارکرا لەبەر خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری وڵات و هەوڵە بێئاکامەکانی بۆ بەرپێگرتنی شۆڕشی پان عەرەبیزمی ناسری هەڕەشەئامێز، فەیسەڵی برای، کە ئاستێکی لێوەشاوەی بەرزی هەبوو، دەسەڵاتی پتری پێدراو تا لە کۆتاییدا کرا بە پادشای وڵاتەکە.

٧- هەر بانگەشەیەك لەبارەی یاساییبوونی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن بەشار راستی و ڕەوایەتی خۆی لە دەستدا. لەبەرئەوەی لە شەش مانگی پێش مردنی حافز ئەسەددا. بەشار لە پلەی موقەدەمەوە کرا بە سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی سوریا، لەڕۆژی مەرگی باوکیدا، دەستوور لە بەرژەوەندی بەشار ئەسەد هەموارکرا. مەرجی تەمەنی سەرۆك لە ٤٠ ساڵییەوە کرا بە ٣٤ ساڵی بڕوانە:

Rachel Brouson, “Syria: Hanhing Together or Huging Separately”, the wathington Quarterly, vol. ٢٣, No.٤, Autumn ٢٠٠٠, p.٩٧.

٨- Martha Neff Kessler. “Syria, Israel and the Middle East process: past Success and Dinal challenge”, Middle East Policy, vol. ٧, No.٢ February ٢٠٠٠, P.٧٠.

٩- Harvey Sicherman, “Hasez, Al-Assad: The Man who Waited too long”, Peac Facts, foreign policy Research Institution, Vol.٧, No.١, July ٢٠٠١, electronic Version.

١٠- “Bashar’s World”, The Economist, July ٧, ٢٠٠٠, electronic edition.

١١- Bronson , ٢٠٠٠; “Syria”, p.٩٥.

١٢- ئێستا ڕێگە بە کۆبوونەوە گشتییەکان دەدرێت، و دەرگای سەردانکردنی زیندانییە سیاسییەکان ئاوەڵایە. ڕژێمەکەی بەشار دەرفەتی پێشکەشکردنی پرۆژە و پێشنیاری گۆڕانی ڕەخساندووە. هەروەها هەوڵی فراوانکردنی بەکارهێنانی مۆبایل و ئەنتەرنێتی داوە، کە هەردووکیان پێشتر گومانی ئەوەیان لێدەکرا ببنە هۆکاری هاندانی بەرهەڵستکاری دژی ڕژێم. بڕوانە:

Rolla Khalaf, “Basher steps out of his father’s shadow”, Financial times, January ١٦, ٢٠٠١, P.١٥, “Bashar’s Worla”, Alan Makovosley, “Syria under Bashar Al-Assad: The Domestic Scene and the ‘Chinese Mode’, Policy Watch ٥١٢, Washington, D. C.: The Washington institute for Near East policy, January ١٧, ٢٠٠١, electronic Version.

١٣- ڕەگوڕیشەکانی ئەم ئاشبوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ دەرکردن و دوورخستنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان بە سەرۆکایەتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٨، ئەو بڕیارەی لەژێر هەڕەشەی دەستێوەردانی سەربازی تورکیادا درا.

١٤- Ahmad S. Monssalli, “the Geopolitics of Syrian-Iraqi Relations”, Middle East Policy, Vol. ٧, No. ٤, October ٢٠٠٠, PP.١٠٤-١٠٥.

١٥- Henry Seigman, “Bein Hafiz al-Assad: Syria’s Chilly but consistent peace Strategy”, Foreign Affairs, May/June ٢٠٠٠, P.٣; Kessler, “Peace Process”, P.٧٢.



١٦- هەر حکومڕانێکی دیکە ناچار دەبوو ڕەچاوی هەست و سۆزی گەلی سوریا بکات، پێدەچێت سوریا خۆی ڕاهێنابێت کە بوونی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا قبوڵ بکات، بەڵام بەگشتی لە گفتوگۆکاندا هەڵوێستێکی سەرسەختانە وەردەگرێت. بە پێچەوانەوەی زۆرێك لە سەرکردە سورییەکان، هاوسۆزی بۆ کێشەی فەلەستین لەناو هاوڵاتییاندا پتر قوڵ دەبێتەوە. مێژووی هاوبەش و نزیکی هاوڵاتیانی سوری لە زۆرێك لە پەنابەرانەوە وایکردووە سورییەکان هۆشیاربن بە ئازارو مەینەتی فەلەستینییەکان. زۆرینەی سورییەکان ئاشتی وەك ئەگەرێك لەبەرچاو دەگرن، بەڵام تەنها ئەو کاتە خوازیاری دەبن کە سازشگەلێکی گرنگ لەلایەن ئیسرائیلەوە لەخۆبگرێت، هەروەها گەڕاندنەوەی بەرزاییەکانی جۆلان بە مەرجی ئاشتی دادەنێن، کاتێك حافز ئەسەد سازشکردنی لەم مەسەلەیەدا ڕەتکردەوە ئەم هەڵوێستە پشتگیرییەکی بەرفراوانی لەناوخۆدا بەدەستهێنا. بڕوانە:

Kessler, ٢٠٠٠, pp.٦٨-٨١.

١٧- بیرۆکەیەکی بەعسی هەیە کە پەرە بە ڕوانگەیەکی عەلمانی دەدات بۆ یەکێتی عەرەب، کە لەلایەن کۆمەڵێ پێشەنگەوە سەرکردایەتی بکرێت، کە ئەمانیش لەلایەن سەرکردەیەکی باڵاوە سەرۆکایەتی بکرێن. بۆیە دەوترێت سوریا و عێراق ئەم بیرۆکەیەیان وەك پاساوێك بۆ باڵادەستی سیاسی لەلایەن تاکە کەسێکەوە بەکارهێناوە، تا لە کۆتاییدا دەوڵەتێکی دەسەڵاتخواز و سەرکوتکار بنیات بنێن. بڕوانە:

Siegman, ٢٠٠١.

١٨- بڕوانە:

Michael Eisenstadt, “Who rules Syria? Bashar Al-Assad and the Alawi Barons”, Policy Watch ٤٧٢, Washington, D. C. the Washington Institute for near East Policy, June ٢١, ٢٠٠٠, electronic version.

بۆ تەواو ئاگاداربوون لە ڕۆڵی لایەنە مەزهەبی و ئیتنییەکان لە ٣٥ ساڵی ڕابوردوودا بڕوانە:

Nikolaos Vandam, the Struggle for power in Syria: Politice and Society under Asad and the Ba’th Party, New York, London: I. B. Tauris, ١٩٩٦.

١٩- Van Dam, ١٩٩٦, pp.١١١-١١٧.

٢٠- Bronson, ٢٠٠٠, p.١٠٠.

٢١- Kessler, ٢٠٠٠, p.٨٦; Van Dam, ١٩٩٦, pp.١٠٧-١٠٨.
٢٢- Van Dam, ١٩٩٦, p.٢٢.
٢٣- Minteray Institute of International Studies, center for Non proliferation Studies, “Syria’s Scuds and chemical weapons”, available at http:/cns. Miis, sdu/ research/wm d me/ syrcu.htm, accessed on January ١٩, ٢٠٠١.
٢٤- “Bashar’s World”
٢٥- Van Dam, ١٩٩٦, p.١٣٢.

٢٦- سادات سەرکردایەتی دەگمەن بوو. هەروەك (جیرۆلد گرین) سەرنجی لەبارەوە دەدات، (ئەنوەر سادات نەك هەر تەنها دەیتوانی جلەوی دەسەلات بگرێتە دەست و بیپارێزێت، بەڵکو دەیتوانی هاوشان بە بوێری و داهێنانکاری و خۆڕاگرییەکی بێوێنە پیادەی دەسەلات بکات).
Jerrold D. Green, “Leader ship succession in the Arab Word”, university o Judaism, the center for policy options, summer ٢٠٠٠. p.١٦.

٢٧- ئەم پێکهاتەی کەسایەتی موبارەك لە چەندین چاوپێکەوتنی نووسەرەوە وەرگیراوە لەگەڵ بەرپرسە حکومییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان، شیکەرەوە ئەکادیمییەکان، شیکەرەوە سیاسییەکان.

٢٨- لەڕووی تەکنیکییەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی گەل دەبێتە سەرۆك تا ئەوکاتەی ئەنجومەنی گەل پالێوراوێك هەڵدەبژێرێت، کە لە دواییدا لە ڕاپرسییەکی جەماوەریدا دەنگی لەسەر دەدرێت. بەهەرحاڵ، چاوەروان دەکرێت ئەو پالێوراوە لەلایەن دەستەی دەسەلاتداری میسرەوە دیاری بکرێت و دواتر دەدرێتە ئەنجومەن تاوەکو پەسەندی بکات.

٢٩- ئەو قسەیەی لەناو میسرییەکاندا باوە ئەوەیە ((خراپترین کار لە میسردا بریتییە لەوەی کەسی دووەمی ولاتەکە بیت)). بڕوانە:

Jon B. Alterman, ((Egypt: Stable ،but for hom long?)). The Washington Quarterly, vol, ٢٣, No.٤.

٣٠- چاوپێکەوتنەکانی نووسەر لەگەڵ کەسایەتی ئەکادیمییەکانی ولاتە یەکگراووەکان.
Alter man, “Egypt: Stable but for how long?” P.١٤.
٣١- Alter man, “Egypt: Stable but for how long?” P.١١٣.
٣٢- Yoram Meital, “Domestic challenges and Egypt’s u. s. Policy”, Middle East Review of International Affairs, vol.٢, No.٤, November ١٩٩٨, electronic Version.



٣٣- بۆ نموونە، عەبدولحەکیم ئەبو غەزالە، کە پێشتر وەزیری بەرگری بوو، وەکو جێگرەوەی موبارەك لەبەرچاو دەگیرێت، لە نووسینەکانییدا ئەوەی خستەڕوو کە پەیوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان بە ئیسرائیلەوە بەرژەوەندییەکانی میسری لەناوبردووە بڕوانە:

Meital, ١٩٩٨

٣٤- ولاتە یەکگرتووەکان تانکی نوێ، کەل و پەلی تۆپهاوێژەکان، فڕۆکەی جەنگی، سیستمەکانی دیکەی بەمیسر فرۆشتووە کە سوپاو دەزگای سەربازی میسرییان بەهێز کردووە. بڕوانە:
David Honig, “A Mighty Arsenal: Egypt’s Military Build-up ١٩٧٩-١٩٩٩”, Policy watch ٤٤٧, Washington, D. C.: The Washington Institute for Near East Policy, March ٢١, ٢٠٠٠.
٣٥- Abdel Monem Said Aly, “Egypt U. S. Relations and Egyptian foreign policy watch ٤٤٨, Washington D. C.: The Washington Institute for Near East Policy, March ٢٤, ٢٠٠٠, electronic Version.

٣٦- ئەم بۆچوونە لەلایەن زۆرێك لەسەرکردەکانی میسرەوە پشتگیری لێدەکرێت. سەرۆك سادات بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ولاتە یەکگرتووەکان لە((سەدا ٩٠ی کارتەکان))ی بەدەستەوەیە لە پەیوەندیدا بە ململانێی ئیسرائیل و فەلەستینەوە. ئەمەش وەرگیراوە لە

Meital, ١٩٩٨.

٣٧- http://www.org/new shour/bb/media/july-deco٢/kohut–١٢–٠٥.html.

ئەم رێژە ڕەنگە بەرزبێت لەبەرئەوەی ڕاپرسییەکە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو مشتومڕ و گفتوگۆیانەی دەربارەی هێرشکردنە سەر عێراق لە ئارادابوون، کە ئەمەش بڕیارێك بوو بێ هیچ پشتیوانییەکی جەماوەری.

٣٨- بۆ بەراوردکردن. بڕوانە:

David Zeidan, “Radical Islam in Egypt: Acomparison of Tow Groups”, Middle East Review of International Affairs, Vol.٣, No.٣, Septemper ١٩٩٩, electronic Version.

٣٩- سەرەڕای ئەوەش، زۆرێك لە موسڵمانە دەوڵەمەندەكان، لە نێویاندا زۆرێك لەو میسرییانەی لە دەرەوە دەژین و كاردەكەن، لەرووی داراییەوە زۆر بەخشندەن بۆ مەسەلە ئاینییەكان، كە ئەمەش كاریگەری ئایینی بەهێز و پتەو دەكات، ئەو میسرییانە لە عەرەبستانی سعودی كاردەكەن زیاتر ئەگەری ئەوەیان لێدەكرێت بە ڕوانگە و جیهانبینییە توندڕەوەكانی ئیسلام گۆش و پەروەردە بكرێن. بڕوانە:
Fawaz Gergez, “The End of the Islamist Insurgency in Egypt costs and Prospects”, Middle East Journal, Vol.٥٤, No.٤, Fall٢٠٠٠, P٦٠٠; Alterman, “Egypt: Stable but for how long?” ٢٠٠٠, pp.١٠٩-١١٠.

٤٠- Central Intelligence Agency, CIA Fact book, “Egypt”, available at htt:/www.odci.gov/ CIA/ publications/ actbook/ geos/eg.html#People, accessed on April ٢٦,٢٠٠/.

٤١- Gerges, ٢٠٠١, pp.٦٠٢-٦٠٣; Zeidan, ١٩٩٩; Fawaz Gergez, “The Pecline of revolutionary Islam in Alegria and Egypt”, Survival, Vol.٤١, No.١, Spring ١٩٩٩, p.١١٤.

لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەكاندا، وڵاتە یەكگرتووەكان چەند هێڵێكی پەیوەندی بە ئیسلامییە میانڕەوەكانەوە دامەزراند، وەك برایانی موسوڵمان، ئەمەش وەك خۆئامادەكردنێك ئەگەر هاتوو نائارامی و ناسەقامگیری میسری گرتەوە. بەڵام ئەم پەیوەندییانە بەردەوام نەبوون و وڵاتە یەكگرتووەكان لەژێر فشاری قورسی حكومەتی میسریدا و بەهۆی ئەو باوەڕە بەرفراوانەی كە ئەم پەیوەندییانە ڕەوایەتی بەو گروپ و لایەنانە دەدەن كە دژایەتی و بەرهەڵستی واشنتۆن دەكەن دەستی لەم پەیوەندییانە لێهەڵگرتن. بڕوانە:

Gerges, ٢٠٠٠, P.٦٠٦.

٤٢- Gerges, ٢٠٠٠, P.٥٩٢.

٤٣- Gerges, ٢٠٠٠, pp.٦٠٣-٦٠٤; alterman, “Egypt: Stable but for how long?” ٢٠٠٠, pp.١١٠-١١٢.

٤٤- Gerhes, ٢٠٠٠. pp.٦٠٠-٦٠١.

٤٥- Steven Barraclough, “Al-Azhar: Between the Government and the Islamists”, Middle East Journal, vol.٥٢. No.٢, Spring ١٩٩٨, pp.٢٣٩-٢٤٥.

٤٦- Gerges, ٢٠٠٠, pp.٥٩٣-٥٩٤; Alterman. “Egypt: Stable but for how long?” ٢٠٠٠, pp.١٠٨ and ١١٢.



٤٧- Barraclongh, ١٩٩٨.

٤٨- Center for Non proliferation Studies, montery Institute of International Studies, “Nuclear, Biological, chemical, and Missile Capablities in the Middle East”, available at http:/ cns. Miis. Eds/research/ wmdme/ Egypt. Html, accessed on January ٢٩, ٢٠٠١.

٤٩- Green, ٢٠٠٠, p.٦.

٥٠- Green, ٢٠٠٠, pp.٣-٥.

لە ڕاستیدا دەستەبژێرەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نازانن لە دەوروبەرییاندا چی دەگوزەرێت. هەروەك جیرۆڵد گرین دەڵێ ((هەڵبژاردنی سەرۆك محەمەد خاتەمی زیاتر بۆ خودی خاتەمی جێی سەرنج و سەرسووڕمان بوو زیاتر لە هەر كەسێكی دیكە)) P.٥)).

# بەشی شەشەم

## وزە و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: ڕەهەندی نوێ و ئاکامە ستراتیژییەکان

دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ لە بایەخدانێکی سنوردار، گرفتی ئاسایشی وزە، دووبـارە بۆتە بەشێك لەگوتاری ستراتیژی. ناجێگیری لە نرخی جیهانی نەوت و نیگـەرانی لە بارەی دۆخی ناوخۆیی وزە لـەناو وڵاتـە یەکگرتووەکانـدا سـەری کێـشاوە بـۆ مەترسی لە بارەی سەرهەڵدانی ((سێیەم)) قەیرانی وزە.

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك بەرهەمهێن و ڕەوانەکەری سەرەکی وزە، بۆتە چەقی ئەم مشتومڕەی کە دووبارە تین و تاوی سـەندۆتەوە. ئـەم ڕاسـتییە زیـاتر بەهۆی هێرشە تیرۆرستییەکانی سێپتەمبەری ٢٠٠١ وە پتەوتر و بەهێزتر بـووە، مشتومڕ لەبارەی پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و عەرەبستانی سـعودیە و دەربارەی جەنگی عێراق. وزە هۆکارێکی پێشەنگە لـە ڕوانگـە سـتراتیژییەکانی ڕۆژئـاوا لـە پەیوەندیـدا بـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتەوە، هـەروەك هۆکارێکـە بـۆ چۆنییەتی ڕوانینی ناوچەکە لەخودی خۆی.

هەروەها کلیلی گۆڕانە بۆ سـەقامگیری و خۆشـگوزەرانی ڕژێمـەکان و بەشـێکی نکۆڵی لێنەکراوە لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئاسایشی ناوچەکە.

لە سەختترین گرفتەکانی داڕشتنی سیاسەت کە ڕووبەڕووی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانـەکانی دەبێتـەوە لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا بـریتین لـە تیرۆریـزم، سەقامگیری و سەر لـەنوێ ئاوەدانکردنـەوەی عێـراق، ململانـێ ی عـەرەب ـــ ئیسرائیل، و سیاسەتی دەورەدان و گۆشەگیرکردنی ئێران و لیبیا، ئێستا ڕەهەندی وزەش بووەتە بەشێکی ئەم گرفتانە.

گرفتی وزە و کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەیەکداچوونێکی هەیە لەگەڵ ڕوانگەی ستراتیژییانەی ڕۆژهەڵاتدا.

لایەنە نەرێتییەکانی ئەم وابەستەییە بەردەوامە و درێژەی هەیە، ئەگەرچی بارودۆخی ناوچەکە و بازاڕەکانی وزەی جیهانی بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕاون.

تاڕادەیەکی بەرچاو سیاسەتمەداران و ستراتیژستەکان لەژێر کاریگەری ئاسەوارەکانی قەیرانەکانی پشێوی وزەدان کە لەسەرەتاکانی ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی پێشودا ڕوویاندا[1].

بەگوزارشتێکی سادە، حکومەتەکان هەمیشە زیادەڕەوییان کردووە لە هەڵسەنگاندن ولێکدانەوەی گرفتی دەگمەنی سەرچاوەکانی وزە و ئەگەری کەمبوونەوەو کۆتایی هاتنیان، هەردەم سەربەخۆییان بە لاوازی و لەرزۆکی یەکسان کردووە لەبواری بازرگانی وزە و بەرهەمەکانی دیکەدا.

شتگەلێکی زۆر گۆڕاون لەساڵی ١٩٧٣ و١٩٨٢ەوە. ئەو پێشبینیانەی زەنگی مەترسی کەمبوونەوە و کۆتاییهاتنی سەرچاوەکانی هایدرۆکاربۆنیان لێدەدا بێ بناغە دەرچوون. سەرچاوەگەلی گرنگی نوێ لە ڕۆژهەڵات و چەندین ناوچەی دیکەدا دۆزراونەتەوە و ڕەوتی دۆزینەوەش بەهۆی گۆڕانی تەکنۆلۆژییەوە بەرەو هەڵکشان دەچێت.

زیادبوون و پەرەسەندنی ڕێگاکانی گواستنەوەی وزە چەندین دەرفەتی ڕەخساندووە بۆ پشت بەیەکدی بەستن و ململانێکردن و سروشتی گرفتی ئاسایشی وزەی گۆڕیوە لە بایەخپێدانی لە ڕادەبەدەر بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنەران و بەکاربەرانەوە بۆ هاوکێشەیەکی زۆر ئاڵۆزتر کە تیایدا ئەو دەوڵەتانەی وزەیان پێدادەگوازرێتەوە و ئەو وڵاتانەشی کە پێیاندا ناگوازرێتەوە ڕۆڵێکی گرنگتری



تێدادەبینن، ئابوورییەکانی دوای پیشەسازی (postindustrial) لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، ئێستا کەمتر پشت بەداهاتەکانی وزە دەبەستن.

وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا نەوتێکی زۆرتر لە دەرەوە دەکڕن، بەڵام بڕێکی گەورەی لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەهێنرێت. لە کاتێکدا ئاسیا زیاتر و زیاتر وەك هێزێکی گەورە و گەشەکردوو دەردەکەوێت بۆ ناردنە دەرەوەی وزە وەك لە کاریبی و کەنداو. بۆ زۆرێك لە ئەوروپییەکان، ئێستا ئاسایشی وزە هێندەی پەیوەندی بە نەوتەوە هەیە ئەوەندەش بەگازەوە.

هەروەها بەرهەمهێنەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی بارودۆخێکی گۆڕدراو دەبنەوە. ئەوە سەلمێنراوە کە بەکارهێنانی نەوت وەك چەکێکی کاریگەر وهۆکارێك بۆ پاراستنی یەکڕیزی و یەك هەڵوێستی لەناو ڕێکخراوی (ئۆپێك) کارێکی دژوارە. ڕژێمەکانی کەنداو و باکوری ئەفریقیا، کە لەسەر خۆشگوزەرانی (پەترۆ ـ دۆلار) ڕاهاتبوون لە دەیەکانی سەرەتادا، ڕووبەڕووی فشاری دانیشتوانی ڕوو لە زیادبووی پێشبینیکراو دەبنەوە، لەگەڵ گرفت و ناجێگیری نرخەکانی وزە ـ ئەو نرخانەی ئێستا نزمترن وەك لە نرخەکانی ١٩٧٣.

عەرەبستانی سعودیە نمونەیەکی زەق دەخاتەڕوو بەڵام بەهیچ شێوەیەك تاقە نمونە نییە لە ئەگەری سەرهەڵدانی نائارامی و ناسەقامگیری، لەئەنجامی گەشەی دانیشتوان، شەپۆلی بێکاران و نەبوونی کار و ناڕازیبوونی سیاسییەوە، هەموو ئەم هۆکارانەش لە چوارچێوەی نرخە نائومێدکەرەکانی وزەدا بۆی دەڕوانرێت[2].

سەرەڕای نیگەرانی و ترسە بەربڵاوەکان، ئەوا نە شەڕی عێراق ـ ئێران و نەجەنگی کەنداوی ساڵی١٩٩١ نەبوونەتە هۆی ڕاگرتنی وزە بەشێوەیەکی مەترسیدار (هەر لەم بارەیەوە شەڕی ساڵی٢٠٠٣ سەر عێراقیش ئەم ئەنجامەی لێنەکەوتەوە).

ناجێگیری و تێکچوونی بارودۆخ لە جەزائیر کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت و گاز نەبووە، یاخود لەسەر ناردنە دەرەوەی بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا.

کوتایهاتنی جەنگی سارد، بووە هۆی لەناوبردنی سەرچاوەیەکی سەرەکی مەترسییەکی بەرچاو سەرنجدراو - ترسی ئەوەی ناوچەکانی بەرهەمهێنانی وزە و ڕێگاکانی گواستنەوەی بکەونە بەر هەڕەشەی ناکۆکییە نەریتییەکانی نێوان هاوپەیمانانی ناتۆ و وارشۆوە.

به کورتی سنوورەکانی لێکدانەوەی ئاسایشی وزە بەشێوەیەکی هەستپێکراو گۆڕاون، بەڵام زۆرێك لە وێنەکانی دەیەکانی سەرەتا بە نەگۆڕی ماونەتەوە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەبێ پشتگوێ بخرێن. کەڵەکەبوونی وێنەمێژووییەکان لە پەیوەندیدا بە بەئاسایشی وزەوە بەردەوامە لە ڕۆڵبینین لە داڕشتنی بیرکردنەوەو ڕەفتارەکانی سەرکردەکانی ناوچەکە، ڕۆژئاوا، وشوێن و ناوچەکانی دیکەش. ڕەنگە شیکەرەوەکان و شارەزایانی بواری پیشەسازی دڵنیابن لە هەبوونی بڕی زیاد لە پێویست لە نەوتی دابینکراو لەبازاڕێکی بەجیهانیبوودا کە ئەمەش شتێکی بنچینەیی و گرنگە، هەروەها توانای بازاڕەکە بۆ قەرەبووکردنەوەی قەیرانە ناوچەییەکانی دابینکردن، بەڵام ستراتیژست و بڕیارسازان ئەم چەشنە باوەڕبەخۆبوون و گەشبینییەیان نییە. نەوت ڕۆژگاری شکۆمەندی خۆی بەدەستهێناوەتەوە وەك کاڵایەکی ستراتیژی بە هەمانشێوە گازیش بە بەردەوامی لە ژێر ئەم ڕۆشنناییەدا بۆی دەڕوانرێت.

کێشەکانی وزە دەرئەنجامگەلی ناوخۆیی، ناوچەی، و سەرو ناوچەییان لێدەکەوێتەوە لەسەر ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەتوانن کاریگەربن لەسەر سەقامگیری ڕژێمەکان و هێز و توانای نەتەوەییان. بۆی هەیە لایەنە دژ و ناکۆکەکان سەرچاوەکانی وزە و ڕێگاکانی ناردنە دەرەوەیان بکەن وەك کارت و چەکێك بە کاربهێنن لە ململانێکانیاندا، داهاتەکانی بە دەستهاتوو لە وزە دەتوانن کاریگەربن لەسەر ڕەوت و مەودای نوێکردنەوەی سەربازی، هەر بەو



پێیەش لەسەر هاوسەنگییە سەربازییەکان. بەشێوەیەکی تایبەتی بازرگانی وزە بەردەوامە لە داڕشتنی سیاسەت و بەرژەوەندییە ناوچەییەکانی گەمەکەرە سەروو ناوچەییەکان - وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوروپا، ڕوسیا، و چین، لە نێوگەمەکەرەکانی دیکەدا - دەتوانێ لەسەر ناکۆکی و ململانێی نێو هێزە دەرەکییەکان کاریگەر بێت.

بۆ ڕۆژگاری، ئێستا، دەتوانین ئەوە بڵێین وزە ئەو بایەخە سەرەکییەی لە دەستداوە لە پەیوەندیدا بە ستراتیژیەتی ڕۆژئاواوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەك ئەوەی لەدەیەکانی سەرەتادا هەیبوو.

نرخە مامناوەندییەکان، خۆگونجاندنی هەستپێکراوی بازارەکانی وزە و سەرهەڵدانی کێشەگەلی دیکە وەك تیرۆرزم و بڵاوبوونەوەی چەکە کاولکارەکان بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی ڕۆڵ و کاریگەری وزە لەکارنامەی پەیوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

گەیشتن بە وزە بەشێکی گرنگە لە پاساوی تیوەگلانی ڕۆژئاوا لە کاروباری ناوچەکەدا، بەڵام چیتر وەك پاساوی زاڵ و سەرەکی نەماوەتەوە[3] لەهەمانکاتدا، ئێستا بایەخێکی پتر دەدرێت بەو هاوکێشەیەی کەچۆن گرفتەکانی وزە کارلێك لەگەڵ هۆکارەکانی دیکەدا دەکەن، هەر لە کێشەی دانیشتوانەوە بۆ کاریگەربوون لە سەر ئاسایشی ناوچەیی.

ئەم بەشە، ڕەهەندە گۆڕاوەکانی جیوپۆلەتیکی وزە دەخاتە ڕوو لە چوارچێوەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تاوەکو ساڵی ٢٠١٠ .

سەرەتا ئاراستە بنەڕەتییەکان بەرچاو دەخات لە بواری بازرگانی جیهانی وزە و ئەو مشتومڕانەی هەنووکە لە بارەی ماناکانیانەوە دەکرێت. دواتر تاوتوێی کێشە سەرهەڵداوەکان دەکات - ڕەگەزەکانی گۆڕان - لەبواری ئاسایشی وزە و هاوکێشەی ئاسایشی ناوچەکەدا. دواین بەش دەرەنجام و پێشبینییە سیاسییەکان دەخاتە ڕوو.

## ئاراستەکانی وزەی جیهانی و مشتومڕی ئاسایشی وزە.

هەر لە سەرەتای سەردەمی دەرکەوتنی نەوتەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی توکمە بە ڕوانگەکانی ئاسایشی وزەوە گرێدراوە. بایەخ وسەرنجی جیهانی نوێ لەسەر نەوت وەك کاڵایەکی ستراتیژی سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری دەریاوانی بەریتانی لەساڵی ١٩١١دا بۆ گۆڕینی وزەی بەکارهاتوو بۆ خستنەگەڕی کەشتییە جەنگییەکان لە خەڵوزەوە بۆ نەوت. ئەو کاتە، وڵاتە یەکگرتووەکان، هێشتا سەرەکیترین بەرهەمهێنەر بوو لە جیهاندا، بەڵام بەرژەوەندی بەریتانیا جەختی لەسەر میزۆپۆتامیا کردبووەوە، ئەو کاتە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلو ـ فارسی مافی دەرهێنانی نەوتی پێدرا[٤]. جەنگی جیهانی دووەم، بەشێوەیەکی تایبەتی، گرنگی لەڕادەبەدەری نەوتی خستەڕوو نەك تەنها بۆ کردارە سەربازییەکان، بەڵکو بۆ پشتیوانیکردن و بەڕێوەبردنی ئابوورییە جەنگییەکانیش.

ئەم ڕاستییە بەردەوام بوو لە داڕشتنی بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی سەرەکی بە ڕادەیەکی بەرچاو بە درێژایی جەنگی سارد، سەنگ و گرنگی ئەم ڕاستییە لە هەڵکشان و داکشاندا بوو بە پێی ئەو لێکدانەوانەی ئەگەری ناکۆکی و ململانێی تەقلیدییان لەنێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا پێشبینی دەکرد. نیگەرانییە ستراتیژییەکانی جەنگی سارد لە بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە بەشێکدا جەختی لەسەر ئەگەری هەڵگیرسانی ئەو جەنگانە دەکردەوە کە وڵات و لایەنە بچووکەکان لە بری هێزە نێودەوڵەتیەکان دەیانکرد لەگەڵ هەڵکشانی گرژی وئاڵۆزیدا. هەروەها هەڕەشەی هەستپێکراوی یەکێتی سۆڤییەت لەسەر دابینکردنی نەوت لە ئێران و کەنداوی عەرەبی و ڕێگا دەریاییە نزیکەکانی، هەڕەشەیەك دەکرا کاردانەوەی هەبێت لەسەر پەیوەندی کاریگەرئامێزی هێزە جیهانییەکان و تەگەرە بخاتە بەردەم بەرگریکردن لە وڵاتانی ئەوروپا[٥].



دەستە بەرکردن و دابینکردنی وزە بەبڕی پێویست و بەنرخێکی گونجاو بووەتە نیگەرانیی سەرەکی بۆ نەتەوە گەشەکردوو و تازەگەشەکردووەکان، هەر لە یەکەم قەیرانی هاوچەرخی نەوتەوە لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا. ئەو قەیرانەی بەهۆی شەڕی عەرەب ـ ئیسرائیل ساڵی١٩٧٣و ئابڵوقەی نەوتی عەرەبییەوە ڕەوتێکی خێراتری وەرگرت. لە ڕاستیدا بە بەلەرچاوگرتنی تاوسەندنی ڕەوتی بە نەتەوەییکردنی کۆمپانیا نەوتییەکان و دووبارە گفتوگۆکردن دەربارەی مافی ڕۆژئاوا لە دەرهێنانی نەوت لە کەنداو و باکوری ئەفریقیادا دەتوانیین بە دڵنیاییەوە ئەوە بڵێین ئەم قەیرانە پێش ئەو بەروارەی سەرەوە سەری هەڵدابوو، بەلای کەمەوە لەدیدی حکومەتەکان و کەرتە پیشەسازییەکاندا. شڵەژانی ئابووری کە بەهۆی قەیرانەکەی سەرەتای حەفتاکان تا ناوەڕاستی حەفتاکان دروست بوو، ئەو بۆچونەی ڕۆژئاواییەکانی پتەوتر کرد کە نەوتیان وەك کاڵایەکی ستراتیژی لە قەڵەمدەدا، بە هەمانشێوە وەك ڕەگەزێکی بنەڕەتی بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان.

دوای دوو دەیە لە نرخە مامناوەندییەکان، دووبارە وزە بەشێکە لە مشتومڕە ستراتیژییەکان. دەرپەڕاندنی هێزە داگیرکەرەکانی عێراقی لە کوێت لە ساڵی ١٩٩١ بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکان پاساوی خۆی هەبوو، لە بەشێکیدا وەك کردارێکی بەرگریکردن بۆ پاراستنی ئاسایشی وزە ئاماژەی پێکرا، لە بەر ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان وەك دوا دەستەبەرکەری ئاسایشی جیهانی وزەیە لە جیهاندا هێمای بۆ دەکرێت[٦].

واقیعیانەتر، پاساوەکە بریتیبوو لەوەی سەرچاوە نەوتییە گەورەکان نەکەوێتە بەردەست ڕژێمە دوژمنکارو نیاز خراپەکانەوە. لە ساڵانی دوای جەنگی کەنداوەوە، بایەخدان بە ئاسایشی وزە لە هەڵچوون و داچووندایە، بەهۆی گۆڕانی بەردەوام لە بازاڕی نەوت و بەهۆی نیگەرانییەکانی ئەم دواییەی بەڕێوەچوونی

بازاڕەکانی وزە لەناو وڵاتە یەکگرتووەکاندا. پێکەوە لەگەڵ نائارامی بەردەوامی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم گرفتانە کێشەی ئاسایشی وزەیان گەڕاندۆتەوە کارنامەی سیاسەتە ئەمنییە دەرەکییەکان.

## پێشبینیکردنی ئەگەرەکانی نرخ و دابینکردنی نەوت

ئەو مشتومڕەی ئێستا دەربارەی ئاسایشی وزە دەکرێت، بۆسێ قوتابخانە دابەش دەبێت. یەکەمیان گفتوگۆی ئەوە دەکات،) ئەمە لەگەڵ هەنگاوهەڵگرتنی شانبەشانی ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ ((قوتابخانەی سنوورەکانی گەشەکردن)) ی ساڵی حەفتاکان)، کە سەرچاوەکانی نەوتی جیهانی سنووردارن بە بەراورد بە پێداویستییە جیهانییەکان، لەماوەیەکی نزیك نەك دووردا کۆتاییان پێدێت بەهۆی داواکاری بەردەوام و ڕوو لە زیادی وڵاتە گەشەکردوو تازە گەشەکردووکانی جیهانەوە دەرەنجامی ئەم لێکدانەوەیە سەرهەڵدانی گێروگرفت دەبێت لە پرۆسەی دابینکردنی وزە و شڵەژانی بازاڕە جیهانییەکان بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخەکانەوە[7].

هەردوو جیۆلوجیست (کۆلن کامێك و چین لاهێرەر) لەبەرهەڵستکارە سەرەکییەکانی قوتابخانەی(کەمبوون و کۆتاییهاتنن)، ئەوە دەخەنەڕوو کە جیهان لە ڕووی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی وزەوە نیوەی ڕێگاکەی بڕیوە (نزیکەی ٩٠٠ ـ ١٠٠٠ ملیاربەرمیلی بەرهەمهاتوو لە بەرامبەر٢٠٠٠ ملیار بەرمیلی یەدەگ((دەست لێنەدراو)) کە ئەمەش ئاسەوار و کاریگەرییەکی دەروونی گرنگ وگەورەی هەیە، گەشبینەکانی دیکە، وەك شیکەرەوە جیولوجییەکانی ئەمریکی، ئەوە ڕووندەکەنەوە کە گەیشتن بە نیوەی ڕێگا لە بارەی کۆتاییهاتنی وزەوە، ئەگەر خراپترین دۆخیش لە بەرچاو بگرین هێشتا چەند دەیەیەك دووره. جێی سەرسوڕمان نییە کە زۆرێك لە شیکەرەوەکان، لەنێویاندا شیکەرەوەکانی دەزگای



وزەی جیهانی، ئاماژە بەوە دەکەن، کە گەیشتن بەم خاڵە(کۆتاییهاتنی نیوەی وزە) دەکەوێتە نێوان ساڵی ٢٠١٥ و٢٠٣٠ وە[8].

لە سیناریۆ ئومێد بەخشەکانیشدا، دۆزینەوەی نوێ و دەرهێنانی بڕی پێویست لەو سەرچاوانەی ئێستا لە بەردەستدان هۆکاری هەستیارن بۆ هێشتنەوەی نرخ لە ئاستێکی گونجاودا. لە سیناریۆ ڕەشبینەکانیشدا، قوتابخانەی(کۆتاییهاتن) پێشبینی دەکرێت نرخی جیهانی بەرمیلێك نەوت بگاتە١٠٠ دۆلار، لەگەڵ هەموو ئەو شیرازە تێکچوون و شڵەژانە ئابوورییانەی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت.

قوتابخانەی دووەم پێشبینی گرفتە ئاماژەپێدراوەکانی سەرەوە دەکات، بەڵام لەبەر هۆکارگەلێکی ئاڵۆزتر. لەم لێکدانەوەیەدا، هەڵکشانی ئەم دواییانەی نرخەکانی نەوت، هێمان بۆ بەرجەستەبوونی بەهێزی پێکەوەپەیوەستبوونی بازاڕە جیهانییەکانی نەوت، لە دۆخگەلێکدا کە جیاواز نیین لە بارودۆخەکانی ساڵی ١٩٧٣ و ١٩٧٩[9]. لە ژێر سایەی بارودۆخی ئێستادا و لە سایەی ڕەوتی سستی گەشەی ئابووری جیهانی و پێشبینی وەبەرهێنانی نوێ لە بواری وزە لە کەنداودا، بە عێراق و شوێنەکانی دیکەوە ڕەگەزەکانی ئەم لێکدانەوەیە دەکەونە بەر گومان. هەروەها ئەم لێکدانەوەیە ئەگەرە ڕەشبینەکان دەربارەی کۆتاییهاتنی سەرچاوەکانی وزە لە خۆدەگرێت. ئەم لێکدانەوەیە بە تایبەتی لە نێو شیکەرەوەکانی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باو و بڵاوە، کە ئەگەری سەرلەنوێ سەرهەڵدانی ناکۆکی و کێشە لەنێوان بەرهەمهێنەران و بەکاربەراندا لەخۆدەگرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا.

قوتابخانەی سێیەم سەرهەڵدانی کێشەکە بۆ زۆری نەك کەمی و دەگمەنی وزە دەگەڕێنێتەوە. لەم لێکدانەوەیەدا، زیادبوونی بڕی بەرهەمهێنان و باشتربوونی پرۆسەی دۆزینەوەی سەرچاوەگەلی نوێی وزە پارسەنگی داواکاری ڕوو لە زیاد بوو دەکاتەوە. سوودوەرگرتن لە نەوتی کاریبی و کەنارەقیراوییەکانی ڤەنزویلا و

سەرچاوەكانی دیكە، پێكەوە لەگەڵ كۆتاییپێهێنانی كۆت و بەندەكانی سەر وەبەرهێنان لە عێراق و كۆتاییپێهێنانی ڕاستەقینەی ئەم كۆت و بەندانە لەسەر لیبیا و ڕەنگە ئێرانیش، بۆی هەیە ببنە مایەی پەرەپێدانی توانای پاراستن و زیادكردنی بەرهەمهێنان. ڕەنگە لە دەرەنجامدا ڕۆژگارێكی دوور و درێژ نرخی نەوت بەهەرزانی بمێنێتەوە، كە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەكاربەرانی ڕۆژئاوا و هەروەها جیهانی تازە گەشەكردووش، بەڵام بۆی هەیە ناسەقامگیری لێبكەوێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێرۆ ئاسیادا. ئەم شیكردنەوەیە بۆ ئاسایشی وزە مەترسییەكانی سەر ئەم ئاسایشە لەو بارودۆخانەدا دەبینێت كە لە دەوڵەتە بەرهەمهێنەرە سەرەكییەكاندا باڵادەستن، زیادبوونی دانیشتوان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی قەرزاری، لەگەڵ كێشەی هەڵكشان و داكشانی داهاتەكان بە هۆی ناجێگیری نرخەكانی وزەوە، ئەم دەرەنجامە ناسەقامگیرهێنەرە بۆی هەیە پتر پایە لەرزۆكەكانی ڕژێمەكانی كەنداو، باكوری ئەفریقیا، و تەنانەت كاریبیش بهەژێنێت.

ئەمەش دەبێتە هۆی تێكچوونی شیرازەی دابینكردنی وزە بە چەندین شێوەی جیاواز، لە كاتێكدا ناكۆكییە ناوخۆییەكان ڕەنگدانەوەیان دەبێت لە سەر پرۆسەی بەرهەمهێنان و ناردنە دەرەوەی وزە[١٠].

لە هەمان كاتدا لێكدانەوەیەكی لە ئارادایە كە هەموو لایەك كۆكن لەسەری، كە ئەم لێكدانەوەیە هۆكارە سیاسی و هەروەها ئابوورییەكان ڕەچاو دەكات و پێشبینی جیهانێك دەكات تیایدا جێبەجێكردنی داواكاری ڕوو لە زیادبوونی وزە نە دەبێتە هۆی دروستكردنی گیروگرفتی گەورەی دابینكردن، نە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخ بەشێوەیەكی ڕاستەقینە[١١]. سەرچاوە گرنگەكان و هۆكارەكانی بەرهەمهێنان نابنە هۆی بەرزبوونەوەی هەژێنەری نرخی نەوت لە بازارێكدا كە ماوەیەكی دوور و درێژە ڕەهەندێكی جیهانی وەرگرتوە، بە كاڵایەك كە بڕێكی تەواو تەنانەت زیاد لە پێویستی دابینكراوە. لە گۆشەنیگای زۆرێك لە شیكەرەوەكانەوە، بازاڕی نەوت بە خەسڵەتی گۆڕانی نرخدا دەناسرێتەوە، بەهۆی



ڕووداوە شڵەژێنەر و هەژێنەرەكان و ئەو ڕەفتار وكردارانەی جێی گومان و نیگەرانی و دڵەڕاوكێن بۆ بەرهەم هێنەرەكان و بەكاربەرەكان لە یەك كاتدا. هەندێك لە بەرهەمهێنەرە سەرەكییەكان، كە هەموویان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان، لە ئێستادا تەنها بەپێی توانای خۆیان بەرهەمدەهێنن كە ئەمەش ئەگەری ئەوەی لێدەكرێت ڕووبەڕوی گرفتەكانی دابینكردنمان بكاتەوە لە مەودای نزیكدا(بۆ نموونە توانای سنورداری بەرهەمهێنەرە سەرەكییەكانی وەك عەرەبستانی سعودیە بۆ قەرەبوكردنەوەی ڕاوەستانی ناردنە دەرەوەی نەوتی عێراق، وەك ئەوەی لە ساڵی٢٠٠١ دا بینرا). ڕەنگە ڕوسیا و بەرهەمهێنەرەكانی ڕۆژئاوای ئەفریقیا تواناو ئامادەییان هەبێت بۆ زیاتركردنی بەرهەمهێنان لە بارودۆخێكی لەم چەشنەدا.

## دەرەنجامی ڕووداوەكانی ١١ سێبتەمبەر و جەنگی سەر عێراق

ڕووداوەكانی ١١سێبتەمبەر و دڵە ڕاوكێیەكانی پەیوەست بەئاسایشی ناوچەكەوە، لەنێویاندا مەترسی سەخت و ڕوو لەزیادبووی سەرچاوە گرتوو لە ناسەقامگیری دۆخی عەرەبستانی سعودیە و ئایندەی نادیار و نیگەرانكەری عێراقی دوای جەنگ، بۆی هەیە ببنە مایەی پێشبینیكردنی گۆڕان لە نرخدا. بەهەرحاڵ لە دوای هێرشە تیرۆرستییەكانی سەر نیویۆرك و واشنتۆن، نرخەكانی نەوت دابەزینیان بەخۆوە بینی، بەهۆی پێشبینی و لێكدانەوەكانی گەشەكردنی نزم تا مامناوەندی ئابووری و داواكارییەكی كەمی جیهانی لەسەر وزە[١٢]. لەسەرەتای مانگە یەكەمەكانی ساڵی٢٠٠٢، نرخەكان لە دەوروبەری٢٢-٢٣$ دۆلار دابوون. دابەزینی نرخەكان لە ٢٠٠٢، لەگەڵ كەمبوونەوەی بڕە خەزنكراوەكان و زیادبوونی نیگەرانییەكان دەربارەی دەرەنجامەكانی دەستتێوەردانی ئەمریكا لە عێراقدا كە لە ئاسۆدا دەركەوتبوو، نرخەكان بەرزبوونەوەی توندیان بەخۆوە بینی بۆ نزیكەی٣٠$ بۆ هەر بەرمیلێك لە مانگی

نیسانی ساڵی٢٠٠٣، دوای کۆتایهاتنی جەنگی سەر عێراق، نرخەکانی لە نێوان ٢٤$ بۆ ٢٦$ بۆ هەر بەرمیلێك جێگیربوون.

لەکاتێکدا خەسڵەت و ڕواڵەتە ناوچەییەکانی ئەو ستراتیژییەتەی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانییەوە پیادەدەکرێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و بونیادنانەوەی عێراق وردە وردە دەردەکەون، ئەوا هەستیاری بازاڕی نەوت لە بەرامبەر ئاراستە ئابوورییە گرنگەکان و ناسەقامگیری لە دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوتدا دەکەوێتە بەر ئەزموون و تاقیکردنەوەوە.

گرفتە سەرەکییەکان لەم بوارەدا گرفتی سەقامگیری ڕژێمی سعودیە دەبێت لە گەڵ گرژی و ئاڵۆزییە ناوچەییەکان و بارودۆخی ناسەقامگیری عێراقدا. هێشتا زۆرێك لە مەسەلەکان بە نادیاری بۆ ئەم نووسینە ماونەتەوە، بەڵام دەسەڵاتە داگیرکارەکان وحکومەتە عێراقییە یەك لە دوای یەکەکان زۆر بە خێرایی سوود لە وەبەرهێنانە نوێیەکان و هەبوونی ئازادییەکی گەورەتر لە پرۆسەی ناردنە دەرەوەدا وەردەگرن بۆ پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان. لەم سیناریۆیەدا ڕەنگە عێراق بە خێرایی ببێتە وڵاتی ژمارە دوو لە بەرهەمهێنانی نەوتدا، لەدوای وڵاتی عەرەبستانی سعودی، بۆی هەیە ببێتە هۆکارێکی هەستیار لە نرخدانانی جیهانیدا. بە لە بەرچاوگرتنی سستبوونی بەردەوامی گەشەی ئابووری جیهانی، ڕەنگە نرخەکان بە شێوەیەکی بەرچاو داببەزن، کە سودمەندو یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەکاربەرەکان، بەڵام ئەگەری ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە بۆ بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکان وەك عەرەبستانی سعودی و ئێران. ماوەی درێژکراوەی کۆنترۆڵی نێودەوڵەتی بەسەر بەرهەمهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوتی عێراقیدا ڕەنگە پێگەیەکی گرنگ بداتە وڵاتە بەکاربەرەکان لە ڕۆژئاوا و ئاسیادا تا کۆنترۆڵی پرۆسەی بەرهەمهێنان و نرخ دانان بکەن. ئەمەش بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك عەرەبستانی سعودی و ئێران و (ڕوسیا) دەخاتە پێگەیەکی نالەبارەوە، کە سەرەتای سەردەمی دەرهێنانی نەوتی



ناوچەکەمان دەهێنێتەوە یاد لەلایەن ئەوروپی و ئەمریکییەکانەوە. بە کورتی، جەنگی سەر عێراق بووە هۆی سەرهەڵدانی ژمارەیەکی زۆر نیگەرانی و نادڵنیایی دەربارەی نرخەکان، ئاسایشی دابینکردنی وزە و سەقامگیری ناوچەکە.

## گۆڕانی شێوازەکانی پشت بەیەکدی بەستن

هەرچەندە یەدەگە جیهانییەکان لە گەشەکردنێکی بەردەوامدان، ئەوا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوامە لە داگیرکردنی پێگەیەکی زاڵ لە بازرگانی جیهانی وزەدا. حاڵی حازر، نزیکەی لەسەدا حەفتای یەدەگی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. لە ڕاستیدا وا چاوەڕواندەکرێت کە ئەم ڕێژەیە لەگەڵ دۆزینەوە نوێکاندا بەرزتربێتەوە و تێکڕایی پشکداریکردنی بەرهەمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بازرگانی جیهانیدا بۆی هەیە گەشە بکات لەگەڵ زیادبوونی توانای بەرهەمهێناندا. ڕوسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکەوە بە نزیکەی سێ لەسەر چواری یەدەگی گازی جیهانیان تێدا کۆبۆتەوە[١٣]. نەوتی کاریبی و پەرەپێدانی بەردەوامی سەرچاوەکان لە ناوچەکانی دیکەدا، لە نێویاندا ڕۆژئاوای ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی ڕەنگە وێنەکە جۆراوجۆر و هەمەچەشن بکەن، بەڵام لە گرنگی ناوچەی کەنداو بۆ دەیەی داهاتوو کەمناکەنەوە[١٤]. هەندێ لە شیکەرەوەکان دەڵێن ئەگەر پەرەپێدانەکانی ئەم دواییەی بەرهەمهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوتی ڕوسیا بەردەوام بن، ئەوا ڕوسیا بۆی هەیە جێی عەرەبستانی سعودی بگرێتەوە وەك دابینکەری بنەڕەتی نەوت بۆ ڕۆژئاوا، هەتا ئەگەر بەرهەمهێنانی کەنداو پێگەی زاڵی خۆی لەبازاڕە جیهانییەکاندا بپارێزێت[١٥]. پشکداریکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دابینکردنی وزەی جیهانی بۆی هەیە لە ڕێی پەرەسەندنە سیاسییەکانەوە زیادبکات. بەم دواییە عەرەبستانی سعودی سیاسەتێکی کراوە و ئاوەڵای گرتەبەر لەبەرامبەر بەشداریکردنی دەرەکی لە بەرهەمهێنان و پاڵاوتندا، بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرمایەی نوێ بۆ وەبەرهێنان لە دامەزراوە کۆنەکانی بەرهەمهێناندا. ئامادەیی و ئارەزومەندی کۆمپانیا ئەوروپییەکانی وزە بۆ

وەبەرهێنان لە ئێران و لیبیادا لەگەڵ دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی پتر لە ساڵانی داهاتوودا، پتر ئەم ئەگەرە پشتڕاستدەکەنەوە. بونیادنانەوەی عێراق و ئاوێتەبوونی هەنگاو بە هەنگاوی عێراق بە ئابووری جیهانی بۆی هەیە بەرهەمهێنەرێکی بایەخدار بگەڕێنێتەوە بۆ بازاڕی جیهانی.

ڕەنگە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك بەرهەمهێنەری سەرەکی و زاڵ بمێنێتەوە، بەڵام شێوازە گرنگەکان گۆڕاون و دەکرێت بە شێوەیەکی گەورەتر لەدەیەی داهاتوودا بگۆڕێن. زۆرێك لە شیکەرەوەکان پێشبینی هەڵکشانی داواکاری وزە دەکەن لە ناو وڵاتانی ئاسیادا، بەتایبەتی لە چین و هیندستان، کە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزدەبێتەوە و ڕۆژێك دەبێت جێگای ئەمریکای باکوور بگرنەوە، وەك بەکاربەری سەرەکی وزە لە جیهاندا. ئەم بەرزبونەوەیە لە داواکاری وزە لە ئاسیادا چاوەڕوان دەکرێت بڕێکی دیار و بەرچاو لە تێکڕای زیادبوونی داواکاری جیهانی وزە پێکبهێنێت لە ٧٥ ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانەوە بۆ پتر لە ١٠٠ ملیۆن لەساڵی ٢٠١٥. بەشێکی گەورەی ئەم داواکارییە نوێیەی ئاسیا بەڕێی هێنانی نەوتی کەنداوی فارسی و بە مەودایەکی بەرتەسکتر، لەڕێی ڕوسیا و کاریبییەوە دابیندەکرێت. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە ٧٥٪ بەرهەمی کەنداو لە کۆتایی ئەم دەیەیەدا ڕەوانەی ئاسیا بکرێت. گۆڕانەکان لە شێوازەکانی بازرگانی نەوتدا ڕەوتێکی سست و خاویان وەرگرتووە لە کاریگەربوون بەسەر مشتومڕە ستراتیژییەکانی ڕۆژئاواوە. زۆرێك لە ئەمریکییەکان ئەو بیرۆکەیەیان بەشێوەیەکی ئاسایی وەرگرتووە کە هێنانی نەوت بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دێت: بەڵام ئەمە بەم شێوەیە نەبوو لەم دەیانەی دواییدا. کەنەدا و مەکسیك ئاسۆی دەرکەوتنیان گەورەتر بووە، دوایین ئاراستە ڕووی لە هێنانی بڕێکی گەورەی وزە کردووە لە ئەتلانتیك و نیوەکەی دیکەی گۆی زەوییەوە، لە نێویاندا ڕۆژئاوای ئەفریقیا. لەم ساڵانەی دواییدا، وڵاتە یەکگرتووەکان نزیکەی ١٠٪ پێداویستی نەوتی لە لایەن



ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دابینکراوە. بەڕێوەبەرێتی وزە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا پێشبینی دەکات لە ساڵی ٢٠٢٠، ٦٤٪ پێداویستی نەوتی ئەمریکا لەڕێی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی ڕۆژهەڵاتەوە دابینبکرێت[١٦].

هەروەها ڕێژەی نەوتی دابینکراوی ئەوروپا لە لایەن وڵاتانی کەنداوەوە ڕووی لە کزی کردووە، ئەگەر بەراوردکارییانە قسە بکەین، لە ساڵی ٢٠١٥، ئەگەری ئەوە هەیە ١٠٪ نەوتی کەنداو بەرەو بازاڕەکانی ڕۆژئاوا ڕەوانە بکرێت و ٧٥٪ بەرەو ئاسیا بەڕێبکرێت.

هەر چەندە وڵاتە یەکگرتووەکان کەمتر پشت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێرۆ ئاسیا دەبەستێت بۆ مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی وزە، بەڵام هێشتا دەتوانرێت نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی نرخەکانی بازاڕی جیهانی دەستەبەر بکرێت. ئەوەی لە کەنداودا ڕوودات ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دابینکردن و نرخەکانی نەوت لە ناوچەکانی دیکەدا دەبێت، بەڵام لەوانەیە پەیوەندییەکە زۆر ڕاستەوخۆ نەبێت. نەوت کاڵایەکی جیهانییە و چۆنییەتی گواستنەوەکەی ڕەنگدانەوەی لەسەر بازرگانی نەوت دەبێت، ئەمەش هۆکاری پشت بڵاوبونەوەی پرۆژەی بۆرییەکانە لە ئێرۆئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا. بە جیهانیبوون لە بازاڕی نەوتدا بەشێوەیەکی بەرچاو پشکداری دەکات لە ئاسایشی وزەدا، بەڵام بەیەکجاری سەرچاوەکانی مەترسی ناوچەیی ڕانامالێت. لە کاتێکدا پەیوەندی نێوان نەوتی کەنداو و ئاسایشی وزەی ڕۆژئاوا کەمتر بەرچاو وکەمتر ڕاستەوخۆیە، ئەوا گرفتی سیاسی بۆ پاساودانی بەرگریکردن لە نەوتی کەنداو پێشبینی سەختتربوونی لێدەکرێت. دەیەیەك پێش ئێستا، کاتێك پشتبەستنی وڵاتە یەکگرتووەکان بە نەوتی کەنداو ڕوو لە کزی بوو بەڵام ئەوروپا و یابان زیاتر پشتیان بە ناوچەکە دەبەست، بڕیارسازە ئەمریکییەکان ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە بوونەوە ((ئێمە بەگری لە نەوتی کێ دەکەین؟)) بە ڕوانین بۆ ساڵی٢٠١٠، ئەگەر

له چوارچێوەیەكی بەرتەسكدا لێكیبدەینەوە، ئەوا ڕەنگە وەڵامەكە چین و بەكاربەرە ئاسیاییەكانی دیكە بن. ئەم شیكردنەوەیە بۆی هەیە بایەخی پتر بدات بە هاندانی هەماهەنگی نەك ململانێ لە پەیوەندییەكانی وڵاتە یەكگرتووەكان بە چینەوە لەبارەی كاروبارەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی گەشەكردنی چین دەوەستێتە سەر سەقامگیری لە كەنداو و دەوروبەریدا. هیندستانیش، بەهۆی گەشەكردنی هێنانی وزە لەكەنداوەوە پتر بایەخ بە ئاسایشی كەنداو دەدات.

## كێشە دەركەوتووەكان

بەدەر لە پرسیارە بنەڕەتییەكان دەربارەی داواكاری و دابینكردنی نەوت و شێوازە گۆڕاوەكانی ناردنە دەرەوەی، هەندێ لە كێشەكان درێژخایەنەكان و هەندێ لە كێشە تازە سەرهەڵداوەكان كاریگەرییان لەسەر ڕۆڵی وزە هەیە لەسەر ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پێكەوە ئەم كێشانە ڕۆڵێكی بنەڕەتی دەبینن لە داڕشتنی گۆشەنیگای وڵاتە یەكگرتووەكان و هێزە نێودەوڵەتییەكانی دیكە لە مەسەلەكانی ئاسایشی وزەدا، هەروەها لەبۆچوون و لێكدانەوەكان بەرامبەر هەماهەنگی و ململانێ نێودەوڵەتییەكان.

## بەرزبوونەوەی بایەخی گاز

تاساتەكانی ئەم دواییەش، جیوپۆلەتیكی وزە بەشێوەیەكی بنچینەی بریتی بوو لە جیوپۆلەتیكی نەوت: وەك كاڵایەكی جیهانی بازرگانی پێوەكراو نەوت بەسەر مشتومڕی ئاسایشی وزەدا زاڵبووە. ئەوەی تێبینی دەكرێت وزەی ناووكی جگە لە مەسەلەی بڵاوبونەوەو پاراستنی، لەچوارچێوەی سنووری سیاسەتی گشتی ناوخۆییدا بووە و ئەم دۆخەی ئێستاشی لەگەڵدابێت هەر ڕاستە. بەڵام



بەدەستهێنانی نەوت بەبڕی پێویست و بە نرخی گونجاو هەمیشە وەك لایەنێكی گۆڕاو دەمێنێتەوە لە هاوكێشەی ئاسایشی وزەدا بۆ دەیەكانی داهاتوو، هاوشان بە بایەخ و گرنگیپێدانی پتر بە دابینكردن و گواستنەوەی گازی سروشتی. بۆی هەیە لە هەندێ وڵاتە بەكاربەرەكاندا، بەشێوەیەكی سەرەكی لە ئاسیا و ئەوروپای ڕۆژئاوادا، گاز ببێتە بەشێكی گرنگ لە لێكدانەوەكانی ئاسایشی وزە.

داواكاری لەسەر گاز بە خێرایی بە سەرانسەری جیهاندا لە زیادبوون و بەرزبوونەوەدایە. ئەم كاڵایە لە ڕووی جۆرەوە باشە، لە ڕووی تێچوونەوە گونجاوە، بۆیە بووەتە سوتەمەنییەك كە خواستێكی بەردەوامی لەسەرە، بە تایبەتی لەبەر هۆكارە ژینگەییەكان. تەنها لە ساڵی ٢٠٠٠ بازرگانی جیهانی گاز بە ڕێژەی ١٠٪ بەرزبوونەوەی بە خۆوە بینی[١٧].

ئەگەری ئەوە لە ئارادایە كە بۆ دەیەی داهاتوو ئاستی بەكارهێنانی گاز بە ڕادەیەك زیاد بكات كە ئاستی بەكارهێنانی سەرچاوەكانی دیكەی وزە تێپەڕێنێت. هەروەكو نەوت، ئەم گەشەكردنە لە ڕادەبەدەرە دەگەڕێتەوە بۆ فراوانبوونی خێرای داواكاری لەسەر ئەم وزەیە لە ئاسیادا(لەئێستادا بەپێی پێوەرەكانی ڕۆژئاوا بەكارهێنانی گاز لە ئاستێكی نزمدایە). هەروەها گاز سەرچاوەیەكە وا دەردەكەوێت دووربێت لە كۆتایهاتن: مەزەندە دەكرێت ٩٥٪ گازی سروشتی جیهانی لە ژێر زەویدا بێت[١٨].

بەپێچەوانەی نەوتەوە، گاز كاڵایەكی ناوچەییە پتر لەوەی جیهانیی بێت تێچوونی گواستنەوە هۆكارێكی هەستیارە لە بازرگانی گازدا، هەرچەندە گاز دەكرێت لە تەنكەرو بارهەڵگری تایبەتیدا هەڵبگرێت و باربكرێت. گازی شلی سروشتی(LNG)، تێچوونەكەی بەرزەو نیگەرانی پاراستنیشی لە كۆگاكاندا نیگەرانییەكی بەرچاوە. لە ڕاستیدا، بە لەبەرچاوگرتنی هێرشە تیرۆرستییە چاوەڕواننەكراوەكانی سەر وڵاتە یەكگرتووەكان لە سێپتێمبەری ٢٠٠١، دەبێت

مەترسییەکانی هاوشان بە گازی شلی سروشتی کە هێزی تەقینەوەی گەورەیان هەیە بەجیدی وەربگیرێن (ئێستا ئەو ئاراستەیە باوە،کە کۆگاکانی گازی شلی سروشتی لە شوێنە مەدەنییەکان دووربخرێنە، کە ئەوەندەی تر تێچوونەکان زیاتر دەکات). ئەوەی ئێستا لە ئارادایە بۆرییەکان توانای گواستنەوەی گازیان بۆ بازارە گەورەکان هەیە کە نرخەکان لەو بازارانەدا لە ململانێدان و بوونەتە ڕەگەزێکی گرنگ لە جیوپۆلەتیکی گازدا. بە درێژایی دەیەی ڕابردوو تۆڕی بۆرییەکان بە شێوەیەکی سەرنجراکێش بڵاووبونەتەوە بۆ گواستنەوەی گاز، کە تۆڕێکی بەیەکداچووی ئاڵۆزن و بوونەتە دامەزراوە و سەرچاوەی دابینکردنی وزە لە نێو ئەوروپادا، هەروەها دامەزراوەی دیکەی هێنانی گاز بۆ ئەوروپا لە ئێرۆ ئاسیا، باکوری ئەفریقیا و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونیان هەیە. ئەوروپا هەمیشە بیر لە ئاسایشی گاز دەکاتەوە. لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە (١٩٨٠ـ ١٩٨٩) ئەوروپای ڕۆژئاوا دەستیکرد بە هێنانی برێکی گەورە لە گاز لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشووە لە ڕێی بۆرییە ڕوسیەکانەوە. لە چوارچێوەی دڵەڕاوکێیەکانی جەنگی سارددا. کێشەی گازی ڕوسی بووە سەرچاوەی ناکۆکی لە پەیوەندییەکانی هەردوو بەری ئەتلانتیکدا، کە زۆرێك لە ستراتیژیست و بڕیارسازەکانی واشنتۆن نیگەران بوون دەربارەی دەرەنجامەکانی سەر ئاسایش بەهۆی پشتبەستنی ئەوروپا بەو گازەی لە ڕۆژهەڵاتەوە دابیندەکرا. وڵاتانی ئەوروپا، بە تایبەتی ئەڵمانیا، مەبەستیان بوو لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی هەڵوێستی پشتبەستنیان بەو وزەیەی کە لەلایەن ڕوسیاوە دابیندەکرا کەم و کاڵ بکەنەوە و بازرگانی گازیان بە پشکدارییەکی سوودبەخش لێکدایەوە بۆ بەستنی پەیوەندی دۆستانەی ئابووری. هەر لە بارەی هاوکێشەی دابینکردنی وزەوە، ئاراستەی گفتوگۆیان بەو بارەدا برد (ئێستاش ئەم ئاراستەیە بەردەوامی هەیە)کە بازرگانی وزە ئەوەندە لە بارێکی لەرزۆك ولاوازدانییە تا بەهۆی هەڵوێست و هۆکارە سیاسییەکانەوە دووچاری ڕاوەستان ببێتەوە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی وڵاتانە بەرهەمهێنەرەکان پێویستییەکی بێ ئەندازەیان بە داهاتەکانی وزە هەیە بە چەشنێك ئەم داهاتانە بڕبڕەپشتی ئابورییەکانیانی پێکهێناوە، لە ڕاستیدا



ئەوان ناچارن لە شوێنێکدا ئەو بەرهەمە ساغبکەنەوە. لە هەمانکاتدا ئەوروپا دەستیکرد بە وەبەرهێنان لە دروستکردنی دامەزراوەکان بۆ گواستنەوەی گاز بەهۆی بۆرییەکانەوە (بە هەمان شێوە گازی شلی سروشتی) لە ناوچەکانی دەریای سپی ناوەڕاستەوە. بۆرییە ڕاکێشراوەکان بە هەردوو دیوی دەریای سپی ناوەڕاستدا تونس و سیسلی بە یەکدی بەستۆتەوە و گازی جەزائیرو لیبیای گەیاندۆتە بازارەکانی ئەوروپا. توانای ئەم بۆرییانە(لە ڕاستیدا پێنج هێڵن) تا ئاستێکی باش بەرفراوان کراوە لەم چەند ساڵەی دواییدا. هەروەها بازرگانی گاز لە دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاستدا سوودمەند بووە لە بنیاتنانی هێڵی نوێی تێپەڕبوو بە مەغریبدا، جەزائیر لە ڕێی مەغریب و تەنگەی جەبەل تاریقەوە گازی دەگەیەنێتە ئیسپانیا. لە مەودای نزیکدا، ڕەنگە گاز لە کێڵگەی دیکەوە بگاتە ئەوروپا، لە کاریبی و ئاسیای ناوەڕاستەوە، لەوانەیە لە ڕێگەی ئێران و تورکیاوە. ڕێگای باشووری ڕۆژهەڵاتیش کە زۆر پەرەپێدراوونییە بۆتە ڕێڕەوی دابینکردنی گاز بۆ ئەوروپا، بەڵام کات و کۆشش تەرخانکراوە بۆ فراوانکردنی بە شێوەیەکی بەرچاو لەدەیەکانی داهاتوودا[١٩]. لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەوروپا پشت بە باکوری ئەفریقیا دەبەستێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی گاز بە ڕێژەی نزیکەی لەسەدا ٢٥٪. ڕێژەی ئەم پشتبەستنە بۆ ئیسپانیا، ئیتالیا، پرتووگال و فەرەنسا گەورەترە. بۆ نموونە ئیسپانیا ٧٠٪ پێداویستی ئەم وزەیەی لەلایەن جەزائیرەوە دابین دەکرێت، بۆ پورتوگال ڕێژەکە دەگاتە سەرووی٩٠ لەسەدا[٢٠].

هێڵ و ڕێڕەوەکانی ئێستای گواستنەوەی گاز و ڕێڕەوە نەخشە بۆکێشراوەکانی دیکە بە درێژایی ئێرۆئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وێنەی تۆڕێکی دابینکردن دەکێشن کە سنوور و ئاڵۆزییەکی نائاسایی هەیە[٢١]. دوا دەرەنجامیش سیستمێکی بازرگانی گازە کە بەڕاستی مەودای ناوچەیی دەبڕێت، کە ڕەنگە ڕەنگدانەوەو کاریگەری لەبواری ئاشتیدا لێبکەوێتەوە. ئەم تۆڕە بنیاتنراوە بە تەنها تەوەری ئەو ئامادەسازییە نییە کە لە پێناو هێنانی گاز بۆ بازارەکانی ئەوروپا نەخشەی بۆ کێشراوە. هەروەها هێڵی دیکەی گرنگتر هەن کە بەڕاستی بوونیان هەیە یاخود لە قۆناغی بنیاتناندان کە لە هێڵە ناوچەییەکان بچوکترن.

مەیلی ناکۆکی و ململانێ، ڕەنگە بەسەر بەڕێوەبردنی دامەزراوەی گازدا بالادەست نەبێت (بۆی هەیە بەسەر حاڵەتی بۆرییەکانی نەوتیشدا پەیڕەو نەبێت، کە تیایدا ڕێگە هەمەچەشنەکان و ڕێڕەوی بەدیل بۆ بازرگانی وزە دەبێتە نەریتێکی پیادەکراو). ئەو پشت بەیەکدی بەستنە ئابوورییەی لەسەر بازرگانی گاز بنیاتنراوە بۆی هەیە ببێتە هێز و هۆکاری سەقامگیری بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەریای سپی ناوەڕاست. مەغریب و جەزائیر، کە دوو ڕکابەری تەقلیدی یەکەن، هاوبەشن لە بینینی ڕۆڵێکی گرنگ لە پاراستنی ئاسایشی بۆرییە ڕەتبووەکان بە مەغریبدا. هەمان بارودۆخ لە حاڵەتی لیبیاو تونسدا بوونی هەیە. پێداویستییە ڕوو لە زیادبووەکانی تورکیا بۆ وزە (سەرەڕای سەختییە ئابوورییەکانی ئەم وڵاتە) بۆتە مایەی دانانی نەخشە مەودا فراوانەکان بۆ گواستنەوەی وزە، هەندێکیان بریتین لە پڕۆژەی کارو چالاکییە ناوچەییە هاوبەشەکان. وەك نموونە، نیگەرانییەکانی تورکیا و یۆنان ئومێدی بیناکردنی بۆری لێدەکرێت بە درێژای ئەتلانتیك، کە یۆنان بەهۆی ئیتالیاوە بەسەرچاوەکانی دابینکردنی باکووری ئەفریقیاوە دەبەستێتەوە، ڕێڕەوێك لە لیبیا و جەزائیرەوە بۆ بازاڕی گەورەی تورکیا دەکاتەوە، کە ئێستا بە شێوەیەکی سەرەکی پێداویستی ئەم بازاڕە لە لایەن ڕوسیاوە دابین دەکرێت[٢٢]. بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستا جێبەجێبوونی ئەم نەخشەیە مەحاڵ دێتە بەرچاو، بەڵام ئەم ئەگەرە لە دەیەکانی داهاتوودا بە گرنگ و پڕ بایەخ سەیردەکرێت، ئەویش دۆزینەوەی گازی ڕۆچووی نێو دەریایە، کە نزیك ئیسرائیل و غەززەن. بەهۆی خراپبوونی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و عەرەبەوە، نەخشەی دامەزراندنی تۆڕشی بۆری گاز ڕۆژهەڵاتی ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستدا کێشرا، کە وزە لە میسرەوە تاوەکو کەناری لیڤانت و ئیسرائیل، تورکیا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا دابین بکات. قەید و بەندی سەر پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیلدا، کۆسپە سەرەکییەکان پێکدەهێنن لە بەردەوام فراوانکردنی هەناردەی گازی میسریدا، لەلایەك لەبەر ئەوەی بازاڕەکانی ئیسرائیل بازاڕی پڕ لە قازانجن بۆ گازی میسری و لەلایەکی دیکەوە بەهۆی گرانی تێچوونی ئەو بۆرییانەوە کە بە ئیسرائیلدا بۆ بەکاربەرانی



لە سوریا و لوبنان تێپەڕدەبێت[٢٣]. دۆزینەوەی گازو نەوتی ژێر ئاوی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست کە بۆ بازرگانی پێوەکردن دەشێن، دانوستان و گفتوگۆی لە نێوان لوبنان و قوبرسدا هێناوەتە ئاراوە دەربارەی دیاریکردنی سنوری ئەم سەرچاوانەو چۆنیەتی سوود لێوەرگرتنیان[٢٤].

هەروەها گفتوگۆ لە بارەی دامەزراندنی هێڵی بۆرییەکان دەکرێت بۆ گواستنەوەی گازی ئێران بۆ بازاڕەکانی هیندستان، ئەویش لەڕێی پاکستانەوە گەر پەیوەندییە دووقۆڵییەکان دەرفەت بدەن. نەخشە پڕ بایەخ و بەهادارەکان بۆ پرۆژەی لەم چەشنە دەچێتە خزمەتی درێژکردنەوەی سیستمی گواستنەوەی گازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەك هەر بە تەنها بۆ ئەوروپا بەڵکو بۆ باشووری ئاسیاش..

بونیادەکانی پشت بە یەکدی بەستن کە دامەزراوەی جێگیرتری بازرگانی گازی لە خۆ گرتووە دەکرێت بە هۆی فراوان کردن و هەمەچەشنکردنی تۆڕی دابینکردنی ئەم وزەیەوە کەمبکرێنەوە. بەڵام بەپێچەوانەی نەوتەوە، گاز بە شێوەیەکی سەرەکی نابێتە کاڵایەکی جیهانی. دامەزراوەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی گاز تاڕادەیەك سیاسەتێکی نەرم و نیان پیادە دەکەن و شێوازە پشت پێ بەستراوەکانی هێنانی وزە شێوازی بونیادین، بەلای کەمەوە لە مەودای کورتدا لەگەڵ زیادبوونی بەکارهێنانی گاز لە ئەوروپادا، ئەوا لێکدانەوەو لە قەڵەمدانی گازیش وەك کاڵایەکی ستراتیژی لە برەودایە. ئێستا دابینکردنی گاز بۆتە هۆکارێکی پڕ بایەخ لە تێڕوانینی ئەوروپییەکان لە بەرامبەر ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم ڕاستییە بە تایبەتی لەتێڕوانینی فەرەنسا و باشووری ئەوروپادا بەرامبەر تەنگژەی جەزائیر زۆر ڕوون بوو. ئەگەری ڕاوەستانی بەرهەمهێنانی گاز و گواستنەوە بووە بە یەکێك لە نیگەرانییە سەرەکییەکان لەپەیوەندیدا بەباری شڵەژاوی جەزائیرەوە هەر لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا(١٩٩٠-١٩٩٩)، هاوشان لەگەڵ مەترسی تەنگژەی پەنابەران و ڕەنگدانەوەی لەسەر توندوتیژی سیاسی. سەرەڕای دەیەیەك لە توندوتیژی بێ سنوور و لە ڕادەبەدەر،

بەرهەمهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوت دووربوون لە کاریگەرییەکانی تەنگەژەکە، کە ئەمەش تاقیکردنەوەیە بۆ ئامادەسازییەکانی ناوچە وزە بەرهەمهێنەرەکان لەباشووری جەزائیر و دامەزراوەکانی گواستنەوەی وزە لە باکووری ئەم وڵاتەدا. هەروەها ڕەنگە بەڵگەبێت لەسەر ئەوەی لایەنە توندوتیژە جیاوازەکان سوودێکی ستراتیژی ئەوتۆیان بەدی نەکردبێت لە پەلاماردانی پیشەسازی نەوت وگازی وڵاتەکەدا. بە هەرحاڵ مەترسییەکانی ئاییندە بۆسەر دابینکردنی گاز لە بارودۆخە شپرزە و ناسەقامگیرەکانی دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانەوە سەرچاوە دەگرن، پترلەوەی لە کەمکردنەوە و ڕاگرتنی بە ئەنقەست ودەستێوەردان لەڕێڕەوەکانی گواستنەوەوە هەڵبقوڵێن. هەندێ لە چاودێران بوونی ئەوروپا بە بەشێکی گرنگ دادەنێن لە دابینکردنی گاز و سەقامگیرکردنی دۆخی دەوڵەتە بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکاندا، کە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی نوێی گرنگی بەرژەوەندی بۆ ئەوروپا بۆ تێوەگلان لە کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا[٢٥]. لە ڕاستیدا، ئەم هۆکارە دەتوانێت سیاسەتێکی ئەوروپی چالاکانەتر لە بواری ئاسایش و بواری دەرەکییدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بخاتە گەڕ، لە نێویاندا باکووری ئەفریقیا، ئەگەر چی ئەم سیاسەتە تەنها بەم ناوچەیەوە سنوردارنییە. ئەو ڕاستییەی کە بڕی زۆری بەرهەمی وزەی کەنداو بەرەو ئاسیا ڕەوانە دەکرێت لە ساڵانی داهاتوودا، ئەمە بۆی هەیە گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی گرنگ لە بیرکردنەوەو نەخشەکێشانی ئەوروپادا بورووژێنێت لەبارەی ئاسایشی وزەوە لەگەڵ جەختکردنەوەیەکی زیاتر لەسەر دراوسێ دەوڵەمەندەکانی نزیک بە سنووری ئەوروپا. ڕەنگە واشنتۆن وا هەست بکات، و ئەوروپا وای پێ باشتر بێت، کە یەکێتی ئەوروپا سەرکردایەتی سیاسەتی بەرگریکردن لەم ناوچەیەدا بگرێتە ئەستۆ. هەروەها ئەوروپا دەتوانێت دەستی بگاتە ئەم ناوچەیە بەهێزو تواناگەلێکی سنورداریشەوە.



### هێڵی پەیوەندیکردنی نوێ لە پێناو دابینکردنی نەوتدا

لەدەیەی داهاتوودا، ڕەنگە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەوێتە ژێر کاریگەری پەرەسەندنەکانی پەیوەست بە هێڵە نوێیەکان و ئەو هێڵانەی ئێستا لەئارادان بۆ پەیوەندیکردن لەبارەی مەسەلەی نەوتەوە. هەروەك پێشتر سەرنجدرا، دەرکەوتنی ئەو بڕە گەورانەی نەوتی کاریبی لە بازاڕە جیهانیەکاندا، دەکرێت بە پەرەسەندنێکی بەرچاو و گرنگ لەقەڵەم بدرێت بەڵام نەك پەرەسەندنێك لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە. چۆنیەتی ڕوانین لە هێڵی بۆری باکۆ-جیهان، کە بۆ گواستنەوەی نەوتی کاریبی بەڕێی تورکیا بۆ ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست دانراوە، نزیکەی دەیەیەکە گفتوگۆیەکی گەرم وگوڕی لەبارەوە دەکرێت. ئەگەرچی هێڵی باکو-جیهان پشتیوانییەکی دبلۆماسی بەهێزی لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بەدەستهێناوە، ئەوەی بۆتە خاڵی بنچینەیی لە تیڕوانیندا لەبارەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەوە لایەنی ئابووری ئەم پڕۆژەیەیە لەمەودای دووردا هەر وەك لەلایەن وەبەرهێنە بازرگانییەکانەوە بۆی دەڕوانرێت . سێ دۆخی گۆڕاوی گرنگ ڕۆڵ دەبینن، یەکەم، مەترسیە ژینگەییەکان، ڕەنگە تورکیا ناچار بکات ڕێڕەوی تێپەڕبوونی بڕی گەورەتری نەوتی خاو بەر تەسکبکاتەوە کە بە پۆسپۆرەسدا گوزەردەکەن، ئەمەش ڕێگای ڕوسیا ـ دەریای ڕەش بۆگواستنەوەی نەوتی کاریبی سنوردار دەکات، هێشتا ڕوون نییە ئایا تورکیا دەتوانێت ئەم قەید و بەندانە بسەپێنێت بەبێ دووبارە گفتوگۆکردنەوە لە بارەی ڕێککەوتنامەی (مانرۆکس)ەوە کە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەروازەکانی تەنگە تورکییەکان روون دەکاتەوە. دووهەم، بۆی هەیە پەیوەندییەکانی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی بەشێوەیەك پەرەبسێنێت لەدەیەیی داهاتوودا، کە ئەگەری دەستهەڵگرتنی ئەمریکای لێدەکرێت لە بەرهەڵستیکردنی ڕێگای ئێران بۆ نەوتی کاریبی. کورتی ماوە و بوونی دامەزراوەی بۆری ئەم ڕێگایە دەکاتە ڕێگایەکی سەرنجڕاکێش لە ڕووی بازرگانییەوە، هەندێ لە لایەنەکانی پیشەسازی نەوتی نێودەوڵەتی ناسراون

بەوەی پێشتگیری لەم ڕێگا چارەیە دەکەن. ڕێگەی گوزەرکردوو بە ئێراندا، پێشبینی زیادبوونی بەرچاوی هاتووچۆی تەنکەرەکانی لێدەکرێت بە خاڵە تەنگ و نالەبارەکانی هۆرمز و کەنداوی فارسیدا. سێیەم، ئەگەری ئەوە هەیە ئەوەی جەختی لێبکرێتەوە لە تێڕوانیندا بۆ هێڵی باکور-جیهان بڕی نەوت و گازی کاریبی پێشبینیکراو بێت.

هەروەك ڕەوتی دۆزینەوە لە دەوروبەری کاریبیدا خێراتر دەبێت، ژمارەی سەرچاوە دەست لێنەدراوە خەملێنراوەکان لە زیادبووندا دەبێت، بەو پێیە گەشەکردنی پرۆژەکەش زیاتر پەرەدەسێنێت. ئەو گفتوگۆ ڕەشبینەی دەربارەی هێڵی باکور-جیهان کەببووە خەسڵەتی ساڵانی نەوەدەکان (١٩٩٠-١٩٩٢) ئێستا لەسەرەتای گۆڕاندایە. چەند ڕێککەوتننامەیەکی گرنگ لە ئارادان لە نێوان تورکیا، ئەزەربایجان، جورجیا، و هاوپەیمانێتی کۆمپانیا بەشدار بووەکانی پرۆژەکە. کاری بیناکردنی سەرەتایی لەوەدایە دەست پێبکات، هەلێکی ڕاستەقنیە لە ئارادایە هێڵی باکو ـ جیهان لە ساڵی ٢٠١٠ ببێتە واقیعێکی ڕاستەقینە[٢٦].

ئەگەر هێڵی باکو-جیهانی بیناتنرا ئەوا ڕۆڵی تورکیا وەك ڕاگوزەرێك بۆ وزە قوڵدەکاتەوە و پێگەی ئەم وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستدا پتەو دەکات لە بازرگانی جیهانی نەوتدا. بەڵام دووبارە ناردنە دەرەوەی نەوتی عێراقی بۆ بەندەرەکانی سەر کەناری دەریای سپی ناوەڕاستی تورکی ڕەنگە لەم بوارەدا گرنگتر بێت. توانای ئەم دوو هێڵەی ئێستا بۆ گواستنەوەی نەوتی عێراقی بە خاکی تورکیادا لە ئارادان، نزیکەی دوو هێندەی توانای هێڵی پێشنیارکراوی باکو-جیهان دەبێت.

گواستنەوەی نەوت لە ڕێی تورکیاوە وردە وردە سەرنجی زیاتر ڕادەکێشێت کاتێك هەناردەی نەوتی عێراقی هەنگاو هەنگاو دەگەڕێتەوە ئاستەکانی پێش ساڵی ١٩٩٠.



ئەو کاتەش ئەگەری مەترسی ڕاوەستانی نەوتی ئێرانی کەمدەبێتەوە. کۆتاییپێهێنانی سزای سەپێنراوی سەر عێراق لە بواری نەوتدا، بۆ هەیە پەرەسەندنێك بێت تورکیا و لیڤانت بگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە لە پەیوەندیدا بە چەمکی ئاسایشەوە. ئەگەر هێڵی باکو-جیهان تەواو نەکرێت، و ڕێگاچارەی ئێرانی ببێتە ڕێگاچارەیەکی پەسەندکراو، ئەوا ڕەنگە سوودە بازرگانییەکان لەگەڵ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکاندا بکەونە ناکۆکی و ململانێ کاتێك بڕێکی گەورەتر لە نەوت بە کەنداودا گوزەردەکات بۆ تەنگەی هورمز، بەشێوەیەکی سەرەکی بەرەو بازاڕەکانی ئاسیا دەچێت. ستراتیژستە ڕۆژئاواییەکان ڕەنگە بە نیگەرانییەوە لە ڕەنگدانەوەکانی سەر بواری ئاسایشی پشت بەستنی پتر بە ڕێڕەوی گوزەرکردوو بە هورمز بڕوانن، هەرچەندە گۆڕانە سیاسییەکان پێویستن بۆ دڵنیابوون لەوەی تێپەڕبوونی نەوتی کاریبی بە خاکی ئێراندا هاوشان بێت بە ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکان دەربارەی ڕەفتاری دەوڵەتی ئێران.

ئەمە ڕەنگە بەرژەوەندییەکانی چین بە هێزتر بکات لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا، هەردووکیان وەك دوو وڵاتی گەورەو گرنگی بواری بازرگانی گاز و نەوت و وەك دوو دەستڕۆیشتووی بواری ئاسایشی ناوچەیی. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، بیر لە هێنان و گواستنەوەی نەوتی کاریبی کرایەوە بۆ چین، بە هۆی بۆری تێپەڕبووەکان بە خاکی ئەفغانستاندا. ڕووداوەکانی سێبتەمبەری ٢٠٠١ و بارودۆخی دوای ئەو ڕووداوانە ئەوەندەی دیکە ئەم تێڕاونینەی جێگیر کرد. بە هەرحاڵ لە مەودای دووردا، ئەگەر ڕژێمێکی سەقامگیر لە کابولدا لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، دەستپێشخەرییەکانی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەفغانستان ڕەنگە ئەو پرۆژانە لە خۆبگرن کە داهات وقازانجییان دەبێت وەك گواستنەوەی وزە.

## دەوڵەتە (لە یاسا دەرچووەکان) دابڕاوەکان، سزاکان، و دابینکردنی وزە

هەندێ لەو شیکردنەوانەی بەم دواییە ئەنجامدراون پرسیار لەبارەی کارایی سزا نێودەوڵەتییەکان و ئەو سزایانە دەکەن کە تاکە دەوڵەتێك بەتەنها دەیسەپێنێت بە سەر دەوڵەتە(لە یاسا دەرچووەکان)دا[27]. ئەم گرفتە زۆر بەتوندی هەردوولای زەریای ئەتڵەسی دابەشکردووە.

هاوپەیمانە ئەوروپییەکان بەشێوەیەکی تایبەتی ناڕازی و نائاسوودەن لە بەرامبەر فراوانکردنی سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر ناوچەکەدا لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، لە کاتێکدا وڵاتە ئەوروپییەکان دەیانەوێت لە کەرتی نەوتی ئێرانی و لیبیدا پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بخەنە گەڕ.

ئەوەی مایەتی گاڵتەجاریشە، تاکە بوارێك کەسزا ئابوورییەکان کارابوونە تیایدا کەرتی وزەیە. زۆرێك لە شیکردنەوەکان لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕێگرییان کردووە لە دۆزینەوەی وزە و نوێکردنەوەی دامەزراوە کۆنەکان لە لیبیا، ئێران و عێراقدا (تا ساڵی ٢٠٠٣). کاریگەرییەکە ڕێگەی لە پەرەپێدان و فراوانکردنی بەرهەمهێنان گرت لە چەند وڵاتێکدا کە بەرهەمهێنەری سەرەکین، بەهۆی پەیوەندی نزیکی توانا و ئاستی بەرهەمهێنانەوە. ئەو ڕۆژئاواییانەی داوای کۆتایی پێهێنانی سزاکان دەکەن -چەند ڕەگەز لە خۆیان دەگرن، لە نێوانیاندا سزای سەر پیشەسازی و وزە، بەڵام مەسەلەکە تەنها لەم لایەنەدا کورتنابێتەوە-دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان پاساوی ئەوە دەهێننەوە سزاکانی سەر بواری وزە ئاسایشی وزە دەخەنە بەر هەڕەشە و مەترسی بەهۆی کورتهێنانی بڕی پێویستی وزە لە بازاڕدا. هەروەها ئەوەش بە پاساو دەهێنرێتەوە کە بازرگانی وزە دەکرێت وەك ئامرازێکی بایەخدار بە کاربهێنرێت بۆ ئاوێتەکردنەوەی دەوڵەتە دابڕاوەکان و ناچارکردنیان تا هاوچەرخانە ڕەفتار بکەن[28].



دەستەبەرکردنی وەبەرهێنانی سنوردارنەکراوی ڕۆژئاوا لەبەرهەمهێنانی وزەدا، بەتایبەتی کاتێك بەرهەمهێنەرەکان بەپێی توانای کەمی خۆیان بەرهەمدەهێنن و پێویستییەکی بێ ئەندازەیان بە داهاتی نەوت و گاز هەیە، دەبێت سوودێکی باشی لێوەربگرێت لە پەیوەندیدا. لەگەڵ لیبیا و ئێراندا[29].

لە حاڵەتی سزاکاندا، مشتومڕە بیناتنراوەکان لەسەر ئاسایشی وزە ڕەنگە لەگەڵ ئامانجە ستراتیژییەکاندا ناکۆك بن. سزاکان لەوانەیە و لەوانەش نییە هەڵس وکەوتی نێودەوڵەتی ئێران، عێراق، ولیبیا بگۆڕن، بەڵام زۆر بە ڕوونی کاریگەربوونە لەسەر تێکڕای گوزەرانی دەوڵەتە سزا بەسەرسەپێنراوەکاندا. لەم بوارەدا سزاکانی پەیوەست بە وزە ڕۆڵێکی بنەڕەتییان گێڕاوە، سزاکان داهاتەکانییان سنوردارکردووە گەر وانەبوایە هێز و توانای دەوڵەتە گۆشەگیرەکانی پەرە پێدەدرا بۆ پرچەککردنی سوپا تەقلیدی و نا تەقلیدییەکانییان، یاخود دەستپێشخەری ناوچەیی تایبەت بەخۆیان دەخستەڕوو. لە ڕووی مەبدەئییەوە، هەندێك گفتوگۆی ئەو دەکەن ئەو دەوڵەتانەی بەها نێودەوڵەتییەکان پێشێلدەکەن و بەدوای بە دەستهێنانی ئامانجە (شۆڕشگێڕییەکان)ەوەن نابێت خەڵات بکرێن و لە پاداشتدا ئاوێتەی ئابووری جیهانی بکرێن.

لە ڕووی پیادەکردنەوە، سزا سەپێنراوەکانی سەر عێراق لە لایەن نەتەوەر یەکگرتووەکانەوە لەنێوان ساڵی ١٩٩٠ و ٢٠٠٣ تا دەهات هێشتنەوە و سەپاندنیان سەختر دەبوو[30].

لە حاڵەتی ئێران و لیبیادا، بۆ بەرگرتنی لە سەرهەڵدانی قەیرانەکان لە پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوادا، بە دڵنیاییەوە سەرنج لەسەر لاوازکردنی سزاکانە یاخود لا بردنیانە بە یەکجاری لە پێناو بەدیهێنانی زیادبوونێکی گونجاو لە بەرهەمهێنانی دەرەکی لە بواری وزەدا[31].

بەشی هەڵسەنگاندنی وزەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئێران لەسەدا پێنجی پێداویستییەکانی وزەی جیهانی پڕدەکاتەوە لە ساڵی ٢٠٠٥، بەڵام ئەم بڕە ئەگەری هەڵکشانی بەرچاوی لێدەکرێت لەگەڵ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نوێدا[٣٢].

ئەوەی زیاتر لە حاڵەتی ئێران پێشبینی ئاڵوگۆڕی قووڵی لێدەکرێت بریتییە لە هۆکارە هەمیشە گۆڕاوەکە واتە هەڵوێست وهەڵس وکەوتی ئەوروپا کە کاریگەری لەسەر هەڵسەنگاندنی ئایندەی سزا ئەمریکییەکانی سەر کەرتی وزەی لیبیاش دەبێ. ئەوروپا هاوبەشی بازرگانی سەرەکی لیبیایە و بازاڕی ٩٠٪ هەناردەی وزەی وڵاتەکەیە.

بەبێ پاڵپشتی و پابەندبوونی ئەوروپییەکان ئایندەی سزاکانی سەر لیبیا ڕەنگە کاریگەرییەکی ڕەمزی هەبێت[٣٣].

## چەك و نەوت

لە ساڵانی حەفتاکاندا، هەمیشە ئەوروپا بەوە وەسفدەکرا کە لەسەر بناغەی (چەك بەرامبەر بە نەوت) پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرێدەدا-عێراق، ئێران، و شانشینەکانی کەنداو. ئەم چەمکەش ئاماژەیەکی خراپی هەیە، ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەم وڵاتانە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، بەبێ گوێدانە هاوسەنگییە ناوچەییەکان خوازیاری دامەزراندنی ئەو پەیوەندییانەن کە دابینکردنی وزەی لێدەکەوێتەوە. دوای ساڵی ١٩٧٣، گواستنەوەی چەکە ئەمریکییەکان بە مەودایەکی فراوان بۆ ناوچەکە شێوازەکانی بازرگانی چەکی ئەوروپییەکانی تەمومژاوی کرد. لە باردۆخی ستراتیژی ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ڕەنگە دەرفەتی نوێ بڕەخسێت بۆ سەرهەڵدانی



پەیوەندییە ئابووری و سەربازییە نزیکەکان، تەوەری ئەم پەیوەندییانەش زیاتر ((نەوت و چەك دەبێت نەك چەك بەرامبەر نەوت))، ئەویش بەهۆی گەشەکردنی هەناردەی وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەرەو ئاسیا.

چین و کۆریای باکوور (لەگەڵ ڕوسیا) وەك دابینکەری سەرەکی تەکنەلۆجیا و بەشە گرنگەکانی چەکە کۆمەڵکوژەکان و ئامرازەکانی هەڵدانیان بۆ مەودای دوور سەریانهەڵداوە، لەوانە مووشەکی بالیستی و مووشەکی کرۆز. لە کاتێکدا چین بڕێکی گەورەتری نەوتی کەنداو و کاریبی دەکڕێت. ئەگەری ئەوە هەیە شێوازە پیادەکراوەکانی گواستنەوەی چەك و تەکنەلۆجیا قوڵتربێنەوە و ڕەنگە کەمتر شیاوی هەڵپەساردن بن لە ژێر گوشاری ڕۆژئاوادا. ئەو مشتومڕەی لێرەدا دەیکەین ئەوە نییە خودی پشتبەستن بە سەرچاوەی وزە چین و کۆریای باکوور ناچار دەکات کەلوپەل و تەکنەلۆجیای سەربازی بگوازنەوە وەك شێوەیەك لە ئاڵوگۆڕی ستراتیژی (هەرچەندە ناتوانین ئەم ئەگەرە بەدووربگرین ئەگەر هاتوو سەرکردەکانی ئاسیا خۆیان لە پێگەیەکی لاوازدا بینیەوە لە بەرامبەر دابیننەکردنی وزەدا ((بڕینی وزە))). پتر لەوە، زیادبوونی بازرگانی وزە ڕەنگە پەیوەندییە ئەمنی و سیاسییەکان بەرفراوان بکات، کە ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی گەشە بە بازرگانی بەرگریکردن دەدات[٣٤].

دەرئەنجامیش بۆی هەیە زیادبوونی خواستە گرفتئامێزەکان بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باڵادەستبوونی بارودۆخێکی ستراتیژی پڕ مەترسی بێت بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و بە هەمانشێوە بۆ خودی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش.

هەروەها بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا لەناوچەکەدا ڕەهەندی چەك و وزە لە خۆدەگرن. ئێستا ئێران سێیەم گەورەترین کڕیاری پیشەسازی چەکی ڕوسیاییە، و لیبیاش گفتوگۆی دەربارەی کڕینی چەك لەگەڵ ڕوسیادا کردووە[٣٥].

ڕەنگدانەوە ناسەقامگیرکەرەکانی ئەم چەشنە گواستنەوەیە سەردەکێشێت بۆ گەڵاڵەکردنی لێکدانەوەکان دەربارەی مەترسییە ناوچەییەکان و دەبێتەهۆی بەرزکردنەوەی نرخەکان لە کاتی قەیرانەکاندا کە ڕوسیا لێی سوودمەند دەبێت. ئەمە بەو مانایە نییە کە بڵێین مۆسکۆ شێوازی گواستنەوەی چەکی گرتۆتەبەر لە بەرامبەر کەنداو و باکووری ئەمریکادا تەنها لەبەر ئەوەی ناسەقامگیری لە دەوڵەتە وزە بەرهەمهێنەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرپابکات، هۆکارگەلی ڕاستەوخۆی دیکە هەن بۆ ئەم گواستنەوەیە.

## نرخەکانی وزە، سەقامگیری رژێم، و توانای سەربازی

بۆ زۆرێك لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە نێویاندا بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکانی وزە، مەسەلەی پاراستنی ئاسایش زیاتر پەیوەستە بە ئاسایشی ناوخووە.

بەچاوپۆشی لە نموونەی هەڕەشە سنوربڕە تەقلیدییەکان بۆ سەر ئاسایشی بەرهەمهێنەرەکانی نەوت (بۆ نموونە شەڕەکانی کەنداو و عێراق و ئێران)، سەرچاوە سەرەکییەکانی مەترسیی سەر وزە زیاتر ناسەقامگیری ناوخۆیی و لاوازی ڕژێمەکانە. گوشارەکانی زیادبوونی دانیشتوان، خەرجییە بەرزەکانی بواری بەرگری و ئاستە بەرزەکانی قەرز، بەرهەمهێنەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان ڕووبەڕووی بەرەنگارییە کۆمەڵایەتییە و سیاسییەکانی کردۆتەوە.

ڕەنگە جەزائیر زەقترین نموونەی ئەم حاڵەتە بێت. هەر لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە پتر لە ١٠٠,٠٠٠ کەس بەهۆی توندوتیژی سیاسییەوە لە جەزائیردا کوژران. ڕژێمەکە لە زنجیرەیەك بەرەنگاری بەردەوام و نائاسایی ڕزگاری بووە و خودی ڕژێمەکە خۆی لە زۆرێك لە کردارە توندوتیژییەکانەوە گلاوە. ماوەیەی بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکاندا دەستیپێکرد کە بەهۆکاری ڕزگاربوونی ڕژێمەکە دەژمێردرێت لەبەر ئەوەی دەرفەتی بۆ حکومەت



ڕەخساند تا پابەندبووەکانی خۆی لەبواری قەرزدا جێبەجێ بکات و قەرزی نوێش بەدەستبهێنێت. نرخە نزمەکانی وزە ڕژێمی جەزائیریان لە پێگەیەکدا هێشتەوە کە دەرفەتی کەمی مانۆڕکردنی هەبێت بۆ بەرپەرچدانەوەی بەرەنگارییە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی بەردەوامبوونی یاخیبوونی ئیسلامی و ئاژاوەگێڕی لە وڵاتدا. جەزائیر نموونەیەك دەخاتەڕوو کە چۆن داواکاری بۆ دەستەبەرکردنی گاز بە نرخێکی هەرزانتر ئاسایشی وزەی ئەوروپا دووچاری مەترسی دەکاتەوە گەر توندوتیژی سیاسی لە جەزائیر کاربکاتە سەر بەرهەمهێنانی وزە (ئەمەش بە درێژایی دەیەیەك لە ململانێ ڕووی نەدا). لە ڕاستیدا، سەرۆکی جەزائیر، عەبدولعەزیز بوتەفلیقە، مەسەلەی ((یەکسانی)) کردووە بە خاڵی سەرەکی گفتوگۆکانی لە بواری بازرگانی وزە لە گەڵ سەرکردە سیاسییەکانی ڕۆژئاوادا.

لە کەنداوادا، بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکیان بەهەمانشێوە دووچاری بەرەنگارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە سەختەکان دەبنەوە، کە پشتییان بە داهاتەکانی وزە بەستووە بۆدابینکردنی دارایی پێویست بۆ سەقامگیکردنی دۆخی ناوخۆیی و دابینکردنی ئاستە بەرزەکانی تێچوونی بەرگری. هەرچەندە پەیوەندییەکی ڕوون و دیاریکراو لەنێوان داهاتەکانی نەوت و سەقامگیری ناوخۆدا نییە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەند پەیوەندییەکی پێشبینیکراو لە نێوان چاکسازی ئابووری و سەقامگیریدا دەخاتە ڕوو بە لای کەمەوە لە مەودای نزیکدا، سەرەڕای ئەوەی شیکەرەوەکانی کاروباری ناوچەکە مەیلی کۆکبوونیان هەیە لە سەر ئەوەی داهاتەکانی وزە ڕێگە بە دەوڵەتە ناکاراکان دەدات ((پەردەی نهێنی بەسەر گەندەڵی و خراپەکارییە بێ شوومارەکانییاندا بدەن)) لە بواری حوکمڕانێتی و سیاسەتی گشتیدا. داهاتە نزمەکان، و ئەزموون و پێشێنەی شیرازەتێکچوونی کۆمەڵایەتی و نائارامی سیاسی باڵادەست لە ناوچەکەدا، ڕەنگە ببنە مایەی گوشار بۆ سەر هەندێ لە ڕژێمەکان تا ئاستی شکستپێهێنان و ڕووخاندنیان. گوڕینی ڕژێم ڕەنگە کارنەکاتە سەر پرۆسەی هەناردەیی نەوت لە مەودای دووردا، بەڵام نائارامی ناوخۆیی لەوانەیە بە شێوەیەکی کاتی و بە یەکجاری کرداری

بەرهەمهێنان بوەستێنێت، کە بەرزبوونەوەی نرخەکان و کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی دەرەکی لێدەکەوێتەوە. یەکێك لە دەرەنجامەکانی ڕووداوەکانی ١١ی سێبتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ لە نزیکەوە چاودێریکردنی بارودۆخی ناوخۆیی عەرەبستانی سعودی و پاشانشینەکانی کەنداو بووە لە لایەن ڕۆژئاواوە. لێکدانەوەی سەقامگیری ناوخۆیی لە عەرەبستانی سعودی، کە ((بەرهەمهێنەرێکی یەکلاکەرەوەیە)) ڕەنگە ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی مەترسی ئاسایشی وزە لە ساڵانی داهاتوودا.

هەروەها ئێران پارێزراو نییە لە دووچاربوون بەو بەرەنگارییانەی بەهۆی بەرزی و نزمی نرخەکانی نەوتەوە سەرهەڵدەدەن، وەك عەرەبستانی سعودی، داهاتی نەوت ڕەنگە ببێتە هۆکاری سەقامگیری ئەم وڵاتە لە ماوەی دەیەی داهاتوودا، لەوانەیە کار بکاتە سەر ڕیزبەندی ئەوئامانجانەی دەبێت بەدەستبهێنرێن، هەروەها لە سەر توانای بەدەستهێنانی بەرنامەی چەکە کۆمەڵکوژەکان.

هەمیشە گریمانەی ئەوە دەکرێت داهاتە کەمەکانی وزە، وەك ئەنجامی نرخە نزمەکان یا سزاکان، ڕەنگە کاریگەری سووبەخشانەی هەبێت لەسەر سنووردارکردنی کڕینی چەك و تەکنەلۆجیاکان. بە لێکدانەوەیەکی فراوانتر، ڕەنگە ئەم لێکدانەوەیە وەك ڕاستییەکی نەگۆڕ بەرچاوبکەوێت، بەڵام داهاتە نزمەکانی نەوت لەوانەیە مەسەلەی بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان بووروژێنێت لە بری پەرەپێدانی بەرگرییە تەقلیدییەکان گرانبەهاکان، کە پاڵ بە ڕژێمە ((گۆشەگیرەکانەوە)) دەنێت تاوەکو شێوازە جیاوازەکانی جەنگکردن بگرنە بەر.

## بڕینی وزە وەك ستراتیژییەتێکی جیاواز

کەلتورێکی دووردرێژی ستراتیژی لە ئارادایە کەئەویش ڕێگەگرتنە لە گەیشتن بە سەرچاوە گرنگەکانی وزە وەك چەشنێکی جیاواز لە جەنگکردن. لێگەڕێن تەنها نموونەی گورزوەشاندن لە هێڵەکانی گواستنەوە وەربگرین، جۆنی ئیکۆل کە



ستراتیژستێکی بواری دەریاوانی فەرەنسی بوو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئەو ڕاستییەی بەدی کرد، ڕێگەی شپرزەکردن و شیرازە تێکدانی بازاڕە داراییەکانی بەریتانیا هێرشە کورت و کاولکارەکانی سەر بازرگانی دەریای بەریتانییە لە کەناڵی ئینگلیزیدا.

ئەم گورزانە دەکرا بەهۆی بەلەمە تێکشکێنەرەکان ومینرێژکردنی دەریاییەوە ئەنجامبدرێن، ئەم ستراتیژە پێداویستی بەرپاکردنی شەڕێکی قورسی دەریاوانی ڕووندەکردەوە تا بە چەشنێکی هاوشێوە ڕووبەڕووی بەریتانیا ببنەوە.

بیرکردنەوە لە وەستاندنی گواستنەوەی چەند کاڵایەکی دیاریکراو بە ئاستێکی کاریگەرو کوشندە وەك نەوت بۆتە بەشێك لە جەنگی ئابووری لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازییەوە. هەروەك پێشتر سەرنجدرا، ستراتیژستەکانی جەنگی سارد گرفتی هەڕەشەکانی ڕوسیایان بۆ سەر هێڵە دەریاییە سەرەکییەکانی گواستنەوەی نەوت، و لە پاشانیشدا گرفت وکێشەی گواستنەوەی کەلوپەلە ستراتیژییەکانیان وەك بەشێکی دانەبڕاو لە هەڕەشەو مەترسییەکان لە بەرچاو دەگرت.

لە ڕووی مێژووییەوە، زۆرێك لەم چەشنە نیگەرانییانە زیادەڕەویان لە بارەوە دەکرێت، بەڵام بەرژەوەندی لە ڕاوەستاندنی گواستنەوەی وزەدا وەك پاشکۆ و یارمەتیدەری جەنگی تەقلیدی، یاخود جێگرەوەی ئەو جەنگە، بەشێوەیەکی بەرچاو ماوەتەوە وەتاوەکو ڕۆژگاری ئێستاش درێژەی کێشاوە.

یەکێك لە شیکەرەوەکان پێکدادانی داهاتوو لە سەر سەرچاوەکانی وزە وەك لایەنێکی گرنگ لە بارودۆخی ستراتیژیدا بەدی دەکات ((دووبارە نەخشەکێشانەوە کە تیایدا لە بری دابەشبوونە ئایدۆلۆجی و سیاسییەکان گواستنەوەو بازرگانیکردن بە وزەوە هێڵە سەرەکییەکانی ناکۆکی پێکدەهێن[٣٦].

کەموکورتییەکان هەرچییەك بن دەکرێت وەك بنەمایەکی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتن لە ململانێی داهاتوو و ئەو هەڵکشانی بیرکردنەوە هاوتەریبەکان بەم ناکۆکی و ململانێیانە، لەگەڵ قوڵبوونەوەو پەرەسەندنێکی بەهێزتری هەستی جیاوازبوون و دابڕان لە نێوان باکوور و باشووردا، بۆی هەیە گرتنەبەری ستراتیژییەتی ڕاگرتنی پرۆسەی گواستنەوەی وزە هانبدات بۆ ئەوەی وەك چەکێکی کاراو کاریگەر دژی ڕۆژئاوا بەکاربهێنرێت.

چەند مەترسییەك شایستەی ئەوەن لەبەرچاو بگیرێن لەم بوارەدا. یەکەم، دەوڵەتەکان، یاخود گروپە تیرۆرستییەکان، ڕەنگە هێرش یاخود هەڕەشەی هێرشکردنە سەر ئامانجە دیاریکراوەکانی بواری وزە بکەن. لەوانەیە لە لێکدانەوەی هێرشبەراندا، شاڵاوی بەردەوام یاخود وەستاندنی درێژخایەنی پرۆسەی دابینکردنی وزە ڕەنگە کارایی وکاریگەرییەکی کەمی لێبکەوێتەوە. بۆ نموونە ڕەنگە زەحمەت بێت تەنگەی هۆرموز بە ڕووی هاتووچۆی کەشتییە نەوت هەڵگرە گەورەکاندا داخرێت بۆ زیاتر لە چەند ڕۆژێك. بەڵام هێرشبەرەکان لەوانەیە شێوازی شیرازەتێکدانی بازاڕی جیهانی نەوت و بازاڕە داراییەکان بدەن. هێرشە تیرۆرستییەکان یانزەی سێبتەمبەری ٢٠٠١ زەنگی ئەم مەترسییە لێدەدەن، چەندین ڕاپۆرت کە لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە ئامادەکراون لە ساڵی ٢٠٠٢ ئەوە دەخەنە ڕوو تۆڕە تیرۆرستییەکان نەخشەیان کێشاوە بۆ هێرشکردنە سەر بەندەرەکانی لە نگەرگرتن و بارکردنی نەوت لە ناوچەکەدا. بۆ نموونە لە مانگی چواری ساڵی٢٠٠٢، دەسەڵاتدارانی مەغریب نەخشەیەکی قاعیدەیان بۆ هێرشکردنە سەرکەشتییە نەوتهەڵگرەکان لە تەنگەی جەبەل تاریقدا بە بەلەمی مین ڕێژکراو پوچەڵکردەوە، بەڵام هێشتا مەترسییەکە نەڕەویوەتەوە ئەگەر خواستی ئەلقاعیدە بۆ پەلاماردانی ئەو ئەو ئامانجانەی پێشتر شکستی هێنا بوو لە هێرشکردنە سەریان لە بەرچاوبگرین[٣٧].



لە لایەکی دیکەوە، سستکردنی پرۆسەی گواستنەوەی گازی جەزائیر بۆ وڵاتە ئەورووپییەکان، یاخود هێرشکردنە سەر بۆرییە تێپەڕبووەکان بە کاریبیدا، ڕەنگە کاریگەرییەکەی لەسەر سستکردنی پرۆسەی دابینکردنی وزە لەسەر ئاستی ناوچەکە ڕەنگبداتەوە. ئەمە زیاتر لەبیرۆکەکەی جۆن ئیکولدا دەردەکەوێت، ڕاوەستاندن لە بری تێکشکاندن وەك کردارێکی جەنگی کوشندە لەسەر ئاستی ستراتیژی[٣٨].

بەڵام وەستاندنی یەکجاری و بەردەوامی پرۆسەی گواستنەوەی وزەو پەکخستنی بازاڕە داراییەکاندا لە ڕێی گورز وەشاندن لە هێڵەکانی گواستنەوەو وێرانکردنی دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانی وزەوە، ئامانجێکە ڕەنگە زیاتر لە مەحاڵەوە نزیك بێت.

دووەم، ڕەنگە دوژمن هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی کێڵگەکانی نەوتی و گازییەکان بدات، یاخود بۆرییەکان بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، وەك ئامرازێك بۆ سوود لێوەرگرتن لە مەودای دووردا لەسەر ئاستی ناوچەیی و لە پەیوەندیدا بە ڕۆژئاواوە. بوێ هەیە ئەمە بەشێك بووبێت لە هۆکاری پشت داگیرکردنی کوەیت لە ساڵی ١٩٩٠، کاتێك چارەنووسی ڕژێمەکە ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە و لە دووڕیانی ڕووخان و ڕزگاربوون دا ڕادەوەستێت، ئەوا وێرانکردنی دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانی وزە و لەناوبردنی سەرچاوەکانییان دەبنە ئامرازی تۆڵەسەندنەوە وەك بەرپەرچدانەوەوکاردانەوەی ساتەوەختی کۆتایی وتیاچوون[٣٩].

سێیەم، ڕەنگە پرۆسەی دابینکردنی وزە دووچاری هەڕەشە ببێتەوە وەك شێوەیەك لە ئیبتزازی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئابلۆقەی نەوتی عەرەب لە ساڵی ١٩٧٣-١٩٧٤ دا نموونەیەکی دیارو بەرچاوە لەم بوارەدا.بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گریمانەی ئەو دەکرێت بە جیهانی بوونی زیاتری بازاڕی نەوت و جیاوازی،ناکۆکی و لاوازی ناو ڕێکخراوی ئۆپیك قەید و بەندە نوێیەکانی سەر دابینکردنی وزە بە هۆی پاڵنەرە سیاسییەکانەوە دەکاتە ئەگەرێکی دوور.

سەرەڕای ئەوەی، هەندێك لایەن ئەم ئەگەرە وەكو ئەگەرێكی ڕاستەقینە لەبەرچاودەگرن بەهۆی ناڕوونی و تەم ومژاوی هەڵسوكەوت و هەڵوێستی سیاسی هەندێك لە دەوڵەتە بەرهەمهێنەرە سەرەكییەكانی نەوت. بە لەبەرچاوگرتنی لە ئارادابوونی ململانێی عەرەب-ئیسرائیل . دەوڵەتە سەرەكییەكانی ئۆپیك هەست بە سنورداری تواناكانیان دەكەن لە وەرگرتنی بڕیارەكانی پەیوەست بە بەرهەمهێنانی گشتییەوە بە ئامانجی دابەزاندنی نرخەكان بە سوودی بەكاربەرە ڕۆژئاواییەكان.

بەڕەچاوكردنی بوونی نیگەرانی و ناڕەزاییەكی قووڵ لە هەموو گۆشە و كەنارەكانی جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا سەبارەت بە ڕووداوەكانی ١١ سێبتەمبەر و جەنگی سەر عێراق، ئەوا بڕیارەكانی پەیوەست بە بەرهەمهێنانەوە بۆ بەرژەوەندی ڕۆژئاوا ڕەنگە مایەی گیروگرفت بێت بۆ ڕژێمە بەرهەمهێنەرەكانی نەوت كە لە ڕووی ئاسایش و ئارامییەوە سەقامگیر نین. لە ململانێكردنێكی فراوانتری جیوبۆلەتێكیدا لەگەڵ ولاتە یەكگرتووەكان و ڕۆژئاوا، ئەم چەشنە ڕەفتار و هەڵوێستانە ڕەنگە خەسڵەت و ڕواڵەتەكانی ستراتیژیەتێكی جیاواز بخەنە ڕوو.

لەهەموو ئەم نموونانەدا، هەر لە نموونە ڕاستەوخۆكانەوە تا وەكو نمونە ئاڵۆز و نادیارەكان، هەموویان گرفتی جیاكردنەوەی دوژمن دەخولقێنێن، جا دوژمنەكان دەوڵەت بن یاخود لایەنی دیكەبن. لە بازاڕی بە جیهانیبووی نەوتدا، هێرش و گورز وەشاندنەكان بە مەبەستی بەرزكردنەوەی نرخەكانی وزە و شڵەژاندن و شپرزەكردنی پرۆسە داراییەكان بە زەرەر و زیان دەشكێتەوە بۆ سەر بەكاربەرانی نەوت. ئابوورییە گەشە نەكردووەكان ڕەنگە قوربانییە سەرەكییە ڕاستەقینەكان بن، هەروەك ئەوەی لە سەرەتای ساڵانی حەفتاكاندا بەدیمانكرد. ئەو هێرشانەی وەك گورزی ڕەمزی بۆ سەر ڕۆژئاوا لێكدرانەوە ڕەنگە كاریگەریی دوور و درێژییان لێبكەوێتەوە.



بەرهەمهێنان و گواستنەوەی گاز، لەگەڵ بوونی بازاڕە ناوچەییەكاندا، لەوانەیە چەند ئامانجێكی لە بار بۆ ئەو دوژمنە بڕەخسێنێت كە مەیل و ئامادەیی پەیڕەوكردنی ستراتیژییەتی پەكخستنی گواستنەوەی وزەی هەیە وەك چەشنێكی دیكەی جەنگكردن.

## گۆشە نیگای ئاسیا و هەردووبەری ئەتلانتیك

لە كاتێكدا ولاتە یەكگرتووەكان و ئەوروپا كەمتر پشت بە هاوردەی نەوتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەبەستن، ئەوا جیاوازییەكانی هەردوو بەری ئەتلانتیك لەسەر مەسەلەكانی ئاسایشی وزە هەندێ لە توندی و گرژییەكانیان لە دەستدەدەن. دەوترێت، ولاتە یەكگرتووەكان و ئەوروپا پایەیەكی بەهێز لە نەوتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە دەست خۆیاندا دەهێڵێنەوە لەبەرئەوەی بەرهەمهێنەرەكانی كەنداو كاریگەرییان لەسەر نرخە جیهانیەكانی نەوت هەیە، لەبەر ئەوەی پابەند بوونی درێژخایەن بە ئەركی پاراستنی ئاسایشی وزەوە كاریگەری دەخاتە سەر نەخشەكانی بەرگری ولاتە یەكگرتووەكان و بەڕادەیەكی كەمتر فەرەنساو بەریتانیا و ولاتەكانی دیكە. بە ڕوانین بۆ داهاتوو، لەوانەیە ئەوروپا ستراتیژییەتی گەیشتن بە سەرچاوەكانی وزە پیادە بكات و بەرگرییەكی ڕاستەقینە لە سەرچاوەكانی نەوت بكات، بەلای كەمەوە لە ولاتانی كەنداودا.

سڵكردنەوە لە سەپاندنی سزاكانی سەر بواری وزە و ئارەزووی بنیاتنانی تۆڕێك لە پەیوەندییە سیاسی، ئابووری و (ئەگەر كردەنی بێت) ئەمنییەكان لەگەڵ بەرهەمهێنەرە سەرەكییەكاندا پێدەچێت بەشێك بن لەم هاوكێشەیە. بەرژەوەندییەكانی ولاتە یەكگرتووەكان لە هاوكاریكردنی ناوچەیی لەبواری بەرەنگابوونەوەی تیرۆر، دووبارە ئاوەدانكردنەوەی عێراق ڕەنگە ولاتە یەكگرتووەكان بەم ئاراستەیەدا پاڵ پێوەبنێت.

لە هەمانکاتدا، ڕەنگە ئەوروپا بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی تایبەت بەخۆی پەرەپێدات، لەوانەیە تەوەری ئەم بەرژەوەندییانەش گەشەکردنی هەناردەی گاز بێت لە دەوربەری دەریای سپی ناوەڕاستەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی گرنگیدانی زیاتر بە خستنەڕووی دەستپێشخەرییەکان لە بوارەکانی سیاسەتی بەرگری و ئەمنی ئەوروپییەکان لە ماوەی ساڵی ٢٠١٠. لێرەدا، بە پێچەوانەی وڵاتانی کەنداوەوە، بەشداربوونی سیاسی و ئابووری لەوانەیە هاوشانبێت بە نەخشەدانان بۆ دەستێوەردانی سەربازی بۆ پاراستنی دامەزراوەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی گاز و ژمارەیەکی گەورەی کارمەندە ئەوروپییەکان لە جەزائیر و لیبیادا کاردەکەن.

لە ئاسیادا، ڕەوتی پشتبەستنی ڕوو لە گەشەکردوو بەسەرچاوەکانی وزەی کاریبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەنگە دەوڵەتە هەناردەکان هانبدات بۆ فراوانکردنی پەیوەندییە سیاسی و بازرگانییەکان لەگەڵ پەیوەندییە ئەمنییە قوڵەکان و زیادبوونی ڕێژەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ لە پرۆژەکانی وزەی ناوچەکەدا، ئەمە بۆی هەیە سنووری پەیوەندییە هەنووکەییەکانی گواستنەوەی چەك تێپەڕێنێت. لەگەڵ ناردنی بڕێکی گەورەتری نەوتی کەنداو بۆ چین، شتێکی چاوەڕواننەکراوسەرسوڕهێنەر نابێت کە ئامادەبوونی دەریایی چین لە ناوچەکەدا ببێتە دیاردەیەکی دیار و بەرچاو لە ساڵی ٢٠١٠.

### ئاکام و دەرەنجامەکانی سیاسەت

دوای ڕۆژگارێك لە فەرامۆشکردن وپشتگوێخستن، گرفتەکانی ئاسایشی وزە دووبارەبوونەتەوە جێی سەرنج و تێڕامان، هەر وەك لە ڕابردوودا بەدیمان کرد، زۆرێك لە مشتومڕە هاوچەرخەکان پەرەسەندنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کردۆتە تەوەری خۆیان. ئەو لێکدانەوە و هەڵسانگاندنەی لەم ڕووەوە خراونەتەڕوو چەند دەرەنجامێك بە دەستدەهێنن کە پابەستن بە جیوپۆلەتیکی وزە و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.



**یەکەم،** ئەو هەڵسەنگاندنەی شێکەرەوەکان کۆکن لەسەری دەربارەی دۆخی وزە، پێشنیاری جیهانێك دەکەن نرخەکانی نەوت تیایدا لە ئاستێکی مامناوەندیدابن لە ساڵی ٢٠١٠، ئەمەش بە هۆی زیادکردنی بڕی وزەی دابینکراو لە سەرانسەری ئاسیادا، هاوشان بە هەڵکشانی ئاستی داواکارییەکان.

کەمی ودەگمەنی بەرچاوی سەرچاوەکانی گاز و نەوت، یاخود لێکدانەوە و تێڕوانین لە بارەی کۆتایهاتنی ئەم سەرچاوانە کە لە ئاسۆوە دەرکەووتون ڕەنگە بۆ سەر نرخەکان کاریگەری هەبێت، بەڵام پێشبینی ناکرێت ئەم لێکدانەوەیە ببێتە هۆکارێکی زاڵ و یەکلاکەرەوە لە ساڵی ٢٠١٠، یاخود لە ساڵانی دوای ئەم بەروارەوە. ڕەوتی سستی گەشەکردنی ئابووری بەشێوەیەکی سروشتی ئەم لێکدانەوەیە بەهێز دەکات.

بەرزبوونەوە و دابەزینی نرخەکان، کە لەوانەیە تاڕادەیەکی گەورە بەهۆی مەترسی ئەمنی و سیاسییەکانەوە ڕوودەن، دەبێت وەك هۆکارێك لەبەرچاوبگیرێت، کە بۆی هەیە لەسەر سەقامگیری ناوخۆیی ڕژێمەکان و سیاسەتەکانی هێزە جیهانییەکان بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری جێبهێڵێت.

**دووەم،** ڕەوتی ڕوو لە زیادبووی بە جیهانیبوونی بازاڕی نەوت (لە ڕابردوودا هەمیشە ئەم بازاڕە تاڕادەیەك بازاڕێکی جیهانی بووە) بەشداریکردووە لە مەسەلەکانی ئاسایشی وزە و ئاستی بەرهەمهێنان و گوڕوتین بەخشین بە پرۆسەی دۆزینەوەی سەرچاوەگەلی نوێ.

سەرچاوەگەلێکی بەرچاوی وزە لەسەرانسەری جیهاندا سوودیان لێوەردەگیرێت، بەڵام هەندێك لە سەرچاوە تازەکان کە ئەگەری دۆزینەوەیان لێدەکرێت ڕەنگە بکەونە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. بەم شێوەیە تێکڕای بەشداربوونی ناوچەکە لە دابینکردنی وزەی جیهانیدا بەرەو گەشەکردن ئاراستە وەردەگرێت لە ساڵی ٢٠١٠. نەوت کاڵایەکی جیهانییە، بەڵام ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی ئەو وڵاتانەی نەوت

دەنێرێتە دەرەوە لەوڵاتانی کەنداوەوە ئەوە دەگەیەنێت کە نرخی نەوت تاڕادەیەکی زۆر بە هۆی هەڵوێست و هەڵسوکەوتی دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دیاری دەکرێت.

**سێیەم**، شێوازەکانی بازرگانی وزە لە گۆڕاندان بەشێوەیەك کە ڕەنگە نیگەرانییەکان دەربارەی پاراستنی ئاسایشی وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت بەڵام بنەبڕیان ناکات. وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا نەوتێکی زیاتر دەکڕن، بەڵام پێشبینی دەکرێت ڕادەیەکی زۆری ئەم نەوتە لە سەرچاوەکانی نیوەکەی دیکەی گۆی زەوییەوە بەدیاریکراوی لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیاوە بکڕن لە ساڵی ٢٠١٠. پێشبینی دەکرێت لە دەیەی داهاتوودا روسیا ڕۆڵێکی گەورەتر بگێڕێت لە پڕکردنەوەی داواکارییەکانی ڕۆژئاوا لە بواری وزەدا و ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت وەك گەمە کارێکی گرنگ لە بواری جیۆپۆلەتیکی وزەدا دەرکەوێت. ڕەنگە زۆرێك لە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریبی هەناردەی ئاسیا بکرێت، ئەمەش بەهۆی هەڵکشانی ئاستی داواکاری وزە لە لایەن چین، هیندستان و ناوچەکانی دیکەوە. هەروەها بۆی هەیە گاز پانتاییەکی گەورەتر لە وێنە جیهانییەکانی وزەدا داگیربکات بە تایبەتی لە ئاست ئەوروپادا، ئەمە پەیوەندیگەلی نزیکتری وزە دەگەیەنێت لە بەرامبەر باکووری ئەفریقیا و دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان و ڕێڕەوەکانی گواستنەوەی وزە لە دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست و دەریای ڕەشدا. لە ڕۆژگاری ئێستادا گاز پتر بۆتە کاڵایەکی سەروو ناوچەیی.

**چوارەم**، بڵاوبونەوەی ڕێگاکانی گواستنەوەی نەوت و گاز لە سنووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوربەریدا، لە مەغریبەوە بۆ کاریبی، بۆی هەیە ببێتە هۆکارێکی نوێی کاریگەر لەسەر داڕشتنی بارودۆخی ستراتیژی باڵادەست. تائەندازەیەکی زۆر، ئاسایشی وزە لە ناوچەکەدا پەیوەندییەکی نزیك و پتەوی بە هەلومەرجی ئەو وڵاتانەی بوونەتە ڕێڕەوی گواستنەوەی وزە و هەروەها بە بارودۆخ و



سەقامگیری و سیاسەتەکانی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانەوە هەیە. ئاڵۆزی و زۆر و زەوەندی دامەزراوە نوێییەکانی گاز و نەوت لە ناوچەکە و دەوروبەریدا، لەوانەیە دەرفەتگەلی پشت بە یەکدی بەستنی ئابووری و چەسپاندنی سەقامگیری بڕەخسێنن. پرۆژە بازرگانییەکان لە پاڵ پاڵپشتی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ هێڵی بۆری باکۆ-جیهان بە خاکی تورکیادا لەوانەیە بەشداری لە چەسپاندنی ئاسایشی وزەدا بکەن لە ڕێی پەرەپێدان و هەمەچەشن کردنی ڕێگاکانی هەناردەوە و کەمتر پشتبەستن بە ترانزێت لە ڕێی کەنداوەوە.

**پێنجەم**، گەورەترین مەترسی لەسەر ئاسایشی وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرچاوە دەگرێت لە ماوەی ساڵی ٢٠١٠ ئەویش بەهۆی ناسەقامگیری ناوخۆی دەوڵەتە سەرەکییە بەرهەمهێنەرەکانەوە- لە نێوانیاندا جەزائیر، ئێران و، عەرەبستانی سعودی، کە ئەم نائارامییەش سەردەکێشت بۆ دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنان. درێژەکێشانی ماوەی نزمی نرخەکانی وزە دەکرێت ببێتە مایەی ناسەقامگیری بۆ بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکان کە رووبەڕووی ئەگەری بەرهەڵستکاری سیاسی و نائارامی کۆمەڵایەتی دەبنەوە.

دەستێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراقدا هەموو ئەم پرسیارەکراوانەی زەقتر و بەرچاوتر کرد.

ئەم ڕاستییانە کرانەوەی سەردەمێك دەخەنە روو، کە ڕووداوەکانی ١١ی سێبتەمبەری ٢٠٠١ و جەنگی سەر عێراق لە پشت هاتنەکایەوەین، تیایدا سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا لە کەنداودا بە پلەی یەکەم لە چوارچێوەی سەقامگیری ناوخۆیی ئەم وڵاتانەدا بەرجەستە دەبێت، پتر لەوەی چاویان لەسەر هەڕەشە ناوچەییەکان بێت. ڕەنگە ئێمە خوازیاری سوککردنی سزاکانی پەیوەست بە پەرەپێدانی وزە بین، لە کاتێکدا ڕێ و شوێنەکان بە مەبەستی سنوردارکردنی بڵاوبونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان و مووشەکە بالیستییەکان توند و تۆڵتر بکەین.

ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگییە تا ڕادەیەکی باش یارمەتیدەری سیاسەتە دوو قۆڵییەکانی هەردووبەری ئەتلانتیك دەدات لە ئاست ئێران، عێراق و لیبیادا. لە کۆتاییدا مەسەلەکانی وزە لەگەڵ بەرەنگارییەکانی دیکەدا بە چەند ڕێگایەکی گرنگ، لەگەڵ پێشبینەکانی ئایندەی ناوچەکە لە ڕووی ئەمنییەوە کارلێك دەکەن.

شێوازە نوێیەکانی هەناردەی نەوت، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئاسیا، دەکرێت بنەهۆی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی گواستنەوەی چەك و تەکنەلۆجییای سەربازی کە ئێستا باڵادەست و بەرقەرارن، ئەمەش گوڕو تین بە پێشبڕکێی خۆ پڕ چەککردن دەدات کە سەردەکێشێت بۆ ناسەقامگیری ناوچەیی و ئاڵۆزبوونی ئەو لێکدانەوەی کە پێشبینی دەستێوەردانی ڕۆژئاوا دەکات لە قەیرانەکانی داهاتوودا. دوژمنەکانی داهاتوو، کە دەوڵەتەکان و لایەنەکانی دیکە دەگرێتەوە، ڕەنگە هەوڵی ڕاگرتنی پرۆسەی وزە بدەن (لە ڕێی ڕەتکردنەوەی دابینکردنی وزەوە) وەك شێوازێکی جیاوازتر لە جەنگی ئابووری کە کاریگەرییەکی جیهانی هەیە. بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆتر، تێکچوونی باوردۆخی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاڵوگۆڕ بەسەر چۆنییەتی هەماهەنگیکردن و گفتوگۆکردن لە نێوان بەرهەمهێنەران و بەکاربەراندا دەهێنێت، لەگەڵ دەرەنجامە درێژخایەنەکانی لەسەر ئاسایشی وزە.



## پەراوێزەکانی بەشی شەشەم

١- Ian O. Lesser, Resources and Strategy, New York: St. Martin's Press, ١٩٨٩, and O. Lesser, Oil, the Persian Gulf and Grand Strategy. Contemporary Issues in Historical Perspective, Santa Monica, Calf: RAND, R-٤٠٧٢- CENTOCOM/JS, ١٩٩١.

٢- Martha Caldwell Harris. "The Globalization of Energy Markets", in Stephen J. Flanagan, Wllen L. Frost, and Richard L. Kuglar (eds.), Challenges of the Global Century, Washington, and D. C.: National Defence University, ٢٠٠١.

٣- بە پێچەوانەوە، لەناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکاندا، ستراتیژیستە ڕۆژئاواییەکان بیریان لە پلانی دەست بەسەرداگرتنی کێڵگە نەوتییەکانی باکووری ئەفریقیاو کەنداو دەکردەوە وەك ڕێگا چارەیەك بۆ ڕزگاربوونی نیشتمانی.

٤- دەوڵەتە عەرەبییەکانی کەنداو تاوەکو جەنگی جیهانی دووەم وەك بەرهەمهێنەری گرنگ و سەرەکی دەرنەکەوتبوون، لە ڕاستیدا وڵاتە یەکگرتووەکان وەك دابینکەری سەرەکی لە بواری بەرهەمهێنانی پەترۆڵدا مایەوە بۆ بەردەوامیدان بە هەوڵی هاوپەیمانان لە هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم ١٩١٤-١٩١٨، ١٩٣٩-١٩٤٩.

٥- هەڕەشەی سەر ئێران لە دوای داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە بووە هۆی دەرکەوتنی ((ڕێسای کارتەر)) کە سووربوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی دووپاتدەکردەوە بۆ بەرگریکردن لە نەوتی کەنداو. دواتر ((ڕێسای براون)) ئەم پابەندبوونەی درێژکردەوە تاوەکو ئەو هەڕەشانەش لەخۆبگرێت کە لە وڵات و لایەنەکانی دیکەی غەیری یەکێتی سۆڤییەتەوە سەرچاوەیان دەگرت.

٦- لەڕاستیدا نەوت یەکێکە لەو هۆکارانەی کاریگەرن لەسەر شێوەی ململانێ لە کەنداو، بۆتە پاساوێك بۆ دەستێوەردانی ڕۆژئاوا لە کاروباری ناوچەکە.

٧- بەگشتی، ئەمە ڕوانگە و بۆچونێکە چوارچێوە زەمەنییەکەی ئەم ڕاپۆرتە تێدەپەڕێنێت، کە تەنها تا ساڵی ٢٠١٠ لەبەرچاو دەگرێت.

٨- Will the Oil Run out?" The Economist, February ١٠, ٢٠٠١.

٩- Mamdouh G, Salameh, "A third Oil Crisis?" Survival, Vol.٤٣, No.٣, Autumn ٢٠٠١, p.١٢٩.

١٠- Amy Myers Jaffe and Robert A. Manning, "The Shocks of a word of cheap Oil", foreign Affairs, Vol.٧٩, No.١, January-February ٢٠٠٠, pp.١٦-٢٩.

١١- Global-Trends ٢٠١٥: A Dialonge about the future with Non government Experts, Washington, D. C.: national Intelligence council, ٢٠٠١, P.٢٨. This assessment is in line with others. See, for example, Energy Security: Evaluating u. s. Vulnerability to Oil supply disruption and Options for Mitigating their Effects, Washington, D. C. General Accounting office, December ١٩٩٦; Energy Information Administration, International Petroleum Monthly Assessments; Strategic energy Policy: Challenges for the ٢١st Century, New York: Council on foreign Relations, ٢٠٠١; International energy outlook, Paris: International energy Agency, ٢٠٠٠; and CSIS Panel Report, The Geopolitics of energy into the ٢١st century: Volume ٢ –The supply- Demand Outlook ٢٠٠٠- ٢٠٢٠, Washington, D. C. CSLS, ٢٠٠٠. Moderate assumptions also guide the administration's recently Published National energy policy report. Other sources reflected the analysis include the BP Amoco Review of world energy ٢٠٠٠ and the ١٩٩٩ OPEC Anunal Statistical Review.

١٢- Alex Berenson and Jonathan fuebringer, "Oil and Gas Prices Tumble, but Stocks Sor world wide", New York Times, September ٢٥, ٢٠٠١, P.١.

١٣ -Global Trends ٢٠١٥, ٢٠٠١, P.٣٠.

١٤- نەوتی کاریبی بەشدارییەکی گرنگ بەڵام پەراوێزی دەکات، ئەگەری ئەوەی لێناکرێت ببێتە ((کەنداوێکی دیکە)) بڕوانە:

Richard Sokolsky and Tanya charlick-Raley, NATO and Caspian Security: A Mission Too far? Santa Monica, Calif: RAND, MR-١٠٧٤- AF, ١٩٩٩ .

١٥- Edward L. Morse and James Richard, "The Battle for Energy Dominance", Foreign Affairs vol.٨١, No.٢, March/April ٢٠٠٢, pp.١٦-٣١.

١٦- Patrick L. Clawson, "Oil Resources Markets, Policies" in Richard L. Kugler and Wllen L. Frost (eds.), the global century: Globalization and national Security, Vol.٢, Washington, D. C. Institute for National strategic studies, ٢٠٠١, p.٧٣٠.



١٧- Gas Daily (FT Energy). May ٣, ٢٠٠١, ٩,١.

١٨- Global Trends ٢٠١٥, ٢٠٠١, p.٢٨.

١٩- Presentation by Giaccomo Luciani, ENI, Rome, ١٩٩٩.

٢٠- Estimates compiled by RAND Colleagues Nurith Berstein and Richard Sokolosky from OECD and other sources.

٢١- Gas in the CIS and Europe, London: Petroleum Economist/ Ruhrugs, ٢٠٠٠.

٢٢- جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی تورکیا لەگەڵ ئێراندا بۆ دابینکردنی گاز بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لە وادەی دیاریکراوی خۆی دواکەوتووە، ئەمەش ئەو ئەگەرە زیاد دەکات کە هەناردەی گازی ڕووسی لە بازاڕی تورکیادا باڵادەست دەبێت لە کاتێکدا کە پڕۆژەی بۆری نەوتی (Bloodstreams) بە درێژایی دەریای ڕەش بەرەو تەواوبوون دەچێت.

Micheal Lelyveld, "Turkey": Tranian Gas Import Delays May favor Russia", RFE/RL, July ١٠, ٢٠٠١.

٢٣- Abear Allam, "Regional Tent ions thwart Egypt's Hopes for Gas Sales", New York Times. August ١٧. ٢٠٠١.

٢٤ -Cyprus / Lebanon: Talks on Oil-Gas zone", New York Times (AFP), March ٦, ٢٠٠٢.

٢٥- بۆ نموونە بڕوانە:

George loffe, "The Euro Mediterranean Partnership: Tow years After Barcelona", chatham. Hous, Middle East Briefing, No. ٤٤, May ١٩٨٨, p.٢.

٢٦- بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی جێگرەوەکانی کاریبی، لەنێوانیاندا هێڵی باکۆ-جیهان، بڕوانە:

"Whose Game, How Great?" Private view (Istanbul), Autumn ٢٠٠٠, Ian H. Kilicki, "Caspian Energy at the crossroads" foreign Affairs, Vol. ٨٠, No.٥, September/October ٢٠٠١, pp.١٢٠-١٣٤; and Richard Sokolsky and Tanya Char lick paley, ١٩٩٩.

٢٧- چەمکی (دەوڵەتە لە یاسا دەرچووەکان) چەمکێکی وردنییە و هەندێجار چەواشەکاریشە بەڵام بۆتە بەشێك لە گووتاری گشتی سیاسەتی سزاکان.

٢٨- Thinking Beyond the stalmat in u. s. Iranian relation, Volume I-Policy review, Washington, D. C.: The Aslantic council of the united states, May ٢٠٠١, pp.٦-٧; Strategic Energy Policy: Challeupes for the ٢١st century, A Task force report, New York: council on foreign relations, ٢٠٠١, pp.٢٢-٢٣; and ray takeyh, “the rogue who came in from the cold”, foreguts Affairs,Vol. ٨٠, No.٣, May/June ٢٠٠١.

٢٩- ئایا ئێران خۆی ئامادەیە سوودێکی تەواو لە بەشداربوونی دەرەکی ببینێت لە کەرتی وزەی وڵاتەکەیدا؟ ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە و سەرچاوەی مشتومڕێکی گەرمە لە ناوەندە سیاسییەکانی ئێراندا.

٣٠- لە کۆتایی ساڵانی نەوەتەکاندا، عێراق بە بەردەوامی پەیوەندیە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئەوروپا و ناوچەکانی دیکە زیاد دەکرد، ئوردن و سوریا پەیوەندیە بازرگانییەکانی خۆیان لەگەڵ عێراقدا پاراست لە بواری نەوت و بەرهەمەکانی دیکەدا، ئەمە سەرەڕای سزا و کۆتە سەپێنراوەکان لەلایەن UN)) ەوە.

٣١- کۆمپانیای (ENI) ئیتاڵی یەکێکە لە چالاکترین وەبەرهێنەرەکان لە بواری پەرەپێدانی وزەی ئێرانیدا، کە بەم دواییە رێککەوتننامەیەکی بەبڕی ٩٢٠ ملیۆن دۆلار ئیمزاکرد بۆ پەرەپێدانی کێڵگەیەکی نەوتی ئێرانی.
“The fight over letting Foreigners into Iran’s Oil fields”, the Economist, July ١٤, ٢٠٠١, pp.٤١-٤٢.
٣٢ -Cited in Thinking Beyond the Stalemate, ٢٠٠١, p.٦.
٣٣ -Takeyh, ٢٠٠١, p.٧.

٣٤- لێکدانەوەی دەرئەنجامەکانی ئەم چەشنە پەرەسەندنانە بە دوور و درێژتر لە بەشی نۆدا خراونەڕوو.
٣٥- Amy Myers Jaffe and Robert A. Manning,“Russia, Energy and the west”, Survival, vol. ٤٣., No.٢, Summer ٢٠٠١, P.١٥٤٥.
٣٦- Michael T. Klare, “The new Geography of conflict”, Foreign Affairs, Vol.٨٠, No.٣, May/June ٢٠٠١, P.٥٢.

هەروەها بڕوانە:
By the same anthor resource wars: The new landscape of Global conflict. New York: Metropolitan Book, ٢٠٠١.



٣٧- Kim sengupta, “Five Held in Morocco planned to Strik war ships”, The independent (London), June ١٢, ٢٠٠٢, Peter Finn, “Arrests Reveal Al-Qaeda Plans; Three Sandis Seized by Morocco outline post-Afghanistan Strategy”, Washington Post, June ١٦, ٢٠٠٢.

٣٨- خاڵەکانی بازرگانی وزە لە رێی دەریاوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەمانە لەخۆدەگرێت تەنگەی هورمز ((لە ساڵی ٢٠٠٠ دا نزیکەی لەسەدا ٣٠ هەناردەی جیهانی بەم تەنگەیەدا گوزەری کردووە پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ئەم رێژەیە بگاتە لەسەدا ٤٠)) بابولمەندەب لەدەریای سوور، کەناری سوێس (کە گرنگییەکی کەمتری هەیە لەبەرئەوەی کەشتی و بارهەڵگرە گەورەکان ناتوانن بەکاری بیهێنن)) پسپۆڕ بڕوانە:

Word oil transit checkpoints, Washington, D.C. Energy Information Administration, ١٩٩٨.

٣٩- ئەم چەشنە هەوڵانە مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە، ئەگەرچی زۆریان بە شکست کۆتاییان هاتووە. بۆ نموونە هۆڵەندییەکان هەوڵیاندا بیرە نەوتییەکان و دامەزراوە بەرهەمهێنەرەکانی سەر بە دەسەڵاتی داگیرکاری یابان لە ئەندەنوسیا تێکبشکێنن، یابانییەکانیش لەکاتی کشانەوەدا بەهەمان شێوە ڕەفتاریان کرد. هێزەکانی عێراق ژمارەیەکی زۆر بیری نەوتیان لە کوێتدا تەقاندەوە لەکاتی شەڕی کەنداودا، کە دەرئەنجامی ئابووری و ژینگەی بەرچاوی هەبوو، بەڵام کاریگەری لەسەر بازاڕەکانی نەوتی جیهان زۆر کاریگەر و گرنگ نەبوو.

# بەشی حەوتەم

## شۆڕشی زانیاری و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**جۆن ب . ئەڵتەرمان**

لە دوو دەیەی ڕابردوودا، بارودۆخی میدیا و زانیاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەشێکی ئەو گۆڕانانە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای باڵای ئەم دواییەوە بووە وەك ئینتەرنێت، بە شێوەیەکی سەرەکیش لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای کۆنترەوە وەك سەتەلایت و تەلەفزیۆن و ئامێری فۆتۆکۆپی و فاکس و ڤیدیۆکاسێتەوە هاتۆتە ئاراوە. ئەم هۆکارانە توانای گەورەتریان بە تاکەکان بە خشیوە کە چالاکتر لە چاو پێشوودا بیروبۆچوونەکانیان هاوبەشی پێبکەن.

وەها گۆڕانکارییەك لە ژینگەی زانیاریدا ئاکامی فراوانی بۆ کۆمەڵگاکان و سیاسییەکانی هەرێمەکە و بۆ سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش هەیە. هەروەها کاری زۆری کردووەتە سەر مشتومڕی جەماوەر، توانای نوێنەرانی پەناهەندە بۆ کاریگەری دەرخستن لەسەر ڕووداوەکانی هەرێمەکە و بڵاوبوونەوەی وێنەکانی ڕۆژئاوا ململانێی گەلێ بیروبۆچوونی کۆن دروستدەکەن و گۆڕان لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەهێننە ئارا. ئەم گۆڕانانە بۆیان هەیە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کردارە سەربازییەکانیشی ئاڵۆز بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا سنووورداری ئەو چەمکەی بە "شۆڕشی زانیاری" ناودەبرێ، دەبێ لە هەرێمەکەدا دانی پیابنرێ. هەرچەندە زۆر لە پشتیوانان بڕوایان وایە کە تەکنەلۆجیا پێشکەوتووەکانی وەك ئینتەرنێت مافی هەژار و بێبەشبووەکان

دەدات، کەچی ئەو تەکنەلۆژیایانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەوە دەچێ تەنها لە لایەن ساماندار و چینی ڕۆشنبیرەوە بەکاربهێنرێن. لە بری ئەوە، دەکرێ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای مامناوەند وەك سەتەلایت و ڤیدیۆکاسێت و ئامێری فۆتۆکۆپی کاریگەری قوڵی لە نێو جەماوەری بەرفراواندا هەبێ.

ئەم بەشە، گۆڕانەکانی شێوازی پەیوەندیکردن لە جیهانی عەرەبی و گرنگییان بۆ سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان شیدەکاتەوە. ئەوەش هەڵدەسەنگێنێ کە چۆن تەکنەلۆژیا ژینگەی زانیاری لە هەرێمەکەدا دەگۆڕێ، لەگەڵ بوونی تێبینی تایبەت بۆ کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیا ئاست مامناوەندەکان کە هەرزانن و لە زۆربەی ناوچەکاندا هەن. دواتر ئەگەری کاریگەرییەکانی ئەو گۆڕانانە لەسەر سیاسەت، حکومەتەکان، کۆمەڵگاکانی هەرێمەکە لێکدەداتەوە، لە کۆتاییدا ئاکامەکانی ئەو گۆڕانانە بۆ سیاسەتدانەرانی ویلایەتەیەکگرتووەکان دەخاتە ڕوو.

## ژینگەیەکی زانیاری دەوڵەمەندتر

لەو دەیەی ڕابردوودا، نزیکەی هەموو شێوەیەکی میدیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی چۆنایەتی، چەندایەتی و جۆراوجۆری زانیارییەکانی دەیگرێتەخۆ پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە. کێبڕکێ بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین جەماوەر لەم ساڵانەی دواییدا زیادیکردووە، هەروەها کەناڵەکانی هەر میدیایێك ناچاربوون کە پێداویستی و ئارەزووەکانی جەماوەرەکانیان کاریگەرانەتر بدوێنن[1].

## ڕۆژنامە

زۆر لە مێژ نییە کە خوێنەرانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنها بڵاوکراوەکانی نێوخۆیان دەخوێندەوە، زۆربەی ئەو ڕۆژنامە نێوخۆییانەش لەلایەن دەوڵەتەوە دەستی بەسەرداگیرابوو. هەرچەندە لوبنان نەریتی جۆراوجۆری ڕۆژنامەگەری



هەبوو، بەڵام ئەوە بارێکی هەڵاوێژراوبوو. بڵاوکراوە لوبنانییەکان لە پایتەختە عەرەبییەکاندا دەستدەکەوتن، بەڵام چەند هەفتەیەك دوای بڵاوبوونەوەیان.

خۆماڵیکردنی ڕۆژنامە سەربەخۆکان لە شەستەکاندا و دامەزراندنی کەناڵە حکومییەکان مانای ئەوەی گەیاند کە ڕۆژنامەی عەرەبی لەو سەردەمەدا وتەبێژی فەرمی ڕژێمەکانبوون. لە بری گفتوگۆی هزرییانەی هەواڵەکانی ڕۆژ، میدیا چاپکراوەکان بە زۆری پیاهەڵدانی سەرکردەکانیان دەردەخست. کۆبوونەوەکانی سەرکردە سیاسییەکان لەگەڵ بەرپرسانی بێگانە، بابەتە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەکان بوون، بەڵام زۆر بە دەگمەن بۆنی ئەو وتووێژانەیان لێدەهات کە لەدواوەی دەرگاکان ڕوویاندەدا.

لە دەستپێکی حەفتاکاندا، بەرهەمهێنەرانی سعودی ڕۆژنامەی (ئەلشەرق لئەوسەت) یان هێنایە ئارا. ڕۆژنامەکە لە لەندەن کاری تیادەکرا و لە سەرانسەری وڵاتانی عەرەبیدا چاپدەکرا بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مانگی دەستکرد وەك هەمان ئەوەی کە ڕۆژنامەی (USA Today) بەکاری دەهێنا. ڕۆژنامەکە هەنگاوێکی نوێی نواند لە پێکهێنانی ڕۆژنامەگەری عەرەبی بە شێوازێکی کاریگەر و سەرکەوتوو لە هەندەران. بە تێپەڕبوونی کات، ڕۆژنامەی دیکەی عەرەبی نێونەتەوەیی لە لەندەن پەیدابوون، دیارترینی ئەوانەش بریتیبوون لە (ئەلحەیات ـ سەرەتا لوبنان و ئێستاش سعودیا پاڵپشتی دەکات) و (ئەلقودس لعەرەبی ـ فەلەستینییە سەربەخۆکان پاڵپشتییان لێدەکرد). ئەو ڕۆژنامانە هەواڵەکانیان بە وردی بڵاودەکردەوە کە ڕەخنەی بابەتییانەی لە حکومەت و کەسایەتییەکانی هەرێمەکە دەگرت.

ژمارەی ڕوونووس (تیراژ) و خوێنەرانی ڕۆژنامەکان جیاوازە. ئەلشەرق لئەوسەت، کە لاپەڕەکانی دەرەوەی بە ڕەنگێگی کەسکی سەرنجڕاکێش

چاپدەکرێن لە بنەڕەتدا سعودییە. زۆربەی دانەکانی کە نزیکەی ٢٥٠,٠٠٠ ی لێ چاپدەکرێت لە سعودیایە وسەرنووسەرەکەشی هەر سعودییە[٢]. سەروتارەکانی وا دەبینرێ کە ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوونی فەرمی حکومەتی سعودیا بێت، هەرچەندە هەندێ جار ڕواڵەتی ئازادی پێوە دیارە. لەبەرئەوەی لە دەرەوەی میرنشینەکە دەنوسرێ و چاپدەکرێ ڕۆژنامەکە لە چاو ئەوانەی لە ناوخۆ دەردەچن ئازادی زیاتری هەیە لە باسکردنی گفتوگۆی پرسە ململانێدارەکان. تا ئێستا، خۆی بە دوور لە سەرکردە سعودییەکان دەگرێ. هەروەها ڕێکەوتنامەی هاریکاری چڕوپڕی لەگەڵ زۆر لە ڕۆژنامە گرنگەکانی ئەمەریکا هەیە، هەندێ جار پشت بە ڕەخنەی ڕاپۆرتەکانی ئەوان دەبەستێ لە بری ڕاپۆرتنووسەکانی خۆی[٣]. پێدەچێ بە تەنیا (ئەلشەرقلئەوسەت) لە نێو ڕۆژنامە عەرەبییەکانی دیکە بتوانێ داهات کۆبکاتەوە، بەشێکی ئەوەش بە هۆی هاندانی فەرمی سعودی بۆ پروپاگەندەکردن لەو ڕۆژنامەیەیە[٤]. ئەمیر ئەحمەد بن سەلمان، کوڕی پارێزگاری ریازی پایتەخت، خاوەنی سەرەکی ڕۆژنامەکە بوو تا لە ساڵی ٢٠٠٢ کۆچی دوایی کرد.

تاکە هاوشێوەی (ئەلشەرقلئەوسەت) بریتیبوو لە ئەلحەیات. هەرچەندە تیراژە جیهانییەکەی لەو کەمتر بوو ـ نزیکەی ١٢٥,٠٠٠ لە هەر ڕۆژێکدا، بەڵام لە نێو ڕۆشنبیرانی جیهانی عەرەبی و عەرەبە پەناهەندەکان لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوا خوێنەرێکی زۆری بەدەستهێنا. ئەلحەیات وەك ڕۆژنامەیەکی ڕووناکبیران، نەك تەنها هەواڵی متمانە پێکراو (زۆرجار تەلی ڕاپۆرتی ڕۆژئاوایی بە ڕاپۆرتە عەرەبییەکانەوە گرێدەدات) و بۆچوون و گۆشەنیگای جیاوازی لەخۆ دەگرت، بەڵکو هونەر و شیعر و فەلسەفەش لە نێو لاپەرەکانیدا دەخوێنرانەوە. خاوەنی ڕۆژنامەکە خالید بن سوڵتان، کوڕی وەزیری بەرگری سعودیا بووە کاری بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەکە نزیکەی ١٠ ملیۆنی لە هەر ساڵێکدا زیان بوو، نە پارەی پروپاگەندە و نە هی فرۆشتن نرخی بەرهەمهێنانەکەیان پڕنەدەکردەوە[٥].



هەروەها چەندین ڕۆژنامەی دیکە هەن کە لە هەندەران دەردەچن. (ئەلقودسلعەرەبیە) وەك ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی فەلەستینی کە هیچ سەرچاوەیەکی دیاری پاڵپشتیکردنی نییە. ناسکترین ڕاپۆرتەکانی سعودیای عەرەبی دەردەخا کە لە جیهانی عەرەبدا ببینرێ، وا گومان دەبرێ کە لەلایەن کەسایەتی و حکومەتی بەرفراوانی ناوچەکە یارمەتی دارایی پێببەخشرێ. (ئەلزەمان) لە لایەن وەزیری ڕاگەیاندنی پێشووی عیراق سەعد بەزاز دەردەچێ، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان سعودیا پاڵپشتی دارایی دەکات. (ئەلعەرەب) لە لایەن وەزیری ڕاگەیاندنی پێشووی لیبیا، ئەحمەد سالحین ئەلهۆنی دەردەچێت، ڕۆژنامە بچووکەکان زیاتر ئایدیۆلۆجی و دژە ئەمەریکایین. هەر هەموویان یارمەتی دارایی لە لایەنی نادیارەوە وەردەگرن[٦].

بە تێکڕا، هەموو ڕۆژنامەکانی عەرەبی یەکبگرن، بۆی نییە زیاتر لە ٤٠٠,٠٠٠ دانە لە سەرانسەری جیهان لە هەر ڕۆژێکدا بفرۆشرێت (بە بەراورد لەگەڵ نیۆیۆرك تایمز، ڕۆژانە زیاتر لە یەك ملیۆنی لێ دەفرۆشرێت). ڕۆژنامەکانی عەرەبی پردێکی سەرەکین لە نێوان جەماوەری پەناهەندەی عەرەب لە لەندەن، پاریس، نیویۆرك، واشنتۆن، و ئەوانی دیکە، و لە نێوان خودی وڵاتە عەرەبییەکانیشدا. هەروەها بریتین لە ناوچەیەکی ئازاد و داهێنانی ڕوناکبیران کە سەختە لە هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبیدا بیدۆزیتەوە. چونکە جەماوەری بڵاوکراوە جیهانییەکان تاڕادەیەك دەستەبژێرن یا تایبەتن، زیاتر سوودیان لە کەمی چاودێری یا بێ ئاگایی ڕژێمەکانیان وەرگرتووە لەچاو ڕژێمە عەرەبییەکان کە هەمیشە دەخوازن چاودێری بەسەر بەرهەمە نێوخۆییەکان دا بگرن.

هەروەها دەنگی ڕوناکبیری هەرێمایەتیش لەو ڕۆژنامانەدا ڕەنگی داوەتەوە، کاتێ بۆچوونی شارەزایان و پێشەنگانی بیروبۆچوون لە سەرانسەری جیهان بەیەکەوە لەسەر لاپەڕەکانیاندا دێن گفتوگۆ لەسەر پرسە هاوبەشەکان دەکەن. لە کۆتاییدا، ڕۆژنامە عەرەبییە جیهانییەکان ڕۆڵێکی بەرنامەڕێژی گرنگ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینن. بۆی هەیە سەرنووسەری ڕۆژنامەکان زۆر زیاتر بە فراوانی

چاپەمەنییە عەرەبییە جیهانییەکان بخوێننەوە لەوەی کە خەڵکی گشتی دەیخوێننەوە، هەروەها بەرپرسە ڕەسمییەکانی حکومەتیش، هەمان شت بۆ پرۆفیسۆرەکانی زانکۆ و بازرگانەکانیش ڕاستە. ئەگەر بیرۆکەیەك بۆ بەدەستهێنانی ڕەواج بێ لە جیهاندی عەرەبدا، دەستپێکردن بە ڕاگەیاندنی لە ڕۆژنامەی عەرەبیدا شوێنێکی زۆر باش دەبێ.

ڕۆژنامەگەری عەرەبی، وەك یانەیەك بۆ گفتوگۆکردنی بیروبۆچوونەکان لە هەرێمەکەدا کە ئەو جۆرە یانانەی تێدا دەگمەنە، کاردەکات. هەرچەندە لە ئاستێکی بالای ڕێکخراودا نییە، بەڵام پێگەکەی وەك یانەیەکی جیهانی متمانەدار بۆ ئالوگۆڕکردنی بۆچوونەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی ڕوناکبیرانی هەرێمەکە دەگێڕێ. هەر وەك ژمارەیەکی کەم ڕۆژنامەی جیاکراوە لە هەرێمەکەدا هەن، ڕۆژنامەکان وەك شوێنێکی گرنگ بۆ گفتوگۆکردن دەرکەوتوون زیاتر لەوەی وەك حاڵەتی کۆمەڵگاکانی دیکە بێ و وەك کەناڵێکی گرنگ بۆ دەستەبژێرە سیاسییەکان و گفتوگۆ کۆمەڵایەتییەکان خۆی نواندووە.

## تەلەفزیۆن

کاتێ لە شەستەکان و حەفتاکان تەلەفزیۆن هاتە جیهانی عەرەبی، کەشێکی بێزارکەری میدیای چاودێریکراوی دەوڵەتی بەخۆوە بینی. پەخشی هەواڵەکان بە شێوەیەکی چەسپاو بە زنجیرەیەك وتار لەسەر چالاکییەکانی ڕۆژانەی سەرۆك یاخود شا دەستیان پێدەکرد، نووسەری ئەم ڕاپۆرتە جارێکیان لە ساڵی ١٩٩٥ پەخشێکی بێدەنگی حەوت خولەکی سەرۆکی میسری بینیوە کە سڵاو لە بەرپرسانی کەنداو دەکا لە فڕۆکەخانەی قاهیرە. کاتێ کە هەواڵی ڕاستەقینەش هەبێ، میدیاکە پەخشی ناکا. لە یەکێك لە ناو زڕاوترین نوشوستییەکان دەربارەی پابەندبوونی ڕۆژنامەوانی، تەلەفزیۆنی سعودی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ



هێرشەکەی عێراقی بۆ سەر کوێت ڕانەگەیاند چونکە دڵنیا نەبوو کە ئاراستەی ڕەسمی حکومەت چی دەبێ[٧].

دوای جەنگی کەنداو گەشەی تەلەفزیۆنەکانی عەرەبی بە خێرایی دەستی پێکرد، کاتێ کەناڵی (CNN) ئارەزوو و پەرۆشییەکی لەوکاتەدا بۆیان دروستکرد کە هەواڵەکانی جەنگی بە جوانی بۆ بینەرانی عەرەب دەگواستەوە. کەناڵی سەنتەری پەخشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (MBC) یەکەمجار هاتە مەیدان کە لە ساڵی ١٩٩١ لە لەندەن دامەزرا. خاوەنی کەناڵەکە بریتیبوو لە شێخ وەلید ئیبراهیم زاوای شا فەهد. ئەم کەناڵە نموونەیەکی بۆ دەزگا پەخشییەکانی پەناهەندەی عەرەب دامەزراند، کە هەواڵی متمانەپێکراویان لە ڕێگای مانگی دەستکردەوە پەخش دەکرد بۆ جیهانی عەرەبی[٨]. هەروەها (MBC) بیری ڕۆژنامەوانی عەرەبی بوژاندەوە بە دانانی پێشکەشکاران و ڕاپۆرتەوانان لە سەرنسەری جیهانی عەرەبیدا. سەرەڕای هەواڵەکانی، ئەو کەناڵە گرنگیشی بە مۆسیقا، کۆمیدیای ڕۆژئاوایی و زنجیرەی شانۆیی دەدا.

پێنج ساڵ دواتر، تۆڕی (ئەلجەزیرە) ئەزموونەکانی (MBC) بردە ئاستێکی دیکە. کەناڵەکە لە قەتەر دامەزرا و لەلایەن ئەمیری نوێ پاڵپشتی لێدەکرا. کەناڵەکە هەڵسا بە تێکەڵکردنی هەواڵی بوێرانە کەبە هۆی پەیامنێرە هەستبزوێنەکانەوە بە هێزتر کرابوو، لەگەڵ بەرنامەی ڕاستەوخۆی گفتوگۆئامێز کە بوو بە قسە و باسی جیهانی عەرەبی. (ئەلجەزیرە) لە کۆت و بەندی سیاسی ئازادبوو، ئەمەش وایکرد بەدوای مشتومڕ و کێشمەکێشەوە بێ لەڕێگەی ئەوبەرنامانەی کە عیلمانەکان دژی ئیسلامییەکان، یەکسانیخواز دژی نەریتخوازەکان، تەنانەت ئیسرائیلیەکان دژی عەرەبەکانی تاقیدەکردەوە.

لە ڕاستیدا دروستبوونی ئەلجەزیرە بەشێکی بەهۆی هەستیارییەکانی سعودیاوە بوو. لە ساڵی ١٩٩٤، دەزگایەکی سەتەلایتی سعودی گرێبەستێکی لەگەڵ

(BBC) گرێدا بۆ بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی هەواڵی عەرەبی، بەڵام سعودییەکان لە ١٩٩٦ لەبۆندەکە پاشگەزبوونەوە کاتێ (BBC) ناوەرۆکی کارەکەی خستە بەردەمیان چونکە زیانی بۆ ستراتیژییەکانی وڵاتەکە دەبوو. پڕۆژەکە دواخرا تا ئەوکاتەی قەتەرییەکان دەستیانکرد بە جێبەجێکردنی پلانەکەیان بۆ وێستگەیەکی تەلەفزیۆنی هەرێمایەتی، زۆر لە کادیرە بە ئەزموونەکانی (BBC) هەر زوو چوونە دۆخە لەوێدا هەندێ لە ڕێکخراوەکانی خۆیان بنیاتنایەوە[٩].

لە پایزی ٢٠٠١، (ئەلجەزیرە) بە ئاشکرا هەستی دژە ئەمەریکایی دەرخست، بە شێوەیەکی چڕوپڕ (هەندێ جار بە ڕاشکاوی هاوسۆزانە) هەواڵەکانی تاڵیبانی لە دژی هێرشی ئەمەریکا دەگواستەوە. پێدەچوو ئوسامە بن لادن پشتگیری وێستگەکە بکا، ڕاگەیاندنەکانی کاتێکی زۆریان لەو کەناڵە داگیرکردبوو. ڕاستییەکەی زۆربەی وێنەکانی بن لادن لە دوای هێرشەکانی ١١ ی سێپتێمبەرەوە کە لە میدیاکانی دیکە دەخولانەوە، لە ڤیدیۆکانی کەناڵی (ئەلجەزیرە) وەرگیرابوون کە ناونیشانی (تایبەت بە ئەلجەزیرە) بە عەرەبی و ئینگلیزی لەسەر دەنووسرا. دەرکەوتنی (ئەلجەزیرە) ڕەخنەی زۆری لە شێوازی گشتی لێکەوتەوە، هەندێ لە ڕەخنەگرانی دەرەوە بە کەناڵێکی نا کاریگەر لە قەڵەمیاندا. وەك ئەوەی یەکێکیان لە گۆڤاری (نیۆیۆرك تایمز) نووسیویەتی: " هەرچەندە (ئەلجەزیرە) هەندێ جار لە لایەنەکانی ڕۆژئاواوە دەستخۆشی لێکراوە کە کەناڵێکە عەرەبی سەربەخۆیە، بە هەڵە دەچیت ئەگەر بە کەناڵێکی ڕەوا یا بەرپرسیار ناوی ببەی. چونکە ڕۆژ دوای ڕۆژ بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژکراو فوو دەکاتە ئاگری توورەیی موسوڵمانان "[١٠].

بە دڵنیاییەوە، (ئەلجەزیرە) بە چڕوپڕی هەواڵەکانی فەلەستین دەگوازێتەوە و مینبەرێکی کاریگەری بۆ دوانبێژان (معلق) دابینکردووە (هەندێ جاریش بۆ ڕاپۆرتنووسان) ئەوانەی کە گومانیان لە نیازەکانی ڕۆژئاوا هەیە. هەروەها جەزیرە زۆر بە توندی دروشمی خۆی هەڵگرتووە " بۆچوون... و بۆچوونەکەی



دیکە". سەرەڕای کەموکوڕی زۆر، ڕێگا بە بیروبۆچوونەکان دەدا پەخش بکرێن کە لە چەرخەکانی پێشووتر یەکسەر دادەمرکێنرانەوە. هەندێکی ئەو بۆچوونانە پشتگیری لە ڕۆژئاوا دەکەن و هەندێکیشیان دژە ڕۆژئاوایین. لە هەموان گرنگتر، (ئەلجەزیرە) بازاڕێکی بۆ ئەو بیروبۆچوونانە هێناوەتە ئارا.

هەرچەندە زۆربەی ئەو بۆچوونە جەماوەرییانەی لە کەناڵی (ئەلجەزیرە) پێشکەشدەکرێن ئەوانەن کە نەیار یا دژ بە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانن، بەڵام بە ڕادەیەکی تێبینیکراو کاتی پەخش بۆ ئەوانەی کە زۆربەی جەماوەر لەگەڵیان نارازییە درێژدەکاتەوە. بۆ نموونە، بواری فراوان بۆ بەرپرسانی ئەمەریکی دەڕەخسێنێ کە ڕاستەوخۆ بۆ جیهانی عەرەبی قسە بکەن، لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ و گواستنەوەی هەواڵەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان. بۆ نموونە، لە ساڵیادی یەکەمینی ڕووداوەکانی ١١ ی سێپتێمبەر، وتاری وەزیری بەرگری، دۆناڵد ڕامسفیلد ڕاستەوخۆ و بێ دەسکاری لە کەناڵە (ئەلجەزیرە) پەخشکرا و بۆ چەند ملیۆنێك عەرەب لە ماڵەکانیاندا ئاراستەکرا کە بۆ ماوەی سەعاتێك سەیریان کرد. لە ڕاستیدا (ئەلجەزیرە) بە چڕی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی واشنتۆنی دەرخست، بە شێوەیەك ئەمەریکییەکانی بردە لای عەرەبەکان لە کاتێکدا ئەمەریکییەکان وایان دەزانی تەنها بۆ ئەمەریکییەکانی دیکە قسە دەکەن.

ئەلجەزیرە، لە ماوەی کرداری سەربازی لە عیراق، چووە ڕیزی زۆربەی وێستگە عەرەبییەکان کە خۆیان بە دوورگرتووە لە هەر خۆ دەرخستنێکی بابەتیانە. پێشکەشکاران لاگیرییان دەکرد، ڕاپۆرتنووسان ڕاستییەکانیان دەشێواند لە ڕێگەی وشەکان و وێنەکان. گفتوگۆ لەسەر باسەکان بە زۆری یەکلایەنە بوو. بەڵام ئەلجەزیرە کاتێکی بەرچاوی بە بۆچوونەکانی ئەمەریکی دا، بە گواستنەوەی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکانی هاوپەیمانان لە دۆخە و زۆربەی ڕووداوەکانی واشنتۆنیشی دەگواستەوە. داکۆکیکارانی کەناڵەکە دەیانگوت کە ئەلجەزیرە تەنها لە بەرژەوەندی عەرەبەکان قسە دەکات وەك ئەوەی (فۆکس) و کەناڵە

ئەمەریکییەکانی دیکە بۆ ئەمەریکای دەکەن. هێشتا زۆر زووە دوای ململانێکە کە تێبینییەکان بە دروستی هەڵبسەنگێنرێن.

کەناڵەکانی دیکە ڕێگەی دیکەیان لە پێشکەشکردنی بەرنامەکانیان گرتووەتە بەر. دەزگای پەخشی لوبنانی (LBC) و تەلەفزیۆنی (المستقبل ـ Future) ی سەرۆك وەزیرانی پێشوو، بەرنامەی جۆراوجۆری خۆشگوزەرانی و کات بەسەربردن پێشکەش دەکا و بێژەر و پێشکەشکاری لاو و سەرنجڕاکێش لە تەلەفزیۆنەکە کاردەکەن و گرنگی بە مۆسیقا و بەرنامەی یاری و پێشبڕکێ دەدەن. وەك هەوڵێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی (ئەلجەزیرە) و پێشبڕکێکردن لە گەڵیدا، تەلەفزیۆنی (ئەبو زەبی) خۆی نوێکردەوە بۆ کەناڵێکی تایبەت بە دەنگوباس. هەروەها (MBC) پلان دادەنێ بۆ دامەزراندنی کەناڵێکی دەنگوباسی ٢٤ کاتژمێری کە بارەگاکەی لە دوبەی بێت و بەڕێوەبەرە کۆنەکانی (ئەلجەزیرە) کاری تێدا بکەن. کەناڵی زین، کە بارەگاکەی لە دوبەیە، لە شوباتی ٢٠٠١ دەنگی تێکەڵ بە شەپۆلەکانی هەوا کرد و، ئێستاش بەردەوامە. بە هەمووی نزیکەی زیاتر لە ٢٠٠ کەناڵی ئاسمانی عەرەبی هەیە، هەر هەموویان بە دوای کۆکردنەوەی جەماوەر لە جیهانی عەرەبیدا دەگەڕێن[١١].

زۆربەی کەناڵە ئاسمانییەکانی عەرەبی وەك (MBC) و ئەلجەزیرە، لە هەوادا ئازادن. واتا هەریەکێ تەلەفزیۆن و ئامێری سەتەلایتی هەبێ دەتوانێ سەیری بکا و هیچ هاوبەشیکردنێکی مانگانە یا ساڵانە نییە. نرخی هەر ئامێرێکیش ڕۆژ بەڕۆژ لە دابەزیندایە. ئێستا هەرچەند بەکارهێنەرێك دەتوانن تەنیا یەك ئامێر بەکاربێنن. جگە لە قاوەخانەکان و شوێنە گشتییەکان دەتوانن جەماوەری فراوان بۆ بینینی ئەو کەناڵانە لە خۆبگرن[١٢].

لە هەڵسەنگاندنێکی جەماوەریدا، کەناڵەکان بۆیان دەرکەوت کە هاوسۆزی باشترە لە دوورەپەرێزی و میانڕەوی. ڕاپەڕینی فەلەستینی جێگای بایەخی



سەرەکی زۆربەی کەناڵە عەرەبییەکانە، ڕاپۆرتەوان لە دوورەوە ڕاپۆرتەکەی پێشکەش ناکا، بەڵکو لە نێو گۆڕەپانەکاندا لە ڕێی هۆکاری بێ تەل بۆ گواستنەوەی توندوتیژی بۆ بینەران کە لەماڵەکانیاندان. ڕووداوی ١١ ی سێپتێمبەر بابەتێکی باوی دیکە بوو، هەرچەند زۆربەی توانجەکان زیاتر تیشکیان خستە سەر گلەیی و تۆڵە لەبری ڕیشەکێشکردنی تیرۆرکاران.

بەدەستهێنانی زانیاری ورد و تێروتەسەل دەربارەی ئەوەی کێ سەیری تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکان دەکا، سەختە. ڕاپرسی دەربارەی بینەران کەمە، بە تایبەتی لەدەرەوەی وڵاتانی کەنداو، تەنانەت ڕاپرسان کە بە ئەرکی کۆکردنەوەی داتاکان هەڵدەستن هۆشداری ئەوە دەدەن کە ئەو داتایانە هەمیشە لە بەرژەوەندی ئەو پارتەی کە بە کارەکە هەڵساوە[١٣]. کەناڵەکانیش خۆیان تا ئێستا بە لێکۆڵینەوەیەکی وەها خەریك نەکردووە چی لە ڕێگەی ڕا وەرگرتن یا گروپ، لەوە دەچێ بیرۆکەی پێشکەشکردنی بەرنامە نوێکان زیاتر لە ئەنجامی گفتوگۆی نێوخۆیی بێ نەك لێکۆڵینەوە لە پێداویستییەکانی بینەران[١٤]. سەرەڕای ئەوە، بەڕێوەبەرانی کەناڵە ئاسمانییەکان لەوەناچێ هەوڵی زۆر بخەنە گەڕ بۆ بە ئامانجکردنی توێژێکی دیاریکراوی جەماوەری گشتی. ئەو بارودۆخەش بە ڕادەیەکی زۆر ئەنجامی ئەو تێگەیشتنەیە کە پروپاگەندەکردن لە هەرێمەکە بایەخی سیاسی زیاتر کاری تێدەکا نەك داتای جەماوەری[١٥]. کۆمپانیاکان بە دوای پشتگیریکردنی حکومەتی سعودیا وێڵن، بۆ نموونە پشتگیری ئەو کەناڵانە دەکەن کە هاوپەیمانی بنەماڵەی پاشایەتین و پروپاگەندەکردن لە جەزیرە دوور دەکەنەوە. سەرەنجام، بەلای کەمی هەندێ چاودێری خۆیی لەسەر کەناڵەکان لەبارەی کێشەکانی بەرژەوەندی باڵای حکومەتی سعودی یا ئەوانەی بە شێوەیەکی نادیار پاڵپشتییان دەکەن هەیە.

## پێکهاتەیەکی ناوەڕۆك فراوان

ئەگەر بە گشتی وەربگرین، هیچ گۆشەنیگایەکی تەنیا لە ڕۆژنامەوانی عەرەبی دەرنەبڕاوە. لە سەرێکی پێکهاتەکە، ڕۆژنامە و دوانبێژانی تەلەفزیۆن هەن، وەك ئەوەی بە سیحر لە ساڵانی شەستەکانەوە بۆ کاتی ئێستا گوازرابنەوە و خاوەنی هەمان بیرکردنەوەی ئەوسان. خەمباری خۆیان نیشان دەدەن، گازاندە و گلەیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و وەکیلەکەی (ئیسرایل) دەکەن. وتووێژ دەربارەی یەکگرتنی عەرەب لە ژێر یەك ئاڵا دەکەن بۆ بەرهەڵستیکردنی ڕۆژئاوا و هەموو ئەوەی وەك ڕۆژئاوایە. ئەمە دەنگێکی گشتی ڕۆژنامەی نێوخۆیی سووری و عیراقی بوو لە کاتی ڕژێمی سەدام حوسێن، هەرچەندە نووسەر و دوانبێژە سەربەخۆکان لە سەرانسەری هەرێمەکە پشتگیرییان لە هەمان هێڵ دەکەن.

لە سەرەکەی تری پێکهاتەکە ئەوانە هەن کە وەك نوشوستیهێنانێك ڕەخنەی توند لە بیری عەرەب دەگرن. هەندێك گەڕانەوە بەرەو ئیسلام هاندەدەن، هەندێکی دیکە بەرەو دیموکراسی چوون بە باشتر دەزانن، بەڵام هەردوو گرووپەکە هاوبەشن لەو هەستەی کە ئەزموونی سەدەی بیستی عەرەب بریتی بوو لە نوشوستی و جیهانی عەرەب پێویستی بە دووبارە خۆ داهێنانەوە هەیە بۆ خۆ دەربازکردن لە کۆتاییە کوشندەکە. هیچ کەناڵێك بە تەواوی دان بەو بۆچوونە دانانێ، بەڵام نووسەر و دوانبێژان کە هەندێ بەشی دەگرنەخۆ، دەتوانرێ لە هەموو کەناڵە جیهانییەکانی هەرێمەکە ببینرێن، هەر لە (ئەلجەزیرە) تا (ئەلشەرقلئەوسەت). ئەم بۆچوونە جیهانییانە بە شێوەیەکی سەرەکی خۆیین، بەلای ئەوانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە زۆری لە باکگراوندا دەمێنێتەوە، نە وەك مۆدیلێکی لاساییکردنەوە و نە شتێکی گاڵتەجاڕیش.

گەورەترین بەشی بۆچوونەکان لە نێوان ئەو دوو پۆلە توندڕەوە دان. زۆربەی دوانبێژە عەرەبەکان، بە تایبەتی ئەوانەی جەماوەری هەرێمایەتییان هەیە، خۆیان بە نەتەوەیی لە قەڵەم دەدەن. کەم لە نووسەران بوێرانە یا ڕاشکاوانە عیلمانی بوونی خۆیان ڕادەگەیەنن و زۆربەیان هەندێ ڕۆڵی ئیسلام لە ژیانی جەماوەردا پەسەند



دەکەن. پشتگیرییەکی کەم بۆ سیاسەتی گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەرێمەکەدا بەدی دەکرێ، تەنانەت پشتگیری بۆ کردارە جیاکانی ئەو وڵاتە نابینرێ وەك پرۆسەی پاراستنی موسوڵمانانی کۆسۆڤۆ، بۆی هەیە گلەییان لێی هەبێت. ئەگەر ئاراستەیەك بۆ دیدەکە هەبێت ئەوەیە کە بەداخەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر بنەمای ڕووەو ئیسرائیل دامەزراوە و لەمەڕ ئازارەکانی عەرەب زۆر بێ بایەخە. لە ئاستێکی باڵاتر، تێڕوانینێکی تێبینیکراو لە ئارادایە کە کەلتووری ئەمەریکی، بە ئاراستە سێکسییە بەدڕەوشتەکانی، بیری تاکایەتی و سەرمایەداری توندەوە دەست بەسەر ناوچەکە دادەگرێ. لەوە ناچێ ئەم تێڕوانینانە کاردانەوەیەکی یەکدەنگ بوروژێنن، لە زۆر باردا، هەر کاردانەوەشیان نابێ. ناوەناوە وتوێژ هەیە دەربارەی بەکارهێنانی "چەکی نەوت"، بەڵام بۆی هەیە ئەم داوایانە زیاتر نیشانەی بێ ئومێدبوون نەك نیازی ئاییندەیی بێ.

## ئینتەرنێت

ئینتەرنێت بایەخێکی گەورەی لە جیهانی میدیادا هەیە، بەڵام تا ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبدا تەواو دەگمەنە. لە کاتێکدا زیاتر لە کەسێك بۆ هەر پێنج کەس لە ئیمارات (لەوانەیە یەك بۆ سێ) ئینتەرنێتیان هەیە. ڕێژەکە زۆر زیاتر دێتەخوارەوە لەوانەیە یەك بۆ ٢٥ لە ئوردن و شتێکی وەك، بە یەك بۆ ١٠٠ لە میسر بخەملێنرێ . بە گشتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە وڵاتە سامانداره‌کانی وەك کوێت یا بەحرێن نزیکەی ١٠٪ ی دانیشتوانە، و ٢٣٪ ش بۆ ئیسرائیل[١٦]. ئینتەرنێت بە هەندێ شێوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، هەرچەندە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە لیبیا و سووریا و عیراق زۆر بە توندی سنووردار کراوە[١٧].

زۆربەی وڵاتە سامانداره‌کانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ( بەدەر لە ئیسرائیل) جۆرە تاکڕەوییەکی حکومەتییان لەمەڕ بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە هەیە، لە کاتێکدا وڵاتە هەژارەکان بازاڕی دابینکەرانی خزمەتگوزای ئینتەرنێتیان دامەزراندووە.

بنەماكانی ڕێكخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی خزمەتگوزاری پەیوەندیكردن بۆ ئەندامان و ئەندامە ئارەزوودارەكان فەراهەم دەكات[١٨] و، دابینكەرە تاكڕەوەكان كاتێ پێویستییان بەوە دەبێ مۆدیلێكی بازرگانی نوێ دابهێنن پێشتر پلانی بۆ دادەنێن.

ئاستی چاودێریكردنی ئینتەرنێت لە زۆربەی وڵاتان ڕوون نییە. سیاسەتی ئوردن و میسر بانگەشەی ئەوە دەكەن كە بەكارهێنانی ئینتەرنێت لە وڵاتەكانیاندا ئازادە، لە كاتێكدا قەتەر و سعودیای عەرەبی هەوڵ دەدەن بەكارهێنەرانیان ناچار بن بچنە ژێرباری (سێرڤەری پرۆكسی)* بۆ سنووردارکردنی ماڵپەڕە ناحەزەكان. پەناوپێچكردن لە سنووردارکردنی سایتەكان گەلێ بەرفراوانە. لەزاری قسەكەرێكی سعوودییەوە: " بەرپرسان كۆمەڵی هاكەریان** دروستكردووە، ئەوان نایانەوێ ئێمە هیچ شتێك ببینین كە پەیوەندی بە ئایین، سێكس یا سیاسەت هەبێ. ئەوەش ئەو شتانەیە كە خەڵك دەیەوێ بیانبینێ، بۆیە هەركەسێ هەیە لەدەوری سنووردارکردن دەخولێتەوە. بۆی هەیە هاكەرەكان زۆرترین ڕێژەی دانیشتوان لەچاو هەرشوێنێكی دنیا پێكبهێنن"[١٩].

* (Proxy Server): هەڵبژاردنێكە لە كۆمپیوتەر، هەمیشە لەسەر ئەو كۆمپیوتەرە كاری پێدەكرێت كە هێڵی ئینتەرنێت بۆ چەند كۆمپیوتەرێكی دیكە دابین دەكات، كۆمپیوتەرەكە لەم بارەدا بە (سێرڤەر ـ دابینكەر) ناو دەبرێت. تیایدا بە ئارەزووی خاوەن كۆمپیوتەری سێرڤەر دەتوانرێ هەر سایتێك یا بەرنامەیەك قەدەغە بكرێت یا ڕێگەی پێبدرێت كە لەسەر كۆمپیوتەرەكانی دیكە كاربكات. (وەرگێڕ).

** (هاكەر): ناوێكە بۆ ئەو كەسانە بەكاردەهێنرێ كە شارەزایی لە ڕادەبەدەریان لە بەرنامە و سیستەمەكانی كۆمپیوتەر و ئینتەرنێتدا هەیە، زۆر بە ئاسانی دەتوانن پەرژینەكان ببڕن و قوفڵەكان بشكێنن. ئەو دیاردەیە لە ڕۆژئاوا زۆر باوە، هاكەرەكان ئەوەیان كردووە بە پیشەیەك بۆ دەستكەوتنی پارە لە ڕێگەی كردنەوەی (پاسوۆرد) ی حیسابی بانكی تاكەكان و جاری واهەیە بڕی خەیاڵی پارە دەدزن. ڕاپۆرتەكان دەڵێن زۆر جار ئەو كۆمپانیایانەی لە لایەن هاكەرەوە هێرشی دزیكردنیان دەكرێتە سەر، كۆمپانیاكان دەتوانن دەستنیشانیان بكەن بەڵام لە بری گرتنیان، خەڵاتیان دەكەن و بۆ خۆیان كاریان پێدەكەن. (وەرگێڕ).



چاودێریكردن لەسەر پەیوەندیكردنی ئینتەرنێت و نەریتی بەكارهێنانی تەواو ئاسانە لەسەر ئاستی سیستەمی بەڕێوەبەر. ئەگەر دەزگا هەواڵگرییەكانی نێوخۆیی توانایان هەبێ یا ئارەزووی شتێكی وایان هەبێ، ڕێگایان نەداوە جەماوەر لەگەڵی بڕوات.

## بەرزبوونەوەی تەكنەلۆژیای مامناوەند

زۆر تەكنەلۆژیای گرنگی وەك دیاردەی سەتەلایت كە پێشووتر باسكرا، لەوەیە زۆر باش بێت ئەگەر بە تەكنەلۆژیای ئاست مامناوەند لەقەڵەم بدرێ. ئەم تەكنەلۆژیایانە بە هیچ شێوەیەك نوێ نین، و لە زۆر باردا چەند دەیەیەكە كۆن بوون. نموونە بۆ ئامێری تەكنەلۆژیای ئاست مامناوەند بریتین لە ئامێری فۆتۆكۆپی (كە لە هەموو شوێنێكدا، تەنانەت لە گوندەكانیش هەن)، تەلەفۆن، ئامێری فاكس، ڤیدیۆكاسێت و ئۆدیۆكاسێت (ڕیكۆردەر ـ موسەجەل). هەرچەندە زۆربەی ئەو ئامێرانە پێویستیان بە خوێندەواری نییە، بەڵام بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری عەرەبی بەگشتی لەو چەند دەیەی ڕابردوودا ڕێگاكانی دابەشبوونی زانیاری لە سەرانسەری ڕژێمەكە زیادكردووە. لەبەرئەوەی ئەو تەكنەلۆژیایانە هەرزان دەستدەكەون و بە ئاسانی بڵاودەبنەوە، سەختە بتوانرێ ژمارەی بڵاوبوونەوەیان دیاریبكرێ. بە گوێرەی ژمارەكانی بانكی جیهانی، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئەفریقا نزیكەی ١٧٥ تەلەفزیۆن بۆ هەر هەزار تاكێك هەیە، بەمەش حەوت جار لە كۆمپیوتەری كەسی زیاترن[٢٠]. سوودی تەلەفزیۆن زۆر زیاترە لەوەی كە دیارە، چونكە تەلەفزیۆن و ڤیدیۆكاسێت بە شێوەیەكی گشتی لە قاوەخانەكان و شوێنە گشتییەكان سەیر دەكرێن[٢١]. كاسێتی ڤیدیۆی پرۆگرامە جەماوەرییەكانی تەلەفزیۆن بە شێوەیەكی سەرەكی لە دوكانەكانی ڤیدیۆ دەستدەكەون و كرێیەكی كەم بۆ پرۆگرامەكان داوا دەكەن.

ئەو ئامێرانەی لەسەرەوە باسکران وەك یەك دەتوانن ئەرکی گواستنەوە لە سەرچاوەیەکەوە بۆ خەڵك زۆر ئاسان بکەن و یارمەتیدەرن بۆ زیادکردنی تاکە پەیامێك بە خێرایی و بە هەرزانی، کە دەکرێ بە فراوانی بڵاوبکرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی بە ئاسانی هاوبەشدەکرێن، ئاسانن لە بەکارهێناندا و کارامەیی و مەشقی ناوێ بۆ کارپێکردنی. پێکچوونێکی دیکە بریتییە لەوەی کە هەموویان دوور لە دەسەڵاتی دەوڵەت کارییان پێدەکرێت. هەروەها یارمەتی بڵاوبوونەوەی پەیامەکان بۆ ئەودیوی سنوورەکانیش دەدەن.

تەکنەلۆژیای مامناوەندی، هۆکارێکی گەلێ سوودمەندە بۆ ئەوانەی پەیامی سەرنجڕاکێش و بەناوبانگیان هەیە، وەك ئامۆژگارە وورووژێنەرەکان و مۆدێلە سێکسییەکان. گروپەکان ئەو سوودیان لەو تەکنەلۆژیا مامناوەندانە وەرگرتووە، هەر لە گروپە ڕۆژئاواییەکانی وەك چاودێری مافەکانی مرۆڤ، تا دەگاتە گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی وەك ئەلقاعیدە. ئەو تەکنەلۆژیایانەیان بۆ پەیوەندیکردن، چەند هێندەکردنی پەیامەکان، و بنیاتنانی سۆزی هاریکاری بەکارهێنان. لە سەر ئاستی گشتیدا، ئیسلامییەکان زۆر زیاتر سەرکەوتوو بوون لە ئاوێتەکردنی تەکنەلۆژیا بە کۆمەڵگە.

## جۆراوجۆری فراوانتری زانیاری و بەکارهێنانی

ئەو تەکنەلۆژیایانەی لەسەرەوە باسکران، ژینگەیەکی زانیاری فراوانترییان دروستکردووە. بۆرجوازییەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەت تاکڕەوییان لە ڕاگەیاندنی زانیارییە سیاسی و تەنانەت ئابوورییەکانیش دا دەکرد لە نێو سنوورەکانی خۆیاندا، بەڵام سیاسەتی تاکڕەوی بەسەرچوو. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا، زانیاری لەسەر سیاسەت، ئایین، کۆمەڵگە، شێواز، بەرهەمەکانی بەکارهێنەر و بابەتی دیکە بە شێوەیەکی زۆر فراوان فەراهەم بووە لە چەندین دید



و بۆچوونەوە. زیادبوونی بێ ئەندازەی خوێندەواری لە دوو دەیەی ڕابردوودا خێرایی و گڕوتینی زیاتر بە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیاری دەبەخشێ، هەرچەندە بە گشتی خوێندەواری لە هەرێمەکەدا بە پێی پێوانە جیهانییەکان لە ئاستێکی نزمدایە.

بەهۆی گۆڕانی تەکنەلۆژی، چاودێری حکومەت بۆ زانیاری سیاسی لە داخوراندایە. بۆی هەیە حکومەتەکان بتوانن گۆڤارێك لە دەرچوون ڕابگرن، بەڵام زۆر سەختە بتوانن فاکس یا ئیمێڵ یا ئامێری فۆتۆکۆپی بێ شومار بوەستێنن کاتێ بابەتی ڕیسواکەر و ئابڕووبەر دەگرنەخۆ. دەتوانن بابەتێك لە تەلەفیزیۆنی نێوخۆیی ڕابگرن، بەڵام توانایان بەسەر ئەوەدا ناشکێ کاتێ لە وڵاتانی دیکەدا لە کەناڵەکانی سەتەلایت بڵاودەبێتەوە. دەتوانن دەست بەسەر چاپخانە بازرگانییەکاندا بگرن کە نەیەڵن کتێب چاپبکرێت، بەڵام هیچیان بەرامبەر تاکەکان پێناکرێ لە فۆتۆکۆپیکردنی پەرتووك بە ئامێری سووکتر و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و مەلزەمە لە کۆبوونەوەکان یا تەنانەت لەسەر شەقامەکان. دروستە کە ڕژێمی سەرکوتکار لەڕێگەی تێکەڵکردنی هەوڵی ڕاستەوخۆ و تۆقاندنی دڕندانە، دەتوانێ خەڵك بۆ چاودێریکردنی خۆیی هانبدا. بەڵام نرخی وەها ئەنجامدانێك زۆر قورسە و کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان و گەشەی ئابووری دەبێ.

تەنها حکومەتی سعودیا لەو ئاراستەیە بەدەرە، بە شێوەیەکی نائاسایی دەست بەسەر ئەوەی لە دەزگا ڕاگەیاندن و بازاڕاندا هەیە دادەگرێ. چونکە بەکارهێنەرانی سعودی سەرنجڕاکێشترین ئامانجی پروپاگەندەکارانی ناوچەکەن، هەروەها میدیا سعودییەکان ڕاستەوخۆ بە بنەماڵەی پاشایەتییەوە لکاون کە خاوەنی گەلێ لە پروپاگەندەکارانە. سعودییەکان توانایەکی دەگمەنیان لە داڕشتنی ڕاپۆرت و وتارەکاندا هەیە کە تەواو لە بەرژەوەندی ئەواندا بێت. ئەو توانایەش هەر بۆ ئەوان نییە، (ئەلجەزیرە) و (ئەلقودس لعەرەبی) زۆرجار ڕەخنەیان لە سعودیا گرتووە بۆ ئەوەی سەربەخۆیی خۆیان بسەلمێنن. ئوسامە بن لادن کەناڵێکی بۆ پەیامەکانی دژی سعودیا دۆزیوەتەوە، کە (ئەلجەزیرەیە) و

هەندێ جار (ئەلقودس لعەرەبییە) بۆچوونەکانی ئەمیری نەیار تەلال بن عەبدولعەزیز بڵاودەکاتەوە، کە باس لە دیموکراسی سعودیا لەسەر لاپەڕەکانی دەکات. تا ئێستا، ڕیسواکردنی هەستیارییەکانی سعودیا بڕیارێکە و بە کەمیش باس نەکراوە، لە کاتێکدا کەناڵەکان و نووسەران پێویستییان بەو وریاییە زۆرە نییە بۆ قسەکردن لە هەستیاری وڵاتە هاوسێکان.

## وەرگرتن یا هەڵمژینی دیاریکراوی تەکنەلۆژیای باڵا

لە کاتێکدا تەکنەلۆژیای مامناوەند زۆر بڵاوە، تەکنەلۆژیای باڵا دووچاری تەگەرەی بەرچاو دەبێتەوە. بە پلەی یەکەم، سیستەمی پەروەردەیی لە هەرێمەکەدا زیاتر جەخت دەکاتە سەر لەبەرکردن نەك شیکردنەوەی پرسیارەکان. لە ئەنجامدا، قوتابییەکانیان بۆ ژینگەیەکی دەوڵەمەند بەزانیاری ئامادە ناکرێن چونکە چالاکی هۆشەکی زۆر گرنگترە لە لەبەرکردنی ڕاستییەکان[٢٢]. خوێندنی تایبەتی لە زۆربەی وڵاتاندا جێگرەوەیەك دابین دەکا، بەڵام زیاتر بۆ چینێکی تایبەت سنوورداربووە.

گرفتی دووەم ئەوەیە کە زۆر وڵاتانی عەرەبی هێواشبوون لە بەرەوپێشبردنی لێهاتوویی تەکنیکی کە بۆ پاڵپشتیکردنی ژێرخانی تەکنەلۆژیایی پێشکەوتووتر پێویستیان پێیەتی. قسەکەران لە هەرێمەکەدا تێبینی ئەوەیان کرد کە زۆر لە کۆمپیوتەرەکان بە مێزی نەخشێنراو هەن، بەڵام بە تۆڕەکانەوە نەبەستراونەتەوە و بەکارهێنەرانیان توانای بەکارهێنانی بەرنامەکانیان نییە. پارێزگاریکردن دیسان کێشەیەکە، هەروەها بنەمایەك نییە بۆ مەشقپێکردنی پێشکەوتووی کەسێتی. لە نەبوونی سیستەمێکی پەروەردەیی کە دەتوانێ دەستەیەکی وا بەرهەمبێنێ، یا داهاتە ئابوورییەکان دەستەیەکی وا بەکاربێنێ، هەوڵەکانی تەکنەلۆژیا دەپوکێنەوە[٢٣].

گرفتی سێیەم، بریتییە لەوەی هەر هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی داهات نزمە. داهات بۆ هەر تاکێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لە هەر تەمەنێکدا، تەنیا ٢,٠٠٠ دۆلارە بۆ ساڵێك، وڵاتە خاوەن دانیشتوانە چڕەکان بە ئاستەم لە نیوەی ئەوە زیاترە. ئیمارات داهاتی ساڵانەی بۆ هەر تاکێك بەرەو ٢٠,٠٠٠ دۆلار بەرزدەکاتەوە، بەڵام سعودیای عەرەبی گەورە تەنها داهاتی ساڵانەی لە ژێر ٧٠,٠٠٠[٢٤] دۆلار دایە بۆ هەر تاکێك. سەرەڕای هاتنە خوارەوەی نرخەکان، زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور لە تەکنەلۆژیا دەوەستن.

دوایین گرفت بریتییە لە خوێندەواری بۆ زمانی ئینگلیزیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە هەمان شێوە بە سنوورداری ماوەتەوە. ئینتەرنێت میدیاییێکە بە ڕادەیەکی زۆر فراوان لەسەر زمانی ئینگلیزی دامەزراوە و ماڵپەڕە عەرەبییەکان ژمارەیان گەلێ کەمە بە بەراورد لەگەڵ زمانی ئینگلیزی[٢٥]. زۆر ئەستەمە کە بتوانی دەقاودەق بزانی پێشکەوتنی زمانی ئینگلیزی تا چ ڕادەیەك سنووردارە، لە بەشێکیدا بەهۆی سەختی پێناسەکردنی ئەوەی نوێنەرایەتی خوێندەواری ئینگلیزی دەکا، و لە بەشێکی تردا چونکە هەڵسەنگاندن و توێژینەوەی باش نییە کە پێکهاتەی فراوانی دانیشتوانی ناوچەکەی لەبەردەستدابێ. لە کاتێکدا کە قوتابخانە توانایەکی سەرەتایی بۆ ناسینەوەی پیتەکانی لاتینی لە مێشکی قوتابیان دەچێنێ. تێبینییە چیرۆکئامێزەکان جەخت لەوە دەکەنەوە تەنها ڕێژەیەکی سەدی کەمی تاکەکان لە ئاستی ئینگلیزی پێشکەوتوو دان کە پێویستە بۆ بەشداریکردنی ئاساییانە لە وتاری چڕوپڕی زماندا[٢٦].

هیچ یەك لەوانە مانای ئەوە نادا کە لە جیهانی عەرەبی کەس ناتوانێ سوود لە پێشکەوتنەکنی تەکنەلۆژیا وەربگرێ. ڕاستییەکەی، بە چەمکێکی موتڵەق، زۆر لە تاکی وا هەن. بە زۆری، ئەوانە لە قوتابخانەی تایبەتیدا خوێندوویانە، زۆریشیان خوێندنی دیکەیان لە دەرەوە وەرگرتووە. زیاترینی ئەوانە لە وڵاتە ساماندارەکانی کەنداو هەن. وەك ڕێژەی سەدی دانیشتوان، ئەو تاکانە، ڕێژەیەکی کەم دەنوێنن، بە تایبەتی لە وڵاتە هەژار و دانیشتوان چڕەکانی وەك میسر، سوریا، و یەمەن[٢٧].

کۆمەڵگای جیهانی عەرەبی، بە تایبەتی لە وڵاتە هەژارەکان، بۆ دوو گروپی سەرەتایی دابەش دەبێت. گروپە یەکەم خاوەن خوێندن، مەشق، لێهاتویی زمان و سەرچاوەی داهاتن بۆ سوود وەرگرتنی تەواو لە شۆڕشی زانیاری. ئەو گروپە بەزۆری لە تەکنەلۆژیا دەگات و تەواو چالاکە، بە تایبەتی لە نێو لاواندا. گەشتیاران بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانن بە ئاسانی جیایانبکەنەوە بەهۆی سێڵ فۆن (مۆبایل)، و ناونیشانی ئیمێڵ لەسەر کارتی بازرگانییەکانیان. سەرەڕای قسەکرنی پاراویان لە زمانی ئینگلیزی، شۆڕشی زانیاری هەل بۆ ئەو گروپە بچووك و دەستەبژێرە دەڕەخسێنێ بۆ سوودوەرگرتن و دەوڵەمەنبوون.

هەرچەندە ئەو گروپە لە هەموو وڵاتێکی عەرەبیدا هەیە، بەڵام بەزۆری کەمینەیەکی جیان. زۆرینەی دانیشتوان لە زۆر وڵاتانی عەرەبیدا لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە شارەزا نین، و ئاستێکی خوێندنی کەمیان هەیە، بۆی هەیە قازانج لە داهێنانەکانی تەکنەلۆژیا نەکەن. تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ بۆی هەیە جێگەی شێوازەکانی بەکارهێنانیان بگرێتەوە. بەڵام تەکنەلۆژیا بە تایبەتی لە ئاستی باڵایدا، بۆی نییە جێگەی شێوازەکانی بەرهەمهێنانیان بگرێتەوە.

لە ئەنجامی ئەو کەلێنە، جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی ـ هەرگیز ئاسان نییە ـ تەنانەت زۆر سەخت دەبێ، بە تایبەتی ئەگەر خوێندنی قوتابخانەی تایبەت دوور لە گەیشتنی زۆربەیان بمێنێتەوە و قوتابخانەی گشتیش بەردەوام لە ڕووی فێرکردنی لێهاتوویییە پێشکەوتووەکاندا لە دواکەوتن دابێ. باشترین کار ئەنجام بدرێ، دەستپێکردن بە تێگەیشتن و هەڵمژینی کارامە تەکنەلۆژییەکان لە زۆر زووەوە لە قۆناغی منداڵیدا، وەرگرتنی پەروەردەیەکی زۆر جیاکراوە، و فێربوونی زمانی بێگانە زووتر و باشتر. ئینجا ئەگەری هەیە لە تەمەنی پێگەیشتندا، کەلێنی نێوان شارەزایی تەکنۆلۆژی و زۆربەی زۆری دانیشتوان نەمێنێ.



## ئەنجامەکان

گۆڕانکارییەکان لە ژینگەی زانیاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجامی فراوانی بۆ کۆمەڵگە هەرێمایەتییەکان، ڕژێمەکان و ویلایەتە یەکگرتووەکان هەیە. بۆی هەیە هیوای جەماوەر بە حکومەتەکانیان زیاد بکا، لە کاتێکدا کۆنترۆڵی ڕژێم بۆ سەر مشتومڕی جەماوەر بەرەو لاوازی دەچێ. بۆ کەڵك وەرگرتن لەو گۆڕانانە، دەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشبینی گۆڕانەکان بکا لە داینامیکییەتی سیاسی هەرێمایەتی و چاو بە تاکتیکەکانی دابخشێنێتەوە بۆ بڕواپێهێنان و کارتێکردنی ڕای جەماوەر.

## سیاسەتی نوێی جەماوەری

گۆڕانی تەکنەلۆژیا کاری نەکردووەتە سەر سەرکردە سیاسییەکان، چونکە سیاسەت دەوەستێتە سەر پەیوەندیە کەسییەکان کە بە ڕژێمەکانەوە بەندە و دەستەبژێری دەسەڵاتیش هەمیشە پشتی ڕژێم دەگرن لە هەر ڕووداوێکدا، ئەو دەستەبژێرانە لە مێژە بە سەرچاوە جێگرەوەکانی زانیاری گەیشتوون. بۆیە حکومەتە عەرەبییەکان هەمیشە بەدواوەی ئەوەن لە ڕێگەی میدیای نوێ زیاتر لەگەڵ خۆیان هاوکاریان بکەن، وەك ئەوەی حکومەتی ئوردنی لە کۆتایی نۆهەتەکاندا لەگەڵ هاتنی ئینتەرنێت نیشانیدا بۆ چاودێریکردنی دیاردەی "لە وەزیر بپرسە" لەسەر تۆڕەکان، دابینکەری خزمەتگوزاری ئینتەرنێت.

بۆ زۆربەی خەڵکی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، گۆڕانە تەکنۆلۆژییەکان واتا ئاوێتەبوون بە دیمەنی جۆراوجۆری فراوانتر کە هەرگیز پێشتر نەیان دیوە. کە خوێندەواری و توانای ناردن بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر فراوانبوو، جەماوەر شەبەنگی دیمەنی فراوانتر و ڕێکنەخراو دەبینێ هەر لە دنیاییەوە تا دەگاتە ئایینی.

یەکێك لە ئاکامەکان بریتییە لە هەڕەمەکی گەورەی سیاسی. لە کاتێکدا سیاسەتی عەرەب بە خۆنیشاندانی ڕێکخراوی هاریکاری، توورەیی، نەهامەتی،

یا خۆشی جیاکراوەتەوە، توانای ڕژێمەکان بۆ ڕێکخستنی خۆنیشاندانێکی وەها لە داهاتوودا زۆر بچووکتر دەبێتەوە. ئەوەی کە ڕێی تێدەچێ ئێمە ببینین، دەربڕینیی دەستەواژەی خۆشی و تووڕەییە. سەرکردەکانی عەرەب ئاگاداری ئەو ڕق و تووڕەییەی جەماوەر نەبوون لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠، کاتێ کە سەتەلایت چەندجارێك پارچە فلیمێکی نیشاندا، تیایدا سەربازانی ئیسرائیلی تەقە لە منداڵێکی فەلەستینی ١٢ ساڵان (محەمەد دوڕە) دەکەن و دەیکوژن. خۆنیشاندەران نەك تەنها لە میسر، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی کەنداوی ئارامیش هاتنە سەر شەقام، دەبووایە حکومەتەکان خێرا بجولێن بۆ هێورکردنەوەی هەست و سۆزی جەماوەر[٢٨]. هەروەها نارەزایی و خۆنیشاندانی بێ وێنە کە پێشتر وێنەی نەبوو بە درێژایی وڵاتانی کەنداو لە ئازاری ٢٠٠٢ وەك کاردانەوەیەك بۆ دووبارە داگیرکردنەوەی چەند بەشێکی کەرتی ڕۆژئاوا سازدرا و بووە مایەی چەند هێرشێك بۆ سەر باڵیۆزخانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

دەرهاویشتەیەکی دیکەی گۆڕانە تەکنەلۆژییەکان ئەوەیە کە شێوازەکانی بەکارهێنان لە نێو جەماوەری عەرەبیدا بۆی هەیە بەرەو بەرهەمەکانی ڕۆژئاوا بڕوات. هاتنە ناوەوە و دزەکردنی میدیا بۆی هەیە بەکارهێنانی کەلوپەلی جۆرە چاکەکان و زیادکردنی داوای ئەو کەلوپەلانەی کە پێشتر بە هۆکاری کەیفخۆشی دانران وەك ئامێری ئەلیکترۆنی و تەندروستی و فریاگوزاری و خواردنی قوتوو، زیاد بکات. بۆی هەیە بواری کات بەسەربردن زیادببێ بە هۆی فراوانبوونی داواکاری بۆ بەرهەمی تۆمارکراو و کەلوپەلی ڕێگە پێدراو (هەروەها کۆپیکردنی ساختەش بۆ هەمووان). ئەم گۆڕانانە بۆیان هەیە هانی کاردانەوە بدەن یان بەلای کەمی داوای براوپێکراوی بکەن. زۆر لە عەرەبەکان لە زووەوە بڕوایان وایە کە شێوازی ژیانیان، بەها و ڕەوشتەکانیان لەژێر ڕاوێژکاری ڕۆژئاوا دایە لە ڕێگەی میدیاکانەوە، بۆی هەیە ئەوانیش هەمان ئەو مدیایانە بەکاربێنن تا فشار بخەنە سەر بارودۆخەکەیان بۆ ئەو شتانەی بە "بەها نەریتییەکان" ناوی دەبەن.



لە ڕاستیدا، خەڵاتی گەورە دەدرێ بەوانەی لە دەیەی ڕابردوو کە دەستپێشخەری، داهێنان و شتی نوێ بۆ کۆنترۆڵکردنی گفتوگۆی خەڵك بەکاردێنن. کاتێ کە بۆچوون و بیری خەڵك بە رادەیەکی فراوان لە چنگی دەوڵەت گووم دەبێ، ئەوانەی کە دەتوانن خۆڕێکبخەن و ببزوێن، ژینگەیەکی زۆر کراوەتر دەبینن وەك لە هەر کاتێکی دیکەی رابردوو. شۆڕشی زانیاری بواری نوێ بۆ تاك و گروپەکان دەڕەخسێنێ لەگەڵ هەستێکی باش بۆ باری دەروونی جەماوەر بۆ نیشاندانی ئەو پرسانە و هاندانی ئەجێندا سیاسییەکان سەربەخۆ لە ئارەزووەکانی حکومەت. گروپە ئیسلامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێو هاوچەرخترین ڕێکخراوە سیاسییەکاندان، لە هەردوو بواری تەکنیکی ڕێکخستن و شارەزایی و ئەزموونی ستراتیژییەتی پەیوەندیکردنیان. دوو لە بە جەماوەرترین پیاوی ئایینی لە جیهانی موسڵمانان، شیخ یوسف قەرزاوی و ئەمەی ئەودواییە شێخ موحەمەد شاراوی، ناوبانگی خۆیان لە ڕێگەی ڕۆشنبیری و زانستی وشکەوە بەدەست نەهێنا، بەڵکو لە ڕێگەی کەسایەتییە بەهێزەکانیان لە تەلەفزیۆنەوە. لە میسر، بە جەماوەرترین کەسایەتی ئایینی، عەمر خالید، ئەزموونی ئایینی کەمی هەیە، بەڵام خەڵکێکی زۆری کۆکردووەتەوە بەهۆی هاندانی بینەران کە بۆ دەروونی خۆیان هەستیار بن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا.

## دژوارییەکان بۆ حکومەتە هەرێمایەتییەکان

گرنگترین ئاکامی شۆڕشی زانیاری بۆ حکومەتە عەرەبەکان ئەوەیە کە لە بواری گشتیدا هەندێ سوودی نەریتییان لا دەدات. لە کاتێکدا حکومەتەکان لە زۆربەی وڵاتەکاندا بە تەواوی وەك هێزێکی باڵا دەست دەمێننەوە، بەڵام شۆڕشی زانیاری ڕێگە بە بەرهەڵستی نوێ دەدا بۆ سالاری حکومەت و تەنانەت بوارێکی فراوانتری چالاکیی لە چنگی کۆنترۆڵی حکومەت و کارتێکردنی و تەنانەت زانیاریش، ئازاد دەکات. حکومەتەکان ئەو تاکڕەوییەیان لەدەستداوە کە پێشتر

بەسەر جۆری دیاریکراوی زانیاری هەیانبوو، لە ئەنجامدا، توانایان بۆ ئاراستەکردنی سیاسەت کەمترە. هەریەك لە ئامرازە تەقلیدییەکانی وەزارەتەکانی زانیاری حکومەت، چاودێریکردن، و پروپاگەندە، تووشی پوکانەوە دێن، پێویستە حکومەتەکان ستراتیژیەت و ئامرازی نوێ دابهێنن بۆ ئەوەی بەرگەی ژینگەی نوێ بگرن.

دەرەنجامێکی دیکەی گۆڕانی تەکنۆلۆژی ئەوەیە کە پەناهەندەکان دەتوانن ڕۆڵی زۆر کاریگەرتر لە چاو ڕابردوو لە سیاسەتی نێوخۆییدا ببینن. کاتێ کە پشتیوانانی ئایەتوڵڵا خومەینی توانیان پەیامەکەی لە حەفتاکان بە هۆی کاسێتی ریکۆردەرەوە بهێننە ئێرانەوە، سەرکردە پەناهەندەکان پەیوەندییان بە شەقامە قەرەباڵغەکان کرد بۆ کارپێکردنی سیاسەت لە نیشتمانەکەیان بۆ ئەوەی ئەوکارە لە کاتی ڕاستەقینە ئەنجام بدەن. هەروەك بەرهەڵستکارە ئێرانییەکان کاسێتی دەنگییان بەکارهێنا، چالاکەکانی سیاسی ئیمڕۆ فاکس و سەتەلایت و ڤیدیۆ کاسێت و فۆتۆکۆپییان لەبەر دەستدایە.

لەندەن وەك مەڵبەندێکی بزوتنەوە بەرهەڵستکارەکانی حکومەتە هەرێمایەتییەکان دەرکەوتووە. ژینگەیەکی لێبوردەی سیاسی، ژێرخانی باش، هەلی مەشقکردنی تەکنیکی، گەیشتن بە ئاژانسەکانی هەواڵی ڕۆژئاوایی، و کرداری بەرچاو لەلایەن هەموو کەناڵەکانی هەواڵی هەرێمایەتی دابین دەکات. ڕێکخراوەکان گەلێ جۆراوجۆرن، وەك بزووتنەوەی ئازادیخوازی بەحرێن، لیژنەی بەرگریکردنی مافە یاساییەکانی سعودیای عەرەبی، کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی، لێبوردنی نیشتمانی و دەزگای ئەلخۆی، لەندەنیان وەك نیشتمانێك دۆزیوەتەوە کە ڕێگەیان دەدات چاودێری ڕۆژانەی پێشکەوتنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن و زۆرجاریش کاریگەری بخەنە سەریان.

بۆیە دەبێ حکومەتەکان زیاتر کار بۆ ڕازیبوونی جەماوەر بکەن. لە کاتێکدا ئەوان هەمیشە بە توانا بوون بۆ متمانەی تەواویان بە کۆنترۆڵکردنی بۆشایی



سیاسی لە وڵاتێکدا هەبوو، ئێستا لە زۆر بواردا ڕووبەڕووی پێشبڕکێ دەبنەوە و ناچار دەبن لە ژێر فشاردا نەرم بن، چونکە کەمتر دەتوانن کۆنترۆڵی هەستی جەماوەر بکەن و بەرپرسیارانەتر ڕەفتار دەکەن. مانای ئەوە نییە کە دیموکراسییەکانی هەڵبژاردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی تەکنەلۆژیاوە گەشە دەکا. لە ڕاستیدا، حکومەتەکانی هەندێ وڵاتی هەژار لەوانەیە لە هەندێ باردا زۆر ستەمکارتربن، بەتایبەتی بەرامبەر بەوانەی توندوتیژی بۆ گۆڕینی ڕژێمی حوکم بەکاردێنن. بەڵام دەوڵەتەکان زۆر بە وریایی جەنگ لەگەڵ بۆچوونی جەماوەر هەڵدەبژێرن، لە هەوڵدان کاریگەری (خوارەوە بۆ ژوور ـ جەماوەر بۆ دەسەڵات) تێکەڵ بکەن کە لەوانەیە فشارەکانی خوارەوە (جەماوەر) بۆ تێکدانی سیستەمی سیاسی لە بەین بەرێ.

نموونەیەکی ئەوە بریتیبوو لە خۆبەدەستەوەدانی ڕێژەیی حکومەتی میسری لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەوڵەکانی پیاوانی ئایینی بۆ بە ئیسلامکردنی کۆمەڵگەی میسری و پشتگیریکردنی بۆچوونە نەیارەکان. کاتێ کە قوتابیانی ئایینی لە بەهاری ٢٠٠٠ نارەزاییان دژ بە دووبارە چاپکردنەوەی ڕۆمانێك لە لایەن حکومەتەوە نیشاندا کە هەندێك بە کفرییان لە قەڵەمدا ، حکومەت لە حاڵەتی یەکەمدا ڕاپەڕینەکەی وەك بیانوویەك بۆ سەرکوتکردنی لاینگرانی پارتی کاری ئیسلامی قۆستەوە، بەڵام دواتر بەرپرسە ڕێپێدراوەکانی دەرکرد کە دووبارە ڕۆمانەکەیان چاپکردبووەوە(٢٩). نیشانەکان تەواو ئاشکران، کاتێ پلانی کردارە سیاسییەکان دادەڕێژن دەچێتەوە دواوەی ڕەفتاری پەسەندکراو، بێگومان ئەمەش نەبوونی بەرپرسیاییەتی دەسەلمێنێ.

لە کۆتاییدا، حکومەتەکان بەهۆی بەرزبوونەوەی فشار کاریان تێدەکرێ بۆ گەیاندنی کەلوپەلی ئابووری بە جەماوەرێکی فراوان، دیتنی میدیای جیهانی، سەرەڕای ئەو پروپاگەندانەی کە تێیدا بەردەوام دەبێ، زۆربەی وڵاتە عەرەبەکان سەرنجکێش دەکا کە داوای ئاستی بژێوی باشتر بکەن لە چاو پێشوو. وەك

سەتەلایت وڤیدیۆ کاسێت نمونەی بەهێزن بۆ ژیانێکی فەراهەم بە ئامێر و کەلوپەل، عەرەبەکان گلەیی فراوان لە حکومەتەکانیان دەکەن ئەگەر جیهان دەوڵەمەندتر بێ و عەرەبیش بە پێچەوانەوە بگوزەرێ.

لە ئاستێکی درێژخایەنتر، گۆڕانی تەکنەلۆژیا بۆی نییە فشار بخاتە سەر شێوازەکانی فەرمانڕەوایی عەرەب بۆ ئاوەدانکرنەوەیەکی فراوانتر. ڕژێمی سەرکوتکار پێشتر بۆ ماوەی چەند دەیەیەك لە ناوچەکەدا باڵادەست بووە، پێدەچێ هاوسەنگی خۆی ڕابگرێ و وەکخۆی بۆماوەی ساڵانی داهاتووش بمێنێتەوە. لە ڕاستیدا، ئەوبۆچوونەی کە پێی وایە گرۆتینی خێرای تەکنەلۆژیا سەرکوتکاری ڕادەماڵێ، تێگەیشتنێکی هەڵەی سەرکوتکارییانەیە وەك پرۆسەیەکی سادەی (سەرەوە بۆ خوارەوە ـ دەسەڵات بۆ جەماوەر) لەلایەن حکومەتەوە بۆسەر هاوڵاتیانی پیادە دەکرێ.

بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، وڵاتەکان زۆر لەو ئامرازانەیان لەدەستداوە کە لە ڕابردوودا یارمەتیدەریان بوو بۆ دەستبەسەراگرتنی ڕای گشتی، بۆیە جەماوەرەکانیان پشکدار دەکەن یا دەیانخەنە ڕیزی خۆیانەوە. وڵاتان تا ئێستاش لەگۆڕەپانی گشتیدا زۆرینەی زۆری دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن، بەڵام توانایان بە بەراورد لەگەڵ هەر کاتێکی دیکەی سەدەی ڕابردوودا زۆر کەمترە بۆ دیاریکردنی ئەوەی لە گۆڕەپانەکە ڕوودەدا. لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو جۆرەی نوێیەی دژوارییە، حکومەتەکانی کەنداو شوێنێکی تاڕادەیەك باشتریان هەیە لە چاو ئەو وڵاتانەی لە ڕۆژهەڵات یا باکووری ئەفریقیان. بە گشتی ئەوان زیاتر جەختیان لە هاریکارکردن کردووەتەوە نەك سەرکوتکردن و سەرمایەی بێ ئەندازەیان هەیە بۆ پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە. هەروەها، بەهۆی کەمی دانیشتوانیان، درکیان بەوە کردووە کە ئاسانترە هاوڵاتیانیان پەروەردە بکەن، توانایان بۆ هێنانی کرێکار بۆ کارە نزمەکان ڕێگر بووە لەبەردەم زیادبوونی چینی نزم. بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە وڵاتانی کەنداو دوور لەو کێشانە ڕێگەی خۆیان گەشە پێبدەن، بە بەکارهێنانی



دەسەڵاتی بڵاوەبووی دەوڵەت بۆ پاراستنی خەڵکی وەدەستهێنراو لە سیستەمەکەدا، بۆ چاککردن و بەرەوپێشبردنی بەردەوامی سەرمایەی مرۆڤ لە نێو سنوورەکانیان.

لە کۆتاییەکەی تری پێکهاتەکە، وڵاتە هەژارەکان و دانیشتوان چڕەکان ڕووبەڕووی دژواری نوێ دەبنەوە. ئەوانە توانای هاوکارکردنی هاوڵاتیانیان نییە لە ڕێگەی پارەوە، و کۆنترۆڵیش بەسەر ژینگەی ڕاگەیاندن و میدیا ناکەن، هەندێ ڕژێم بەوە کاردانەوەیان دەبێ، هەندێ بۆشایی بۆ دەنگە بەرزەکان دەهێڵنەوە کە ڕاستەوخۆ ڕژێمەکانیان ناخاتە مەترسییەوە. ئەو جۆرە جولانەوەیە بۆی هەیە مشتومڕ و دەنگەدەنگ لە نێوان ئیسلامییەکان و عیلمانییەکان بنێتەوە، بۆ نموونە، لە کاتێکدا هێشتا گۆڕانە دیموکراتییەکان بەدوور دەگرێ. سەربای ئەوەش، ئەو ڕژێمانەی کە پشتیان بە داپڵۆسینی میانڕەو بەستووە لە ڕابردوودا بۆی هەیە ناچار بن سەرکوتکاری زیاتر بەکار بێنن و بە خێراییەکی زۆر و بە توندی دژی ئەو گروپانە کاربکەن کە لەوانەیە مەترسی بخەنە سەر باڵادەستییان . لەو سیناریۆیەدا، بۆی هەیە ڕژێمەکان کارلێك لەگەڵ کەمبوونەوەی کۆنترۆڵکردنیان بۆ سەر جەماوەر بکەن بە پەیڕەوکردنی کرداری توندوتیژ دژی گروپ و تاکەکان کە جێگرەوە بۆ باری ئێستایان پێشکەش دەکەن.

## دەرەنجامەکان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان

گرنگترین دەرەنجامی شۆڕشی تەکنەلۆژیا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە ئەو وڵاتە دەبێ زۆر وریاتر لە جیهانی عەرەبدا چاودێری پێشکەوتنەکان بکا لەسەر ئاستی تەکنەلۆژیای مامناوەند. هەوڵە ڕوونکردنەوەییەکانی حکومەت ئێستا تیشك دەخاتە سەر دەزگای پەخشە نیشتمانییەکان و ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامە نوێکان کە لە نێو وڵاتدا جەماوەری کەمیان هەیە. مەرجە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بیرێکی باشی هەبێ بۆ ئەو شتانەی "لەسەر شەقام" ڕوودەدات

چالاکانە بە دەستیان بێنێ و بیانگوازێتەوە بۆ بڵاوکراوە و نامیلکەکان، تێبگات کە چی لە دوکانەکانی ڤیدیۆ بە کرێ وەردەگیرێت، و لە نزیکەوە چاودێری بکات کە ملیۆنەها خەڵک لە سەتەلایت سەیری چی دەکەین.

زەرورەتێکی دیکە ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ئاگا بێت بۆ ئەگەری ئەو نوێنەرە سیاسییە نوێیانەی سەرهەڵدەدەن، بە تایبەتی لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدارانی ئێستا کە زۆر لە بەرپرسەکان لە خوولانەوەدان. ئەوانەی دەستەبژێر نین بۆیان هەیە تەکنەلۆژیا بەکاربێنن بۆ بڵاوکردنەوەی جۆری پەیامە نوێیەکان بۆ جەماوەری نوێ. لە ڕاستیدا، لەوانەیە پێشبینی ئەزموونێکی جۆری نزیکی داروینی لە سەر ئاستی جەماوەری بکرێ، کاتێ ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەری گروپەکان پەنا دەبەنە بەر هەر جۆرێکی ستراتیژییەت بۆ ئەوەی بزانن کامیان سوودی هەیە.

هەروەها سیاسەت بە ڕادەیەکی زۆر دەبێتە جیهانی، بەشێکی لەبەر بەشداریکردنی پەناهەندەکان لە سیاسەتی نێوخۆیی و بەشێکیش لە ڕێگەی زیادبوونی بزووتنەوە سنوور بڕە بنیاتنراوەکان لەسەر بنەمای ئایینی، نەژادخوازی و هۆکارەکانی دیکە. ئەمانە هەموو هەواڵی ناخۆش نین. گەلێ عەرەبی پەناهەندەی ڕۆژئاوا پاڵپشتی بەهێزی پرۆسەی بە ئازادبوون و فرەیی لە کۆمەڵگاکانی نیشتمانی خۆیان. هەندێکی دیکە، بە دڵنیاییەوە، سوود لە ئازادی ڕۆژئاوا وەردەگرن بۆ هاندان بەرەو کۆمەڵگەی کەمتر ئازاد کاتێ دەگەڕێنەوە.

بۆی هەیە هەندێ حکومەتی هاوپەیمان لە ژینگەی سیاسی نوێدا ڕووبەڕووی سەختیی نامۆ ببنەوە، و بۆی هەیە ناسەقامگیری زیاد ببێ. سەرکردەکان لە زۆربەی وڵاتانی عەرەب بۆماوەی چەند دەیەیەک لەسەر دەسەڵات بوون، و تێکەڵبوونی ماوەی فەرمانڕەوایی، خۆ بەزل زانین، تەمەن، و بێ بایەخی بۆی هەیە ئەو ڕژێمانە سەرسام بکا بەرامبەر ئەو پێشکەوتنانەی ڕوودەدەن. لە



کاتێکدا هەندێ لە سەرکردە نوێکان وەک شا محەمەد لە مەغریب و شا عەبدوڵڵا لە ئوردن، تێگەیشتنێکی بەگڕوتینیان نیشانداوە کە چۆن بە ڕێگەی نوێ میدیا بەکاربێنن، زۆر لە هاوشانە کۆنەکانیان لە ژینگەی نوێدا لێهاتوویی کەمتریان نیشانداوە. وەزارەتی ڕاگەیاندنی میسر هێشتا عەودالی دەستبەسەرداگرتنی بۆشایی جەماوەرییە بەشێکی بەهۆی گەورەیی قەبارەی و بەشێکیش لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی ئامرازەکان بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیا، بەڵام لە وتووێژە فەرمییەکاندا لەگەڵ میسرییەکان پێشنیاری ئەوە دەکا کە هەموو ڕۆژێ جەماوەری زیاتر و زیاتر لەدەست دەدا.

نوێکردنەوەی "پرۆگرامی دەنگی ئەمەریکا" بۆ "ڕادیۆی سەوا" ئەزموونێکی نوێیە، ئەنجامی ئەوە زۆر زووە کە حوکمی لەسەر بدرێ. پرۆگرامی ڕادیۆی سەوا کە بریتییە لە ئاراستەکردنی مۆسیقا، پێدەچێ گوێگرێکی زۆری لە نێو خەڵکی لاو بەدەستهێنابێ کە ئاگاداری کەلتوور و مۆسیقای ڕۆژئاوان. تا ئێستا ڕادیۆی سەوا، گواستنەوەی هەواڵەکانی سنووردارکردووە بە بڵاوکردنەوەی ڕاستەوخۆی هەواڵەکان بۆ چەند خولەکێکی کەم لە هەر سەعاتێکدا. زۆر زووە کە بگوترێ ئایا ئەو دەزگای پەخشانە بڕواپێکراون، یا کە هانی دەزگای دیکە دەدەن بۆ بەرپرسیارییەتی ڕۆژنامەوانی گەورەتر. لە هەمانکاتدا، پرسیار بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە ئایا سەوا بەو شێوەیە هەر ڕادیۆیێکی جەماوەری دەمێنێتەوە ئەگەر هەواڵەکانی فراوان بکا زیاتر لەو بوارەی کە ئێستا هەیەتی.

پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان دان بە سنوورەکانی هەڵمژینی تەکنەلۆژیا دابنێ. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ئاست فراوان بۆی هەیە بە نزمی لە نێو هاوڵاتیانی عەرەبیدا بمێنێتەوە. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرگری کردارەکان بکا بە پشت بەستن بە هاوشانەکانی لەگەڵ ئاستی باڵای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، بۆیان هەیە دووچاری کێشەی بەردەوام ببنەوە. هەرچەندە بە دڵنیاییەوە توانای

دارایی ئەندازیارانی ڕاهێنراوی باش و تایبەتمەندانی تەکنیکی فەراهەم دەبێ، بەڵام ئەو لێهاتوویییانە لەوە ناچێ لە ئایندەیەکی نزیکدا بە فراوانی لە نێو جەماوەری گشتی بڵاوبنەوە.

سەرکردە و فەرمانڕەوا سیاسییەکانی هەرێمەکە کە لە هەوڵی وەدەستهێنانی پەیوەندی نزیکن لەگەڵ واشنتۆن، پێیان وایە ئازادی ڕۆژنامەوانی دەبێتە هۆی دروستبوونی جەماوەری دوژمندار کە ئێستا بە توندی دەوریان داون. گەشەکردنی تەکنەلۆژیای ئاست مامناوەندی بۆی هەیە هاوڕێ لەگەڵ بەرزبوونەوەی وتاری دژە ئەمەریکایی لە هەرێمەکەدا ڕێبکات، بە تایبەتی ئەگەر ململانێ هەنووکەییەکانی عەرەب ـ ئیسرائیلی و بەردەوامبوونی داگیرکاری عیراق بەردەوام بێ. ئەوەشیان بەشێکی بەهۆی هێزە بەرهەڵستکارەکانە کە هەوڵدەدەن حکومەتەکان وەك ماستاوچی ئەمەریکییەکان بنەخشێنن و پشتگیری لەدەوری دروشمە نیشتمانییەکان کۆدەکەنەوە کە دەستێوەردانی بێگانە ڕەتدەکاتەوە. هەروەها بەهۆی داواکانیان بۆ ڕەسەنایەتی، کەلتووری کاریگەری کەلتووری ڕۆژئاوا ڕەتدەکەنەوە. ئەگەری زۆری هەیە حکومەتەکان چاودێری نارەزاییەکانی هەستی دژە ئەمەریکایی نەکەن، بەشێکی ئەنجامدانی ئەم کارە ناکاریگەر دەبێ و زیاتر هەستەکان دەبزوێنێ.

هەروەها زۆر سەختتر دەبێ بۆ حکومەتە هەرێمایەتییەکان خۆیان بە هاوکاری تاکتیکی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرقاڵ بکەن. زیادبوونی تەوژمی زانیاری دەبێتە هۆی ڕێکخستنی بنەما دانان و بەکارهێنان، هەروەها پاراستنی نهێنی و کەمی بڵاوبوونەوەی لە لایەن جەماوەری هەرێمایەتی وەك جاران نامێنێتەوە. بۆیە بوونی بنکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ماوەیەکی زۆر بەڵام بە شێوەیەکی نادیار و دابینکردنی ئاسایش تەنها بە ناوەرۆك بۆ وڵاتانی کەنداو، بۆی هەیە لە ئەنجامی تووڕەیی و هەڵچوونی زۆری نێوخۆییەوە بێت. بە پاڵپشتی



نهێنی بۆ پرۆسەی ئاشتی یان ناجەماوەری، دەستپێشخەرییەکانی ولایەتە یەکگرتووەکان سەختتر دابین دەبێ.

کاردانەوەی جەماوەر بۆ هێرشەکەی ئەمەریکا بۆ سەر تالیبان، هەروەها کرداری بەرگری پشتێنەی ئارامی ئیسرائیلی لە زۆر بواردا بنیاتنەرە. لە باری یەکەمدا، کاتێ وێنەی ئاهەنگێڕانی ئەفغانییەکان لە هەوادا بڵاو کرایەوە تووڕەیی عەرەب کۆنترۆڵکرا، و بە ڕادەیەکی بەرچاو پەرتەوازە بوو. هێورکردنەوەی کاردانەوەی جەماوەری عەرەبی ماوەیەکی کورتی دوژمنداریتیبوو. ئەمەش لەبەر چەند ڕاستییەك بوو، چونکە جەنگەکە زیاتر لە لایەن جەنگاوەرانی ئەفغانستانەوە بەڕێوەچوو نەك ئەمەریکییەکان، ئەفغانستان وڵاتێکی عەرەبی نەبوو، و تێگەیشتنێك هەبوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان هێرشی کراوەتە سەر و نزیکەی ٣,٠٠٠ هاوڵاتی مەدەنی لەدەستدابوو. بە پێچەوانەوە، هێرشی ئیسرائیلی بۆ سەر کەرتی ڕۆژئاوا لە ئاداری ٢٠٠٢، بە شێوەی نێگەتیڤانەی چڕوپڕ بۆ جەماوەر دەگوازرایەوە. وەستان لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمە ئەمەریکییەکان خێرا پشتگیری جەماوەری بەدەستهێنا لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامە، فۆتۆکۆپی، و ئینتەرنێت، بە تایبەتی لە نێو ئەو نوێنەرە سیاسییە نا عورفییانەی وك ژنان و منداڵان. هەرچەندە ئەنجامەکانی ئەو پچڕاندنە بۆی هەیە جێی خۆی گرتبێ، هۆشداری بە سیاسەتبوونی فراوانتری جەماوەر دەدات کە بۆی هەیە جۆرێکی نوێی گرفت بخولقێنێ ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بکەوێتە نێو ئەو دوژمنداریەوە. لەوانەیە هەردوولا گرنگبن، متمانە بە نەیارێکی عەرەب بکەین و پشتی پێ ببەستین بۆ داواکردنی پشتگیری جەماوەری عەرەبی.

لە نەبوونی یا بوونی دوژمنداریتی جیهانی عەرەبی، دەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستڕۆیشتوویی خۆی بۆ سەر میدیاکانی عەرەبی زیاد بکا. کادیرێکی باش ڕاهێنراوی ئەمەریکییەکان کە دەتوانێ سیاسەت و

هەڵسەنگاندنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕوون بکاتەوە، ناتوانێ ئەو سەختییە چاوەڕوانکراوەی نائارامی جەماوەر دوور بخاتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانن یارمەتی حکومەتە هاوپەیمانەکان بدەن بۆ ئازادی زۆر زیاتری کردارەکان لەگەڵ جەماوەرەکانی خۆیان. هەرچەندە سەتەلایت بینەرێکی زۆر ڕادەکێشێ لە سەرانسەری ناوچەکە، تەنها یەك بەرپرسی ویلایەتە یەکگرتووەکان حەزی دەکرد لە سەتەلایتەکانی عەرەب دەربکەوێ و بە عەرەبی قسە بکا، بۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان. کرداری سەربازی لە عیراق وێنەی زۆر نزیکی جەنگی بەرهەمهێنا لەوەی کە ئێمە هەندێ جار بینیبوومان. وێنەکانی ئەوانەی لە نێو سەربازەکانی هاوپەیمانان نقووم بوون، لەگەڵ وێنەی تۆڕەکانی عەرەب یەکیان گرت، بیرێکی لە هەر لایەکەوە بە بینەر بەخشی کە چۆن لایەکەی تری جەنگەکە دەگوازێتەوە. تا ئێستا، ئەمە چیرۆکێك بوو لە وێنەکانەوە هاتبوو، وێنەکانیش لە هەر لایەکەوە تەواو جیاوازن. لە بارەکانی ململانێدا وەك ئەوە، ڕوون نییە کە چۆن ویلایەتە یەکگرتووەکان باشتر کاربکاتە سەر وێنەکان و چیرۆکەکانی بینەرانی عەرەبی سەیری دەکەن.

لەو ساتانەی ئارامی زیاتر هەیە، بەڕێوەبردنی کاردانەوەکانی عەرەب وەك بیرێکی دواکەوتوو بۆ زۆربەی ئەوانەی لە واشنتۆنن دەمێنێتەوە، بەشێکی لەبەر دڵنیا نەبوون کە چۆن و کەی بۆچوونی جەماوەری عەرەبی گرنگ دەبێ. دابەزینی بودجە لە ساڵانی نۆهەتەکان زۆر لە پرۆگرامە دیبلۆماسیەکانی ئەمەریکای بەرەو گۆڕانی جەختکردنیان لە سەر جەماوەرێکی کەمتر برد، لە بری ئەوەی زیاتر پێ لەسەر پێویستی گۆڕینی جەماوەری دەستەبژێر بۆ جەماوەری گشتی دابگرێ، دیپلۆماسیەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستی بەوە هەیە جەماوەرەکان جیابکاتەوە و بڕیار بدا کە چی لە هەریەکەیان دەوێت. لە هەندێ باردا، بۆی هەیە ئامانجەکە بڕوا پێهێنەر بێ، و لە هەندێکی دیکەدا تەنها بۆ کپکردنی ڕەخنەیە. لەبری گومانبردنی تاکە دەرەنجامێك یا پێشکەوتنێك بۆ هەر



بارودۆخێك، دەزگا و کۆمەڵەکان پێویستە بەو ڕێیانە دابچنەوە کە ڕای جەماوەر دەتوانێ دایبڕێژێ یا کرداری حکومەتی خانەخوێ سنوورداربکا. پرۆسەکە بریتیی نیە لە پرۆسەیەکی ڕاشکاو و ڕاستەڕێ، بەڵکو پرۆسەیەکە پێویستە ئەفسەرە سەربازی و ئامۆژگارە سەربازییەکان لەگەڵ ئەفسەرە دبلۆماسییە جەماوەرییەکان لە یەکەم باردا ئاشتبکاتەوە بۆ پێناسەکردنی ئامانجەکان و وەڵامی ئەنجامەکانی پرۆسەی سیاسەت بداتەوە. هەر هەوڵێك بڕوای وابێ کە جەماوەر پشتگوێبخا ڕەشبینە کە سەرکەوێ.

ئێمە لە خاڵێکی بەیەکگەیشتنی سەرنجڕاکێشی مێژووی عەرەبداین. نەتەوەکان و دانیشتوانەکان بە جیاکراوەیی دەمێننەوە، بەڵام تەوژمی زانیاری سنوورەکان دەبڕێ کە هەرگیز لە ڕابردوو ڕووینەداوە. زیاتر لە هەرکات، جەماوەر خۆیان بڕیاردەدەن کە چی دەبینن و دەبیستن. ئێمە ناتوانین کۆنترۆڵی ئەوە بکەن کە بیری لێ دەکەنەوە، بەڵام دەتوانین پێشبڕکێ بۆ نیازەکانیان سازبکەین، هەر واش دەکەین.

## پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم

١ ـ زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی تەکنۆلۆژی و گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان زیاتر تیشك دەخەنە سەر وڵاتە سامانداراەکان، یا پێشنیار دەکەن کە تەکنەلۆژیا وڵاتە هەژارەکان ناچار دەکا کە ڕێڕەوی وڵاتە خاوەن سامانەکان بگرن. دەربڕینی تەقلیدییانەی ئەمە لەم ناونیشانەدا هەیە:

Thomas L. Friedman, the Lexus and the Olive Tree, New York: Farrar, Strauss and Giroux, ١٩٩٩.

دیدێکی تاڕادەیەك زووتر دەربارەی ڕۆڵی دەسەڵاتی کۆمپیوتەری و ئینتەرنێت لە ژیانی ڕۆژانە لەم سەرچاوەیەدا دەبینرێ:
Nicholas Negroponte, Being Digital, New York: Knopf, ١٩٩٥.
دیدێکی گشتگیر لەم سەرچاوەی خوارەوەدا، خۆی دەبینێتەوە:
Manuel Castells, The Rise of the Networked Society, ٢d ed., Oxford: Blackwell, ٢٠٠٠.
کۆمەڵە و تارێك کە بە تایبەتی ئاماژە بە میدیا لە جیهانی پێشکەوتوو دەکات بریتییە لە:
S. Etheredge (ed.), Politics in Wired Nations: Selected Writings of Ithiel de Sola Pool, New Brunswick, N.J.: Transaction, ١٩٩٨.

٢ ـ وەك هەموو داتا جەماوەرییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەختەکە لەم ژمارانە دڵنیا بیت. کێشەکە چەند بەشێکی هەیە: چاودێری درێژخایەنی دەوڵەت بۆ میدیا، نەبوونی داوای پروپاگەندەکاران بۆ زانیاری ورد، گومانی کۆمەڵایەتی بۆ وەرگرتنی بۆچوون و ڕاکان، هەژاری داتاکانی تایبەت بە دانیشتوان کە پێویستن بۆ ڕاپرسی ورد، بە تایبەتی داتای لاواز لە وڵاتە هەژارەکان و دانیشتوان چڕەکان لە هەرێمەکەدا، و نەبوونی کادیری باش ڕاهێنراو بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسییەکان. دوور لە پرسیاری ژمارەی ڕێکنەخراوی جەماوەر، خەسڵەتەکانی جەماوەر زۆر بە لاوازی تێیگەیشتوون. گەورەترین کەلێنی زانیارییەکان بۆ داتا جەماوەرییەکان لەمەی خوارەوەدا کورتکراوەتەوە:
Jon B. Alterman, “Counting Nodes and Counting Noses:
تێگەیشتنی میدیای نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەمەدا دەست دەکەوێ:
” Middle East Journal, Vol. ٥٤, No. ٣, summer ٢٠٠٠, pp. ٣٥٥–٣٦١.

٣ـ چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکان، لەندەن، ٣ ی تەمووزی ٢٠٠٢، واشنتۆن، ٢٠ ی تەمووزی ٢٠٠٢، هی دیکە.

٤ ـ چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ سەرنووسەرە عەرەبەکان لە لوبنان، ئاداری ١٩٩٨.
٥- Jon Alderman, New Media, New Politics: From Satellite Television to the Internet in the Arab World, Washington, D.C.: Washington Institute for Near East Policy, ١٩٩٨, p. ١٠.

٦ ـ لە کاتێکدا کە سەرچاوە و بڕی یارمەتییە داراییەکان بۆ ڕۆژنامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نادیارە، بەڵاو بوونیان ئاشکرایە. زۆر لە ڕۆژنامەکان بە کەمی پڕوپاگەندە دەکەن یا هەر نییانە. بە گوێرەی سەرچاوەیەك، "سەربەخۆیی" لە کاری ڕۆژنامەی عەرەبیدا واتا چەندین سەرچاوەی دارایی هەبێ، بۆیە یەکێك پێویستی پێنییە تەواو سەربەخۆ بێت لە هیچ سەرچاوەیەك. چاوپێکەوتنی نووسەر لە بەیروت، ئایاری ٢٠٠١.

٧ ـ بۆ نموونە، بڕوانە:
Abdelwahab El-Effendi, “Eclipse of Reason: The Media in the Muslim World,”

لەم ماڵپەڕەی خوارەوە دەتوانی سەیری بکەی:
http://msanews.mynet.net/Scholars/Affendi/media.html.

٨ـ وەك دەنگ بڵاوبووەوە کە شا فەهد بەخۆی هەندێ جار داوای بەرنامەی دیاریکراوی کردووە، هەندێك وەك نوکتە دەڵێن بە ڕاستی (MBC) وەك "سەنتەری پەخشکردنی من" وایە.

٩ ـ بڕوانە: Alderman, ١٩٩٨, pp. ٢٧–٢٨.
١٠- Fouad Ajami, “What the Muslim World Is Watching,” New York Times Magazine, November ١٨, ٢٠٠١.

١١ـ هەرچەندە ئەلجەزیرە هەڵایەکی گەورەی نایەوە و میدیالیای بۆ گواستنەوەی هەواڵەکان بردەوە، بینەران بە ئاشکرا بەدوای شتێکی دیکە دادەگەڕێن لە بەرنامەکانیان. بە جەماوەرترین بەرنامە لە جیهانی عەرەبی ئەمڕۆ بریتییە لە بەرنامەی (کێ ملیۆنێك دەباتەوە) کە لە تەلەفزیۆنی (mbc) پێشکەشدەکرێ، لە دەرەوەی ستۆدیۆکانی خۆی کە لە لەندەنە پێشکەش دەکرێ. بەرنامەکە میوانی عەرەبی هەیە، پێشبڕکێکاران عەرەبن، و پرسیارەکان دەربارەی کەلتوور و مێژووی عەرەبن. پێدەچێ لە هەمانکاتدا بەرنامەی سەرەکی مشتومڕئامێز "ئاراستەی پێچەوانە" لە تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە وەك ئەوبێ.



١٢ـ ئەم گۆڕانە نوێیەی ئەم دواییە بەرەو پەخشکردنی ژمارەیی (دیجیتاڵ) بۆی هەیە نرخی سەیر کردن زیاد بکات و لە هەمانکاتدا نرخی پەخشکردن بهێنێتە خوارەوە، چونکە نیشانە ژمارەییەکان پێویستییان بە بۆکسی شیکردنەوەی هێماکان هەیە بۆ وەرگرتنی نیشانەکان، هەرچەندە دانەی ساختەش وایکردووە کە نرخی هەرزانتر بێت.

١٣ـ هەموو گفتوگۆیەك کە لەگەڵ هەر یەکێك ئەنجامم دابێت کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەی میدیاوە هەبێ، جەخت لەو خاڵە دەکەنەوە.

١٤ـ چاوپێکەوتنی نووسەر لە ئەبو زەبی، شوباتی ٢٠٠١.

١٥ـ چاوپێکەوتنی نووسەر لە دۆخە، شوباتی ٢٠٠١.

١٦ـ سەیری ئەم ماڵپەڕە بکە:

http://www.itu.int/ITU-D/ict/statistics/at_glance/Internet٠١.pdf.

ژمارەکە بۆ بەحرێن هەڵسەنگاندنێکە بۆ بەکارهێنەرانی بەحرێنی: زۆربەی هاوبەشانی سعوودی ئینتەرنێتیان دەست دەکەوت لە ڕێگەی بەحرێنەوە بۆ خۆ بەدوور گرتن لە چاودێری سعوودی. بۆیە ژمارەکانی بەحرێن زیاترن.

١٧ـ پێشکەشکردن لە لایەن (سیماوەر گوودمان، زانکی جۆرجیتاون، ٢١ ی نیسانی ٢٠٠١. ڕێژەی پەناهەندەکای بەرامبەر دانیشتوانی نێوخۆیی نادیارە. لە کەنداو، پەناهەندەکان بە گشتی زیاترن لە نیوەی دانیشتوانی وڵات.

١٨ ـ بەحرێن، میسر، ئوردن، کوێت، مەغریب، عومان، قەتەر، تونس، و ئیمارات ئەندامی (ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتین) و جەزائیر، لوبنان، سعودیای عەرەبی، و یەمەن حکومەتی چاودێرن کە بەدوای قەبوڵکردندا دەگەڕێن. ئەندامێتی بەرپرسیارییەتی دەخاتە ئەستۆ بۆ گۆڕینی گۆڕینی یاسا و پراکتیزەی نێوخۆیی گونجان لەگەڵ ڕێکەوتنامەکەی لە نێو چوارچێوەی ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی دا هاتووە، هەرچەندە کات دەدرێت بۆ بڕیاردان لەو ڕەزامەندییە.

١٩ـ چاوپێکەوتنی نووسەر لە لەندەن، شوباتی ٢٠٠١.

٢٠ ـ World Bank, ٢٠٠١ World Development Indicators, Washington, D.C: World Bank, ٢٠٠١, p. ٣٠٨.

٢١ـ تێبینییەکانی نووسەر لە سەر ئوردن، میسر، سوریا، یەمەن و کوێت، ١٩٩١ ـ ٢٠٠١.

٢٢ـ بڕوانە:

UNDP, Arab Human Development Report ٢٠٠٢, chapters ٥ and ٦, and World Bank, Claiming the Future, Washington, D.C.: World Bank, ١٩٩٥, , pp. ٣٨ and ٤٠; also pp. ٢٨, ٧٢, ٨٥.

٢٣ ـ کۆمپانیایەکی ئەمەریکی تەکنۆلۆژی دەبوو بەرهەمهێنانی خۆی لە میسر کەمبکاتەوە، چونکە توانای نەبوو ژمارەی تەواوی ئەندازیاری ڕاهێنراو بە شێوەیەکی ڕێك بدۆزێتەوە لەو وڵاتەدا. بەرپرسانی کۆمپانیایەکی دیکە دڵنیایانکردەوە کە کارامەییەکان دەکرێ لە نێو کرێکارانی میسریدا بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەوانەی زۆر کارامەن بۆی هەیە لەدەرەوە کاربکەن لەبەر زۆری مووچەی ئەو وڵاتانە وەك لە میسر. چاوپێکەوتنی نووسەر لە واشنتۆن، دوبەی، شوباتی ٢٠٠١.

٢٤ ـ ٢٠٠١ World Development Indicators Database, World Bank.

ژمارەکانی سەرەوە لەسەر بنەمای شێوازی ئەتڵەس ١٩٩٩ وەرگیراون. لەبەرئەوەی کەلوپەلەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری دەیانگرێتەوە لە بازرگانی نێودەوڵەتی ، کەلوپەلی بەرهامهاتووی بێگانە پێکهاتوون، ئەتڵەس پێوانەیەکی باشتر بۆ توانای بەرگەگرتن بەدەستەوە دەدات.

٢٥ـ بڕوانە:

http://cyberatlas.Internet.com/big_picture/demographics/article/٠,١٣٢٣,٥٩٠١_٤٠٨٥٢١,٠٠.html.

هەرچەندە دەتوانرێ ئیمێڵ بە زمانی عەرەبی بنێردرێ، بەڵام وەها کارێك پێویستی بەوە هەیە کە هەردوو کۆمپیوتەرەکەی ئاڵوگۆڕەکەیان لە نێوان ڕوودەدات بە یەك شێوە ڕێکخرابن. بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانی گونجان لەگەڵ یەکتر، زۆربەی عەرەبە فرانکۆفۆنییەکان (قسەکەران بە فەرەنسی) پەیامەکانیان بە زمانی فەرەنسی دەنێرن، ئەوانی دیکەش یا بە ئینگلیزی دەینێرن یا هەر بە زمانی عەرەبی بەڵام بە پیتی لاتینی دەینووسن.

٢٦ ـ بەگوێرەی وتووێژێکە نافەرمی لەگەڵ سەرچاوەیەکی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە نیسانی ٢٠٠١، ڕێژەی سەدی لە میسر لەوانەیە لە ژێر ٥٪ی دانیشتوان بێت، و دانیشتوانی میسر بە تەنیا ٢٥٪ ی تەواوی جیهانی عەرەبی دەنوێنێ.



٢٧ـ فرانکۆفۆن باکووری ئەفریقیا هەڵاوێراوێکی ئاشکرای ئەم یاساییە: ئایا ئابووری فرانکۆفۆن ئەوەندە زۆر دەبێ کە بتوانێ لەگەڵ ئەو وڵاتانە بڕوات کە پشتی پێ دەبەستن، جارێ نازانرێ.

٢٨ ـ چاوپێکەوتنەکانی نووسەر لە دوبەی، ئەبوزەبی، و دۆخە، شوباتی ٢٠٠١: وتووێژ لەگەڵ بەرپرسی باڵیۆزخانەی عەرەب لە واشنتۆن، ٣ ی ئایاری ٢٠٠١.

٢٩ ـ بۆ نموونە بڕوانە:

“Cultural Ambush,” Cairo Times, Vol. ٤, No. ٤٣, January ٢٠٠١, pp. ١١–١٧.

# بەشی هەشتەم

## چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا: داینامیکییەتی بڵاوبوونەوە و دەرەئەنجامە ستراتیژییەکان

بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان و ئامرازەکانی هەڵدانیان بۆ مەودایەکی دوورتر بۆتە بەشێکی گرنگ لەو مشت ومڕەی دەربارەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت بەلای کەمەوە لە ساڵانی حەفتاکانەوە. جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ ئەم نیگەرانییانەی زەقتر و بەرجەستەتر کرد، بەتایبەتی لە نێوچاودێرە ڕۆژئاواییەکان دا. بارودۆخی دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێبتەمبەر،و ئەو مشت و مڕەی دەربارەی ((تەوەرەی شەڕ)) کە بە دواییاندا هات،و شەڕی ٢٠٠٣ی سەر عێراق بەشێوەیەکی بەهێز ئەم نیگەرانییانەیان قوڵترو بەرچاوتر کرد، وەك مەسەلەکانی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوایەتی، بەڵام لە چوارچێوە ناوچەییەکەیدا[1].

لە ڕاستیدا، پەیوەندی ئالۆزی درکپێکراو تێبینیکراو لە نێوان چەکە کۆمەڵکوژەکان، تیرۆریزم، و جیهانی بوون دا پەرەسەندنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستییان کردۆتە مەسەلەی ئاسایشی ناوخۆیی وهەروەها ناوچەییش.

بۆچی چەکە کۆمەڵکوژەکان ڕۆڵێکی ئاوا زاڵ دەبینن لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەکانی پەیوەست بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا؟ بە درێژایی شەڕی سارد، ستراتیژستەکان مەترسی شەڕی کاولکاری ناووکیان وەك ((هۆکاری هەڵسوڕێنەری هەمیشەیی)) لە قەڵەمدا و گفتوگۆکان دەربارەی ئاسایشی ناوچەیی و ئەگەری گرژبوونی باردۆخەکە و بەکارهێنانی چەکە ناووکی و

کیمیاوییەکانییان لە بەر چاودەگرت. چەکە ناووکییەکان و مووشەکەکان بە لای کەمە لە قەیرانی سویسی ساڵی ١٩٥٦ەوە بوونەتە بەشێك لە هاوکێشە ناوچەییەکە، لەو کاتەدا، ڕوسیا هەڕەشەی (ئەگەرچی زۆر باوەڕ پێکراویش نەبوو) وەشاندنی گورزی ناووکی دژی بەریتانیا و فەڕەنسای کرد وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر دەستێوەردانی ئەم دوو وڵاتە لە میسردا. لە ساڵی ١٩٦٧ و دووبارە لە ساڵی ١٩٧٣دا، تارمای ترسناکی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە باڵا پڕ چەکەکان بە چەکی ناووکی لە ئاستۆی ململانێی عەرەب-ئیسرائیلەوە دەرکەوت. بەرپەرچدانەوەی ناووکی ئیسرائیلی بۆتە هۆکارێك لە سەقامگیری ناوچەییدا بۆ چەند دەیەیەك، وە بە درێژایی ئەو ماوەیە ئیسرائیل لە تێکۆشاندا بووە لە پێناو مانەوەیدا وەك تاکە دەوڵەتی خاوەنی چەکی ناووکی لەناوچەکەدا ،هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ١٩٨١دا هەستا بە تێکشکاندنی دامەزراوەی ناووکی عێراقی.

کۆتایی هاتنی جەنگی سارد پەیوەندی پتەو ڕاستەوخۆی نێوان ململانێی ناوچەیی و ئەگەری ئاڵۆزبوونی پتری بارودۆخەکە، تێوەگلانی هێزە باڵاکان،و ئەگەری بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکانی کەم بایەخ کرد. سەردەمی دوای جەنگی سارد ئازادییەکی زیاتری کارکردنی بە گەمەکارە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بەخشی.

بەهەرحاڵ، لە جیهانێکدا هێزە دەست ڕۆیشتووە سەروناوچەییەکان ڕەنگە ئومێدەواربن خۆیان دابڕن لە دەرئەنجامی ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،ئەم ناکۆکییانەش زیاتر بە هۆی دابینکردن و گواستنەوەی تەکنەلۆجیای سەربازی لە نێوانیاندا کەلوپەلی و تەکنەلۆجیای تایبەت بە چەکە کۆمەڵکوژەکان سەرهەڵدەدەن. یەکێتی سۆڤیەت دابینکەر و پشتیوانی ستراتیژی سەرەکی کەلوپەلی سەربازی تەقلیدی بوو لە سەردەمی جەنگی سارددا، بەڵام دوو دڵ بوو لە گواستنەوەی ئەو تەکنەلۆجیایانەی نەخشە کێشانی ئاسایشی ئەو وڵاتەیان (یەکێتی سۆڤیەت)دووچاری ئاڵۆزی دەکرد[٢]. پاڵنەرە ئابووری و سیاسییەکانی ڕوسیا و گەمەکارە سەروو ناوچەییەکانی دیکە بۆ گواستنەوەی



کەلوپەل و تەکنەلۆجیای چەکە کۆمەڵکوژەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەنگە ئێستا سوودیان لە مەترسییە هەستپێکراوەکان زیاتر بێت.

ئەمڕۆ چەند هۆکارێك بوونەتە هۆی بەرچاوبوونی چەکە کۆمەڵکوژ و مووشەکە بالیستیەکان لە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. یەکەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکە چەك و مووشەکە ناتەقلیدییەکانی تێدا بەکارهاتووە، بەلای کەمەوە لە ئاستی تاکتیکی و سنوردار لە ململانێ هاوچەرخەکاندا. میسر لە ساڵانی شەستەکاندا چەکە کیمیاوییەکانی لە یەمەندا بڵاوکردەوە، باسی ئەوە دەکرێت لیبیا ئەم چەکانەی لە چاددا بەکارهێناوە. هەندێ ڕاپۆرت ئاماژە بە بڵاوکردنەوەی ئەم چەکانە لە ئەفغانستان،و بەم دواییەش، لە سوداندا دەکەن[٣]. عێراق دژی کوردەکان ئەم چەکانەی بەکارهێنا، هەروەها بەشێوەیەکی بەربڵاو لە لایەن عێراق و ئێرانەوە بڵاوکرابوونەوە لە کاتی شەڕەکەیاندا. مووشەکەکان لە شەڕی عەرەب-ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٧٣دا (سکودە میسرییەکان و فرۆك ٥٧_ەکانی سوریا)، لە ((شەڕی پێگەکان)) لە نێوان عێراق و ئێراندا، لە شەڕی ناوخۆی یەمەن، و لە ماوەی جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ بەکارهێنران. بەشێوەیەکی ناکاریگەرانە، لە لایەن لیبیاوە بەرەو خاکی ئیتالیا هەڵدران. هەڕەشەکانی بڵاوکردنەوەی ئەم سیستمانە بۆتە ڕواڵەتێکی بەردەوامی ڕووبەڕووبوونەوەکانی ناوچەکەو دەوروبەری.

دووەم، هەتا بەبێ بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکانەش، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە ناوچەی سەرەکی بڵاوبوونەوەیان. زۆرێك لە ناوچە سەرەکییەکانی جیهان کە چەکە کۆمەڵکوژەکانییان تێدابڵاوبۆتەوە بە دەوری کەوانەیەکدا ریزبوونە کە لە باکووری ئەفریقیاوە درێژ بۆتەوە بۆ پاکستان (تاقیکردنەوە مووشەکی و ناوکییەکانی باشووری ئاسیا ڕەنگە کاربکاتە سەر شێوەکانی بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا). بوونی ململانێ چالاکەکان و ئاژاوە

پێشووییەکان بە درێـژایی ناوچـەکە ئـەوە دەگەیـەنێت کـە خاوەنـدارێتی چـەکە کۆمەڵکوژەکان تەنها مەسەلەی پایـەی نیـشتمانی و سـەنگی سـتراتیژی نییـە، بەڵکو هۆکارێکی ڕاستەقینەیە لە جەنگ و هاوسەنگییە سەربازییەکاندا.

سـێیەم، باڵادەسـتبوونی چـەکە کۆمـەڵکوژەکان لەسـەر بـارودۆخی ئاسایـشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوشانە بە نادڵنیاییەکی گـەورە (گومـانێکی گـەورە) لـە ئاست پاڵنەرەکان و کـەلتووری سـتراتیژی گەمـەکارە ناوچـەییەکاندا. چـۆنیەتی بیرکردنەوە لە چەکە کۆمەڵکوژەکان، بەتایبەتی چەك و مووشـەکە ناووکییـەکان، کە لە سەردەمی جەنگی سارددا پەرەی سەند، هەمیشە وا گریمانـە دەکرێـت کـە کەمتر پەیوەستە بە چوارچێوەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتەوە. ئـەو پرسـیارەی ئایـا دەوڵەتە خاوەن چەکە کۆمەڵکوژە (گۆشەگیرەکان) عاقڵانە ڕەفتـار دەکـەن. ئایـا دەتوانرێت لە ئاستی تەقلیدی بەرپەرچ بدرێتەوە وەڵامەکەی ڕوون نییە. سەرنجدان لەو ڕووبەڕوبونەوە و ململانێیانەی چەکە کۆمەڵکوژەکانییان تێدا بـەکاردێت لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چـەند کێـشەیەکی ئـاڵۆزو سـەخت بـە ڕووی ستراتیژسـتە ڕۆژئاواییەکانـدا بەرزدەکاتـەوە،و بەشـێوەیەکی گریمانـەکراو، بـە ڕووی خـودی گەمـەکارە ناوچەیەکانیـشدا. ڕووبەڕووبوونـەوەی بـەردەوامی فەلەسـتینی و ئیسرائیلەکان، لەگەڵ مەترسی سەرهەڵدانی گرژی و ئاڵۆزییە ناوچەییەکان بایـەخ و سەنگێکی دیکەیان بەم کێشانە داوە.

چـوارەم، ڕەوت و خەسـڵەتی بڵاوبوونـەوەی چـەکی کۆمـەڵکوژ لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا مایەی بەرژەوەندی گەورەن بۆ گەمەکارە سەروو ناوچەییەکان، ڕوسیا، چین، کۆریای باکوور،و هەندێ دەوڵەتی دیکە دابینکـەری سـەرەکی ئـەو چـەك و تەکنەلۆجیایانـەن کـە یارمـەتی پەرەپێـدان و پتـەوکردنی بەرنامـەو توانـا خودییەکانی دەوڵەتە ناوچەییەکان دەدەن. بە قەرارکردنی ئاشتی لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و پاراسـتنی ئاسـتی دابینکردنـی ووزە لـە لایـەن بەرهەمهێنانـە



ناوچەییەکانەوە کێشەگەلێکن بـە ئاسـتێکی نائاسـایی باڵادەسـتن لـە کاروبـارە نێودەوڵەتییەکاندا. لەم بەر ئەم هۆیانە و هۆکارگەلی دیکە، ناوچەکە پێویـستی بە بوون و دەستێوەردانی سەربازی ڕۆژئاوایە. بڵاوبوونەوەی ئەم چـەکانە کارلێـك لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەقامگیری کەنـداو و ناوچـەکانی نزیك دەریای سپی ناوەڕاستدا دەکات. ئەگەری سەرهەڵدای هێزی ناوەکی نوێ لە ناوچەکەدا، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی مووشە دوورهاوێژەکان، بـۆی هەیـە بـە قـووڵی پرۆسەی دەستێوەردانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بگۆڕێت.

لە کۆتاییدا،وبە مەودایەکی گەورەتروفراوانتر، نیگەرانی ئەمریکییەکان دەربارەی توانـای چـەکە کۆمـەڵکوژەکان لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا ڕەنگدانـەوەی نیگەرانییەکی قووڵترە دەربارەی ئاسایشی ناوخۆی خودی وڵاتـە یـەکگرتووەکان، بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی ١١ی سبتێمبەر(٤).

دەرکەوتنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەراسـت پێکەوە لەگەڵ گەورەبوونی کوشندەی ((تیرۆریزمی نوێ)) مەترسی بـەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە خاکی ئەمریکادا دەوروژێنێت(٥).

ئاسانبوونی جوڵە و هاتوچۆی خەڵك، کەلوپەل، وتەکنەلۆژیا ئەوە دەگەیەنێت کـە بڵاوبوونەوەی ئەم چەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ئەگەر و دیاردەیـەکی دوور لە قەڵەم نادرێت لە لایەن وڵاتـە یـەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانییـەوە جا ئـەم چەکانە بەهۆی مووشەکەوە هەڵبـدرێن یـاخود لـە ڕێـی نامـەوە بڵاوبکرێنـەوە، کاولکاری لەڕادەبەدەر و بێ ئەندازەی ئەم چەکانە زەقترین نموونەی ئەو خەسڵەتەن کە باوردۆخی ئاسایش سنووری ناوچەیی دەبڕێت بۆ مەودایەکی دوورتر وفراوانتر. گـەورەتر بـوونی مـەودای دەستگەیـشتن بـەم چـەکانە دەبێتـە بـەرەنگاری بـۆ بیروبۆچوونە تەقلیدیەکان سەبارەتی بە ئاسایـشی ناوچـەیی. ئاسـیا، ڕۆژهـەڵاتی دوور، ئەوروپا، ئیرۆ ئاسیا و بەشەکەی دیکەی ڕۆژهەڵات زیاتر ناچارن پـشت بـە

یەکدی ببەستن لەبواری ئاسایشدا. بڵاوبونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان لەسەر ئاستی جیهانی کاریگەری لەسەر ئاسایش دەبێت، و پەرەسەندنەکانی ناوچە دوورەکان دەتوانن شێوازەکانی بڵاوبونەوە لەناو خودی ناوچەکەدا بخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە.

به لەبەر چاوگرتنی ئەوانەی لە سەرەوە باسکران، ئەم هۆکارانە گەورەبوونی بەرچاوی مەترسی چەکە کۆمەڵکوژەکان لەسەر ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شیدەکەنەوە. هەروەها پەیوەندی هەڵکشاوو ڕوو لە زیادی کێشەکان بە پەرەسەندنەکانی ناوە و دەرەوەی ناوچەکەوە ڕوون دەکەنەوە. ئەم بەشە هەندێ لە سەرچاوە پڕ بایەخەکانی هەڵسەنگاندنی ئاراستە گشتییەکانی بڵاوبونەوە و بەرنامەی چەکە کۆمەڵکوژەکان بەسەر دەکاتەوە. جەخت لەسەر شیکردنەوەی پەرەسەندنەکانی بڵابونەوە ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئاسایشی ناوچەی و ستراتیژی دەکاتەوە و لە دواییدا دوایین ئاراستەکان هەڵدەسەنگێنێت لەگەڵ کاریگەرییان لەسەرئەو مشتومڕەی سەبارەت بە ئەم بڵاوبوونەوەیە ئارادایە(بڵابوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان).

هەروەها گۆڕانی ناوخۆی بە هۆی بڵاوبونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خراوەتە ڕوو لێکدانەوە. ئەم بەشە کارایی و گۆڕانە ناوچەییەکانی پەیوەست بە چەکە کۆمەڵکوژەکانەوە لە مەغریب، لیڤانت، وکەنداودا دەخاتەبەر باس و لێکۆڵینەوەو گفتوگۆی ڕۆڵی گەمەکارە سەروناوچەییەکان و پەرەسەندنەکان دەکات، دەرئەنجامەکان و سیاسەتەکانی هەڵسوکەوتکردن بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی پێشنیار دەکات.

چەمکی ((چەکە کۆمەڵکوژەکان)) بە بەردەوامی لە مشتومڕە ستراتیژییەکاندا بەکاردەهێنرێت، بە زۆری بۆ بەکارهێنانی تاکتیکی و سنوردارەکان کە کاولکاری و قوربانی بەرفراوانی لێناکەوێتەوە.



بەهەمانشێوە، نموونە زۆر و زەوەندەکانی مووشەکە بالیستییەکان کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکاردەهێنرێن تا ئێستا تەنها کڵاوەی تەقلیدییان لێ بەستراوە. وردبینیەکی پتر پێویستە بۆ جیاکردنەوەو هەڵاواردنی بەکارهێنانی تاکتیکیانەی چەکە ناووکی، بایۆلۆجی، کیمیاوی،و ڕادیۆلوجییەکان و خستنەگەڕیان وەك چەکە ڕاستەقینەکان بۆ کاولکاری گشتی دژی ئامانجە سەربازی و مەدەنییەکان. بۆ مەبەستەکانی ئەم شیکردنەوەیە، گرفتی بڵاوبوونەوەی ئەم چەکە ناتەقلیدییانە وەك گشتێك وەرگیراون، بەڵام لەگەڵ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی، توانا و هەڕەشەکردنی خستنەوەی کاولکاری و قوربانی بە ئاستێکی بەرفراوان گرنگییەکی ناوەندی و بنچیینەی هەیە. مووشەکە بالیستییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لە گفتوگۆکەدا خراونەتەڕوو، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی توانای سیستەمەکانی هەڵدانی چەکە کۆمەڵکوژەکان.

## هەڵسەنگاندنی دوایین ئاراستە گشتییەکان

هەڵسەنگاندنەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئاراستە گشتییەکانی بڵاوبونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان گریمانەی ڕەوتێکی خێراتری بەدەستهێنان وبڵاوکردنەوەیان دەکەن کە دوایین ئەزموون پاساوی ئەم گریمانەیە دەدات. بۆ دەیان ساڵ، شیکەرەوەکانی پێشبینی سەرهەڵدانی هێزی نوێی ناووکیان کردووە ((لە ماوەی دەیەیەکدا))[٦].

خواستی ئێران بۆ بوون بەهێزێکی ناووکی جێگەی گومان بوو تەنانەت پێش شۆڕشی ئێرانیش. بڵاوکردنەوەی مووشەکە بالیستەیەکان کە سنوری ناوچەکە دەبڕن و مەودایان (١,٠٠٠کم) بە هەمانشێوە کەمتر مەترسیدان بە بەراوورد بە هەندێك پێشبینی سامناکتر.

هەندێك وڵاتی وەك جەزائیر، کە دەیەیەك پێش ئێستا ببوە جێی سەرنجی ڕۆژئاواییەکان کە نیگەرانی بڵاوبونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان بوون،

بەشێوەیەكی گرنگ پەرەی بە بەرنامەكانی نەداوە. بەپێچەوانەوە مرونەتی توانای عێراق بۆ پەرەپێدانی چەكە كۆمەڵكوژەكان، ئەگەرچی لە ژێر گوشار و چاو دێرییەكی توندیشدا بوو شیكەرەوەكانی دووچاری سەرسوڕمان كرد لە سەرەتای ساڵانی نەوەتەكاندا. پەردە هەڵماڵین لەسەر پەرەپێدانی ڕواڵەتیانەی عێراق بە چەكە ڕادیۆلۆجییەكان لە كۆتایی ساڵانی هەشتاكاندا ئەو ڕاستییەی ڕوون كردەوە كە ئەگەری بڵاوبوونەوەی توانای راستەقینەی ناووكی لە ئارادایە ئەگەرچی كەم و كورتیش هەبێت[٧]. لە ڕاستیدا، حوكمدان لەبارەی گوڕوتین و خێرایی ڕەوتی پێشخستن وپەرەپێدانی بەرنامەی ناووكی عێراق بایەخێكی بنەڕەتی داگیركردبوو لەو مشتومڕە نێودەوڵەتییەدا كە دەربارەی دەستێوەردانی و گۆڕینی رژێم پێش جەنگی ساڵی ٢٠٠٣ لە ئارادابوو. بەرنامە ناووكی و مووشەكییەكانی ئێران گەشە دەكەن. بەڵام هەتاوەكو لێرەشدا حوكمدانەكان لەبارەی توانستی ئێران بۆ بەرهەمهێنانی چەكە ناووكی یاخود مووشەكە كیشوەر بڕەكان جیاوازو ناكۆكن بە یەك.

ڕەنگە پێشخستن وپەرەپێدانی چەكە ناووكییەكان، ڕەوتێكی خاوتری گرتبێتەبەر لەوەی پێشبینی بۆ كرابوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئاراستە گشتییەكە جێی مەترسی و سڵەمینەوەیە هەتاوەكو بێ پەرەپێدان و بڵاوكردنەوەی پتریش، توانای چەكە كۆمەڵكوژەكان لە هەندێ دەوڵەتی ناوچەكەدا بەرچاوە. ئەو داهاتانەی تەرخانكراون بۆ بەرنامەكانی چەكە كۆمەڵكوژەكان گرنگی ئەم چەكانە بەرجەستە دەكەن بۆ هەندێك لە دەوڵەتانی ناوچەكە[٨].

## جەزائیر

بەر لە سەرهەڵدانی ئاژاوە و ناسەقامگیری توند و تیژ ئامێزانە لە ساڵی ١٩٩١دا، شیكەرەوە ڕۆژئاواییەكان سەرنجیان لەسەر بەرنامە ناووكییەكەی جەزائیر بووو كە هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدا بوو، تاقیكردنەوەی كورە



ناووكییەكان، و بەرەو پێشبردنی توانای بەرچاوی كورەی ئەتۆمی (عەین قوسەیرە) بەشێوەیەكی مەزن بە یارمەتی چینیەكان. بەپێی ئەو دەنگ و باسانەی بڵاوبوون جەزائیر ماددەی ناووكی لە عێراقەوە پێی گەیشتبوو لە كاتی قەیرانی كەنداو لە نێوان ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١ دا. هەل و مەرج و مەودای بەرنامەكەی جەزائیر ببوە مایەی وروژاندنی گومان لای رۆژئاوا بەرامبەر خواستە ناوكییەكانی جەزائیر. بەرپرسە جەزائیرییەكان تەواو ڕاشكاو بوون دەربارەی بەهای جیوستراتیژی توانای ناووكی، ئەگەر تەنها بەرنامە ناووكییەكە بۆ مەبەستی مەدەنیش بێت[٩]. جەزائیر توانایەكی بەرچاوی تەكنیكی هەیە بۆ لێكۆڵینەوەی چەكە بایەلۆجی و كیمیاوییەكان، بەڵام بەڵگەیەكی كەم لە بەردەستدایە كە ئەمە بەرنامەو بایەخی سەرەكی ڕژێمەكە بێت. بەپێی ئەو هەواڵانەی بڵاوبوونەتەوە ئەوە ئاشكرا دەكەن كە جەزائیر مووشەكی بالیستی لە چین و كۆریای باكور كڕیوە وەزانراوە كە مووشەكی سكود_BS ی دروستكردنی روسی بڵاوكردۆتەوە كە مەوداكەی ٣٠٠ كم ە.

لە كاتێكدا توندوتیژی لە جەزائیردا پاشەكشەیی كردووە، وڵاتەكە دەستیكردووە بە گرتنەبەری سیاسەتێكی دەرەكی چالاكتر، لە نێویاندا گفتوگۆ بەراییەكان بۆ بوون بە بەشێك لە دامەزراوە ئەمنییەكانی رۆژئاوا (ئێستا جەزائیر ئەندامی گفتوگۆكاری ناوچەیی دەریای سپی ناوەڕاستی ناتۆیە). لەگەڵ باشكردن و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەكانی لەگەڵ ڕكابەرە جیوپۆلەتیكە سەرەكییەكانیدا،وەك وڵاتی مەغریب، كەمكردنەوەی وەبەرهێنانی لە تەكنەلۆجیای ناووكیدا،ئاستی مەترسی ونیگەرانییەكانی لەبارەی خواستەكانی جەزائیر بۆ پەرەپێدانی بەرنامەكانی چەكە كۆمەڵكوژەكان تا ڕادەیەكی بەرچاو دابەزاندووە.

## لیبیا

لیبیا بۆتە جێی بایەخی سەرەکی لە مەترسی و نیگەرانی بڵاوبونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان، لەگەڵ سەرنجدانی پتر لە توانا مووشەکی و کیمیاوییەکانی لیبیا کە خاوەن هەوڵ و تێکۆشانێکی دوورودرێژە بۆ پەیداکردن و پەرەپێدانی چەکە ناووکییەکان، بەڵام ئەوەی دەتوانین لێرەدا بیڵێین ئەوەیە ئەم هەوڵە سەرکەوتن بەرەوپێشچوونێکی کەم وکەمبایەخی بەخۆوە بینیەوە. سەرەڕای ئەوەش، خواست و ئارەزووی ڕژێمەکە بۆ کڕینی چەك، بەپێچەوانەی پەرەپێدانی توانای پیشەسازی ناوخۆییەوە، ئەو دەگەیەنێت کەگومان و پرسیارە سەرەتاییەکە دەربارەی نیازو بەرنامەی لیبیا هەر بەردەوامە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەگەری بەدەستهێنانی ئەم چەکە بە شێوەیەکی نهێنی لە لایەن ئەم وڵاتەوە بە چەشنێك ببێتە مایەی سەرنج وسەرسوڕمان.

ئەو بوارانەی لیبیا زیاتر هەوڵدەدا بەردەوامی پێبدات تێکۆشانەکانییەتی بۆ پەرەپێدانی توانا ناوخۆییەکانی وڵاتەکە ، لە نێویاندا بەرنامە بایەلۆجی و کیمیاوییەکان، هەڵپەساردنی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەروبەندی دادگایکردنی تاوانبارانی ڕووداوی لۆکەربیدا ڕەنگە کارئاسانی بۆ لیبیا کردبێت بۆ بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆجیانەی کە دەکرێت لە دوو بوارەدا(سەربازی ومەدەنی) بەکاربهێنرێت. لە ئێستادا، باوەڕوایە کە لیبیا بەرنامەیەکی ئاست مامناوەندی لێکۆڵینەوەی چەکە بایەلۆجییەکان و بەرنامەیەکی فراوانتری کیمیایی هەیە کە ژمارەیەکی زۆری ماددەکانی دەماریان بەرهەمهێناوە.

بەرنامەی مووشەکی لیبیا نیگەرانی سەرەکی حکومەتە ئەوروپییەکان و ئەمریکا لە بارەی مەترسی بڵاوبونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە باکووری ئەفریقیادا وە لە چوارچێوە فراوانەکەی ناوچەکەدا زەقترو قوڵتر کردۆتەوە. لیبیا مووشەکەکانی Frog-٧ و Scud-٧ بڵاوکردۆتەوە کە لایەن ڕوسیاوە دابینکراون و ساڵانێکی زۆر



بەسەر دروستکردنیاندا تێپەڕیوە. هەر لە سەرەتایی ساڵانی نەوەتەکاندا، لیبیا دەستی بە گەڕان و لێکۆڵینیەوە کرد بۆ کڕینی مووشەکی Scud-C لە کۆریای باکوور و سستەمەوەدا مامناوەندییەکان کە مەوداکانییان ١,٠٠٠ کم یاخود زیاتر بێت. تاقیکردنەوە مووشەکییەکانی ئەم ساڵانەی دوای، لە لایەن کۆریای باکورەوە، کە ئەو مووشەکانەی تێدا تاقیکرایەوە کە مەودایەکی دووتر دەبڕن تێیدا مووشەکیNO DONG کە مەودای ١,٣٠٠ کم وە مووشەکی TEAP-DOUG ١ کە مەوداکەی ٢,٠٠٠ کم ئەزموونکران، ئەوە دەخاتەڕوو کە پێکهاتە و تەکنیکە یارمەتیدەرەکان بۆ ئەم سیستمانە خراونەت ڕوو بۆ فرۆشتن،وە لیبیا ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتە کڕیاریان. لیبیا مووشەکەکانی سکودی تەقاند بە ئاراستەی ویستگەی لۆرانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دوورگەی ئیتالی لامیدۆس ،وە ساڵی ١٩٨٦وە بە بەردەوامی هەڕەشەی گورزەوەشاندنی ئامانجەکانی ئەمریکا دەکات لە باشووری ئەوروپادا. بڵاوکردنەوەی مووشەکەکان لە لایەن لیبیاوە کە مەوداکانیان سنووی دەریای سپی ناوەڕاست دەبڕێت بۆی هەیە هەستی مەتری لە نێو هاوپەیمانەکانی ناتۆدا بەرەو هەڵکشانێکی خێرا بەرێت و ڕەنگە ڕۆڵبگێرێت لە گەشەپێدانی نزیکبوونەوەی ئەوروپییەکان لە بەرگری مووشەکییەوە.

لیبیا پابەیدبوونێکی بەهێز دووپات دەکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکانی وەك ((هێزێکی بەرپەرچدانەوە)) وە بۆبە هێزکردنی سەنگی ئەم وڵاتە لە ناوچەکەدا. بەم دواییەش، هەواڵی ئەو بڵاوکرایەوە کە لیبیا یارمەتی عێراقیداوە بۆ خۆدزینەوە لە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و چاودێری نێودەوڵەتی لەسەر بەرنامەی چەکە کۆمەڵکوژەکان بە هۆی ڕێگەپێدان بە گواستنەوەی تەکنیك و ماددەکانی پەیوەست بە مووشەکەوە بۆ تریپۆلی[١٠] .

گەر بۆ ئاینده بڕوانین، ڕەنگە لیبیا ڕووبەڕووی چاودێری نوێ ببێتەوە، بۆی هەیە خواستەکانی بە دەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکانی جڵە و بکرێت، وەك دەرەئەنجامی شەڕی ساڵی ٢٠٠٣ سەر عێراق.

## میسر

میسر ڕەخنەگری سەرەکی بووە لە باری ناووکی ڕانەگەیەنراوی ئیسرائیل ئەمەشی کردووە بە مەسەلەی بنەڕەتی لە دبلۆماسیەتی فرەلایەنی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە هەمانکاتدا میسر ماوەیەکی دووردرێژە خاوەنی توانا خودییەکانی چەکە کۆمەڵکوژەکانە. ئەم وڵاتە ڕێگای بە دەستهێنانی توانا کیمیاییەکانی هەڵبژاردووە کە بەرنامە کیمیاییەکانیش بە ((چەکی بێ دەسەڵاتەکان)) لە قەڵەم دەدرێن لە بری بەرنامەی ناووکی کە بەرنامەیەکی قورس و ئاڵۆزەو لە ڕووی تێچوونیشەوە گران ڕادەوەستێت. دەیان ساڵە میسر توانای دروستکردنی چەکە کیمیاییەکانی هەیە و چەکە کیمیاییەکانی لە ساڵانی شەستەکاندا لە یەمەن بڵاوکردووە. هەروەها بە پێی هەندێ ڕاپۆرت میسر هاریکاری عێراقی کردووە بۆ پەرەپێدانی ماددە کیمیاییەکان بەر لە شەڕی کەنداو[11]. ڕەنگە بایەخدانی میسر بە چەکە کیمیاییەکان لە بەشێکێدا بگەڕێتەوە بۆ کاریگەری بیروباوەڕی سەربازی سۆڤیەتی وەهەر لەویشەوە سەرچاوەی گرتبێت. کە یەکێتی سۆڤییەت بە سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی کەلوپەلی سەربازی میسری لە ساڵانی شەستەکانەوە تاوەك شەڕی ساڵی **١٩٧٣** مایەوە.

لە بارەی توانای ناوخۆی (خودی) دروستکردنی و بەرهەمهێنانەوە، تەنانەت بە هاوردنی کەلوپەل و ماددە سەرەتاییەکانی دروستکردنی چەکی کیمیایی، توانای میسری لە بواری چەکە کیمیاییەکاندا لە هەرە پێشکەوتووترین بەرنامەیە لە ناوچەکەدا.

ئەگەرچی توانای کیمیایی میسری هاوشانی توانای ناووکی ئیسرائیل نییە، نە وەك بەرپەرچدانەوە و نە وەك چەکی شەڕکردن لە بەرەی جەنگدا، ئەم دوو کۆگای چەکە (میسر و ئیسرائیلی) دژی یەك ڕۆڵیان بینیوە لە گفتوگۆ چەند قۆڵییەکانی کۆنترۆڵکردنی چەکدا [12]. ئەوەی ئاشکرایە ئاماژەی ئەوە لە ئارادا نییە کە میسر بەرنامەیەکی مەترسیداری چەکە بایەلۆجییەکانی هەبێت، ئەگەرچی ئەوە ڕوونە کە



توانای هەیە بە ڕەوتێکی خێرا ئەم ئاراستەیە ببڕێت ئەگەر بڕیارێك و ڕێگایەکی لەم چەشنە بگرێتە بەر (هەندێ سەرچاوە دەگەڕێنەوە بۆ کۆششە ئاست مامناوەندییەکانی میسر لە بواری بایەلۆجیدا بە مەبەستی بەکارهێنانی لە شەڕدا)[13].

میسر خاوەن توانای مووشەکی بالیستی جۆری SCUD-BSە (ڕەنگە جۆری SCUD-CS و یاخود هاوچەشنی هەبێت) کە لە ڕێی کۆریای باکوورەوە بە دەستهێنراون[14].

بوونی پەیوەندی لەگەڵ کۆریای باکووردا کاریاسانی دەکات بۆ کڕینی سیستمی بە توانا تر لە ئایندەدا. هەروەها میسر بەشداربوو لە بەرنامەی هەڵۆی ئەرجەنتینیدا بۆ بەرهەمهێنانی مووشەکە مەودا مامناوەندییەکان. هەڵکشانی گرژی و ئاڵۆزییە ناوچەییەکان لەگەڵ ئیسرائیلدا ڕەنگە میسر هان بدات تاپتر کۆگای کیمیای و مووشەکی وڵاتەکە پڕچەکتر و بەهێزتر بکات و هەوڵەکانی ئەمریکاش بۆ سستکردن و خاوکردنەوەی ئەم ڕەوتە ئاڵۆز دەکەن.

## ئیسرائیل

جگە لە پاکستان (کە بەشێکە لە هاوکێشەی چەکە کۆمەڵکوژەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام لێرەدا نەخراوەتە بەر باس و گفتوگۆ) ئیسرائیل تاقە هێزی ناووکی ناوچەکەیە. کۆگای ناووکی ئیسرائیل بە نزیکەی ٣٠٠ کڵاوەی جەنگی دەخەملێنرێت، کە ڕەنگە چەکە ناووکییە تیشکدەرەوەکانیش لە خۆبگرێت[15].

ئەگەرچی ئەم ژمارەیە مشت و مڕ و ناکۆکی لەسەرەو سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو پشت ڕاستی نەکردۆتەوە و بەڵام کۆگایەکی ((گریمانەکراوی)) ترسناکە و کاریگەری قووڵی لەسەر لێکدانەوەی ستراتیژی دەبێت. هەروەها ئیسرائیل توانایەکی مەزنی چەکە کیمیاییەکان و بەرنامەیەکی لێکۆڵینەوەی پەیوەست بە

چەکە بایەلۆجییەکانی هەیە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی بەرگری جەنگی کیمیایی و بایەلۆجی درێژە پێدەدات.

ئەم توانایانە دوای بە دەستهێنانی چەکە ناووکییەکان لە لایەن ئیسرائیلەوە پەرەپێدراوە ڕەنگە ڕەنگدانەوەی نیگەرانییەکان بێت لە بارەی پتەوی و باوەڕپێکراوی پەرپەرچدانەوەیەك کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر هێزە ناووکییەکان بنیات نرابێت و بایەخی دیار و بەرچاو بە لێکۆڵینەوە بایەلۆجییەکان بەتایبەتی چەکە کیمیاییەکان لە هەندێ وڵاتی دراوسێی ئیسرائیلدا.

بە هەمانشێوە ڕەنگە ڕەنگدانەوەی ئەو هەستە بێت کە ئیسرائیل چەکە ناووکییەکانی وە کارتێکی گوشار بەکاربهێنێت و لە کۆتاییدا (لەپێناو دوو ئامانجدا) دەستی لێهەڵبگرێت لە بەرامبەر ڕێککەوتن و گەیشتن بە چارەسەری کۆتایی (کۆتایی ناکۆکی) لەگەڵ ئێران وهەروەها لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکاندا، ئەگەرێکی دوورە بەڵام مەحاڵ نییە. بە هەمان شێوە ئیسرائیل یەکێك لە دوورمەوداترین، و ڕەنگە کاراترین کۆگای مووشەکی هەبێت لە ناوچەکەدا، لەگەڵ مووشەکی پەرپێدراوی Jericho I بەپێی توانای خودی وڵاتەکە پەرەی پێدراوە و مەوداکەی ٥٠٠ کم ە و سەرکەوتووانە تاقیکراوەتەوە لەگەڵ سیستمی مووشەکی Jericho Iی مەودا مامناوەندی (١,٥٠٠ کم).

ڕەوتی پێشکەوتووی توانای هەڵدانی مووشەکەکان ئەو ئەگەرە پێشنیار دەکات کە ئیسرائیل دەتوانێت قۆناغە جیاوازەکای مووشەکەکان زۆر بە خێرایی تا دوورترین مەودا بەرێت، بە چەشنێك توانای گەیشتنی بە پاکستان و ڕوسیا هەبێت. دروست وەکو میسر، بێ متمانەی بە ((کۆتایی هاتنی ناکۆکی)) لە پەیوەندیدا بە جیهانی عەرەبییەوە پێداگرتنی ئیسرائیل بۆ پاراستنی هێز و توانای مووشەکی و چەکە کۆمەڵکوژەکان زیاتر دەکات.



## سوریا

بەشێوەیەکی گشتی بەڵگەی ئەو گەلاڵە نەبووە کە سوریا لە هەوڵی بە دەستهێنانی توانای ناووکیدایە، ئەگەرچی کورەی تاقیکردنەوەی هەیە کە لە لایەن چینەوە بنیاتنراوە. هەواڵی ئەوە لە ئارادایە کە ئەم وڵاتە تەنها بەرنامەیەکی سادەی بایەلۆجی هەیە. سەرەڕای ئەوەش، داخوازی بەردەوامی هێزی سەربازی تەقلیدی سوریا، بە لای کەمەوە بە شێوەیەکی بەراوردکاری، لە دە ساڵەی رابردوودا بایەخ و گرنیگدانی سوریای بەهێزتر پتەوتر کرد بۆ بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکانی دیکە و هۆکارەکانی هەڵدانینان، سوریا نموونەیەکی باشە بۆ رژێمێك کە بە دەست هێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکانی هەڵبژاردووە وەك باشترین ڕێگە چارە بۆ پاراستن و بەهێزکردنی سەنگی ناوچەی لە بەرامبەر کەلێنی ڕوو لەگەورەبووی تەقلیدی لەگەڵ ئیسرائیلدا وەك ستراتیژییەتێکی جیاواز لە ناوچەکەدا.

بەپێی هەموو لێکدانەوەکان، سوریا بەرنامەیەکی چڕی چەکە کیمیاییەکانی هەیە، کە هێتشا پشت بە کەلوپەل و مادده سەرەتاییە هاوردەکان دەبەخشێت بەپێچەوانەی میسر، ئێران، عێراقەوە، سوریا لە بواری بلاوکردنەوەی چەکە کیمیاییەکاندا مێژوویەکی نییە بەڵام گۆگایەکی گەورەی گازی دەماری بنیاتناوە (سارین) کە دەتوانرێت بە هۆی فرۆکەو مووشەکەکانەوە هەڵبدرێت لە داهاتوودا، پێشبینی دەکرێت سوریا بەشێکی بەرچاوی داهاتەکانی بۆ پەرەپێدانی ئەو توانا گرنگەی ئێستا لە بواری چەکە کیمیاییەکاندا هەیەتی تەرخان بکات[١٦].

سوریا خاوەن کۆگایەکە کە چەند سەد مووشەکێکی جۆری SCUD-B , SCUD-C , SS-٢١ ی لە خۆگرتووە. کۆریای باکوور، چین، ئێران،و ڕوسیا مووشەکە بالیستەکان و تەکنەلۆجیای مووشەکی بۆ سوریا دابین دەکەن، وە

خودی وڵاتەکەش توانای بەرهەمهێنانی ناوخۆی هەیە. بەپێی ڕاپۆرتەکان سوریا سەرقاڵی پەرەپێدانی مووشەکە مەودا کورتەکانە و هەروەها مووشەکی SCUD-D دوور مەودای تاقیکردۆتەوە[١٧].

ئەم مووشەکانە توانای گەیشتنییان بە ئیسرائیل وهەروەها بەشێکی عێراق، ئۆردەن، و تورکیاش هەیە. بە چەشنی لیبیا، ڕەنگە بۆ سوریا سەخت بێت درێژە بە بایەخدانی بە چەکە کۆمەڵکوژەکان بدات لە هەل و مەرجێکدا چاودێری وڵاتە یەکگرتووەکان و نیوەدەوڵەتی لەسەر توند بووە.

## ئێران

وڵاتێکە بایەخێکی تایبەتی داوە بە چەکە کۆمەڵکوژەکان. ئێران تواناگەلێکی بەرچاوی کیمیاوی و بایەلۆجی هەیە لەگەڵ کۆگایەکی گەورەی مووشەك و بەرنامەیەکی زۆر چالاکی ناووکی. لەسەردەمی جەنگی ئێران-عێراقدا ئەم وڵاتە چەکە کیمیاییە تاکێکییەکانی بڵاوکردەوە و ئێستا بڕێکی گەورەی ماددە کیمیاییە بە چەککراوەکانی هەیە.

ئێران دامەزراوەیەکی نەتەوەیی کارایی هەیە بۆ پەرەپێدانی چەکە بایەلۆجییەکان وە ڕەنگە حاڵی حازر بڕێکی سادەی لەم چەکانە هەبێت کە قابیلی بەکارهێنانی بن.ئەوە ئاشکرایە ئێران سەرقاڵی بەدەستهێنانی ماددەی کەرتکەر و تەکنەلۆجیای ناووکیەکانە و سەرگەرمی هاریکارییەکی چڕوپڕی ناووکییە لەگەڵ ڕوسیادا، لە نێوایاندا دروستکردنی کوورەی ووزەلە بوشهر.لەم ساڵانەی دووایییدا وڵاتەکە هەوڵێکی چڕوپڕی خستوتەگەڕ-زۆریان پوچەڵ کراونەتەوە- بۆ بەدەستهێنانی ماددە ناووکییەکان و کەلوپەلی ئەندازەیی ورد کە بۆ دروستکردنی چەکە ناووکییەکان گرنگن. نیگەرانی و نادڵنیاییەکی بەرچاو هەیە



لە ئەگەری سەرکەوتنی ئێران لە بەدەستهێنانی تەکنەلۆجیا و ماددە ناووکییەکان بە شێوەیەکی شاراوە و نهێنی[١٨].

ئاشکراکردن و پەردەلادان لەسەر دامەزراوە ناووکییەکان لە لایەن ئاژانسی نێو دەوڵەتی بۆ وزەی ئەتۆمی کە پێشتر ئێران نکۆڵی لێدەکردن ئەوەندی دیکە ئەم نیگەرانیانەیان بەهێز کرد. بڕیارسازەکانی ئەوروپا و ئەمریکا بەشێوەیەکی ڕوو لە زیاد جەخت لەسەر ئاشکراکردن و جڵەوکردنی خواستە ناووکییەکانی ئێران دەکەن. بە گشتی، ڕەنگە ئێران لەسەرەتای بوونیدا بێت بە دەوڵەتێکی ناووکی یاخود لەو سەرەتایەوە نزیك بێت.

هێزە مووشەکییەکانی ئێران جۆری SUCD-١٣ و SCUD-C لە خۆدەگرێت بە هەمان شێوە مووشەکە نزیك مەوداکان لە جۆری CSS-٨ کە دروستکراوی چینن. ئەوەی جێی سەرنجە، ئێران بۆ خۆی مووشەکی سکود بەرهەمدەهێنێت. مووشەکی شەهاب-٣ کە مەوداکەی ١,٣٠٠ کم (مەودا مامناوەندی) لە ساڵی ١٩٩٨دا تاقیکرایەوە و دووبارە لە ساڵی ٢٠٠٠دا ئەم سیستمە لەسەر ئەندازەی مووشەکی NO-DONYی کۆریای باکوور بیناتنراوە لەگەڵ هاوکارییەکی بەرچاوی ڕوسی و چینییەکان ئەم سیستمە درێژەی پێدەدرێت. بەپێی ڕاپۆرتەکان ئێران هەوڵی خستۆتەگەڕ بۆ پەرەپێدانی مووشەکە دوور مەوداکان (شەهاب- ٤ و-٥)، بە چەشنێك ڕەنگە توانای گەیشتنی بە ئەمریکای باکوور هەبێت[١٩].

لە ئایندەی نزیکدا، پەرەپێدانی مووشەکە بنیاتنراوەکان لەسەر سیستمی Teapot-Dong ١ (٢٠٠٠ کم) یا Teapot-Dong ٢ (٥,٠٠٠-٦,٠٠٠ کم) ئەو توانایە بە ئێران دەدات هێرش بکاتە سەر ئەوروپا و ئێرۆ ئاسیا لە کاتی جەنگی لەگەڵ عێراقدا ئێران بە چڕی مووشەکەکانی سکۆدی بڵاوکردەوە. لە پاڵ بەرنامەی ناووکی پێشکەوتووی ئێراندا. هەوڵی بە دەستهێنانی مووشەکە کاراو دوور مەوداکان ئەو پێگەیە بە ئێران دەبەخشێت کە پەیوەستییەکی تایبەتی بەلێکدانەوە ستراتیژییەکانی دەوڵەتەکانی کەنداو،ئیسرائیل،و ڕۆژئاواوە هەبێت لە نێویاندا تورکیا[٢٠].

## عەرەبستانی سعودی

بەشێوەیەکی ئاسایی عەرەبستانی سعودی یەکێك نییە لە  وڵاتانەی بوویێتە جێی نیگەرانی سەربارەت بە بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو باوەڕە لە ئارادایە کە توانا و خواستەکانی چەکە کۆمەڵکوژەکانی وڵاتەکە سنووردارن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی مووشەکە بالستییەکان. لە ڕاستیدا، عەرەبستانی سعودی سستمی مووشەکی دوورهاوێژی بڵاوکردۆتەوە، مووشەکی جۆری css-۲ کە لە لایەن چینەوە دابینکراو و لە ساڵی ۱۹۸۷دا کڕدراوە. بەپێی ڕاپۆرتەکان عەرەبستانی سعودی ژمارەیەکی بەرچاوی مووشەکە مەودا مامناوەندییەکانی هەیە، کە مەودایان لە ۲,۰۰۰ کم پترە کە ئەو مەودایەش بەسە بۆ گەیشتن بە بەشێکی زۆری ئەورووپا، ئێرو ئاسیا،ونیمچە کیشوەری هندیش[٢١]. بەلانی کەمەوە یەکێك لە هەڵسەنگاندنەکانی ئەم دواییە ئاماژە بە توانای تەکنیکی عەرەبستانی سعودی و پاڵنەرە ئایندەییەکانی ئەم وڵاتە دەکات، بۆ بەدواداچوون و خستنەگەڕی بەرنامەیەکی ناووکی نهێنی لە ئاییندەدا[٢٢].

## ئەو پەرەسەندنەی و سەرکەوتنانەی ئالۆگۆڕیان لێدەکەوێتەوە

سەرەڕای جۆراوجۆری  و جیاوازی بەرنامەکانی چەکە کۆمەڵکوژەکان کە لە ناوچەکەدا خراونەتە گەڕ، دو ئەگەر ڕەنگە گرنگییەکی ئالۆگۆڕ ئامێزی هەبێت بۆ هەل و مەرجی ستراتیژی. یەکەم :نیگەرانی دەربارەی ئەگەر و کاتی سەرهەڵدانی هێزێك یاخود پتر لە هێزێکی ناووکییە لە ناوچەکەدا. بۆچوونەکان لە بارەی ئەوەی چ کاتێك ئێران (بە ئەگەرێکی کەمتر) لیبیا یا سوریا دەتوانن چەکێکی ناووکی بە دەستبهێنن کە بتوانێت بەکاربهێنرێت بەشێوەیەکی



بەرفراوان جیاوازن، بەشێوەیەکی گشتی ڕەوتی بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ناوچەکەدا هاوشان نەبووە لەگەڵ پێشبینییە مەترسیدارەکانی دەیەی پێشوودا. بەڵام ڕوونە کە ئێران توانای بە دەستهێنانی هێزی ناووکی لە ئایندەیەکی نزیکدا هەیە ،هەروەها توانای خۆدزینەوەی هەیە لە کۆت و فشارەکانی سەری. لە ساڵی ۱۹۹۳، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنە بڵاوکراوەکانی C۱A ئەوەیان خستەڕوو کە ئێران توانای برەوپێدانی پەرەسەندنی ناووکی هەیە لە ماوەی هەشت بۆ دە ساڵدا.

دوایین هەڵسەنگاندنەکان ئەم مەودا زەمەنییە بە پێنج بۆ دە ساڵ دەخەملێنن[٢٣].

هەوڵەکانی هەڵسەنگاندنی ئاستی پەرەپێدانی ناووکی گریمانەی هێڵێکی درێژ و هەڵکشاوی بەرەوپێشبردن دەکەن بۆ بە دەستهێنانی هێزی ناووکی. بەڵام شارەزایی ناووکی لەو دەوڵەتانی کە دیارترین و سەرەکیترین دەوڵەتی جێی نیگەرانین ڕەنگە تاڕادەیەکی باش پێشکەوتووبێت بۆ ئەوەی زۆر بە خێرایی هەندێ لە کۆگا ناووکییە بچووکەکان پەرەپێبدەن. کەواتە ئەگەری بە دەستهێنانی هێزوتوانای ناووکی ئەگەرێکی دیار و بەرچاوە گەر ئەو ماددانەیان دەستکەوت کە توانای کەرتبوونیان هەیە.

ئەگەری دووەم پەیوەستە بە پەرەپێدانی مووشەکە بالستییەکانەوە کە لە پێکاندا تاڕادەیەکی باش وردن و کیشوەر بڕیشن (پتر لە ۵,۵۰۰ کم). پێشکەوتن لە بواری بە دەستهێنانی ئەم چەشنە توانایەدا ڕەنگە دورتر و درێژخایەنتربێت، و کەمتر ئەگەری هاتنەدی هەبێت لەبەر ئەوەی پێویستی بە تەکنەلۆجای ورد یاخود کەلوپەلی دەگمەن  دەبێت (بەپێچەوانەی ئەگەری یەکەمەوە کە بەهۆی پێویست بوون بەو ماددانەی توانای کەرتبوونیان هەیە کارەکەیان دوادەکەوێت لە حاڵەتی بەرنامەی چەکە ناووکییەکاندا).

هەروەها ئەم ئەگەرە لەسەر ئەو پەرەسەندنە بنیات نراوە کە بە بەردەوامی لە سیستمە دوور هاوێژەکاندا لە ناوچەکانی دیکە دەکرێت، بەتایبەتی دابینکەرانی ئەم سیستمانە وەك کۆریای باکوور. بە خێرایی و بێ گیرو گرفت تەکنەلۆجیاو پێکهاتەکانی ئەم سیستمانە لەبازاڕە جیهانییەکان دا دەخرێنەڕو ودابین دەکرێن[٢٤].

بەردەست بوونی تەکنەلۆجیای ڕووسی و هاوکاریکردنی ئەم وڵاتە لە بواری مووشەکی لە گەڵ ئەو وڵاتانەی خوازیاری بە دەستهێنانی مووشەکە مەودا دوورەکانییان هەیە بە گوڕوتینی داوە بە ڕەوتی پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئەم چەکانە. تاوسەندنی هەوڵ وکۆشش وبایەخەکان لە پێناو بەدەستهێنانی شارەزایی وپسپۆڕی بۆ پەرەپێدانی هەڵدانی کەشتی بۆ شاییگەری (S١٧) ڕێگەیەکی دیکە دەڕەخسێنێت بۆ بە دەستهێنانی ئەو سیستمانەی توانای هەڵدانی کڵاوە چەنگییەکانییان هەیە بە ئاراستەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە پێگەکانی هەڵدانیانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. باوەڕوایە ئێران لە چەند ساڵی کەمی داهاتوودا ئەزموونی هەڵدانی کەشتی بۆ شایگەری ئەنجامبدات.

بازاڕی نێودەوڵەتی چالاك بۆ تەکنەلۆجیای مووشەکی لە دەرەوەی ڕێکەوتنامەی کۆنترۆڵکردنی تەکنەلۆجیای مووشەکی (MTCR)، هەندێ جار لە لایەن ئەو کەس و دەوڵەتانەی ئەم پەیماننامەیەیان ئیمزا کردووە، ئەوە دەگەیەنێت کە هەڵسەنگاندنی ئایندەی تواناکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناکرێت تەنها لەسەر بنچینەیەکی ناوچەیی ئەنجام بدرێت، پەرەسەندنەکانی ئاسیا و ناوچەکانی دیکە زۆر پەیوەستن بەیەکەوە. لە ڕاستیدا، نیگەرانییکان بە هۆی تاقیکردنەوە مووشەکییەکانی ئەم دواییەی کۆریای باکورەوە تاوی سەندووە.

بەرنامە ناووکییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیوەندییەکی نزیکی بە لایەنی ستراتیژییەوە هەیە و زۆر ڕێی تیدەچێت کە پەیوەستییەکی نزیکیشی بە لایەنی پەرە سەندنەوە هەبێت، لە گۆشەنیگای ڕۆژئاوادا، خستنەگەڕی توانای



مووشەکەکان کە توانای گەیشتنیان بە ئامانجە ئەوروپییەکان و ئەمریکای باکوور هەیە بایەخ و سەنگێکی گرنگتر وەردەگرێت گەر کۆگا ناووکییەکان بچنە پاڵ ئەم هێزە مووشەکییە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هەل و مەرجە، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی ژمارە و ورد بوونیان لە پێکانی ئامانجەکانیشیاندا سنورداربن، ئەوا ئەگەری ئەو کاولکارییەی کەلێیان دەکەوێتەوە بێ ئەندازەیە، بەو پێیە ئەگەری بەکارهێنانیان بۆ ئیبتیزازکردن ئەگەرێکی گەورەیە. لە گۆشە نیگای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەم چەکانەیان تێدا بڵاوە، کارێکی سەختە پاساوی ئەو وەبەرهێنانە زۆروزەوەندە لە مووشەکە کیشوەر بڕ و فرە قۆناغەکاندا بەوە بدەینەوە کە تەنها بۆ مەبەستی هەڵدانی کڵاوەی تەقلیدی بە هۆیانەوە.

ئامادەکردن و سازدانی ئوتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو ئاسانتر و هەزرانترە وە بە دڵنیاییەوە و وردتریشە (هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی سیستەمبەر بۆ سەر مەڵبەندی بازرگانی جیهانی و پەنتاگۆن ئاماژە بەوە دەکەن کە چۆن دەکرێت ئامانجێك بەدی بهێنێت تەنانەت بەبێ پەنابردنە بەر چەکە کۆمەڵکوژە ڕاستەقینەکان). خستنەسەری کڵاوە جەنگییە بایەلۆجی و کیمیاییەکان لە بایەخ و بەهای ئەم سیستمانە زیاد دەکات وەك چەکی تیرۆر بەڵام شارەزایی و ئەزموونێکی گەورەتری دەوێت لە حاڵەتی چەکە بایەلۆجییەکاندا.

بە دڵنیایەوە، بە دەستهێنانی تەکنەلۆجیای ناووکی ڕەنگە پێگەیەکی بەهێز ببەخشێت بەو وڵاتەی خاوەنی ئەم تەکنەلۆجیایەیە لە بەر ئەوەی توانای ئەوەی پێدەبەخشێت کە ئامانجە ستراتیژییەکان بخاتە ژێر ڕەحمەتی هەڕەشە و مەترسی جیددی و ڕاستەقینەوە وەك شارە پڕلە دانیشتوانەکان. ئەو باڵا دەستییەی لەم تەکنەلۆجیایەوە دەکەوێتەوەو دەبێتە هۆی پتەوکردنی پێگەی نیشتمانی و سەنگی ستراتیژی ئەو وڵاتەی خاوەنی ئەم چەشنە تەکنەلۆجیایەیە.

مووشەکە دوورهاوێژەکان ڕەنگە سیستمێکی لەبار بن بۆ چەکە کۆمەڵکوژەکان، بەڵام ئەمە تاکە ڕێگا چارەی بەردەمی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە. لە ڕاستیدا هەر

دەوڵەتێك لە ناوچەكەدا و هەموو ئەو وڵاتانەی جێی نیگەرانییەكی تایبەتن لە بواری بڵاوبوونەوەی چەكە كۆمەڵكوژەكاندا، خاوەنی فرۆكەی تاكتیكین كە توانای هەڵدانی چەكە بایەلۆجیی، كیمیایی، و ناووكییەكانیان هەیە. زۆرێك لە دەوڵەتان مووشەكەكانی كرۆزیان هەیە كە دەتوانرێت پەرەیان پێبدرێت بۆ ئەوەی كڵاوەی جەنگی ناتەقلیدی هەڵگرن، ئەم چەشنە سستمانە، و فرۆكە بێ فرۆكەوانەكانی بەشێوەیەكی ڕوو لە زیاد لە بازاڕی نێودەوڵەتیدا دەستدەكەون (دابینكراون).

هەوڵی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بە دەستهێنانی چەكە كۆمەڵكوژەكان لە پێناو پتەوكردنی هێز و پێگەیاندا، ڕەنگە كەمتر مەیلی گرتنەبەری شێواز و ڕێگا نهێنیەكانییان هەبێت. سوود لێوەرگرتنی نهێنی ئەم چەكانە ڕەنگە زیاتر وەك ئامرازی تیرۆر و تۆڵەسەندنەوە بەكاربهێنرێت، نەك وەك بەرەنگاری و شەڕكردن.

## پاڵنەرەكانی بڵاوبوونەوە و ئاڵۆگۆڕە ناوخۆییەكان

بەشێوەیەكی گشتی، پاڵنەری بەدەستهێنانی چەكە كۆمەڵكوژ و مووشەكە بالیستییەكان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە چەند ڕەگەزێك پێكهاتووە،كە پێكەوە بەشدارن لە دیاریكردنی داینامیكییەتی بڵاوبوونەوەی چەكە كەمەڵكوژەكان لە ناوچەكەدا. ئەم ڕەگەزانەش بریتیین لە خواستی دەوڵەتانی ناوچەكە بۆ بەدەستهێنانی سەنگ وقورسایی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ، خواستی بەرەنگاری و پارسەنگدانەوەی باڵادەستی سەربازی ڕۆژئاوا، وەپاڵنەرو بەرژەوەندییە ناوخۆییەكان.

## گەڕان بە دوای سەنگ و پێگەدا

نەبوونی ئاسایش ڕووكار و ڕواڵەتی هاوبەشە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە زۆر حاڵەتدا، مەترسی دەستدرێژی تەقلیدی بۆ سەر سنور و سەروەری دەوڵەتانی دراوسێ مەترسییەكی بەرچاو و هەستپێكراوە. پەیوەندی ئیسرائیل بە دەوڵەتە



دراوسێ عەرەبەكانییەوە و ناكۆكییەكانی كەنداوی فارسی لە دیارترین و بەرچاوترین نموونەكانن بۆ باری نا سەقامگیری ناوچەیی و هەرێمەكان بۆ سەر بارودۆخی هەنووكەیی ناوچەكە، سەرەڕای كێشەو گرفتەكانی دیكە، لە نێوانیاندا گرژییە مێژووییەكانی نێوان مەغریب و جەزائیر، لیبیا و تونس، لیبیا و میسر، میسر و سودان، و ئاڵۆزی وگرژییەكانی نێوان توركیا و دراوسێكانی. جگە لە كێشەی بەرگریكردن لە سنورەكان، ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوای هەموو شتێك، كێشەیەكە پەیوەستە بە ئاسایشی ناوخۆیەوە. سروشتی حوكمڕانێتی، باڵادەستی و زاڵی ڕژێمە گشتیگەرەكان، هاوسەنگی لەرزۆكی ڕژێمە پاشایەتییەكان، هێزە جوداخوازەكان،وبزوتنەوە و ڕەوتە نەتەوەپەرستەكان هەموویان پێكەوە بەشدارن لە خولقاندنی كەشی نائارامی كە زۆربڵاو و باڵادەستە لە سایەی ئەم هەل و مەرجەدا.

گەڕان بە دوای سەنگ و پێگەدا بە هۆی هەلومەرجەكانی پێكهێنانی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تین و تەوژمی وەرگرتووە. ئەزموونی هەڵوەشاندنەوەی كۆلونیالیزم، تەنانەت دوای خەباتێكی توندوتیژئامێز، شوێنەواری بەسەر نەتەوەپەروەری گوزارشتلێكراوەوە جێهێشتووە لە باكووری ئەفریقیاوە بۆ كەنداوی فارسی. تەنانەت دەوڵەتانی وەك ئێران و توركیا كە خاوەنی كەلتور و نەریتێكی دووروودرێژی سەربەخۆیی و ناسنامەی نەتەوەیین ئەزموونی ئەم دواییەی سازشكردنییان لەسەر سەرەوەری كە لە لایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە بە سەریاندا سەپێنرا هەست و هەژانێكی بەهێزی لە دەوڵەتە هاوچەرخەكاندا خولقاند كەناچاری كردن بیر لە پایە و پێگەی نێودەوڵەتییان بكەنەوە. چەكە كۆمەڵكوژەكان بەتایبەتی چەكە ناووكییەكان و مووشەكە بالیستییەكان، بوونەتە هێمایەكی گرنگ و پێوانەیەكی هەستپێكراوی هێزی دەوڵەت و هاوچەرخبوونی تەنانەت لە ناو وڵاتانی ڕۆژئاواشدا، بوونی كۆگا ناووكییەكان لە فەرەنسا و بەریتانیا ئەوەندەی بۆ سوود لێوەرگرتن ستراتیژی دەهێڵێرێنەوە هێندەش بۆ

دەستەبەرکردنی سەربەخۆی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی پێگەی نێودەوڵەتییان کەڵکییان لێوەردەگیرن. لەبارودۆخێکی ناسەقامگیرترله بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم هۆکارانە گرنگییەکی گەورەتر بەدەستدەهێنین.

جگە لە سوودی سەربازییان، چەکە کۆمەڵکوژەکان بەڵگەی بەرەوپێشچوون و دەستکەوتی تەکنەلۆجین. وێنەی مووشەکە بالیستیەکان کە لە تابلۆی ڕاگەیاندنی عێراقیدا کەلە سایەی حوکمڕانیکردنی سەددام حوسێندا نمایش دەکران، هەروەها ئەو مووشەکانەی لە ناوەندی تاراندا وەك پیشاندنان وسەلماندنی گەیشتن بە ئاستێکی تەکنەلۆجی بالا پیشان دەدران ئەو ڕاستییەی سەرەوە بەرجەستەدەکەن[٢٥] .

بە لەبەر چاوگرتنی کۆشش و تێچوونی پەیوەست بە پەرەپێدانی چەکە کۆمەڵکوژەکانەوە، ڕژێمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنانەت ڕژێمە شۆڕشگێڕییەکانش، ڕەنگە ئارەزوو خواستی ئەویان نەبێت کە ئەم چەکانە بدەنە دەستڕێکخراوە تێرۆرستییەکان کە ئەم چەکانە هێمای هێز و پێگەی نەتەوەیین. لە حاڵەتی چەکە ناووکییەکاندا. ڕژێمەکان کەمتر ئامادەیی و ئارەزوومەندیان هەیە بۆ دەستهەڵگرتن و دەستەبەرداربوونی کۆنترۆڵی ئەم چەکانە. بڕیاری خستنە بەردەستی توانا پەرەپێدراوە نیشتمانییەکانی چەکە کۆمەڵکوژەکان بۆ وەکیلەکان وەك شێوەیەك لە پاڵپشتی ئەم دەوڵەتانە بۆ تیرۆر، یاخود ئەنجامدانی هێرشی نهێنی یا ڕەمزی دژی ئامانجێکی رۆژئاوایی، زیاتر ڕەفتارکردارێکی نائومێدانە دەبێت. نەك ستراتیژییەتێکی (جیاوازی) مەبەستدار و بەرنامە بۆ داڕێژراو.

ڕووداوەکانی ١١ سێبتمبەر و جەنگەکانی ئەفغانستان و عێراق سەرنجی رۆژئاوا و ناوچەکەیان لەسەر کێشەی کۆنترۆڵی ناووکی چڕکردۆتەوە. پاکستان لە نێودەوڵەتە چالاکەکانی بواری بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکانە، ، کەخاوەن کۆگایەکی ناووکی یە، ئەم وڵاتە لە ڕووی سیاسییەوە ناسەقامگیرە،



پەیوەندییەکانی نێوان تەکنیکارە ناووکییەکان و ئیسلامییە ڕیشەخوازەکان(ڕادیکاڵەکان) پەیوەندی گرفت ئامێزن،کەئەم حاڵەتە کێشەی ناسەقامگیری بە ڕوونی بەرجەستە دەکات. ئێرانێکی ناووکی دەتوانێت هەمان ئەو مەترسیانە بسەپێنێت سەبارەت بە کۆنترۆڵی چەکە کۆمەڵکوژەکان. تەنانەت لە حاڵەتی بوونی کەم و کوڕی لە توانای ناووکیدا، مەترسی دزەکردنی بایەلۆجی، کیمیایی، و رادیۆلۆجی یاخود بەکارهێنانییان هەر لە ئارادایە.

کاتێك کۆنترۆڵ و جڵەوگیری چەکە کۆمەڵکوژەکان لاواز دەبێت یاخود شیرازەی تێکدەچێت، ئەوا چەکە سامناکەکان مەترسی ئەوەیان لێدەکرێت بکەونە دەستی ئەولایەن و ڕێکخراوانەی کە سەر بە دەوڵەتێکی دیاریکراو نین.

لە هەلومەرجی دوای جەنگی سارددا، گەڕان بە دوای بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان وەك ئامرازێك بۆ پەیداکردنی سەنگی ستراتیژی گرنگی و بایەخێکی نوێی وەرگرت بۆ هەندێك لە دەوڵەتە ناوچەییەکان کاتێك سەرچاوەکانی دیکەی سەنگ و قورسایی پوکانەوە. جەزائیر، لیبیا، سوریا و عێراق (بۆ سەردەمێکیش میسر) هەموویان سەنگێکی زیاتری سەربازی و دبلۆماسیان بە دەستهێنا بە هۆی پەیوەندییەکانییان لەگەڵا یەکێتی سۆڤیەت لە سەردەمی شەڕی سارددا. میسر و جەزائیر هەوڵیان خستەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی دەستڕۆیشتوویی بەسەر بزووتنەوەی نەتەوایەتی عەرەبی و سەرکردایەتیەکەیدا. ئەم پەیوەندییانە نەبوونە هۆی هێشتنەوەو پاراستنی ئەم سەنگ و بایەخە بۆ ماوەیەکی دووورودرێژ ، ئەگەرچی تا ئێستاش هەبوونی پەیوەندی لە گەڵ ڕوسیادا گرنگی خۆی هەیە بۆ گەیشتن بە تەکنەلۆجیای چەکە کۆمەڵکوژەکان. تەنانەت پاڵپشتی و گرنگی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل، میسر،و عەرەبستانی سعودی، لە نێو ئەو دەوڵەتانەی لێرەدا گفتوگۆیان لە بارەوە دەکرێت، سروشتێکی جیاواز و کەمتر ڕاستەوخۆی هەیە لە بارودۆخی دوای جەنگی سارددا.

بە کورتی، هەندێك لە سەرچاوە بەدیلە گرنگەکانی سەنگی جیوستراتجی پوکاونەتەوە،ئەمەش بۆتە هۆی هەڵکشانی بەهای بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان. وەك ڕێگاچارەیەك تاوەکو لە شانۆیی نێودەوڵەتیدا سەنگ و پێگەیان هەبێت. کاتێك بەرنامەی ناووکی جەزائیر لە ساڵانی نەوەتەکاندا چالاك بوو بەرپرسەکانی جەزائیر ڕاشکاوبوون لە ئاست بەهای ئەم پەیوەندییەدا. بە لای کەمەوە لە پەیوەندییدابە پەرەپێدانی ناووکییەوە. خواستە ناووکی و مووشەکییەکانی ئێران بۆ ڕۆژگاری پێش ڕژێمی ئیسلامی دەگەڕێتەوە وە ڕەنگدانەوەی ئەو لێکدانەوەیەیە کە ئەم چەکانە گونجاون بۆ پێداویستییەکان بواری بەرگری وڵاتەکە وپێگە ناوچەییەکەی. تەنانەت لە مشت و مڕەکانی ڕۆژئاواشدا دەربارەی ئاسایش، ڕەنگە گۆیبستی ئەو بیرۆکەیە بێن (بەپێچەوانەی عێراق، لیبیا،و سوریاوە) کە خواستە ناووکییەکانی ئێران لە هەندێ ئاستدا، ڕەوان،کەئەم خواستەش ڕەنگدانەوەی خواستی ئێرانە تاوەك هێزێکی ناوچەیی بەجدی هەڵسوکەوت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لە ڕۆژگاری جەنگی سارددا، ڕۆڵگێڕەکانی باشوور، لە نێوانیاندا دەوڵەتە عەرەبییەکانی باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مشت و مڕەکەیان بەو ئاراستەیەدا دەبرد کە کۆگاکانی چەکە کۆمەڵکوژەکانی هێزە باڵادەستەکان دەبێت سنووردار بکرێن لە ڕێی کۆنترۆڵی چەك و هێشتنەوەیان لە دەرەوەی هاوسەنگییە ناوچەییەکان، بەڵام ئەو ڕێگاچارەیەی ئەمڕۆ گرتوویانەتەبەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە مافی بە دەستهێنانی ئەم سیستمانەیان هەیە.

## بەرەنگاربوونەوەی باڵادەستی ڕۆژئاوا

ئەزموونی دەستێوەردانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و سەرهەڵدانی کەلێنێکی ئەوتۆ کە مایەی پڕکردنەوە نییە لە بواری توانای سەربازی تەقلیدیدا بەبێ بوونی دژە هاوسەنگییەکی هەستپێکراو پاڵنەر و پاساوێکی بەهێز دەخولقێنێت بۆ بە دەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان بۆ هەندێك دەوڵەتی وەك



لیبیا و ئێران کە ماوەیەکی دوورودرێژە لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوەدان لەگەڵ ڕۆژئاوادا. ئەمە، دوای هەموو شتێك، مشت و مڕەکە دەربارەی پێویستی دژایەتیکردن و بەرەنگاربوونەوەی باڵادەستی سەربازی و دەست ئاوەڵایی وڵاتە یەکگرتووەکانە لە دوایی جەنگی ساردەوە. لەگەڵ گەورەبوون وفراوانبوونی و ئامادەیی پتری ئەمریکا و هاوپەیمانان لە ناوچەکەدا دوابەدوای دەستێوەردانی ئەفغانستان و جەنگی سەر عێراق، زۆرێك لە وڵاتە سەرەکییەکانی بواری بڵاوبوونەوە وەك ئێران هۆکار و پاساوی زیاتر بەدی دەکەن بۆ بە دەستهێنانی بەرەنگارییەکی کارا.

مشتومڕە کە دەربارەی ستراتیژە جیاوازەکان بە هەمان شێوەیە بە سەر پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ئیسرائیلدا پەیڕەودەبێت، تارادەیەکی دیاریکراو ئەورووپاش، لە حاڵەتی ئێراندا تەنانەت بەسەر هاوسەنگی سەربازی لەگەڵ روسیادا جێبەجێ دەبێت. لە گفتوگۆی ستراتیژی ڕۆژئاوادا، گەڕان بەدوای بەدیلەکاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تەقلیدی نائۆمیدانە وەك گەڕان بەدوای ((ستراتیژییەتە جیاوازەکاندا)) خراوەتەڕوو. ئەم ستراتیژییەتانە تیرۆرزم دەگرێتەوە کە ئاستێکی نزمی تێچوونی هەیە هەرەوەها چەکە کۆمەڵکوژەکانیش کە بە پێچەوانەوە ئاستی تێچوونییان بەرزە. گفتوگۆ و خستنەبەر باسی ستراتیژییەتە جیاوازەکان بەرهەمی جەنگی کەنداوی ١٩٩١، بەڵام چەند نموونەیەك مێژوویی هەیە لەو بارەیەوە بەشێکی جێگیرە لە پرۆسەی نۆێکردنەوەی ستراتیژی ململانێی جیاواز کە بەشێوەیەکی بەردەوام درێژەی هەبووە، جەنگەکەکانی هەڵوەشاندنەوەی کۆلونیالیزم بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاواز بوون، دەوڵەتە عەرەبییەکان هەوڵیانداوە بەهۆی بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکانەوە بەسەر باڵادەستی تەکنەلۆجی ئیسرائیلدا زاڵبن ((بەپێچەوانەشەوە))، ڕاپەرینە فەلەستینییە یەك لە دوای یەکەکان و بەکارهێنانی تیرۆریزم لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەوڵی بنەڕەتیین بۆ زاڵبوون بەسەر هێزی تەقلیدی دوژمنەکاندا.

به زۆری شیکەرەوە ئیسرائیلییەکان وا وێنەی هەوڵەکانی عێراق، سوریا، و ئێران بۆ بەدەستهێنانی مووشەکەکانی هەڵگری چەکە کۆمەڵگوژەکان دەکەن کە هەوڵێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل.

ڕەنگە ئەمە ڕاست بێت تەنانەت کە لە دۆخی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازییە تەقلیدییەکانیشدا، کە تیایدا ڕەنگە هێرشە مووشەکییەکان بۆ ئیفلیجکردنی جوڵەی هێزە پیادەکانی ئیسرائیلی بەکاربهێنرێن[٢٦]. بوونی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکرێت لەگەڵ جەنگی تەقلیدیدا کارلێك بکەن بە چەشنێك ببێتەمایەی چەسپاندنی زیاتر سوودی سوپا ڕێکخراوەکانی و کەلوپەلە تەقلیدیەکان بۆ نموونە، لە ڕێی شکاندنی بە بنبەست گەیشتنە تاکێکی و کردارییەکان[٢٧].

جەنگی ساڵی ١٩٩١ی کەنداو پاساو و پاڵنەری خۆڵقاند بۆ گرتنەبەری ستراتیژیەتە جیاوازەکان، لەنێوانیاندا بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان، ئەو داوایەی لە لایەن شیکەرەوە ڕۆژئاواییەکان خرابووە پاڵ ((دەوڵەتە لە یاسا دەرچووەکان)) هەروەها لە مشتومڕە ناوچەییەکان و بواری پەیداکردنی ئەم چەکانەش سەرنجدراوو پەیپێبردراو بوون.

یەکێك لەو وانانەی ئەو جەنگە بۆ دژومنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان (ئیسرائیل) زۆر بەباشی لە دەستەواژەیەکدا گوزارشتی لێکرا لە لایەن ئەفسەرێکی پایەبەرزی هندستانەوە ((گەر خاوەنی چەکە ناووکییەکان نەبویت شەڕ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا مەکە))[٢٨].

ئەوکاتە، نیگەرانییەکی بەرچاو هەبوو کە عێراق ڕەنگە تۆڕە تیرۆرستەکان بخاتەگەڕ، لەگەڵ ئەگەری چەکدارکردنیان بە چەکە بایەلۆجی و کیمیاییەکان، وەك ئامرازێك بۆ گورزوەشاندن لە دژی ئامانجەکان لە ئەورووپا و وڵاتە



یەکگرتووەکاندا. لەبەر چەندین هۆی جۆراوجۆر، لە نێوانیاندا نەبوونی دامەزراوەیەکی هاوسۆز لەگەڵ تیرۆرستاندا، بواری ئەنجامدانی ئەم هەڕەشە مەترسیدارەی لە باربرد، لە ساڵانی نەوەدەکاندا[٢٩].

وەهەروەها لەمانگی چواری ٢٠٠٣ دا، لە چوارچێوەی جەنگی سەر عێراقداو لە دۆخی دوای داگیرکردنی وڵاتەکەشدا هەڕەشەو مەترسییەکی لەم چەشنە نیگەرانییەکی جیددی لێنەکەوتەوە.

هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژەکان ڕەنگە وا لە ڕۆژئاوا بکات سڵ لە دەست تێوەردان بکاتەوە، جا لە دۆخی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆدا بێت یا بە هۆی ڕێگریکردنی لە هەوڵی ڕۆژئاوا بۆ پاڵپشتی کردنی و یارمەتیدانی دەوڵەتە ناوچەییەکان. تەنانەت ئەگەرئەم چەکانە نەبنە هۆی بەرگرتن لە دەستێوەردان، وەك لە دۆخی تێوەگلانی ئەمریکا لە عێراق لە ٢٠٠٣ دابینیمان، بەڵام ڕەنگە زۆر بە باشی خەسڵەت و کاتی کردارە سەربازییەکان بخاتە ژێر کاریگەرییەوە. هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان، تەنانەت خاوەندارێتی ئەم چەکانە ((بەهۆی بوونی کۆگای ئەم چەکانە)) بەبێ هەڕەشەیەکی ڕاشکاوانەی بەکارهێنانیان، دەبێتە مایەی ئالۆزکردن و شپرزەکردنی بڵاوکردنەوەی سەربازان لە ناوچەکەدا. بۆی هەیە ئەم سەربازانە و دامەزراوە و ئامانجە سەربازییەکانی دیکەی سەر زەوی دووچاری مەترسی بکات. لە ڕاستیدا، مشتومڕە گەرم و گوڕەکە دەربارەی ئەم کێشەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەوروپا، و ئیسرائیل رەنگە زۆر بە باشی ئەم گۆشەنیگایە بچەسپێنن و بەرژەوەندی و خواستی بە دەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان پتەوتر بکات وەك بەرەنگارییەك وە وەك چەکێکی سایکۆلۆژی لە جەنگدا.

ئەو کۆمەڵگەیانەی وادەردەکەون ((لە دۆخی پووکانەوەدان) هەروەك ئیدوارد لۆتراك دووپاتی دەکاتەوە، ڕەنگە گرتنەبەری ڕێگا چارە جیاوازەکان هانبدەن بۆ شەڕکردن، بەهۆی بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان وەك ئامرازێکی سەرەکی.

هەروەها بڵاوبوونەوەی مووشەکە دوورهاوێژەکان دەرفەتی هەڕەشەکردنی بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان دەڕەخسێنێ لە ئاستی ستراتیژیدا لە دژی شار و مەڵبەندە پڕ لە دانیشتوانەکان وەك بەرەنگارییەك وە بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەی کە دەستێوەردان لە ناوچە دووردەستەکان هەڵگری مەترسییەکی ئەوتۆیە کە شایستەی سەرکێشیکردن نییە ودەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان ناچاردەکات سڵ لە گرتنەبەر ئەم ڕێگاچارەیە بکەنەوە. ئەو وڵاتانەی ناوچەکە کە چەکە کۆمەڵکوژ و مووشەکە دوورهاوێژەکانییان تێدا بڵاوبۆتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەتوانن هەڕەشەی ڕاستەقینە لە خاکی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بکەن لە ئەوروپا و لە دەوروبەری ناوچەکەشدا،کە ئەم دۆخەش پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکان ئاڵۆزدەکات.

لەبەر چاوگرتنی تۆڵە سەندنەوەی گشتگیرانە و تێکشکێنەرانە، تا ئاستی لەناوبردنی نەتەوەیی، بڵاوکردنەوەی (خستنەگەڕ و دامەزراندنی) چەکە کۆمەڵکوژەکان لەم بارەدا زیاتر مەسەلەیەکی گومان ئامێز و گرفت ئامێزە بۆئەو ڕژێمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە ململانێدان لەگەڵ ڕۆژئاوا.

## پەرەپێدانی ناوخۆی و بازرگانی نێودەوڵەتی

بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی چەکە کۆمەڵکوژەکان وسیستمەکانی هەڵدانیان (کە ئێستا ئەم سیستماتە توانایەکی گەورەتر و بەهێزتریان هەیە) هاوکاتە لەگەڵ بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی پەرەپێدان و بەرهەرمهێنانی ناوخۆییدا. بۆ ئەوەی ڕوون بێت لە لامان، ئەم پرۆسەیە یەك شێوە و قەبارە و ڕەوتی وەرنەگرتووە،وە شارەزایی و دامەزراوەی پەرەپێدانی چەکە کۆمەڵکوژەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان جیاوازە لە نێو ئەو وڵاتانەی ئەم چەکانەیان تێدا بڵاو بۆتەوە.



هەندێکیان بناغەی تەکنیکی پێشکەوتوو تا ڕادەیەکی پێشکەوتوو گەورەیان هەیە. ئەوانی دیکە کەمتر پەرەسەندوون. بەشێوەیەکی گشتی، دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت بۆچەندکومەڵەیەك پۆلێنییان بکەین.

لە پەیوەندییاندا بە بایەخدان و توانای و ناوخۆییە پەرەپێدانی چەکە کۆمەڵکوژەکانەوە (لە ڕاستیدا سێ کومەڵەن، ئەگەر ئەو کۆمەڵە دەوڵەتانەمان لە بەرچاوگرت کە لە ڕواڵەتدا بایەخ بە توانای چەکە کۆمەڵکوژەکان نادەن).

کۆمەڵەی یەکەم ئەو دەوڵەتانەن کە خاوەنی یاخود بە دوای بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵ کوژەکانەوەن لەگەڵ سیستەمەکانی هەڵدانییان کە مەودایەکی دوور دەبڕن، بەڵام توانایەکی ڕاستە قینەی ناوخۆییان نییە بۆ دروستکردنی و پەرەپێدانییان، تەنانەت توانای چاککردن و نوێکردنەوەی ئەو سیستەمانەشیان نییە کە لە دەرەوە کڕیویانە. جەزائیر، لیبا، و سوریا سەر بەم کۆمەڵەیەن و هەر بەو پێیەش پشت بە یارمەتی دەرەکی دەبەستن بۆ بەرنامەی چەکە کۆمەڵکوژەکانیان. تەنانەت لێرەشدا، سەرەڕای ئەوەی باسکرا، لەوانەیە هەندێك بواری دیاریکراو هەبن کە خاوەنی توانایەکی بەرزن تێیدا، وەك توانای دەوڵەتی سوری بۆ دروستکردنی چەکە کیمیاوییەکان. دوایی هەموو شتێك، دامەزراوەی چەکە کۆمەڵکوژەکانی ئەم چەشنە دەوڵەتانە ڕەنگە خەسڵەتی دیارییان ئەو پشت بەستنە بێ ئەندازەیە بێت بە شارەزایی و پسپۆڕی وڵاتانی دیکە و بە دەستهاتوو لە ڕێی بازرگانی نێودەوڵەتییەوە[٣٠].

کۆمەڵەی دووەم لەو وڵاتانە پێکهاتووە کە نەك هەر تەنها خاوەنی چەکە کۆمەڵکوژەکانن و هەوڵی گەورەکردنی قەبارە و کۆگاکانیان دەدەن بەڵکو توانایەکی بەرچاوی پەرەپێدان، دروستکردن، و پێشخستنی ناوخۆییان هەیە. میسر و عێراقی ژێر سایەی دەسەڵاتی سەدام حوسێن، ئێران، و بەدڵنیاییەوە ئیسرائیل سەر بەم کۆمەڵەیەن. لەم دۆخەدا، بنچینەی تەکنیکی دەوڵەتەکە

بەرچاوو بەدامەزراوەیی کراوە. هەروەها ئەو وڵاتانەی خاوەنی شارەزایی و دەرامەتی پێویستن بۆ بەشداریکردن لە بەرنامە چەند قوولییەکان، لەگەڵ بەشدارەکانی دیکەی ناوچەکە یاخود وڵاتە دوورەکان، بەڵام توانا ناوخۆییەکانیان هاشێوە نییە. تەنها ئیسرائیل توانایەکی ئاستی بەرزی هەیە لە هەموو بوارەکانی پەرەپێدانی چەکە کۆمەڵکوژەکاندا، ئەگەرچی هەندێك بوار (بۆ نموونە، پەرەپێدانی مووشەکی و ناووکی) سەرنجێکی گەورەتریان لە بوارەکانی دیکە کێشکردووە. ئەم بنچینە تەکنیکیەیە گەورەیە ڕەنگە دەرفەتی سوودوەرگرتنی خێرا بۆ گەیشتن بە مادده هەستیارەکان لە دەرەوە، و بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان بەڕەوتێکی خێراتر بڕەخسێنێت(٣١).

یەکێك لە گرنگترین ئەو سوودانەی ئەم دەوڵەتانە بەهرەمەندن لێی توانایی بەناوخۆییکردنی ئەو تەکنەلۆجیایانە کە لە شوێن و ناوچەکانی دیکە بەدەستهاتوون. تەنانەت لەگەڵ بوونی توانا ناوخۆییەکان لەناوچەکەدا، بە دەستهێنان و دەستگەیشتن بە شارەزایی و ماددەکانی پەیوەست بە چەکە کۆمەڵکوژەکانە، تەنانەت بەدەستهێنانی سیستمەکانی ئەم چەکانە بەهۆی بازرگانی نێودەوڵەتی وە، وەك بەشێکی گرنگ لە هاوکێشەی بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان دەمێنێتەوە. بەبێ بارزگانی پەیوەست بە چەکە کۆمەڵکوژەکان لەگەڵ چین، روسیا، و کۆریای باکوردا، ئەوا ئەگەرەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم چەکەکانە تانەت لەگەڵ بوونی دەوڵەتە بە تواناوپابەندەکانیشدا ئەوا بەدڵنیاییەوە بەرەو کەمبوونەوەو پووکانەوە دەچن. ئەگەر بازرگانی ئەو تەکنەلوجیا و ماددانەی ((بەکارهێنانی دوو سەرەیان)) هەیە و بە ئاستێکی گەورەتر ئەنجامدەدرێن، کە زۆریان لە رۆژئاواوە سەرچاوە دەگرن لە بەر چاو بگرین، ئەو ڕاستییە روون دەبێتەوە کە پەرەپێدانی توانای ناوخۆی چەکە کۆمەڵکوژەکان زۆر بە وردی لەگەڵ یارمەتی و بازرگانی دەرەکیدا بە یەکداچووە.



## هۆکارە ناوخۆیی و دامەزراوەییەکان

سەرەڕای پەرۆشبوون بۆ بە دەستهێنانی سەنگ و پێگەی ناوچەیی و پەرەپێدانی کەرتی سەربازی، بەرنامەکانی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەنگە بە هۆکارە ئابووری و بیرۆکراتییەکان کاریگەربن.

دام و دەزگا سەربازی و مەدەنییەکان بۆی هەیە جڵەوی بەرنامەکانی چەکە کۆمەڵکوژەکانیان بدرێتە دەست لەبەر هۆکار سیاسییەکان، لەبەر ئەوەی جێی باوەڕی رژێمەکەن، یاخود وەك ئیمتیازێ بۆ پاراستنی ئەو متمانەیە.

هاوشان لەگەڵ بەرنامە سەربازی و مەدەنییەکان، دامەزراوە و تێچوونەکانی بواری لێکۆڵینەوەی ناووکی، کیمیایی، بایەلۆجی، و مووشەکی دەرفەتگەلێکی لە بار دەرەخسێنن بۆ گەندەڵی و بەهەدەردانی سەرچاوە داراییەکان. ((سوودە)) دامەزراوەییەکانی ئەم بەرنامانە ڕەنگە یارمەتیدەر بن لە ڕوونکردنەوەی خەرجییە بەردەوام و بێ ئەندازەکان بۆ دروستکردنی دامەزراوەی ناووکی،کە تەنانەت هەندێك لەم دەوڵەتانە پاپەندبوونێکی درێژ خایەنییان نییە بۆ تەواوکردنی ئەم دامەزراوانە. هەر کاتێك بڕیارەکانی پەیوەست بە دەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان وەرگیران، ئەوا ئەگەری ئەوە لەبەرچاو دەگیرێت کە بەرژەوەندییە بیرۆکراتییە بەرچاوەکانی ڕۆڵی خۆیان ببینن کە هەڵوەشاندنەوە و پێچەوانەوەکردنەوەی ئەم بڕیارانە دەکەنە کارێکی سەخت و دژوار.

بەو پێیە بەرنامەکانی پەیوەست بە چەکە کۆمەڵکوژەکان گوڕوتین وەردەگرن درێژە بەڕەوت و بەردەوامی خۆیان دەدەن ڕەنگە ئەمە ئەو هۆکارە بووبێت لە جەزائیر، کە لەو وڵاتەدا تاقیکردنەوەی ناووکی و بەرنامەکانی دروستکردنی کورەی ناووکی بوونە سەرچاوەیەکی سەرەکی دیاری پێگەو سەنگی بەرەی نەتەوەیی ئازادیخوازی فەرمانڕەوا(٣٢).

به دامەزراوەییکردنی بەرنامەکانی پەرەپێدانی چەکە کۆمەڵکوژەکان ڕەنگە ببێتە بەربەست و کۆسپ لەبەردەوامیدان بە هەوڵەکانی وڵاتە خاوەن چەکە کۆمەڵکوژەکان بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی پێداویستییەکانیان و بۆ ڕاگرتنی یاخود سنوردارکردنی ئەو بەرنامانەی چیتر خزمەتی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانییان ناکەن. تەنانەت ئەگەر ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنەکانی پاراستنی ژینگە و کۆنترۆلکردنی چەکیش پێشنیاری دەستهەڵگرتن بە هەڵوشاندنەوەی یاخود سنوردارکردنی کۆگای ناووکی، کیمیای، بایەلۆجی، یاخود موشەکییەکان- وەك دەرئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی ئاشتییەکی سەرتاسەری نێوان عەرەب و ئیسرائیل- ئەوا هێشتا لەوە دڵنیانیین کە ئەم وڵاتانە (خاوەنی چەکە کۆمەڵکوژەکان) توانای سوودوەرگرتنیان لەم دەرفەتانە دەبێت. سیاسەتی ناوخۆیی و هاوسەنگی هەستیاری پەیوەندییە سەربازی —مەدەنییەکان ڕەنگە لە ڕێی ئەم سوودەوەرگرتنەدا ئاستەنگ بن.

نادڵنیای و نائارامی بەردەوام، لە هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا، لە زۆربەی ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەنگ و قورساییەکی بەرچاو بە دامەزراوەی سەربازی و پیشەسازی بەرگری دەبەخشن. لە ناوچەیەکدا دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز بۆتە خەسڵەتی دەوڵەتەکانی، بەرنامەکانی لێکۆڵینەوەی ناووکی، کیمیایی، و بایەلۆجی بە مەبەستی بە دەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان ئامرازگەلێك بۆ سیاسەتە بیرۆکراتییەکان و تەنانەت بەرزکردنەوەی پلەوپایەی کەسایەتییە گرنگەکانی دەڕەخسێنن.

هەروەها بەرنامەکانی چەکە کۆمەڵکوژەکان بەدەرنیین لەو دیاردە گشتییە کە بەدەستهێنانی چەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەپێی خواست و ویستی فەرماندە سەربازییە بەرزەکان دیاری دەکرێت. زۆرجار بەبێ ئەوەی وڵاتەکە توانای پاراستنی و خستنەگەڕی سیستەمە پێشکەوتووەکانیشی هەبێت[٣٣].



وەك نموونەیەك، شیکەرەوەکان بە گومانن لە مووشەکەکانی عەرەبستانی سعودی کە مەودا مام ناوەندیین و لە لایەن چینەوە دابینکراون و لە ساڵی ١٩٨٠دا بە دەستهاتوون بە گومانن لەوەی کەڵکی خستنەگەڕیان لە ئارادا مابێت.

هەندێك لە شێوەکانی بڵاوکردنەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان بەشێوەیەکی بەراووردکاری خەرجییەکی تاڕادەیەك پەسەند کراو و لەخۆبگرن —بۆ نموونە، بەرهەمهێنانی چەکە کیمیاییەکان لە وڵاتێکدا کە پیشەسازی کیمیایی تائاستێکی گەورە گەشەیکردووە. بەرنامەکانی دیکە، لە سەرووی هەموویانەوە پەرەپێدانی ناووکی تا دوا ئەندازە تێچوونەکانیان گران لە سەر بوودجەی ئەو وڵاتانە ڕادەوەستێت، سەرەڕای ئەوەی خەرجییەکانیان دەبێت لەگەڵ تێچووی بنیاتنانی هێزە تەقلیدییە گەورەتر یاخود پێشکەوتووترەکاندا بەراورد بکرێت وپارسەنگ بدرێتەوە.بە دڵنیاییەوە، ڕژێمێك ڕەنگە بەرژەوەندییەکی یەکجار گەورەی لە خاوەندارێتی چەکە کۆمەڵکوژەکان و سیستمەکانی هەڵدانی یان بۆ مەودایەکی دوور هەبێت. بەڵام لە هەندێ دۆخدا، لەوە دەچێت خەرجی هۆکارێك بێت لە ڕەوت و مەودای بە دەستهێنانی ئەم چەکە مەترسیدارانەدا بۆ جەزائیر، لیبیا، ئێران، و تاڕادەیەك میسر (کە هەناردەکانی گاز تیایان دا لە گەشەکردندان)، نرخەکانی وزە کاریگەرییەکی گرنگیان لەسەر داهات و سەرچاوە داراییەکانی دەوڵەت هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و بە دەستهێنانی ئەم چەکە مەترسیدارانە.

نرخە بەرزەکانی وزە لەم ساڵانەی دواییدا ئابوورییە گرفتئامێزەکانی دەوڵەتە سەرەکییەکانی ناوچەکەی بەهێزکردووە و گەشەی پێداون وە بوونەتە هۆی هەوڵەکانی بەدەستهێنانی ئەم چەکە کاولکارانە. هەروەها دەتوانرێت بیانووی ئەوە بهێنرێتەوە کە دابەزینی نرخەکانی وزە دەبێتە مایەی بیرکردنەوە و لەبەر چاوگرتنی چەکە کۆمەڵکوژەکان تا ئەو ئاستەی وەك جێگرەوەیەکی (بەدیل) هەزران لە بەرامبەر فراوانکردنی هێزە تەقلیدییەکاندا پەنایان بۆ ببرێت. بۆ ئەو

ولاَتانەی سزا ئابوورییەکانیان بەسەردا سەپێنراوە لەگەڵ جیاوازی لە توندی و کارایی ئەم سزایانەدا، لە نێویاندا ئێران، لیبیا، قەید و کۆتەکانی سەر بازرگانی بۆی هەیە تا ئاستێك کاریگەری لەسەر تێچوونی بواری چەکە کۆمەڵکوژەکانی هەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی توانای سەلمێنراوی ڕژێمەکان بۆ بەرەو پێشبردن و پێشخستنی بەرنامەکانی چەکە کۆمەڵکوژەکان سەرەڕای سزا ئابوورییەکان، ئەوا ڕێگە گرتن و ئابڵۆقەدانی تەکنەلۆجیا و ماددە هەستیارەکانی بۆی هەیە ببێتە ئاستەنگێکی گەورەتر لەبەردەوم بڵاوبوونەوەی ئەم چەکانەدا.

## گۆڕانی ناوچەیی

کاریگەرییەکانی هەل ومەرجی ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، وەکاریگەربوونی ئەم هەل ومەرجە لە سەر بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵ کوژەکان. هەروەها گەورەبوون و گەشەکردنی مەودای سیستەمەکانی هەڵدانییان پرسیارێکی گرنگ دەوژێنێت لە بەرەی ئاسایشی سنورەکانی ناوچەکەوە. ئەوەی روون و ئاشکرایە گفتوگۆکردن لە بارەی ڕژۆهەڵاتی ناوەڕاستەوە وەك هەرێمی بڵاوبوونەوەی ئەم چەکە کاولکەرانە ناکرێت بەسادەیی لە لیڤانت و کەنداودا کورتبکرێتەوە. باکوری ئەفریقیا و ناوچەیی دەوری دەریای سپی ناوەڕاست بەشێکی ئەم هاوکێشەیەن، بەهەمان شێوە تورکیا، وکارلێکردنی باکوور و باشوور لەسەر ناوچەی دەروبەی باشووری ئەوروپا، وپەرەسەندنەکانی باکووری ئاسیا بە هەمان شێوە کاریگەری وگرنگییان هەیە.

هۆکارەکانی جوگرافیا و دانشتوانیش ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە پاڵنەر و دەرئەنجامەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم چەکە وێرانکارانەدا.



## کێشە جوگرافییەکان

بە بەراورد بە ململانێ کێشوەریی ڕۆژگاری شەڕی سارد، یاخود هەل و مەرجی ستراتیژی لە ئاسیادا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕاستیدا ناوچەیەکی پڕوتێکچڕژاو و بە یەکداچووە هەروەها بەشێوەیەکی چڕ بە شارستانی بووە (ڕێژەی شارنشیەکان و ژمارەی شارەکانی لە گەشەکردندان). هەردوو ئەم هۆکارە دەرئەنجام و ڕەنگدانەوەیان هەیە لەسەر بەکارهێنانی و خاوەندارێتی چەکە کۆمەڵکوژەکان. نزیکی مەڵبەندەکانی نیشتەجێ بوون و ئەگەری بوونییان بە ئامانجی دوژمنەکانی ئەوە دەگەیەنێت کە سیستەمە مەودا دوورەکانی دەکرێت بۆ هەڵدانی چەکە کۆمەڵکوژەکان بەکاربهێنرێن لە چوارچێوەی سنوری ناوچەکەدا، لە نێوانیان دا فڕۆکە جەنگییە تاکتیکییەکان، مووشەکەکانی کروز، تۆپ هاوێژەکان،و تەنانەت بارهەڵگر و توربیدەکان.

لەگەڵ بوونی ڕێگا زۆر پێشکەوتووەکانی ئاشکراکردن و پێشبینیدا، هەڵدانی مووشەکی جۆری ICBM لە ڕوسیاوە تەنها دەرفەتی ٢٠ دەقە بۆ وڵاتانی یەکگرتووەکان دەهێڵێتەوە بۆ ئاگادارکردنەوە، ئەم دەرفەتە لەگەڵ بۆمبە مرۆییەکان کەمتر و لەگەڵ سیستەمە ژێر ئاوییەکاندا زیاتر دەبێت. لە حاڵەتی هەڵدانی مووشەکدا لە سنووری ناوچەی کەنداوەوە دژی ئیسرائیل ماوەی ئاگادارکردنەوەکی ڕەنگە بە دەقە بپێورێت. بە لەبەرچاوگرتنی نەبوونی سیستەمە وردەکانی پشکنینی بۆشایی (بۆ ئاشکراکردنی مووشەکەکان) لە ناوچەکەدا،کە ئیسرائیل لەم حاڵەتە بە دەرە، لەگەڵ تورکیادا بە هۆی پەیوەندی بە ناتۆوە، ئەوا ئەگەری دووچاربوون و ڕووبەڕووبوونەوەی گورزی کاولکار و هەژێنەر لە ئارادایە[٣٤].

هەموو دوژمنە سەرەکی و دیارەکانی ناوچەکە توانای گەیشتیان بە ئامانجە بەهادارەکانی یەکدییان لە خاکی یەکدیدا هەیە بە بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان لەگەڵ ڕادەیەکی دیاریکراوی سەرکەوتندا. هەروەها دەتوانن

بگەنە ناوچەکانی دەوربەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تورکیا، ئەوروپا و ئیرۆ ئاسا. لە ڕاستیدا، بە لای کەمەوە هەندێك لە دەوڵەتە ناوچەییەکان دەتوانین ئامانجی دوورتر بپێکن، وەك باکووری ئەوروپا، ودواجار ئەمریکای باکوور. لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە یەك نزیکی، فراوان بوونی شار و زیادبوونی ڕێژەی شارنشینان و نەبوونی قوڵایی ستراتیژی ((بارودۆخە مەترسیدار وبێ ئەندازە هەستیارەکە ئەگەریی سەرهەڵدانی گرژی و ئاڵۆزی لێدەکرێت کاتێك هەموو لایەك لە هەمان دۆخی لاوازی و لەرزۆکی دان)) تیایدا هەڕەشەکانی سەر بوونیان لە هەڵکشاندان. بەکارهێنانی چەکە ناووکییەکان دژی ژمارەیەکی کەمی ئامانجە مەدەنییە هەستیارەکان (تەل ئەبیب، قاهیرە، بەغداد، تەهران، هتد) بە لەناوبردنی نەتەوەیی لێکدەدرێتەوە و یەکساندەکرێت[٣٥].

گرفتی پاراستنی سنورەکان و ئەگەری بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان پەیوەستییەکی نزیکی بە باردۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە کە تیایدا ڕزگاربوونی نەتەوەیی بەزۆری دەکەوێتە ژێرهەڕەشەی داگیرکردنەوە. گرفتی بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان لەم دۆخەدا لێچوونێکی زۆری لەگەڵ ڕۆڵی هێزە مووشەکی و ناووکییەکان لە بەرگری ئەوروپیدا لە سەردەمی شەری ساردا هەیە. بەڵام بەپێچەوانەی بارودۆخی شەڕی ساردەوە، ئەو لێکدانەوەیە لە ئارادانییە کە بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕ لەلایان هێزە باڵاکانەوە بە سەر سەری شەڕکەرانی دیکەوە بکرێت. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سنوروخاکی شەڕە ناوچەییەکانی گۆڕەپانی شەڕەکە دەبێت. بەدەستەوەبوونی کات و دەرفەتێکی کەمی ئاگاداربوون و ئاگاداری کردنەوەو دەستەبەرکردنی توانای خۆپاراستن لە گورزی دووەم ((وەتەنانەت پەرەپێدان و خستنەگەڕی سیستەمەکانی چەکەکۆمەڵ کوژەکان بە بێ مەترسی دووچاربوونی بەگورز و پەلاماری بەرپێگرتن)) دەکاتە کارێکی سەخت وئەستەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەگەر هەوڵ وکۆششێکی بەرچاو تەرخان نەکرێت بۆ پتەوکردن وخێرا هەڵسوڕاندن و خێراخستنەگەڕی ئەم سیستەمانە. سروشتی هەستیاری هاوکێشەی



هەلومەرجی ستراتیژی وامان لێدەکات بەو بۆچونە قایل نەبین کەبڵاو بوونەوەی چەکە ناوەکییەکان دەبێتە مایەی سەقامگیری. هەروەها چۆنیەتی دابەشبوونی دانیشتوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەندێك کۆت و بەند بەسەربەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکاندا دەسەپێنێت. نزیکی ئیسرائیلییەکان و دانیشتوانی عەرەبی نیشتەجێی ئیسرائیل، وغەززە و کەناری خۆرئاوا، ڕەنگە حیساباتی دوژمنەکان ئاڵۆز بکات کە چاویان لە بەکارهێنانی چەکە بایەلۆجی یاخود ناوەکییەکانە لە دژی ئیسرائیل. کلاوە جەنگییە تەقلیدییەکان و لەوانەیە کیمیاییەکانیش ڕەنگە هەڵگری مەترسییەکی کەمتر بن لەکاتی بەکارهێنانیدا، بەتایبەتی لەگەڵ بوونی سستمەکانی هەڵدانییاندا کە بەشێوەیەکی وورد ئامانج دەپێکن. ئەگەر سوریا ئەو مووشەکانە بەکاربهێنێت کە هەڵگری کڵاوەی کیمیایی بن لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ تورکیا، لەوانەیە شاری ئەسکەندەرۆنە ئامانجێکی لە بارو سەرنجراکێش بێت لە باشوری ئەو وڵاتەدا(تورکیا)، بەڵام زۆرینەی دانیشتوانی ئەم شارە عەرەبن. کەش و هەوا وەرزیەکان کە ئەم ناوچە لەیەك نزیکانە هاوبەشن تیادا وە چڕی دانیشتواتی ناوچەکە ڕەنگە لە دەرەوەی سنوری ئامانجەکە دیاریکراوەکە قوربانی لێبکەوێتەوە، وە لەوانەیە سنوری دەوڵەتەکانیش ببڕێت، بەتایبەتی لە حاڵەتی چەکە ناوەکییەکاندا.

## ململانێکانی باکور- باشور و هاوسەنگییە ناوچەییەکان

وەك کێشەیەکی گشتی، داینامیکیەتی بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکانبە شێوەیەکی چڕ کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئاڵۆزیی و گرژییەکانی ـ باکوور- باکوورەوە پتر لە باشوور- باکوور لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوروبەریدا[٣٦].

بایەخ و گرینگپێدانی لیبیا بە چەکە کۆمەڵکوژەکان پەیوەندییەکی بەتینی بە پەرۆشی ڕژێمەکەوە هەیە بۆ بەدەستهێنانی سەنگی ناوچەیی لە مەغریب، ئەفریقیا، و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەرەڕای ئەوەی هەوڵی لیبیا بۆ بە دەست

هێنانی ئەم چەکانە جێی نیگەرانی ڕۆژئاوان. میسر بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا سەرقاڵی تێڕوانین و لێکدانەوەی تواناکانێتی ئەوەی پەیوەستە بە پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ئیسرائیل و پێگەی ئەم وڵاتە(مسر) لەجیهانی عەرەبیدا. عێراق و ئێران هەردوولایان لەدڵە ڕاوکێدابوون دەربارەی ئاستی چەکە بەدەستهاتووەکانی یەکدی. دانانی بەرەنگارییەك لە ڕێگەی ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکاندا بەشێکی ئەم لێکدانەوەوحساباتەیە، ئەگەر چی ڕەنگە وەك ڕێگە چارەی دیارو سەرەکی بیری لێبکرێتەوە لەکاتی ڕووبوڕوبوونەوە لەگەڵ ڕۆژئاوادا. تواناکانی ئیسرائیل لە بواری چەکە کۆمەڵ کوژەکاندا مەودایان لەسنوری ناوچەکەدایە، ئەگەرچی توانایی گەیشتن بە روسیا و پاکستان سوودی خۆی هەیە، یەکەم لە هەمووشی گرنگتر شێواز و بەردەوام بوونی ناکۆکی ناوچەیی ئەوە دەخەنە ڕوو کە دەوڵەتانیچوارچێوەی ناوچەکە، لە بارترین ئامانجن بۆ چەکە کۆمەڵکوژەکان.

ئەگەرچی کەمتر ئەم ئەگەرە لە ئارادایە، بەڵام بڵاووبوونەوەو هەڕەشەیی بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکانڕەنگە بەشێوەیەکی دیارتر و بەرچاوتر قاڵبی باکوور ـ باشوور وەربگرێت. بیرۆکە وروژێنەرەکەی ساموئیل هانتکتۆن((بەیەکدادانی شارستانییەتەکان)) ئەوەی خستەڕوو کە ئەگەری هەماهەنگی لەبواری چەکە کۆمەڵکوژەکاندا هاوشان بە هێڵە ئایینییەکان لە ئارادایە ـ((بۆمبی ئیسلامی))[٣٧]. ڕووداوەکانی ١١ سێتەمبەر و ڕەنگدانەوەکانی ترس و دڵەڕوکێی بەیەکدادانی شارستانییەتیەکانیان زیندووکردۆتەوە، سەرەڕای شکستی ئوسامە بنلادن لە بەرپاکردنی ڕووبەروبوونەوەیەکی فراوان لە نێوان جیهانی ڕۆژئاواو ئیسلامیدا.

بیرۆکەی شوبهاندنی چەکە کیمیای و بایەلۆجییەکان. وەك ((چەکی ناووکی بێ دەسەڵاتەکان)) لە هەناوی دا ئاماژەی بەرپەچدانەوەی هەڵگرتووە لە نێوان ئەوانەی خاوەنی ئەم چەکانەن و ئەوانەی ئەم چەکانەیان نییە. بەشێوەیەکی



واقعیانەتر، تێکچوونی پەیوەندییەکان لە نێوان ئیسرائیل و دراوسێکانیدا بۆی هەیە کاریگەری لەسەر پەیوەندی جیهانی عەرەبی بە ڕۆژئاواوە بەجێ بهێڵێت. لەڕاستیدا، ئەمە بەرچاوەو هەستپێکراوە لەنێو ئەو دەستپێشخەرییە زۆرانەی بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست دەخرێتەڕوو.

بەدڵنیاییەوە، ئاسایشی ناوچەکانی دەوروبەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە کۆگا پێشکەوتووەکانی چەکە کۆمەڵ کوژەکانی ناوچەکە کاریگەری دەبن. بەشێوەیەکی تایبەتی، زیادبوونی مەودای مووشەکە بالستییەکان کەلە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دامەزرێندراون ڕەنگدانەوە و دەرئەنجامگەلی دەبێت لەسەر ئاسایشی ئەوروپا و هاوکاری بواری بەرگری لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لەپەیوەندیدا بە قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. باشووری ئەوروپا ئیستا لەمەودای هەندێ لەو سیستمانەدایە کە تازە دامەزرێندراون، هەندێك لەو سیستمانە چەند دەیەیەکە دامەزرێنراون، هەموو پایتەختەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا ڕەنگە دووچاری دەرەنجامە تولەئامێزەکان بن لەکاتی تێوەگلان لە باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمەش بۆی هەیە دەرەنجامگەلی گرنگی لێبکەوێتەوە لەبارەی بەکارهێنانی ئەمریکا بۆ بنکە ئەوروپییەکان بەرەچاوکردنی ئەو هەڕەشەومەترسییانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرهەڵدەدەن. لە ڕابردوودا، قەزافی هەڕەشەی گورزوەشاندنی کردووە لە خاکی ئیتالیا، ئیسپانیا، یاخود یۆنان ئەگەر وڵاتەکانینان کار ئاسانی بکەن بۆ ئەمریکا تا هێرشی بکاتە سەر لیبیا. ئەگەر عێراق توانای گەیشتنی بە ئەوروپا هەبووایە بەهۆی مووشەکە بالستییەکانییەوە لە سەردەمی شەڕی کەنداوی ١٩٩١، ئەوا زۆر بەباشی ئەم کارەی ئەنجامدەدا. بەپێچەوانەی پێشینەی ئەم دۆخەوە باجی هاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا ڕەنگە بەرەو زیادبوون بچێت وە بۆی هەیە داواکارییەکانی بەرگرییە کاراکان، ئەوانەی توانای خستەگەڕیان هەیە بەخێرایی لە خۆبگرن.

بڵاوبوونەوەی ناوچەیی بۆی هەیە بە چەندین ڕێگە کاریگەر بێت لە سەر ناوچە نزیك و سنوورییەکانەوە. بۆ نموونە، ئێرانێکی ناووکی، ڕەنگە تورکیا هان بدات تا بیر لە پەرەپێدانی پەرپەرچدانەوەیەکی نەتەوەیی بکاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەنقەرە متمانەی بە دەستەبەرە ئەمنییەکانی ناتۆ لە دەستدا. ئەمە ئێستا بۆتە مشتومڕێکی گەرم و گوڕ لە ناو بەرپرسەکانی بواری بەرگری سەربارەت بە چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لە ئاست کۆگا مووشەکییەکانی نزیك سنوورەکانی تورکیا، تورکیا سەرقاڵی پشکنین و لێکۆڵینەوەیە لە بەرهەمهێنانی مووشەکە مەودا کورتەکان. بە دەستهێنانی سیستمەکانی پەرپەرچدانەوە لە لایەن تورکیاوە و بە دڵنیاییەوە لەسەر هاوسەنگی و لێکدانەوە ستراتیژییەکان لە بەلقان و دەوربەری دەریای ڕەش کاریگەری دەبێت. بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ناوچەکانی نزیك لە باشووری ڕوسیاوە کاریگەرییەکی بنەڕەتی و بنچینەی دەکاتە سەر لێکدانەوەی ستراتیژی ئەم وڵاتە (ئەو ڕاستییەی کە ئیدارە ئەمریکییە یەك لە دوای یەکەکان هەوڵیانداوە موسکۆ بخەنە ژێر کاریگەرییەوە). بە کورتی، بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە فراوانتر دەبێت.

## ململانێی عەرەب-ئیسرائیل

تێکچوون و پاشەکشێی پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڵکشانی توندوتیژی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستنییەکاندا کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر جوڵە و ئاراستەکانی بڵاوبوونەوە. چوار سەرنج دەکرێت لێرەدا بخرێتە ڕوو کە پەیوەستن بەم باسەوە.

یەکەم،ئەو ڕووبەڕوبوونەوە و توندوتیژییەی ئێستا لە ئارادایە و نەبوونی گفتوگۆیەکی کارا بۆی هەیە پاڵنەری سەرەکی دیاری بڵاوبونەوەی چەکە



کۆمەڵکوژەکان بەهێز دەکات لە ئێران وجیهانی عەرەبیدا. ململانێی درێژخایەن لەگەڵ ئیسرائیلدا وەك پاساوی بەردەوامی دان بە بەرنامەی چەکە کۆمەڵکوژەکان دەهێنرێتەوە کە حاڵی حازر کاریان لەسەر دەکرێت لە گەل پێشخستن و پەرەپێدانی بەرنامەی نوێی بۆ دروستکردنی ئەم چەکانە. تەنانەت ململانێ لاوەکییەکانی دیکەی ناوچەکە، ڕەنگە، خواستی بەرەنگاربوونەوە و بەرگرتن بە دەستێوەردانی ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستر دەکەن. دژایەتیکردنی ئیسرائیل پاساوێکی بەهێزە. هەروەها ئەمە پەیوەندییەکی بەتینی هەیە بەگەڕان بەدوای پێگە و سەنگی ناوچەییدا. گرژی و ئاڵۆزی توند لەگەڵ ئیسرائیلدا ئەم بەرژەوەندییانە دیاتر و بەرچاوتر دەکەن.

دووەم، ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل-فەلەستین و شکستی گفتوگۆکان لەگەڵ سوریادا مەترسی هەڵکشانی ناکۆکییەکە و پەڕینەوەی بۆ وڵاتانی ناوچەکە دەوروژێنێت. سوریا بەشێوەیەکی تایبەتی بەرژەوەندی لە بنیاتنانی توانای چەکە کۆمەڵکوژەکاندا هەیە، بەتایبەتی چەکە کیمیایی و مووشەکە بالیستییەکان، وەك بەرپەرچدانەوەیەك و وەکو هۆکار و ئامرازێکی جیاواز لە شەڕدا، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوام بایەخ و گرنگی توانای دەوڵەتانی ((دەستەی دووەم)) گەورەتر دەکات کە سنووریان نییە لەگەڵی ئیسرائیل و ئێران، بە هەمان شێوە لیبیا و پاکستان-تاوەکو لە دوورە بەشداری لەو ململانێیەدا بکەن. ئەم بەشداریکردنە سەروو ئاسۆییە بۆتە دەرەئەنجامێکی سەرەکی بڵاوبوونەوەی مووشەکە مەودا دوورەکان لە ناوچەکەدا.

هەلومەرجی هەنووکە ئەم ئاراستەیە ڕوون دەکاتەوە و دەرفەتەکانی دامەزراندنی ئەو سستمانە دەڕەخسێنێت کە توانای گەیشتنییان بە خاکی ئیسرائیل هەیە، بە هۆی بڵاوکردنەوەیان لە خاك و وڵاتی دیکەدا. ئێستا نموونەیەکی لەم چەشنە لە ئارادایە لە شێوەی ڕۆکێتە کۆنتڕۆڵکراوەکان لە لایەن ئێرانەوە کە مەودایان ٧٠ کم، بەپێی ڕاپۆرتەکان لە لوبناندا بڵاوکراونەتەوە توانای گەیشتنیان بە حەیفا هەیە[٣٨].

سێیەم، پێکهاتەی سیستمەکانی مووشەکی مەودا دوور، بەرنامە ناووکییە سەرەتاییەکان لە ئێراندا،وە پاساوی بەهێزی بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکانەوە باوەڕە زیاتر لای ئیسرائیلیەکان دەچەسپێنێت کە وڵاتەکەیان ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی لە ناوچون بۆتەوە. هەروەها ڕەنگە ئەو مشت و مڕە گەرم وگوڕتر بکات کە ئێستا لە ئیسرائیل دا لە ئارادایە دەربارەی بەهێزکردنی توانای پەرچدانەوە، بەرگری، ودارشتنی ستراتیژییەتی بەگژداچوونەوە لە ژینگەیەکی گرژو ئاڵۆزدا بە هۆی بلاّبوونەوە تەشەنەکردنی چەکە کۆمەڵکوژەکان.

بەرگری مووشەکی (بۆ ئیسرائیل، و بەرگری مووشەکی نەتەوەیی بە شێوەیەکی بنەڕەتی هاومانان) لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر بەرنامەی (arrow)ی ئیسرائیل و ئەگەری هاوکاری کردنی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دا وەك تورکیا و وڵاتە یەکگرتووەکان سەرنجێکی گەورەتر و زیاتری ڕاکێشاوە بە بەراورد بە ڕابردوو. گورزی دوورهاوێژ، هەواڵگری و چاودێری بواری چەکە کۆمەڵکوژەکانو وە توانای هێرشکردنە سەر ئامانجە جوڵاوەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بوونەتە جێی بایەخ و گرنگیپێدان. ستراتیژستە ئیسرائیلییەکان لەگەڵ گرفتی حەتمیەتی کەم و کوڕی بەرگرییەکاندا لە ململانێدان لە ناوچەیەکی بارگرژدا بەهۆی هەڕەشەو مەترسی چەکە کۆمەڵ کوژەکانە.

بەم شێوەیە، هاوشان لەگەڵ ڕێ و شوێنەکانی بەرگری، بەرپەچدانەوە، وەدەستپێشخەری، هێشتا بەرژەوەندی و پێویستی گرتنەبەری ڕێگاچارەی گشتگیرتر لە ئارادایە، لە نێویاندا هەوڵەکانی ڕاهێنانی کۆمەڵگەی ئیسرائیل لە ئاست مەترسییە حەتمییەکاندا.

ئەمە لەبەشێکیدا بەرگرییەکی مەدەنییەکان دەگرێتەوە و لە بەشێکی دیکەدا مەسەلەی چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لە کاتی ڕوودانی کارەسات هێرشە دوژمنکارییەکان لە خۆدەگرێت. بیرۆکەکە ئەوەیە هەڕەشەی هێرشی چەکە



کۆمەڵکوژەکان لەتێوەگلان و دەستێوەردان لە چۆنیەتی ژیان و ناسەقامگیر کردنی دارشتنی سیاسەت(تێکدانی ڕەوتی دارشتنی سیاسەت) دەرئەنجامگەلێکن بۆی هەیە دوژمنەکان بۆ بەدەستهێنان و بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان هانبدەن[٣٩].

چوارەم، بوونی چەکە کۆمەڵکوژەکان ڕەنگە کاربکاتە سەر سروشتی ڕووبەڕووبوونەوەی عەرەب و ئیسرائیل لە شەڕێکی ناتەقلیدی و بە بەکارهێنانی پڕ کەم و کوڕی ئەم چەکە ویرانکارانە. ئەگەری ڕوو لەزیادی هەڵکشان(کە بۆنە بەشێکی بنەڕەتی و دانەبڕاو) لە ناوچەیەکی پڕ لە کۆگای چەکە کۆمەڵکوژەکاندا ڕەنگە لە ببێتە هاندەر بۆ پەنا بردنە بەر ئەو شێوانەی ململانێ کە کەمتر و گرژی و ئاڵوزی(کاولکاری و وێرانکاری)یان لێدەکەوێتەوە، وەك ئەو شەڕانەی لە ڕێی وەکیلەکانەوە ئەنجام دەدرێن، وپشتگیری وپاڵپشتی کردن لە هێرش و پەلامارە تیرۆریستییەکان. شەڕی ناوشارەکان ڕەنگە ببێتە خەسڵەت و ڕواڵەتی ئەم شێوە ڕووبەڕووبوونەوەیە. ئەم ئاراستەیە لە باشووری لوبنان، کەناری ڕۆژئاوا، و غەززە هەستی پێدەکرێت.

هەروەها ڕوون و بەرچاوە لە و گرژی وئاڵۆزییانەی لە نیمچە کیشوەری هیندی دا لە نێوان هەردو وڵاتی هیندستان و پاکستان دا کە هەردولایان خاوەنی هێزو توانای ناووکین[٤٠].

هۆکارەکانی هەوڵدانی دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان پەیداکردنی پێگەو سەنگی ستراتیجیە بەلاّم ڕەنگە بۆ جێگرەوەکانی(بەدیلەکانی) ئەم چەکانە بگەڕێن کە کەمتر مەترسیدارن تا بەکاریانبهێنن.

## ئاسایشی کەنداو

ململانێ لاوەکییە ناوچەییەکان لە کەنداوی فارسیدا پاڵنەری بەردەوامن بۆ بڵاوبونەوەی ئەم چەکە کاولکارانە. کێشمە کێشی نێوان عێراق و ئێران، دۆخی لاوازی عەرەبستانی سعودی و دەوڵەتە بچوکەکانی دیکەی کەنداو، توانای ناووکی پاکستان، بوونی سەربازییانەی ولاّتە یەکگرتووەکان بوونەتە ژمارە گۆڕاوەکانی هاوکێشەی بڵاووبوونەوە لە کەنداودا، هەروەها، ڕەنگە دۆخی دوای داگیرکردنی عێراق بە سەرکردایەتی ولاّتە یەکگرتووەکان هۆکارێکی سەرەکی دیکە بێت[٤١]. پتر لەوە، بوونی مووشەکە مەودا دوورەکان و توانای گەیشتنیان بە ئیسرائیل و ناوچە و خاکی دوورتریش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو سیستمانەی بەدەستدەهێنرێت بە ڕەچاوکردنی ئەو دوژمنایەتیانەی لە کەنداودا هەن بەشێوەیەکی چارە هەڵنەگر کاریگەری لەسەر هاوسەنگی ناوچەی دەبێت.

شەڕی عێراق ـ ئێران بەکارهێنانێکی چڕی چەکە کۆمەڵ کوژەکانی بە خۆوە بینی لە نێویاندا هەڵدانی مووشەکە بالیستییەکان لە دژی یەکتری کە ماوەیەکی درێژی خایەند وە بەکارهێنانی تاکتیکییانەی چەکە کیمیاییەکان. کێشمە کێشی نێوان عێراق و ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداربوو لەڕەوت و ئاراستەی بڵاوبونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان. بە هەرحاڵ، ئێران سوودمەند بووە لە ئابلۆقەدانی سەربازی عێراق لە ساڵانی نەوەتەکاندا.

کەم بوونەوەو پوکانەوەی توانای تەقلیدی سامناکی عێراق بۆتە مایەی باشتربوونی باری ئاسایش لە ئێراندا، وە تاڕادەیەك، ئەگەرچی ڕوونە کە بنەبڕی نەکردوون، بەڵام پاڵنەر و پاساوەکانی بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکانی کەم کردۆتەوە. بەلای کەمەوە گوشارو ئابلۆقەی سەر عێراق ڕەوتی پەرەپێدانی مووشەکی و ناووکی سستکرد. داگیرکردنی هەنووکەیی عێراقیش ئەوەندی دیکە مەترسییەکانی سەر ئێرانی کەم کردۆتەوە ،بەڵام دووچاری سەختی و دژواری



نوێی کردووە لە شێوەی ئامادەبوونی ئەمریکا لەنزیك سنوورو دەروازەی ئێران دا لە سەردەم و دۆخێکی ناجێگیر و نا ئارامدا.

لە دۆخی ئێران دا، گەڕان بۆ بەدەستهێنانی چەکە بەها - بەرزەکان و سەنگی ستراتیژیدا بۆ ڕۆژگاری پێش ڕژێمی شۆرشگێری دەگەڕێتەوە و ئەگەری بەردەوامبوونی هەیە بە ڕەچاوکردنی بوونی تەوژم وڕەوتی چاکسازی و نوێکردنەوە لەم ولاّتەدا. دەوترێت، ئەگەر پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ئەوروپا و ولاّتە یەکگرتووەکان بەرەو باشی بچێت ڕەنگە هۆکارو پاڵنەرەکانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی تەکنەلۆجیایی چەکە کۆمەڵکوژەکان بێ هێز بن [٤٢]. سەرهەڵدانی پاکستان وەك دەوڵەتێکی خاوەن چەکە ناووەکییەکان فشارگەلێکی نوێ بۆ ئێران دروست دەکات تا لە سەر ڕەوتی خۆی بەردەوام بێت، وە پتر بڵاوبونەوەی ئەم چەکانە دەکاتە شتێکی ئاسایی وسروشتی. هەل ومەرجەکانی ململانێ لەکەنداوودا بە هۆی بەرنامەی چەکە کۆمەڵ کوژەکانی ئێران و کۆگای چەکەکانی ئیسرائیلەوە بوونەتە سەرچاوەی هەڕەشەو نیگەرانی بۆسەر عەرەبستانی سعودی ، ئەمەش عەرەبستانی سعودی ناچار دەکات تاوەکو بیر لە وەبەرهێنان بکاتەوە لە بواری مووشەکە مەودا دوورەکان دا، وە لە دۆخێکی پڕ لە هەڕەشەو مەترسییدا بۆی هەیە بیر لەپەرەپێدان بەرنامەی چەکە ناووکییەکان و بەدەستهێنانی ئەم چەکانە بکاتەوە وپەنایان بۆ بەرێت بۆ بەرگری و پەرپەرچدانەوە. ئەم سیناریویە ئەگەرێکی واقیعییە و ڕێی تێدەچێت گەر ئێران لە پەرەپێدانی بەرنامەی ناووکی خۆی بەردەوام بوو، ئەگەر ململانێی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بەکارهێنانی چڕی چەکە کۆمەڵکوژەکانی بە خووە بینی، یاخود ئەگەر ولاّتە یەکگرتووەکانی لە ئەرکی بەرگری کردن لە کەنداو پاشەکشەی کرد. پتەوی وخۆڕاگری ڕژێمی سعودی یەکێکی دیکەیە لە هۆکارە گرنگەکان. گرتنە دەستی جڵەوی دەسەلاّت لەلایەن ڕژێمێکی ڕادیکاڵێترەوە ڕەنگە تین و تەوژمێکیتر بداتە هەوڵی بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان. بوونی هێزەکانی ئەمریکا لەکەنداو

و دەوربەری کەنداو زەرەروزیانی هێرش و دەستدرێژی تەقلیدی زیاد دەکەن ئەگەر ئێران پەنا بۆ ئەم ڕێگاچارەییە ببات، ڕەنگە ناچاری بکات بە دوای جێگرەوەی جیاوازتردا بگەڕێت، لە تێکشکاندنی چەکە کۆمەڵ کوژەکانەوە بۆ خاوەندارێتی ئەم چەکانە. کەمبوونەوەی پابەندبوونی ئەمریکا بە بەرگریکردن لە کەنداوەوە، گۆڕانی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران دا، وە داگیرکردنێکی درێژخایەنی عێراق هەموو ئەمانە دەتوانن لەسەر ئاراستە و خواستەکانی بڵاوبوونەوەی کاریگەربن. بەڵام ململانێ ناوچەییەکانیش درێژەیان دەبێت لە ڕەخساندنی پاساوی پەرەپێدانی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە هەندێ ئاستی دیاریکراودا.

## باکووری ئەفریقیا

بە پێچەوانەی بۆچونی زۆرێك لەو شیکەرەوانەی دە ساڵ پێش ئێستا پێشبینیان دەکرد بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە باکووری ئەفریقیادا ئاست و ڕەوتێکی سەرەتایی وەرگرتووە ،بەرنامەکانی لیبیا بە ڕەوتێکی بێ پچران بەردەوامە، بەڵام ئەو مەترسی و دڵە ڕاوکێیانەی لەچەکە کۆمەڵ کوژەکانی لیبیاوە سەرچاوە دەگرن پووکانەوەتەوە کاتێك ڕژێمەکە ڕەفتارو گوفتاری خۆی گۆریوە و ڕەوتێکی میانڕەوی گرتۆتەبەر. تا ئەو ڕادەیەی خواستە ناووکییەکانی لیبیا بەشێوەیەکی بەتین پەیوەستە بە چۆنیەتی ڕوانین و هەڵس و کەوتکردنی خودی قەزافی خۆیەوە، ئەوا لێکدانەوەی ئایندەی بەرنامەکانی لیبیا بەشێوەیەکی هەستیار دەوەستێتە سەر ئەگەری گۆڕانی سەرکردایەتی لە تریپۆلی. قەیران و تەنگژە نوێکان لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانیدا، بە تایبەتی میسر، ڕەنگە هەوڵەکانی لیبیا چالاك بکاتەوە لە بواری چەکە کۆمەڵ کوژەکاندا. دوای دەیەیەك لە ئاژاوەو شپرزەیی، جەزائیر سەرقاڵی دووبارە دیاریکردن و دەستنیشانکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی خۆیەتی.



ئەم خۆ سەلماندن و دووپاتکردنەوەی ڕۆڵی ناوچەیی جەزائیر شێوەی دەستپێشخەرییە دبلۆماسییەکانی وەرگرتووە لەگەڵ گفتوگۆ سەرەتاییەکانی پاراستنی ئاسایش لەگەڵ ئەوروپاو وڵاتە یەکگرتووەکاندا. ئەم ئاراستانەی جەزائیر گرتونیەتی بەر ڕەنگە ببنە هۆی خاوکردنەوەو سستکردنی ڕەوتی بایەخدان بە مووشەك و بەرنامە ناوەکییەکان. ئەگەری ڕژێمێکی ئیسلامی ڕادیکاڵ کە لە جەزائیردا جڵەوی فەرمانڕەوایەتی بگرێتە دەست ـ پەرەسەندنێك کە بۆی هەیە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی جددی دەربارەی بوونی بە وڵاتێکی ناووکی ـ بەشێوەیەکی دیارو بەرچاو پاشەکشەی کردووە و بۆتە ئەگەرێکی دوور. ململانێی جوگرافی لەگەڵ مەغریب و پابەندبوونی جەزائیر بۆ بەدەستهێنانەوەی پێگەی سەرکردایەتی لە جیهانی سێهەمدا پاساوگەلێکی بەردەوام بەڵام لاواز دەڕخسێنن بۆ گەڕان بە دوای سەنگی ستراتیژیدا لە ڕێی پێشخستن و پەرەپێدانی بەرنامەی تەکنەلۆجیا و ورد و هەستیارەکانەوە. توانای شاراوەی جەزائیر بۆ بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان گرنگە و نابێت فەرامۆشبکرێت، لەبەر ئەوەی، ئەگەر پەرەی پێدرێت، ئەوا کاردانەوەی بەهێزی لێدەکەوێتەوە لە فەرەنسا و شوێنەکانی دیکەی ئەوروپا. ئەمەش، ئەوروپا ناچاردەکات بیر لە ڕێگاچارەی بەرگری مووشەکی بکاتەوە.

## گۆڕانە سەروو ناوچەییەکان

دەوڵەتانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانن لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی(ڕەوت و جوڵەی) بڵاوبوونەوە لە ناوچەکەدا بە چەند ڕێگایەکی جۆراوجۆر کاریگەربن. دەتوانن ئەم کارە لەڕێی سیاسەتی دەرەکییەوە ئەنجام بدەن، لە ڕێی ستراتیژیەتەکانی ئاسایشەوە، بە تایبەتی لە ڕێی گواستنەوەی تەکنەلۆجیا و شارەزاییەکانی چەکە کۆمەڵ کوژەکانەوە[٤٣]. بە ڕەچاوکردنی جیاوازییەکان لە گۆشەنیگاوو ڕوانگەکانی بڵاوبونەوە وە کاریگەری پێشخستنی ڕێگاچارەکانی

ڕۆژئاوا بۆ بەرپەچدانەوە و بەرگری مووشەکی لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەم چەشنە، ناتوانین پێشنیاری ئەوە بخەینەڕوو کە هاوکاری ڕوسی و چینییەکان لەگەڵ واشنتۆن دا لە دوای ١١ سێبتەمبەرەوە لە تێکۆشانییاندا دژی تیرۆریزم دەبێتە هۆی باشکردن وقوڵکردنەوەی هاوکاری بۆ سنوردارکردنی گواستنەوەی تەکنەلۆجیا و شارەزایی چەکە کۆمەڵکوژەکانبۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. مۆسکۆ و پەکین وە زۆرێك لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا، تیرۆریزم و کێشەکانی بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان وەك گرفتگەلی دابڕاو لە قەڵەم دەدەن، کە لە ناکۆکییە دبلۆماسیەکانی پێش شەڕی٢٠٠٣ ی سەر عێراق دا بەرجەستە بوون.

## هۆکاری ڕوسی

شیکەرەوەکان سەرەنجێکی کەمیان لە ستراتیژیەتی توکمەی ڕوسیای دوای شەڕی سارد داوە لە بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا[٤٤]، لەوە دەچێت ئەو ڕێگاچارەیەی ڕوسیا دەیگرێتە بەر لەسەر ڕەچاوکردنی نیگەرانییەکان لە ئاست ناوچە سنورییەکانی باشووری ڕوسیا بنیاتنرابێت، بەشێوەیەکی سەرەکی ئەوەی پەیوەندی بە تورکیاوە هەیە. لەسەرو بەندی شەڕی سارددا، ڕوسیا چەند پەیوەندییەکی درێژ خایەنی جددی بۆ ماوەتەوە لە باکووری ئەفریقیاوە بۆ لاڤینت، کە پەیوەندییەکانی دابینکردنی چەك دەگرێتە خۆی لەگەڵ جەزائیر، لیبیا، سوریا، و عێراق. لەم ساڵانەی دواییدا، وە سەرەڕای بەرژەوەندییە هەمەچەشنەکان، ڕوسیا پەرەی بە پەیوەندییەکی کاریگەرتر داوە لەگەڵ ئێراندا، کە ڕەگەزەکانی شەراکەتی ستراتیژی لەخۆدەگرێت[٤٥].

هەروەها ئاماژەکانی بوژانەوەی هاوکاری ڕوسیا و لیبیا لەئارادان[٤٦]. لەوەدەچێت تیوەگلانی ڕوسیا لە کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا



سیاسەتێکی یەکگرتووی لە پشتەوە نەبێت وەك دەرئەنجامی بەرژەوەندییە بازرگانی و سیاسییە ناکۆکەکان، وە لە هەندێ حاڵەتدا، بەهۆی نەبوونی کۆنترۆڵی حکومەت بە سەر بەرپرسە بیرۆکراتییەکاندا کە بەرژەوەندییان لە گواستنەوەی چەك و تەکنەلۆجیادا هەیە. سەرەڕای ئەوەش، هەڵس و کەوتی ڕوسیا هەڵگری چەند خەسڵەتێکی مایەیی نیگەرانییە، کە بۆی هەیە قوڵتر بنەوە ئەگەر تێکڕای پەیوەندی نێوان ڕوسیا و ڕۆژئاوا زیاتر ئاراستەیەکی ململانێ ئامێزی وەرگرێت. ڕوسیا وەك دابینکەری سەرەکی چەکە کۆمەڵکوژەکان بۆ ناوچەکە سەری هەڵداوە، کە تەکنەلوجیای مووشەکی، ناووکی، کیمیای لەخۆدەگرێت. ڕوسیا سەرەکیترین هاوبەشی دەرەکییە لە بەرنامەی ناووکی مەدەنی ئێران و بە دڵنیاییەوە بەشداریکردووە، ئەگەر بە ناڕاستەوخۆش بێت، لە بەرنامەی نهێنی چەکە ناووکییەکانی ئێراندا[٤٧].کۆمپانیا ڕوسییەکان یارمەتی بەرنامەی مووشەکی شەهاب ـ ٣ی ئێرانییان داوە کە مەودا مام ناوەندییە، وە ئەم کۆمپانیایانە دابینکەری سەرەکی شارەزایی و سیستەمەکانی مووشەکین بۆ وڵاتانەکانی ناوچەکە، لە نێویان دا سوریا و لیبیا. لەم ساڵانەی دواییدا، ڕوسیا چالاکەنە سەرقاڵی دابینکردنی مووشەکە بالستییەکانە لە بازاڕی جیهانی چەکدا. شارەزایی درێژخایەنی وڵاتەکە لە بواری چەکە بایەلوجی و کیمیاییەکاندا پاڵپشتی پەرەپێدانی ئەم توانانە یان کردوو لە عێراق، ئێران، لیبیا، و سوریادا. گرفتی ئەندازەی ناووکی ڕوسیا و ئەندازەکانی دیکەی پەیوەست بە چەکە کۆکوژەکانەوە، کە لە بازاڕی جیهاندا دابین دەکرێت، پتر پشکداری دەکات لە بەرزکردنەوەی ئەگەرەکانی بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەوەتەی یەکێتی سۆڤیەت لە بەریەك هەڵوەشاوەتەوە، سەرنجەکان زیاتر سەرقاڵن بە گرفتی بڵاوبوونەوەی ماددە و چەکە ناووکییەکان کە دەکرێت ڕێگای بازاڕە جیهانییەکان بگرنەبەر[٤٨]. وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم چەکانەدان ڕەنگە ئەم ڕێگە نهێنییە بگرنە بەر بۆ دروستکردنی پێگەیەکی ناووکی کاتێك دەرفەتی گەیشتنیان بە ماددە کەرتبووەکان سنوردار دەبێت.

ڕۆڵی ڕوسیا وەک دابینکەری سەرەکی چەکە کۆمەڵکوژەکان و تەکنەلۆجیای مووشەکی لەوە دەچێت گوزارش لە سەرکەوتنی دەستکەوتە بازرگانییە کورتبینەکان بکات بەسەر بەرژەوەندی ستراتیژی درێژخایەندا[٤٩]. بە لەبەرچاو گرتنی ئاژاوە و توندوتیژییەکانی ناوچە سنورییەکانی باشووری ڕوسیاو ئەگەری ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ دەوڵەتە موسڵمانە نزیکەکاندا، ئەوا ڕوسیا ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتە ئامانجی چەکە کۆمەڵکوژەکانبە هۆی هێرشی مووشەکییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. بڕیارسازانی ئەمریکا هەوڵیان داوە کە بەرپرسە ڕوسییەکان بەشداری پێبکەن لە گفتوگۆدا دەربارەی ئەم گرفتە بەڵام سەرکەوتنێکی سنورداریان بە دەستهێناوە. لەسایەی هەل ومەرجەکانی ململانێی توندی نێوان ڕرسیا و ڕۆژئاوادا، بۆی هەیە گرفتی گواستنەوەی چەکی ڕوسی قوڵتر ببێتەوە. ئەمە بە تایبەتی جێی نیگەرانییە ئەگەر نەبوونی هیچ دەرفەتێکمان لەبەرچاو گرت بۆ ڕوسیا لە ئەوروپادا، بە دەر لە بەلکان. سەرهەڵدانەوەی ململانێ و ناکۆکی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکان و هاوپەیمانەکاندا ڕەنگە شێوەی ململانێکردن لەسەر ناوچە ستراتیژییەکان وەربگرێت وەک کەنداوی فارسی و ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، کەتیایاندا گواستنەوەی چەک و تەکنەلۆجیای ڕوسی کاریگەرییەکی دیار و قووڵ بە سەر هاوسەنگی سەربازی و دەستئاوەڵایی ئەمریکاوە جێدەهێڵێت. بەو شێوەیە، لێکدانەوەی ئایندەی بەرژەوەییەکانی ڕوسیا و ئەوروپا وەک هۆکارێکی سەرەکی سەرهەڵدەدات لە هاوکێشەی بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە ڕاستیدا، سیاسەتەکانی ڕوسیا لە بواری گواستنەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ناوچەکەدا بۆتە بە سەرچاوەی سەرەکی ململانێی ڕوسیا و وڵاتە یەکگرتووەکان[٥٠].



## چین و کۆریای باکوور

بە هەمان چەشنی پێشوو، دابینکارانی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ئاسیا پشکدار و بەشداربووی گرنگن لە بڵاوبوونەوەی ئەم چەکانە لە ناوچەکەدا[٥١]. چین و کۆریای باکوور بەردەوامن لە بینینی ڕۆڵێکی گرنگ و تایبەتی لە بڵاوبوونەوەی مووشەکە بالستییە مەودا دوورەکان و پاڵپشتکردنی پەرەپێدانی توانا ناوخۆییەکانی بۆ دروستکردن و پێشخستنییان. ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە ئەم دوو وڵاتە ئەندامی سستمی کۆنترۆڵکردنی تەکنەلۆجیای مووشەکی نین. هەرچەندە چین ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ئەو تەکنەلۆجیایانە ناگوازێتەوە کە ئەم ڕێککەوتنە پۆلێنی کردوون و قەدەغەی کردووە[٥٢]. نموونەکانی گواستنەوەی مووشەکی چینی بۆ ناوچەکە فرۆشتنی مووشەکەکانی جۆری css_٨ ئەم وڵاتەیە بە ئێران، بەشداریکردن لە پەرەپێدانی مووشەکی شاهینی پاکستانی (کە مەوداکەی٢,٠٠٠ کم ە)، وە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی لیبیا لەخۆ دەگرێت[٥٣]. چین بەشدارییەکی کەمی لەبەرنامەی ناووکی ئێراندا کردووە وە زۆر بە چڕی بەشداربوو لە بەرنامەی ناووکی جەزائیردا تاوەکو سەرەتاکانی ساڵانی نەتەوەکان کاتێک توندوتیژی سیاسی دژی بیانییەکان بوونی تەکنیکارەچینییەکانی کردە کارێکی ئەستەم. بەم شێوەیە، گواستنەوەکانی پەیوەست بە چەکە کۆمەڵکوژەکان لەلایەن چینەوە بۆ ناوچەکە(ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) ڕەنگە پاڵنەرەکەی بەرژەوەندی بازرگانی و خواستێکی گشتی بێت بۆ پتەو کردنی پەیوەندییە سیاسییەکان بە ناوچەکەوە.

کۆریای باکوور تۆمارێکی بەرچاوی لە گواستنەوەکانی پەیوەست بە چەکە کۆمەڵکوژەکاندا هەیە بۆ ناوچەکە وە هەڵسوڕێنەری سەرەکی بڵاوبوونەوەی مووشەکە لە دەیەی ڕابردوودا، وڵاتەکە مووشەکە[٥٤]. لە دەیەی ڕابردوودا، کۆریای باکوور مووسوکو پێشخراوەکانی جۆری سکۆدی گواستۆتەوە بۆ میسر و

سوریا و، جۆرەها مووشەکی (NO-Doug)ی مەودا مامناوەندی بۆ ئێران و پاکستان گواستۆتەوە.  هەردوو وڵاتی جەزائیر و لیبیا خواستی خۆیان ئاشکرا کردووە بۆ بە دەسهێنانی سیستمەکانی No-Doug ی بەرهەم هێنراو لەلایەن کۆریای باکوورەوە یاخود ئەو مووشەکانەی مەودای دوورتر دەبڕن. ئاست و مەودای و چڕی بەرنامەکانی مووشەکی و ئامرازەکانی هەڵدانی بۆشاییگەری کۆریای باکوور، وە شێوازکانی گواستنەوەیان بۆ ناوچەکە، ئاماژە بەو ڕاستییە دەدەن کە کۆریای باکوور بۆی هەیە ببێتە سەرچاوەی ئەوتەکنەلۆجیایانەی بۆمووشەکە مەودا مامناوەندییەکان یاخودئەو مووشەکانەی توانای گەیشتنییان بدوا سنووری کیشوەرەکە هەیە کە پێشبینی دەکرێت لە دەیەی داهاتوودا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرکەون. ئێران و پاکستانیش، لەلایەن خۆیانەوە دەتوانن سیستمی مووشەکەکانی کۆریای باکوور بۆ شوێنەکانی دیکەی ناوچەکە بگوازنەوە. هەڵسانی کۆریای باکوور لە ئۆکتوبەری ساڵی٢٠٠٢ دا بە پەردەهەڵماڵین لەسەر بەرنامە ناووکییە بەردەوامەکەی ڕۆڵی پشتیوانکاری پاکستانی ئاشکرا کرد، بۆ ئاڵوگۆڕ پێکردنی بە تەکنەلۆجیای مووشەکی، کە لە ڕێگایەکی دووسەرە پەیوەست بە بازرگانی چەکە کۆمەڵ کوژەکانەوە گوزارشتی لە خۆی کردبوو.

تێوەگلانی ئاسیا لە گواستنەوەی هەموو جۆرە چەکەکاندا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆی هەیە گرنگیەکی جیوستراتیژی گەورەتر وەربگرێت لە دەرئەنجامی گەشەکردنی بازاڕەکانی ووزە. زۆرێك لە شیکەرەوەکان ئاماژە بە داواکارییە گەورەکانی ئاسیا دەکەن بۆکڕینی ووزە بە تایبەتی چین. دەکرێت ئەم داواکارییانە بە ڕادەیەکی زۆرباش پڕ بکرێنەوە بەهۆی هەناردەی کەنداوی فارسی و ڕەنگە کارییبیش، هەروەك لەبەشی شەشدا باسکراوە و گفتوگۆی لەسەرکراوە. ئەمە ڕەنگە هەلومەرجی پەیوەندییەقووڵەکانی(چەك بەرامبەر نەوت) بخوڵقێنێت لە نێوان ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، لەسەر شێوازی ڕێکەوتنەکانی ئەورووپا



و دەوڵەتە عەرەبییە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە ساڵانی شەست و حەفتاکاندا، نرخە بەرزەکانی نەوت ڕەنگە هانی ئەم ڕێککەوتنە بدات. کەڵەکەبوونی داهاتە گەورەکانی نەوت و پەرۆشی دابینکاران بۆ خستنەڕووی چەکە کۆمەڵکوژەکان و تەکنەلۆجیاکانی وەك کاڵایەك بۆی هەیە جوڵە و ئاراستەی مەترسیدار بە کردەی بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان بدات. ئەم لێکدانەوە و نەخشانە ڕەنگە گۆڕوتینی زیاتر بە هاوکاری پەیوەست بە چەکە کۆمەڵکوژەکانبدات پتر لە بیرۆکەی((هاوپەیمانێتی ئیسلامی - کۆنفاشیون)) دژی ڕۆژئاوا کە ساموئیل هانتگتون پێشنیاری کردووە.

## هیندستان، پاکستان، هاوپەیمانانی بڵاوبونەوە

تواناکانی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە باشووری ئاسیا ڕەنگە کاریگەر بن لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم چەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام پێدەچێت کاریگەرییەکە کاریگەرییەکی پەراوێزی بێت.

دەکرێت بە متمانەوە ئەوە بوترێت کە هیندستان و پاکستان، بە شێوەیەکی کارا، بەشێکن لە ناوچەکە لە پەیوەندی دا بە بڵاوبونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکانەوە، سەرەڕای خەسڵەتی ڕوونی ململانێ جیوپولوتیکییەکەیان. تاقیکردنەوە ناووکییەکانی هەردولا وە دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی ئەو مووشەکانەی توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ناووکییان هەیە پێوانەیەك بۆ سەنگ و پێگەی ستراتیژی جێگیر دەکات کە وڵاتانی دیکە، بۆ نموونە ئێران هەوڵدەدەن لاسایی بکەنەوەو پەیڕەوەی بکەن. بەلای کەمەوە (گەر کەمترین کاریگەری لەبەر چاوبگرین) چەکە ناوکییەکان لە نیمچە کیشوەری هیندیدا ڕەنگە هەستی ئەوە لای گەمەکارە ناوچەییەکان قووڵ بکاتەوە کە مافی بە دەستهێنانی چەکی ناووکییەکان هەیە. کۆگا پێشکەوتووکانیان لە بواری چەکە کۆمەڵ کوژەکاندا بۆی هەیە هیندستان و

پاکستان بکەنە سەرچاوەی گرنگی پێشبینی کراو بۆ تەکنەلۆجیای ناووکی. بەهۆی بوونی پەیوەندی نزیکی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پاکستان گرنگی پێدان و بایەخ پێدانێکی گەورەتری پێشانداوە بۆ بینینی ڕۆڵێکی لەم چەشنە، وە بوونی و بەردەستبوونی تەکنەلۆجیایی پاکستانی بەشێوەیەکی دیارو بەچاو لە بیرۆکەی هاوکاری ناووکیدا خۆی دەنوێنێت لە نێو دەوڵەتە موسڵمانەکاندا.

پاڵنەرەکانی بڵاوبوونەوە لە نێو جیهانی ئیسلامیدا تارادەیەکی دوور وەك پاڵنەری عەلمانی و ناوچەیی دەمێنێتەوە. پەرەپێدانی ناووکی پاکستان وەڵامدانەوە و کاردانەوەیە بە بەرامبەر هەوڵکانی وڵاتی هیندستان لەم بوارەدا، خواست و ئامانجە ناووکییەکانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری پێش شۆڕشی ئیسلامی، مەیلی ئیسلامی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك لیبیا و سوریا مەیلێکی لاوازە. هاوکاری بواری چەکە کۆمەڵکوژەکان کە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بە بەرژەوەندییەکانی موسڵمانانەوە بەستراوەتەوە وە هەستێکی هاوبەش بە هەڕەشە و مەترسی دەخوازێت، کە لە دۆخی ڕووبەڕووبوونەوەی هەنووکە لەگەڵ ئیسرائیلدا یاخود لە نیگەرانی ومەترسی دەستێوەردانی ڕۆژئاوا دا خۆیان دەنوێنن[٥٥]. سەنگی ستراتیژی لە هەل و مەرجی ناوچەکەدا، دووبارە هۆکارێکە ئەو دەوڵەتانەی توانیویانە، بە هەوڵی دبلۆماسی و پشت بەستن بە توانای ئابووری چەکە ناووکییەکان بەدەستهێناوە، کەمتر ئامادە و ئارەزوومەندن تا ئەم سەنگ و پێگەیە دووچاری مترسی لەرزۆکی لاوازی بکەن لە ڕێی گواستنەوەی ئەم چەك و تەکنەلۆجیایانە بۆ لایەنە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان لە ناوچەکەدا (مەترسی هەرە بنەڕەتی نیگەرانی لە دەستدانی کۆنترۆڵی سەر تەکنەلۆجیا و چەکە ناووکییەکانە لە لایەن پاکستانەوە، وەئەگەری گواستنەوەییانە بۆ گەمەکارە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناەڕاستدا هەروەك پێشتر باسی لێوەکرا). دەوڵەتە ناووکییەکانی ڕۆژئاوا کەمتر ئامادەن بۆ هاوبەشیپێکردنی لایەنەکانی دیکە تەنانەت گەر ئەو لایەنانە هاوپەیمانیش بن[٥٦]. هیندیستان، کە نیگەرانییەکی ستراتیژی هەیە دەربارەی ململانێکانی



لەگەڵ دەوڵەتە موسڵمانەکانی سنووری باکوور و ڕۆژئاوای وڵاتەکەی، پێشبینی ناکرێت هیندستان خواستی گرێدانی هاوپەیمانێتی لە گەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بواری چەکە کۆمەڵکوژەکان دا بخاتە ڕوو. تاقە وڵاتێك کە بشێت بکرێتە هاوپەیمان وهاوبەشێکی ناوچەیی، وڵاتی ئیسرائیلە ئەویش بە ئاستێکی بەرز پەرەی بە تواناکانی خۆی داوە لەم بوارەدا (بواری چەکە کۆمەڵکوژەکان).

باشووری ئاسیا ئەزموونێکی جێی نائومێدی لێکەوتۆتە لە پەیوەندییدا بە هەوڵەکانی بەرگرتن بە بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان، کە ئەم هەوڵە شکستخوارووانە دەرئەنجامگەل ورەنگدانەوەیان لەسەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێهێشتووە. دەیان ساڵی گووشار، دواتر سەپاندنی سزاکان تەواو بێ کاریی خۆیان سەلماندووە لە سنوردارکردنی بڵاوبوونەوەی ناووکی لە نیمچە کیشوەری هیندیدا. لە سەروبەندی ڕووداوەکانی ١١ سێبتەمبەر و دەست تێوەردان لە ئەفغانستاندا، ڕێگا چارەی پشت بەستو بەسزاکان بۆ بەرگرتن بە بڵاوبوونەوەی ئەم چەکانە لە باشووری ئاسیادا بە یەکجاری و بە تەواوەتی دەستی لێهەڵگیرا لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ هیندستان و پاکستاندا. ئەو وڵاتانەی ئەم چەکانەیان تێدا بڵاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم ئەزموونە لە بەرچاو دەگرن وە پتر بە گومان و بێ متمانە دەبن لە ڕاستگۆیی و کاراییی سزاکانی پەیوەست بە بڵاوبوونەوەی ئەم چەکانەوە. هەندێ نموونە، ئەو باوەڕیان لاگەڵاڵە دەکات ودەچەسپێنێت کە وڵاتە یەکگرتووەکان چاوپۆشی لە بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان دەکات بە مەرجێك بەرژەوەندییەکانەی بهێنرێنەدی وبپارێزرێن کە لە شێوەی هاوکاری ستراتیژیدا گوزارشت لە خۆیان دەکەن.

## پێشبینییەکان لەبارەی ئاسایشی ئەورووپاوە

دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی ئەو سیستمە مووشەکییانەی کە مەوداکانیان دەریای سپی ناوەڕاست دەبڕێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ڕاستیدا پتر ئەورووپا دەخاتە

بەردەم ئەو مەترسیانەی لە باشوورەوە سەرچاوە دەگرن. حاڵی حازر، مەترسی هێرش و گوزرە مووشەکییەکان تورکیا و باشووری ئەورووپا دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە سەرنج و بایەخێکی گەورەو لە ڕادەبەدەر بە مەترسییەکانی چەکە کۆمەڵکوژەکان دەدرێت لە لایەن وڵاتانی باشووری هاوپەیمانێتی ناتۆوە. لە ڕاستیدا، خستنەڕووی ڕێگا چارەیەك بۆ کێشەکانی بەرگری مووشەکی و چەکە کۆمەڵکوژەکانزۆر هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو ڕێگاچارەیەی وڵاتە یەکگرتووەکانی لەناو ناتۆدا پێشنیاری کردووە.

بەشێوەیەکی گشتی بڕیار ساز و ستراتیژستە ئەورووپییەکانی کەمتر ئارەزووی سەپاندنی کۆت و سنوربەندین لە ئاست بڵاوبوونەوەی مووشەك و چەکە کۆمەڵکوژەکاندا. تاڕادەیەك ڕەنگە ئەمە مەسەلی کەلتوری ستراتیژی و جیاوازی بیروبۆچوونی بێت لە ئاست هەڵس وکەوتکردن لە ئاست مەترسیدا.

شیکەرەوە ئەورووپییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکان گرنگییەکی بێ ئەندازە بە تواناکانی ئەم دەوڵەتانە دەدات وەك پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەو هەڕەشەو مەترسییانەی دەیخولقێنن (ئەگەر بابەتیانە بدوێن، ئەم توانایانە، توانای گەورە و گەشەکردوون)، ئەوا وڵاتە ئەورووپییەکان پتر بایەخ بە نیازو مەبەستەکان دەدەن.دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا دەتوانن بگەنە شارە ئەورووپیە پڕ لە دانیشتوانەکان بە هۆی مووشەکە مەودا دوورەکانەوە ، کە ڕەنگە کلاوەی چەکە کۆمەڵکوژەکانییشیان لێ بەسترابێت بەڵام بۆچی دەیانەوێت کارێکی لەم شێوەیە بکەن؟[٥٧].

لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی جەنگی کەنداوی ١٩٩١، ڕەنگە زۆرێك لە ئەورووپییەکان ئەوە بکەنە بەڵگە کە مەترسی جددی لەسەر ئەورووپا لە ڕاستیدا لە دەستێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرچاوە دەگرێت بەهاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانە ئەورووپییەکاندا. ئەو



ڕژێمانەی لە ناکۆکیدان لەگەڵ ڕۆژئاوادا لەوانەیە نوانای گەیشتنییان بە خاکی ئەمریکای باکوور نەبێت، بەڵام بۆی هەیە لە بارێکدا بن کە کاری تۆڵە سەندنەوە لە دژی ئامانجە ئەورووپییەکان ئەنجامبدەن. ئەم ئەگەری دووچاربوونە بە مەترسی بۆی هەیە ستراتیژەکای (ڕووخاندنی) دەسەڵات لە لایەن بەرهەڵستکارانەوە ئاڵۆز بکات لە کەنداوو شوێنەکانی دیکە لە ناوچەکەدا کە پشت بە بنکە و هێزە ئەوزووپییەکان دەبەستن (وەك کەناڵی سویس لە پەیوەندیدا بە باری لەرزۆك و لاوازی میسرەوە). ئەورووپییەکان بە گومانەوە لە پەنا بردنەبەر بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڕوانن کە بووەتە مەسەلەیەکی ناوەندی و بنەڕەتی لە ستراتیژییەتی ئاسایشی ئەمریکیدا.

بەشێوەیەکی گشتی، هاوپەیمانە ئەورووپییەکان ڕێگا چارە دبلۆماسییەکان بە پەسەند دەزانن بۆ بەرگرتن بە بڵاوبوونەوە نەك ستراتیژیە سەربازییەکان بۆ بەرهەڵستیکردن و پوچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی بەدەستهێنانی ئەم چەکانە[٥٨]. دەوترێت، پەرەسەندنەکانی دە ساڵی داهاتوو ڕەنگە سوود و بەرژەوەندی ئەورووپییەکان بەرەو هەڵکشان بەرێت لە دامەزراندنی تۆڕی بەرگری مووشەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرچاوەدەگرن. یەکەم، بڵاوبوونەوەی سیستمەکانی هەڵدان کە بەردەوام مەوداکانییان پەرەی پێدەدرێت ئەوە دەگەیەنێت، ئەگەری دووچاربوون بە هەڕەشەی مووشەکەکان نەك تەنها هاوپەیمانەکانی باشوور لە ڕێکخراوی ناتۆدا کە کەمتر دەستڕۆیشتوو و کاریگەرن ناگرێتەوە بەڵکو دەبێتە کێشە وگرفتی شارەکانی وەك لەندەن. پاریس، و بەرلین کە چیتر ئارامی وئاسایشییان پارێزراو نابێت.

دووەم، ئەو ڕێگایەی ئێستا پەیڕەو دەکرێت بۆ هاوکاری نێوان هەردووبەری ئەتلانتیك بۆ پێشتوانیکردن لە درێژبوونەوەی دەستڕۆیشتووی و کاریگەری ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا پێناچێت بەردەوام بێت کاتێك ئەرورووپا ئەگەری دووچاربوونی بە دەرئەنجامە تۆڵە ئامێزەکانی دەستتێوەردان لە بەرچاو

دەگرێت. گەر سەددام حوسێن توانای گەیشتنی بە خاکی ئەوروپی هەبووایە لە کاردانەوەی بەکارهێنانی بنکەی ئسپانیا، ئیتالیا، یۆنان، و تورکیا، لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، ئەوا زۆر بە باشی کارێکی لەم چەشنەی ئەنجامدەدا.

پارێزراوی و ((پیرۆزی)) خاکی ئەوروپا لە داکشان و پاشەکشەدایە، ئەمەش فراوانکردنی ماددەی پێنجەم لە پەیماننامەی ناتۆ لە خۆدەگرێت کە پەیوەستە بە بانگەوازی بەرپەرچدانەوەی هاوبەشەوە بەرامبەر بە هەر هەڕەشەیەك (بۆ سەرخاکی ئەندامێکی پەیمانی ناتۆ).

سێیەم، ئەوروپا خوازیاری تێوەگلانێکی گەورەتری دبلۆماسی و ئەمنییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ڕەنگە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکەمین ناوچە بێت کە بە سەرهەڵدانی تواناکانی بەرگری و سیاسەتی دەرەکی ئەوروپا کاریگەر بێت. لە ماوەیەی دەیەی داهاتوودا، پاساو و بیانووەکانی هێرش و گورزی ڕۆژهەڵات لە دژی خاکی ئەوروپا ڕەنگە هەمووی پەیوەندی بە هەڵوێست و کرداری وڵاتە یەکگرتووەکانەوە نەبێت. دەبێت ئەوروپا ڕووبەرووی سەختی و دژوارییەکانی خۆی ببێتەوە، وە دەبێت بایەخی پتر بە بەرگرییەکانی بدات لە دژی چەکە کۆمەڵ کوژەکان. تا ئەو ڕادەیەی کە پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و عەرەبی بەردەوام بەرەو خراپبوون بچێت، وە لەوانەیە سەربکێشێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەیەکی بەرفروانتر، دەبێت ئەوروپا جددیتر نیگەرانی وهەڕەشەی دووچاربوونی بە مەترسییەکان لەبەرچاو بگرێت.

## جیهانی بەرگرییەکان: و دەرەنجامەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سەرەڕای ئەوەی مەودا و ڕەوتی هەوڵەکانی بەرگری مووشەکی وڵاتە یەکگرتووەکان لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە، توانا هەرە کاراکانی ئەم بوارە کە دەخرێنە گەڕ دەبێت ئاراستەی پێگەی بەرگری هاوپەیمانەکان و هێزەکانی وڵاتە



یەکگرتووەکان بکرێت کە لە کەنداوی فارسی و دەوروبەریدا بڵاوکرنەتەوە. ئەمە ڕەنگە سیستمە زەمینی یاخود دەریاییەکان بگرێتەوە کە توانای دامەزراندن و بڵاوکردنەوەیان هەبێت لە کەنداوو ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست دا. لەبەر ئەو هۆیانەی لە سەرەوە باسکران، ئەگەری زۆرە ئەوروپا بەشداری لە دامەزراندنی پێگەی سیستمەکانی بەرگریدا بکات، کە لە ڕوانگەی خۆیەوە بە بەرگری((ستراتیژی)) لە قەڵەم دەدرێت. ئیستا ئەڵمانیا و ئیتاڵیا هاوبەشی بەرنامەی سستمی مامناوەندی بەرگری هەوایی درێژخایەنن بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکان وەك بەربەرەکانێکردن و بەرەنگاربوونەوەی مەترسی مووشەکی سەرچاوە گرتوو لە باشوورەوە. بە دڵنیاییەوە، ئیسرائیل هەوڵی بەرگری مووشەکی تایبەت بەخۆی هەیە پشت ئەستوورە بە بەرنامەی (Arrow۲)، کە بە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا پەرەی پێدراوە. ئەم سیستمە بە هاوکاری لەگەڵ بەرگرییە هەواییەکانی پاتریۆتی ئیسرائیلی دا دەخرێتە گەڕ کە لە ئاستی دەریاوە نزیکن[٥٩]. لە سنوری ناوچەکەدا، تورکیا لە بەشداریکردن لە بەرنامەی (Arrow) دەکۆڵێتەوە. چاوەڕوان دەکرێت میسر، ئوردن، ئیسرائیل، و تورکیا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا ببنە هاوبەش لە بەرگری مووشەکی ناوچەییدا.

جم و جۆڵ بەرەو((جیهانی بەرگرییەکانی)) ژینگەیەك تیایدا توانای پتری بەرگری مووشەکی و پەیوەستبوونی گەورەتر بە بەرگرییەکان لە بواری ستراتیژی دا، هەندێ دەرئەنجامی گرنگی لێدەکەوێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە بواری کرداری و خستنەگەڕی ئەم چەکانەدا، بۆی هەیە سەنگ و بەهای توانا سەربازییەکانی هەنووکە پتەو و باڵادەست بکات لە ناوچەکەدا. مووشەکە چەکدارکراوەکان بە چەکە کۆمەڵکوژەکان ڕەنگە وەك بەرەنگاربوونەوەیەکی جیاواز دژی هێزی هەوای هاوچەرخ بڵاوبکرێنەوە وە هەروەها وەکو ئامرازێك بۆ گورز و پەلاماری ستراتیژی بەکاربهێنرێن. بەرگری یە مووشەکییە ناوچەییەکان

ئاسایشی ئەو دەوڵەتانە بەهێز و مەحکەمتر دەکات کە پشت بە پێگە هەواییە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوا دەبەستن لە دامەزراندنی سیستمەکانی بەرگرییاندا، کە وڵاتانی تورکیا، عەرەبستانی سعودی، ئوردن،میسر، و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی دەگرێتەوە[٦٠].

بەهۆی دووبارە بەهێزکردنەوەی ڕۆڵی هێزە تەقلیدییەکان، بۆی هەیە بەرگرییە مووشەکییە ناوچەییەکان کار لە سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە بکەن، لەڕێی کەم کردنەوەی توانای هەڕەشەی و گوڕەشە و سیاسەتی و گرژکردن و ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکەوە. بەرگرییە کاراکان ڕەنگە لە گوڕوتینی خواستەکانی بڵاوبوونەوە کەم بکەنەوە بە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی تێچوون بە چەشنێك بارگرانی بۆ وڵاتەکە دروست بکات. ئەو دەوڵەتانەی سوورن لە سەر بەدەستهێنانی سیستمێکی هەڵدان کەجێی متمانە و پشت پێبەستن بێت ڕەنگە پێویستی بەوە بەرهێنان بێت لەڕێ و شوێنەکانی بەرەنگاری، کۆگا گەورەکان، یاخود هەردووکیان پێکەوە. دڵنیا نەبوون لە توانای مووشەکەکان بۆ بڕینی بەرگرییەکان لە کەم و کوڕی و تین و تاوی بەدەستهێنانی چەکە ناووکییەکان کەم دەکاتەوە ئەگەر خستنەگەڕی ئەم چەکانە جێی متمانە و دڵنیایی نەبوون.

دەرئەنجامەکانی کۆنترۆڵکردنی چەك لەناوچەکەدا هێشتا زۆر ڕوون نین. بەهۆی ئاڵۆزبوونی هەوڵەکانی خستنەگەڕی چەکە کۆمەڵ کوژەکان، ڕەنگە بیرکردنەوە لەبەرگری هەندێك لە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هانبدات لە بیرۆکەی کۆنترۆڵی چەك بکۆڵێتەوە وەك جێگیرەوەیەك بۆ پارسەنگ کردنەوەی هاوسەنگیەکە لەگەڵ ڕکابەرە ناوچەییەکاندا، ڕەنگە دۆخی نێوان ئیسرائیل و میسر باشترین نموونەی ئەم حاڵەتە بن. لە هەمانکاتدا.ڕوون نییە ئایا پەیوەندی سیستمە ناوچەییەککانی بەرگری (بۆ نموونە: بەرنامەی Arrow ی ئیسرائیلی) بەو ڕادارە ستراتیژییانەی کە ئاگادارییەکی خێرا و پێشوەختە دەستەبەر دەکەن



دەبێتە مایەی پێشێلکردنی برگەکانی ڕێککەوتنامەی دژە مووشەکی بالیستی ساڵی **١٩٧٢**[٦١]. لەبەر ڕۆشنایی پاشەکشەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەم ڕێککەوتنامەیە، ئەم گرفتە پەیوەندییەکی کەمی بە داهاتووەوە هەیە.

لەوانەیە ڕوسیا هەمان شێوە پەی بەو ڕاستییە بەرێت کە توانای وڵاتەکەی سنوردارە بۆ یارمەتیدانی پەرەپێدانی بەرگری ناوچەییەکان لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. پەرۆشی و بایەخدان بە بەدەستهێنانی بەرگری مووشەکییەکان لە نێو هەندێ لەو دەوڵەتانەی جێی نیگەرانین لە پەیوەندییدا بە بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکانەوە، وەك دەوڵەتی ئێران دەکرێت لە ژێر ڕۆشنایی لێکدانەوەی ستراتیژیدا هەڵبسەنگێنرێن وشیبکرێنەوە. جۆڵەکردن بە ئاراستەی بەرگرییەکان و گرێدانیان بە بڵاوکردنەوەی بەردەوامی چەکە کۆمەڵکوژەکانەوە ئاماژەدانە بە گرتنەبەری ڕێگاچارەیەکی عەقلانیتر بۆ بەکارهێنانی مووشەکەکان وەك لەوەی پێشتر گریمانە دەکرا. ئەمەش ڕەنگە پابەند بوونی قووڵی ئەم دەوڵەتانە بە بەدەستهێنانی توانا کارا وکاریگەرەکانی چەکە کۆمەڵکوژەکانەوە بەرجەستە بکات.

بەرگرییە ناوچەییەکان ئەگەری ئیبتزازی سیاسی هاوپەیمانەکان کەم دەکاتەوە و یارمەتی بێ لایەنکردن و دوورخستنەوەی کاریگەری چەکەکان دەکات لە هاوکێشەکەدا کە ئەگەر وانەبێت ئەوا سنووری ئازادی هەڵسوکەوتی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرتەسك دەبێتەوە. بەرگرییە ستراتیژییە کاراکان ((بەرگری مووشەکی نەتەوەیی)) کە توانای ((بەرپەرچدانەوە بە هۆی داماڵینی ئەم مافە لەوانی دیکە)) بە هەمان شێوە دەبێتە هۆی ئازادییەکی پتری کارکردن بە مانا فراوانەکەی،وە دەبێتەمایەی ڕێگرتن لە زاڵبوونی بڕیارسازە ناوچەییەکان بەسەر نەخشە و پلانەکانی بەرگری نیشتمانی هێزە دەستڕۆیشتووە جیهانییەکاندا.

ئەمەش ئازادی و دەرفەتی پتر دەڕەخسێنێت بۆ پەیڕەوکردنی ستراتیژیەتە بە هێزە ناوچەییەکان بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڕژێمە ((لە یاسا دەرچووەکان)) یاخود

شۆڕشگێرییەکان. لە هەمان کاتدا، بەرگرییە کاراکان دەبێتەهۆی زیادبوونی ئەگەری دووچاربوونی ئەو دەوڵەتانەی لە دەرەوەی نەخشەی بەرگرییە کەدان بە هەڕەشە و مەترسی سەرچاوەگرتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە (ئەمە یەکێك بوو لە ڕەخنەکانی ئەوروپا لە پلانەکانی ئەمریکا بۆ بەرگری مووشەکی «نیشتمانی»). بە لەبەر چاوگرتنی ئاست و مەودای پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانە ناوچەکەییەکانیدا، ئەوا چاوەڕان دەکرێت فشارێکی بەرچاو بخرێتە گەڕ بۆ ئەوەی تادەکرێت نەخشە و ئەندازەی بەرگری مووشەکی بالیستی گشتگیر و هەمەلایەن بێت، بە جەشنێك ببێتە مایەی ڕەواندنەوەی نیگەرانی ومەترسی ئەم دوڵەتە هاوپەیمانانە.

لە کۆتایدا، گۆڕان بە ئاراستەی بەرگری مووشەکی بۆی هەیە مشت و مڕی لێکۆڵینەوە ئامێز بورۆژێنێت دەبارەی ستراتیژ، بەرپەرچدانەوە، وعەقلانی بوون لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئاراستەی بیرکردنەوەی ڕۆژئاوا لە گرفتی دەوڵەتە ((لە یاسا دەرچووەکان) و چەکە کۆمەڵکوژەکانەوە گۆڕدراوە بۆ بیرکردنەوە لە گرفتی عەقلانی بوونی ڕەفتاری ڕژێمەکانی ناوچەکە و نەخشە دانان بۆ چۆنیەتی بەرپەرچدانەوەی ئەم دەوڵەتانە[٦٢].

گرفتی بەرپەرچدانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە بیرکردنەوەی ستراتیژی لەسەربنچینەی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بنیاتنراوە.

جگە لەو تەنگژانەی سەرکردەکانی (دەوڵەتە سەر کێشەکان)دروستی دەکەن کە جیهانبینی و ئامانجەکانیان پێچەوانەیە لەگەڵ بەها نێودەوڵەتییەکاندا، یاخود ئەو قەیرانانەی دزەکردنی چەك لەکۆگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەیخولقێنن، ڕەنگە کارێکی سوود بەخش بێت جیاوازی بکەین لە نێوان دەوڵەتە چەکدارەکان بە چەکە کۆمەڵکوژەکان لە گەڵ بارودۆخی هەنووکەدا کە بارودۆخێکە پێچەوانەی ئامانجە شۆڕشگێرییەکانە[٦٣].



بۆ نموونە، ڕەنگە بەڵگەی ئەوە بهێنیرێتەوە، کە بەرنامە مووشەکی و ناووکییە پێشکەوتووەکانی ئێران کەمتر جێی نیگەرانین بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان وەك لەو نیگەرانییانەی بەهۆی پەرەپێدانی عێراق بە ڕەوت وبەرنامەی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ئارادابوو ، ئەمەش لەسەر بنچینەی ڕەفتاری ڕژێم وە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەهۆی خەسڵەتی موحافیزکارانەی بڕیاردانەوە لە ئێراندا[٦٤].

کێشەی بەرگری مووشەکی مشت و مڕی کلاسیکی وکۆنی سەردەمی شەڕی ساردی زیندووە کردۆتەوە لە نێوان ((بوونخوازەکان)) و (فراوان خوازەکاندا)[٦٥].

یەکەمیان جەختیان لەسەر سروشتی کاولکاری تێکشکانێکی حەتمی دەکردەوە وە لەو باوەڕەدا بوون دابینکردنی نزمترین ئاستی بەرپەرچدانەوە سەقامگیری و ئارامی دەپارێزێت. بەڵام ئەمەی دواییان بۆ چەسپاندنی سەقامگیری هێشتنەوەی کۆگا ناووکییەکانیان بەپێویست دەزانی، کە بەکارهێنانی ناووکی بەهۆی چەندین ئامرازەوە بووە ئەگەرێکی پێشبینیکراو، کە بەگرییەکان (یاخود بەرپەرچدانەوە ((درێژ خایەنەکان)) یەکێك بوون لەو ئامرازانە).

لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەست گەیشتنی زیاتر بە تەکنەلۆجیاکانی هێرش و بەرگری بە بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان ڕەنگە ببێتە هۆی دروستکردنی هەمان تەنگژەو قەیران بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە و دەرەوەی سنوری ناوچەکەیش. ئەم کێشەیە زیاتر زەق دەبێتەوە، ئەگەر ئیسرائیل. پاوانخوازی و باڵادەستی ناوچەیی خۆی لە دەستدا لە بواری چەکە ناووکییەکانیدا. ئەم ڕێگاچارانە بەهۆی لایەنی داراییەوە سنوردار دەبن بە پێچەوانەوەی ئەو دۆخەی کە لوتکەی شەڕی سارددا زاڵبوو. ئەگەر مووشەکە بالیستییە مەودا دوورەکان و کڵاوە ناووکییەکان ئامراز و هۆکاری سەنگ و پێگەی نیشتمانی بن، ئەوا ڕەنگە ئەم حسابات و لێکدانەوە ئاڵۆزانە پێویست نەبن. ئەگەر ئەو دەوڵەتانەی بایەخ و بەرنامەی چەکە کۆمەڵکوژەکانیان هەیە لە ناوچەکەدا ئەم چەکانە وەك بەرپەرچدانەوەی کاراوە یاخود

ئامرازی شەڕکردن و ڕووبەڕووبوونەوە لە قەڵەم بدەن، ئەوا دامەزراندن و کاراکاردنی بەرگرییەکان ڕێگا چارە و شێوازی پێشکەوتووتر دەخوازن.

## سیاسەتی تێوەگلان و دەرەنجامەکان

بە لە بەرچاوگرتنی باڵادەستی وبەردەوامی دۆخی گرژ و ئاڵۆز لە کەنداوی فارسی، درێژەکێشانی ڕووبەڕبوونەوەی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان، و ناکۆکی و ململانێ گرنگەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان و هۆکارەکانی هەڵدانیان بۆ مەودای دوور دەبنە مایەی و گیروگرفتی سەخت وقووڵ. بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕووداوەکانی ١١ سێبتەمبەری، ئیرادەوئامادەیی هەڵسوکەوتکردن لە گەڵ گرفتی بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان و تیرۆریزمی نێودەوڵەتیدا وەك دوو دیاردەی پێکەوە پەیوەست وگرێدراوکە زیاترو زیاتر خەسڵەت مەودایەکی جیهانی وەردەگرن، شەڕی ٢٠٠٣ دژی عێراق ئەوەندەی دیکە ئەم دڵەڕاوکێ و نیگەرانییە جددیییانەیان لە هرزی بڕیارسازاندا جێگیرتر و پتەوتر دەکەن.

ئێستا لیبیا و جەزائیر کەمتر جێی نیگەرانین، بەڵام ئاراستە و جوڵەکانی بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە لیڤانت و کەنداودا وە ئەو کاریگەرییانەی لە باشووری ئاسیاوە سەرچاوە دەگرن وێنەکەیان تاریك کردووە.

بەکورتی، هەل و مەرجی بڵاوبوونەوەی ناوچەیی ئەم چەکانە لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە، ئەگەرچی ڕەوتی بڵاوبوونەوە هەر بەردەوامە. سەرهەڵدانی هێزی ناووکی نوێ لە ناوچەکەدا، لە پاڵ بەرنامەکانی پەرەپێدانی توانای مووشەکی بۆ گەیشتن بە ئەورووپای ڕۆژئاوا و لە دواییدا بە ئەمریکای باکوورە، دەبنە هۆی پەرەسەندنی ئاڵوگۆڕ ئامێز لە بواری ستراتیژیدا.تەنانەت تواناکانی ئێستای ئەم دەوڵەتانە ڕەنگدانەوە و کاریگەری گرنگی لەسەر سەقامگیری ناوچەیی و



ستراتیژی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێت. هەروەها دەکرێت هەندێ سیاسەتی وردتری تێوەگلان دەستنیشان بکرێت کە لەم شیکردنەوانەوە بەدەست دەهێنرێن:

یەکەم: فراوان بوون و گەورە بوونی توانا مووشەکی و چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئازادی جوڵە و کارکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان بە چەندین شێوە بەرتەسك دەکاتەوە. لە ڕووی کردارییەوە هێزە بڵاوکراوەکان دووچاری مەترسی زیاتر و بوونی سەربازی پتر ئاڵۆزدەکات لە ناوچەکەدا. ئەوەی لە ئاسۆی داهاتوودا بەدی دەکرێت، ستراتیژەکانی دەستێوەردان دەتوانن ئەگەری ئەم مەترسییە کەم بکەنەوە بەڵام ڕەنگە لە هەندێ هەل و مەرجدا گونجاو نەبن کە دۆخەکە بڵاوکردنەوەی هێزی زەمینی دەخوازێت.

لە ڕووی ستراتیژییەوە، کاتێك بنکە و مەڵبەندەکانی نیشتەجێ بوونی ئەورووپا دەکەونە بەر هەڕەشە و مەترسی مووشەکە مەودا دوورەکانەوە ئەوە دەگەیەنێت کە بڵاوبوونەوەی ئەم چەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێتە گرفتی ئاسایشی کیشوەری ئەورووپا.

ئەگەر ئەمریکای باکوور بکەوێتە مەودای مووشەکەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر بە کڵاوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان چەکدارکرابن ئەوا ستراتیژ و دبلۆماسیەتی ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بایەخ و گرنگیەی پتر وەردەگرن. کە ئەم دۆخە گرتنەبەری ڕێگاچارەی گونجاو بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێی عەرەب و ئیسرائیل یاخود بۆ پاراستنی ئاسایشی کەنداودا زۆر سەختتر دەکات تائەو ڕادەیەی پەرەسەندنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئاسایشی خاکی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێت.

دووەم، بەرگری مووشەکی کارا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوروبەریدا ڕەنگە گرنگبێ بۆ ڕەواندنەوەی مەترسی هاوپەیمانەکان و هێزە بڵاوکراوەکان سەر زەوی لە

سایەی هەل و مەرجی هەنووکەدا. هەروەها دەکرێت ببێتە بەربەستێك دژی سیناریۆ سامناکەکانی بڵاوبوونەوەی چەکە مەترسیدارەکان کە بۆی هەیە لە ئەنجامی فراوان بوونی رووبەڕووبوونەوی ئیسرائیل و عەرەبەوە یاخود سەرهەڵدانی هێزی ناووکی نوێوە لە ناوچەکەدا بێتەدی. بەرگری مووشەکی دەتوانێت یارمەتی پارسەنگدانەوەی هەر داماڵڕانیێ لە بەهای ئەو سیستمە پێشکەوتووەکانە بداتکە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان دابینکراون بە شێوەیەکی سەرەکی فرۆکە تاکتیکییە نوێیەکان، کە بە هاوپەیمانە گرنگ و سەرەکییەکانی ناوچەکە بەخشراون، وەك ئیسرائیل، میسر، عەرەبستانی سعودی، و تورکیا، تا ئەو ئاستەی گوڕوتین و هێزی تەقلیدییانە لە داخوران و بۆ پوکانەوەدایە، تەنها هێزەکانی ئەمریکا دەتونن پارسەنگی ئەم پوکانەوەیە بدەنەوە. نەخشە کێشانی ئەندازەی بەرگری مووشەکی ناوچەیی دەبێت دیسانەوە ئەگەر وپێشبینی مەترسی ڕوو لە زیادی نێوان وڵاتانی دەرەوەی ئەم بەرگرییە ڕەچاوبکات. ئێستا چەندین دەرفەتی مژدەبەخش لە ئارادایە بۆ پەرەپێدانی بەرگرییە مووشەکییەکان کە بنکەکانییان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست بڵاوبکرێنەوە، کە دەکرێت ئەندامانی ناتۆ و بە هەمان شێوە هاوپەیمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دڵنیابکاتەوە.

ڕەهەندی هاوپەیمان بوون لە بەرگری مووشەکی و ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکاندا گرنگە گەر هەوڵەکان بە ئاراستەی بەهێزکردنی ئازادی جوڵە و کارکردنی ئەمریکا بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و دەوروبەریدا.

لەکۆتایدا، دوو لەبەرچاوترین کاریگەرییەکانی سەر لایەنی دابینکردن و داواکاری گرفتی بڵاوبونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکانبریتین لە گواستنەوەی تەکنەلۆجیا لە ڕوسیا و چینەوە، وە ڕەوتی پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها سەرچاوەگەلی دیکە هەن کە نائارامی و نیگەرانی گەورەتریان لێدەکەوێتەوە لە داهاتوودا. ڕێگەگرتن لە گواستنەوەی تەکنەلۆجیا نوێیەکان بۆ ناوچەکە دەبێت ببێتە ئامانجی جەوهەری پەیوەندییەکانی وڵاتە



یەکگرتووەکان بە ڕوسیا و چینەوە. هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکان پێوەستی بە گۆرین و گونجاندنی هەڵسوکەوتکردنی هەیە لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی دا بۆ دەستنیشانکردن و دیاریکردنی کاریگەری قووڵی بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکانلەسەر((کۆتایی ململانێکە)) ئەو ئامانجەی هەمیشە هۆکارێکی هەستیار بووە لە پرۆسەی ئاشتیدا. توانای دەوڵەتە ڕەتکەرەوەکان (ئەوانەی ڕێککەوتن وئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا ڕتدەکەنەوە) بۆ درێژە پێدانی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئیسرائیلدالەناوچە وسنورە دوورەکانەوەئەو دەگەینێت گفتوگۆ دووقۆڵییەکان ڕەنگە بەس نەبێت بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێیەك کە تادێت ئاڵۆز دەبێت، وەڕەنگە یەکلاکردنەوەی یەکجاری ئەم ململانێیە دۆخی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و ئاستێکی قبوڵکراوی مەترسی لە خۆبگرێت.

# بەراوێزەکانی بەشی هەشتەم

١- Henry Sokolski, “Post ٩/١١ non proliferation”, E-Notes, foreign policy Research Institute, January ٢٥, ٢٠٠٢.

٢- بۆ نموونە لە سەرەتایی ساڵانی هەشتاکاندا مۆسکۆ ڕازی نەبوو مووشەکی جۆری (SS-٢٣) بە سوریا بفرۆشێت کە مەودای ئەم موشەکە دەگاتە ٥٠٠ کم.

Pore Gold, “Middle East Prolife ration, Iraeli Missile Defence, and the ABM Traty Debate”, Jerusalem Letter, Jerusalem center for public Affairs, No.٤٣٠, May ١٥, ٢٠٠٠, P.٢; and conversation with the anthor.

٣- Gordon M. Burck and Charles C. Flowerer, International Hnd book on chemical weapons proliferation, New York: Green wood Press, ١٩٩١, pp.٢٢١ and ٣٤١-٣٥٥; and Sterling seagrave, yellow Rain, New York: Evans, ١٩٨١. cited in Geoffery kemp and Robert Harkavy, Strategic Geography and the changing Middle East, Washington, D. C.: Brookings Institution Press, ١٩٩٧.

٤- هەرچەندە دەتوانرێت ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر بە بەڵگەی ئەوە بهێنرێتەوە کە بێ بەکارهێنانی چەك کۆمەڵکوژەکانیش ئەگەری کاولکاری و کوشتار و تێکدانی ئارامی و ئاسایشی لە ئارادایە.

٥- هەندێك لە ڕووداوە تیرۆریستییە دیارەکان لەم ساڵانەی دواییدا پەیوەستن بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵام لە ڕووی مێژوویەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاڵی کۆبوونەوەو نەخشەکێشانی سەرەکی نەبووە بۆ ئەنجامدانی هەندێ ڕووداوی هەژێنەر، لە نێویاندا هێرشەکانی ئەم دواییەی سەر ئەمەریکا، بڕوانە:

Bruce, Hoffman, “Terrorism Trends and Prospects” in Ian O. Lesser etal. Countering the New Terrorism, Santa Monica, calif: RAND. MR-٩٨٩-AF, ١٩٩٩.

٦- من سوپاسگوزاری (دانیال بایمان)م بۆ ئەم سەرنجەی.

٧- William J. Broad, “Document Records ١٩٨٧ Bomb test by Iraq”, New York Times, April ٢٩, ٢٠٠١.

٨- ئەم گفتوگۆیە جەخت لەسەر بەرنامە ناوەکی، کیمیایی، بایۆلۆجییەکان و مووشەکە بالیستییەکان دەکاتەوە. لە پەیوەندیدا بە سیستمەکانی هەڵدانییانەوە، دەتوانیین ئەوە بڵێین کە مووشەکەکان لەڕووی ستراتیژییەوە گرنگترن، بەڵام ئاشکرایە کە چەکە کۆمەڵکوژەکان دەتوانرێت بەهۆی هۆکارە تەقلیدییەکانەوە هەڵبدرێن، لەوانە فرۆکەی جەنگی، مووشەکی کرۆز کە بڵاوبوونەوەیان ڕوو لە زیادییە، تۆپهاوێژەکان و هۆکارە نهێنیی و ناتەقلیدییەکانی دیکە. ئەم بەشە پشت ئەستوورە بە کۆمەڵێك سەرچاوەی متمانەپێکراو، لە نێویاندا

Gerald Steinberg, Arms Control and Non-Proliferation Development in the Middle East: ١٩٩٨-١٩٩٩, Raman Gan: BESA, ٢٠٠٠; Proliferation threat and response, Washington, D. C.: Office of the Secretary of Defense, ٢٠٠١; Justin Anderson, Ballestic Missile Arsenals in the Middle East, Washington, D. C.: The Carnegie Non proliferation Project, ٢٠٠١: foreign Missile Development and the Ballistic Missile Threat to the united States through ٢٠١٥, Washington D. C: National Inelligence council, ١٩٩٩; the International Institute for Strategic Studies, the Military Balance ١٩٩٩-٢٠٠٠, Oxford: IISS, ١٩٩٩: Anthony cordes man, Weapons of Mass Destruction in the middle East, Washington D. C.: center for strategic and International Studies, ١٩٩٦; Kemp and Harkavy, Appendix ٤; and the Summery of regional Capabilities prepared by Ashley Tellis for Ian Lesser and Ashley Tellis, strategic Eposure: Proliferation a round the Mediterranean, Santa Monica, calif: RAND, MR- ٧٤٢- A, ١٩٩٦, p.٧.

٩- بۆنموونە، لە ساڵی ١٩٩٢، بەرپرسێکی پایەبەرزی جەزائیری پێی ووتم ( لە دە ساڵی داهاتوودا، دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکان دوو وڵات لە ئەفریقیادا بە جددی وەربگیرێت، جەزائیر و ئەفریقیای باکوور، هەردووکیان بۆی هەیە ببنە هێزی ناوەکی. ڕەنگە ئەم بەرپرسە مەبەستی پەرەسەندنی ناوەکی مەدەنی بوو بێت، بەڵام مەبەستەکەی بە تەمومژی دەربڕی. بڕوانە:

Lesser and Tellis, ١٩٩٦, p.٧.

١٠- Ray Takeyh, “Liba: Opting for Europe and Africa, Not Ties with Washington”, Policy watch No. ٤٨٦, Washington D. C.: Washington Institute for Near East Policy, September ٢١, ٢٠٠٠.



١١- Geoffrey Kemp and Robert E. Harkavy, Strategic Geography and the changing Middle East. Washington, W. C.: Brookings Institution Press, ١٩٩٧, pp.٣٩٣-٣٩٤.

١٢- ئەم بەراوردە بە شێوەیەکی ڕوون لە گفتوگۆکانی کۆنترۆڵکردنی چەك و ئاسایشی ناوچەییەوە بەدەست هاتوون، وەك بەشێك لە پرۆسەکانی ئاشتی هەمەلایەنەی (Madrid) لە نێوان ئیسرائیل و دراوسێ عەرەبیەکانیدا.

١٣- Lesser and tellis, ١٩٩٦, p.٦١.

١٤- Justin Anderson, “Ballistic Missile Arsenals in the Middle East”, Carnegie Proliferation Brief, vol.٤, No.٣, March ١٥, ٢٠٠١.

١٥- خەملاندنی دیکە لە ئارادایە کە ئەم ژمارەیە بە زیاتر لە قەڵەم دەدات ئەویش لەلایەن سیمۆن هێرشەوە خرایەڕوو لە کتێبەکەیدا بە ناوی:

Israel’s Nuclear Arsenal and American Foreign Policy, New York: Random House, ١٩٩١.

هەروەها بڕوانە:

Yair Euron, Israel’s Nuclear Dilemma, Ithaca, N. Y.: Coruell University Press, ١٩٩٤.

١٦- Proliferation threat and Response, ٢٠٠١, Washington, D. C.: Office the Secretary of Defence, P.٤٥.

١٧- Anderson, ٢٠٠١.

١٨- Michael Eisenstadt “the Armed Forces of the Islamic Republic of Iran: An Assessment”, Middle East Review of International Affairs, Vol.٥, No.١, March ٢٠٠١, p.١٠.

١٩- Proliferation Threat and Response, ٢٠٠١, p.٣٥.

٢٠- سەرەڕای مووشەکە مەوداددوورەکانی ئێران، تورکیا نیگەران خۆی دەربڕی لە بارەی تاقیکردنەوەکانی ئێران بۆ سیستەمی Fateh-١١٠.

Turkey concerned over Iran’s Ginded Missile test, “Turkish Daily News, June ٣, ٢٠٠١.

هەروەها بڕوانە:

“Iran’s Weapons: A Bigger Punch”, the Economist, May ٢٦, ٢٠٠١.

٢١- خستنەگەڕی سەرکەوتووانەی ئەم مووشەکانە جێی گومانە. بڕوانە:

Anderson, ٢٠٠١, P.٢.

٢٢- Richard L. Russell, "A Sandi Nuclear Option?" Survival, Vol.٤٣, No.٢, Summer ٢٠٠١, PP.٦٩-٧٩.

٢٣- Thanos Dokos, "The proliferation of Weapons of Mass Destraction in the Mediterranean: the Threat to western Security", Mediterranean Politics Vol.٥, No.٣, Autumn ٢٠٠٠, p.١٠٢.

بەهەمان شێوەی عێراق، ڕاپۆرتەکان ئاماژەی بەوە دەکەن ئێران کلاوە ئەتۆمییەکانی لە دەرەوە بەدەستهێناوە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێن و بخرێنەگەڕ، ڕاپۆرتێك لە ساڵی ١٩٩٢ بڵاوبووەتەوە ئاماژەی بەوەدا ئێران کلاوە ناوەکییەکانی لەکازاخستان کڕیووە. بڕوانە:

Wyllie, "Iran's Quest for  Security and influence", Jane's Intelligence Review, July ١٩٩٣, pp.٣١١-٣١٢.

شیکەرەوەکان بەگشتی بە گومانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتانە دەکەن.

٢٤- National Intelligence council, foreign Missil Developments and the Ballistic Missile Threat to the united states through ٢٠١٥, September ١٩٩٩, p.٢.

٢٥- Gold, ٢٠٠٠, pp.٥-٦.

٢٦- Gold, ٢٠٠١, p.٦; and Yitzhak Rabin, "Deterrence in an Israel security context", in Aurum klelman and Ariel levite (eds.) Detterence in the Middle East, Tel Aviv: Jaffe center for Strategic Studies, ١٩٩٣.

٢٧- Barry Eubin, "The Military in contemporary Middle East Politics", Middle East Review of International Affairs. Vol.٥, No.١, December ٢٠٠٠.

٢٧- هەروەها بڕوانە:

George Tent " Weapons of Mass Destruction: A new Dimention in u.s. Middle East review of International affairs, Vol.٤, No.٢, June ٢٠٠٠.

٢٨- Patrick J. Garrity, why the Gulf war still Matters: foreign Perdpectives on the war and the future of International Security, los Alamos; N. M.: center for National Security Studies, ١٩٩٣.



٢٩- Lesser et al. countering the new Terrorism, p.١٠٦.

٣٠- Lesser and Tellis, ١٩٩٦, pp.٣٦-٣٧.

٣١- Lesser and Tellis, ١٩٩٦, pp.٣٨-٣٩.

٣٢- Lesser and Tellis, ١٩٩٦, p.١٦.

٣٣- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم خاڵە، بڕوانە:

Rubin, ٢٠٠٠, P.٣; and V. J. Parry and M. E. yapp (eds.), war, Technology and Society in the Middle East, London: Oxfords university Press. ١٩٧٥.

٣٤- Kemp and Harkavy, ١٩٩٧, p.٢٨٦.

٣٥- Kemp and Harkavy, ١٩٩٧, p.٢٨٦.

٣٦- Dokos, ٢٠٠٠, pp.٩٥-١١٩; and Lessesr and Tellis ١٩٩٦.

٣٧- Samual p. Huntigton, "The clash of civilization?" Foreign Affairs, Dummer ١٩٩٣.

٣٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ دۆرگۆید، کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ئارییل شارۆنە.

٣٩- Yehezkel Dror, "Systems Perspective: The Dangers of Fragmented Thinking", in Arieh Stav (ed.) Ballistic Missiles: the Threat and the Response, London; Brassey's ١٩٩٩, p.١٩٨.

٤٠- Global Treads ٢٠١٥, ٢٠٠١, p.٨٥.

٤١- من سوپاسگوزاری (دانیەل بایمان)م بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵێك بابەت کە لەم بەشەدا گفتوگۆیان لەسەر کراوە.

٤٢- هەواڵگری و ناوەندەکانی بەرگری ئەڵمانی زیاتر و زیاتر نیگەران دەبن دەربارەی توانای مووشەکە ئێرانییەکان بۆ گەیشتنیان بە ئامانجە ئەوروپییەکان.

٤٣- هەروەها دابینکەرە ڕۆژئاواییەکانیش دەتوانن ڕۆڵێك ببینن، بەتایبەتی لە بواری ئەو تەکنەلۆجیا و کەلوپەلانەی بەکارهێنانی دوو سەرەیان هەیە(سەربازی و مەدەنی) بۆنموونە بڕوانە:

Stephen Grey, "French weapon Grade Experts to Iraq Blocked", London Sunday Times, April ٢٢, ٢٠٠١.

٤٤- بۆ نموونە، بڕوانە:

Eugene Rumer, Dagerous Drift: Russia’s Middle East Policy, Washington, D. C.: Washington Institute for Near East Policy, ٢٠٠٠.

٤٥- Galia Golan, “Rusia and Iran, Astrategic Partership?” Discussion Paper No.٧٥, London: Royal Institute for International Affairs. ١٩٩٨.

هەروەها بڕوانە:

Wines, “Putin to Sell Arms and Nuclear help to Iran”, New York Times, March ١٣, ٢٠٠١.

٤٦- “Russia, Libya Determined to revive cooperation”, Inter fax (Moscow). November ١٥. ٢٠٠٠.

٤٧- Proliferation Threat and Response, ٢٠٠١, p.٥٨.

٤٨- بڕوانە:

James Risen, “Nuclear Item Sold by Russia to Iran Pose on obstacle, panel finds”, New York Times January ١١, ٢٠٠١.

٤٩- Oskana Antonenko, “Russia’s Military Involment in the Middle East”, Middle East Review of International affairs, Vol.٥, No.١, December ٢٠٠٠.

٥٠- Patrick E. Tyler, “Moscow Says Remarks by u.s. Resurrect Spirit of cold war”, New York Times, March ٢١, ٢٠٠١.

٥١- شیکردنەوەی مەسەلەی گواستنەوەی تەکنەلۆجییەکانی پەیوەست بەو مووشەکانەی توانای هەڵگرتنی کلاوەی ناوەکییەکان هەیە لەلایەن پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیجییەکان خراونەتە ڕوو.

Strategic Survey. ١٩٩٩/٢٠٠٠, oxford: Oxford University Press, ٢٠٠٠, PP xxviii-xxix.

٥٢- Jin Mann, “US Takes Arms Exports”, Los Angeles Times, October ٥, ٢٠٠٠.

٥٣- هەروەها چین دابینکەرێکی گرنگی مووشەکەکانی کرۆزە ( کە دەکرێت چەکە کۆمەڵکوژەکانی پێ هەڵبدرێت) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.



٥٤- گواستنەوەکانی پەیوەست بە تەکنەلۆجیای سەربازی و موشەکە مەودادوورەکان لەلایەن کۆریای باکوورەوە بەردەوامە، کۆرییەکان ئاماژە بە هۆکار و پاڵنەرە ئابوورییەکان دەکەن بۆ ئەم ڕەفتارەیان، سەرەڕای دووپاتکردنەوەی پابەندبوونییان بە سنووردارکردنی ئەم هەناردانە بڕوانە:

Doug Suruk, “North Korea Insists on Missile Sales”, International Heralol Tribune, may ٥-٦, ٢٠٠١.

٥٥- بۆ گفتوگۆیەکی جددی لەسەر ئەم چەمکە، بڕوانە:

Graham E, Fuller and O. lesser, Asense of Siege: The Geopolitics of Islam and the west, Boulder, Colo.: West view/ RAND, ١٩٩٥, pp.٦٤-٦٨.

٥٦- هاوکاری ناوەکی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا حاڵەتێکی جیاواز و تایبەتییە.

٥٧- Joachim Krause, “The Proliferation of weapons of Mass Destruction: The Risks for Europse”, in Paul Cornish, Peter Van Ham, and Joachim, Krause (eds.), Europe and the Challenge of Proliferation, Paris, WEU institute for Security Studies, ١٩٩٦, pp.٥-٢١.

٥٨- ڕێگا چارەیەکی ئەوروپی ڕوون پێشنیارکراوە لە:

Camille Grand, “The European union and the Non- Proliferation of Nuclear Weapons”, Chaillot paper No.٣٧, Paris: WEU Institute for Security Studies, January ٢٠٠٠, pp.٤-٥. for a contrasting American Perspective.

بڕوانە:

Jan Lodal, the Price of Dominance: The new weapons of Mass Destruction and Their challenging to American leader ship, New York: Council on foreign Relations, ٢٠٠١, for amore general discussion of U.S. and European foreign policy differences, Robert kagan, of Paradise and Power, New York: Knopf, ٢٠٠٣.

٥٩- International Institute for Strategic Studies, ٢٠٠٠, pp١٢٧-١٢٨.

٦٠- Gold, ٢٠٠٠, p.٧.

٦١- Gold, ٢٠٠٠, p.٧.

٦٢- دەربارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بەشێوەیەکی کلاسیکی، بڕوانە:

Yehezkel Dror, Grazy States: A Counter conventional Strategic Problem, Lanham, MD: Lexington Heath, ١٩٨٠; Thomas C. Schelling the Strategy Press, ١٩٦٠; and Dean Wilkening and Kenneth Watman, Nuclear Deterrence in a Regional context, Santa Monica, Calif: RAND, MR-٥٠٠-AIAF, ١٩٩٥.

٦٣- هەروەك لەلایەن ( جیراڵد شیبێرگ )ەوە پێشنیارکراوە.

٦٤- Gold, ٢٠٠٠,

٦٥- هەروەك لەلایەن (ڕۆبرت لیچاین) ەوە پێشنیار کراوە.



# بەشی نۆیەم

## دەرئەنجامەکان

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەیەکانی داهـاتوودا بـە زنجیرەیـەك سـەختی و دژواری دا تێپەڕدەبێت کـە وەڵامدانـەوەی بنیاتنەرانـە و هەنـدێ جـار قـورس و زەحمـەت دەخوازێـت لەلایـەن وڵاتـە یـەکگرتووەکان و هاوبـەش هاوپەیمانەکانییـەوە. بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵ کوژەکان، ئەگەری گـۆڕانی سـەرکردەکان، و چـالاکی ڕوو لەزیادی ڕوسیا و چین لە ناوچەکەدا دەتوانێت هەوڵەکانی وڵاتەیەکگرتووەکان ئاڵۆزبکـەن بـۆ بەشـداری پێکردنـی دەوڵاتـە دۆسـتەکان و بەرپەرچـدانەوەی دوژمنەکان. توندوتیژی بەردەوام لە سەرخاکی فەڵەستن و ئیسرائیلدا بـۆی هەیـە زیاتر ناوچەکە بەرەو ناسەقامگیری پەلکێش بکات،وە بۆی هەیە پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرووەکان بە نزیکترین هاوپەیمانی ناوچەکەیەوە تەسك و سنورداربکات، وە بەدەستهێنانی ئامانجە ناوچەییەکانی دیکـەی وڵاتـە یـەکگرتووکان سـەخت و زەحمەت بکات. تەنانەت بەرەو پێشچوون لە بەدی هێنانی هەندێ لە ئامانجەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیش، وەك بە دیموکراتیکردن و ئازادکردنی ئـابووری ڕەنگـە بنەمایـەی زیـادکردنی ناسـەقامگیری لـە ناوچـەکەدا کـە سەردەکێـشت بـۆ خۆبەدوورگرتن ودوورکەوتنەوەی ڕژێمە دۆستەکان لە واشنتۆن دووایین بەش، چاو دەگێڕێتەوە بە پێشبینی و دەرەئەنجامەکانی بەشەکانی پێشو. جەخت لەسەر سـێ کێشەی پێکەوە پەیوەست دەکاتەوە. ئەو گرژی و ئاڵۆزییانـەی لەسـەر داڕشـتنی سیاسـەتی دەرەکـی وڵاتـە یـەکگرتووەکان دا ڕەنگدانـەوە کاریگـەرییان هەیـە، سـەختی و دژوارییـە سـەرهەڵداوەکان کـە پرۆسـەی بڕیارسـازی لـە وڵاتـە یەکگرتووەکانـدا ئـاڵۆز دەکـەن،وە ئـەو نائـارامی و ناجیگیرییـە سـەرەکییانەی بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەر دەبن بەسەر پەرەسەندنە ناوچەییەکانەوە.

## ئەوگرژی و ئالۆزییانەی ڕەنگدانەوەیان لەسەر سیاسەتی دەرەکی ولاتەیەکگرتووەکان هەیە

لێرەدا ئەوە دەخەینە ڕوو کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە زۆری ڕووبەڕووی فشارە دژبە یەکەکانی دەبێتەوە. یەکێك لە گرژی و ئالۆزییەکان چەسپاندن و جیگیر کردنی سەقامگیرییە لە بەرامبەر هاندانی چاکسازی سیاسیدا، دووەم یەکلاکردنەوەی ئەو پرسیارە لەخۆ دەگرێت کە ئایا سیاسەتەکان گرنگی بە هەڵس وکەوتکردن لە گەڵ ڕژێمەکاندا بدەن یاخود خواست و ویستی گەل و نەتەوەکان لەبەرچاو بگرن.

## سەقامگیری لە بەرامبەر چاکسازی سیاسیدا

هەمیشە بڕیارسازەکانی وڵاتە یەککگرتووەکان ڕووبەڕووی ئەو هەڵبژاردنە دەبنەوە لە نێوان جێگیرکردنی سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەپێدانی دیموکراتی تیایدا. هەروەك لە بەشی دووەم دا گفتوگۆی لەسەر کرا، هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندی بەربلاوی لە چاکسازی سیاسی لە ناوچەکەدا هەیە، بەڵام بە هەمان ئاست نیگەرانیگەلێکی ستراتیژی گرنگ لە ئارادایە لە بارەی دەرەنجامە نزیکەکانی بەشداری ڕوو لە زیادی هاوڵاتیان لە بڕیار و پرۆسەی سیاسیدا، ئاستە بەرزەکانی هەستی دژە ئەمریکی لە ناوچەکەدا. لە بەشەکانی دواییدا گفتوگۆی لە بارەوە کراوە. ئەوە دەگەیەنێت کە هەر کرانەوەیەك لە سیستمە سیاسییەکانی ناوچەکەدا ڕەنگە گرتنەبەری ئەو سیاسەتانەی لێبکەوێتەوە کە ڕەنگدانەوەی خواست و ویستە جەماوەرییەکان بن بۆ خۆلادان و دوورکەوتنەوە لە بەستنی پەیوەندیەکی نزیك و دۆستانە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا. هەر جوڵەیەك بەم ئاڕاستەیەدا ڕەنگە ئامانجە ناوچەییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ئاڵۆز بکات، لە نێویاندا دووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراق و



ناوبژیوانیکردنی ململانێی عەرەب و ئیسرائیل، هەروەها ئامانجە بەر فراوانەکانی دیکە وەك دژایەتی تیرۆیزم و بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان.

گەشەپێدانی ڕەوتی چاکسازی سیاسی بۆی هەیە ببێتە هۆی زیادبوونی ناسەقامگیری ناوچەیی. هەروەك لەبەشی حەوتدا گفتوگۆی لەسەرکرا. هاوڵاتی و تاکەکەسەکان لە ناوچەکەدا لەگەڵ زنجیرەیەکی بەرفراوانتری بۆچوون وگۆشەنیگاکاندا دەست و پەنجە نەرم دەکەن لە ڕێی هۆکارە نوێکانی ڕاگەیاندوە کە بوونەتە دەروازەیەك بۆ گوزارشتکردن لەتوڕەیی و نائومێدی و ناڕازیبونیان. هەروەها ئەم بیروبۆچونانە بە شێوەیەکی بەرفراوانتر پەخش دەکرێت بەهۆی بڵاوبونەوەی هۆکارە تەکنەلۆجییە ئاست مامناوەندییەکان، وەك ئامێری لەبەرگرتنەوە(فۆتۆکۆپی)، فاکس، کاسێتەکان. ئازادکردنی مەودای بیروبۆچوونە گوزارشت لێکراوەکانی زیادکردووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا: ڕەنگە بە دیموکراتی کردن دەرفەت بۆ هەندێ دەنگی نوێ برەخسێنێت بۆ ئاوێتەبوونییان بە حکومەت. دەرکەوتنی گەورەتری نەتەوە پەرستەکان یاخود ئیسلامییەکان لە ڕژێمە تاکڕەوکاندا بۆی هەیە مایەی هەڵوێستەکردنی ڕژێمەکانی دیکە و ئالۆزی و گرژییە ناوخۆیی وناوچەییەکان خێراتر بکات. پتر لەوە، ئەو دەوڵەتانەی بە گۆرانە سیاسییە قووڵ و بنەڕەتیەکاندا گوزەر دەکەن بە زۆری لە ململانێ نێودەوڵەتییەکانەوە دەگلێن وە زیاتر لەوانی دیکە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت کەلەشەڕ ودەستدرێژییەکاندا دەستپێشخەربن[1]. هەروەها ئەم دەوڵەتانە لە دۆخی لاوازییەکی ئاشکرادان کە دراوسێکانییان دەخاتی سەر کەڵکەڵەی دەستدرێژی و داگیرکاری.

لەکاتێکدا بڕیارسازان لە تێکۆشاندان بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگییەکی ڕاست و دروست لە نێوان سەقامگیری و دیموکراسیدا، سیاسەتی وڵاتە یەککگرتووەکان لە ئاست ناوچەکەدا وەك سیاسەتی پڕ ناکۆکی هاتۆتە بەرچاو. گووتاری پشتیوانی لە چاکسازی سیاسی لە ناوچەکەدا هاوشان بووە لەگەڵ قبوڵکردنی سیاسەتە نا

دیموکراتییە هاوپەیمانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دا. لە کاتێکدا پەرەسەندنە دیموکراسییەکان لەو وڵاتانەی ئەگەری بوون بە دوژمنی وڵاتە یەکگرتووەکانییان لێدەکرێت نادیدە دەگیرێت. هەر کاتێك وڵاتە یەکگرتووەکان ناچار بووبێت لە نێوان دیموکراسی و سەقامگیری ناوچەکە دا هەڵبژاردن بکات، ئەوا بە شێوەیەکی نەگۆڕ و بەردەوام سەقامگیری هەڵبژاردووە. ئەم هەڵبژاردنە دەرئەنجامگەلی دیاریکراوی لێکەوتۆتەوە لە پەیوەندیدا بە گەل و ڕژێمەکانی ناوچەکەوە. ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکان ڕنگە زیاتر و زیاتر هانبدرێت، و ئاسودە بن بەو باوەڕەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان فشار ناکات بۆ چاکسازییە سیاسییەکان، لە کاتێکدا گەلان ـ هەوەکو پێشتر گفتوگۆی لەسەرکرا ـ بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد وا لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەڕوانن کە بەلای کەمەوە بەشێوەیەکی لاوەکی بەرپرسیارە لە ڕژێمە سەرکوتکارەکانییان.

## ڕژێمەکانی لەبەرامبەر گەلاندا

هەڵبژاردنی سەقامگیری بەسەر بە دیموکراتیکردندا بەشێوەیەکی کارا سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوووەکان لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگونجێنێت نەك بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکە. هەستی دژە ئەمریکی بوون لە ناوچەکەدا دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵام هەندێ ئاماژە لە ئارادان کە ئەم هەستە لە هەڵکشاندایە. بە پێی ئەو ڕاپرسییە جیهانییەی ڕای گشتی کە لەلایەن پرۆژەی گۆشەنیگا جیهانییەکانەوە لە مانگی شەشی ٢٠٠٣ دا ئەنجامی داوە، ٨٣ لەسەدی ئەوانەی ئەو ڕاپرسیەیان لەگەڵدا کراوە لە ئوردن بیرو ڕایەکی(زۆر نەخوازراویان) بەرامبەر وڵاتە یەکگرتووەکان هەیە، ئەمە لەکاتێکدا لە هاوینی٢٠٠٢ دا ئەم ڕێژەیە لەسەدا پێنج بووە، وە نزیکەی هەمان ڕێژە لە لوبناندا لە ٣٨وە بۆ ٤٨ لەسەدا بەرزبۆتەوە. ڕاستی و زانیارییەکانی ساڵی٢٠٠٣ ڕێژەیەکی زۆر بەرز لەخۆدەگرێت لە و خەڵکانەی ڕاپرسیان لەگەڵدا



کراوە کە بیروباوەڕی(تا ڕادەیەك نەخوزراو) یاخود(زۆر نەخوازراو)یان بەرامبەر وڵاتە یەکگرتووەکان هەیە، کە ڕێژەی لەسەدا ٦٦ لە مەغریب، لەسەدا ٧١ لە لوبنان، لەسەدا ٩٨ لە خەڵکانی ژێر سایەی دەسەڵاتی فەڵەستنی، لەسەدا ٩٩ لە ئوردن[٢]. وە ئەوانەی باوەڕیان وایە کە ڕێژەی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی وڵاتەکانییان لەو بڕیارە سیاسییانەی وڵاتە یەکگرتووەکان وەریدەگرێت یا(وەك پێویست نییە) یاخود(هەرنییە) ئەم ڕێژەیە لەسەدا٦٣ بوو لە مەغریب، لە سەدا٨٠ بوو لەو ئوردن(لە ساڵی٢٠٠٢ دا لەسەدا٧١ بوو)، لەسەدا ٨١ لە لوبنان( کەپێشتر لەسەدا ٧٧ بوو)وە لەسەدا ٩٢ لە ژێر دەسەڵاتی فەلەستینیدا[٣]. هەروەها ڕێژەی ئەو خەڵکانەی باوەڕیان وایە کەسیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆتە هۆی ئەوەی ناوچەکە کەمتر سەقامگیر بێت لە ئاستێکی بەرزدایە، کە دەگاتە لەسەدا ٥٨ لە لوبنان، لەسەدا ٦٣ لە مەغریب، و لەسەدا٩١ لە ئوردن[٤]. لەکاتێکدا ڕاپرسیەکە ئاماژە بە ئاستێکی بەرز و لە هەندێ شوێن ڕوو لە زیادی هەستی دژە ئەمریکی دەکات، بەڵام ئەم ڕاپرسییە هەندێ وڵاتی ناوچەیی گرنگی لەخۆنەگرتووە، وەك عەرەبستانی سعودی و ئێران. بە دەستهێنانی ڕاستی و زانیاری باوەڕپێکراو لە بارەی ڕای گشتی ئەم وڵاتانەوە تادوا ئەندازە سەختە بەهۆی سیاسەتە سەرکوتکارییەکانی حکومەتەکانەوە. هەندێ ڕاپۆرت کە ناتوانین لە ووردی و دروستییان دڵنیابین ئەوە دەخەنە ڕوو کە هەستی دژە ئەمریکی بەهەمان شێوە لە وڵاتانەدا لە ئاستێکی تەواو بەرزدایە، بەڵام زەحمەتە ئەوە دیاری بکەین چەندێك ئەم هەستە بەر بڵاوە و ئایا هەموو توێژ و بەشەکانی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە.

هێرشەکانی ١١ سێبتەمبەر وای لە بڕیارسازەکان کردووە زیاتر هەستیار بن بەرامبەر بیروبۆچوونی جەماوەروگەلانی ناوچەکە لە ئاست وڵاتە یەکگرتووەکان و سیاسەتەکانی لە ئاست ناوچەکەدا. لەئۆکتۆبەری٢٠٠١ دا، بەریوەبەری پێشوی ڕاگەیاندن چارلوت بیرس بە بەرپرسی دەوڵەت دامەزرێنرا بۆ دبلۆماسی و کاروباری گشتی، کە سەرۆکایەتیکردنی هەوڵی حکومەتی گرتە دەست لە پێناو

کەمکردنەوەی هەستی دژەی ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وئەو ناوچانەی ئەم هەستەیان تێدا باڵادەستە. دوای ١٧ مانگ لە پۆستەکەیدا، سەرپەرشتی هەڵمەتێکی بەرنامەدانان و بڵاوکردنەوەی گرتە ئەستۆ کە حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان پاڵپشتی دەکرد بۆ ڕوون کردنەوە و شیکردنەوەی شێوە ژیانی ئەمریکی و خستنەڕووی ژیانی ئەمریکییە موسڵمانەکان[٥].

ئەم ستراتیژە ئەو گریمانە شاردراوەیەی لە خۆگرتبوو کە بەربەستی سەرەکی بەردەم وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا نەبوونی تێگەیشتنە لە بەهاکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و شوناسنامەکەی. بەکورتی،بەو دەرئەنجامە گەیشت گەر عەرەب و موسڵمانەکان لە ئێمە تێگەیشتن، ئەوا ئێمەیان خۆشدەوێت، یان بەلایەنی کەمەوە کەمتر ڕقیان لێمان دەبێت.

هەڵەی سەرەکی لەم گریمانەیەدا، ئەوەیە گرفتە ناوەندیی و بنەڕەتیی کە ناڕازی بوون و ناکۆك بوونە لەگەڵ سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، نەك نەبوونی زانیاری لەبارەی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە[٦] بەهەرحاڵ بیروڕای هەڵە گرفتەکان زیاتر ئاڵۆزدەکات. خراپترین پاڵنەرەکان دەدرێنە پاڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لە لایەن گەلانی ناوچەکەوە، واشنتۆن بە دەگمەن ڕێز و پێزانین دەچنێتەوە لە سیاسەتەکانی، وەك دەستێوەردان لە بەلقاندا، کە ژیانی موسڵمانانەکانی پاراست و لە کوشتار ڕزگاری کردن کە دەبووایە لە بەرامبەر کارێکی ئاوادا ڕازیبوونی هاوڵاتیانی ناوچەکەی بە دەستبهێنایە.

بۆ کەم کردنەوەی بیروبۆچوونە هەڵەکان، دەبێت هەوڵە دبلۆماسییە گشتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان جەخت لەسەر ڕاڤەکردنی هۆکارەکانی پشت سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بکاتەوە وە دان بەو ڕاستییەدا بنێت کە ئەم هەوڵانە دەکرێت بە هۆی ناکۆکییە سیاییەکانە و هەروەها نەبوونی زانیارییەوە، دووچاری ئاستەنگ وتەگەرە ببنەوە.



## سەختی و دژوارییە سەرهەڵداوەکان

گرفتگەلێك لە ئارادان کە بۆی هەیە گرژییەکان بە ئاراستەیەکی خراپتردا ببەن وە پێدەچێت ئەو ڕێگا چارانەی ڕووبەڕووی بڕیارسازەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبنەوە لە دەیەی داهاتوودا زیاتر ئاڵۆز بن. سیاسەت لە ناوچەکە لە بارێکی لەرزۆکدایە، بە هەمان شێوە دۆخە سەربازییەکەش، ئەگەرچی ئەم دۆخە بە چەندین شێوە لە دۆخی دەیەکانی ڕابردوود باشترە بەڵام هێشتا وەك سەرچاوەی سەختی و دژواری دەمێنێتەوە.

## سەختییە سیاسییەکان

سەرکردە سیاسییەکان ڕووبەڕووی زنجیرەیەك سەختی دەبنە کە ڕوو لە دەسەڵات و فەرمان ڕەواییەکانییان دەکات، بەشێوەیەکی دیاریکراو، ڕوو لە توانای پاراستن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان دەکات بە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە. هەروەك لە بەشی دووەمدا گفتوگۆی لەبارەکرا، پارتە سیاسییە تازە دامەزراوەکان، ڕۆژنامە ئازادەکان، ڕەگەزەکانی دیکەی گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە زاڵبوون و باڵادەستی حکومەتەکانییان کەمکردۆتەوە بەسەر سیاسەتدا. لە دەرئەنجامدا، سەرکردەکان نەرم و نیانییەکی کەمتر پەیڕەو دەکەن لە سیاسەتی دەرەکییەکاندا و ڕەنگە بە چەشنێك وەڵامی فشارە گشتییەکان بدەنەوە کە وەڵامدانەوەیەکی بێ پێشینە بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێ و شوێنەکانی بەشدارپێکردنی سنوردار لە دەسەڵاتدا ئەگەری زیادبوونی بەرهەڵستکار و ڕێکخراوی دژە حکومی لێدەکرێت کە مەترسی گۆڕانی ڕژێم دەباتە ئاستێکی بەرزتر یان بە لایەنی کەمەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی ناسەقامگیری. بەهەرحاڵ، ئەگەر سەرکردەکان بەرهەڵستکاران سەرکوت بکەن، ڕێگە بە هەڵگەڕانەوە و دەرچوون لە سیاسەتی حکومەت نەدەن یاخود بەپێچەوانەوە سازش بکەن ئەوە مەترسی لە دەستدانی جەماوەر چاوەڕوانیانە، کە دەکرێت لە داهاتووی دووردا دووچاری مەترسیان بکات.

ئەو وڵاتانەی حکومەتەکانیان پشتگیری وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەن، وەك میسر و عەرەبستانی سعودی، ئازادکردن و بە دیموکراتی کردن دەرئەنجامگەلی ئەمنی قووڵی لێدەکەوێتەوە.

هەرچەندە ڕاستی و زانیاری ورد لەبەر دەستدا نین، ڕاپرسییە ئاماژەپێکراوەکەی سەرەوە ئەوە دەخاتەڕوو کە هەندێ لە هاوڵاتیانی ناوچەکە لە باری دژایەتی و دوژمنایەتی سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندان.

بەشداری گەورەتری جەماوەری لە پرۆسەی بڕیارسازیدا وایان لێدەکات بتوانن گوشار بخەنە سەر حکومەتەکانیان تا هاوکاری کردنیان لە گەڵ وڵاتە یەکگرتوەکاندا سنوردار بکەن، بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بەو سیاسەتانەی وەك سیاسەتی پشتوانیکردن لە ئیسرائیل لێکدەدرێنەوە.

بڵاوبوونەوەی ئەو تەکنەلۆجیایانەی کە هەم بەدەستهێنانیان ئاسانە و هەم لە ڕووی نرخەوە گونجاون وەك کاسێتە ڤیدیوییەکان و سەتەلایت یەکێکی دیکەن لە سەختی و دژواییەکان. هەروەك لەبەشی حەوتەمدا گفتوگۆی لەسەرکرا، ئەم تەکنەلۆجیایانە جەماوەر و گەلانی عەرەب ئاشنا دەکات بە چەندین بیروبۆچوونی نوێ و ڕەخنەی بێ پێشنیە لە حکومەتەکانیان. کەسایەتییە دیار و گرنگەکانی بەرهەڵستکاری لە تاراوگەکانییەوە دەتوانن ڕۆڵێکی گەورەتر ببنن لە سیاسەتی نیشتمانیدا. ئێستا گەلان و جەماوەری عەرەبی لەهەر کاتێکی دیکە زیاتر زانیارییان لە بەردەستدایە. لە دەرئەنجامدا، ڕەنگە زۆر زەحمەت تر بێت بۆ حکومەتەکان تا پەیوەندی بەرفراوان و هێمانانەیان لەگەڵ هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە هەبێت لە کاتێکدا پایتەختەکانیان بە ئاشکرا سەرزەنشتی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەن لە کۆمەڵێ کێشە ومەسەلەدا.

گێروگرفتە ئابوورییەکان کە ڕووبەڕووی حکومەتەکان دەبنەوە ئەم سەختی و دژوارییانە گەورەتر دەکەن.



بەشی سێیەم گفتوگۆی گێروگرفتە ئابوورییەکان دەکات کە ڕووبەڕووی میسر، ئوردن، عەرەبستانی سعودی، و دەوڵەتەکانی دیکەی ناوچەکە دەبێتەوە، وە پێشبینییەکانی چاکسازی جێی نائومێدین، لە هەندێ وڵاتدا، زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان ئەم گێروگرفتە ئابوورییانە دانشتوان ئەم گێروگرفتە ئابوورییانە خراپتر و ئالۆزتردەکات. کاتێك ژمارەیەکی زۆری گەنجان داوای خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی دەکەن و پەیوەندی بەهێزی کارەوە دەکەن.

ڕژێمەکان ڕووبەڕووی هاوسەنگکردنێکی سەخت و ئازار بەخشن دەبنەوە لە نێوان ڕێ و شوێنە قورس و زەحمەتەکان لە ڕووی سیاسییەوە لەگەڵ ئەو مەترسییانەی لە سستبوونی بەردەوامی گەشەکردنی ئابوورییەوە دەکەونەوە.

پەیوەندییە مەدەنی-سەربازییەکان بە هەمان شێوە ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووچاری سەختی دەکەنەوە. بەشی چوارەم بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە سەرکردە نوێیەکان، لەوانە بەشار ئەل ئەسەدی سوری و مەلیك عەبدوللای ئوردنی، ڕێککەوتنامەی نوێ دەخەنەکار لەگەڵ ئەو دەستەو لایەنانەی ئەرکی پاراستنی دەسەڵاتییان پێسپێردراوە لە وڵاتەکانیاندا، بەتایبەتی دەزگاکانی ئاسایش و دامەزراوەی سەربازی. بەهەرحاڵ، هێورکردنەوەی دامەزراوەی سەربازی ڕەنگە قورس و زەحمەت بێت بۆ هەندێ لە سەرکردەکان. نزیکەی هەموو وڵاتانی ناوچەکە بە لایەنی کەمەوە ڕووبەڕووی ڕێ و شوێنی کەمکردنەوەی خەرجی سنوردار دەبنەوە، کەوا دەکات دووچاری زەحمەتی ببن لە تەرخان کردنی داهاتەکان بۆ بواری سەربازی بە چەشنێك لە سستییان دڵنیابن کەئەمەش وەك ئامرازێکی تەقلیدی لە ڕابردوودا بەکار دەهات تاوەکو دامەزراوەی سەربازی نەبێتە سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر دەسەڵات.

هەورەها هەوڵەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ تێوەگلان لە کاروباری ناوچەکە دووچاری زەحمەتی زیاتر دەبن گەر ڕژێمەکان هەڵنەستن بە نوێکردنەوەی هێز و دامەزراوە سەربازییەکانیان بە هاوکاری کردن لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان. ڕەنگە خەرجی

سەربازی سنوردار و گرفت ئامێز لە ڕووی سیاسییەوە بە سوودی دەستەی دەسەڵاتدار بشکێتەوە، کە ژمارەیەکی کەمی یەکە دڵسۆزەکان نوێترین و دواترین کەل و پەل و مەشق دەبینن لە کاتێکدا توانا سەربازی نیزامییەکان لە پوکانەوەدان.

سەرەڕای ئەم سەخت و دژوارییانە، ئەگەری ناسەقامگیری ئەگەرێکی بەردەوام نییە لەبەر ئەوەی سەرکردە ناوچەییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە لێهاتوون لەسەر کوتکردن و لە خۆگرتنی بەرهەڵستکاراندا بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا.

بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کەنداو گەردەلولی نەتەوە پەرستەکانی عەرەب، چەپەکان، و ئیسلامییەکانیان بە سەلامەتی تێپەڕاندووە، لە دەرئەنجامدا بە گوڕ و هێزێکی زیاترەوە لێی هاتوونەتەدەر. میسر، سوریا، عێراق، و ئوردن بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر وەك ڕژێمگەلێکی سەقامگیر خۆیان ڕاگرتووە لە بەرامبەر دژواری و سەختییە ئابووری و سیاسییە پرۆکێنەرەکاندا. فشارە جەماوەرییەکان ڕەنگە سەرکردەکان ناچاربکەن لە هەندێ کاتدا بڕیارگەلێك بدەن کە دژی وڵاتە یەکگرتووەکان بێت، وەك ڕەتکردنەوەی ئوردن بۆ کارکردن دژی عێراق، سەرزەنشتکردنی یەك لە دوای یەکی میسر بۆ زۆرێك لە لایەنەکانی سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی عێراق لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، ڕەتکردنەوەی تورکیا لە دواساتدا بۆ ڕێگەدان بە وڵاتە یەکگرتووەکان کە کردارەکان هێرشبردنی لە خاکی وڵاتەکەیەوە ئەنجام بدات لە ساڵی ٢٠٠٣دا. بەڵام ئەو بڕیارانە نیشانەی گۆڕانی قووڵ و بنەڕەتی نین لە سیاسەتی ئەم ڕژێدا.

## سەختی و دژوارییە سەربازییەکان

دیمەنی دۆخی سەربازی تەقلیدی زیاتر جێی ڕەزامەندی و پەسەندکردنە وەك لە دیمەنی دۆخە سیاسییەکە. بەشێوەیەکی گشتی، دەستکەوتەکانی ساڵانی نەوەتەکان ئەگەری بێ بایەخبوون و بزربوونیان لە ئارادا نییە، کە وڵاتە



یەکگرتووەکان و دۆستەکانی لە ناوچەکەدا خستۆتە پێگەیەکی بەرچاوی لە بارەوە. ئیسرائیل و تورکیا وەك هێزی سەربازی دیار و زاڵی ناوچەکە دەمێننەوە. پەرەپێدانی هێزو توانا سەربازییەکانی (کە مەرج نییە لێهاتووی و لێوەشاوەیش بگرێتەوە) میسر، سعودیە، و دۆست وهاوپەیمانەکانی دیکە نیشانەی باش و مژدە بەخشن بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان.

دامەزراوەی سەربازی عێراق کە ئاراستەی دوژمنکاری وەرگرتبوو تێکشکێنراوە . ئێستا بەهۆی هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی ئەم وڵاتە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە چاوەڕوانی دەکرێت سیاسەتێکی دۆستانە لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا بگرێتەبەر. لەوەش گرنگتر، هێزە سەربازییەکانی لیبیا، ئێران، و سوریا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك سەختی سستکەر بوونەتەوە.

ئەفسەرانی سوپاکانیان بە پاڵنەری سیاسی کاردەکەن، و بەشێوەیەکی گشتی گیانی ورە و خۆڕاگری کزە تیایاندا.پتر لەوە، کەلوپەلە سەربازییەکانیان کۆن و بەسەرچوون، و ئاستی مەشقییان نزمەوە و وەکو پێویست نییە. جگە لە ئێران لە ڕووی چەمکی بەسەر چوونەوە ئەم هێزانە زۆر لاوازترن لەچاو دەیەی ڕابردوودا.

هێزە سەربازییە ناوچەییەکان بەهۆی چەندین بەربەستی کەلتوری، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتییەوە سنوردارن کە ڕێگەی تێوەگلانیان لێدەگرێت لە شەڕێکی سەردەمیانەی کارادا. هێزە سەربازییە ناوچەییەکان بە بەردەوامی ڕووبەڕووی گرفتەکانی ئەنجامدانی کردارە سەربازییەکان دەبنەوە کە دەستپێشخەری، تەکنەلۆجیا پێشکەوتوو، یاخود جموجۆڵ و مانۆڕی شەڕ دەخوازن و ڕەنگە توانای ئەنجامدانی کرداری کاراوسەرکەتووانەیان نەبێت بەهۆی هێزێکی سوپاوە (بۆ نموونە هێزی دەریای)، ئەوە لە کردارە هاوبەشەکان گەڕێ هەرچەندە ئەم گرفتانە تەنگییان بە وڵاتە دۆست و دوژمنەکان هەڵچنیوە، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی و دیاریکراو بوونە نیگەرانی و بایەخی ئەو هێزە سەربازییانەی لە تێکۆشاندان تا بتوانن کردارگەلی هێرشبەرانەی خێرا ئەنجام بدەن.

ئەو کێشانە زیاتر بۆ ئەو وڵاتانە گرفتئامێزن کە ئەگەری بوون بە دەوڵەتی دەستدرێژی کارییان لێدەکرێت وەك ئێران نەك عەرەبستانی سعودیە و ئوردن، یاخود وڵاتە دۆستەکانی دیکە.

سێبەری چەکە کۆمەڵکوژ و مووشەکە بالیستییەکان ئەم وێنە پڕشنگدارە تاریك دەکات. کۆگای کیمیای گەورە لە نێو بازنەیەکی بەرفراوانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی هەیە، هەر وەك لە بەشی هەشتدا گفتوگۆی لەبارەوە کرا، مووشەکە مەودا دوورەکان بڵاودەبنەوە وە زۆرێك لە دەوڵەتانی ناوچەکە لە هەوڵی بە دەستهێنانی توانا بایەلۆجی و ناووکییەکاندان. هەرچەندە هۆشدارییەکانی ڕابردوو سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ئەم چەکانە هەڵە دەرچوون، بەڵام ئێران لە تواناییدایە ببێتە خاوەنی چەکە کیمیای و بایەلۆجییەکان، ڕەنگە چەکە ناووکییەکانیش. هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی داهاتوو لە نێوان دەوڵەتە دوژمنەکان و وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانیدا ئەگەری هەڕەشەکردنی بەکارهێنانی چەکە کیمیای، بایەلۆجی، و ناووکییەکان، یاخود هێرشکردن بەم چەکانە لە ئارادا دەبێت، لەسەر هەردوو ئاستی تاکتیکی و ستراتیژی دا.

مووشەکە بالستییەکان کۆمەڵێك مەترسی نوێ دەسەپێنن. تەنانەت ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان باڵادەستییەکی ئاسمانی تەواویشی هەبێت، مووشەکە دوژمنەکان ڕەنگە بتوانن گورز لە قوڵایی خاکی دۆستەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بسرەوێنن. بنکە و، بەندەر، و پانتاییەکانی ڕێکخستن و هەڵسوڕاندنی کردارە جەنگییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان چیتر لە دەرەوەی بازنەی مەترسی نین ، هەروەها مووشەکە بالیستییەکان هاوکێشەی ستراتیژی دەگۆڕن. ئەوروپا بە شێویەکی ڕوو لە زیاد لە پێگەیەکی لاواز دایە بەرامبەر مووشەکە بالیستییە مەودا دوورەکان کە توانایان بە کۆمەڵێك دەوڵەت بەخشیوە تاهەڕەشە لە ئیسرائیل بکەن. هەروەك عێراق لە کاتی شەڕی کەنداوی یەکەمدا ئەم ڕاستییەی سەلماند، کە وڵاتان



پێویستان بەوە نییە سنوریان بە ئیسرائیلەوە بێت تاوەکو گورز لە خاکەکەی بسرەوێنن. پەرەپێدانی مووشەکە مەودا دوورەکان لە لایەن ئێرانەوە ئەو توانایەی داوەتە تاران تاهەڕەشە لە ئیسرائیل بکات، لە کۆتایی ئەم دەیەیەدا، ڕەنگە ئێران بەهۆی مووشەکە بالیستییەکانەوە گورز لە خاکی وڵاتە یەکگرتووەکان بوەشێنیت[٧]. بەرگریکردن لە ئیسرائیل دەبێتە جێی بایەخ پێدانێکی گرنگ، ئەگەر توند و تیژی بەردەوام خاکەکانی دەرەوەی فەلەستینی گرتەوە یاخود ئەگەر ململانێی دیکە لە کەنداودا بەرپابوو.

ئالۆگۆڕە سەر و ناوچەییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە دەستنیشانکردنی ڕەوتی بەرنامە ناوچەییە مووشەکییەکان و چەکە کۆمەڵکوژەکاندا. ئامادەیی ڕوسیا و چین بۆ دەستەبەرکردنی یارمەتی و هاوکارییەکان بۆ بەرنامە بایەلۆجی و ناوکییەکان کاریگەری لەسەر ڕەوتی بڵاوبوونەوە دەبێت لە ناوچەکەدا لەوەش زیاتر، بەرنامەکانی هەندێ لە دەوڵەتە نزیکەکانی وەك پاکستان ڕەنگە پاڵ بە هەندێ دەوڵەتی ناوچەییەوە بنێت وەك ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان. هەروەها هاوکاری کردنی ڕوسیا و چین یارمەتی دەوڵەتە ناوچەییەکان دەدات لە درێژکردنەوەی مەودا و زیادکردنی وردی پێکانی مووشەکە بالیستییەکانیان.

بە هەمان شێوە بوونی سەربازی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆی هەیە دەوڵەتە ناوچەییەکان هان بدات تا هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ بە دەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان. هەروەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، دوژمنە ناوچەییەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگ و زەحمەتی دەبنەوە لە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی هێزە تەقلیدییەکانیان بە مەبەستی هێرشبردن تەنانەت بەبێ بوونی سەربازی وڵاتە یەکگرتووەکانیش. بە لەبەرچاوگرتنی بایەخ و گرنگی بوونی سەربازییانەی وڵاتە یەکگرتووەکان کە ڕەنگە پێشینەی لە مێژودا نەبێت. بەهۆی

ئەگەری داگیرکارییەکی درێژخایەنی عێراق لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، ئەوا چەکە کۆمەڵکوژەکان وەك ئامرازێکی لەبار و سەرنجڕاکێش بۆی دەڕوانرێت، یاخود وەك تاکە ئامرازێك، بۆ پەرپەرچدانەوەی دەستێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکان.

لە هەلومەرجی دوای ١١ی سێبتەمبەردا، بەرەنگاربوونەوە و دژایەتیکردنی تیرۆریزم لوتکەی بایەخپێدانی ستراتیژی گرتووە لە کارنامەی وڵاتە یەکگرتووەکان دا. کردارە سەربازییەکان سەرکوتوو بوونە لە ڕوخاندن و ڕاماڵینی ڕژێمی تالیبان لەسەر دەسەڵات، بەڵام هێشتا ڕوون نییە ئایا لە تێکشاندن و لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی بنچینەو و بونیادە ڕێکخراوەییەکانی ئەلقاعیدەدا سەرکەوتوو بووە یاخود نا. زۆرێك لە سەرکردەکانی قاعیدە گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەدراوە و وەك پێویست دووچاری فشار و بەرەنگاری نەبوونەتەوە، هەروەها بە دەیان هەزار لەو خەڵکانەی لە کەمپەکانی ئەفغانستاندا مەشقیان بینیبوو لە ماوەیەی دەیەی ڕابردوودا لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی جیدیان لە سەر نەکراوە، بە دڵنیاییەوە شەڕی دژە تیرۆریزم تا داهاتوویەکی نزیك بەردەوام دەبێت، ئەگەرچی مەرج نییە هەمیشە کرداری سەربازی زەق و بەربڵاو لە خۆبگرێت. ئەم شەڕە هاوکاریی هاوبەشە ناوچەییە تەقلیدییەکان دەخوازێت وەك میسر و عەرەبستانی سعودی، و هاوبەشە نوێیەکانی وەك پاکستان و ئۆزبەکستان. بەڵام هێشا چالاکی ڕوو لە زیادی وڵاتە یەکگرتووەکان و بوونی لە ناوچەکەدا ڕەنگە ئاگری ڕەخنە خۆش بکات لای ئەوانەی باوەڕیان وایە کە وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵمەتی دژی تیرۆریزم بۆ جێگیرکردن و پتەوکردنی باڵادەستی و دەسترۆیشتووی خۆی لە ناوچەکەدا بە کاردەهێنێت، یاخود ئەوانەی وەك بەڵگەیەکی دیکەی هەڵمەتی ڕۆژئاوا دژی ئیسلام بۆی دەڕوانن.



## نیگەرانییە سەرەکییەکان

هەرچەندە بڵاوبوونەوەی مووشەکە مەودا دوورەکان و گەیشتن بە تەکنەلۆجیای زانیاری ئەگەری واقیعین و پێشبینکراون، بەڵام زەحمەتە بتوانیین ئاراستە گرنگەکانی دیکە بە شێوەیەك دەستنیشان بکەین کە مایەی دڵنیایی بێت . پێنج پەرەسەندن تادوا ئەندازە گرنگن بەڵام پێشبینکردنییان زەحمەتە: نرخی نەوت، ئایندەی عێراق، ئایندەی ململانێ عەرەب-ئیسرائیل، سیاسەتەکانی ڕوسیا و چین، سروشتی گۆڕینی ڕژێم.

## نرخی نەوت

ڕەوت و ئاراستەکانی ئاسایشی بازاڕی نەوت هەمیشە ناساز و ناکۆکی ئامێزن[٨]. نرخی بەرزی نەوت ئەو توانایە دەخاتە بەردەستی ئەو ڕژێم و دەوڵەتانەی ئەگەری بوون بە دوژمن و دەستدرێژیکارییان لێدەکرێت بۆ کڕینی چەکی زیاتر و بەردەوامیدان بە ژیانی ڕژێمەکانیان لە بەرامبەر ناڕازیبوون و بەرهەڵستکاری ناوخۆییدا. لە کاتێکدا، نرخی نەوت زیان بە ڕژێمە دۆستەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگەیەنێت و هەروەها دوژمنەکانیشی، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسی ناسەقامگیری سیاسی لە ناوچەکەدا. چاوەڕوان دەکرێت نرخەکانی نەوت لە ساڵی ٢٠١٠ لە نێوان ١٩,٠٤$ بۆ ٣٢,٥١$ دابێت، کەواتە نرخی پێشبینکراو نزیکەی ٢٣,٩٩ $ دەبێت بۆ هەر بەرمیلێك[٩]. هەرچەندە، تۆماری پێشبینی نرخەکانی نەوت لە لایەن شارەزایەنەوە تۆمارێکی هەژارە (ورد و دروست نین). کە لە ماوەی ساڵانی حەفتاکاندا، وەزارەتی وزەی وڵاتە یەکگرتووەکان پێشبینیکرد نرخی نەوت بۆ هەر بەرمیلێك بگاتە ٢٥٠$ لە ساڵی ٢٠٠٠دا. بە هەمان شێوە، ژمارەیەکی کەم لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٩دا باوەڕیان وابوو کە نرخەکانی نەوت سێ هێندە و زیاتر لە ساڵانی داهاتوودا زیاد

دەکات، ئەگەرچی بەشێوەیەکی کاتیش بێت. هەر بۆیە خەملاندن و مەزەندە کردنی ١٩,٠٤$-٣٢,٥١$ دەبێت بە وریاییەوە بۆی بڕوانرێت.

## نرخە نزمەکانی بۆی هەیە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوەیان لێبکەوێتەوە

ئاژاوە و گرفتی ناوخۆیی لە نێو وڵاتانی ناوچەکەدا، نزیکەی هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە لە ڕووی ئابوورییەوە پشت بە نەوت دەبەستن تەنانەت میسر و ئوردنیش، ئەگەرچی یەدەکی نەوتییان کەمە یاخود هەر نییانە، پشت بە داهاتی ئەو کەسانە دەبەستن کە لە دەوڵەتە دەوڵەمەند بە نەوتەکاندا کاردەکەن. نرخی نزمی نەوت توانای ڕژێم کەم دەکاتەوە بۆ بێ دەنگکردنی بەرهەڵستکاری و هەڵگەڕانەوە بەهۆی هەڵڕشتنی پارە و پول و کڕینی لایەنگیری دڵسۆزییان بەڵام ئاستی چاوەڕوانییە جەماوەرییەکان لە بەرامبەر حکومەتدا بەشێوەیەکی گەورە و بەرچاو دانابەزێنی. ئەو ڕژێمانەی لە هەوڵ و تەقەلای خۆ لادانن لە ناسەقامگیری و شڵەژان ناچار دەبن موڵکەکانی دەوڵەت بەتایبەت بکەن، قەبارەی تۆڕی پارێزگاری ڕژێم کەم بکەنەوە، یارمەتییە تەرخانکراوەکان بۆ کارە ئابوورییەکانی کارە ئابوورییەکان سنوردار بکەن، پارە و پولی ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا ببڕن، ئەگەرنا دەبێت چەندین هەنگاوی سیاسی سەخت بگرنەبەر. سەرەڕای ئەوەش، ڕەنگە هەوڵ بخەنە گەڕ بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی لە بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، کە ئەو توانا و دەرفەتە بە وڵاتە یەکگرتوەکان دەبەخشێت تا شێوەی جیاوازی دەستڕۆیشتویی و کاریگەری مومارەسە بکات لە ناوچەکەدا.

- گرژی و ئاڵۆزی لە نێو دەوڵەتانی ناوچەکەدا. ئەو دەوڵەتانەی ڕووبەڕووی ناڕەزای دەبنەوە کە لە بەشێکدا لە نرخە نزمەکانی نەوتەوە سەرچاوە دەگرن



ڕەنگە ببێتە هۆی هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی هێز تاکاریگەر بن لەسەر بڕیارەکانی دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان، ئەمەش بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی تووڕەیی و ناڕەزایی ناوخۆیی، یاخود داگیرکردنی سەرچاوە نەوتییەکانی دەوڵەتانی دیکە[١٠].

- ڕێگەگرتن لە هەوڵەکانی بونیادنانەوەی دامەزراوەی سەربازی: لیبیا، ئێران، و سوریا پێویستیان بە پەرەپێدانی هێزە سەربازییەکانیانە لە هەردوو ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە گەر بیانەوێت ئاستەکانی ڕابردوو لە ڕووی کارایی و سەنگەوە بە دەست بهێننەوە،کە ئەمەش بە هەموو پێوەرێك بەربەست و ئاستەنگێکی گەورە و سەخت نییە. ئەوا کارێکی لەم شێوەیە پێویستی بە بڕی گەورەتری پارە هەیە بۆ کڕینی چەك و کەل و پەل و هێشتنەوەی ژمارەیەکی گەورەی سەربازان لە سوپادا[١١].

نرخە بەرزەکانی نەوت بە دڵنیاییەوە، دەرئەنجامگەلی پێچەوانەیان لێدەکەوێتەوە. ڕژێمەکان دەبێت گرنگی بە کۆمەڵێ لایەنی دیکەش بدەن: دەبێت پارەیەکی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ بواری خزمەتگوزار حکومییەکان، پارەیەکی زیاتر بۆ گەشەپێدانی ئابوورییە ناوچەییەکان (مەحەلییەکان) ، هەروەها دەبێت پارەیەکی زیاتر بۆ بێ دەنگکردن و جڵەوکردنی بەرهەڵستکاری و یاخیبوون لە کاتی سەرهەڵدانیاندا تەرخان بکرێت ئەگەر ئەم دەوڵەتانە بیانەوێت دووبارە ڕێگای بونیادنانەوەی ئابوورییەکانیان هەڵبژێرن -کە بڕیارێکی درێژخایەن و کردەنی و گونجاوە-، بەڵام دەوڵەتە ناوچەییەکان بەشێوەکی بەردەوام و بە بەرنامە خۆیان لە وەرگرتن و جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە لادەدەن ئەو کاتەی نرخەکانی نەوت لە بەرزبوونەوەدا دەبن- کە ئەم دەوڵەتانە دەتوانن سوود لەم نرخە بەرزانە وەربگرن بۆ کەم کردنەوەی لایەنە خراپ و زیان بەخشەکان، بۆ نمونە کەم کردنەوەی ئاستی بەرزی بێ کاری. لە ڕووی سەربازییەوە، هەرچەندە، نرخە بەرزەکان ئەو توانا و دەرفەتە بە ئێران، سوریا، و عێراق دەبەخشێت بۆ دووبارە بونیادنانەوەی سوپا و دامەزراوە سەربازییەکانیان وە بەدەستهێنانی کەل و پەلی پێشکەوتووتر.

## ئایندەی عێراق

حاڵی حازر وڵاتە یەکگرتووەکانی سەرکردایەتی کۆششێکی ئامانجدار دەکات لە پێناو بونیادنانەوەی ژێرخانی تێکشکاوی عێراقدا، لە ڕێی چاکسازیکردن لە دامەزراوەی سەربازی و سوپادا، بوژاندنەوەی ئابووری، و دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی دیموکراتی. سەرکەوتنی ئەم کۆششە دەرئەنجامگەلی قووڵی لێدەکەوێتەوە بۆ ناوچەکە، هەروەها بۆ خودی عێراق خۆشی. عێراق لە شەڕخوازترین سەرسەخترین دوژمنی ڕۆژئاواوە دەگۆڕێت بۆ حکومەتێکی ئاشتیخواز و دۆست و پشتوانی ڕۆژئاوا. دەکرێ بنکە سەربازییەکانی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا دابمەزرێنرێن ،وەبۆی هەیە عێراق ببێتە هاوبەش و بەشدار لە بەرەنگاربوونەوە و دژایەتیکردنی تیرۆریزمدا، دەنگێکی میانڕەو لە ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا. تەنانەت ئەگەری ئەوە لە ئارادایە عێراق ببێتە مەشخەڵی دیموکراسی بۆ دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وە ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ هاوڵاتییەکانیان و نموونەیەك بۆ چاکسازی. لە لایەکی دیکەوە، هەرەسهێنانی دیموکراتیی لە عێراقدا، یاخود شکستهێنانی دامەزراندن و چەسپاندنی دیموکراسی، ناوچەکە دەهەژێنێت. ئەو کاتە شەڕ و ناکۆکی، خێڵەکی، تایەفەگەری، یا ئیتنی وڵاتەکە دەگرێتەوە، کە نەهامەتی و مەینەتیەکی بەربڵاوی لێدەکەوێتەوە شەپۆلی کۆچی بە کۆمەڵی لێ دروستدەبێت. ئێران، تورکیا،و دەوڵەتەکانی دیکە ڕەنگە دەستێوەردان بکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان یاخود بۆ پاڵپشتی ئەو کردنی کەس ولایەنانەی سەربەخۆیانن.

ناسەقامگیری بۆی هەیە عێراق بکاتە خاکی بە پیتی (زۆنگاوی) تیرۆرستان، ئەو توانایە بداتە گروپەکان تاوەکو دەست بەهێنانە ڕیزی ئەندامی نوێ، مەشقکردن، و نەخشە کێشان بکەن بەبێ ئەوەی دووچاری بەرەنگاری و سزایەکی ئەو تۆ ببنەوە.



ئەگەر حکومەتی بەغدا ببێتە حکومەتێکی دژ و دوژمن، ڕەنگە عێراق سەرلەنوێ هەوڵی بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان بدات یاخود هەڕەشە لە دراوسێکانی بکات.

تەنانەت سەرکەوتنیش مەترسی خۆی هەیە، بوونی سەربازی مەزنی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ چەندین ساڵ پێدەچێت کارێکی پێویست بێت، بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی حەتمی دەبێتە خاڵی کێشکردنی ڕێکخراوی ئەل قاعیدە و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە. وڵاتە یەکگرتووەکانیش تۆمەتی ئیمپریالی بوونی دەدرێتە پاڵ، وەڕەوتە رادیکاڵەکانیش داگیرکارییەکە بۆ ڕاکێشان و هێنانە ڕیزی ئەندامی نوێ بەکاردەهێنن. سەرەڕای ئەوەش، گەر دیموکراسی لە عێراقدا ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ دیموکراسخوازانی دیکە لە ناوچەکەدا، ئەوا بارودۆخی وڵاتە گرنگ و سەرەکییەکان ناسەقامگیر دەکات، بەلای کەوە بەشێوەیەکی کاتی.

## ململانێی عەرەب-ئیسرائیل

شکست هێنانی لوتکەی ئاشتی کامپە دەیڤید لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ۲۰۰۰ و ئەو توندوتیژییەی لە ئەیلولی ساڵی ۲۰۰۰ دا هەڵگیرسا نزیکەی دە ساڵ ئەو پێشکەوتنەی گەڕاندەوە دواوە کە لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکاندا بە دەستهاتبوون. .

لە کاتی ئەم نووسینەدا بارودۆخەکە بێ ئەندازە گرژ و ئاڵۆزە، لەگەڵ بۆمب و هێرشە خۆکوژییە بەردەوامەکانی فەلەستینیەکان بۆ سەر خەڵك و شارەکانی ئیسرائیل کە بووەتە هۆی وەڵامدانەوەوکاردانەوەیەکی چڕ و قورسی سەربازی بۆ سەر خاکی فەلەستینی لە لایەن ئیسرائیلەوە. نەخشەی ڕێگا کە بەم دواییە

سەرۆك بۆش بۆ ئاشتی پێشنیاری کرد ئاماژە بە هەوڵێکی دیکەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات بۆ ناوبژیوانیکردن ویەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکە، بەڵام توند و تیژی بەردەوام هەلی سەرکەوتنی ئەم ڕێگاچارەیەی کەم کردۆتەوە.

گرووپە تێکدەرەکانی وەك حەماس چەندین دەرفەتی ڕەخساویان هەیە بۆ ڕێگە گرتن و ئاستەنگ دانان لەبەردەم هەر جم و جۆڵێك  بە ئاراستەی ئاشتیدا.

ململانێی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان، و ئەو ڕق و دوژمنایەتییەی لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان دا دژی وڵاتە یەکگرتووەکان دەیخولقێنێت، بۆی هەیە ببێتە سەرچاوەی گرفتی سیاسی ناوخۆی بۆ ڕژێمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ڕژێمەکان لە ڕابردوودا هەستی تورەیی ونائومێدی جەماوەرییان دژی داگیرکاری ئسیرائیل ئاراستەکردووە. ڕێگەدان بە خۆپێشاندانەکان دژی ئەم داگیرکارییە و ڕەخنەگرتن لە ئیسرائیل یەکێکە لە شێوازە کەمەکانی گوزارشتی سیاسی کە  بە زۆری ئەم خۆپیشاندانانە دەبنە دەرفەتێك بۆ دەربڕینی ناڕەزایی دژی رژێمەکە، یان لەبەر ئەوەی رژێمەکە وا تەماشای دەکرێت کە وەك پێویست دژی ئیسرائیل نییە و دوژمنایەتی ناکات یاخود لەبەر ئەوەی ئەو کەس و لایەنانەی دژی ڕژێمەکەن جڵەوی خۆپێشاندانەکە دەگرنە دەستی خۆیان. ئیسلامییەکان و نەتەوە پەرستەکان هەردوو لایان بۆ ماوەیەکی زۆرە سوودیان لە ئاڵۆزی و ناکۆکی عەرەب و ئیسرائیل وەرگرتووە بۆ ڕەخنەگرتن لە ڕژێمە دۆستەکانی رۆژئاوا و هاوکاری کردنییان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا، لە ساڵانی شەستەکاندا، ئاڵۆزی و ململانێی عەرەب و ئیسرائیل پەرەی سەند و سەری کێشا بۆ کودەتای سەربازی دژی ئەو ڕژێمانەی دۆستی رۆژئاوا بوون. هێزە سەربازییەکان پێشتر و ئێستاش بۆی هەیە بانگ بکرێن بۆ سەرکەوتکردنی ناڕەزای جەماوەری وەك تاقیکردنەوە و ئەزموونکردنی دڵسۆزییان بۆ ڕژێمەکە.



ئەم گرفتانە پەڕیوەتەوە بۆ پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە ناوچەکەوە. لە دەرئەنجامدا، لە ڕابردودا تەنانەت حکومەتە عەربییە دۆستەکانیش پەیوەندییە سەربازییەکانیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا کەم کردۆتەوە، دەست پێشخەرییە سیاسییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیان ڕەتکردۆتەوە، بڕی دابینکردنی نەوتییان دابەزاندووە بۆ پێشاندانی پشتوانی لە کێشەی فەلەستین دژی ئیسرائیل بە هەمان شێوە ئیسرائیل دەستڕۆیشتوی سیاسی خۆی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بەکارهێناوە بۆ ڕێگەگرتن لە فرۆشتنی چەك بە دەوڵەتە عەرەبییە دۆستەکان لە کەنداودا[١٢].

ئەوەی زیاتر مایەی مەترسییە، هەر چەندە ململانێی عەرەب-ئیسرائیل بێ چارەسەر بمێنێتەوە، ئەوا ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی گەورە وەك ئەگەرێك دەمێنێتەوە. ئەوەی زیاتر ڕێی تێدەچێت ئەم تەقینەوەیە بە ڕێگای سێ گۆشەی ناجێگیری سنوری سوریا-لوبنان-ئسرائیلدا تێپەڕێت.

ڕووبەڕوونەوەی ناوچەیی گەورە لە کێڵگەکانی شەبعاوە سەرچاوە یاخود لە بەرزاییەکانی جۆلانەوە سەرهەڵدەدەن ، ئەویش بە هۆی ئەنجامدانی کردارێکی جەنگی لە لایەن حزبولا یا سوریاوە لە ئەنجامی بە هەڵە هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجەکەوە ،یاخود بۆکەمکردنەوەی فشاری ناوخۆیی سەر سوریا بۆ پیشتوانی لە تێکۆشانی فەلەستینییەکان لە ڕێی کردنەوەی بەرەیەکی دیکەوە لە دژی ئیسرائیل، یان بە هۆی زیادبوونی فشاری ناوخۆیی بۆ سەر حکومەتی  ئیسرائیل بۆ تۆڵە سەندنەوە دژی ئەوانەی پاڵپشتی کردارە تیرۆرستییەکان دەکەن[١٣]. ئەگەر گفتوگۆکانی ئاشتی لە شکست وپاشەکشێدابن، ئەوا پێشبینی دەکرێت مەترسی ئەم هەڵکشان و پەرەسەندنی توندوتیژییە سەر بکێشێت بۆ یەکەم ڕووبەڕووبونەوەی  سەربازی ڕاستەوخۆ لە نێوان سوریا و ئیسرائیل دا لە ساڵی ١٩٨٢. بە لە بەرچاوگرتنی سروشتی ناجێگیرو بێ ئەزموونی ڕژێمی بەشار ئەسەد، ڕووبەڕووبونەوەیەکی وەها بۆی هەیە پەرەبسێنێت بۆ ململانێیەکی ناوچەیی فراوانتر.

ئەگەر باشترین سیناریۆ لەبەر چاوبگرین ئەوا لە دەیەی داهاتوودا ئاشتییەکی ساردوسڕ بەدی دەکەین بۆ ململانێی عەرەب_ئیسرائیل. گەلانی دەوڵەتە عەرەبییەکانی لە باشترین حاڵەتدا هاوسۆزنین لەگەڵ ئیسرائیل و لە خراپترین حاڵەتیشدا بێ ئەندازە دژایەتی بوونی ئیسرائیل دەکەن لە ناوچەکەدا. کەواتە ڕای گشتی عەرەب بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە بارێکی دوژمندارانەدا دەبێت بەرامبەر بە ئیسرائیل پێش ئەوەی ئاشتییەکی سەرتاسەری بە دوای ئەم ململانێیەدا بێت. لە ژینگە و دۆخێکی ئاوادا، ڕەنگە حکومەتە عەرەبییەکان بکەونە ژێر گوشاری ناوخۆییەوە بۆ خاوکردنەوەی ڕەوتی یاخود خۆلادان لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکان دا، و هاوکاریکردنی لە بواری چەسپاندنی ئاسایشدا ، وە هەنگاوە پێویستەکانی دیکە بۆ پتەوکردنی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا. ئەگەر حکومەتە عەرەبییەکان ڕووبەڕووی گرفتە ناوخۆییەکان ببنەوە (وەك قەیرانی ئابووری و ناڕەزای دەبڕینی سیاسی) کە کاردانەوەی سەرکوتکارانە دەخوازن، ئەو کاتە پاڵپشتییەکی سیاسی کەم یاخود هیچ پاڵپشتییەکی سیاسی نامێنێتەوە تا لە پرۆسەی ئاشت بوونەوەی عەرەب-ئیسرائیل دا یارمەتیان بدات. بە هەمان شێوە سەرکردە نوێیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەك بەشار ئەل ئەسەد و مەلیك عەبدوللا، هەوڵی جێگیرکردن و پتەوکردنی دەسەڵاتەکەیان دەدەن لە ڕووی ناوخۆییەوە پێش ئەوەی سەرکێشی بەستنی پەیوەندی دبلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیلدا بکەن.لە باشترین باردا دەرئەنجامەکە ئاشتییەکی سەرتاسەری نێوان عەرەب و ئیسرائیل دا لە ئاستی دبلۆماسی تێپەڕناکات و ناگاتە ئەندازەی هێنانەدی بەرژەوەندییە بەربڵاوەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان. وەك سەقامگیری ناوچەیی، بنبڕکردنی تیرۆریزم، یاخود ئازادکردنی ئابووری و کرانەوەی سیاسی. هاوکاری سەربازی ناوچەیی کە ئیسرائیل بەش و لایەنێك بێت تیایدا بەشێوەیەکی تایبەتی قورس و زەحمەت دەبێت بۆ دەوڵەتەکانی ناوچەکە  تا پشتیوانی لێ بکەن.



## سیاسەتەکانی ڕوسیا و چین

ئەگەر ڕوسیا و چین لە دەیەی داهاتوودا زیاتر پەرە بە سیاسەتی دژایەتیکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان بدەن لە دەیەی داهاتوودا یاخود ئەگەر بەرژەوەندییە دیار و بەچاوەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاستە سنوردارەکانی ئێستایان تێپەڕێنن ئەوا هەر دوو بارەکە کاریگەر دەبن لەسەر هاوسەنگی و دۆخی ئاسایش لە ناوچەکەدا. ڕەنگە ڕوسیا و چین یارمەتی ئێران یاخود دەوڵەتە دوژمنەکانی دیکەی وڵاتە یەکگرتووەکان بدەن بۆ بەرهەڵستی و بەرەنگاربوونەوەی باڵادەستی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا یاخود بۆ زیادکردنی دەستڕۆیشتوییان لە ناوچەیەکی هەستیاردا. ڕۆڵی ئێستای ڕوسیا زۆر گرنگترە لە ڕۆڵی چین بە هۆی پەیوەندییە مێژووییەکانی لەگەڵ زۆرێك لە ڕژێمەکان و بەهۆی باڵادەستی تەکنەلۆجیای سەربازییەوە، بە لەبەرچاوگرتنی زیادبوونی هێزی ئابووری، تەکنەلۆجی، و سەربازی پێشبینی دەکرێت لە کۆتایی ئەم دەیەیەدا، چین ببێتە گەمەکارێکی سەرووناوچەیی گرنگتر بە بەراورد بە ڕوسیا.

ئەگەر ڕوسیا و چین زیاتر چالاك بن لە ناوچەکەدا، ئەوا تا ڕادەیەکی گەورە کردارە سەربازی و سیاسییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەم ڕێگایانە خوارەوە ئالۆزدەبن.

- ڕوسیا و چین دەتوانن پارسەنگی هەوڵەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بدەنەوە بۆ هێنانەدی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و دراوسێکانیدا.ڕوسیا و چین دەتوانن بەرهەڵستی هەوڵە نێو دەوڵەتییەکانی ناوبژیوانی کردن بکەن و پشتیوانی سەربازی سیاسی بۆ ئەو دەوڵەتە و لایەنە فەلەستینیانە دابین بکەن کە پرۆسەی ئاشتی  ڕەتدەکەنەوە.

- هەروەها ڕوسیا و چین دەتوانن بەرهەڵستی هەوڵەکانی گۆشەگیرکردنی ئێران، لیبیا، و دەوڵەتەکانی دیکە بکەن کە ئەگەری بوون بە دوژمنیان لێدەکرێت. بە

هۆی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆوە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ئەم دوو وڵاتە دەتوانن ڕێگە بگرن لە هەوڵەکانی درێژکردنەوەی کۆت و بەندەکانی سەر بازرگانی سەربازی یاخو سزادانی ئەو وڵاتانەی پەرە بە بەرنامەی چەکە کۆمەڵکوژەکان دەدەن. هەروەها لە ڕێی دامەزراندن وپەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییە ڕاستەوخۆکان لە گەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە، کە ئەم ڕژێمانە هان دەدات لەسەر سەرکێشی و پاپەندنەبوون بە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانەوە.

- لە ئاستی سەربازی تەقلیدیدا، ڕوسیا وە تاڕادەیەکی کەمتر، چین دەتوانن کۆمەڵێك سیستمی مووشەکی پێشکەوتوو بۆ دوژمنە ناوچەییەکان دابین بکەن، وەك مووشەکە پێشکەوتووە دژە هەوایی ودژە کەشتییەکان. کە بەڕادەیەکی گەورە کردارە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا ئاڵۆز دەکەن. لەوەش زیاتر، مەشقپێکردن و ڕاهێنانی ڕوسی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستەکانی لێهاتووی و شارەزایی دەوڵەتە ناوچەییەکان لە ڕووی سەربازییەوە.

- یارمەتییەکان چین و ڕوسیا بەشێوەیەکی تایبەتی گرنگن بۆ ئایندەی بەرنامەی مووشەکە بالیستی و چەکە کۆمەڵکوژەکانی ناوچەکە. ئەوەی هەوڵەکانی دەوڵەتە ناوچەییەکان بێ ئاکام دەکات لە بەدەستهێنانی توانای ناووکی نەبوونی ماددە کەرتبووەکانە، کە ڕووسیا و چین دەتوانن دابینی بکەن گەر بڕیارێکی لەم چەشنە بدەن. هەروەها ڕوسیا و چین دەتوانن یارمەتی وڵاتە ناوچەییەکان بدەن تا ژێرخانە پیشەسازییەکانیان پەرەپێدەدەن بۆ پێشخستنی تواناکانیان لە بواری بەرهەمهێنانی مووشەك و چەکە کۆمەڵکوژەکاندا.

- چین و ڕوسیا ڕەنگە کۆسپ بخەنە بەردەم هەوڵەکانی یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی ناکۆکییە بەردەوامەکان لە ناوچەکەدا، یاخود ناکۆکی نوێ بخولقێنن، بۆ سەرقاڵکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەمەش ئازادییەکی گەورەتری کارکردنیان بۆ دەڕخسێنێ لە ناوچەکانی دیکەدا.



**ئەگەر ڕوسیا و چین هەڵوێستێکی باشتر وەربگرن ئەوان چەندین سوودی لێدەکەوێتەوە:**

- گوشاری بەردەوام لەسەر دوژمن و دەوڵەتە دەستدرێژکارە ناوچەییەکان، زۆرێك لە دەوڵەتە ناوچەییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە لە بەرامبەر فشارە نێو دەوڵەتییە هاوبەشەکاندا ملکەچ دەکەن. بۆ نموونە، ئێران و لیبیا، پشتوانیان بۆ تیرۆریزم کەم کردۆتەوە بۆ پیشاندنی نیاز پاکی لە بەرامبەر دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکاندا. گەر ڕوسیا و چین زیاتر خۆیان لەگەڵ یەکگرتووەکاندا بگونجێنن، هەلومەرجێك دەخولقێنن کە گوڕوتینی دەوڵەتە ناوچەییەکان کەم دەکاتەوە بۆ بە دەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان و هێرش و دەستدرێژیکردن بۆ سەر دراوسێکانیان.

- کەمکردنەوەی کارایی سەربازی دەوڵەتە دەستدرێژکارەکان. تەنانەت ئەگەر ڕژێمە ناوچەییەکان نەشچنە ژێر باری فشاری سیاسی ڕوسیا و چینەوە، ئەوا کەم کردنەوەی یارمەتی سەربازی سەنگ و هێزی کۆگا تەقلیدی و چەکە کۆمەڵکوژەکانییان لاوازدەکات.

- کۆششی گەورەتر بۆ درێژەپێدانی ئاگربەستی نێوان عەرەب و ئیسرائیل یاخود بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکی نێوانیان. هەرچەندە چارەسەرکردنی ناکۆکی عەرەب-ئیسرائیل تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە لایەنە پەیوەندیدارە ڕاستەوخۆکانەوە، بەڵام هەوڵە نێودەوڵەتییە هاوبەشەکان دەتوانن گرژی ناوچەی کەمبکەنەوە و لایەنە ناکۆکەکان هانبدەن بۆ دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ.

- باشکردن و پتەوکردنی هاوکاری دژی یترۆریزم. ڕوسیا و چین دەستڕویشتوویەکی بەرچاویان بەسەر حکومەتەکانی ناوچەکە وە هەیە، کە دەیانکاتە هاوبەشی گرنگ لە هەوڵی بەرپێگرتنی هێرشە تیرۆریستییەکانی داهاتوودا لە دژی وڵاتە یەکگرتووەکان.

## سروشتی گۆڕینی ڕژێم

له ڕابردوودا و لەنێو هۆکارەکانی دیکەدا سەرکردە تاکە کەسییەکان. بە ئەندازە و ڕادەیەکی سەر سوڕهێنەر هەستاون بە داڕشتنی سیاسەتەکانی وڵاتەکانیان، وە کاریگەربوونە لەسەر هەڵبژادنی هاوپەیمانەکان، سیاسەتە ئابوورییەکان، و ئامادەگی وڵاتەکانیان بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتە یەککگرتووەکاندا. هەروەها سەرکردەکان بە زۆر شێوە ڕووبەڕووی جەماوەر و گەلەکانی خۆیان بوونەتەوە کە دژی سیاسەتەکانیان وەستاونەتەوە. بەشێوەیەکی تایبەتی لە میسر و عەرەبستانی سعودیدا، ڕق و بێزاری جەماوەری بەرامبەر وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەنگە، لە هاتوودا، سەرکردەو ڕژێمەکان ناچار بکات پەیوەندییەکان بە واشنتۆنەوە سنوردار بکەن بۆ بەدەستهێنان وپتەوکردنی پاڵپشتی ناخۆیی لە حکومەتەکانییان.تەنانەت سەرکردە نوێکانیش کە دۆست نین مایەی مەترسین. سەرکردە بێ ئەزموونەکان ڕەنگە لە کاتی تەنگژە و قەیراندا کاردانەوەی زیادەڕەوانە بنوێنن، کە ئەمەش وادەکات دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت. هەروەها هێشتنەوەی قەیرانەکەش بێ چارەسەر مەترسی خۆی هەیە. زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووبەڕووی کۆمەڵێك گیروگرفتی ئابووری کۆمەڵایەتی سەخت بوونەتەوە. بە دڵنیاییەوە نابێت چارەسەکردنی ئەم گیروگرفتانە دوا بخرێن، بەڵام مەترسییەکانی چاکسازی قووڵ و ڕیشەیی ڕەنگە هەندێ سەرکردە قەناعەت پێ بهێنن تا پرۆسەی گۆڕانکاری دوابخەن تا ئەو کاتەی زۆر درەنگ دەبێت.

بەڵام سەرتاپای وێنەکە تاریك نییە. زۆرێك لە ڕژێمە دوژمن و تاکڕەوەکانی لە ژێر ئابڵۆقەدان یاخود بۆی هەیە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری ڕیشەی و بنەڕەتی ببنەوە. ئێران و لیبیا دوو وڵاتن لەو وڵاتانەی کە دەکرێت سەرکردایەتی نوێ، و سیاسەتگەلی نوێی جیاواز، لە دەیەی داهاتوودا بەخووە ببینن. لە ڕاستیدا، لە هەردوو وڵاتدا ئەگەری ئەوە لە ئارادایە سەرکردایەتی نوێ سەرهەڵبدەن کە بە تەواوەتی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکە و پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا بە گوڕوتین بکەنەوە.



## وشەی کۆتایی

هەرچەندە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ناوچەیەکی ناجێگیر پڕ گرفت دەمێنێتەوە، بەڵام سروشتی مەترسییەکە بەشێوەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی گۆڕاوە. نیگەرانییە کۆنەکان وەك هێرشی سەربازی ئاسایی لە لایەن دەوڵەتە دەستدرێژ کارەکانەوە هێشتا وەك ئەگەرێك لەبەرچاو دەگیرێت، بەڵام ئەو گرنیگیەیان لە دەستداوە بە بەراورد بە و دژواری و سەختییە نوێیانەیان کە دەبێت بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ڕووبوڕوویان ببینەوە وەك تیرۆریزم و چەکە کۆمەڵکوژەکان. سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێت ئەو ڕاستییە ڕەچاو بکات کە نەبوونی دەزەگا دیموکراسییەکان و سروشتی پشت بەستنی زۆرێك لە ڕژێمەکان بە سەرکردە تاکە کەسییەکان بۆی هەیە سەر بکێشێت بۆ گۆڕانکاری کت و پڕ و قووڵ لە سیاسەتەکانی ناوچەکەدا.

نەك تەنها ناوچەکە گۆڕاوە، بەڵکو ڕۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکانیش. وڵاتە یەکگرتووەکان زیاتر لە هەر کاتێکی دیکەی ئێستا زیاتر باڵادەستتر و دەستڕۆیشتووترە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. تێوەگلانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دۆخی دوای شەڕی عێراق و تێکۆشانی بەردەوام دژی تیرۆریزم پەیوەندی هاوکاری ئامێزی نزیك دەخوازێت لەگەڵ زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکەدا. تا ئەو کاتەی والێکدەدرێتەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان پاڵپشتی لە هێشتنەوەی بارودۆخی هەنووکەیی دەکات ئەوا هەڕەشەکانی سەری بەردەوام دەبن ،بەو پێیە هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوەی عێراق و ناوبژیوانی کردنی ناکۆکی عەرەب ئیسرائیل بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی وەردەگرن.

بەهۆی ئەم ناجێگیرییەوە، سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێت سیاسەتێکی بەهێز و نەرم و نیان بێت. ساڵانی دوورودرێژی پشتبەستنی لە ڕادەبەر بە دەسەڵاتی سەربازی بۆ بە دەستهێنانی بەرژەوەندییەکان دەبێت جێگابدات بە

کۆمەڵێك ئامرازی بەرفراوانی دیکە، هەر لە بونیادنانەوەی ئابوورییەوە بۆ ڕاهێنان لەسەر چۆنیەتی دژایەتیکردنی تیرۆریزم بۆ هاندانی چەسپاندنی ڕۆڵی یاسا. تاوەکو وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی فرە ڕەهەند و هاوکاری ئامێز وەك ڕێگا چارەی تەنگژەکان نەگرێتەبەر، ئەوا دەبێت دڵنیا بێت کە لە بڕی بەرپێگرتن و یەکلاکردنەوەی قەیرانەکان تەنها کاردانەویان بەرامبەر دەنوێنێت.



## بەراوێزەکانی بەشی نۆیەم

١- Edward D, Mans Field and Hack Synder, “Democratization and the Danger of war”, International Security, Vol.٢٠, No.١, ١٩٩٥, PP.٥-٣٨.

٢- کوەیت، کە بە بەردەوامی وڵاتێکی دۆست و نزیکی وڵاتە یەکگرتووەکان بووە لە ناوچەکەدا و ئێستاش لەگەڵدا بێت، ڕێژەکە لە سەدا **٣٢** بوو تێیدا.

“Views of a changing word ٢٠٠٣”, The pew Global Attitudes Projest, data available at httL// People-Press-org/ Reports/ Pdf/ ١٨٥ topline. Pdf. Question Q.٨ on pp.T-١٣٣ and T-١٣٤.

ئەم ڕاپرسییە لە سەروبەندی ناکۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان و عێراقدا ئەنجام دراوە، بەڵام پێش ئەوەی ئیدارەی بۆش دەست بکات بەرەو پێشبردنی گفتوگۆکانی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٣- Pew Global Attitudes, Question Q.١٠ on PP. T-B٥ and T-١٣٦.

٤- Pew Global Attitudes, Question Q.٢٨ on PP. T-١٥٠ and T-١٥١.

٥- Mark Leonard, “Velvet Fist in the Iron Glove”, the observer (London), June ١٦, ٢٠٠٢.

٦- James Zogby, “It is the Policy, Stupid” Media Monitors Network, April ١٥, ٢٠٠٢, available at www media Monitors net/zogby ٤٩. html. Accessed June ١٧, ٢٠٠٣.

٧- هەرچەندە، دەوڵەتە ناوچەییەکان، جگە لە توانای مووشەکە بالیستییەکان تواناگەلی دیکەیان هەیە. بەتایبەتی ئێران تواناگەلی تایبەتی هەیە بۆ ئەنجامدانی کردارە سەربازییە تایبەتییەکانیان هاوشان لەگەڵ توانای بڵاوکردنەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکاندا.

٨- لێرەدا ئەوە نەخراوەتە ڕوو، تا چ ڕادەیەك بەرزبوونەوەو دابەزینی نرخەکانی نەوت لەسەر ئابووری وڵاتە یەکگرتووەکان یاخود وڵاتانی دیکەی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەر دەبن، ئەوەی ڕوونە بەگشتی دابەزینی نرخەکانی نەوت لە بەرژەوەندی نەتەوە بەکاربەرەکاندایە، لە کاتێکدا بەرهەمهێنەرەکان سوود لە نرخە بەرزەکان وەردەگرن.

٩- پێشبینییەکانی نرخی نەوت بۆ ساڵی ٢٠٢٥ بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هاوشێوەن لەگەڵ پێشبینییەکان بۆ ساڵی ٢٠١٠ دا، کە خەملاندنەکە لە نێوان ١٩,٤ دۆلار بۆ ٣٣,٥ دۆلاردایە، بڕوانە:

Energy Information Agency, International Energy outlook ٢٠٠٣, available at http://www.cia. Doe, gov/ oiaf/ tieo/ tbl-١٥- accessed ١٧, ٢٠٠٣.

١٠- یاریکردن بە نرخی نەوت و ڕێژەی بەرهەمهێنانی ئەم کاڵایە وەك هۆکارێك بۆ کاریگەر بوون لەسەر دەوڵەتە ناوچەییەکان شێوازێکی باو و پیادەکراوە. لە ساڵی ١٩٩٧ و عەرەبستانی سعودی فشاری خشتە سەر ڕێکخراوی Opec بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان وەك سزادانی ئێران لە بەرامبەر ساختەکاری ئەم وڵاتە لە بەشە نەوتە دیاریکراوەکەیدا کە ڕێگەی فرۆشتنی پێدرابوو. بڕوانە:

James Richards, “New Cohesion in Opec’s Cartel? Middle East Review of International Affairs, Vol.٣, No.٢, June ١٩٩٩, PP.١٨-٢٣.

لە دوای هەڵبژاردنی محەمەد خاتەمی بە سەرۆك ئێران لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٧ دا، عەرەبستانی سعودی و ئێران پێکەوە کاریان کرد بۆ هەماهەنگکرنی سیاسەتەکانیان لە ناو ڕێکخراوی ئۆپێکدا.

١١- بە دڵنیاییەوە هاوپەیمانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، لەگەڵ هاتنە خوارەوەی نرخەکانی نەوتدا بودجەی بواری بەرگری کەم دەکەنەوە. کاتێك نرخەکانی نەوت لە ساڵی ١٩٩٨دا دابەزی، عەرەبستانی سعودی لە سەدا ٢٢ی خەرجییەکانی بەرگری کەمکردەوە. هەرچەندە بە لەبەرچاوگرتنی توانا سنووردارەکانی هێزە هاوپەیمانەکان ئەم کەمکردنەوەیە ڕەنگە کاریگەرییەکی پەراوێزی لەسەر تێکڕای هاوسەنگییە سەربازییەکەی ناوچەکە هەبێت، بڕوانە:

Steve Lies man, “Low Oil Prices Pressure sandi Economy wall street Journal, March ١. ١٩٩٩.

١٢- Zalmay M. Khalilzad, David A-Shlapak, and Daiel L. Byman The Implications of the Possible End of the Arab-Israeli conflict for Gulf Security (Santa Monica, Calif.: RAND, MR-٨٢٢-AS, ١٩٩٧, PP.١١-٢٤ for areview.



١٣- دوای کشانەوەی ئیسرائیلییەکان لە باکووری لوبنان لە مانگی نیسانی ٢٠٠٠دا حزبوڵای لوبنانی پێگەو سەنگێکی گرنگی لە جیهانی عەرەبی و لەناو فەلەستینییەکاندا بەدەستهێنا، حیزبوڵڵا بڕیاریدا ئەم پاڵپشتییە ناوخۆییە بپارێزێت بەهۆی سنووردارکردنی چالاکییەکانی دژی ئیسرائیل بە کێڵگەکانی شەبعا و بەرزاییەکانی جولانەوە. بەڵام بارودۆخی هەنووکە لەم سێگۆشەیەدا لەسەر هاوسەنگییەکی هەستیار بەندە. حزبولڵا چ ( بە ڕێنمای سوریا و ئێران ) چالاکییەکانی خۆی بە چەشنێك ئەنجام دەدا تا لە ئەنجامدا پارێزگاری لە سەنگی خۆی بکات بێ ووروژاندنی کاردانەوەی ئیسرائیلی. ئیسرائیل زیاتر و زیاتر دەکەوێتە بەر هەڕەشەی دوو بەرەی جەنگی گەریلای (لە خاك و سنووری لوبنانەوە)، کەوا لە ئیسرائیل دەکات کەمترو کەمتر ئامادەبێت هێرشەکانی حیزبولڵا بۆسەر ئیسرائیل بێ سزاو کاردانەوە تێپەڕن. لەکاتی تۆڵەسەندنەوەدا، ئیسرائیل سوریا بەرپرسیار دەکات لە چالاکییەکانی حیزبولڵا، ڕەنگە ئامانجەکانی تۆڵەسەندنەوەکە پێگەکانی سوریا بێت لەناو لوبناندا هەروەها ڕەنگە ژێرخانی مەدەنی لوبنان بکەوێتە بەر گورز و پەلامار.